# ڕامان

مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە ـ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی بیست و یەک/ ڕێبەندانی ٢٧١٦/ کانوونی دووەمی ٢٠١٧

٢٣٦

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ (مستەفا ساڵح کەریم)
  ئا: ئازاد عەبدولواحید
- ڕەهەندی دەروونی لە دوو دەقی (گۆران)دا
  د. عەباس ساڵح عەبدوڵڵا
- مەیلی ڕەوایی و چێژێکی بریندار
  د. محەمەد ڕەحیمیان
- ئیسماعیل حەقی بابان: ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو (١٨٧٦ - ١٩١٢)
  د. جەبار قادر
- حەجێکی تر بۆ بەردەرگای «خەتێ»ی زانا
  لە عەرەبییەوە: حەکیم کاکەوەیس
- ڕەنگدانەوەی هونەر بۆ هونەر لە ئەدەب و موزیکی کوردیدا
  مستەفا غەفوور



ڕامان
٢٣٦
مانگنامەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی بیست و یەک/ کانوونی دووەمی ٢٠١٧

- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان

● دەق


- گورگێک لە ڕستەکاندا ڕادەکا/ یوونس ڕەزایی/ 3
- بەوێدا تێپەڕیم/ عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)/ 5
- چەند ڕیان/ کەریمۆک/ 7
- دینۆمینۆ مە ئیرۆ/ کامران سمۆ هەدلی/ 8
- بەرەو ماڵەوە/ لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی/ 9
- کۆترەکان بە ئاسمانەوە، مانەوە/ عوسمان محێدین/ 11
- من و شادی/ دەشتی سلێمان بەرزەواری/ 14
- چاوە لێڵەکانی خۆشەویستی/ محەمەد مستەفازادە/ 23
- ئەز و عەبدولقادر گەیلانی/ سالح بۆزان/ 24
- کۆرپەکەی دێزەیری/ لە ئینگلیزییەوە: ژیلا ڕەحمانی/ 25


● هەڤپەیڤین


- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ چیرۆکنووس، نووسەر، ڕۆژنامەنووس (مستەفا ساڵح کەریم)/ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 29


● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


- ڕەهەندی دەروونی لە دوو دەقی (گۆران)دا/ د. عەباس ساڵح عەبدوڵڵا/ 50
- مەیلی ڕەوایی و چێژێکی بریندار/ د. محەمەد ڕەحیمیان/ 59
- دەروونناسیی دەقی ئەدەبی/ هادی حەبیبی/ 67


● وتار


- ناونیشان تا چ ئاستێک کاریگەرە/ موحسین ئاوارە/ 76
- دنیای شیعریی میسباحودیوانی ئەدەب/ کەریم حیکمەتی/ 82
- پەروەردە و فێرکردن لە ئێراقی دێریندا/ سەباح عەلی جاف/ 85


● هزر و فەلسەفە


- تۆماس ئەکوینی؛ بوون و گەوهەر/ د. حەمید عەزیز/ 90


● مێژوو


- ئیسماعیل حەقی بابان: ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو (١٨٧٦-١٩١٣)/ د. جەبار قادر/ 99
- حەجێکی تر بۆ بەردەرگای «خەتێ»ی زانا/ لە عەرەبییەوە: حەکیم کاکەوەیس/ 107


● هونەر


- ڕەنگدانەوەی هونەر بۆ هونەر لە ئەدەب و موزیکی کوردیدا/ مستەفا غەفوور/ 117
- فۆتۆگرافەران و گەشتی فۆتۆگرافی بە کۆمەڵ/ فارس سەعدی/ 126


● گەشت


- سەنگەران/ محەمەد حوسێن پوور/ 131


● خوێندنەوەی کتێب


- ڕۆژباش ئەی خەم و چێژێکی ئیرۆتیکی/ هاشم سەڕاج/ 135
- (گیانی من هاتییەوە؟!)، ڕۆمانێکی هەڵقوڵاو لە کەلەپووری نەتەوەکەمان/ د. کەیفی ئەحمەد/ 141
- شەوێک لە باوەشی سەرۆک دا/ د. ئازاد هیدایەت دەلۆ/ 145


● بەدواداچوون


- بۆ هاودەنگی شارە میدیییەکان/حەکیم مەلا ساڵح/ 151


● نامە


- نامەیەک لە (تاهیر ئەحمەد حەوێزی)یەوە/ ئا: ڕامان/ 157


● بە باڵابڕین


- هەر گەشاوە و درەوشاوە بێ ڕامان/ د. هاوژین صلیوە/ 158


● سووکە لەنگەر


- زمانی گوتاری ڕۆژنامە/ غازی حەسەن/ 160

# گورگێک لە ڕستەکاندا ڕادەکا!

**یوونس ڕەزایی**
**(بۆکان)**

ڕوو زەرد دەبێ ڕەزبەرێکی ناوادەی من
بە شنەی ڕووبارەکان کاڵ
ئەو سنوورەی وەڕەز لە پۆتینەکانی گورگە
سەنگەرەکانی بەتاڵ لە ئینسان

لە ڕیزی ڕۆژەکاندا ... شەممۆ هاوشانی دڕندەیی
هاوڕێی لوورەی ئەو چەکەی ڕووی لە ڕووبارە
لە دەمە دەمی قاقڕدا

"لە زەینی ئێوەدا کیژانی بادەوە نا ... بادەی تورت
شەممۆ دەبوو پڕ بێ لە ڕۆژ ...
بە لیوەکانتانەوە کە کەڵی بەختەوەریی
چەکەکانیش پڕ لە پارە ... نەک لە سەر پێ
بۆ داهاتووی باڵەی بەفر و سەمای ئاور
گورگیش بە چاوی دلۆڤانەوە
بریا کاتژمێری دارەکان بایە هەمیشە
کە زەنگی مەترسی لە چرکەی خۆرنشیندا

لە زەینی ئێوەدا...خۆزگە چەقۆیەک بایەم شێت
تا زاراوەکانی هەڵفڕین پێکەوە سوور کەین"

خۆت هەڵمەدێرە لە بەرزایی خوێنمەوە خاتوون
بە تۆوە بەرزە پلەی گەرمایی لەشی دارەکان
بە تۆوە نزمە پشووی ڕۆژژمێری ئەوینی ئینسان

لە نزمترین ڕستەکانمەوە ماندوو
بە دەراوەکانی پشوومەوە کە سوارچاکانە...خوێناوین
داوێنت بەرماڵی سبەی.

ڕوو سوور دەبێ دەمەوە دەرەوای لێڵی زمانم
ئەو دارەی لە حەسارمدا ... بسکی ژێیەکانی سەردەمی
بێدەنگین
وە دەنگەکان لە تامی وەرزەکانیدا پەڕەوازە.



ئاهەنگێک لە سەر کێشی زام ... چڵ بە چڵت
نسێیەکم دەوێ! چڵ دەدا شەقام بە هەنگاوەکانمەوە کە
ساردن.

"لە زەینی ئێوەدا دارەکانی بێ کات
یەک شەممۆ پڕ لە زەنگی کلێسە پیرەکان
کاتیش جەنگەی نیوەڕۆیان ... هەینی دەبێ
پڕ لە نزای باڵندەکان ... کە سەردەمێکە پاپۆڕەوانی
زەمانن.
لە زەینی ئێوەدام ... ئەو کاتەی باڵم لە خوێندا واتاکانی
ئاسمان ون"

دوور مەبەوە لە بەستێنەکانی شەقام خاتوون
دەستت لە ناو دەست بە بەرچاوی جیهانەوە
سەربەخۆت دەبم ... بە تەنیا
کە کاتت ... دوور نا ... لە گرینویچی ئەوین.

ڕوو ڕەش دەبێ کاتێک وەستاو ... لە تالآنی شەپۆلاندا
پاپۆڕەوانێک سەوڵەکان دەفرۆشێ بە ئاور
لە نێو کوورەی تاریکیدا کە هەورەکانی ... بارانە نا
بریندار
وە مەشخەڵێک بە ئەنگوستەکانی کیژێکەوە...
لە خەونمدا درێژەی شیعرێکە ... پڕ لە ڕێبەندان.

لە زینی ئێوەدا...من پیاسە دەکەم
بە پۆتینەکانی گورگەوە
کە لاپەڕەی ناتەواوی سروشتن...سوور
ئۆووووووو
ئۆووووو
ئۆووو
ئۆوو

# بەوێدا تێپەڕیم

عەبدوڵلا سلێمان (مەشخەڵ)
(کەنەدا)

بەوێدا تێپەڕێم
بەتەنیشـت خۆلێـک کێشـانەوەی پەنجـەرەیەک
لەژێر نسـێی تابلۆیەکی قڕوقپدا
بەلێواری جۆگەلـەیەک لە بارینی ئەسـتێرەدا
تێپەڕیم بەناو هـاوارێـک کە خەریکی لاواندنەوەی
خامۆشـیی بوو
لەپەنای کتێبێکی بەرچەقۆدراودا گوێم هـەڵخسـت
لەرزهێـنەر بوو ئەو ئاوازانەی بۆ مـاڵئـاوایی دەژەنران
گومـانبڕ بوو کاتێ ژیلـەمۆکوژەکانمـان دەبینی بەیەک پێوە
بەسـەر سـەهۆڵی ئاگرا دەپەڕینەوە
لەبەردەم گۆزەیەک شـەراب
بەلای نامـەیەکی پێشـتر خوێنراودا کە ورد ورد چرپەی لە
شـرووبی ترس
گوندێـک ترسـم هـاتە ڕێگا و
ئۆقیـانووسـێـک لـە پەرۆشـیم دایە بەر خۆر
بەڕوخسـەتی کێڵگەیەکی باران نەدیو
پەنجـەرەی زیندانێکی قایم کراو و
سـەروڕیشـی بۆیەکراوی مـەغـریبێکی تازەهـەڵچوو
تێپەڕیم و قاوەیەکی لەناو سـەرما حەشـاردراوم هـاتە
پێش و
دەیویسـت لـەگەڵ لێوەکانمـا سینوزەرفی متمانە بکات
خەونی گەڵا و فرمێسـکی ڕژاوی مـاسـی بکات بەخەنەی ناو
لەپی کچێک لە هـەور
دەیوسـت فێڵ لە چاوی وشـە و
لە بینینی وێنەی ژین و
لە گومـانی شـیعـر بکات
بەوێدا تێپەڕیم
بەلای ئەو کانیانەی خەون بە مۆدێرنەوە دەبینن
بە کن ئەو ئەسـتێرانەی پڕن لە ژیان
بەلای دارێک کە گرێبـەسـتی لـەگەڵ مـنداڵی وەهـمدا
کردووە
تا سـاڵ دوانزەی مـانگ جۆلانەی بۆ هـەڵبـەسـتێ
لەپاڵ دیواری گەراجێکدا تێپەڕیم
کە دەنگی نواندن و نیشـاندانی فیلـمەکانی ژیانی لێوە
ئەهـات



کەسەر کەسەر بەسەرهاتی ڕووخانی خۆی دەگێڕاوە
تێپەڕیم بەناو شاردا
بە کۆڵانەکانی سەما
بە بەردەم شانۆکانی بوون
بەلای سووچی هەقیقەتدا بەخێرایی هەنگاوم نا
خۆمم بینی بووم بە گۆلاو
بووم بە دەریاچەی پێشبڕکێ و حندرحۆپی ڕامووسان و
ماچکردنی وێنەکانی تەنیایی خۆم
تونێلەکانم تێپەڕاند
بەلای شمشێرەکانی خەمدا تێپەڕیم
بەلای برووسکەی گریان و
بەلای ترووسکەی ئومێد و
بەناو ناخی خۆم تێپەڕیم
خۆمم بینی لە خۆم ئەچووم
بی دەمامک ڕوخسارم هەر لەخۆم ئەچوو
شیعرم هەر لە ڕوخسارم دەچوو
خۆشم هەر لە شیعرەکانم و
هەرهەمووشمان لە ئازاری مرۆڤ دەچووین.
بەوێدا تێپەڕیم
بەر لە هەڵاتنی خۆری ڕابوردوو
بەر لە بارینی کۆچی تاراوگە
بەر لە کرانەوەی دەرگاکانی دۆزەخی ژیان
بەر لە سووتانی شیعر بەوێدا تێپەڕیم
هەر تەنها بەوێدا تێپەڕیم

**حندرحۆپ: بازبازێن و جرتوفرت**

**تشرینی یەکەمی ٢٠١٢**

## من بەشی خۆم ناکەم

من بەشی خۆم ناکەم
چ جای بتوانم ببمە هەور و
سێبەرەکانی عەشق و
هەناسەکانی کتێب و
مۆمدانی یادەوەرییەک بشارمەوە
چۆن بەپێستی وشکەوەبووی خەونەکانم
تەپڵی ئیمان ..
کەوا و سەڵتەی نائومێدی و
سوخمەی وەهم و
بەلەمی دەنگ و
قەپێلکە شەوێکی زڕ و
هەتاوێکی ڕەش و تاریک و
جەوەڵێک لە بیرکردنەوە بدەم بەگرێک لە بینین.

من بەشی خۆم ناکەم
چۆن بە دڵێک دوو ئومێد و
بە وشەیەک چەند قەسیدە و
بەشەوێکیش چەندان هەتاو بگرمەخۆ.

من بەشی خۆم ناکەم
چونکە من و دەریا ئاوکوف نین
ئەو بێ ئیزنی من خۆی دەکا بەکێڵگەکانی خەون
من و دەریا شیعری هاوبەش دەنووسین و
گۆرانی دەڵێین و دەچین دەبین بەپەڕتووکی غەدر
زوڵم دەکەین لە دڵۆپ و لە شەپۆل و لە لم و لە ڕوح
عەسران دەڕۆین لە باخچەی گڵکەندی جاران
گوڵێکی ساڵی هەشتاکان بۆن دەکەین و
بەدەنگی حەمەی کەمالی خۆ مەست دەکەین.

من بەشی خۆم ناکەم، لەوەش بەگومانم بتوانم بۆنی خۆم بکەم
بە گومانم بتوانم خۆم لەئامێز نێم
بتوانم خۆم ببەم بۆ سینەمای ژیان
ببمە ئەکتەر
بچمە سەر داردولکەی تەمەن
خۆم بنێرمە بەر دەرگای مەدرەسەکان و
چاو لە کچانی شەنگ داگرم.

من بەشی خۆم ناکەم ئیتر چۆن ببم بە خاوەنی دڵ
کێ بەرم بۆ پیاسەی عەسرانی ڕابوردوو
ئێستا وێنەکانی داهاتووم چی لێبکەم
من نە بەشی خۆم دەکەم و نە دنیاش بەشی من دەکات.

**باخچەی گڵکەند: باخچەیەکە لە ناوەڕاستی شاری هەولێر کە جێگای ژوان و کۆبوونەوەی عاشقان بوو.**
**حەمەی کەمالی: بێژەری بەناوبانگی ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران بوو.**
**ئاوکوف: ڕێک، بەقەدەر، هاوسەنگ، هاوشان.**
**داردولکە: دارلاستیک**

**تەمموزی ٢٠١٢**

# چەند ڕیان

کەریمۆک

(١)

ئەستێرەی مراز
ئەستێرەی شەڕ و
ئەستێرەی خەون
ئەو هەموو ئەستێرانە
لەنێو لەپی زبری ئاسماندا چی دەکەن..؟!

(٢)

پێیەکت لەنێو یاخی بوون و
پێیەکت لەنێو دەستەمۆیی
لە کۆتایی شەقامەکەدا
چ ئەدرەسێ هەڵبواسی
دەگەی بە ماڵی نامۆیی..؟!

(٣)

هێندە لە نێو ڕەنگەکاندا سەمات کرد
ئێستا خەیاڵ تەمێکی خەستە و
کلۆ بەفر ماڵی نابێ
بەچی دەچێ تازە
کە ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆت ون کرد..!

(٤)

گرێم دەدەیتەوە..
بە خۆم.. بە بوون
بە خۆشەویستی.
ئەو ساتانەی تەنها دەرگای مردن مابوو
تاقی بکەمەوە
تۆ هاتیت و گرێتدامەوە بە ژیان..!


(٥)

ئاسمان داگیرساوە..!
من لە ئەستێرەکان دەڕوانم
منداڵێک دێت و ئاماژە بە مانگ دەکات:
مامە ئەو گڵۆپە زەردە چییە لە ئاسمان..؟!
مانگ ئاوا دەبێ..
ئاسمان دەکوژێتەوە
ئاوڕ دەدەمەوە
منداڵەکە خەوتووە..!



# دینۆمینۆ مە ئیرۆ

کامران سمۆ هەدلی
(ڕۆژئاڤا)




ئەلی دەلال
گۆتن
کاکەریکێن گوهێن من
قول دکن ئیرۆ
پەیڤێن بێواتە و تووژ
د نەرمکێن گوهێن من دە
دبن گوهارێن
مێرانیا من
گیان
د بەدەنێ دە
دبە دینەمێر
ماجەرا پەرەستیا
سوارێ مەهینا رەشقەترانی
مەهینا ژ سیا خوە ترسیای
و کاروانێ ماجەرا پەرەستان
ل پەیی خوە بری
ناگهێ
ماجەرا پەرەستیا من
دەلۆدینیا
وی سوار ناڤدار
ناگهێ
دەلۆدینیا
داخوازا دینبوونا من
کەس نکارە
پێشی
ل بارینا بارانێ بگرە
وسا ژی
کەس نکارە
پێشی
ل کەلا دلێ من
بگرە ئیرۆ
ئەز ئێ ئیرۆ
ئاگرێ دۆهەژێ
ب هێسترێن خوە
بتەفینم
بهوشتێ
د ئاگرێ دلێ خوە دە
بشەوتینم
ناڤا من
چالا ئاگرە
دلێ من
ژەنینا ژانەژینێ یە برا

# بەرەو ماڵەوە

## چوار شیعری تۆماس ترانسترۆمەر (*)
## (١٩١٣ - ٢٠١٥)

**لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی**
**(سوید)**



**بەرەو ماڵەوە**

وتوویژێکی تەلەفۆن ڕژایە ناو شەوەوە و لە دەشت و
گەڕەکەکانی قەراغی شاردا بریسکایەوە.
پاشان من بە نیگەرانی لەسەر قەرەوێڵەی ئوتێل
نووستم.
لە میلی ناو جەمسەرنما دەچووم کە وەرزشوانێک بەناو
دارستانەوە
بە دڵی کوتەکوتکەرەوە هەڵیدەگرێ.

**ئوستیناتۆ**

لەژێر خاڵی بازنەیی ئارامی بازدا
بە گرمەگرم دەریا لە بەر ڕووناکیدا دەکشێ،
بێ پەروا لغاوی قەوزەی خۆی دەجوێ و
کەف بەسەر کەنارەوە دەبەستێنێ.

زەوی بە تاریکی دادەپۆشرێ کاتێک شەمشەمەکوێرەکان
ڕێ دەردەکەن. بازەکە ڕادەوەستێ و دەبێ بە
ئەستێرەیەک.
دەریا بە گرمەگرم دەکشێ و
کەف بەسەر کەنارەوە دەبەستێنێ.

**لە چیاوە**

لەسەر چیا ڕاوەستاوم و بەسەر کەنداودا دەڕوانم.
بەلەمەکان لەسەر ڕووبەری هاویندا پشوو دەدەن.
« ئێمە خەوڕۆین. مانگی وێڵین.»
وا دەڵێن بەلەمە سپییە چارۆکەدارەکان.

«بە ئەسپایی بەناو خانوویەکی نووستوودا دەڕۆین.
لەسەرخۆ دەرگەکان دەکەینەوە.
شانمان بە ئازادیدا دەدەین.»
وا دەڵێن بەلەمە سپییە چارۆکەدارەکان.

جارێکیان خواستەکانی جیهانم بینی گەشت بکەن.
هەمان ئاراستەیان گرتبوو – یەک تاکە هێزی دەریایی.
« ئێستا بڵاو بووینەتەوە. یاوەری کەس نین.»
وا دەڵێن بەلەمە سپییە چارۆکەدارەکان.

**تەنیایی**

I

لێرە لە شەوێکی شوباتدا خەریک بوو بمرم.
ئۆتۆمبێلەکە لەسەر سەهۆڵبەندان بە لادا خزییە، لای
هەڵەی ڕێگە. ئۆتۆمبێلەکانی بەرانبەر
– چراکانیان – نزیک بوونەوە.

ناوم، کچەکانم، کارم
خۆیان دەرباز کرد و لە دواوە، زۆر دوور
بێدەنگ مانەوە. من وەک منداڵێک لە گۆڕەپانی
قوتابخانە
بە دوژمن دەوردراو نەناسراو بووم.

ئۆتۆمبێلەکانی بەرانبەر دەهاتن چرایان گەش بوو.
بەر من دەکەوتن هاوکات من دەستم بە سوکانەوە
گرتبوو و
لەناو ترسێکی ڕووندا کە وەک سپێنەی هێلکە دەڕژا
لێم دەخوڕی.
چرکەکان گەشەیان کرد – لەوێ جێگە دەبووەوە –
وەک باڵەخانەی نەخۆشخانە گەورە بوون.

پیاو دەیتوانی نزیکەی ڕابوەستێ و
ساتێک هەناسە بداتەوە
بەرلەوەی پان ببێتەوە.

ئەودەم گیربوونێک ڕووی دا: دەنکە زیخێکی کۆمەککار
یان گڤەبایەکی سەرسوڕهێنەر. ئۆتۆمبێلەکە دەرچوو و
خێرا خزییە ئەو بەری ڕێگە.
دارتەلێک دەرکەوت و شکا – زەنگێکی بەهێز –
لەناو تاریکیدا ون بوو.

هەتا بێ جووڵە بوو. من بە پشتێنەبەستراوییەوە
مامەوە و
بینیم چۆن وا کەسێک بەناو زریاندا دێ
بۆ ئەوەی ببینێ چیم لێ هاتووە.

II

زۆر لە دەشتودەرە بەستووەکانی
(ئۆستیۆتلاند)دا گەڕاوم.
هیچ مرۆڤێک بەرچاو نەکەتووە.

لە شوێنی تری جیهاندا
هی وا هەن لەناو ئاپۆرەیەکی هەمیشەییدا
لە دایک دەبن، دەژین، دەمرن.

کە هەمیشە دیار بیت – لەناو
پۆلێک چاودا بژیت –
دەبێ دەربڕینێکی تایبەت بدا بە ڕوخسار.
ڕوخساری بە قوڕ داپۆشراو.

منگەمنگ بەرز و نزم دەبێتەوە
هاوکات ئەوان ئاسمان، سێبەرەکان، دەنکە زیخەکان
لەنێوان خۆیاندا بەش دەکەن.

من دەبێ بەیانییان
دە خوولەک بە تەنیا بم و
دە خوولەکیش بە ئێواران.
– بێ بەرنامە.

هەموو کەس ڕیزی گرتووە لای هەموو کەس.

زۆر.

یەک.


**ئوستیناتۆ: چەمکێکی مۆسیقاییە. ئەو پارچە مۆسیقایەی، جار لەدوای جار دووبارە دەبێتەوە.**
**خەوڕۆین: ئەو کەسانەین، لە خەودا دەڕۆین.**
**ئۆستیۆتلاند: ناوچەیەکی سوێدە.**

**بۆ خوێندنەوەی چەند شیعرێکی تری تۆماس ترانسترۆمەر، ئەم کتێبانەی خوارەوە بخوێنەوە.**
**١) نێوان دێڕەکان بخوێنەوە. بژاردەیەک لە شیعرەکانی تۆماس ترانسترۆمەر، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی، بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وێژەیی، ساڵی ٢٠١٣.**
**٢) ئەنتۆلۆژیای شیعری سوێدی، بەرگی یەکەم. وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی، ماڵی وەفایی، ٢٠١٥.**

**سەرچاوە:**

**Tomas Tranströmer**
**DIKTER OCH PROSA 1954 - 2004**
**ALBERT BONNIERS FÖRLAG 2011**

*** وەرگری خەڵاتی نوبێلی ساڵی ٢٠١١ یە.**



# کۆترەکان بە ئاسمانەوە، مانەوە

**عوسمان محێدین**
**(کەرکووک)**

تاریک و ڕوونی بەیانی بوو، دەنگی زنجیری تانکەکان و هاتوهاواری سەربازەکان هات. "هەستن لە خەو، خەو سەرتان ئەخوات، دەنگە دەنگی خەڵک دنیای کاس کرد، ئێوەیش ئەڵێی مردوون" دایکم وای وت.

گمەگمی کۆترەکان بە ئاسانی دەگەیشتە هۆدەی دانیشتنەکە، نەڕە نەڕی تانکەکان بووبوو بە کۆرسی ئەو غەڵبەغەڵبە، بەیانییەک جیا لە هەموو بەیانییەکانی منداڵیم، بەر لە خۆر هەڵاتن دەستی پێ کرد.

دوێنێ بەیانی چووم بۆ قوتابخانە. مامۆستا کتێبی جوگرافیای کردەوە، وتی:

کێ دەزانێ ئێمە لە کوێی ئەم زەمینەداین؟

دەستم هەڵبڕی، وتم:

مامۆستا لە تاریکترین گۆشەی زەمین.

وتی: گوو بخۆ، دانیشە.

بزانم کێی تر دەست هەڵدەبڕێ؟.

تانکەکان لوولەکانیان بەرز کردەوە، دووکەڵی سووتان لە ماڵێکەوە سەبر سەبر بە حەوادا بەرز بووەوە.

قوتابییەک لە تەنیشتمەوە، دەستی بڵندکرد، وتی:

لە جوانترین گۆشەی دنیادایین.

مامۆستا: هەی ئافەرین.

گوللە تۆپێک ئارامی ئەو بەیانییەی وردوخاش کرد.

"یەک چەپڵەی قایم". مامۆستا وای وت.

لە گۆڕەپانە بچووکەکە تۆپەکەمان بۆ نێو دەروازەکە تێ گرت. باوکم، وتی: "نۆبەی ئێمەیش هات". هەموو شتێک لەم

ولآته بە نۆبە دەڕوات، دوو ڕۆژ لەمەوبەر چوومە نۆبەی نەوت وەرگرتنەوە، بەرمیلەکەم لار کردەوە. تۆپی تانکەکان کولانەی کەروێشکەکانی خستنە سەر زەوی. شۆفڵ و تانک ماڵ بەماڵیان دەخوارد، یەکەمین جار بوو لە ژیانمدا لە نزیکەوە تانک ببینم، تانکەکان ڕەنگیان تاریک و قەوزەیی بوو، بە سووری درشت لە لا تەنیشتەکانیانەوە T72 نووسرابوو. تووڕەیی تانکەکان، تووڕەیی باوکمی بیر بردمەوە. تانکەکان بە زنجیری دڕدڕ چرنووکیان لە زەوییەکە گیر دەکرد، دووکەڵی ڕەش لە کەپوویانەوە دەردەچوو، هەرچی بکەوتبایە بەردەمیان، دەیانکرد بە هەنجیر.

شوانەکەشمان، سەربازەکان گرتیان لە خوار (ترکەمیل)ـەوە، هێنایان و بە کۆتەڵی مزگەوتەکەوە هەڵیانواسی. گیرفانی گەڕان تەنیا دەستماڵێک و وێنەیەکی ڕەشوسپی بچووکی ژنە مردووەکەی تێدابوو، لە چێشتەنگاوی ئەو ڕۆژە ڕەشەدا جل و گۆرەوی قوتابخانەم هێشتا بە تەنافەکەوە بوو، هەورە سپییەکانیش ملیان بە ئاسمانەوە بوو. مەغاویر بە هەموو لایەکدا ڕژا. باوکم پژمی، وتی: "خێر بێت خوایە". وردە وردە کۆمەڵێ گەواڵە هەوری سکپڕ لای قیبلەوە هات، لێزمە بارانی داکرد، دڵۆپەکان فیزاخ و قریشکەی ژن و منداڵیان ڕاودەنا. پاتە و سۆڵ بەدەم پێیە هەڵاتووەکانەوە سەرسمیان دەدا.

دایکم کەلوپەلی ماڵەوەی کۆکردەوە، دراوسێکانمانیش وەک ئێمە خەریک بوون، لەو بستە شوێنەی دنیا هیچ شتێک ئاسایی نەبوو، هیچ شتێکیش لە جێی خۆی نەمابوو، شتەکان قڵپ بووبوونەوە، ئاسمان بووبوو بە شوێن زنجیری تانکەکان، زەمینیش بە دووکەڵ و تەپوتۆزی ڕۆژی حەشر. سەرم نا بە زەوییەوە و سەیری ئاسمانم کرد، لە بەینی ئاسمان و زەمیندا کەسم نەدەناسییەوە، تەنانەت دراوسێ و هاوڕێ و خودایش. ئێمە وامان زانی ئەو ڕۆژە خودا ڕۆیشتووە و بە تاقی تەنیا جێی هێشتووین، بێکەسی خۆمان بینی، باوکم و پیاوەکانی تر گریان، بە فرمێسکی ئەوان هەستم کرد کەلێنێک کەوتووەتە کەونەوە.

سەربازەکان پێدەکەنین ئێمەش منداڵگەلێکی تۆقیەڕیو بووین، بەدەم پێکەنینی ئەوانەوە دەگریاین. ڕوحمان لە تەک تۆپی تانکەکان لە سەر هێڵی مردن بوو، تەنیا یەک گوللە تۆپی بەس بوو.

ئەو بەیانییە پەنجەرەکانی دۆزەخ بەرووماندا کرایەوە، باجی مەحبووبەی داروسێمان دەرپێ گوڵگوڵییەکەی و کەوا و سەڵتەکەی لەبیر چوو، دایکم هەموو یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی، منیش منداڵیم بە زیندوویی کەوتە بن سێبەری تانکەکانەوە.

لە نێو لقوپۆپی دار هەنجیر و گردۆڵکەکاندا، لەگەڵ سەگ و کۆترەکانم جوانییەکانی منداڵیم بەجێ ما، جووتێ پاتەی لاستیکی سپیم هەبوو، تەنانەت ئەویشم بەجێ ما، ئەوانە بەشێک بوون لە ڕوحی منداڵی من.

لەو ڕۆژەدا، توانیم چەند دانە بەردێکی جوان و دوو دانە گوللە دۆشکەی ١٤و نیو و کاسێتکی کامگارەکان و وێنەیەکی هەڵۆ لەگەڵ خۆم هەڵگرم، بۆ مێردمنداڵێ ئەوەندە بەس بوو.

باوکم، دەیوت: "قاچ بۆ مرۆڤ بەنرخترین شتە، قاچ، یانی ژیان، ژیانی بێ قاچ مرۆڤ بە زیندوویی دەکوژێ، بۆیە دەبێ وەک پیرۆزترین ئەندامی جەستەی خۆمان لێی بڕوانین و دایمە پێڵاوی جوانی لێ بپۆشین". دوایی تێگەیشتم کە مرۆڤ ناتوانێ پێکەوە هەموو شتێکی هەبێ.

ژمارەی پێڵاوەکەم ٣٨ بوو، شەو لای سەرمەوە دام دەنا، ئێمە لە شاری گەورە دووربووین. دوو جار شاری گەورەم دیتبوو، لەگەڵ دایک و باوکم، حەزم دەکرد بەقەد ژمارەی پێڵاوەکەم شاری گەورە ببینم، خەونێکی منداڵانەی سەیرم هەبوو.

باوکم هەرگیز جێی نەفەری بۆ نەدەگرتم، لە پشتی پیکابەکەوە دەرفەتم دەقۆزتەوە و چاوەکانم تێر دەکرد لەو شتانەی بۆ دنیای من تازە بوون، هەندێ جار ئەوەندە لە شتە تازەکانی شار ڕادەمام، هەتا بە جوانییەکان وڕ و گێژ دەبووم.

ئێوارانی شارۆچکەکەمان تابلۆیەکی ناوازەی پێک دەهێنا، بەچەشنێک دەچووینە سەر گردی بەرز بەرز لە دیمەنی دوا ساتی خۆرئاوابوونمان دەنواڕی، جار هەبوو ڕەنگی پەمەیی و خۆڵەمێشییان هەبوو، ئەو هەورانەی دوا تیشکی خۆریان بە ڕێ دەخست، جاری واش هەبوو ڕەنگی سوور ئاڵ و ڕەنگی ئاگر و ڕەنگی کۆستیان لێ پەیدا دەبوو.

نەنە زینەتم دەیوت: "ڕۆڵە خۆریش ژیانە، دەبێ قەدری بزانین". هەموومان لە هۆدەیەکداین، ڕەنگی ناهومێدی بە ڕوخسارمانەوە نیشتووە، هێشتا سوپاسگوزاری خوداین. ماڵەکەی خۆمان پازدە هۆدە بوو، ئەم تاقە هۆدەیەشمان بێ قڕە و کپ، خانۆچکەیەکی سێ گۆشە، دەنگی هیچ نایەت، مرۆڤ لە تەنگانەدا دەتوانێ لە تەنگترین جێ خۆی بگونجێنێ.

ڕۆژانێک بوو میوانەکانمان لە شارەوە دەهاتن، پانتۆڵ و کەرەوات و چاکەتیان لەبەر بوو، ئەسکەمیلی فافۆنیمان بۆ دادەنان، ئەوان لەڕ و لاواز بوون، ڕەنگ بزرکاو و سیس، دەهاتنە ماڵی ئێمە، گۆشتی کاوڕ و دۆی مەشکە و کولێرە و کفتەی دایکمیان دەخوارد. ئەوان سپڵە بوون، ئای لەو ئەفەندییە خوێڕییانە، باوکم گوێی بۆ ئێمە شل نەدەکرد. حەزی بە پیاهەڵدانی خزمەکانی خۆی دەکرد. مێردە

بەستەزمانەکەی دایکم، تەنیا لە زمانی مەڕ و مالاتی دەزانی، ئێواران لە مالی ئێمە قیامەت هەلدەستا، دایکم شەڕوالێکی پیاوانەی لەبەر دەکرد و ئەرکی هەمووماني ڕادەپەڕاند، مـــەڕ دۆشين، خـــواردن دروســـتکردن، مالپاککردنەوە، نازونووزی میوان، جگە لە بەرگەگرتنی پرتە و بۆلەی باوکم، وای تۆنی دەنگی زۆر بەرز بوو، کەس نەیدەوێرا وەلامی بداتەوە، چەندان جار خۆزگەم دەخواست کەسێک بێت و باوکم پڕ شەق بکات، لەو داماوییە خەبەری بکاتەوە. کەس نەبوو ئەو تارماییە ڕەشەی بان مالی ئێمە بڕەوێنێتەوە، کەس نەبوو بەر لەو عەزابەی ئێمە بگرێ، تا دەرکەوتنی تانکەکان.

دار و درەخت و کووچە و دیوارەکان تەفروتوونا بوون، تەنانەت هێلانەی چۆلەکەکانیش. دوو بژاردەمان هەبوو، دەبوو بۆ ناوەڕاست، یان باکوور، بڕۆین، باکـــوورمـــان هەلبژارد، هەموو شتەکانمان فرۆشت، کردمانن بە پارە، پارەمان لە نێو بالیف شاردەوە، دایکم بێجگە لە بالیفێ، هیچی تری هەلنەگرت.

دراوسێی دەستە ڕاستمان بە باوکمی وت: "با گەردەن ئازادی لە یەکتر بکەین، کێ چوزانێ ئاخۆ جارێکی تر یەکتر دەبینینەوە"؟.

باوکم، وتی: " حوسێن، بۆ من وەک برایەک وابووی.. ببـــوورە ئەگەر ڕۆژێ قەرەبالغی مـــالمـــان ئۆقـــرەی لێ بڕیبێتن". بۆ یەکەم جار باوکم بینی وەها دلۆڤان بێ.

ماشێنە بارهەلگرەکان هاتن، لوتیان نا بە یەکەوە و لە ماوەیەکی کەمدا، شارە بچکۆلانەکەمان لەبەرچاو نەما، بە چەشنێک وای لێـــهـــات خـــەریک بوو بنیـــادەم لێی هەلدەهات.

تەقە تەق لە پشتی لۆرییەکەوە دانیشتم، لە خۆمەوە دلخۆش بووم، مالمان باری دەکرد، مالەکەی خۆمانم دەدی بە دەم شۆفلەوە، کەچی دلخۆش بووم، سەگەکان پەلاماری شۆفلەکەیان دەدا، سەیرم دەکرد. نەمئەزانی چی قەوماوە؟ تەنیا حەزم لە شاری گەورە بوو، شاری گەورە گەورەترین خەونی من بوو. لۆرییەکە هێدی هێدی دوور دەکەوتەوە.

دوای ئەوەی کۆترەکان لە شەقەی بالیان دا بە ئاسمانەوە مانەوە. نازانم بۆ چەندێ؟ هەتا ئێمە هاتین، ئەوان هەر بە ئاسمانەوە مانەوە، کۆترەکان لە نێو ئاسمانی ئەو ڕۆژە ڕەشەدا سپی دەچوونەوە، تاوێک بەرز دەبوونەوە، تاوێک نزم، هێندە سەیرم کردن، بینایی چاویان بردم. نەمتوانی هیچیان بۆ بکەم. ئەوان لە ئەرز جێیەکیان نەمابوو.


بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن، لە بەرزاییەکانی سەربازگەی بانی مەقانەوە گلۆربووینەوە، ئیدی هەر ئەو گلۆربوونەوەیە بوو، بەدەردی گلۆربوونەوەی تۆپە دەزوویەک کە ئاسان نییە وەک خۆی لێ بێتەوە، ئێمە ئەو تۆپە بووین و نووکی پەتەکەمان جێ ما، کەوتینە خوارەوە.. گەیشتین.. بە کوێ؟. گاتۆی مەرگ، ئۆردووگای خانووە بۆرەکان، شارێک سەرانسەر بۆری دەکردەوە، دیوارەکانی بۆر، خەلکەکەی بۆر، ڕێگاوبان و کۆلانەکانیشی بۆر دەچوونەوە، ئێرە کوێیە؟.. ئەو سەر دنیا، یان بەر دەرگەی جەهەننەم...نا.. قەفەسێکی گەورەی خوایە و ئێمەش وەک چۆلەکەی بێ پەڕوبال دێین و دەڕۆین، چیدی پێکەنین نەما، بۆنی سفرە نەما، میوان لە هیچ مالێک نەدەبینرا، بێجگە لە برێک پشیلەی لەڕ و ناحەز هەر شتێ ڕەنگی ژیانی هەبووایە نەدەبینرا، دارتێلەکان شەوانە بە دەم ڕەشەبای ئۆردووگاوە لوورە لووری مردنیان دەژەنی.

قەرەبالغی و دەنگە دەنگی مالمان بۆ هەتایە کپ و خامۆش بووەوە، وەک پەردەی شانۆ داخرا.

ئەو ئێوارەیەی گەیشتینە خانووە سارد و کونکونکەی ئۆردووگا، دایکم لەسەر بەرمالەکە نزای کرد، وتی: "خوایە لەمە خراپترمان نیشان مەدە، ئێمە ستەم لێکراوین، وازمان لێ مەهێنە".

شەو لەبەر فانۆسێکی درزبردوو خەوتین، یەکەم شەوی خەوتنم بوو دوور لە مالە گەورەکەمان، شەکەت و ماندوو، حەپەساو، چاوم چووە خەو و نەچوو، گوێیەکانم بە شەقەی بالی کۆترەکان زرینگانەوە، بە دوای یەکدا هاتنە سەربانی خانووە بۆرەکەمان، گمەگمیان بوو. لە چاوترووکانێکدا بوونە قەلەڕەش، پاشان بوونە مندالی بالدار و دەهاتنە نێو سینگمەوە، دەخولانەوە. هەتا ئەهات هەناسەکانم قورس ئەبوون، گەرووم گیرا، خواخوام بوو زوو بەخەبەر بێمەوە. نەمدەتوانی ببزوێم. تانکێک بەسەر باسکەکانمەوە بوو، شۆفلێکیش چالی گەورە گەورە گەوەر و قوولی هەلدەکەند، لە بن خۆلەکەوە مار و مێرووی عەنتیکە بە بەشەر دەچوون و سەریان دەردەهێنا، دەهاتنە دەرەوە، باسک و لاقەکانم وردە وردە دەخزایە بن خۆلەکەوە.کاتێک ڕاچەلەکیم، سەرتاپا لەشم ئارەقـــەی کـــردبوو، هەلـلەرزیم، دایکم هات و پەرداخێک ئاوی دامێ، خواردمەوە. دایکم ئایەتولکورسی بەسەرما خوێند، دلی تۆقیوم هەرنەهاتەوە سەر خۆی.

دوای ماوەیەک ئیشتیای بینینی شاری گەورەم لا نەما، دلم لای گۆڕستانی ئۆردووگاکە جێی گرت. لەوێ خەلک گشت خەوتبوون، خەلک بێ هەرا و ژاوەژاو بوون، کیژی جاحێل و پیاوی بە ئەزموون و مندالی ساوای لێ بوو، من قسەم دەکرد، ئەوان بە بێ دەنگی گوێیان هەلدەخست، لەو زیندانە گـــەورەیەی ژیان ئازادبوون، ئەوان ناو و بەرواری لەدایکبوون و مردنیشیان نووسرابوو، شتی ژێربەژێریان نەبوو، ئەوان ڕووت و سادە بە خاکەکەوە نووسابوون.



# من و شادی

دەشتی سلێمان بەرزەواری

(١)

تازە هەتاوی پاییز سەری دەردەهێنا ، تیشکە زەرد و زێڕینەکەی بەسەر تەواوی دەشت و دۆڵ و شاخ و شاردا پەرشوبڵاو دەکردەوە، بە گەرمی ئەگریجەی زوڵفی خاوی، هەڵمی لە دارە مل ڕووت و خوناو لە سەرکەوتووەکان هەڵدەستاند، ئەو دیمەنە دڵڕفێنە، ڕۆژانی هەتاوی شاری پاریسی جوان و دڵگیری بەبیر دەهێنامەوە، ئەوسا هێشتا زۆر منداڵ بووم، لە پۆلی یەکی سەرەتایی بووم، هەموو بەیانییەک کە لەگەڵ باوکم لەماڵ دەهاتینە دەرەوە، دەچووین لە وێستگەی پاسەکە دەوەستاین و چاوەڕێی هاتنی پاسمان دەکرد، قاز و قوڵینگی مل درێژیش لە کەناری ڕووباری سین لە چاوەڕوانی ڕۆژدا ڕیزیان دەبەست، کە ڕۆژ چاوی نێرگزی هەڵدەهێنا ، تیشکە زێڕینەکانی لە کەلێنی برژانگەکانییەوە بەسەر تەواوی (پاریس)دا بڵاو دەبووەوە، گەرمی تیشکی ڕۆژ وردە وردە هەڵمی لە ڕووبارەکە هەڵدەستاند، هەڵمەکان لەناو کزە بایەکی سارد پێچیان دەخوارد و کلیلی سۆلیان لە ئاسمانی پاریس دروست دەکرد، وەک پارچە میوزیکێکی بە هەڵم نووسراو بەرەو ئاسمان بەرز و بەرزتر دەبوونەوە تا لە چاوان ون دەبوون. مەلەکانیش وەک میوزیکژەنێکی بەئەزموون نۆتەکانیان دەکردە خۆشترین ئاواز، نەرم نەرم بە گوێی شاریاندا دەچرپاند، ئەو بەهرەیەی کە ئێستا هەمە لەسەر گۆرانی میوزیک بۆ ئەو دوو ساڵە دەگەڕێتەوە کە بەبەردەوامی گوێم بۆ ئاوازی ئەو مەلە دەنگ خۆشانە گرتبوو!!.

نازانم بۆچی باوکم بڕیاری دا بگەڕێینەوە لبنان؟!. ئێمەی ناچار کرد لەگەڵی بگەڕێینەوە، سێ ساڵ دوای گەڕانەوەشمان، هەر بۆ شاری پاریس دەگریام، تا شادیم نەناسی خۆم لە لبنان بە بێگانە دەهاتە بەرچاو، هەستم بە نامۆیی دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی بوومە هاوڕێی شادی، وردە وردە خەمەکانم ڕەوینەوە، ئەم بەیانییە بەبینینی ئەو دیمەنە دڵگیرە دیسان خەمەکانم سەریان دەرهێنایەوە و پیاسەیەکی پڕ لە فرمێسکاوییان بەناو شاری (پاریس)دا پێ

کردم و برینانیان لێ هێنامەوە سوێ، لەگەڵ ئەوەشدا دڵم هەر خۆش بوو، چونکە یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی خوێندن بوو، خۆم گۆڕیبوو، جلی قوتابخانەم لە بەرکرد بوو، خۆم ئامادە کردبوو بۆ قوتابخانە، ماڵئاواییم لە دایکم کرد.

کە گەیشتمە بەردەمی ماڵی شادی، کێشام بە دەرگاکەیاندا، لە پشت دەرگاوە دەنگی دایکی شادی هاتە گوێم بە لبنانییەکی ڕەوان وتی "کێیە؟! بوەستە بوەستە ئەوە هاتم."

پاش کەمێک دەرگا کرایەوە، دایکی شادی فەرمووی لێ کردم بۆ ژوورەوە، بەڵام نەچوومە ژوورەوە، وتم "ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی قوتابخانەیە، شادی ئامادەیە، بچین بۆ قوتابخانە؟." شادی لە حەوشەکەدا دەنگی هەڵبڕی: "هەر ئێستا دێم".پاش پێنج چرکە شادی بە خۆی و جانتا کۆڵەپشتەکەیەوە هاتە دەرەوە؛ دەستی یەکترمان گرت و بەرەو قوتابخانە بەڕێ کەوتین.

ئەو ڕۆژە قوتابخانە نیوە دەوام بوو، مامۆستایەکان نەهاتنە ناو پۆلەکان، هەر لەگەڵ یەکتر خەریکی چاک و چۆنی بوون، ئێرە وایە!، یەکەم ڕۆژی قوتابخانە دەوام بۆ چاک و چۆنییە، نەک بۆ خوێندن، ئەو ڕۆژە لەگەڵ هاوپۆلەکانمان لە گۆڕەپانەکەدا هەر خەریکی یاریکردن بووین، یەکەم ڕۆژی قوتابخانە فێری هیچ نەبووین، جگە لە شەڕە شەق.

(٢)

لەگەڵ شادی بەپێ بەرەو ماڵ بووینەوە، لە ڕێگا گوڵێکی زۆر جوانی لە گیرفانی دەرهێنا کە بە نایلۆن جوان پێچابوویەوە، بەڵام کەمێک ژاکابوو، سەرەتا وەک ئەوەی تاقی بکاتەوە، بۆنێکی کرد و دواتر بۆ منی ڕاگرت و وتی:

"ها بۆنی بکە؛ بزانە بۆنی چەند خۆشە؟!." لووتم بۆ گوڵەکە ڕاگرت. بە ئەسپایی گوڵەکەی لە لووتم نزیکترکردەوە، بۆنی گوڵەکە زۆر خۆش بوو، ئەو بۆنە خۆشە جارێکی تر (پاریس)یان وەبیر هێنامەوە، ئەو کاتانەی کە بەفر دەتوایەوە و سەرمای زستان تینی دەشکا، گوڵی زۆر جوان و ڕەنگاوڕەنگ دەپشکوتن و بۆنوبەرامیان، ڕێبوارانیان مەست و حەیران دەکرد، لەوێ کەس نەیدەتوانی یەک دانە گوڵیش لێ بکاتەوە، هەندێک لە گوڵەکان بۆنیشیان نەبوو، بەڵام دیمەنەکانیان یەکجار جوان بوون، زۆرجار حەزم دەکرد گوڵێک لێ بکەمەوە، بەڵام باوکم پێی دەوتم:

"نا، نا، نەکەی کچەکەم، ئێرە وڵاتی ئێمە نییە دوایی سزامان دەدەن." من بەم قسەیەی باوکم زۆر تووڕە دەبووم کە دەیوت: "ئێرە وڵاتی ئێمە نییە"، چونکە خۆم بە خەڵکی پاریس دەزانی، هەر لە (پاریس)یش لە دایک بووبووم، ئیتر بۆ وڵاتی من نییە؟!. بڕیارم دا هەرگیز گوڵ لێ نەکەمەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو قسەیەی باوکم گوێ لێ نەبێتەوە؛ دواتر ڕێزگرتن لە گوڵ لە لام بووە فەرهەنگ.

ڕووم کردە شادی و وتم:

"ئەو گوڵە جوانەت لە کوێ بوو؟!، هەر گیز ئەو جۆرە گوڵەم لە لبنان نەدیوە!!، ئەوە ناوی چییە؟." وا پێدەچوو بۆنی گوڵەکە، شادی مەست کردبێ، بە زمانێک وەڵامی دامەوە کە هیچی لێ تێنەگەیشتم!!. وتی:

"ئەڤە گولە نێرگزە" دووبارەم کردەوە:

"شادی ئاگات لە خۆتە؟، من پرسیارم لێ کردی!: ئەو گوڵە ناوی چییە، لە کام وڵات بۆت هاتووە؟!." شادی کە تازە لە خەیاڵەکانی خۆی بەئاگاهاتبووەوە. وتی:

"ببوورە خەیاڵم لای خۆم نەبوو."

"نا.. ئاساییە، بەڵام ئەو زمانەی قسەت پێ کرد چی بوو؟ ئەوە نە عەرەبی بوو، نە فەڕەنسی!!، بەڵام ئاوازەکەی زۆر لە فەڕەنسی نزیک بوو!. دە پێم بڵێ بزانم ئەوە چ زمانێکە؟." دیار بوو شادی پەشیمان بوو لەوەی نا ئاگایانە چەند وشەیەکی لەدەم دەرچوو بوو، نەیدەویست پێم بڵێ ئەو زمانە چ زمانێکە، بەڵام پێداگریم لەسەر زانینی ناوی زمانەکە، شادی ناچار بوو پێم بڵێ. وتی: "ئەڤە زمانێ کرمانجی بوو"

"ئادەی ئەم جارەش بە زمانی کوردی ئەو دێڕەم بۆ دووبارە بکەرەوە، چونکە ئاوازەکەی زۆر خۆش بوو." ئەویش بە خەندەیەکی زۆر شیرین کە پێشتر ئەم جۆرە خەندەیەم لەسەر ڕووی شادی نەدیبوو.وتی:

"ئەڤە گولە نێرگزە."

"بە زمانی عەرەبی مانای چییە؟."

"هذا وردە نرجس." بە پێکەنینەوە وتم:

"ئای زمانێکی چەند شیرین و جوانە." نازانم بۆ لە پڕ دڵتەنگ بوو!، سەری خۆی داخست و سەیری گوڵەکەی دەکرد، لێم پرسی: "ئەوە بۆچی دڵتەنگ بووی." بە تیلی چاوان بە تووڕەییەوە سەیرێکی کردم:

"بۆ گاڵتە بە زمانەکەم دەکەی، نازانی پێی دڵتەنگ دەبم؟." کە زانیم بە پێکەنینەکەم قەڵس بووە، پێکەنینەکەم ڕاگرت، بۆ دڵنەوایی ئەو، وتم:

"بڕوا بکە شادی، زمانی ئێوە زمانێکی زۆر خۆشە، ئامۆزای زمانی فەڕەنسییە، هەر دەبێ فێری زمانی کوردیم بکەی، بۆ ئەوەی کاتێک نهێنییەک لە نێوانمان هەبێت لە قوتابخانە بە کوردی قسەی پێ بکەین تا

منداڵەکـانی تر لێـمـان تێ نەگـەن." شـادی ئاهێکی هەڵکێشا و زەردەیەک کەوتە سەر لێوەکانی. ئەم جارەیان بە هەموو خۆشەویستییەکەوە گوڵەکەی بۆ ڕاگرتم، وادیار بوو کـە بەنیـازە گـوڵـەکـەم پێـشـکـەش بکات، منیش گوڵەکەم لێ وەرگرت و بۆنێکی گوڵەکەم کردو وتم:

"سوپاس، بەڵام گوڵی نێرگز بەهارییە، بەم پاییزە ئەو نێرگزەت لە کوێ هێناوە؟!." شادی بە جۆرێک سەری بەرز کردەوە وەک ئەوەی شانازی بەخۆیەوە بکات، ئینجا هەناسەیەکی قـووڵی هەڵکێشا و سەیری ئەو دارە مل ڕووتانەی دەکرد کە بەدرێژایی شەقامەکە یەک لە دوای یەک ڕیزیان بەستبوو، هەر بە زمانەکەی خۆی وتی:

"ئەم کرمانجین....." نەم هێشت درێژە بە قسەکەی بدات، وتم:

" تۆ دەزانی من لەو زمانە تێناگەم بە لبنانی وەڵامم بدەرەوە." ئینجا شادی بە لبنانی وتی"نا ڕاستەکەی، ببوورە، وامزانی لەگەڵ خوشکەکەم قسە دەکەم." شادی لە قسەکردن بەردەوام بوو، باسی خۆی و نەتەوەکەی بۆ کردم کە ئەوان نەتەوەیەکن لەسەر خاکی خۆیان بێگانەن، چونکە دەوڵەتیـان نییـە. ئەوسا منداڵ بووم، هیچ لە قسەکانی شادی تێ نەدەگەیشتم. وتم:

" دە پێم بڵێ ئەو گـوڵە جـوانەت لە کـوێ بوو؟."

دەستێکی بە سەر قژە زەرد و سیسەکانیدا هێنا و بەسەر دەموچاوی خۆیدا هێنایە خوارەوە و وتی:

"ئەو گوڵە لای ئێمەی کورد زۆر پیرۆزە، چونکە وەک سمبۆلی بەرخۆدان و خۆڕاگری سەیری دەکەین. هەموو ساڵێک لە بەهاراندا باوکم دەچێتەوە کوردستان، لە کێوە بەرز و بەفراوییەکان دوازدە چەپکە گوڵی نێرگز لەگەڵ خـۆی دەهێنێ، هەر چەپکێک سی تەڵە گـوڵە نێـرگـزی تێـدایە، هەر ڕۆژە دانەیەک لەناو سـاردکـەرەوەکـە دەردەهێنین، ئەو ڕۆژەی پێ پیـرۆز دەکـەین، بەڕیز یەکـە یەکەی ئەندامانی خێزانەکەمان بۆنی دەکەین و بەسەر سینگ و بەرۆکی خۆمـانیـدا دەهێنین، بۆ ئەوەی بۆنمان خـۆش بێت، پاشـان هەر یەکـێک لە ئەندامـانی خێزانەکەمان یەکەم کەس لە ماڵ بچێتە دەرەوە، ئەوە گوڵەکە لە نایلۆنێک دەپێچێتەوە و لەگەڵ خۆی دەیباتە دەرەوە، بۆ ئەوەی بە بەخشینی بۆنی خـۆش، خەڵکی دەوروبەری خۆمـان دڵخۆش بکەین، ئەگەر کەسێکیش پرسیاری ئەو گوڵەی لێ کردین، ئەوە ئێمەش لە ڕێگای ئەو گـوڵەوە بەسـەرهاتی نەتەوەکـەی خـۆمـانی بۆ باس دەکەین و ئەو گوڵەش کە سمبولی نەتەوەکەمانە، وەک گرێدانی هاوڕێیـەتی هەمیـشـەیی پێشکەشی دەکەین، ئەمڕۆ یەکەم کـەس من بووم لە مـاڵ هاتمە دەرەوە، بۆیە وەک نەریتی خێزانەکەمان گوڵەکە بە من درا، ئێستاش تۆ ئەو گـوڵەت پێ جوانە پێشکەشی تۆی دەکەم، وەک گرێدانی هاوڕێیـەتی نەتەوەکـەمـان لەگەڵ تۆ؛ بۆ ئەوەی هەمیـشـە نەتەوەکەی منت لەبیر بێت، ئەگەر ڕۆژێک لە شـوێنێکی ئەم دنیـایە توانیت بە وشـەیەکی جـوان پشتگیری لە گەلە ستەمدیدەکەم بکەی، زۆر سوپاسی شادیم کرد و وتم:

"کوڕە تۆ چیت؟!، چەند زرنگی؟، قسەکانت مرۆڤ سـەرسـام دەکـەن!، دەزانی تۆ لە تەمـەنی خـۆت گەورەتری؟!." پێش نیوەڕۆ گەیشتینەوە ماڵەوە، لەبەر دەرگای ماڵی شادی ماڵئاواییم لە شادی کرد.

پاش مـاڵئـاوایی، بەرەو مـاڵ بوومـەوە کـە گـەیشـتمـە مـاڵەوە، سەرەتا سڵاوم لە دایک و باوکم کرد و سەر و مـاچم لێکردن، دواتر گـوڵەکـەم لە جـانتـاکـەم دەرهێناو بەسـەرهاتی گـوڵەکەم بۆ باوکم گـێڕایەوە، باوکم زۆر بە وردی گوێی بۆ قسەکانم شل کردبوو، کە قسەکانم تەواو بوون، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو وتی:

"ئەوانە خـەڵکی زۆر باشن." نەمـزانی باوکم بەتوانج ئەوەی وت، یان بەڕاستی بوو! هەڵسام پەرداخێکم پڕ لە ئاو کرد و گوڵە نێرگزەکەم خستە ناویەوە و ماوەیەک بە دیارییەوە دانیشتم، هەر لە جوانی گوڵەکە ڕادەمام و بیرم لە قـسـەکـانی شادی دەکردەوە، نزام دەکرد خوا لـە شـادیم دانەبڕێت.

(٣)

بـاوکم زۆر خــۆشی دەویســـتم و بێ دڵـی نەدەکـــردم، هەرگــیـز ڕێگری لێ نەدەکـردم بچم بۆ مـاڵـی شـادی و هاوڕێیـەتی بکەم، چونکە دەیزانی چەندە شـادیم خـۆش دەوێ، ئەو مـرۆڤـێکی ئازاد بوو، بە قـەد ئازادی خـۆی بڕوای بە ئازادی مـرۆڤـەکـانی تر هەبوو. ئەو خـۆی بە عـەرەب دەزانی، پارێزگـاری لە زمـانی خـۆی کـردبوو، نەیدەهێشت کەس لە ماڵەوە بە فەرەنسی قسەبکات، بەڵام خـۆی بەتەواوی لە نەریتـە کـۆنەکـانی عـەرەب دامــاڵـیــبـــوو، هەندێک جـار هەســـتم دەکـــرد لە فەرەنسییەکانیش ئازادترە.

لەبیرمە کاتێ لە فەرەنسا بووین، جارێکیان پیاوێکی کـریسـتـیـانی کـۆمـەڵێک خاچی جـۆراوجـۆری بە خـۆوە کـردبوو، جلێکی ئایینی نەخشێنراوی زۆر جوانی لەبەر بوو، بە شێوەیەک هەڵسوکەوتی دەکرد کە خەڵکی ناچار بن ڕێزی لێ بگرن، خۆی بە پیاوێکی پیرۆز نیشان دەدا، بەڵام باوکم هیچ گـرنگی پێ نەدا، حـەزم دەکـرد باوکی منیش وەک پیاوەکانی تر ڕێزی خۆی نیشان بدات، بەڵام

وای نەدەکرد. تەنیا وتی "بەزەییم بە ئەقڵی ئەو خەڵکەدا دێتەوە." هیچی لێ تێنەگەیشتم، جارێکی تر موسڵمانەکانی فەرەنسا بە بۆنەی جەژنی ڕەمەزانەوە کۆ بووبوونەوە، دایکم زۆر داوای لێ کرد بچێتە دابە ئایینییەکە، لە وەڵامدا بە دایکمی وت "بە زەییم پێیدا دێتەوە، توخوا کتێبێک بخوێنمەوە باشتر نییە؟!، لەوەی گوێ لە کۆمەڵێک قسەی کۆنی باب و باپیرانم بگرم کە خۆشیان گومانیان هەیە لە ڕاستیودروستی ئەو قسانەی دەیکەن!." بۆ ئەوانیش هیچ وابەستەیەکی نەبوو، لەوەشیان هەر تێنەگەیشتم، هەرگیز ڕۆژێ نەمدی نوێژێک بکات، بەڵام هەرگیز درۆی نەدەکرد، چەندان جار دەمبینی هاوکاری خەڵکی لێقەوماو و بێ دەرەتان و پیر و منداڵی بێ سەرپەرشتی دەکرد، بیری لەوە نەدەکردەوە ئەوە عەرەبە، یان فەرەنسییە، موسوڵمانە، یان کریستیانە، لە باوکمەوە فێری زۆر وانەی جوان بووبووم، لەسەر مرۆڤدۆستی و لێبوردەیی بەرانبەر بە مرۆڤەکان.

خزمەکانی باوکم تەواو پێچەوانەی باوکم بوون، خۆیان زۆر بە ئایینداری و خواناس دەزانی، یەک نوێژتان نەدەچوو، بەڵام هەر خەریکی قسە و قسەڵۆکی پاش ملە بوون، زۆر ڕقیان لە خەڵکی بێگانە دەبووەوە. زۆریان پێ ناخۆش بوو کە دەیانبینی لەگەڵ کوڕی کوردان هاتوچۆی یەکتر دەکەین، بە باوکمیان دەوت: "چۆن ڕێگە بە کچەکەت دەدەی لەگەڵ کوڕێکی بێگانە بۆ هەموو شوێنێک بەیەکەوە دێن و دەچن."

هەموو جار باوکم لێیان تووڕە دەبوو دەیوت: "ئێوە لەبری ئەوەی ڕەخنە لە پەروەردەکردنی منداڵی من بگرن، بڕۆن منداڵی خۆتان بە جوانی پەروەردە بکەن."

ڕۆژێکیان ئامۆزایەکی باوکم هاتەماڵمان پاش بە خێر هاتن، وەک نەریتی عەرەبی قاوەیەکمان پێشکەش کرد، ئەویش پێش ئەوەی قاوەکە بخواتەوە، ڕووی کردە باوکم و وتی:

" قاوەکە ناخۆمەوە تا ڕێگری لە هاتوچۆی کچەکەت بۆ ماڵە یەهوودییەکان نەکەی." باوکم زۆر تووڕە بوو کە پێشتر باوکمم بەو شێوەیە نەدیبوو، چاوەکانی بۆ لای من سووڕاند و دواتر ڕووی لە ئامۆزاکەی کرد، وتی:

"کام یەهوود؟." ئامۆزاکەی وتی:

"بنەماڵەی دورز و کرمانجەکان هەموویان یەهوودین."

باوکم زیاتر هەڵچوو وتی:

"ئەوە درۆی عەرەبە، هەر کەسێکیان بەدڵ نەبوو، دەڵێن یەهوودییە، هەر کارێکیان پێ نەکرا و بۆیان نەچووە سەر، دەڵێن بەهۆی یەهوودییەکانەوە ئەم کارە سەری نەگرت، بەسە واز لەو درۆ و دەلەسانە بێنن، لە جیاتی ئەوەی بەدوای شکانەوەی خەڵکەوە بن، بڕۆن خۆتان ڕاست بکەنەوە." ئامۆزاکەی باوکم تووڕە بوو، قاوەکەی نەخواردەوە و ڕۆیشت، جارێکی تر نەگەڕایەوە.

ئەوەی لای من سەیر بوو، ئەوە بوو، نەمدی جارێک بچێتە شوێنە ئایینییەکان، بەشداری لە ڕێورەسمی ئایینی نەدەکرد، کەچی عەرەبەکان هەر بە موسڵمان هەژماریان دەکرد، بەڵام بنەماڵەی (شادی)یان بە یەهوودی ناوزەد دەکرد، لەگەڵ ئەوەی بنەماڵەیەکی موسڵمان بوون، لە هەموو بۆنە ئایینییەکان بەشداری ڕێورەسمە ئایینییەکان دەبوون. دایک و باوکی شادی بە ڕۆژوو دەبوون، چەندان جار دایک و باوکی شادیم دەدی نوێژیان دەکرد و لە خوا دەپاڕانەوە و نزای چاکەیان بۆ من و شادی دەکرد کە خوای گەورە ئاگای لێمان بێت و لە قوتابخانە بە پارێزراوی بگەڕێینەوە ماڵەوە؛ چونکە ئەو کات لبنان بەکاتێکی شەڕی ناوخۆیی زۆر سەختدا تێپەڕ دەبوو، مرۆڤەکان کە دەچوونە دەرەوە، بەتەمای خۆیان نەبوون بگەڕێنەوە ماڵەکانیان!، بەڵام ئیتر ئەوە شەڕ بوو، یەخەی لبنانی گرتبوو، ڕۆژێک و دووان سێیان نەبوو. خەڵکەکە بە جۆرێک لەگەڵ شەڕ ڕاهاتبوون، زۆر گوێیان بە شەڕەکان نەدەدا، بشیانزانیبا وایە و ناگەڕێنەوە ماڵەوە، هەر دەچوونە دەرەوە.

سەرەتای شەڕەکە زۆر دەترسام، بەڵام دواتر وەک خەڵکەکە بەدەنگی دۆشکە و کاتیوشا ڕاهاتم، دۆخی شەڕ وابوو، ئەمڕۆ ئەو ناوچەیە بەدەستی کریستیانەکانەوە بوو، بۆ بەیانی ئیسلامە سوننەکان هێرشیان بۆ دەهێنا و دەیانگرت، بۆ دوو سبەی ئیسلامە شیعەکان هەڵیان دەکوتایە سەر ناوچەکە و کۆنترۆڵیان دەکردەوە، چونکە لبنان وڵاتێکی زۆر بچووکە، ئەگەر بڵێم هەموو لبنان هەر هێندەی شاری پاریسە درۆ نییە. لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان پێکهاتەکانی لبناندا هەبوو، بەڵام هیچ شتێک نەدەبووە بەربەست لەنێوان هاوڕێیەتی من و شادی، هێندە یەکترمان خۆش دەویست، یەک ڕۆژ بەبێ یەکتری هەڵمان نەدەکرد.

(٤)

بەیانی زوو لە خەو هەڵسام، بینیم بەفر دەشتودەری داپۆشیبوو. بەیرووت یەک پارچە سپی دەچووەوە، یەکەم جارم بوو بەفر لە بەیرووت ببینم، چونکە شاری بەیرووت لەسەر کەناری دەریا هەڵکەوتووە، ئەوەش وای لێ کردووە بە دەگمەن بەفری لێ ببارێ، بۆیە زۆر بەو دیمەنە

سەرسام بووم، لە خۆشیان چوومە بەرزاییەکەی پشت ماڵی خۆمان، پێیەکانم لەناو بەفری سەر بەردە زلەکە قایم کرد کە هەموو جارێک لەگەڵ شادی بازبازێنمان لەسەری دەکرد، بەرێکی وەستام، دەستەکانم وەک دەمی مایکرۆفۆن لەبەردەمی خۆم لوول کردو پڕ بە گەرووی خۆم هاوارم کرد "بەفر، بەفر وەرن منداڵان وەرن سەیرکەن بەفر!."لە بەرزایی ماڵی خۆمانەوە، تەواوی کووچە و کۆڵانەکانی ترم لێ دیار بوو، هەمووی سپی سپی دەچووەوە. ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی جەژن وا بوو، دەمبینی خەڵک پۆل پۆل لە ماڵەکانیان دەهاتنە دەرەوە، ئەو کات شانازیم بەدەنگی خۆمەوە دەکرد، وام دەزانی ئەو خەڵکە بەبانگەوازی من لە ماڵەکانیان هاتوونەتە دەرەوە بۆ سەیرانی بەفر، خەڵک لەگەڵ ترازانیان لە دەرگای ماڵەکانیان، بۆ بەفرەکە دادەهاتنەوە تۆپەڵێک بەفریان هەڵدەگرت و لە یەکتریان دەگرت، ئیتر شەڕە بەفر دەستی پێ دەکرد. کوڕ و کچە هەرزەکارەکان لەو ڕۆژەدا ڕازەکانیان دەکرد بە تۆپەڵە بەفرێک و زۆر بەتوندی لەیەکیان دەسرەواند، وەک ئەوەی بەڕاستی بەشەڕ هاتبن، ئەوسا وام دەزانی بەڕاستی ئەوانە کۆنە کینەیان لەگەڵ یەکتر هەیە و دەیانەوێ لێرە شەڕەکە یەکلا بکەنەوە، بەڵام کە گەورە بووم، ئەوسا تێگەیشتم کە ئەو کوڕ و کچانە بەقەد گوڕ و خێرایی تاوزەکانی تۆپەڵە بەفرەکان یەکتریان خۆش دەویست، چەندە عاشقی یەکتر بوون!، بەڵام تامەزرۆیی دوورییان لە یەک و هەزاران وشەی خنکێنراوی شەوانی تەنیاییان لە ناو تۆپەڵە بەفرەکاندا دەشاردەوە و بە خێرایی لە یەکتریان دەگرت، ئەوان لەوە دەترسان تۆپەڵە بەفرەکان لە هەوادا بتوێنەوە، یان هەڵوەشێنەوە و چیرۆکە نەخوێنراوەکانیان بە ڕووتوقووتی دەست خەڵکی ناموس پەرست بکەون و ناموسیان بەرن؛ بۆیە هێندە بە هێز بە یەکتریاندا دەکێشا و کزەیان لە جەرگی یەکتر هەڵدەستاند، بەڵام سەیر لەوەدا بوو ئەوان بەدەم ئەو ئازارە زۆرەشەوە هەر بەڕووی یەکتردا پێدەکەنین. خۆزگە هەموو شەڕە جیهانی و ناوچەیی و خێڵەکییەکان وەک شەڕە بەفر دەبوون، لەگەڵ توانەوەی بەفر کۆتاییان دەهات.

منداڵە هاوتەمەنەکانی خۆم لە دوورەوە دەمبینی بە کووچە و کۆڵانە سەرەو لێژەکان بەدوای یەکدا خل دەبوونەوە و بە چنگە بچکۆلەکانیان شقڵی بەفرەکەیان دەشکاند و پڕ بە مشتیان بەفریان هەڵدەگرتەوە و بە سەرو گوێلاکی یەکتریاندا دەکرد.

لە فەرەنسا لەگەڵ هاوڕێکانم زۆر شەڕە بەفرم کردبوو، بەڵام لە بەیرووت، یەکەم جارم بوو لە نزیکەوە بەفر ببینم، بەراکردن لە بەرزاییەکە هاتمە خوارەوە بەرەو ماڵی شادی چووم، پێش ئەوەی بگەمە بەردەرگاکەیان هاوارم کرد"شادی، شادی وەرە دەرەوە بەفر، بەفر." شادی لە حەوشەکەی خۆیان کە گوێی لە دەنگی من بوو، هاواری کرد"باشە، باشە وا هاتم." سەرەتا سەر و سەکوتی یەکترمان لە بەفر هەڵسوی، پاشان تا ماندوو بووین شەڕە بەفرمان کرد، پەنجەکانمان لەسەرمان تەزیبوون، بەڵام هەموو گیانمان ئارەقی پێدا دەهاتە خوارەوە. بە شادیم وت:

"جاران لەگەڵ هاوڕێکانم لە فەرەنسا بووکە بەفرینەمان دەکرد، وەرە با فێری بووکە بەفرینەت بکەم، یارییەکی زۆر خۆشە." شادی بە پێکەنینەوە وتی:

"با پێشبڕکێ بکەین." سەرەتا وامزانی شادی گاڵتەم لەگەڵ دەکا، بەڵام کە وتی:

" تا سێ دەژمێرم، دەست پێ دەکەین، بزانین کێ یارییەکە دەباتەوە؟!." بەبێ وەستان دەستی کرد بە ژماردن: "یەک، دوو، سێ." وەک چۆن پشیلە کێوی بەدوای نێچیری ژێر بەفردا دەگەڕێ، ئاوا چنگی لە بەفرەکە گیر دەکرد و تۆپەڵێکی گەورەی لە باوەشی خۆی کۆ دەکردەوە و دواتر لە شوێنێکی بەرز بەرەو نزمایی دەبرد و لە ماوەی کەمتر لە دە چرکە شێرێکی زۆر جوانی دروست کرد، واقم ورمابوو سەیری خێرایی و جووڵەی شادیم دەکرد، تازە تۆپەڵێک بەفرم کۆکردبووەوە.

شادی بە پێکەنینەوە هاواری کرد "بردمەوە."سەیرێکی شێرە بەفرینەکەم کرد و بەهەلم زانی ڕەخنەی لێ بگرم و قەرزاری بکەمەوە، وتم:

"ئەوە شێرە نەک بووک." شادی کەمێک پێم پێکەنی و وتی پەندێکی سوورییایی هەیە دەڵێ: "حەبەش گەورەیە تا بمێنی شتی سەیر و سەمەرەی تێدا دەبینی و دەبیستی". هات یارمەتیدام بە خێرایی بووکە بەفرینەکەشی لەگەڵ تەواو کردم، ئینجا وتی:

"لە کچان تۆ یەکەم بووی" قاقایەکی بۆ کردم، نەمزانی گاڵتەم پێ دەکا، یان دەیویست دڵخۆشم بکات، ئەو ڕۆژە نەچووین بۆ قوتابخانە، لەگەڵ شادی هەر خەریکی یاری کردن بووین.

(٥)

دەمەو ئێوارە بوو، ڕۆژ وردە وردە خۆی کۆدەکردەوە لەگەڵ خۆ کۆکردنەوەی هەتاو، سەرماش هورووژمی دەهێنا، خەڵکەکەش خۆیان کۆدەکردەوە بەرەو ماڵ دەبوونەوە، من وا ڕاهاتبووم دەبوو پێش ئاوابوونی خۆر بگەمەوە ماڵەوە، بۆیە دەستێکم لە شادی هەڵتەکاند،

وتم:
"بااااای، بااااای.. شادی بەیانی دەتبینمەوە." پێش خۆرئاوا بوون، گەیشتمەوە ماڵەوە. ئێوارە هەر کە ڕووناکیمان لێ ئاوا بوو، لەگەڵ بڵاچەی ئاگری تۆپە دوور هاوێژەکان، ئاسمانی بەیرووت ڕووناک بووەوە، پێشتر زۆر جار هێزە بەشەڕ هاتووەکان پەلاماری یەکتریان دەدا و لە کۆڵانەکان هەندێک تەقەیان دەکرد، دواتر ژیان ئاسایی دەبووەوە، بەڵام ئەو جارە دەنگەکان زۆر بە هێز و هەژێنەر بوون، خانووەکان لەگەڵ زرمەکان دەهەژانەوە، لە ترسان خۆم لە باوەشی باوکم قایم کردبوو، یەکەم جارم بوو بەو شێوەیە هەست بە ترس و نیگەرانییەکانی باوکم بکەم، ئەوەش وای لێ کردم زۆرتر بترسێم، جاران باوکم ترسەکانی منی دەڕەواندەوە، کەچی ئێستا دەبینم ترس ئەویشی لوول کردووە، دایکیشم بە پەشۆکاوی هات و خۆی لە باوەشی باوکم کوتا، منیشیان لە نێوانی خۆیان خاشەکێش کردبوو، هەناسەم تەنگ بووبوو، بەڵام لە ترسان هیچم نەدەوت. باوکم بە پەنجەکانی هەردوو گوێچکەی منی گرتبوو بۆ ئەوەی گوێم لە نرکە و زرمەی ئەو تۆپانە نەبێ کە لە دەوروبەری ماڵەکان دەکەوتنەوە، تا بەرە بەری بەیانی دەنگی تەقە و هاوار و قیژە و گریان بەردەوام بوو، لەگەڵ هەڵاتنی خۆر دەنگەکان وردە وردە کەم بوونەوە، لەگەڵ کپ بوونەوەی تەقەکان، وەنەوز دەیبردمەوە، چونکە بە درێژایی شەوەکە لە ترسی تەقەی تفەنگ و زرمەی تۆپ خەوم لێ نەکەوتبوو، خەریک بوو خەوم لێ بکەوێت، لەگەڵ دەنگی لێدانی دەرگای حەوشەکەمان، جارێکی تر خەو لە چاوەکانم تەرە بوون، باوکم چوو دەرگا بکاتەوە، دایکم نەیهێشت بڕوا، لە کێشمەکێشی دایک و باوکم واقم وڕما بوو، ترس و نیگەرانی هەراسانی کردبووم، باوکم وتی:
"کچەکەش مەترسێنە ئێمە هیچمان لە هیچدا نییە، بۆیە لە کەس ناترسم." چوو دەرگا بکاتەوە، لە حەوشەکەدا وتی:
"کێیە؟." لە پشت دەرگا دەنگێکی گڕ، هاواری کرد:
"ئەو دەرگایە بکەوە دەنا دەیشکێنم!." باوکم دەرگای کردەوە.دوو چەکدار خۆیان کرد بە ژووردا. ناسنامەیان لە باوکم و دایکم وەرگرت، یەکیان بە باوکمی وت:
"کوا چەکەکانتان لە کوێن؟." باوکم زۆر تووڕە بوو، بێ ترس وتی:
"مەگەر لە ناسنامەکەمان نووسراوە ئێمە چەکمان هەیە!." سەربازێکیان لە باوکمی ڕاخوڕی:
"تۆ خۆت بەچی دەزانی وا لە ئێمە دەخوڕییەوە." باوکم وتی:
"خۆم بە هاووڵاتییەکی لبنانی دەزانم. پێش ئەوەی ئێوە لە دایک ببن من خەڵکی لبنان بووم. ئێوەش ئەو ناسنامەیەتان نەداوەتە من، ئەوەتا ماڵ بگەڕێن ئەگەر چەکمان هەبوو خوێنی من حەڵاڵی ئێوە بێت." بەناو ماڵەکەدا گەڕان، هەموو شتێکیان بەسەر یەکدا پەرشوبڵاو کردەوە، هیچیان نەدۆزییەوە، بەبێ ماڵئاوایی کردن ماڵەکەیان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن، باوکم زۆر دڵتەنگ بوو، وتی:
"ئەوە یەکەم جارە هەست دەکەم هەڵەیەکی گەورەم کردووە هاتوومەتەوە لبنان." ئینجا ڕووی لە دایکم کرد و بەنیگەرانییەوە:
"ببوورە خانمەکەم. دەزانم بەهۆی پێداگری من بوو، ئەگینا تۆ هەرگیز لەگەڵ گەڕانەوە نەبووی." دواتر داهاتەوە و دەستێکی بەسەری مندا هێناو هەردوو ئەژنۆی لەسەر فەرشە شێواوەکەی ژوورەکەدا چەقاندو دەستەکانی بەسەر زوڵف و ڕوومەتی مندا هێنایە خوارەوە، چاوەکانی تەژی بوون لە ڕۆندک، ماچێکی پڕ لە سۆز و میهرەبانی لێ کردم و منی بەخۆیەوە گوشی و بە لاگوێیەکیدا چرپاندم و وتی:
"دەبێ ئێمە بگەڕێینەوە فەڕەنسا، من نامەوێ ئێوە لە دەست بدەم." ئەو هەواڵە ئەگەر دوو ساڵ بەر لە ئێستا بوایە زۆر خۆشحاڵی دەکردم، بەڵام هەنووکە زۆر گرنگ نییە، دەمزانی ئەگەر بگەڕێمەوە فەڕەنسا، لە شادی دادەبڕێم، ئامادەش نەبووم شادیم لێ داببڕێن، نازانم بۆ هێندە هۆگری شادی بووبووم، بەڵام هەر ئەوەندەم دەزانی کە شادیم بەقەد دایک و باوکم خۆش دەویست، هەندێک جار هەستم دەکرد لەوانیشم خۆشتر دەوێ.

(٦)

بەیانی دوای هەتاو کەوتن، خەڵک بەترس و لەرزەوە لەماڵەکانیان دەهاتنە دەرەوە، منیش داوام لە دایکم کرد لەگەڵم بێت بۆ ئەوەی سەرێک لەماڵی شادی بدەین، بزانین ئەو شەو چۆن ڕۆژیان کردووەتەوە، چییان بەسەر هاتووە، دوای ناسینی شادی، ئەوە یەکەم جارم بوو داوا لە دایکم بکەم تا ماڵی شادی هاوەڵیم بکات. دایکم پێی وتم:
"ڕۆڵە ئاقڵ بە کەی کاتی ئەوەیە؟!، ئەمڕۆ ڕۆژی حەشرە." پێداگریم کرد و دەستم بەگریان کرد. باوکم وتی:
"دایکی وەردە لێی گەڕێ خۆم دەیبەم." دایکم ئەو پێداگرییەی منی زۆر پێ ناخۆش بوو، دەستێکی بۆ ڕادێرام و وتی:
"بزانە ئەو لاسارییەی تۆ چیمان بەسەردێنێ!، ئەی

ئەگەر لە ڕێگا تووشی شتێکی نەخوازراو بوون؟، ئەوکاتە چی بکەین؟." من ئەوانەم نەدەزانی هەر دەمویست بزانم ماڵی شادی چییان لێ بەسەر هاتووە، لەگەڵ باوکم بەیەکەوە هاتینە دەرەوە، ئەوەی بەچاوی خۆم دیتم بڕوام نەدەکرد ڕاستی بێ، وام هەست کرد کە لە کۆڵانێکی ترم، ئەو ماڵەی لێی هاتوومەتە دەرەوە ماڵەکەی جارانی خۆمان نییە و لە کۆڵانێکی ترین، کەم ماڵ هەبوو، بە ماڵی ئێمەشەوە فیشەکی بەر نەکەوتبێ، هەندێک لە ماڵەکان گوللەتۆپ بەر دیواری حەوشەکانیان کەوتبوو، خشت و بلۆک بەناو کۆڵانەکەدا پەرشوبڵاو بووبووەوە، لەگەڵ باوکم بە خێرایی بەرەو ماڵی شادی ڕێمان دەبڕی، کاتێک کە لەماڵەکەیان نزیک کەوتینەوە، سەرەتا دڵم خۆش بوو، چونکە دەرگای ماڵەکەیان کرابووەوە و کەمترین فیشەکیش بەر ئەو ڕیزە ماڵەی ئەوان کەوتبوو، بەڵام دواتر دڵم داخورپا کە هەندێک چەکدارم لەناو ماڵی شادی بینی هاتوچۆیان دەکرد، پێش ئەوەی بگەینە ماڵی شادی، باوکم هەڵوێستەیەکی کرد و سێ ماڵ پێش ماڵی شادی لە دەرگای ماڵێکی دا، وامزانی باوکم هەڵەی کردووە، وتم:

"باوکە ئەوە ماڵی شادی نییە، دوو ماڵ ئەولاترە، ئەها دەرگایان کراوەتەوە و چەکداریشی تێدایە". باوکم بە دەست توند دەمی گرتم و وتی:

"بێ دەنگ بە بێ ئەقڵ" یەکەم جار بوو باوکم بە من بڵێ بێ ئەقڵ، زۆرم پێ ناخۆش بوو، بێ دەنگ بووم. پیاوێک هاتە دەرەوە، دیار بوو باوکمی دەناسی، فەرمووی ژوورەوەی لە باوکم کرد. باوکم سوپاسی پیاوەکەی کرد و پرسی: بۆ ماڵی باوکی شادی سەربازی تێدایە؟، دراوسێکەیان وتی:

"شەو ئەوان لەگەڵ تەقەکان ڕایان کرد و ڕۆیشتن، بۆ کوێ چوون؟! بۆ ڕۆیشتن؟! نازانم!. ئێستاش ئەو سەربازانە دەڵێن ئەوە ماڵی یەهوودییەکانە کردوویانە بە بارەگا. باوکم وتی:

"قسەی قۆڕ و بێ مانا؛ کێ بێ دەسەڵات بێ و پێی بوێرن، پێی دەڵێن یەهوودی، ئەگەر ئەوان بەڕاست دژی یەهوودین، ئەوەتا یەهوودی لە بەرانبەریانن، لەسەر شاخی جۆلان، دەبا بچن دەریان بکەن، ئەو دایک و خوشک قەحپانە." پێم سەیر بوو جاران باوکم هەرگیز لەبەر چاوی من جنێوی بە کەس نەدەدا، کەچی ئێستا جنێو بە هەموو کەس دەدا. باوکم ماڵئاوایی لە پیاوەکە کرد و دەستی منی گرت و وتی:

"با بڕۆینەوە کچەکەم دیارە ماڵی شادی لەماڵ نین."
من خەریک بوو شێت بم، وتم:

"من لە قسەکانی ئەو پیاوە تێ نەگەیشتم!، بارەگای چی؟!، یەهوودی چی باوکە؟!."باوکم وتی:

"کچەکەم تۆ هێشتا ماوتە لەو شتانە تێ بگەی هەر تێی نەگەی باشترە، هیچ پرسیار مەکە، با بچینەوە کە دنیا ئارام بووەوە ئەوان بۆ خۆیان دەگەڕێنەوە." من بە ناچاری لەگەڵ باوکم هەنگاوم دەناو دەستیشم بەدەستی باوکمەوە بوو، دەستەکەی تریشم لەناو گیرفانمدا بوو، جار جارەش ئاوڕم لە ماڵی شادی دەدایەوە، دنیا زۆر سارد بوو، هەموو گیانم دەلەرزی، نازانم لە ترسا بوون، یان لە سەرما، یان لە نائۆمیدیم بوو. هەستم دەکرد ئیتر ئێرە ئەو بەهەشتەی دوێنێ نییە، جوانی بەفرەکە وەک جاران نەمابوو، بەفرەکەش، لە خەمی دیارنەمانی شادی خۆی لە قوڕ هەڵکێشابوو. جێ پێی سەربازەکان بەسەر بەفرەکەوە دیاربوو کە هەندێکیان بە خێرایی هەڵاتبوون، هەنگاوەکانیان گەورتر بوو لەوانەی کە بە دوای ئەواندا ڕایان کردبوو، لە دوو شوێن بەفرەکە سوور سوور هەڵگەڕا بوو، خوێنی لێ ڕژا بوو. جێی پاڵکەوتنی مرۆڤ لە تەنیشت خوێنە ڕژاوەکان دیار بوو، جێی چوار پەنجەی خوێناویش لەسەر بەفرەکە بەدی دەکرا. باوکم لەوێ دەستی خستە سەر چاوەکانم بۆ ئەوەی شوێنەواری خوێنە ڕژاوەکان نەبینم، بەڵام لە کەلێنی پەنجەکانی باوکمەوە تەواوی دیمەنەکانی ئەو کۆڵانەم بینی.

کە گەڕاینەوە ماڵەوە، دایکم بەهەڵەداوان بە پیرمانەوە هات وتی:

"سوپاس بۆ خوا بە ساغی گەڕانەوە ماڵەوە، دڵم لەناو دەستم بوو، ئەی ماڵی باوکی شادی چۆن بوون؟." من کە زۆر دڵم تەنگ بووبوو، پێم خۆش بوو بگریم، نەمهێشت باوکم وەڵام بداتەوە. بە گریانەوە وتم:

"سەربازەکان ئەوانیان دەرکردووە، ئەوان هەڵاتوون."دایکم دەستی بەسەردا هێنام و وتی: "مەگری کچە جوانەکەم، ئەوان چوون بۆ ماڵی خزمەکانیان، کە سەربازەکان ڕۆیشتن، ئەوانیش دەگەڕێنەوە." لەو کاتەوە هەموو ڕۆژێک دەچوومە سەر بەرزاییەکەی پشت ماڵی شادی تا بزانم سەربازەکان ڕۆیشتوون، شادی هاتووەتەوە، بەڵام بێ هودە بوو. بەفر توایەوە و سەرمای زستان تەواو بوو، کەچی نە سەربازەکان ڕۆیشتن، نە شادیش گەڕایەوە.

بیست جاری تر بەفر هات و بەفر ڕۆیی، بەڵام نە سەربازەکان لە جێی خۆیان جووڵان و نەشادیش گەڕایەوە. ئێستا گەورەبووم، بەڵام لە چاوانی مندا شادی هێشتا منداڵەکەی جارانە و هەر لەناو بەفردا یاری دەکات و خەریکی دروستکردنی شێرەبەفرینەیە، هەرچەند بانگی

دەکەم، ئەو گوێی لە دەنگی من نابێت. هەر کاتێکیش بۆی دەچم سواری پشتی شێرەبەفرینەکەی دەبێت و بەسەر شاخەکەدا هەڵدەگەڕێ، منیش بەدوایدا ڕادەکەم و دەگریم تا لەناو لێڵی شەونمی چاوەکانم ون دەبێت.

(٧)

لە پاش ون بوونی شادی، جێ پێیەکانیم بەتۆوی گوڵە نێرگز داچاند، هەموو بەهاران گوڵەکان سەر دەردێنن و باسی هەنگاوەکانی شادیم بۆ دەکەن، ئەوەتا لێرە ڕای دەکرد و لێرە بازی دەدا و لێرە خۆی تل دەکردەوە، هەر جارێک کە لە بڕوانامەکەم ڕادەمێنم، دەڵێم شادی تۆ لە کوێی؟!. ئەگەر ئێستا بزانی من بڕاوانامەم لە هونەری میوزیکی گەلانی ڕۆژهەڵاتی وەرگرتووە، شارەزای ئاوازەکانی عەرەبی، فارسی، تورکی، کوردی بووم. دەتوانم ئاوازی ئەو گۆرانییە کوردییە بژەنم کە هەمیشە لەسەر زارت بوو ( ئەمان دلۆ... ئەمان دلۆ... بەژانێ یارێ... چاڤ ڕەش دلۆ... ئەما نەمان ئەمان دلۆ) دەبێ چەند دڵخۆش بیت؟!.

ڕۆژێکی زستانی زۆر سەخت بوو، بەفرێکی زۆر کەوتبوو، من تازە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دەست بەکار بووبووم، هەواڵیان پێدام کە بەزووترین کات بگەڕێمەوە ماڵەوە، دڵم داخورپا، زانیم شتێک ڕووی داوە، بە پەلە خۆم گەیاندەوە ماڵەوە، کە گەیشتمە نزیک ماڵەوە، بینیم قەرەباڵغییەکی زۆر لەبەر دەرگای ماڵمان هەبوو، بەپەلە خۆم گەیاندە ژوورەوە، بینیم باوکم لەناو بەتانییەک لوول دراوە و دایکیشم بەسەر سەریەوە شین و شەپۆڕیەتی، کە منی بینی لەقیژەی دا و بە هەموو هێزی خۆی کێشای بەسەر و مێشکی خۆیدا، هەڵساو بەرەو ڕووم هات و وتی:

"تەواو وەردە تەواو، دنیای من و تۆ کۆتایی هات، باوکت بە جێی هێشتین ڕۆیشت." من تووشی شۆک بووبووم. بڕوام نەدەکرد وا زوو باوکم بە جێمان بهێڵێت، بە سەرسامی چاوم بەناو ژوورەکەدا دەگێڕا و سەرم گێژی دەخوارد، دایکم منی لە باوەش کرد و لەگەڵ لە باوەش کردن بەرەو خوار بۆ سەر تەرمەکەی باوکم منی خستە سەر ئەژنۆ، ئەو لە باوەشکردنەی دایکم نەبوایە من بۆ هاتاهەتایە زمانم لاڵ دەبوو، چونکە پێشتر بە هۆی بینینی تەرمی ڕاکشاوی باوکم، دەنگم گیرا بوو، دەمویست هاوار بکەم، بەڵام گرێیەک لە قوڕگم دروست بووبوو، نەیدەهێشت دەنگم بێتە دەرەوە. لە ناوەوە هێزم کۆکردەوە پڕ بەدەنگی خۆم هاوارم کرد:

"باوکەگیان بۆ بۆ وا هەتیوت خستم، هەڵسەوە سەر پێ پێویستم پێتە."هیچ وەڵامێک لە باوکمەوە نەبوو، بۆ هەتاهەتایە بەجێی هێشتین.

حەوت ڕۆژ دوای مەرگی باوکم، پرسەنامەیەکمان بەدەست گەیشت. لەنامەکەدا نوسرابوو (بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمتان پێ ڕادەگەێنم بە بۆنەی کۆچی دوایی باوکی فەیرووز.شادی-ڕۆژاڤا ) ، ئەو پرسەنامەیە لەگەڵ ئەوەی برینەکانی هێنامەوە سوێ، دڵیشی زۆر خۆش کردم، چونکە پێم وابوو ئیتر شادی دەدۆزمەوە، بەڵام دوای گەڕانێکی زۆر نە زانیم کێ ئەو نامەیەی هێناوە، نە زانیم لە کوێوە هاتووە، وشەی ڕۆژئاڤاش، خۆی بۆ من نهێنییەکی گەورە بوو، نەمدەزانی ڕۆژئاڤا مانای چییە!. پێم وابوو کەی توانیم لە مانای ئەو وشەیە تێ بگەم، ئەوسا دەتوانم شادیش بدۆزمەوە، چونکە من لە شادی فێری ئەوە بووبووم کە زمانی کوردی زمانێکە زۆر دەوڵەمەندە و پڕە لە نهێنی، لەگەڵ ئەوەی پشتگوێ خراوە، شادی دەیوت: "ئەوەی ئێمەی وەک نەتەوەیەک بەیەکگرتوویی هێشتووەتەوە پارێزگاری کردنە لە زمانەکەمان، بۆیە لە پاڵ هەر ناوێک ئامانجێکی سیاسی و نیشتمانی شاراوە هەیە."لە فەرهەنگی (کوردی- عەرەبی) زۆر بە دوای ئەو وشەیەدا گەڕام، لە هەندێک شوێن ڕۆژئاڤا بە مانای خۆرئاوا بوون هاتبوو، لە هەندێک شوێن بەمانای وڵاتانی ئەورپا هاتبوو، بۆیە پێم وابوو ئەوان بۆ ئەوروپا کۆچیان کردووە، ئەو وشەیەش ئاماژەیە بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیان.

جارێکی تر کەڵکەڵەی چوونەوەی پاریس هاتەوە مێشکم و دایکم لەگەڵ خۆم ڕاپێچ کرد و چووینەوە بۆ پاریس، پاش ئەوەی لەوێ جێگیر بووین، زۆر وڵاتی ئەورپایی بۆ سۆراخی شادی گەڕام، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، زۆر دۆستی کوردم لە پاریس پەیداکرد، تەواو خۆم فێری زمانی کوردی کرد، هەر بۆ ئەوەی ئەگەر هاتو ڕۆژێک شادیم بینییەوە، بتوانم بە زمانی کوردی لەگەڵی بدوێم، جاران شادی زۆر هەوڵی دەدا فێری کوردیم بکات، بەڵام ئەوکات زۆر گوێم پێی نەدەدا، بۆیە نەمتوانی وەک پێویست بۆ فێر بوونی زمانەکەیان سوود لە شادی ببینم، بەڵام دووری شادی وای لێ کردبووم ئاواتەکەی بهێنمە دی، ئەگەرچی بێ هیواش بووم لە دۆزینەوەی شادی.

ئەوکاتەی بەهاری عەرەبی دەستی پێ کرد من لە فەرەنسا بووم، تەمەنم سی ساڵ بوو، گۆڕانکارییەکان زۆر خێرا ڕوویان دەدا. ئەو سەرۆک عەرەبەی ئەمڕۆ ئامۆژگاری بۆ سەرۆکێکی تری عەرەبی دەنارد کە ئازاری

گەلەکەی خۆی نەدات و بە ئاشتی واز لە دەسەڵات بهێنێ و کوشتوبڕی گەلەکەی خۆی نەکات، بۆ بەیانی لێشاوی ڕاپەڕین و ناڕەزاییەکان دەچوونە ولاتەکەی ئەویش، کەچی دەمدی بە هەمان فەرهەنگی خێڵەکی بیابانی بە دڕندانەترین شێوە کوشتوبڕی خەڵکەکەی خۆی دەکرد و بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داخوازییەکانی هاووڵاتیانی خۆی دەدایەوە.

شۆڕشەکە تازە گەیشتبووە سووریا، کوردەکانی سووریاش وەک تەواوی خەڵکی ناڕازی دژی دەسەڵاتی سووریا ڕاپەڕین، هەرزوو ئەوان توانییان ناوچەکانی خۆیان ئازاد بکەن. دەسەڵاتێکی خۆ بەڕێوەبەری باشتر لە بەشەکانی تری سووریا دابمەزرێنن، ناویشیان نا خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاڤا. بە بیستنی ئەو وشەیە پرسەنامەکەی شادیم بیر کەوتەوە، لە دڵی خۆمدا، وتم:

"ئای من چۆن نەمزانی کورد بە کوردستانی سووریا دەڵێن ڕۆژئاڤای کوردستان؟!. شادی دراوسێی خۆم بووە!، کەچی من چووم ئەوروپای بۆ گەڕام." لە یەکەم جەژنی نەورۆزی دوای ئازادکردنی شاری کۆبانی لە دەستی داعش بە هاوکاری پێشمەرگەکانی باشووری کوردستان ئاهەنگێکیان سازکردبوو، منیش داوەت کرابووم، کە گەیشتمە ئەوێ زۆر بەدوای شادیدا گەڕام، بەڵام نەمتوانی بیدۆزمەوە، بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لەگەڵ گرووپێکی میوزیکی کوردی لە کۆبانی بەشدار بووم، لەبەر ئەوەی دۆستایەتی خۆمم بۆ دۆزی کورد ڕاگەیاندبوو، ئەوان زۆر ڕێزیان لێ دەگرتم، زۆر خۆشحاڵیش بوون بەوەی کچێکی عەرەب دەیەوێ بە گۆرانی و بە میوزیک بەشداری لە جەژنێکی نەتەوەیی ئەوان بکات.


یەکەم ڕۆژی نەورۆز، ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو، خەڵکەکە بە جلوبەرگی کوردی ئاڵوواڵا لە دەشتاییەک کۆ بووبوونەوە، شانۆیەکیان بەدار و بلۆک دروست کردبوو، خەڵک هەمووی لە چاوەڕوانی هاتنی تیپی میوزیک بوون، ئێمەش لەناو ئۆتۆمبێلێک دانیشتبووین، هەندێک ژنی چەکدار پاسەوانی ئێمەیان دەکرد، پاش کەمێک ئاهەنگەکە دەستی پێ کرد، بانگی تیپەکەی ئێمەیان کرد و منیش وەک کەمانچەژەنێکی ژن بەشداری ئاهەنگەکە بووم، چەند سروودێکی نیشتمانی ڕۆیی، دواتر یەکێک لە بێژەرەکان هاتە سەر شانۆ لەبەردەم مایکرۆفۆنەکەوە وتی:

"ئێستاش کچە میوزیکژەن و گۆرانیبێژی عەرەب خاتو وەردە بە گۆرانییەکی فەیرووزی لبنانی بەشداری ئەو ئاهەنگە دەبێت با بفەرموێ." ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد ئەوە بوو، تا چوومە بەردەم مایکرۆفۆنەکە خەڵک هەر چەپڵەڕێزانیان بۆ دەکردم. منیش بە زمانی کوردی وتم" ڕۆژ باش ڕۆژئاڤا، جەژنا وە هەمیا پیرۆز بە." جارێکی تر سەدای چەپڵە و فیکەکێشان بەرز بووەوە، خەریک بوو گوێچەکەم کەڕ بێت. چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسک، دڵم پڕ لە شادی، لە دڵی خۆما دەموت "ئێستا دەزانم بۆچی شادی هێندە وابەستەی وشەی کورد و کوردستان بوو، ئای شادی دەبێ تۆ لە کوێی ئەم کوردستانە بیت؟!." ئیتر میوزیک ڕۆیشت و منیش دەستم بە گۆرانی وتن کرد.

**من زمان انا و زغيره**
**كان في صبي جي من الحراش**
**العب انا وياه**
**كان اسمه شادي**

چاوەکانم جارێکی تر لێڵی شەونمی ئەسرین بوو. شادیم بینییەوە، لەپشت ماڵی خۆیان لەناو بەفرەکە وردە وردە بەرەو ڕووم دەهات، لەو کاتەدا دەنگێک لەناو خەڵکەکە هاواری کرد " ئەوەتام من شادیم، ئەوەتا لێرەم" لەگەڵ دەنگەکە هەنگاوەکانی شادی بۆ لای من خێراتر دەبوو، شادیش باڵای بەرزتر دەبوو، تا شەونمی چاوەکانم ڕوونتر دەبوون، شادیش لە چاوما گەورەتر دەبوو، تا بوو بە پیاوێکی تەمەن سەرووی سی ساڵی، لەناو ئاپۆرەی خەڵکەکە، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بەرەو ڕووم دەهات و هاواری دەکرد "من لێرەم من لێرەم." کە شادیم بینییەوە لەسەر شانۆ خەریک بوو ببووریمەوە، بە زۆر خۆم بە پێوە گرتبوو، نەمتوانی گۆرانییەکە تەواو بکەم، لە شانۆکە هاتمە خوارەوە، بەناو ئاپۆرەی خەڵکەکە بە شەلاڵی بەرەو شادی ڕام کرد، لەبەر ئاپۆرەی خەڵکی هەنگاوەکانم بەلادا دەهاتن. خەڵکەکەش هەندێک چەپڵەیان بۆ لێ دەدام و هەندێک دەستیان بۆ ڕادەوەشاندم، هەندێکیان بەخۆشییەوە دەستیان لە دەست و سەر و قژم دەخشاند، وەک ئەوەی دەست لە شتێکی پیرۆز بدەن، بەم شێوەیە گەیشتمە شادی و یەکترمان لە باوەش کرد و تێر تێر یەکترمان ماچ کرد و زۆر بۆ یەکتر گریاین، خەڵکەکەش لەگەڵ ئێمە دەگریان و هەلهەلەیان لێ دەدا.

ئیتر بەشادی شاد بوومەوە، ئێستا لەگەڵ شادی و مرۆڤە ئازادیخوازەکانی سەر ئەم زەمینە لە کۆبانی پارێزگاری لە ئازادی تەواوی جیهان دەکەین، هەرگیز جارێکی تر ناگەڕێمەوە پاریس.



# چاوەلێڵەکانی خۆشەویستی

محەمەد مستەفازادە
(بانە)

هەنگاوە شلەکانی شل شل شەقامیان دەشێلا، سەوزەڵانییەکانی ئەودیو پەنجەرەی دەدواند. سامانێکی بێ خاوەن سەری لە گوڵدان و گوڵ و شەوبۆ هێناوەتەدەر، پەنجەکانی دەنک دەنک تەسبیحی زەردی خۆر دەژمێرن؛ سەری ئەویش ئاوەژوو بۆوە و خشت بە خشتی دیوارەکە دەڕۆیشتە سەر، چاوەکانی کەم ڕەنگ بووبوون، زۆر دەمێک بوو، تەنانەت ئاسمانە ڕوونەکەی خۆشی؛ کە پەنجەرە و کچ و ئەستێرە و گوڵ بوون، لەبەر چاوی لێڵ دەنەخشا، بەڵام بۆنی خوا لەو بەرزاییەوە شۆشەکانی پڕ کردبوون؛ بازنەکانی دەبریقانەوە و چاوە لێڵەکانی بە شەوارە دەخستن و سۆماکانی بە خۆر تینووتر دەبوون؛ بە خۆر؟! نا نا بە خۆی. ئەو هەر دەڕۆیی، هەستی نەدەکرد، چاوەکانیشی هەر لێڵ بوون. کچ و کوڕە منداڵەکەی کە لەبەر دەرکێ لەسەر کۆ خیزەکە کایەیان دەکرد، دەیانگوت نەیزانیوە خۆی بە دار تێلەکەی شەقام داداوە، بەڵام کەسی تر نەیدیبوو، ئەویش پەنجەرەکەی پێوەدابۆوە و پەردەکەشی لادابوو.

نیوەڕۆ بوو، گەرما تەنانەت ژلەکەی سەریشی بە لاجانگیا لەگەڵ ئارەق تێکەڵ کردبوو. ڕۆیشتە ژوورێ و چووە دیوەکەی خۆی، وەک هەمیشە دەفتەرە زلەکەی فڕێ دایە سەر تاقەکە، بەڵام ئەم جارەش سیگاری لە بیر چووبوو بیکڕێ، کەمێک لەسەر کورسییەکە دانیشت و هەستایەوە، پەردەکەی لادا و لە جامی پەنجەرەوە ڕوانییە ماڵەکەی ئەوبەر؛ پەنجەرەکەی ئەو پێوە درابوو، پەردەش لادرابوو، بەڵام تنۆک تنۆک ئاو لە لوولەکەوە دەهاتە خوار، هەستی کرد ئەو ماوەیەکی کورت لەوەو پێش لەوێ بووە و گوڵەکانی ئاو داون، شایەد ئێستاش هەر لەوێ بێ، لە پشت پەردە، بەڵام چاوە لێڵەکانی ئەو نەبینێ، "ئەرێ شایەد ئەو من ببینێ". لەبەر خۆیەوە گوتی.

کەمێکی تر ڕاوەستا، ویستی لە دیوەکە بێتە دەر:

– سارۆ چایەکەت نەخواردەوە کوڕم؟!

– نا دایە، دەبێ برۆم لە ئیدارە چاوەڕێمن.

– نیوەڕۆیە! کاتی ئیدارە تەواو بووە؛ بۆ مەگەر لەوێ نەبووی؟!

– (تەماشایەکی کاتژمێرەکەی دەستی کرد) بۆچی نا، بەڵام.

– بەڵام چی کوڕم؟ لە ماڵەوە بمێنەوە، نەوەک شتێکم پێویست بێ؛ ئاخر شەو میوانمان دەبێ.

– میوان؟!.

– ئەرێ؛ ئەوە نییە ماڵی کارەحمان زەماوەندیان بۆ کوڕەکەیان کردووە؛ ئیشەڵڵا نوخشەش بێ لە تۆ. بووکی تازەیان هێناوە.

– بووکی تازە؟!

لە پشت جامی چاویلکە ئەستوورەکەیەوە، چاوە لێڵەکانی پڕ بوون لە ئاو!.



# ئەز و عەبدلقادر گەیلانی

**سالح بۆزان**
**(حەلەب)**

دهونی، ئەز د دارستانێ ده دمەشیام. کەس خەینە من د دارستانێ ده تنەبوو. ژ دوور ڤە قەراتیەک (کەسەک) خەونی. ئەو بەرڤە من دهات. گاڤا نێزکی من بوو، من دی ب جوببەیەکێ یە، فووتەیەکە کەسکە ل سێریە، سۆلەکە سۆر د نگان دەیە، چۆیەکی قاسی بەژنا وی د دەست دەیە. گهیشتە من و گۆت:

مەرحەبا پەنابەرۆ..!

ئەز لێ عەجێمایی مام. من پرسی:

تو کی؟ ل ڤان دەران چ دگەڕی؟

گۆت: ئەز شەخ عەبدلقادر گەیلانی مە. ئەز ژی وەکە تە ژ جەنگا قرێژ رڤیا مە.

من پرسی: ئێ کو ئەز دزانم تو زوو دە ڤە مریە.

گۆت: بەلێ.. لێ مریدێن من نەهێشتن ئەز د مرنا خوه ده ڤێسکم، ب رۆ شەڤ بانە من دکن، و تا نها ئەز ل ناڤبەرا هەردوو دونیان ده دارم(دچم) و تێم.

من پرسی: تو ب خوەدێ کی ژ من رە ببێژە، چ راس د پاش تە دە هەیە، هەتا کو ڤقاس مریدێن تە تا نها هەنە؟

گۆت: ژ بەر کو ئەز راستیێ دبێژم، و هەموو مرۆڤ رەبەنێ راستیێ نە.

من گۆت: مادەلا تو راستیێ دزانی، هەلە یەکێ ژ من ڕە ژی ببێژە؟

گۆت: ئەزێ راستیەکێ ژ تە ڕە ببێژم، لێ یێن وەکە تە ئەز ناکم مریدێن خوە.

من پرسی: چما؟

گۆت: ها..ها.. ژ بۆ ڤێ پرسێ تە "چما" مریدێن من گەرەک "چما" د مەژیێ وان دە تنەبە.

من گۆت: برابە. تو راستیەکێ ژ من ڕە ببێژە، و من مەکە مریدێ خوە.

گۆت: مرۆڤەکی درێژ و یەکی کن لهەڤ راستهاتن. یێ کن ب یێ درێژ رە گۆت: ئەز ژ تە دمرم.

ئێ درێژ ژێ پرسی: چما؟

ئێ کن گۆت: ژ بەر کو تو درێژی، و ئەز هۆنەبوومە سەری خوە ژۆر دە راکم تا ب تە رە باخڤم.


ئێ درە گوت: ئەز ژی ژ تە دمرم.

ئێ کن پرسی: تو چما ژ من دمری؟

ئێ درێژ گۆت: ژ بەر کو تو کینی، و ئەز ژی هۆنەبوومە سەری خوە ژێر دە داخم ژ بۆ ب تە ڕە باخڤم.

گاڤا من خوەست ئەز ژێ بپرسم "چما؟"، ئەو ژ بەر چاڤێن من وەندابوو.

**– ژ تە دمرم: گۆتنەکە کۆبانکیە، یانی ئەز تە کەرە دکم.**
**– هۆنەبوومە: فێرنەبوومە.**



# کۆرپەکەی دێزەیری

**کەیت شۆپێن(*)**
**لە ئینگلیزییەوە: ژیلا ڕەحمانی**
**(سنە)**

ڕۆژێکی خۆش بوو، خاتوو ڤاڵمۆند بڕیاری دا کە بۆ بینینی دێزەیری و کۆرپەکەی سەردانی لۆبری بکات.

دیمەنی دێزەیری بە کۆرپەیەکەوە بزەی خستە سەر لێوانی، دوێنێ خودی دێزەیری تۆزێک لە کۆرپەکەی گەورەتر بوو، کە ئاغای ماڵ لە سێبەری ستوونێکی بەردیندا پەیدای کرد.

کۆرپەکە لە باوەشی ئەو بە خەبەر هاتبوو، دەستی بە گریان کردبوو، وتنی دادا تەنیا وشە، یان کارێک بوو کە ئەو کاتە توانایی دەربڕین، یان جێبەجێ کردنی بووبێت، لەبەر ئەوەی کە تازە سەر پێ کەوتبوو، هەندێک وای بۆ دەچوون کە بە ڕێکەوت ڕێگای لێ ون بووە، بەڵام بڕوای زاڵ ئەوە بوو کە دێزەیری لە لایەن تەکسانەکانەوە بە ئەنقەست بەجێ ماوە، ئەو گرووپەی کە ئێوارەی ڕۆژی پێشوو لە خوارووی مەزراکەی ڤاڵمۆند تێپەڕیبوون، هەرچەندە ئەو کاتە خاتوو ڤاڵمۆند وازی لە هەموو بۆچوونێک هێنا، بێجگە لەوەی کە دێزەیری لە لایەن خوداوەندێکی دلۆڤانەوە بۆی نێردراوە، خودایەک کە دەیزانی ئەو منداڵی نابێت، دێزەیری وردە وردە دەبێتە ئافرەتێکی جوان، نەرمونیان، بەسۆز و ڕاستگۆ، واتە بتی ڤاڵمۆندەکان.

جێی سەرسوڕمانیش نەبوو جارێک کە پاڵی دابووە هەمان ستوونەوە، کە هەژدە ساڵی پێش لە سێبەرەکەیدا خەوی لێ کەوتبوو، ئارمەند ئەوبیگنی شەیدای ببێت. هەڵبەت هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە بە هەمان شێوە عاشق دەبوون، وەک بڵێی بەر گوللەیەک کەوتبێتن، سەیرتر ئەوە بوو کە ئارمەند پێشتر هیچ هەستێکی بۆ دێزەیری نەبوو، ئارمەند لە هەشت ساڵانەوە، واتە پاش کۆچی دوایی دایکی لە پاریس لە وێ دەژیا و ئەوی دەناسی، بەڵام ئەو ڕۆژە بە بینینی دێزەیری هەستێک وەک هەرەس هێنانی بەفر، یان ئاگر تێبەربوونی گەنمەجاڕ، یان هەر شتێکی لەو چەشنە کە خێرا و بە بێ ئاوڕدانەوە هێرش دەباتە سەر هەموو شتێک، لە ناخیدا سەری هەڵدا.

بابی ئارمەند کەسێکی ژیر بوو، ئەو هەموو شتێکی لە شوێنی واقیعی خۆی دەویست و لێرەدا بنەچەی نادیاری کچەکەی بە کێشە دەزانی، بەڵام ئارمەند سەیری چاوانی دێزەیری کـرد و گـرنگی پێ نەدا، باوکی ئـارمـەند بیـری هێنایەوە کە نازناوی کچەکە نادیارە، بەڵام نازناوی ئەو چ گـرنگیـیـەکی هەبوو لە کـاتێکدا کـە ئەم یەکێـک لە نـاودارتریـن و ڕەســــەنتـــــریـن نـاوانی لویزیـانـای پێ دەبەخشی؟! ئارمەند شتومەکی لە پاریسەوە ڕاسپارد و دانی بە خۆیەوە گرت تا بگاتە دەستی و شایی بگێڕێ.

چوار حـەفـتـەیەک دەبـوو کـە ڤـاڵـمـۆند خـان دێزەیری و کۆرپەکەی نەدیبوو، ئەو هەمیشە لە بینینی ماڵەکە واقی وڕدەما، ماڵێک کە ساڵەهای ساڵ لە نیعمـەتی ژنێک بێبـەش بوو، بەڕێز ئەوبیگنی لە فەڕەنسا هاوسەرگیـری کردبوو و هەر لەوێش ناشتبووی، هاوسەرەکەی ئەوەندەی نیشتمانی خۆی خۆش دەویست، هەرگیز ئامادە نەبوو بە جێی بهێـڵێت، سەربانی خانووەکە وەک سەرپۆشێکی ڕەش دادەبەزییە سەر ئەو داڵانە پانوبەرینانەی کە خانووە زەردڕەنگەکـەیان گـەمـارۆ دابـوو، چەندان داربەڕوو لە تەنیـشـتی خـانـووەکـە ڕووابـوون و گـەڵا ئەسـتـوور و لقـەبەرزەکـانیـان سێـبـەریان خـسـتـبـووە سـەر، یاسـاو ڕێسـاکانی ئەوبیگنی جەوان بە زەبروزەنگ بوون و ڕەش پێستـەکـانی ژێردەستی ئەو، سـەردەمی خۆشی ئەربابی ئاسانگیر و میهرەبانیان لە یاد کردبوو.

دێزەیری هێدی هێدی سەرپا دەکەوت، ئەو قەیتانێکی سپی و سادەی لە بەر بوو و لەسەر قـەنەفەکـەی ڕاکشـا بوو، منداڵەکە لەسەر سینگی دایکی خەوی لێ کەوتبوو و پەرستارە زەردپۆشەکەشیان لە تەنیشتی پەنجەرەکەوە باوەشێنی خۆی دەکرد، خـاتوو ڤـاڵـمـۆند نووشـتـایەوە، دێزەیری مـاچ کـرد و بۆ یەک چرکـە لە باوەشی گـرت، پاشان ڕووی کردە منداڵەکە و بە فەڕەنسی وتی: «ئەمەیە کـۆرپـەکـە!» لەو ڕۆژگـارەدا فـەڕەنسی زمـانـی ئاخـاوتـنی خەڵکی ڤاڵمۆند بوو.

دێزەیری پێکەنی و وتی: «دڵنیـام سـەرت سـوڕمـاوە چەندە گەورە بووە، کووشۆ دی لێ(۱)، سەیری لاقـەکانی کە...دەستـەکانی ببینە، نینۆکەکانی ڕاستـەقینەن! هەر ئەم بەیانییە زاندرین بۆی کرد، مەگەرنا زاندرین؟»

زاندرینی شەدە بەسەر شکۆمەندانە سەرێکی لەقاند و وتی: «مێ، میدام».(۲)

– «دەنگە بـەرزەکـەی کـەڕی کـردووین، چەند ڕۆژ پێش ئارمەند لە بلانچە دەنگی بیستبوو.»

بەڵام مـادام ڤـاڵـمـۆند چاوانی لە کۆرپەکە نەبڕی، ئەو منداڵەکەی لە باوەش کرد و بەرەو ڕووناکییەکەی برد تا بە وردی سـەیری کـات، پاشـان بە گـومـانەوە سـەیری زاندرینی کـرد کـە چاوانی بڕیبـووە نێـو مـەزراکـە و بە ئارامی وتی: «ڕاستە، منداڵەکە گەورە بووە، گۆڕاوە.»، ئینجـا کـۆرپـەکـەی لە تەنیـشت دایکییـەوە دانا و وتی: «ئارمەند چی دەڵێت؟»

ڕوخساری دێزەیری نقوومی شادی بوو.

– «پێم وایە ئارمەند خۆشبەختترین باوکی پەریش بێ، چونکە بە هۆی کـۆرپەکـەوە نـاوی زیندوو دەمـێنێت، هەرچەندە دەڵێت کـە کـچـێکیـشی بەو ڕادەیە خـۆش دەویست، بەڵام دڵنیـام لە بەر من ئەیڵـێـتی.» دێزەیری سـەرنجی خـاتوو ڤـاڵـمـۆندی بەرەو خـۆی ڕاکـێـشـا و بە سرتەوە وتی: «لەو کاتەوەی کە منداڵەکە لە دایک بووە، سزای هیچ کـامـەیانی نەداوە، تەنانەت هی نەگریلۆنیش کە دەیگوت قاچی سووتاوە، سەرمان سوڕما کە ئارمەند تەنیا پێکەنی و وتی: «نەگریلۆن چ حەرامزادەیەکی. دایە زۆر خۆشحاڵم، بەڵام دەترسم.»

قـسـەکـانی دێزەیری زۆر ڕاست بـوون، هاوسـەرگـیـری ئارمـەند و لەدایکبـوونی کـوڕەکـەی ئەوی زۆر گـۆڕا بوو، دێزەیری شـەیدای ئارمـەند بوو کـە ڕووی لێ گـرژ دەکـرد هەمـوو دنیای لێ دەبوو بە دۆزەخ، بەڵام خۆشی دەویست، لە کـاتێکدا کـە ئارمـەند پێـدەکـەنی ئەو هیچ شـتـێکی دیکەی لە خـودا نەدەویست، ڕوخـسـاری سـەوزە و قـۆزی ئارمـەند لـەو ڕۆژەوەی کە شـەیدای دێزەیری بوو، کـەمـتـر تووڕەبوونی بە خۆیەوە دیبوو.

پاش سێ مانگ دێزەیری هەستی کرد شتێک قەوماوە، شـتـێک کـە دەیەوێت ئارامیـیـەکـەی تێک بدات، ورتە ورتی ڕەش پێسـتـەکـان، سەردانی هەندێک دراوسێ کە ئەگەری هاتنیان نەبوو، گۆڕانی یەکجارەکی مێردەکەی کە نەیشی دەوێرا هۆکارەکەی لێ بپرسێ. کە قسەی لەگەڵ دەکرد نیگای لێ دەدزییەوە، گەشە و ئیشتیای جاران لە چاوانی تۆرابوون، ئەو بەردەوام خۆی لە ماڵ دەدزییەوە و ئەگـــەریش هەبایە بە بێ هیـچ بیـــانوویەک دێزەیری و کۆرپەکەی لە خۆ دوور دەکردەوە، هەروەها بە دڕندانەترین شێوەش هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆیلەکان دەکرد، ئەو کاتانە

دێزەیری ڕۆژڕەشترین مرۆڤی سەر زەوی بوو.

دوانیوەڕۆیەکی گەرم، دێزەیری بێ زەوق و ماندوو پەنجەکانی دەخستە نێو قژە خاوەکەی، کۆرپەکەی بە نیوە ڕووتی لەسەر قەرەوێڵە مس ڕەنگەکەی ئەو خەوی لێ کەوتبوو. قەرەوێڵەکە بە پەردە ساتەنەکەیەوە وەک تەختی پاشایەتی دەینواند، یەکێک لە کوڕەکانی لابلەنش ساواکەی باوەشێن دەکرد، دێزەیری بە خەمگینییەوە چاوانی بریبووە کۆرپەکەی و هەوڵی دەدا لەم تەمە خەستەی بگات کە ژیانی داپۆشیبوو. ئەو چاوانی لە کۆرپەکەوە بۆ منداڵەکەی تەنیشتی دەگواستەوە، ئاخێکی هەڵکێشا، خوێن لە دەمارەکانی وەستا بوو، ڕوخساری شەلالی ئارەقە بوو.

دێزەیری ویستی لەگەڵ ئەو کوڕەدا قسە بکات، بەڵام دەنگی دەرنەدەهات، پاش ماوەیەک کوڕەکە بە بیستنی ناوی خۆی سەری هەڵبڕی، خاتوونی ماڵ ئاماژەی بۆ دەرکەکە کرد، ئەویش پەڕە تاووسەکەی نایە لاوە و گوێڕایەڵانە و پێخاوس بەرەو دەرکە چوو.

پاشان دێزەیری بێ جووڵە ڕاوەستا و چاوی برییە سەر کۆرپەکەی، ڕوخساری وەک تابلۆیەکی ترسناک بوو.

لە پڕێکدا مێردەکەی هاتە نێو ژوورەکە و بە بێ ئەوەی کە ئاوڕێک لەم بداتەوە، دەستی بە گەڕان کرد لە نێو ئەو کاغەزانەی کە مێزەکەیان داپۆشیبوو.

دێزەیری بە ئاهەنگێکی دڵتەزێن کە هەر مرۆڤێکی بە هەستی بە جۆش دەهێنا، وتی: «ئارمەند!»، بەڵام ئارمەند وەڵامی نەدایەوە، دووبارەی کردەوە: «ئارمەند!»، ئینجا هەستایە سەر پێ، لێی چووە پێشەوە و قۆڵەکانی بە توندی گرت و وتی: «ئارمەند سەیری منداڵەکەمان کە، چ واتایەکی هەیە؟»

ئارمەند دڵڕەقانە، بەڵام ئارام پەنجەکانی ئەوی لە خۆ دوور خستەوە، دێزەیری ئەم جارەش نائۆمێدانە هاواری کرد: «هۆکارەکەی چییە؟»

ئارمەند بە خوێن ساردییەوە وتی: «ئەم منداڵە پێستی سپی نییە، واتە تۆ سپی پێست نیت! تێگەیشتی؟»

دێزەیری باش لە مانای ئەم تاوانبارکردنە دەگەیشت.

– «درۆیە من سپی پێستم، بڕوانە! پۆرەکانم قاوەیین، چاوانم کاڵن، دەبینی خۆ کاڵن، من سپی پێستم!» پاشان مەچەکی ئارمەندی گرت و وتی: «سەیری دەستەکانم کە ئارمەند لە هی تۆ سپیترن.»

ئارمەند دڵڕەقانە و بە بێ بەزەییانە وتی: «ئەرێ سپین بە ئەندازەی دەستەکانی لابلەنشەکان.» و ڕۆیشتە دەرەوە و دێزەیری و منداڵەکەیانی بەجێ هێشت.

دێزەیری هەر ئەوەندی کە توانایی ڕاگرتنی پێنووسێکی بە دەست هێنا، نامەیەکی پڕ لە نائۆمێدی بۆ خاتوو ڤالمۆند نووسی: «دایە! دەڵێن من سپی نیم، ئارمەند پێم دەڵێ کە پێستی من سپی نییە، بۆ خاتری خودا پێیان بڵێ کە ڕاست نییە، تۆ خۆ دەزانیت ئەمە درۆیە، خەریکە دیق دەکەم، دایە.»

وەڵامەکە کورت بوو: «ئازیز! بگەڕێوە، کۆرپەکەشت بێنە.»

کە نامەکەی گەیشتە دەست، چووە ژووری خوێندن و نامەکەی لەبەر دەستی مێردەکەی دانا، پاشان وەک پەیکەرێکی بەردین بێ دەنگ و ڕەنگ زەرد لە تەنیشتییەوە وەستا.

ئارمەند بە خوێن ساردییەوە چاوێکی بە سەر وشەکاندا خشاند، دێزەیری وتی: «بڕۆم، بڕۆم ئارمەند!»

– «بڕۆ!»

– «تۆ دەتەوێت من لێرە بڕۆم!»

– «بەڵێ، لێرە بڕۆ!»

ئارمەند هەستی دەکرد کە خوداوەند ستەمکارانە مامەڵەی لەگەڵ کردووە و دەبێ ئەمیش هەستی هاوسەرەکەی بریندار بکات، سەرەڕای ئەوەش ئیدی هیچ هەستێکی بە دێزەیری نەمابوو، دێزەیری بەبێ ئەوەی خۆی ئاگای لێ بێت، ئابڕووی ئەو و بنەماڵەکەی بردبوو.

دێزەیری وەک کەسێک کە بەر شەقەزللە کەوتبێت، لە وەڵامەکەی ئارمەند شڵەژا، بەڵام بە ئارامی بەرەو دەرکەکە هەنگاوی نا، هێشتاش هیوای هەبوو کە مێردەکەی بانگی بکاتەوە.

– بۆ دواجار وتی:«ماڵ ئاوا، ماڵ ئاوا ئارمەند.» و ڕۆیشتە دەرەوە، بەڵام ئارمەند وەک دوایەمین بێ ڕێزی بە چارەنووس، وەڵامی نەدایەوە.

لە دەرەوە زاندرین و کۆرپەکە، دالانە تاریک و خەمبارەکەیان دەبڕی، دێزەیری بێ هیچ قسەیەک کۆرپەکەی لێ وەرگرت و لە پلیکانەکان دابەزی.

دوانیوەڕۆیەکی مانگی تشرینی یەکەم بوو، خۆر لە ئاوابووندا بوو، کۆیلەکان لۆکەیان کۆدەکردەوە.

دێزەیری نە کراسە سپی و ناسکەکەی گۆڕی و نە

سەرپاییەکانی، تەنانەت سەرپۆشیشی بە سەردا نەدا، تیشکەکانی هەتاو، شەوقێکی زێڕینیان دەخستە نێو پۆرە قاوەییەکانییەوە، ئەو بۆ گەڕانەوە کێڵگەیەکی چۆڵی هەڵبژارد کە ڕیخەکانی پێیەکانیان شین کردەوە و کراسەکەشیان دڕاند.

ئەو لە نێوان قامیش و بییەکانی کەناری ڕۆخانەکەدا ون بوو و هەرگیز نەگەڕایەوە.

پاش چەند حەفتەیەک لە ناوەڕاستی حەوشەی پشتەوەی ماڵەکەدا، ئاگرێکی گەورە بەرپاکرا، ئارمەند ئەوبیگنی لە داڵانە فراوانەکەدا ڕۆنیشتبوو و فەرمانی بە سەر ئەو ڕەش پێستانەی دەدا کە ئاگرەکەیان گەش دەکردەوە.

بێشکەیەکی جوان لە جۆری بی لەسەر ئەو هێزمەی نرا کە پێشتر بە کنجەکانی کۆرپەکە شەماڵەی سەندبوو، پاشان کراسە ئاوریشم و مەخمەل و ساتەنەکانی دێزەیرەی، قەیتان و کڵاو و دەستکێشە بە گوڵ نەخشێنراوەکانی کۆرپەکە و دواتریش ئەو شتومەکەی کە کاتی هاوسەرگیری لە فەرەنسا ڕایسپاردبوو.

دوا شت دەستە نامەیەکی گچکە بوو، ئەو نامانەی کە دێزەیری لە ڕۆژانی دەستگیرانی بۆ ئەمی نووسیبوو، پاشماوەی یەکێکیان لە نێو دۆڵابەکەدا بەجێ مابوو، بەڵام ئەوەیان هی دێزەیری نەبوو، بەشێک بوو لە نامەیەکی کۆن کە دایکی ئارمەند نووسیبووی و تێیدا سوپاسی خودای کرد بوو کە هاوسەرێکی میهرەبانی پێ بەخشیوە، ئارمەند خوێندییەوە:

– «... بەڵام سەرەڕای ئەوەش، شەو و ڕۆژ سوپاسی خودا دەکەم کە ژیانمانی وەها ڕێکخستووە کە ئارمەندی ئازیز هەرگیز نازانێ دایکی ئەو سەر بە نەژادێکە کە مۆرکی کۆیلەتی لەسەر نراوە.»

**پەراوێز:**

**١– کووشۆ دی لێ: بەرخەکەی خۆمە.**

**٢– مێ، میدام: وایە مادام.**

**کەیت شۆپێن (١٩٠٤-١٨٥٠) لە سەنت لویزی ویلایەتی میزۆری ئەمریکا لە دایک بووە. باوکی ئەو خەڵکی ئێرلەندا و دایکی خەڵکی فەرەنسا بوون، شۆپێن لە ١٨٨٢ـەوە دەستی بە نووسین کرد، هەندێک بڕوایان هەیە کە فێمینیستی مۆدێرن لە نووسراوەکانی ئەوەوە دەست پێ دەکات، "بە ئاگاهاتن" (١٨٩٩) بە ناوبانگترین ڕۆمانیەتی و تێیدا وەسوەسەی شەهوانی کچێک پیشان دەدات کە خوازیاری یەکسانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییە، هەرچەندە ئەم کتێبە لە کاتی بڵاوبوونەوەیدا کەوتە بەر ڕەخنەی توندی ئەدەبییەوە، کۆرپەکەی دێزەیری (١٨٩٣) لە چیرۆکە شاکارەکانی ئەم نووسەرە دەژمێردرێت، ڕەنگدانەوەی پێشینەی زمانی دایک و باوکی شۆپێن لەم چیرۆکەدا خۆی دەنوێنێت و سەرەڕای ئەوەی کە چیرۆکەکە بە ئینگلیزی نووسراوە، هەندێ وشەی فەرەنسیشی تێدایە.**

**سەرچاوە:**

**Gelshenen, Rosemary. And Kay Judith. Discovering Fiction: a reader of American short stories. United Kingdom: Cambridge University press, 2001.**

## مستەفا ساڵح کەریم:
## داخستنـی گۆڤـاری گـەلاوێژ لە باڵی دام.. یەکـەم چێـژی ئەدەبیـشم لە ڕۆمـانی (دایک)ی مەکسیم گۆرکی وەرگرت کە بە نهێنی لە بەرپرسە حزبییەکەم وەرگرت و خوێندمەوە.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(١ - ٣)



* مستەفا ساڵح کەریم وەک چیرۆکنووس، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، پەروەردەکار لە ناوەندی ڕووناکبیری و ئەدەبیی کوردیدا ناوێکی بەرجەستە و دیارە، وەک چیرۆکنووس لەگەڵ نەوەی پەنجاکان پۆلێن کراوە، یەکەم چیرۆکی خۆی بە زمانی عەرەبی بەناوی (صراع - ململانێ) نووسیوە و لە گۆڤاری (معلم الغد- مامۆستای دوارۆژ) بڵاوی کردووەتەوە، دواتر بە هاندانی شاعیری بەناوبانگ (ئەبووبەکر هەوری) ڕووی کردووەتە کوردی نووسین و یەکەم چیرۆکی بە زمانی کوردی بەناوی (فرمێسکی پەشیمانی) لە گۆڤاری هیوادا بڵاوبووەتەوە. لە پێشبڕکێی چیرۆکی کوردیشدا کە لە گۆڤاری (شەفەق) ساڵی ١٩٥٧ ساز کرا، چیرۆکەکەی بە دووەم دەرچووە.

* مستەفا ساڵح کەریم سەرەڕای نووسینەکانی بە زمانی کوردی، بە زمانی عەرەبیش زۆری نووسیوە و وەرگێڕاوە، هەر بە زمانی عەرەبیش خەریکی کاری ڕۆژنامەوانی بووە، سەرەتا لە خانەی مامۆستایان ساڵی ١٩٥٥ لە بەغدا بووەتە سکرتێری گۆڤاری (معلم الغد)، پاشان لە نووسینگەی ڕۆژنامەی (التآخي)، ئینجا لە ڕۆژنامەی (الإتحاد) کاری کردووە، بە زمانی کوردیش سەرەتا لە ڕۆژنامەی (ژین) و ساڵانی دواتر لە (کوردستانی نوێ)، هەروەها لە گۆڤارەکانی (دەنگی مامۆستا) و (سەیوان) و (ڕابەر) و (کاروان) کاری کردووە، لە کاری ڕۆژنامەگەریشدا بە زمانی کوردی و عەرەبی گۆشەی بەناوی جۆراوجۆر نووسیوە.

* لە بواری خوێندن و پەروەردەدا نزیکەی (٣١) ساڵ چ وەک مامۆستا، چ وەک بەڕێوەبەر، یان سەرپەشتیار تا ڕۆژی خانەنشین بوونی زۆرەملێ، کاری کردووە و خەریکی پێگەیاندنی قوتابیان بووە، لە وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکانیشدا بەشدار بووە، لە پاڵ ئەو کارانەیدا لە چالاکی هونەریی قوتابخانەکاندا، بە

تایبەتی لە بواری شانۆ و سروود و گۆرانی دریغی نەکردووە.

* لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوودا بووەتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی ئێراق، لە ساڵانی حەفتاشەوە لە یەکێتیی نووسەرانی کورد ئەندام بووە، لەو یەکێتییەدا چ وەک سکرتێر، یان سەرۆکی لقی سلێمانی ئامادەبوونی خۆی هەبووە، ئەو چالاکییانەشی لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ و بڵاوکردووەتەوە.

* ئەم نووسەرە لە بواری وەرگێڕانیشدا هەوڵ و تەقەللای زۆری هەیە، سەرەتا بە وەرگێڕانی چیرۆکێکی تۆلستۆی دەستی پێکردووە و ئەو وەرگێڕانەی لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوکردووەتەوە، دوای ئەوە زۆر چیرۆک و نووسینی دیکەی بەدوادا هاتووە لەوانە (هونەری کورتە چیرۆکنووسین) و (پەتا سپیکە)، ئەوە سەرەڕای کاری ئێزگەیی و تەلەڤزیۆنی کە چەندان بەرنامەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لەو دوو دەزگایەدا پێشکەش کردووە.

مستەفا ساڵح کەریم کە ئێستا تەمەنی سەرووی هەشتا ساڵە، کەسێکی زۆر چوستوچالاکە، بەو تەمەنەوە هێشتا بەقەدەر لاوێک کار دەکات، سەفەر دەکات و هاوسەنگیی پێوەندیی کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ڕاگرتووە، هەر بەو تەمەنەوە یادەوەرییەکی تیژی هەیە، زۆربەی ڕووداوە سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی لەبیر ماوە، وردەکاری زۆر لە ڕووداوەکانی کوردستان و ئێراقی لە یادە و هێشتا لەلای کاڵ نەبوونەتەوە.

دەمێک بوو لە گۆڤاری ڕاماندا دەمانویست هەڤپەیڤینێکی بەرفراوانی لەگەڵ ساز بکەین، ڕێک نەدەکەوت، تا لەو ماوەیەی دواییدا ئەو دەرفەتە دروست بوو، با پێکەوە بزانین چی لە هەگبەکەیدا هەیە.

**ڕامان:** با سەرەتا لە ژیانی کۆمەڵایەتیتانەوە دەست پێ بکەین و بچینە بنجوبناوانی خێزانەکەتانەوە؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** ڕاستییەکەی من لە ژیانی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسیمدا هەڤپەیڤینم زۆر لەگەڵدا کراوە، بەڵام وەڵامی ئەم پرسیارەی تۆ ڕەنگە یەکەم جار بێ بەم شێوەیە بەڕوونی بگێڕمەوە. باپیرەم حاجی دەروێش کەریم وێڵەدەرییە و لە عەشرەتی (مەنمی)یە، نەنکیشم حەبیبە مستەفا لە عەشرەتی (پەرخی)یە، باپیرەم دوو کوڕی هەبووە محەمەد و ساڵح، یەکەمیانی تەرخان کردبوو بۆ سەرپەرشتی ئەو باخ و موڵک و



**لە میوانداری د. مارف خەزنەدار.. لە ڕاستەوە: کەژاڵ ئەحمەد، د.مارف خەزنەدار، حەمەسەعید حەمەکەریم جاف، ع.ع. شەونم، مستەفا ساڵح کەریم، د. ئیحسان فوئاد.**

ڕەزانەی لە وێڵەدەر و لە دوکانیان هەیبووە، دووەمیشیان کە باوکمە دەنێرێتە سلێمانی بۆ خوێندن، دەیەوێ ببێتە مەلا، بەبۆچوونی باپیرەم پێی باش بووە ببێ بەخوێندەوارێکی وەها کە لە ناوچەی تانجەرۆ و شارباژێڕدا شانازیی پێوە بکات. باوکم لە هەرەتی مێردمنداڵییەوە لە سلێمانی دەست بەخوێندن دەکات، بەرەبەرە قورئان و کتێبە ئایینییەکان لە حوجرە و مزگەوتەکانی سلێمانیدا دەخوێنێ و بەپێی پێشکەوتنی لە پلەی فەقێیایەتیدا خوێندەوارییەکەی نەشونما دەکات، وەک دەیگێڕایەوە لە لای چەندان مامۆستا خوێندوویەتی، ماوەیەکیش لە سلێمانی فەقێی مامۆستا مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلێژە بووە، واتە باوکی د.عیزەددین و فاورقی مەلا مستەفا.

**ڕامان:** ئایا باوکت وەک باپیرەت دەیویست پلەکانی مەلایەتی بڕی و مۆڵەتەکەی بەدەست هێنا؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** نەخێر، وەک خۆی دەیگێڕایەوە دوای ئەوەی خوێندەوارییەکی باش پەیدا دەکات و قورئان بەتەجویدەوە دەخوێنێتەوەو زۆر لە کتێبەکانی شەریعەت تەواو دەکات، باوکم قەناعەت بە باپیرەم دەکات کە نایەوێ ببێتە مەلای مزگەوت، لەبەرئەوە پێش وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتی، یان بڵێین پێش ئەوەی قۆناغە کۆتاییەکان کە ئەرک و ماندووبوونی زۆریان گەرەکە تەواو بکات، ماڵئاوایی لە حوجرە دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ وێڵەدەر، ئیتر لەوە بەدواوە خەڵک بە فەقێ ساڵح بانگی ناکەن وەک لەوەوپێش پێیان دەوت، بەڵکو مەلا دەکەنە نازناوی و لەوکاتەوە بە مەلا ساڵح ناسرا، کە

دواتر حەجی کرد، ئیتر بوو بە حاجی مەلا ساڵح.

**رامان:** بێ گومان دەبێ قۆناغی نوێ لە ژیانیدا دەست پێ بکات، واتە پێکەوەنانی خێزان، نەختێ ئەمەمان بۆ ڕوون بکەرەوە؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** بەڵێ وا بووە، لەگەڵ خێزانێکی بە بنەچە وێڵەدەری و دانیشتووی ئەوسای قرگە، لەسەر ژن بەژن پێکدێن، ئامینەی دەرویش کەریم کە خوشکی باوکمە بدرێ بە کەریمی مام ئەورەحمان، ڕەعنای مام ئەورەحمانیش بدرێ بە مەلا ساڵحی دەرویش کەریم.

**رامان:** ئەو ڕێوڕەسمە چۆن بووە و بە چ شێوەیەک کراوە؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** وەک چەند جارێک باوکم، بەتایبەتی دایکم کە دەیانگێڕایەوە دەیانوت: سوارەی وێڵەدەریی بە سواری ئەسپ و ماینەکانیان و بەچەکی سەرشانیانەوە و بەغاری ناوبەناو و تەقەی خۆشییەوە تا نیوەی ڕێگای نێوان هەردوو گوند بووکی وێڵەدەریان هێنا، لە نیوەی ڕێگا بەهەمان شێوە سوارەی قرگەییش بووکی خۆیان گەیاندە ئەوێ، لەو شوێنەدا بووکەکان ئاڵوگۆڕ کران، بووکە قرگەییەکە بەرەو وێڵەدەر برا، کە لەچاو قرگەدا کوێستان بوو، بووکە وێڵەدەرییەکەش بۆ قرگەی نیمچە گەرمیان برا. ئەم خزمایەتییە بوو بە دوو سەرە، واتە من لە قرگە کە لەوەودوا دەچوومە سەردانیان، دەچوومە ماڵی خاڵ و پوورم، پیاوەکە خاڵە کەریم برای دایکمە و خاڵمە، ژنەکەشی پوورە ئامینە کە خاڵۆژنمە لە هەمان کاتدا پووریشمە، چونکە خوشکی باوکمە.

**رامان:** چۆن بوو باوکت لەسەر ژیانی لادێ ڕاهات! بەتایبەتی ئەو ساڵانێکی درێژی لە شاردا بەسەر بردبوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** ڕانەهات! بەتایبەتی دوای ئەوەی وێڵەدەریش لەلایەن حکومەتەوە سووتێنراو خەڵکەکەی ئاوارە بوون، ماڵی ئەمانیش چووە دێی ئاڵەسیاو، باوکم زۆر لەوێ نەمایەوە، هاتە شار و دوکانێکی بچکۆلەی بۆ بژێوی خۆی و خێزانی، بەیارمەتی خزمانی ناو شارمان دانا، بەتایبەت کە منیش لە دایک بووم و ئەرکم بەسەریانەوە زیاتر بوو.

**رامان:** حەز دەکەین ئەو کەشوهەوایەی منداڵیی خۆت تێدا گوزەراندووە، ئەو بارودۆخەمان بۆ بنەخشێنیت، ئایا ئەو بارودۆخە خێزانییەت هیچ کاریگەریی بەسەرتەوە هەبووە تا ڕوو بکەیتە دنیای خوێندنەوە و نووسین؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** لە دەوری منداڵیمدا وەک منداڵانی تر بۆم نەلوابوو، چوونە دەرەوە و یاری کردنم لە تەک هاورێکانمدا بووبێ، چونکە لەبیرمە هێشتا پێنج ساڵان بووم باوکم لە ماڵەوە "جزمی عەممە"ی پێ دەوتم، پەنجەم هێشتا قەڵەمی نەدەگرت، لەسەر نووسین ڕای دەهێنام، بەرەبەرە تا (١٥)جزمی قورئانم تەواو کرد، ئیتر (١٥)جزمەکەی ترم بە ڕەوانی دەزانی، ناو بەناویش چی کتێبی کوردیی دەست بکەوتایە بۆی دەهێنام تا بیانخوێنمەوە، دەشێ لە ناوەڕۆکیشیان نەگەیشتبم، بەڵام هەر چۆنێ بێ بە هۆیانەوە فێری خوێندنەوە دەبووم، ئینجا بۆ ئەوەی لە زمانی عەرەبیشدا شارەزا بم، کتێبێک هەبوو بەناوی (ئەحمەدی)ی شێخ مارفی نۆدێیی کە بۆ کاکەحمەدی شێخی دانابوو، بریتی بوو لە فەرهەنگێکی عەرەبی کوردی بەشیعر، باوکم هەمووی پێ لەبەرکردم و تا ئێستاش زۆریم لەبیر ماوە. هەر لەو سەردەمەدا کتێبێکی بۆ هێنام بە دەرس پێیی وتم، ناوونیشانەکەی عەقیدەی کوردی بوو، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس دایانابوو، ئینجا ویستی فێری زمانی فارسیم بکات، ڕۆژانە گوڵستانی سەعدی بە دەرس پێ دەوتم، بەڵام لەبەرئەوەی شێوەی وتنەوەکەی تەقلیدی بوو، منیش لە تەمەنێکی وادا نەبووم تا زمانێکی تر بە مانا و بەخوێندنەوەوە فێر ببم، لەبەرئەوە لەوەودوا فارسییەکەم لە بیرچووەوە، تا ئێستاش ئەوە بەنەنگی دەزانم کە فارسیی نازانم، هەلێکی گونجاویشم بۆ نەڕەخسا کە فێری ئەو زمانە زیندووە ببم.

**ڕۆمان و چیرۆکی زۆرم دەخوێندەوە، ئەدەبی ڕووسی، پاشان ئەدەبی ئینگلیزی و فەرەنسیم دەخوێندەوە، کە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاودەکرانەوە.**

**رامان:** کەواتە ئێستا با لە خوێندنی سەرەتاییەوە دەست پێ بکەین.

**مستەفا ساڵح کەریم:** دوای ئەوەی لای باوکم قورئانم خوێندو فێری خوێندنەوە بووم، ئینجا بردمی بۆ قوتابخانە، ئەو کاتە تەمەنم هەشت ساڵان بوو، بەپێی ئەو تاقیکردنەوەیەی کرام، لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی وەرگیرام، ئیتر قۆناغێکی نوێ لە ژیانمدا دەستی پێ کرد، وەک چوونە قوتابخانە و دەرس لەبەرکردن و خوێندنەوە و

نووسین و تێکەڵاوبوون بە قوتابیان و دەرەوە بینین، دەبێ ئەوەش بڵێم کە زۆر زیرەک بووم، مامۆستاکانم زۆر هانیان دەدام و هەمیشە نمرەکانم باڵا بوون و هەموو سەری ساڵێکیش هەر یەکەم بووم، پێشت سەیر نەبێ بڵێم ئێستاش زۆر شتی وام لەبەرە کە ئەو کاتە خوێندوومەو لەبیرم ماوە.

**ڕامان:** دەکرێ ئاماژە بەو ڕووداوە گرنگانە بدەی کە لە یەکەم ساڵی خوێندنتدا ڕوویان داوە؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** لە یەکەم ساڵی خوێندنمدا دوو شتی گرنگ ڕووی دا:

**یەکەم:** ئەمەیان تایبەتەو پێوەندیی بە خێزانی خۆمانەوە هەیە، ئەویش ئەوەبوو پێش ئەوەی ساڵ کۆتایی بێت مامم کە لەوێڵەدەر دادەنیشت و دەستی ڕاستی باپیرەم بوو، لە سەرپەرشتی کردنی ڕەز و باخ و فەلاحەتدا، بە نەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کردو شەش کوڕی لەپاش بەجێ ما، باوکم سۆزی برایەتی وای لێکرد کە بڕیار بدا شار بەجێ بهێڵێ و بچێتەوە بۆ وێڵەدەر و سەرپەرشتی ئەو موڵک و ڕەز و باخانە بکات و ئاگاشی لە برازاکانی بێ، دیارە لەو حاڵەتەدا منیش لە خوێندن بێ بەش دەبووم، چونکە وێڵەدەر قوتابخانەی تێدا نەبوو، بەڵام باپیرەم ئەوەندەی دڵ بەخوێندن و خوێندەواری خۆش بووە، پێی وتووە: «ماڵ لە خۆت تێک مەدە، تۆ بە کەڵکی لادێ نایەیت، کاتی خۆی کە تۆم ناردە شار بۆ خوێندن، بۆ ئەوەم ناردی ببیت بەخوێندەوار، بە دوورکەوتنەوەشت لە کێڵانی زەوی و باخ ئاودان و نەمام ناشتن و دەسکەنەو دروێنە دەست و پێ سپی بووی، بە کەڵکی ڕەز و باخ و خەلەوخەرمان نایەیت، سەریش لە خۆت و خێزانت تێک مەدەو مستەفام بۆ بکە بەئەفەنی، واتە "ئەفەندی"»، دیارە باوکیشم لە قسەی باپیرەم دەرنەچووە، من و دایکم و وردیلەکانیش پێمان خۆش بووە.

**دووەم:** پێش ئەوەی تاقیکردنەوەی سەری ساڵ دەست پێ بکات، قوتابخانەکان داخران و پێیان وتین بڕۆنەوە ماڵی خۆتان و لە پاییزدا بۆ تاقیکردنەوەی سەری ساڵ وەرنەوە، ئەوسا نەمدەزانی مەسەلە چییە، بەڵام لەوەودوا زانیم کە ڕەشید عالی گەیلانی و ئەفسەرە قەومییەکان سەلاحەددین سەباغ و هاوڕێکانی کودەتایان کردووەو عەبدولئیلاهی خاڵی مەلیک فەیسەڵ کە (وەصی) بوو، ڕایکردووە و بەغدای بەجێ هێشتووە و حکومەتێکی



**کۆڕێکی ئەدەبی، لە ڕاستەوە: ئازاد عەبدولواحید، ڕەئووف عوسمان، مستەفا ساڵح کەریم، سلێمانی، ١٩٨١، سیمیناری نالی.**

نوێ دامەزراوە، ئەو ڕووداوە لە مایسی ١٩٤١ ڕووی دا.

**ڕامان:** دوای ئەوەی لە شار مایتەوە، لە قۆناغی سەرەتاییدا چۆن قوتابییەک بووی؟ وانەکانتان بە کوردی، یان بەعەرەبی بوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** وەک باسم کرد قوتابییەکی زیرەک بووم، لە پۆلی سێ و چوار و پێنج و شەش هەموو ساڵێک یەکەم بووم، بەڵام زۆر شەرمن بووم، بەشداریی فوتبۆڵێنم نەدەکرد، بەتایبەتی زۆر وردیش بووم، بەلاتەوە سەیر نەبێ کە بڵێم نەمدەتوانی شەق لە تۆپەکە هەڵبدەم. لە سەرەتاییدا خوێندنمان بە کوردی بوو، حەزم لە هەموو وانەکان بوو، شتێک هەیە پێویستە بزانرێ ئەویش ئەوەیە کە زۆرینەی وانەکانمان مامۆستاکانمان پێیان دەنووسینەوە، چونکە جگە لە کتێبی خوێندنەوە، ئەوانی تر نەکرابوون بەکوردی.

**ڕامان:** دوای قۆناغی خوێندنی سەرەتایی ڕووتان کردە کام قوتابخانەی ناوەندیی بۆ خوێندن؟ بۆچی ئەو ناوەندییەت هەڵبژارد؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** لە پۆلی شەشدا تاقیکردنەوەی گشتیی هەبوو پێی دەوترا بەکەلۆری، لەبەرئەوەی بەپلەی زۆرباش و بە نمرەی زۆر باڵا دەرچووم، بێ ئەوەی داوا بکەم، یان ئاگام لێ بێ، لەلایەن مەعاریفی سلێمانییەوە بۆ خوێندنگەیەکی تایبەت لە بەغدا پاڵێورابووم، کە ناوی (کۆلێژی مەلیک فەیسەڵ) بوو، کە تازە کرابووەوە، بەڕێوەبەر و زۆرینەی مامۆستاکانی ئینگلیز بوون، خوێندن تێیدا بە عەرەبی و ئینگلیزی بوو، لەبەرئەوەی منداڵ بووم، کەسوکارم زۆریان پێ ناخۆش بوو کە دەچم بۆ غەریبی و کەس نییە ئاگای لێم بێ، بۆیە بڕیاریان دا نەچم بۆ بەغدا! نەنکم(دایکی باوکم) بردمی بۆ ماڵی

مامۆستا مستەفا مەزهەر کە بەڕێوەبەری مەعاریفی سلێمانی بوو، دیارە ئاشنایەتییان لەگەڵ یەکتردا هەبوو، بەئایشە خانی خێزانی وت کارێکی وا بکات مستەفا فەندی ناوم بکوژێنێتەوەو لێرە لە (سانەوی) دەوام بکەم. دیارە شتەکە لای ئێمە قورس بوو، لای ئەو ئاسان بوو، کاتێ چوومە لای بەڕێوەبەری مەعاریف هەر ئەوەندەی وت "کوڕم دەست بەخێری خۆتەوە دەنێیت، تۆ زیرەکی، لەوێ بەنمرەی باش دەربچیت دەتنێرن بۆ لەندەن، بەڵام مادام دڵت پێوەی نییە، بچۆ بۆ لای وەدیع ئەفەندی و ئەم نووسراوەی بدەرێ، ئیتر لێرە دەوام بکە". وەدیعەفەنی بەڕێوەبەری سانەوی سلێمانی بوو، ئەوراقم بردو نامەکەم دایە دەست، بێ سێ و دوو لێکردن لەوێ وەرگیرام و دەوامم کرد، ئەو سانەوییە تاقانە بوو، هەم ناوەندی و هەم ئامادەیی بوو، هەر ئەوەش لە سلێمانیدا هەبوو.

**ڕامان:** باسی ئەو کۆلێژەت کرد کە لەو زەمانەدا کرابووەوەو خوێندن تێیدا بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بووە، دیارە هەلێکی باشت بۆ ڕەخساوەو لە کیست چووە، ئەمەیان چۆن بوو؟.

**مستەفا ساڵح کەریم:** ئەوی ڕاستی بێ مرۆڤ هەندێ جار لە ژیانیدا هەلی باشی بۆ ڕێ دەکەوێ و لە دەستی دەدا، یان لە دەستی دەردەچێ، بەڵام ڕێککەوت وابوو ئەو پۆلە قوتابییە کوردەی بەپێی نمرەکانیان هەڵبژێرابوون و چووبوونە کۆلێژی فەیسەڵ، هەندێکیان تووشی شکست بوون، شەماڵ سائیب کەوتە بەر هەڵمەتی پەلاماردانی قەومەچییەکانی ئەوسای ئەعزەمیە کە سەر بە حزبی (ئیستقلال) بوون، لەوەودواش زۆریان بوون بە بەعسی، بەدڵی خۆیان لێیان دابوو، تا سەریشیان شکاندبوو، هوشیاری عەلی عیرفان لەڕووباری دیجلە مەلەی کردبوو خنکا، بابا عەلی شێخ سمایلی بەرزنجەیی فەسڵ کراو هاتەوە سلێمانی، ئیتر بەو شێوەیە خوێندکارە کوردەکان پەرتەوازە بوون، بەڵام کۆلێژەکە تا ساڵی ١٩٤٨ دەوامی کردو لەوەودوا، لە ڕۆژگاری ڕاپەڕینی ١٩٤٨ داخرا.

**ڕامان:** لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا هاوڕێکانت کێ بوون ؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** ساڵ بەساڵ هاوڕێکان زیادیان دەکرد، بەڵام هەندێکیان هەمیشە لە پێشەوە بوون، هەر لەپۆلی یەکەمەوە ئەمانە هاوڕێ نزیکەکانم بوون، (محەمەد کەریم فەتحوڵڵا، عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، دارا تۆفیق، بابە عەلی شێخ سمایلی بەرزنجی، جەمال شاڵی، کەریمی سۆفی، عوسمان محەمەد سلێمان، حەمەی حاجی مەلا فەرەج، عومەری مەحموود میرزا، حەمەی شەوکەت بەگی بابان، قادری حەمە بەگ، ئەحمەد حامید قادر، حسێن بەکر میسری، جەلالی مەلا مەحموودی مەلا عەلی، عومەری عەلی ئەفەنی، ڕەئووف عەلی ڕەسووڵ، جەلالەددین حەویزی، قادری حاجی تایەری کۆیی)، ئەمانە لەو قۆناغەدا هەندێکیان هاوپۆلم بوون و هەندێکیشیان هاوڕێم بوون، هەرچەند کەسێکیان و لەپۆلێکدا لێک نزیک بووین. لە پۆلە ژوورووەکان برادەری لە خۆم گەورەتریشم هەبوو، وەک مەحموودی تۆفیقە فەندی، عەزیز ئاغای خەزنەدار، خەسرەوی تۆفیق ئەفەندی ئاغا فەتحوڵڵا، حەسەنی تۆفیق ئەفەندی ئاغای گەورە، جەمالی حاجی شەفیق، کەمالی حاجی شەفیق، کەمالی نووری بەگی ساحێبقران، جەمالی قادر بەگی بابان، مستەفا ئەمین.

**تەحقیقاتی جینائی بەهۆی سلووکی سیاسیمەوە نەیهێشت و ڕێگای سەفەری نەدامێ و ئاواتی تەواوکردنی خوێندنی باڵام زیندە بەچاڵ کرا.**

**ڕامان:** لەم قۆناغەی خوێندندا پتر حەزت لەچ وانەیەک بوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** لە قوتابخانەی سەرەتاییدا، چونکە خوێندن بەکوردی بوو، وەک پێشتر باسم کرد حەزم لە هەموو وانەکان بوو، بەڵام لە قۆناغی ناوەندیدا کە هەموو وانەکانمان بەعەرەبی دەخوێند، زۆرتر حەزم لە مێژوو، ئینگلیزی، عەرەبی دەکرد.

**ڕامان:** لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا چ ڕووداوێک هەیە کاریگەریی لەسەر ژیانت بەجێ هێشتبێ و بەشتێکی جیاوازی دابنێیت؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** لە پۆلی دووی ناوەندیی بووم، هەردوو برا کەمالی حاجی شەفیق و جەمالی حاجی شەفیق کە دوو کادیری زۆر چالاکی پارتی بوون لە قوتابخانە زۆر هەوڵیان لەگەڵ دەدام ببمە پارتی، کە باسی کوردایەتی و کوردستان و حەز و ئاواتی کوردیان دەکرد، ئەو وشانە زۆر کاریان تێدەکردم، ئێوارانیش لە گەڕەکی خۆمان مەحموودی تۆفیقە فەندی عەزیز ئاغا کە بە مەحموود خەزنەدار ناسراوەو ئێستا لە ئەمەریکایەو بەردەوام پێوەندیی تەلەفۆنمان لە نێواندایە، ئەویش لەلای

خۆیەوە هەوڵی دەدا بۆ حزبی تەحەڕوڕ ڕام بکێشێ، ئەم حزبە ڕووی دەرەوەی حزبی شیوعی ئێراقی بوو، بەڵام من لەو تەمەنەدا ئەوەم نەدەزانی، ئەو سەردەمە لە سلێمانی ئەو دوو حزبە لەئارادا بوون.

**ڕامان:** بێینە سەر پێوەندی تۆ بە مەحموود تۆفیق خەزنەدار، ئایا توانی بۆ کاری حزبایەتی ئیقناعت بکات ؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** بەڵێ، ئەو توانی، بەتایبەت کە بۆی ڕوون دەکردمەوەو دەیوت حزبەکەی ئێمە لە وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی ئاسیا و ئەوروپاشدا هاوشێوەی هەیەو بە گەرمی پشتیوانیمان لێ دەکەن، جگە لەوەی کە یەکێتیی سۆڤیەت قەڵای بەرزی ئیشتراکیەت پشتیوانمانە، هەروەها چین، یۆگوسلافیا، چیکۆسلوفاکیا، بولگاریا، هەنگاریا، پۆڵۆنیا، ئەلبانیا، ئیتر بەو شێوەیە قەناعەتی پێکردم و بووم بەلایەنگری حزبی (تەحەڕوڕ).

**ڕامان:** پێم باشە کەمێک لەسەر حزبی تەحەڕوڕ بدوێی!.

**مستەفا ساڵح کەریم:** لەساڵی ١٩٤٦ جۆرە ئازادییەک لە ئێراقدا هاتە ئاراوە، حزبی شیوعی ئێراقی ئەوەی بە هەل زانی بۆ ئەوەی بەناوی حزبی "تەحەڕوڕی وەتەنی – ئازادیی نیشتمانی" یەوە مۆڵەت وەربگرێ، بۆیە ژمارەیەک لە سەرکردەکانی حزبی شیوعی و کادیرە پێشکەوتووەکانی وەک حسێن محەمەد شەبیبی و محەمەد حسێن ئەبوئەلعیس و سالم عوبێد نوعمان و محەمەد عەلی زەرقا کە ئەمەیان خەڵکی سوریا بوو، لەگەڵ چەند کەسێکی تردا داخوازییەکیان بە وەزارەتی ناوخۆ دا بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ڕەسمی، دیارە وەزارەتی ناوخۆ دەرکی بەوە کردبوو کە ئەمانە شیوعین، لەبەرئەوە مۆڵەتیان نەدانێ، بەڵام حزبی شیوعی لەژێر ئەو ناوەوە بەنهێنی کەوتە چالاکیی نواندن. زۆر کەس هەبوون، بەتایبەت کەسانی وەک ئێمە لەوانەی کە لە (تەحەڕوڕ) کاریان دەکرد، تا نەدەبوونە ئەندام نەیاندەزانی کە لە حزبی شیوعیدا ئیش دەکەن.

**ڕامان:** لە قسەکانتدا وا دەردەکەوێ کە لە قوتابخانەکەتاندا جموجوڵی سیاسیی بەردەوام بووە، ئەم جموجووڵە چۆن بوو ؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** من لە تەمەنێکی وادا نەبووم لە سیاسەت بگەم، بەڵام بەر لەوەی ببمە لایەنگری حزبی



**سلێمانی، مامۆستایانی قوتابخانەی شێخ مەحمود، ١٩٦٩**

تەحەڕوڕ کە هێشتا لە پۆلی یەکەم بووم، جارێک لە قوتابخانەکەماندا شتێ ڕووی دا بۆ من سەرنجڕاکێش بوو، قوتابییە گەنجەکانی پۆلی پێنج لە هۆڵی قوتابخانەکەماندا ئاهەنگی نەورۆزیان گێڕا، باسووق دابەش کراو چەپکەگوڵی نێرگس پێشکەش بە میوانان کراو شەربەتی مێوژ خورایەوە، لە شاعیرە ناسراوەکان پیرەمێرد و بێکەس و ئەبووبەکر هەوری شیعر و وتاریان خوێندەوە، قوتابیان بەحەماسەوە وتاریان پێشکەش دەکرد، لە پۆلەکەی ئێمەشدا "پۆلی یەک" عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ خرایە سەر مێزێک و تەرجیع بەندێکی حەمدی خوێندەوە. دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکە پێیان وتین بچینەماڵەوەو هەریەکەمان شاپڵێتەیەک بهێنین، دوای ئەوەی ئەوانەمان ئامادەکرد، بە شاپڵێتە داگیرساوەکانەوە بەناو شاردا گەڕاین و دەمانوت "بژی کورد و کوردستان"، "بژی شۆڕشی بارزان". نایشارمەوە من دوای حەماسەت کەوتبووم، ئەگینا نەمدەزانی مەسەلە چییە ؟ بەڵام ئەوەم هەرگیز لەبیرناچێتەوە کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان مامۆستا وەدیع فەتحوڵڵا میرزا پیاوێکی عەرەبی مەسیحی دڵسۆز بوو، بۆ ئەوەی تووشی گیروگرفت نەبین تا دەرنگانێ، شەقامەو شەقام لەگەڵماندا بوو، تا هەمووان گەڕاینەوە قوتابخانەو لەوێ بڵاوەمان لێ کرد. ئەو پیاوە گەورەیەم دوای (١٤) ساڵ بۆ جارێکی تر لە باخچەکانی یەکێتیی ئەدیبانی ئێراق لە بەغدا لە پرسەی مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)دا بینییەوە، وەک یەکێک لە خێزانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی پێشوازی لە میوانان دەکردو شان بەشانی جەواهیری و ئەدیبە ناسراوەکان لە کۆڕی پرسەکەدا دانیشتبوو.

**ڕامان:** لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا چ ڕووداوێکی تری گرنگ هەیە کە کاریگەریی لەسەر ژیانت هەبووبێ و

خۆت بە شتێکی جیاوازی دابنێیت؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** لە پۆلی دوو دەرچووبووم و لە پشـــووی هاوینەدا بووین، دەمـــەدەمی ئێـــوارەیەکی دوارۆژەکانی بەهار شەقام خرۆشا، رووناکبیرانی شار بە خـۆپیـــشـــاندان لە بەردەرکی ســەراوە رۆیشتن بۆ مـاڵی موتەسەریف (پارێزگار) لە شوێنی سەرۆکایەتی زانکۆی ئێستادا، هەواڵ گەیشتبوو کە ئەو چوار ئەفسەرە کوردەی سـوپای ئێـراقـیـان بەجێ هێشـتـبـوو و چووبوونە ریزی شۆڕشی کوردستانەوەو لەژێر فەرمانده‌یی پێشەوا (قازی محەمەد)دا لە کۆماری کوردستان ئەفسەری پلەدار بوون، دوای شکسـتـی شـۆڕش و هەرەسـهـێنانی ئاواتی کـورد و گـرتنی پێشـەوا و رێڕەوە گـرنگەکـەی بارزانیـیـان بەرەو سۆڤیەت بەسەرکردایەتی سەرکردەی مەزن مەلا مستەفای بارزانی و مـتـمـانەکـردنی ئەفـسـەرەکـانمان بە بەڵێنی حکومـەتی ئێـراق، پاشـان گـرتنیـان، ئێـسـتـا هەواڵ گەیشتووە کە سبەینێ لە سێدارە دەدرێن، لەبەرئەوە ئەو رووناکبیرە خوێن گەرمانە داوایان دەکرد ئەو پلانە سەر نەگرێ و لێبوردن بۆ ئەفسەرەکـان دەربچێ، بەڵام رۆژی دوایی ١٩٤٧/٦/١٩ کـــار لەکـــار ترازاو ئەو چوار ئەفسـەرە شۆڕشگێـڕە لە سێدارە دران، تەرمی عـزەت عەبدولعەزیز برا بۆ ئامێدی و خەیروڵڵا عەبدولکەریم بۆ هەولێـر و مـسـتـەفـا خـۆشناو و مـحـەمـەد قـودسی بۆ سلێـمـانی، ئەو چوار قـارەمـانە شـەهیـد کـران و چوونە لاپەڕە زێڕینەکـانی مـێـژووەوە. لەرێی (جـەمـالی حـاجی شـەفـیـق)ـەوە کـە وەک لەوەوبەر باسم کـرد یەکـتـرمـان دەناسی و هەوڵی لەگـەڵدا دابووم ببــمــە پارتی، من و محەمەد کەریم فەتحوڵڵا و عیزەددین مستەفا رەسووڵ و جەمال شاڵی کە هەرسێکیان ئەو سەردەمە پارتی بوون، ئاگاداری کردین بچینە مزگەوتی گەورە، لە هەمان کاتدا (مەحموود تۆفیق)یش بۆ هەمان مەسەلە ئاگاداری کردم، لە مزگەوت پۆلە قوتابییـەکی ترمان بینی دارا تۆفیق و عوسمان محەمەد سلێمان و عومەر مەحموود میرزا و مەحموودی حەمەی لەیلێ، ئەوانیش هەڵبـژێررا بوون بۆ لەبەر کردن و وتنەوەی ئەو سروودەی فایەق بێکەس کە بە تایبەتی بۆ ئەو ماتەمەی دانابوو، (رەفیق چالاک)یش ئاوازی بۆ دانابوو، بۆ راهێنانیـشـمـان هەردوو مـامـۆسـتـا رەفیق چالاک و شێخ مستەفا بەرزنجی کە هەردووکیـان مـامـۆسـتـا و هونەرمـەندیش بوون، سـەرپەرشـتـیـیـان دەکردین، ئیتر لە مزگەوتی گەورەوە تا سەیوان ئێمە بە دوای تەرمەکانەوە بە سروود، شیعرەکەی (بێکەس)مان دەوت کە بەو شێوەیە دەستی پێ دەکرد:

**ئەم رۆ رۆژی ماتەمە**
**عالەم دڵی پڕ لە خەمە**
**رووی ئاسمان هەور و تەمە**
**بۆ جوانەمەرگانی وەتەن**

ئەو رۆژە بۆ من رۆژێکی مـێـژوویی بوو، لە نزیکەوە گوێم لە وتاری شێخ لەتیفی حەفید و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو، (رەفـیق چالاک)یش بە نوێنەرایەتی حزبی تەحەڕوڕ وتارێکی خوێندەوە، عـاتیفە زۆر بەسەرمدا زاڵ بووبوو، لەگـەڵ وتنەوەی سـروودەکـەو گـەرووی پڕ لە گـریاندا، دەنگم نووسـا بـوو، تا هەفـتـەیەک چاک نەبوومـەوە. ئەو رۆژە تێگەیشـتم کـە رژێـمـێک هەیە دوشمنە، دەست لە میللەت ناپارێزێ، گرتن و کوشتن و لە سـێـدارەدان هەیە، بۆیە هەردوو حـزبەکـە لە دژی ئەو دەسەڵاتە خەبات دەکەن و هەوڵی رووخاندنی ئەم رژێمە دەدەن، نابێ ئەوەش لەیاد بکـەم تا ئەو رۆژە لە ژیانمدا قەرەباڵغی وا زۆرم نەبینیبوو، کە لە مزگەوتی گەورەوە بۆ بەرێ کردنیـان بەرەو سەیوان دوای تەرمەکان کەوتبوون، کـەسێ نەبوو سڵ لەوە بکات کـە ئەم خـۆپیـشـانـدانە گـەورەیە بەدڵی مـیـری نییـە و لەوانەیە تووشی سـزای قورس ببێ. ئەم رووداوەم بە وردەکارییەوە لە رۆژنامەی کـوردسـتـانی نوێ)دا بڵاوکـردۆتەوە، بۆیە لێـرەدا نامـەوێ لەوە زیاتر لەسەری بدوێم.

**رامـان:** ئەی رەنگدانەوەی ئەو رووداوە لەلای تۆ چۆن بوو و چ کاریگەرییەکی بەسەرتەوە بەجێ هێشت؟

**مـسـتـەفـا سـاڵح کـەریم:** ئەو هێـزە جەمـاوەرییـە، بەو رێکخـسـتنەو بەو یەکـریزییـە لە پەڕەی دڵمـیـان دا، لە هەمان کاتیشدا رق و کینەم بەرانبەر بە حکومەت زیادی کرد. لێرەدا شتێکی سەیر هەیە دەمەوێ بیگێڕمەوە، من وەک باسم کـرد مـەحـمـوود خـەزنەدار تا رادەیەکی باش قەناعەتی پێ پەیدا کردبووم کە لەگەڵ حزبی (تەحەڕوڕ)، واتە شـیـوعـیـیـەکـان دابم، کـەچی لە سـێـدارەدانی ئەفسـەرەکان وای لێ کردم زۆر نەتەوەییانە هەڵسوکەوت بکەم، ئەو هاوینە بۆ سەردانی ماڵە ئاغایەکی ناسیاومان چووم بۆ گـوندی سێناجیـان لە ناحیـەی بنگرد، هەرچی بەیاننامـــەیەکی "پارتی" لەبارەی لە ســێــدارەدانی ئەفـســەرەکـان و وەسـیـەتنامـەکـانیـان و ژیانیـانەوە نووسرابوون، هەموویانم لەگەڵ خۆم بردبوو، هەر میوانێک

دەهات مستەفا ئاغای سێناجیان کە من میوانیان بووم داوای لێ دەکردم بەیاننامەکانیان بۆ بخوێنمەوە، دوو شتم ڕەچاو نەدەکرد، یەکەم، ئەم بەیاننامانە بەنهێنی دەرچوون و بڵاوکردنەوەیان قەدەغەیە و لەوانەیە پیاوانی حکومەت پێم بگرن و زیندانیی بکرێم. دووەم، خۆ من پارتی نیم وا کەوتوومەتە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتەکانیان، لای من ئەوە گرنگ بوو کارێک دەکەم دژی ئەو ڕژێمەیە کە ئەو چوار ئەفسەرەی لە سێدارە داوە.

**ڕامان:** دوای پشووی هاوینە لە کام ڕێبازیانەوە درێژەت بە خەبات دا، یان لە هەردووکیان کشایتەوە؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** دەوروبەری کۆتایی هاتنی پشووی هاوینە، کاتێک بە ئۆتۆمبێلێکی لۆری پڕ نەفەر دەگەڕامەوە بۆ سلێمانی، لەڕێگای نێوان دوکان و سلێمانی گەنجێک سەرکەوت سەیرم کرد مەحموود تۆفیق خەزنەدار بوو، وەک دواتر زانیم بۆ ژمارەدانان لەسەر دەرگای ماڵانی ناوچەی سورداش نێررا بوو، بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ سەرژمێری گشتیی ساڵی (١٩٤٧)، دوای چاک و چۆنی وتی: بەهۆی ئەم سەرقاڵییەمەوە لێتان دوور بووم، وا گەڕامەوە و دەبێ گەرموگوڕییەک بدەینە دیدار و هەڵسوکەوتمان. وتم باشە، هەرواش بوو، ئیتر لە ماڵی خۆیان بە ڕەسمیی کۆبوونەوەی لەگەڵ دەکردین، لەو شانەیەدا (ئەحمەد حامید قادر)یشی تێدابوو، کاتێ قوتابخانە کرایەوە، حزبی (تەحەڕوڕ) زۆر بە ڕێکوپێکی قوتابیانی خستبووە شانەکانەوە، بەشێوازی "هەرەمی" هیچ شانەیەک ئاگای لە شانەکەی تر نەبوو، دوای ماوەیەک ئێمە لای مەحموود خەزنەدار گوێزرایینەوە بۆ شانەیەکی تر، ئەو شانەیەی بۆی گوێزرامەوە ئەم برادەرانەی تێدا بوو: دارا تۆفیق، عوسمان محەمەد سلێمان، عومەر مەحموود میرزا، هەر چوارمان لە پۆلی سێی ناوەندی بووین، ڕێکخەرەکەشمان حەسەن تۆفیق بوو، ئەو لە پۆلی پێنجەم بوو، ئەوسا لە ئامادەیی پۆلی شەشەم نەبوو، ئیتر بەرە بەرە چالاکیمان زیادی کردو لە کتێبخانەی (بیری نوێ) کە شیوعییەکان کردبوویانەوە، کتێبیان بۆ خوێندنەوە و خۆڕۆشنبیرکردن دەداینێ، یەکەم خۆپیشاندانمان بۆ مەسەلەی فەلەستین بوو، لەوەودوا دەرکەوت کە ئێمە، واتە (حزبی شیوعی) هەڵەبووین، نەدەبوو دژی دابەشکردنی فەلەستین بین و لەم هەڵوێستەدا پارتی ڕاستتر بوو، پاشان لەسەر پێشنیاری شیوعییە ئێراقییەکان، ئەوانەی لە فەڕەنسا بوون کە (عەبدولقادر ئیسماعیل)یشیان تێدابوو، بەیاننامەیەکی تر دەرچوو ئەو هەڵوێستەی ڕاست کردەوە.

**ڕامان:** بەلای تۆوە هۆکاری ئەو هەڵوێستەی حزبی شیوعی بەرانبەر بە فەلەستین بۆ وابوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** پێم وابێ لە ترسی دەمی عەرەبەکان بوو، بەتایبەتی ژمارەیەکی بەرچاویش لە جوولەکەکان لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی ئێراقیدا کاریان دەکرد، بۆیە شیوعییەکان دژی قەوارەی ئیسرائیل بوون، نەوەک بەوە تاوانبار بکرێن کە پاڵپشتی جوولەکەن.

**ڕامان:** چ ڕووداوێکی تری سەرنجڕاکێش لە ساڵی نوێی خوێندنتدا ڕووی دا کە بەلای تۆوە گرنگ بووبێ؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** ڕۆژێکیان مامۆستای زمانی عەرەبی یەکێ لە قوتابییەکان کە ناوی ئەحمەد شێخ عابیدی هەورامانی بوو، لە پۆلەکە کردە دەرەوە، لەسەر شتێکی ئەوتۆش نەبوو کە پێویست بەوە بکات، هەر لەبەر ئەوەی نموونەیەکی سەیری لە ڕستەیەکدا هێنایەوە، قوتابییەکان پێکەنین، بۆ ڕۆژی دوایی لە هەمان وانەدا مامۆستاکە نەیهێشت قوتابییەکە بێتە پۆلەوە، دووبارە کردییە دەرەوە، ئێمەش ژمارەیەک لەوانەی سەر بە حزبی تەحەڕوڕ بووین چووینە دەرەوە و پۆلمان بەجێ هێشت، یەکێ لە قوتابییە جەربەزەکانمان حسێنی مام بەکری میسری چووە سەر هەموو پۆلەکانی ترو داوای لێ کردن بێنە دەرەوەو مان بگرن، ئیتر بەوە قوتابخانە شڵەژا و خوێندن تێک چوو، تا بەڕێوەبەر هاتە ناومانەوە و پێی ڕاگەیاندین کە قوتابییەکە بۆی هەیە دەوام بکات و بچێتەوە پۆل، هەروەها وتی: ئێوەش بچنەوە پۆلەکانتان و مەسەلەکە گەورە مەکەن، ئێمە بەلای خۆمانەوە یەکەم سەرکەوتنمان بەدەست هێنا، بەڵام دوای هەفتەیەک لە لەوحەی ئیعلاناتدا ناوی چەند قوتابییەک هەڵواسرابوو، کە هەریەکەیان دە نمرەی سلوکیان لێ شکێنراوە، لەبەر ئەوەی سەرپێچییان کردووە و چوونەتە سەر پۆلەکانی تر، یەکێ لەو قوتابیانە من بووم، ئەوە یەکەم سزای سیاسی بوو وەرم گرت، بەڵام لای خۆمەوە بە مەدالیام دەزانی و نایشارمەوە هەندێ غروریشی دامێ.

**ڕامان:** دوای ئەو سزادانە، چالاکیی سیاسیت چۆن بوو، بەرەو کزی نەچوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** چووینە ساڵی چل و هەشتەوە، لە مانگی کانوونی دووەمدا سەرەک وەزیرانی ئێراق کە

ئەو کاتە ساڵح جەبر بوو، چوو بۆ لەندەن بۆ وتوویژ لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی ساڵی (١٩٣٠) نێوان ئێراق و ئینگلیز لە بەندەری پۆرتسماوث، ئەنجامی ئەو وتوویژە گەیشتە مۆرکردنی پەیمانێک کە بە (پەیمانی پۆرتسماوث) ناوی دەرکرد. هەر کە ئەو هەواڵە گەیشت، گەلی ئێراق لە بەغدا و نەجەف و کەربەلا و حیللە و کوت و عەمارە و ناسریە و بەسرە و کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و کۆیە و گەلێک شاری تری ئێراق خۆپیشاندان دەستی پێ کرد، میللەت داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمانەی دەکرد، هەرچەندە حکومەت لە بەغدا و لە شارەکانی تردا زەبروزەنگی نواندو بە توندی لە خۆپیشاندەرانی دەدا، بەڵام بێ سوود بوو، خۆپیشاندان هەر بەردەوام بوو، ئێمەی قوتابی سانەوی سلێمانی لە هەموو خۆپیشاندانەکاندا بەشدار بووین، چەندان جار پۆلیس بەزەبری دۆنکی و چەک و لێدان بڵاوەیان پێ دەکردین، بەڵام ئێمە کۆڵمان نەدا، تا رۆژی ١/٢٧ کە بوو بەراپەرینێکی خوێناوی لە شاری بەغدا، لەسەر ئەو پردەی لەوەودوا ناو نرا پردی شەهیدان، هێزەکانی بەغدا بەرەشاش کەوتنە درۆینەی گیانی خۆپیشاندەران، ئەو رۆژە لە بەغدا ژمارەیەکی زۆر شەهید بوون، زۆربەیان خوێندکار بوون، لەوانە جەعفەر جەواهیری، برای جەواهیری گەورە، قەیس ئەلیالووسی، شەمران عەلوان، فەیسەڵ عەبدوڵلا، ئیبراهیم ئەعزەمی، عەباس حەمودی، نوعمان حەمید، حەسەن فازیل و زۆری تر، لە ناویاندا گەنجێکی کوردی خەڵکی سلێمانیشیان تێدابوو، "قالە چاوشین" کە ئەویش ئەو رۆژە شەهید بوو، لە بەرەنگاربوونەوەکانی ئەو رۆژەدا خوێندکارێکی کورد کە لە کۆلێژی حقوق بوو، ئەندامێکی چالاکی پارتی بوو، ناوبانگی ئازایەتی دەرکردو دەیانوت سڵی لە دەبابە نەکردۆتەوە، ناوی عومەر مستەفا بوو، لەوەبەدوا بە عومەر دەبابە ناسرا. ئەو راپەرینە گەورەیەی کانوون بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی پۆرتسماوث و رووخانی حکومەتی ساڵح جەبر و سەرکەوتنی ئیرادەی میللەت، کەسایەتییەکی شیعەی بەناوبانگ کە ناوی محەمەد ئەلسەدر بوو، کرا بەسەرەک وەزیران، دەبێ ئەوەش بڵێم لە یەکەم رۆژی خۆپیشاندانی بەغداوە، لە سلێمانیش بەسەرپەرشتی هەردوو حزبەکە (پارتی و تەحەڕور) خۆپیشاندان بەردەوام بوو، تا ئەو ئەنجامەی وەک باسم کرد بەخوێن پەیمانەکە سڕرایەوە.

**رامان:** دوای ئەو سەرکەوتنەی راپەڕین، ئێوەی قوتابیان دەورتان چی بوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** ئێمەی قوتابیانی دواناوەندیی سلێمانی کە ئەو ساڵە گواستبوومانەوە بۆ بینا تازەکەی، کە تا ئێستاش ئامادەیی سلێمانییە، تا کاتی سەرکەوتن لە خۆپیشاندانە جەماوەرییەکاندا بەشدار بووین، دەبوایە چالاکیی سیاسیش بنوێنین و لە خوێندن و کۆششیش بەردەوام بین و دوانەکەوین، چونکە لە پۆلی سێ و پێنجدا تاقیکرنەوەی بەکەلۆری هەبوو.

**رامان:** باسێکی دەوری کابینەکەی سەماحەتی سەدرمان بۆ بکە؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** دوای رووخانی ساڵح جەبر، سەماحەتی سەیید محەمەد سەدر، کرایە سەرەک وەزیران کە کەسایەتییەکی ئایینی شیعە مەزەب بوو، ئیتر جادە بۆ خۆپیشاندان واڵا بوو، رۆژنامەکان ئازادانە بابەتیان دەنووسی، لە بەهاری خەباتدا بووین، ئەو سەردەمە حزبی شیوعی دوو ئۆرگانی نهێنی هەبوو، یەکێکیان بە عەرەبی ناوی (القاعدة) بوو، ئەوی تریان بە کوردیی ناوی (ئازادی) بوو، ویستی سوود لەو ئازادییە وەربگرێ کە لە ئارادا بوو، رۆژنامەیەکی بە زمانی عەرەبی لە بەغدا بە ئاشکرا و بە رەسمیی دەرکرد بەناوی (الأساس) کە هەر مانای (القاعدة) دەگەیەنێ و سەرنووسەرەکەی پارێزەرێکی شیوعی بوو ناوی (شەریف ئەلشێخ) بوو، ئێمەی قوتابیانیش لەلای خۆمانەوە کەوتینە زیادەرۆیی، بڕیارمان دا تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ نەدەین، بەبیانووی ئەوەی بەهۆی خۆپیشاندانی بەردەوامانەوە نەمانتوانیوە وەک پێویست خۆمان بۆ تاقیکردنەوە ئامادە بکەین، ئەوی راستی بێ قوتابییە تەمەڵەکان دەوریان لەم مەسەلەیەدا هەبوو، هەردوو حزبیش (پارتی) و (تەحەڕور) لەسەر ئەوە کۆک بوون و بەو شێوەیە نەچووینە تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵەوە.

**رامان:** ئایا وەزارەتی مەعاریفی ئەوسا بەوە قایل بوو ئێوە بەدەر لە هەموو ئێراق لە تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ ببەخشرێن؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** دوای تەواوبوونی پشووی نیوەی ساڵ وەفدێک لە بەغداوە بەسەرۆکایەتی مامۆستای بیرکاریی بەناوبانگ محەمەد عەلی مستەفا هات، کە بەرەچەڵەک کوردەو خەڵکی قەرەداخ بوو، ئەو سەردەمە لە

وەزارەتی مەعاریف پشکنەر بوو، کە هات داوای لیژنەی قوتابیانی کرد تا بزانن داخوازییەکانیان چییەو بۆچی مانیان گرتووەو نەچوونەتە تاقیکردنەوەوە. لەم وتووێژەدا شتێکی سیاسی سەیر ڕووی دا کە من زۆر جار وەک نوکتە دەیگێڕمەوە: مامۆستا محەمەد عەلی مستەفا ڕووی کردە نوێنەرانی قوتابیان وتی: چیتان دەوێ؟ وتیان: کۆمەڵێک داواکاریی نیشتمانیمان هەیە، لەوانە هەروەک چۆن پەیمانی پۆرتسماوث هەڵوەشایەوە، ئاواش دەبێ پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ نێوان ئێراق و ئینگلیزیش هەڵبوەشێتەوەو تازە نەکرێتەوە. وتی: زۆر بەجێیە، کارێکی وا دەکرێ دوای هەڵبژاردن لە پەرلەماندا هەوڵ بدرێ کە ئەو پەیمانە هەڵبوەشێنرێتەوەو جارێکی تر نوێ نەکرێتەوە.

**وتیان:** هەڵبژاردنێکی ئازاد بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی نوێ و هیچ لایەنێک بۆی نەبێ دەست بخاتە هەڵبژاردنەوە، با دوور بێ لە ساختەکاری و دەست تێوەردان.

**وتی:** ئەوە ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران سەرقاڵی دانانی ڕێوشوێنی یاسایین بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران کە دەبێ بە ئازادی بەئەنجام بگەیەنرێ و بەم زووانە هەڵمەتی بانگەشە دەست پێ دەکات.

**وتیان:** بەربوونی گیراوە سیاسییەکان و تێکڕای (بارزانی)ـە گیراو و دوورخراوەکان.

**وتی:** داخوازییەکی زۆر ڕەوایە، من بە پشتگیرییەوە دەیگەیەنمە گەورە کاربەدەستان.

**وتیان:** هەڵوەشاندنەوەی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ.

**وتی:** ئەمەیان نابێ، ئەوە لە سیستمی پەروەردە و فێرکردندا وا پەیڕەو کراوە کە قوتابیان لە هەموو ئێراقدا دەبێ لە مانگی شوبات بچنە تاقیکردنەوەوە، چونکە سێ یەکی کۆششی ساڵ لەسەر ئەوە بەندە، لەبەرئەوە بیر لەوە مەکەنەوە، ئەمە بەهیچ جۆرێک کاری کردن نییە، خۆتان لەناو خۆتاندا ئێستا لەسەر ڕۆژێک ڕێ بکەون کە سەرەتای دەست پێکردنی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵتان بێ، با نمرەکانتان لەکیس نەچێ، من بۆ ئێوەمە، لە خوێندن دوامەکەون. هەرواش بوو، چۆنی وت وا کراو هەمووان چوونە تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵەوە.

**ڕامان:** دوای تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵتان، کارتان چۆن بەڕێوە دەچوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** وەک وتم ئازادیی دوای ڕاپەڕین سەرانسەری بوو، لێپرسینەوە نەبوو، ئێمە ئەو ساڵە، لە چەندان بۆنەدا بەسەرکردایەتی هەردوو حزبەکە خۆپیشاندانی ئاشتییانەمان دەکرد، هەروەها یەکێتیی قوتابیانی ئێراقمان هەڵبژارد، بەڵام پارتی لە سلێمانی تێیدا بەشدار نەبوو، وەفدێکمان بەشداری یەکەم کۆنگرەی قوتابیانی ئێراقی کرد، کە لە ١٤ی نیسان لە گۆڕەپانی (سباع) لە بەغدا کراو تێیدا جەواهیری شیعری خوێندەوە. لەو کۆنگرەیەدا نوێنەری ئێمە لە ئامادەیی سلێمانی ئەکرەم عیزەت نەجیب بوو، لە ناوەندی ئێوارانیش ڕەئووفی حاجی قادر، لە دواناوەندی ئێوارانیش حەمە ساڵحی حەمە سەعیدی خەیات، بۆ سەرکردایەتی ئەو یەکێتییە ئێراقییە ئەم قوتابیانە هەڵبژێرران کە لەوەودوا هەریەکەیان لە بواری خۆیدا ناوێکی پرشنگدار بوو: قوتەیبە شێخ نووری، خەلوق ئەمین زەکی، جەعفەر لەبیان وەجدی، شەوکەت سرری و چەند خوێندکارێکی تر.

**ڕامان:** هیچ جۆرە چالاکییەکی سیاسیی ترتان هەبوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** ئەو ساڵە گەورەترین ئاهەنگی نەورۆز لە سلێمانی گێڕرا، ئاهەنگێک لە تووی مەلیک پارتی سەرپەرشتی دەکرد، تێیدا بۆ یەکەم جار حەمە ساڵح دیلان بەدەنگی خۆی شیعرە بەسۆزەکەی پیرەمێردی وت: "ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە"، کە هەر بۆ نەورۆزی ئەو ساڵە پیرەمێرد لە ڕێی (حەمە ساڵح دیلان)ـەوە لەسەر خواستی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد دایانبوو. ئێمەش لە گۆڕەپانی قوتابخانەی غازی کە زوو دواناوەندیی سلێمانی تێدابوو، دواتر بوو بە قوتابخانەی مەڵکەندی و شێخ مەحموود. لە کۆبوونەوەکەی ئێمەدا وەفدی کوت بە سەرۆکایەتی جەعفەر شبوط هاتبوون، وەفدی خانەی مامۆستایانی مەحاویل بەسەرۆکایەتی عەلی مەکتوف، برایانی پارتیش ئێوارە کۆڕێکیان بۆ وەفدی میوان لە قوتابخانەی گوێژە ڕێک خست کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد تێیدا بەشدار بوو، لەوێ بە زمانی عەرەبی وتارێکی گرنگی پێشکەش کرد، لە شیوعییەکانیش ئەکرەم عەبدولقادر یامولکی کە عەرەبی زانیێکی زۆر باش بوو، بە خوێندنەوەی وتارێک بەشداریی کۆڕەکەی کرد، ئەویش وتاری خوێندەوە.

**ڕامان:** ئەم بەهارەتان تاکەی بەم جۆرە بەردەوام بوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** وەزارەتی سەدر پێی دەوترا "تەسکینی"، واتە "هێور کەرەوە"، بەڵام دەسەڵاتدارانی

ڕژێمی ئەوسا، بەتایبەت نووری سەعید بۆ هەلێک دەگەڕان کە دەستکەوتەکان وەربگرنەوە، ئەو هەلەشیان بۆ ڕێککەوت کە لە ١٩٤٨/٥/١٥ بەبیانووی ناردنی سوپا بۆ شەڕی ئیسرائیل، حکومەت حوکمی عورفیی دانا، عورفییش، واتە پێشێل کردنی یاسای مەدەنی و ڕەشبگیری، وەزارەتی سەدریش هەڵوەشێنرایەوەو وەزارەتێکی تر بەدڵی خۆیان دانرا.

**ڕامان:** لەژێر سایەی ئەم حوکمە عورفییەدا چی کرا؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** ئاگری سووری عورفی و شاڵاوی ئیرهاب بەربوونە گیانی میللەت، ئەوەندە بە پەلە بوون بۆ بەکارهێنانی کارتی عورفی دژ بە میللەت، هیچ چاوەڕوانیان نەکرد مەرەکەبی بڕیارەکەی عورفی وشک ببێتەوە، لە سلێمانی لە چیرۆکێکی مامۆستا ئیراهیم ئەحمەدەوە، مامۆستا ئەحمەد غەفوور شانۆییەکی بەناوی (تێکۆشانی ڕەنجبەران) ئامادەکردبوو، دوو هەفتە بوو پیشان دەدرا، هەموو شەوێ لە شەوانی پێشووتر بینەری زیاتر دەبوو، لە ناکاو ئێوارەی ٥/١٦ مەفرەزەی پۆلیس خۆیان کرد بە هۆڵی شانۆکەداو دیکۆرەکانیان تێک داو بینەرانیان کردە دەرەوەو ئەکتەرەکانیش هەریەکەیان بەلایەکدا ڕاونران، لەو شانۆنامەیەدا هەریەک لە شەهید دارا تۆفیق و حەسەن تۆفیق و عوسمان محەمەد سلێمان و ڕەشید خەفاف و فوئادی حەمەمین ئاغا و عەبدوڵڵای زەریفی و عومەر میرزا و مستەفای سەعید بانەبی تێیدا بەشدار بوون، ئیتر ئەوە سەرەتای ئیرهابی ڕەش و حوکمی عورفی و گرتن و ڕاونان بوو، ئێمە لە سایەی ئەو ڕەشبگیرییەدا بەترس و لەرزەوە چووینە تاقیکردنەوەی بەکەلۆرییەوە.

**ڕامان:** لەناو هۆڵی تاقیکردنەوە چی ڕووی دا؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** لە هۆڵی تاقیکردنەوەدا بووین کە فەرمانی فەسڵی سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی یەکێتیی قوتابیان هات و لە هۆڵەکاندا کردیاننە دەرەوە، بەڵام بەم حاڵەشەوە بە فەرمانی حزبی شیوعی سێیەم ڕۆژی تاقیکردنەوەمان بوو، کە دوای چوونە دەرەوەمان لە هۆڵەکە چووینە مەیدانی ماست فرۆشەکان و خۆپیشاندانمان دژی حوکمی عورفی دەست پێ کرد، تا پۆلیس بە تێلا و بە دۆنکی و بە قۆناغە تفەنگ بڵاوەیان پێ کردین و ژمارەیەکیشمان لێ گیرا. لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا تاقیکردنەوەمان دا، برادەرانی پۆلی پێنج حاڵیان زۆر خراپ بوو، زۆر لەوانەیان کە وەک سەرکردە ناسرابوون شەوان لەماڵی خۆیان نەدەنووستن، بەیانیانیش لەپەناپاسار و پەنا دیوارەوە دەهاتن بۆ قوتابخانە، تا لە تاقیکردنەوە دەبوونەوە، ئینجا دەڕۆیشتنەوە بۆ ئەو شوێنەی خۆیان تێدا حەشاردابوو.

**ڕامان:** ئەو بارودۆخە پڕ مەترسی و دڵەڕاوکێیەی ئێوە تاکەی خایاند؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** ئەوی ڕاستی بێ تا دەهات بارودۆخ خراپتر دەبوو، گرتن و ڕاونان بەردەوام بوو، ناو بەناویش خۆپیشاندانی برووسکە ئاسایی هەبوو، کە پشووی هاوینە تەواو بوو، برادەرانی پۆلی پێنج ئەوانەی دەرچووبوون، چوون بۆ بەغدا بۆ خوێندن لە کۆلێژەکان، لەبەرئەوە پێکهاتەی شانەکانیشمان گۆڕان. لە سەرەتای کردنەوەی قوتابخانەدا سێ قوتابی حیلمی عەلی شەریف و محەمەد کەریم فەتحوڵڵا و عوسمان محەمەد سلێمان بەڕەسمیی گوێزرانەوە بۆ بەعقوبە، حیلمی و محەمەد پارتی بوون و عوسمانیش شیوعی بوو، لە شانەکەی ئێمەدا بوو، ئەمە یەکەم جار بوو ببیستین قوتابی بە زۆر لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بگوێزرێتەوە، بەڵام باش بوو بۆ بەختی ئەوان مامۆستا ڕەفیق حیلمی ئەو ڕۆژگارە بەڕێوەبەری مەعاریفی (بەعقوبە) بوو، فریایان کەوتبوو، زۆریش یارمەتی دابوون و لە بەشی ناوخۆ وەرگیرا بوون، جگە لەوەی کە وەک لەوەوبەر باسم کرد هەموو لیژنەی قوتابیانیش تێکڕا فەسڵ کرابوون. ساڵی پێشوو لە سلێمانی دارولموعەلمینی ریفی کرابووەوە، قوتابیان کە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی دەردەچوون لەو خانەیە وەردەگیران تا ببنە مامۆستای لادێ، حکومەت وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لە سلێمانی ئەو خانەیەی گواستەوە بۆ دهۆک، ئەوەیان تێسرەواندنێکی بەهێز بوو، مێژوو جارێکی تر بەنسبەت سلێمانییەوە دووبارە بووەوە، دوای سی و سێ ساڵ بۆ تۆڵەسەندنەوە لەم شارە خەباتگێڕە زانکۆی سلێمانی گوێزرایەوە، دەسەڵات بەنیاز بوو بیبات بۆ تکریت، بەڵام پاشان ڕای خۆی گۆڕی و برایە هەولێر.

**ڕامان:** لەو بارودۆخەدا تۆ هەڵوێستت چۆن بوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** من ئەو کاتە لە پۆلی سێ دەرچووبووم و لە خەباتی نهێنیدا بەردەوام بووم، زۆریش چالاک بووم، لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی - بەشی زانستی دەوامم کرد، بەیانییەکیان هەر کە گەیشتمە قوتابخانە لێپرسراوی نوێمان لە حزب من و (دارا تۆفیق)ی بانگ کرد، ڕوونووسی بەیاننامەیەکی داینێ،

وتی بچنە ماڵەوە کاربۆن بخەنە ژێری و بەپەلە چەند نوسخەیەکی لێ بنووسنەوە و بیهێننەوە، ئێمەش چووین بۆ ماڵی دارا تۆفیق (کە لە ساڵی ١٩٨٠ بەدەستی بەعس شەهید کرا)، ئەو سەردەمە ماڵیان لە بەرخانەقا بوو، بەیاننامەکەمان بەدەست کۆپی کرد، کە بریتی بوو لە داخوازی بۆ بەربوونی قوتابییە گیراوەکان و هەڵوەشاندنەوەی فەسڵکراوەکانیان و گێڕانەوەیان بۆ خوێندن، بەپەلە تەواومان کردو هاتینەوە، دوای ئەوەی بەیاننامەکان درانە دەست لێپرسراوانی حزبیمان و ئیمزای قوتابیان کۆکرایەوە، وەک پێمان سپێررابوو کە زەنگی قوتابخانە لێدرا، نابێ بچینە پۆلەوەو دەبێ مان بگرین، هەرواش بوو، چووینە حەوشەی قوتابخانەو گوێمان لە نووری وەشتی گرت کە وەک پێی سپێررابوو بەیاننامە دەستنووسەکەی ئێمەی دەخوێندەوە، ئەو کاتە بە نووری وەشتی نەناسرابوو، بەڵکو پێیان دەگوت نوورییە ڕەش، لە پۆلی دوو بوو، هەرچەندە بەباڵا و بە قیافەت و تەمەن لە ئێمە گەورەتر بوو، بەڵام لە خوێندندا لە دوای ئێمەوە بوو، لە کۆتاییشدا بڕیاری مانگرتن دراو چووینە دەرەوەی قوتابخانە. ئێستا دەبێ ئەو ڕاستییە بڵێم کە ڕێژەی بەشداربووی مانگرتن لەچاو پاردا زۆر هاتبووە خوارێ، تەنانەت زۆر لە هاوڕێکانم بەشدارییان نەکردو هەندێکیشیان لەگەڵ مندا زۆر خەریک بوون کە دەوام بکەم و نەچمە ڕیزی مانگرانەوە، بەڵام بە قسەم نەکردن و لەسەر مانگرتن سوور بووم، هەر لە پۆلەکەی خۆمدا ژمارەیەکی کەم بووین کە چووینە دەرەوە. ڕۆژی دووەم دەوامان کردەوە، وەک هیچمان نەکردبێ، لەولاشەوە ئیدارە لەژێر گوشاری "تەحقیقاتی جنائی - ئەمنی لەوەودوا" بەنهێنی کاری خۆیان کردبوو.

**ڕامان:** کارە نهێنییەکەی بە تۆیان سپارد چی بوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** دوای دوو هەفتە ڕۆژێک لە لەوحەی ئیعلاناتدا ئاگادارییەک هەڵواسرابوو دەڵێ "بۆ نەهێشتنی گێرەشێوێنی لە قوتابخانەداو بۆ بەردەوام بوونی قوتابیان لەسەر خوێندن و پاککردنەوەی قوتابخانەکەمان لەو عەناسرانەی دەبنە هۆی ئاژاوەنانەوە، بڕیار درا ئەوانە بەسزای خۆیان بگەن."، هەروەها ئاگادارییەکە دەڵێ: "لەبەر ئەوەی قوتابییانی پۆلی سێ و پۆلی پێنج بەکەلۆرییان هەیە، بۆ ئەوەی ساڵیان لە کیس نەچێ، وەک بەزەیی هاتنەوەیەک پێیاندا سزای ئەوانمان سووک کرد. ئەم بڕیارەش ڕەزامەندیی وەزیری مەعاریفی لەسەرە" بەپێی ئەو بڕیارە لە پۆلی یەک بەکر قادر، لە پۆلی دوو فوئادی مەجید بەگ و حەسەنی شێخ سەعید، لە پۆلی چوار بابا عەلی بەرزنجی و هادی محەممەد ساڵح و مستەفا ساڵح کەریم بۆ ماوەی ساڵێک فەسڵ کران، ئەوانەش کە لە پۆلی سێ و پێنج بەر سزا کەوتبوون هەر یەکەیان بە دوو هەفتە دوورخستنەوە لە قوتابخانە بڕیاریان بۆ دەرچووبوو، یەکێ لەوانەی پۆلی سێ فەرەیدوون عەلی ئەمین بوو، کە لەوەودوا بوو بەهاوڕێی زۆر نزیکم، (نوورییە ڕەش)یش لەبەرئەوەی وتارەکەی خوێندەوە، بڕیاری دەرکردنی یەکجاریی بۆ دەرچوو، چونکە تەمەنیشی لە هەژدە ساڵ تێپەڕیبوو، دوای دەرکردنی بە ماوەیەک کرا بە سەرباز و نێررا بۆ کەرکووک، پێش ڕەوانەکردنیشی لەگەڵ من و (شێخ بابا ڕەسووڵی قادر کەرەمی)دا لە ڕێکخستنی کانێسکان لە حزبدا پێکەوە کارمان دەکرد، ئیتر بەو پێیە لە قوتابخانە دەریان کردین و ڕەوانەی تەجنیدیان کردین، بەڵام جگە لە نووری وەشتی کەسی ترمان نەگەیشتبووینە هەژدە ساڵ تا بکرێین بەسەرباز، لە ڕووی ڕێکخستنی حزبیشەوە وەک وتم دەرکراوەکان هاتینە ڕێکخستنی ئەهلییەوەو لەڕێکخستنی قوتابخانەدا نەماین.

**ڕامان:** دوای دوور خستنەوەت لە قوتابخانە، لەسەر کاری سیاسیی خۆت بەردەوام بوویت، یان دەستت لێ بەردا؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** بەڵێ بەردەوام بووم، ئەوەبوو گوێزرامەوە بۆ ڕێکخستنی ئەهلی، شەوکەت غەفوور بابان ڕێکخەرم بوو، پاشان ئەویش گیرا، دوایی بۆم دەرکەوت حزبەکەم وەک هەنگی لە کلۆرەداردا دۆزیبێتەوە بەشێوەیەکی زۆر سەیر ئیستغلالیان کردبووم، لەلایەک لە شانە مەرکەزییەکەی خۆمدا بووم، لەم لاشەوە دوو شانەی کاسبکارانم پێ سپێررابوو لە کانێسکان بەڕێوەیان ببەم، شانەیەکی کچانیشم لابوو. بەوەشەوە نەوەستان، مانگی جارێک پۆستەی حزبیان پێدا دەناردم بۆ کەرکووک، ئەو سەردەمە کاک (دارا تۆفیق)یش باوکی گواستبوویەوە بۆ سانەوی کەرکووک، لە ماڵی سەعید چەلەبی بوو، چونکە ئەویش لەوانە بوو فەسڵ بکرێ، بەو مەرجە فەسڵ نەکرابوو کە لە سلێمانی نەمێنێتەوە، ئەوی ڕاستی بێ لە کەرکووکیش هەر لەڕێکخستندا بوو، ئەو پۆستەی من دەمبرد بۆ کەرکووک، دەمدا بە دارا تۆفیق، ئەو دەیگەیاندە بەرەو ژووری خۆی و وەڵامەکەی بۆ

دەهێنامەوە، تا جارێکیان ئامێرێکی چاپیان دامێ خرابووە ناو فەردە خەڵوزەوە، گەیاندمە کەرکووک، دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەو سەفەرانەی کەرکووکم موغامەرە بوون، هەموو جارێک وام چاوەڕوان دەکرد کە بەسەلامەتی ناگەڕێمەوە، ماوەیەک نامەکانم دەبردە خانەقا و دەمدایە سەمەد خانەقا، ماوەیەکیش دەمبردە چێشتخانەی (شمس) لەوێ بە کوڕێکی قاپ شۆرم دەوت کە ناوی سمایل بوو، مەهدی حەمید ئاگادار بکات هاتووم، نامەکەم دەدایێ، ئەو تێکۆشەرە ئەفسەر بوو، دەرکرابوو، لەوەودوا لە **١٩٦٣** بەعس لە سێدارەی دا، لە دەورێکی تردا دەمدایە ساڵح ڕەشید گوروون کە خەڵکی سلێمانی بوو، ئەو ڕۆژگارە لە کەرکووک فەرمانبەر بوو، پاشان نۆرەی شەهید دارا تۆفیق هات کە پۆستەکەی حزبی لێ وەردەگرتم، لەبیرت نەچێ کە ئەم چالاکیانەم لە ڕۆژگارێکی زۆر سەختدا بەجێ دەهێنا.

**ڕامان:** ئەو دابڕانەت لە قوتابخانە، هیچ کارێکی نێگەتیڤی لەسەرت هەبوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** نایشارمەوە، سەرەتا لام ئاسایی بوو، بەتایبەتی خەریک بوونم بە ئیشی حزبی و سەرقاڵیم بەم کۆبوونەوە و بەو کۆبوونەوەوە، بەڵام بەیانیان کە دەچوومە دەرەوە، هاوڕێکانم دەبینی دەچوون بۆ قوتابخانە، لە دڵەوە پێم ناخۆش بوو، لە تەمەنی شازدە و حەڤدە ساڵیدا هیچ کار و کاسبییەکم نەبێ و لە قوتابخانەش نەخوێنم و هەر خەریکی کاری حزبی بم، ئەمە بۆ ئەو تەمەنەی من زۆر بوو، بەڵام کە بیرم لە خەبات و فیداکاریی دەکردەوە، دەگەیشتمە ئەو قەناعەتەی بێ قوربانیدان ناگەینە ئامانج، ئەوسا هەستم بە بەختیاری دەکرد کە توانیومە لەم کاروانەدا باجی خۆم بدەم، بەتایبەتی کە لە گەرمەی خەباتی ڕۆمانسیدا بووم، ئێستا دەبێ دان بەوەدا بنێم ئەو باجە زۆر لەسەرم کەوت، بەشێوەیەک هەموو ڕێبازی دوارۆژمی گۆڕی و لەوانەیشە لەلایەن ئەو حزبەوە هیچم بۆ حساب نەکرابێ.

**ڕامان:** لەگەڵ کاری حزبیدا مەیلت بەرەو لای خوێندنەوەوە چوو، یان کاتی هەڵبژاردنی خوێندنەوەت جیاواز بوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** وەک وتم ڕۆژانە سەرقاڵی کاری حزبی بووم، شەوانەش ناو بەناو کۆبوونەوەی نهێنی شانەکانمان هەبوو. ئەو شەوانەی کە کاری حزبیم نەبوایە لەماڵەوە خووم دابووە خوێندنەوە، یەکەم چێژی ئەدەبیم لە ڕۆمانی (دایک)ی مەکسیم گۆرکی وەرگرت کە بەنهێنی لە بەرپرسەکەمم وەرگرت و خوێندمەوە، ئەوە زۆر کاری تێکردم، زیاتر تێکۆشانی لا خۆشەویست کردم، شانازیم بەخۆمەوە دەکرد کە منیش وەک پافل فلازوف تێدەکۆشم و دایکیشم وەک دایکی ئەو بەیاننامەکانم بۆ دەشارێتەوە و پێشوازیی لە هاوڕێکانم دەکات، لەلایەکی تریشەوە باوکم بە شەهید مەلا ڕەسووڵ گوروونی وتبوو کە زۆر برادەری بوو، دڵنەواییم بکات و کارێکی وا بکات لە ژیانمدا هەست بە بۆشایی نەکەم، ئەویش بۆ خوێندنەوە هەر چوار بەرگەکەی (هەزار و یەک شەوە)ی بەعەرەبی بۆ هێنام، زۆر ئالوودەی خوێندنەوەی بووم، جگە لەوەی زۆر چێژم لە چیرۆکەکان وەردەگرت و لە هەمان کاتیشدا زمانی عەرەبیم زیاتر ڕەوان دەبوو. شەوانە کە لە ماڵەوە دەبووم خەریکی خوێندنەوەی ئەو داهێنانە گەورەیەی دنیای چیرۆک دەبووم، هەندێ جار کە میوانمان دەهات لەسەر خواستی باوکم هەندێ لەو چیرۆکانەم بۆ دەخوێندنەوەو دەمکردنە کوردی، باوکیشم لەلای خۆیەوە سوپاسی مەلا ڕەسووڵی دەکرد بەرانبەر بەو دیارییەی، بەداخێکی زۆرەوە لەسەرەتای ئایاری **١٩٦٢**، لە ناوچەی ناڵپارێز ئەو پیاوە هەڵکەوتووە، لە سەنگەری شەرەف، لە شۆڕشی ئەیلوولدا شەهید کرا.

**ڕامان:** لەگەڵ دنیای تێکۆشان و خەباتی ژێرزەمینیدا، لەژێر چاودێری حکومەت و زەبروزەنگیدا ئێوە لەسەر شۆڕشگێڕێتی خۆتان بەردەوام بوون، یان کەوتنە پاشەکشێ کردن؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** بەڵێ بەردەوام بووین، سەیرە، لاوانی ئەو ڕۆژگارە زۆر بەحەماسەوە کاریان دەکرد، زۆریش بەفەرمانی حزبایەتییەوە پابەندبوون. لە سەرەتای ساڵی **١٩٤٩** جارێکی تر لە سلێمانی وەک شارەکانی تری ئێراق خۆپیشاندان لە **١/٢٣** و ڕۆژانی دواتر بۆ یادی شەهیدانی کانوون و گەڕانەوەی دەستکەوتەکانمان دەستی پێ کرد، بەڵام زۆر بەتوندی لێیان دەداین، هەر کەسێ دەگیرا سێ ساڵ حوکم دەدرا، هەواڵیش وا دەگەیشت کە دان پێدانان زۆر تەشەنەی کردووە و گەلێک لە سەرکردەکان ڕووخاون، بەڵام ئێمە زۆرمان لەسەر ئەو ڕێبازەمان بەردەوام بووین، لە کاتێکدا هەموو ساتێک چاوەڕێی گرتن بووین، لە سەردەمی سەرکردایەتی (ساسون شلیمۆ دەلال)دا بۆ ڕزگارکردنی فەهد خۆپیشاندانەکان زۆر زیادی کردو تووشی توندوتیژیش

بووین، تا له ٢/٢٤ سکرتێری حزبی شیوعی ئێراق فەهد و هاوڕێکانی شبیبی و بەسیم له سێدارەدران، ئێمە چەندان خۆپیشاندانمان کردو ڕووبەڕووی پۆلیسیش بووینەوەو لێدان و گرتن و ڕاونان کاری تێ نەدەکردین، بەڵام بەداخەوە زنجیرەیەک دان پێدانان لەناو حزبدا دەستی پێ کرد، واش من هەر بەردەوام بووم، هاوڕێیەکمان له بەندیخانه بەربووبوو ناوی کەریمی سۆفی بوو، تێکۆشەرێکی دیاربوو، چوومە سەردانی، وتی: بۆ هاتووی؟ هەر ئێستا خۆت بشارەوە، لێپرسراوی کەرکووک ناوی فوئاد بەهجەت بوو، دانی بە هەموو شتێکدا ناوە، وەک زانیمان دوای ئیعتیرافەکانی، لەم دواییەدا بە پیاوانی ئەمنی وتووە: "بەریدی سلێمانی یەکێک دەیهێنا ناوی مستەفا ساڵح بوو، من نەمدیوە و نایناسم، بەڵام ناوەکەیان دەدامێ". هاوڕێکەم وتی: له بەغدا قوتابییەکی ترمان هەیە بەناوی مستەفا ساڵح له کۆلێژی ئەندازیارییە، ئێستا ئەو بەو تۆمەتە گیراوە، لەبەرئەوە ماوەیەک لەبەرچاو مەبە.

**ڕامان:** دوای ئەوەی ڕێنماییتیان کرد خۆت ون بکەیت، خۆت ون کرد و بۆ کوێ چووی؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** دوای پرس کردنم بە لێپرسراوەکەم کە ئەو کاتە مستەفای وێنەگری تیشک بوو، بەهۆی برادەرێکەوە ڕۆیشتم بۆ گوندی حاجیتان له ماڵی شێخ جەوادی حاجی شێخ عارفی سەرگەڵوو خۆم حەشاردا، تا دنیاکەی هێور بووەوە و ئەو مستەفاکەی تریش هیچی لەسەر ساغ نەبووەوە و بەربوو، ئیتر هاتمەوە بۆ سلێمانی، هەر لەو سەردەمەشدا مەلا ڕەسووڵی گوروون کە ئەویش ئەوسا شیوعی بوو، ئیعتیرافی لەسەر کرابوو، چووبووە هەڵەدن و گوێزیله، لەو ناوە خۆی حەشار دابوو، شەهید مەلا ڕەسووڵ کە ئەو خیانەتانەی ناو حزبی بینی، ئیتر وازی له شیوعییەت هێناو لەوەودوا له پارتیدا پێگەی شیاوی هەبوو، له سلێمانی سەرۆکی لقی یەکێتیی جووتیارانی کوردستان بوو، هەروەها ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتیش بوو، جێگری سەرۆکی یەکێتیی جووتیارانی ئێراقیش بوو، له سەرهەڵدانی شۆڕشیشدا بوو بە پێشمەرگەو وەک لەمەوبەر باسم کرد، له ئایاری ١٩٦٢ شەهید کرا.

**ڕامان:** بارودۆخی سیاسیی ئەو سەردەمەی دوای ئەو هەرەسە سیاسییەی حزبی شیوعی چۆن بوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** بارودۆخی سیاسی بەنیسبەت حزبی شیوعییەوە زۆر ئاڵۆز بوو، حزب پارچە پارچە بووبوو، بەناوی بڵاوکراوەکانیانەوە دەناسران، (نەجمە) ئەکرەم عەبدولقادر یامولکی لێپرسراوی بوو، لەوەودوا چووە پاڵ باڵی (الإتحاد) کە کەریمی سۆفی لێپرسراوی بوو، من ئەوەندەی له سلێمانی بووم لەگەڵ ئەو باڵەدا بووم کە حەمید عوسمان و بەهائەددین نووری و شێخ عەلی بەرزنجی و ئەحمەدی دەلاک و سەی حەسەن مەولانا سەرپەرشتییان دەکرد، کە بەناوی بڵاوکراوەکەیانەوە "الصراع" ناویان دەرکردبوو، وەک زۆرێک له هاوڕێیانی ئەو سەردەمەم بە دڵ و بە گیان تێدەکۆشام، باکم بە فەسڵ کردن و لێدان و گرتن نەبوو، گیانفیدا بووین، سڵمان له هیچ نەدەکردەوە، خۆپیشاندانی بەردەوام دەکراو ئێمە بە تێلای ژێر پاڵتۆکانمانەوە ئامادە دەبووین، پۆلیس چواردەوری دەگرتین و بەردەبوونە گیانمان، ئەوانەشمان کە دەگیران خۆڕاگر بوون و ئیعتیرافیان نەدەکرد، بەڵام بەداخەوە گەورەکان له بەغدا ئاوەکەیان ڕشت و کەوتنە ئیعتیرافات، دیارە ئەمانە بەرەبەرە وورەی ئەندامانی نزم دەکردەوەو کاریگەریی سلبییان دەبوو، عەشقە ڕۆمانسییەکەشمان کاڵ دەبووەوە، لەگەڵ سستی ڕێکخستن کارە حزبییەکانی ئەوسام نەما و چالاکیشم بەپێی ئەو کەرت بوونە لاواز بوو، ئیتر پشووی هاوینە بەرەو تەواو بوون دەچوو، منیش سەردانی ئیدارەی قوتابخانەکەمانم کرد کە سەر لەنوێ بۆ پۆلەکەی خۆم ناونووس بکرێمەوە، بەڵام دەرگای قوتابخانەم لێ داخراو وەریان نەگرتمەوە.

**ڕامان:** هۆکاری وەرنەگرتنەوەت چی بوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** کاتێک چوومە قوتابخانەکەم مامۆستا مووسا سەمەد کە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو، زۆر بە نابەدڵی و پێناخۆش بوونەوە پێی وتم: زۆرم پێ ناخۆشە کە وات پێ دەڵێم، ئەمە بڕیاری تەحقیقاتی جنائییە - ئەوسا بە ئەمن دەوترا تەحقیقات، وتی: داوامان لێ کراوە کەس له فەسڵ کراوەکان بەبێ بەڵێننامە وەرنەگرینەوە، دەبێ بەڵێنێک مۆر بکەن کە له قوتابخانەدا مانگرتن و خۆپیشاندان ناکرێ، منیش وتم: ئوستاز من پەیمان دەدەم کە خۆم بەشداریی مانگرتن و خۆپیشاندان نەکەم، بەڵام ناتوانم له باتی قوتابیان بەڵێنی وا بدەم، چونکە من نە وەکالەتی ئەوانم پێیە و نە نوێنەریشیانم، نە دەشتوانم کاریگەریم بەسەریانەوە هەبێ، زۆر لەسەرخۆ مووسا فەندی پێی وتم: هەر چی تۆ

دەیلـێـیت بڕوام پێـیـەتی، زۆریشم پێ ناخـۆشـە لەم تەمـەنەدا بەزۆر لە خـوێندن بێ بەری بکرێیت، بەڵام ئەوە بڕیاری سەرەوەیەو بەدەست من نییە.

**ڕامان:** دواتر چ بڕیارێکت دا؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** بەنائومێدی هاتمە دەرەوە، ڕاست چووم بۆ لای بەرپرسـەکـەم لە باڵی "الصراع" کـە عـەلی شـێخ حـسـێن بەرزنجی بوو، ئەو تێکۆشـەرە لە کـۆتایی شەستەکاندا لە «قصر النهایة» بەعسییەکان شەهیدیان کـرد، مـەسـەلەکـەم بۆ گـێـڕایەوە، پێی وتم: دوو ڕێگات لەبەرە، یان یەکـجـاری دەبی بە کـادیری حـزب و ئێـمـە شـوێنت بۆ دادەنێین، یان بچـۆ بۆ بەغـدا لە- خـانەی مامۆستایانی سەرەتایی بخوێنە، من ڕێگای یەکەمیانم بەدڵ نەبوو، چونکە کوڕێکی تەمەن شانزە، حەڤدە ساڵان باوکم و کەسوکـارم چۆن ڕێم دەدەن مـاڵ بـەجێ بهێـڵم و ببـمـە کادیری حزب، ئەوی ڕاستـی بێ خـۆشم ئەو گـوڕ و تینە ڕۆمانسییەی جاران و ئەو جۆشوخرۆشەم نەمابوو، دوای کـەرت بوونی حزب و ئەو هەمـوو ئیـعـتـیـرافـاتە، هاوڕێ شـایەتیی لەسـەر هاوڕێی خـۆی دەدا، لەبەر ئەوە ڕێگای دووەمم هەڵبژارد، لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیشم بۆ پیشـەی مامۆستایی، من بەتەمای مامـۆستـایی نەبووم، خۆم بۆ شتی تر ئامادە کـردبوو، بەڵام ئێـستـا ئیـتر ئەوە تاقـــە ڕێگـایە کـــە دەبێ بیـگرمـــە بەر، هاوڕێ بە ئەزمـوونەکـانم ئەوەشـیـان پێ وتم کـە لە پۆلی دووی (دارالمعلمین) دەتوانی لە تاقیـکردنەوەی بەکـەلۆری پۆلی پێنجەمدا بەشداریی بکەی، کە دەرچووی دەتوانی بچیتە کـۆلیـژێکەوە، ئەمـەیان زیاتر هانی دام، بۆیە بەخـێـرایی بەڵگەنامـە و بڕوانامەی دەرچوون و پێداویستـیـیـەکـانم پێشکەش بەخانەی مامۆستایان کرد، ئەو ساڵە لە هەموو ئێـراقدا سی و شـەش خوێندکار لەو خـانەیە وەردەگیـرا، هەر لیـوایەی سێ قوتابی، جگە لە بەغدا و مـووسڵ، لە سلێـمـانی من و فـەرەیدوون عـەلی ئەمین لە ئەنجـامی موقابەلەکە وەرگیراین، پاشان (عەبدولواحید حسێن)یش لەبەشی وەرزش وەرگیرا.

**ڕامان:** با لێرە بوەستین، وا چوویتە قۆناغێکی نوێوە و لە بـەغـدا دەخـوێنی، با جـارێ ئەوەیان بەجێ بهـێـڵین، دەمەوێ بپرسم جگە لە باسی کتێبی هەزار و یەک شەوە کـە لەسـەر ڕاسـپـاردەی بـاوکت بۆت هـات، بێـجگە لە چیـرۆکی (دایک)ی گـۆرکی کـە لە ڕێی حـزبەوە وەرت گرت، کەی و چۆن ئاشنای خوێندنەوەی کتێب بووی؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** لەڕێی مامۆستاکانی قۆناغی سـەرەتاییـــەوە گـۆڤـاری گـەلاوێژم دەبینی، بەڵام هەسـتکردنێکی تەواوەتیم بەگـرنگی خـوێندنەوە و چی دەخوێنمەوە نەبوو، باوکیشم پێشتر کتێبی بۆ دەهێنام بۆ ئەوەی بیخوێنمەوە، بەڵام لە قۆناغی ناوەندیی کە داخلی سیاسەت بووم، حزبی شیـوعی زۆر مەبەستی بوو ئاستی ڕۆشنبیریی ئەندامەکانی بەرز بکاتەوە، کتێبخانەیەکمان هەبوو نـاوی بیـــری نوێ بوو، لە شـەقــامی مــەولەوی دەچووینە ئەوێ کـتـێـبـیـان دەداینێ و دەیانوت ئەوانە بخـــوێننەوە، هەروەها پـارتـیش لە سلێـــمــــانی کتێبخانەیەکیان بەناوی (ڕووناکی) کردبووەوە، کەسی وامان هەبوو عەرەبیش تێنەدەگەیشت، بەڵام واش کتێبی دەبردو دەیخـوێندەوە، دوای ئەوەی فـەسڵ کـرام، جگە لە حـزبایەتی هیچ ئیـشـێکی تریشم نەبوو، بۆیە شـەوانە بەپێی دەرفەت دەمخوێندەوە.

**ڕامـان:** لەو سـاڵەدا کـە فـەسڵ کـرابووی و کـات و دەرفـەتی زیاترت هەبوو، لەگـەڵ خـوێندنەوە و نووسین و وەرگێڕان چۆن بووی؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** لە ساڵی فەسڵ کـردنەکەمدا کتێبێکی تریشیان بۆ هێنام بەناوی "أربع قصص عالمیة" ئەو چوار چیرۆکە جیهانییە عـامر عەبدوڵڵا کە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیـوعی بوو وەریگێڕابووە سەر زمانی عەرەبی، بەهاندانی (محەمەد کەریم فەتحوڵڵا)ی هاوڕێم یەکێکیـانم وەرگێـڕا بـۆ کوردی کە ناوی "کـۆڕنی فـازلیڤ" بوو، چیرۆکی لیـۆن تۆڵستـۆی بوو، بە ناوێکی خـــوازراوەوە (م.ئازاد) ناردم بۆ گـــۆڤـــاری گـــەلاوێژ و بڵاوکـرایەوە، بەڕاسـتی زۆرم پێ خـۆش بوو بتـوانم لەو کاتەدا ئەو چیرۆکە لە عـەرەبییەوە وەربگێڕم بۆ کوردی، بەشـێـوەیەک کـەوا شـایانی بڵاوکـردنەوە بێت، ویسـتم لەسەر ئەوە بەردەوام بم، بەڵام حوکمی عورفی و گرتن و ڕاونان وایکرد کەوا گۆڤاری گەلاوێژ دابخرێ و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدیش زیندانی بکرێت، منیش بێ گومان لەوەرگێڕان ساردبوومەوەو خولیاکەشم کاڵ بووەوە.

**ڕامان:** پێشتر باسی ئەوەت کرد باوکت زۆر گرنگی بە خـوێندنی تۆ دەدا، وتـیـشت بەهۆی سـیـاسـەتەوە لە قـوتابخـانە فـەسڵ کـرایت، باوکت چ کـاردانەوەیەکی بەرانبەر بەو کارەت هەبوو؟

**مـسـتـەفـا سـاڵح کـەریم:** پێـشـتـر بـاوکم دەیزانی لە سیاسەتدا ئیش دەکەم، باوەڕیشی وابوو کـە ئەوە زوڵمـە

لە من کراوە، بەڵام لە گوڵ کاڵتری پێ نەوتم.

**رامان:** بۆ ڕووکردنە خوێندنەوە و کتێب، ئەوکاتە کاریگەری کێت لەسەر بوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** ڕاستییەکەی لە پێش هەموو کەسێکەوە هەوڵ و کاریگەری باوکم بوو، هەروەها شەهید مەلا ڕەسووڵ، پاشان لایەنی سیاسی، لە حزبی شیوعیدا ئەو بنەمایە هەیە کە حەز دەکەن ئەندامەکانیان ڕۆشنبیر بکەن، بە پێچەوانەی هەندێک حزبەوە کە ئەندامەکانیان تەنانەت ڕۆژنامەکەی خۆیشیان ناخوێننەوە، بەڵام ئێمە بەو منداڵییە و لەو کاتەدا زۆرمان دەخوێندەوە. با لێرەدا شتێکی خۆشت بۆ باس بکەم:

لە سەرەتای شەقامی سابوونکەراندا لەسەر سووچەکەی ئێستا سەوزە و شتی تری تێدا دەفرۆشرێ، دوکانێکی گەورە هەبوو هی قادر ئاغای عەتتار بوو، کردبووی بە کتێبخانە، وەکالەتی ڕۆژنامە عەرەبییەکانی بەغداشی هەبوو، بۆیە هەموویان لای ئەو دەست دەکەوتن، ئەو زەمانە ڕۆژنامە ڕۆژی دوایی دەگەیشتە سلێمانی، ئەم پیاوە بەتیرێک دوو نیشانی دەشکاند، لەلایەک خۆشی سوودێکی کەمی ماددی لێ وەردەگرت و لەلایەکیشەوە بەخزمەتی دەزانی کە ئەو هەموو قوتابی و کاسبکار و فەرمانبەرانە ڕۆژانە ڕوو دەکەنە کتێبخانەکەو هەموو ڕۆژنامەکان بە یەک عانە دەخوێننەوە، ئەو کەسەی دەڕۆیشتە دەرەوە عانەیەک (کە چوار فلس)بوو دەیدا بە ئاغا و دەڕۆیشت، منیش کە لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی فەسڵ کرابووم، جگە لە کاری حزبی و چالاکییە سیاسییەکانم هیچ کارێکی ترم نەبوو، ئەو ڕۆژانەی دەرفەتم بووبوایە عەسران دەچوومە ئەوێ و بەعانەکە ڕۆژنامەکانم دەخوێندەوە، کە چوومە خانەی مامۆستایان لە بەغدا، لەگەڵ (فەرەیدوون عەلی ئەمین)ی هاوڕێمدا کتێبخانەیەکمان دۆزییەوە، لای پردی ئەعزەمییەوە بوو، شەوی بە هەمان عانەکەی قادر ئاغا کتێبمان لێ وەردەگرت، جار جار فێڵێشمان لێدەکرد، بۆ نموونە دوو کتێبمان وەردەگرت و لە نێوان خۆماندا بۆ خوێندنەوە ئاڵوگۆڕمان دەکرد، دوای دوو شەو بۆمان دەبردەوە.

**رامان:** باری داراییت چۆن بوو، دەتتوانی کتێب بکڕیت، یان هەر بە خواستنەوە وەرت دەگرتن؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** ئەو کاتە نەخێر، دوای ئەوەی خانەی مامۆستایانم تەواو کرد، ئینجا دەمتوانی کتێب بکڕم، دەمەوێ ئەوەیش بڵێم ئەو نەوەیەی سەردەمی ئێمە کە دەمانخوێندەوە زۆر قەرزاری کتێبخانەی گشتیی سلێمانین، هەرچیمان بویستایە بۆ خوێندنەوە لەوێ وەرماندەگرت و دەمانبردەوە، ئەوەیش وایکردبوو کەمتر بیر لە کتێب کڕین بکەینەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا وەک پێشتر باسمانکرد کتێبخانەی (بیری نوێ) هەبوو، کە ئەویش داخرا، کتێبخانەکە لە ماڵاندا بوو، هەرچیمان بویستایە بۆیان دەهێناین بۆ خوێندنەوە، ئەو ماوەیەی فەسڵکرابووم ناوبەناو لە خەرجی خۆم کتێبم دەکڕی، بەڵام کاتێک چووم بۆ بەغدا هەموویان لە ماڵە ناسیاوێک شاردبووەوە، ئەوانیش لە شاڵاوێکی خەڵک گرتندا لە ترسان سووتاندبوویان. ئەوە یەکەمین هەڵمەت بوو بۆ سەر کتێبخانەی شەخسیم کە لەوەودوا لە ساڵی ١٩٦٣- ١٩٧٤ تووشی گەلێک نوشوستی تر بوو.

**رامان:** زیاتر لە چ بوارێک دەتخوێندەوە؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** ڕۆمان و چیرۆکی زۆرم دەخوێندەوە، ئەدەبی ڕووسیم، پاشان ئەدەبی ئینگلیزی و فەڕەنسیم دەخوێندەوە، بێ گومان هەموویانم بە زمانی عەرەبی دەخوێندەوە، ئەو چیرۆکانەشم دەخوێندەوە کە تا داخرانی لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاو دەکرانەوە.

**رامان:** بابگەڕێینەوە بۆ خانەی مامۆستایان کە بە خوێندن چوویتە خانەی مامۆستایانی بەغدا، خوێندنی خانەی مامۆستایانت چۆن بوو؟ هەندێ تیشکمان بۆ بخەرە سەر ئەو قۆناغە؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** دەرسەکانمان زۆر گران بوون، هەموو ماددەکانی بەشی "زانستی" جگە لە فیزیا و هەموو بەشەکانی "وێژەیی" جگە لە ئابووری لەگەڵ وانەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و فیزیۆلۆجی و ڕێبازی دەرس وتنەوە و کاری دەست بە هەموو شێوەکانی، ئەمانە هەمووی لە بەرنامەی خوێندنماندا بوون، باشترین مامۆستای هەڵبژاردە دەرسیان پێ دەوتین، بەیانیان پێنج دەرسمان دەخوێند، دوای نان خواردنی نیوەڕۆ و کەمێک حەوانەوە، دەچووینەوە قوتابخانە و دوو دەرسی ترمان دەخوێند، ئێوارەش دوای نان خواردن دەگەڕاینەوە بۆ هۆڵی دەرس خوێندن، دوو سەعات خوێندنەوەی ئیجباریمان هەبوو، ئەم بەرنامەیە هەموو ڕۆژێک هەبوو، جگە لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژانی پێنج شەممە کە ئەوە پشووی هەفتانەمان بوو، لە ئەعزەمییەوە بۆ ناو شاری بەغدا دەچووین، بۆیە ئاستی

ڕووناکبیریی مامۆستایانی ئەو ڕۆژگارە کە لەو خانەیەی مامۆستایاندا دەردەچوون زۆر بالاّ بوو.

**ڕامـان:** تۆ لەوێ لە خـوێندندا چۆن بوویت ؟ ئاسـتت چۆن بوو؟ ئایا هەروەک جاران زیرەک بوویت و حەزت بە خوێندن دەکرد؟

**مسـتەفـا ساڵح کەریم:** زۆر باش بووم، بەتایبـەت لە زمـانی عـەرەبیدا، هەرچەندە زۆر قورس بوو، کەم قـوتابی نمرەی بالای لەم وانەیە دەهێنا، بەڵام من لە نیـوەی سـاڵدا لە پۆلی یەک نەوەدم لە عـــەرەبی وەرگـــرت، ئەوە زۆر دەنگی دایەوە، تا ئێسـتـا دکـتـۆر عـەدنان ئەلدلێمی کە دکتۆرای لە ئەدەب و زمانی عەرەبیدا هەیە لە دانیشتنی تایبەتدا ئەوە دەگێڕێتەوە کە لە عەرەبیدا من لەوان باشتر بووم، هەروەها هاوڕێی ئەو سەردەمەم حامد ئەلسەعدی کە ئێسـتـا لە سـوێدە، لە بەغـدا دوای ڕووخـانی سـەدام سەردانی کردین، هەمـان شایەتی بۆ دەدام، لەم بەینەشدا لە سـتـۆکهـۆڵم سەردانم کـرد، بە بینینم زۆر کـەیف خـۆش بوو. لە دەرسەکانی تریشدا هەوڵم دەدا و کۆششم دەکرد، لەبەرئەوە بـاش بووم، بەتایبـەت لە بیـرکاری و کـیـمیـا و ئینگلیــزی، بەڵام دەروونناسـی زۆر سـەخت بوو، ناچار بەبێ تێگەیشتنی تەواو دەرخم دەکرد، دەبێ ئەوەش بڵێم لە جوغرافیادا زۆر باش نەبووم.

**ڕامان:** ئێستـا لە بارودۆخی خوێندن و ڕاهاتنت لەسەر ژیانی بەشی ناوخۆ شارەزا بووین، دێینە سەر بابەتێکی تری گـرنگ، تۆی فـەسڵ کـراو و قـاڵبـووی خـەبات لەو تەمـەنی منداڵییـەوە، لە ڕووی سیـاسـیـیـەوە لە خـانەی مامۆستایان لە بەغدا چۆن بوویت؟

**مستەفـا ساڵح کەریم:** من کە چوومە بەغدا لە حزب دابڕام، زۆر چاوەڕوانم کـرد، ڕێکخـستن وا شـڵـەژابوو، قـوتابخانەکـەشمـان پەیوەندیی پچڕابوو، لێپرسراوەکانی پێشووی ئیعتیرافیان کردبوو، لەبەر ئەوە کەس پەیوەندی پێوە نەکردم، کەچی بەم حاڵەشەوە هەر تووش بووم!.

**ڕامان:** بۆچی تووش بووی، ئەوە چۆن بوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** یەکەم ساڵمان بوو کە پشـووی نیـوەی ساڵ هات زۆر کەیف خۆش بووین بەوەی کە دوای پێنج مـانگ دەگـەڕێینەوە سلێـمـانی و باوک و دایک و کەسوکار و هاوڕێکانمان دەبینین، بەڵام زۆر جار حەزەکان وەک دەخـوازرێن نایەنە دی، کـە گـەیشـتـینە کـەرکـووک زانیـمـان بەفـر ڕێگای کـەرکـووک و سلێـمـانی گـرتووە و ئۆتۆمبێلەکان دەرناچن. قـوتابییانی خەڵکی سلێمانی کە لە خـوێندنگە و کـۆلێـژەکـانەوە هاتبـوون لە کـەرکـووک مابنەوە، بەڕێوەبەری مەعاریفی کەرکووک بەشی ناوخۆی پیـشـەسازیی دایـنێ کـە تێـیـدا بحـەوێینەوە و شـەویش فـەهمی قـەفـتـان کە بەڕێوەبەری پۆلیـسی کەرکـووک بوو سەردانی کردین و لە پێداویستـییـەکانمانی پرسییـەوە و بەڵێنیـشـی داینێ لەگـەڵ دایەرەی ئەشـغـال هەوڵ دەدەن بەزوویی ڕێگا بکرێتەوە.

**ڕامان:** دووەم ڕۆژی مانەوەتان لە کەرکووک چیتـان کرد و خۆتان بە چییەوە خەریک کرد؟

**مـسـتـەفـا سـاڵح کـەریم:** دووەم ڕۆژ لای ئێـوارە بە (فـەرەیدوون عـەلی ئەمین)م وت: با سـەردانێکی (ن) بکـەین کـە لەگـەڵ ئێـمـەدا فـەسڵ کـرا، لەبەر ئەوەی لە تەمەنی سەربازیدا بوو، کـرا بەسەرباز و ئێسـتا لێرەیە، دیارە بچـینە لای دڵی پێ خـۆش دەبێ، ئەوە بوو هەندێ میوەمان کڕی و چووین بۆ سەربازگەکەو دۆزیمانەوە، زۆری پێ خۆش بوو، یەکەم جاریش بوو لەگەڵ فەرەیدوون عەلی ئەمین یەکـتـری بناسن، کـەچی بۆ سـەیروسـەمـەرە دوای تەواوبوونی پشـوو لە هەڵمـەتێکی تری ئیـعـتـیـرافـاتدا، (ن) گیـرابوو، ئەویش وەک موعتەریفەکانی لەوەوبەری، ئیـعـتـیـرافـێکی زۆر فـراوانی کـردبوو، هەر کـەسێکی ناسیبوو نـاوی هێنابوو، تەنانەت کە ناوی منی هێنابوو وتبووی ئەو شیـوعی بووە، لەگەڵ خۆمدا لە شانەیەکدا بووین، ناوی (فـەرەیدوون عـەلی ئەمین)یشی هێنا بوو و وتبووی مادام ڕەفیـقی ئەوە، دەبێ ئەویش شیوعی بێت، لە ئەنجـامی ئەوەدا مـەفـرەزەیەکی تەحـقـیـقـات هەڵیـان کـوتایە سـەر خـوێندنگەکـەمـان و شـوێنی نووسـتنمـان لە بەشە ناوخۆییـەکەو کەوتنە پشکنین، خۆشبـەختانە هیچ شتێکیـان نەدۆزییەوە کە قەدەغە بێ، جگە لەوە بەهۆی ئەوەوە کە ژمـارەیەکی زۆر ناوی خەڵکی وتبوو، هەروەها حوکـمی عـورفـیش نەمـابوو، حوکمی مـەدەنی بوو، بۆیە دادوەری لێکۆڵـینەوە کـەسی لەسـەر ئەو دانپـێـدانانانە دەستگیر نەکرد، هەر لە کۆتایی ئەو هەفتـەیەدا (کەمالی حاجی شـەفـیق)م بینی وتی: من و جەمالی براشم وەک ئێــوە بـانـگ کــراین، بەڵام نەگــیــراین، چونکە دادوەر قەناعەتی بە ئیعتیرافاتەکە نەکرد، کە زۆر بێ مانا بوو، ئەمەیان لە خـانەی مـامـۆسـتـایان لە بـەغـدا، یەکـەم تووش بوونی نوێم بوو.

**ڕامـان:** دیارە هی پێــشـــتــریش هەبووە، بۆیە دەڵـێی یەکەم؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** بەڵێ، لەپۆلی دووی خانەی مامۆستایان بووم، ڕۆژی ١٩٥١/٣/١٩ لە کاتی دەرس خوێندندا، لە بیرمە ئینگلیزیمان هەبوو، ژنە ئینگلیزێک دەرسی پێ دەوتین ناوی مادام کاتلین ڕێگان بوو، منی هەستاندبوو دیالۆگی ئینگلیزیم لەگەڵ قوتابییەکی تردا بەرانبەر خۆی دەخوێندەوە، لەو کاتەدا بەردەستێک هاتە ژوورەوە و بە عــەرەبی بەچاودێری پۆلی وت بەڕێوبەر (مستەفا ساڵح کەریم)ی دەوێ، لەبەر ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد کە نەیەمەوە، کتێبە ئینگلیزییەکەم بەکراوەیی بەجێ هێشت و چوومە لای بەڕێوەبەر، بەڕێوەبەرەکەمان ناجی عەبدولساحب بوو، کە لەوەودوا بووە هاوسەری شاعیری ناسراو عاتیکە خەزرەجی، زۆر بە پێناخۆش بوونەوە وتی: ئەم پیاوانە تۆیان دەوێ، دوو کەس لەوێ بوون پێش خۆیان دام و خستمیانە ئۆتۆمبێلێکەوە، سەیرم کرد (حەسەن تۆفیق)ی هاوڕێمی تێدایە کە لە سلێمانی لێپرسراوی شانەکەم بوو، ئەو کاتەش لە خانەی باڵای مامۆستایان لە بەشی کیمیابوو، ویستم چاک و چۆنی لەگەڵدا بکەم، بە ئیشارەت تێی گەیاندم قسە نەکەم با نەزانن یەکتری دەناسین، بردیانین بۆ بارەگای سەرەکی "تەحقیقات" و فڕێیان داینە ژوورێکی ساردوسڕەوە، تەنانەت کومباریشی تێدا نەبوو، ئێمەش چونکە لە خوێندنگەوە هێنایانین و هەردووکیشمان لە بەشی ناوخۆ بووین و لەو بارەیەشەوە ئەزموونمان نەبوو، نە بیجامەیەک، نە بەتانییەیەک، نە ڕاخەرێک، نە خاولییەک، هیچ شتێکمان پێ نەبوو، حاڵێکی زۆر پەرێشانمان هەبوو، وشکەسەرماش بوو، ئەو ڕۆژەو شەوەکەشی ئازارێکی نەفسی و جەستەیی زۆرمان چەشت، تا بەیانی وەنەوزمان دەداو ناوبەناو لە ژوورەکەدا پیاسەمان دەکرد، بەرەبەیان بوو لە ناکاو دەرگای ژوورەکەمان کرایەوە، کۆمەڵێ لاوی گیراو لە سلێمانییەوە هێنرابوون، خرانە ژوورەکەی ئێمەوە، یەکێکیان مەحموود تۆفیق خەزنەدار بوو کە لەوەوپێش لە سلێمانی بەرپرسی شانەم بوو، هەر ئەویش بوو هێنامییە ڕیزەکانی حزبی شیوعییەوە، ئیتر خێرا نوێنەکانیان کردەوەو ڕاخەریان ڕاخست و ئاهێکمان بەبەردا هاتەوە، من کە ئەو وەزعەم بینی ئەوەندە دڵخۆش بووم وامدەزانی بەربووم. هەر لە ڕێی (مەحموود تۆفیق)یشەوە زانیم (ڕ) کە هاوڕێمان بوو لە سلێمانی گیراوە و ئیعتیرافی لەسەر ئەوان و لەسەر من و (حەسەن تۆفیق)یش کردووە.

ئەوانیش دوو وەجبە بوون، وجبەیەکی تریان کە کەمال فوئاد و لەتیف ئەحمەد تۆفیق و عیزەددین مستەفایان تێدا بوو، برابوون بۆ پۆلیسخانەی عەباخانە.

**ڕامان:** ئەو دۆخە چەند درێژەی کێشا؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** ئەو خۆشییەمان ئەوەندەی نەخایاند و ئەوانەی کە لە سلێمانییەوە هاتبوون، گوێزرانەوە بۆ "مەوقیفی عام"، بەتەنیا حەسەن تۆفیق و من ماینەوە، بەڵام برادەران لێفە و بەتانیە و سەرینیان بۆ بەجێ هێشتین، ئیتر ئێمە خەمی پێخەفمان نەما، دوای نزیکەی بیست ڕۆژ ئیفادە وەرگرتن و لێکۆڵینەوە و ئازاردانی دەروونی و خۆڕاگرتنی هەردووکمان، ئێمەشیان بۆ مەوقیفی عام لە ناوچەی بابولموعەزەم برد، کە گەیشتینە ئەوێ بۆ ئێمە دنیایەکی تر بوو، هەموو هاوڕێکانمان لەوێ بوون، لە ناوەڕاستی قاوشەکاندا گۆڕەپانێک هەبوو، هەرچەندە دیوارەکانی زۆر بەرز بوون، بەڵام بۆ پیاسەکردن باش بوو.

**ڕامان:** لە بەندیخانەدا ڕێکەوتی نووسەرێکت نەکرد پێشتر ناوت بیستبێ؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** بۆ یەکەم جار لەوێ (ئیسماعیل ڕەسووڵ)م ناسی کە یەکێ بوو لەو سێ برادەرەی لیژنەی سەرپەرشتی کردنی ئێمە بوون، هەروەها هاوڕێ کەریم ئەحمەدیشم ناسی، ئیتر لەوێ ماینەوە تا لە حوزەیراندا دراین بە دادگا، لەبەر ئەوەی حوکمی عورفی نەمابوو، دادگای مەدەنی و عەسکەریی جیاوازییان زۆر بوو، بۆیە لە ئەنجامدا بە کەفالەتی شەخسی بەربووین، حزبی شیوعی چەند پارێزەرێکی بۆ ناردبووین، لەلایەک بەرگرییان لێ دەکردین و لەلایەکی تریشەوە دەبوون بە کەفیلمان، هەندێکیش حوکم دران و بردیانن بۆ بەندیخانەی کوت. من لەبیرمە پارێزەرێک بوو بە کەفیلم ناوی باران عارف جیاوک بوو، کە هەرگیز لەوەوپێش نەمدیبوو و نەشم دەناسی، هەرچەندە حاکمیش کە بورهانەددین گەیلانی بوو، نەسیحەتی کرد کە نەبێتە کەفیلی کەسانی گێرەشێوێن، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی ببێتە کەفیلم، چونکە من بڕیارەکەم وابوو دەبێ کەفیلی سێ سەد دینار بدەم، ئەگەر نەمبوو، ساڵێک حەپس بکرێم.

**ڕامان:** ئەی دوای ئەوە، مەسەلەی خوێندنەکەت چی لێ هات؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** لە کاتی گرتنەکەماندا ڕۆژانی

سەردانی بەندیخانە ناوبەناو فەرەیدوون عەلی ئەمین و عەدنان دلێمی و سابیر مستەفای هەولێری و حامد ئەلسەعدی و هاوڕێیانی تر لە کۆلێژەکانی بەغداوە وەک خەسرەو تۆفیق و کەمال چەلەبی و حسێنی بەکر مسری سەردانیان دەکردم، پێش کۆتایی ساڵ فەرەیدوون عەلی ئەمین لەدوا چاوپێکەوتندا پێی وتم: بەهەوڵی مامۆستا جەمالەددین ئالووسی کە مامۆستای زمانی عەرەبی بوو، منیشی زۆر خۆش دەویست، هەروەها بە پشتیوانی د.فەیسەڵ ئەلسامر و چەند مامۆستایەکی تری وەک ئەحمەد محەمەد ئەلمهەنا و د.عەبدولهادی ئەلعەمار و د.حسێن ئەلداقوقی کە سەر بە چەپ بوون، ئەنجومەنی مامۆستایانی خانەی مامۆستایان لە دوایین کۆبوونەوەیاندا بڕیاریان داوە ئەگەر بەریبم، بۆم هەبێ لەگەڵ ئیکمالەکاندا بچمە تاقیکردنەوەوە، ئەگەر حوکمیش درام، ئەوە دەچمە بەندیخانەوە و بۆم نییە لە تاقیکردنەوەدا بەشداربم، بەپێی ئەو بڕیارە ڕۆژی دوای بەربوونم، چووم بۆ قوتابخانەکەمان، قوتابی تێدا نەمابوو، هەموویان لە پشووی هاویندا بوون، بەڵام ئیدارە دەوامی دەکرد، بەڕێوەبەر لەوێ نەبوو، یاریدەدەرەکەی لەوێ بوو، ئەویش بەڕەچەڵەک کورد بوو، دەیانوت هەمەوەندە، ناوی یوونس محەمەد ئەمین بوو، زۆری پێ خۆش بوو کە بەربووم، ئیتر بەپێی بڕیارەکە هەموو کتێبەکانی پۆلی دووم لە دۆلابەکەی خۆمدا وەک خۆی مابووەوە، هەڵم گرتن و لای ئێوارە لەگەڵ مەحموود تۆفیق چووین بۆ وێستگەی شەمەندەفەر بۆ ئەوەی بچینە کەرکووک و لەوێشەوە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی.

**ڕامان:** دوای چەند مانگێک بەندیخانە و چەند مانگێک مانەوەتان لە سلێمانی دوای ئەوە چیتان کرد؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** دوای چوار مانگ زیندانی، سێ مانگێکی تریش لە ماڵەوە بۆ خوێندنەوە و وانە ئامادەکردن خۆم حەپس کرد، لەبەر ئەوەی دوای نیوەی ساڵ لە موحازەرات بێ بەش بووبووم، فەرەیدوون عەلی ئەمین هەموو موحازەرەکانی بۆ هێنام، دوای پشووی هاوینە لەگەڵ ئیکمالەکاندا چوومە تاقیکردنەوەوە، لە هەموو وانەکاندا، هەرگیز چاوەڕوانی ئەو ئەنجامە نەبووم، ئەنجامی بەرزیی نمرەکانم بەڕادەیەک بوو، تێکڕای مامۆستاکانم و هاوڕێکانم بەدڵخۆشییەوە پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەیان لێ کردم، هەرچەندە گرتنەکەم ئەوەشی لە کیس دام کە ئەو ساڵە بچمە تاقیکردنەوەی بەکەلۆریۆسەوە و خوێندنی کۆلێژم لەکیس چوو، بەهەرحاڵ لەگەڵ هاوڕێکانمدا چوومە پۆلی سێ، کە ئەوە ئیتر دوا ساڵی خوێندنمانە، ئەم ساڵەمان زۆر خۆش بوو، گەلێک یادگاری جوانی لەلا بەجێ هێشتین و هەمیشە لە یادەوەریماندا زیندوون.

**ڕامان:** دەکرێ هەندێک لەو یادگارییانەمان بۆ بگێڕیتەوە؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** لەبەرئەوەی لە حەپسخانە بەربووبووم و قوتابییەکی زیرەکیش بووم، کەسایەتییەکی تایبەتیم لەناو خوێندکاراندا پەیدا کردبوو، لە سەردانەکانماندا بۆ شوێنە ڕۆشنبیرییەکان، یان بۆ قوتابخانەکانی بەغدا من بۆ وتار خوێندنەوە دەستنیشان دەکرام، منی شەرمن کە لە قۆناغی سەرەتاییدا لە شەرماندا بەشداریی هیچ شتێکم نەدەکرد، ئێستا بە ئیرتیجالی، واتە (لەبەر) لەو کۆڕانەدا وتار بەزمانی عەرەبی دەخوێنمەوە، هەر لەبەرئەوەش خوێندکاران منیان بۆ چاودێریی (ڕەدهە) پاڵاوت، یەکێکی تر بەرانبەر من پاڵێورا بوو، ناوی محەمەد ئیبراهیم شەوکەت بوو، خەڵکی کازمیە بوو، عەرەبی شیعە مەزهەب بوو، سەر بە ئیخوانول موسلیمنیش بوو، کوردەکان هەموویان، شیوعییەکان و پارتییەکان و حزبی (شەعب)یش لەگەڵ هەندێ خوێندکاری سەربەخۆ دەنگیان بە من دا، بەڵام کە دەنگەکان جیاکرانەوە هەردووکمان وەک یەک بووین، مامۆستای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکە سەیری لیستی قوتابیانی کرد، بۆی دەرکەوت خوێندکارێکمان کە ناوی عەدنان محەمەد سەلمان بوو دەنگی نەداوە، ناردیان بەدوایدا، لەو کاتەدا چاودێری حانووت بوو، کە هات هەرچەندە عەرەبیش بوو، سەر بەئیخوانیش بوو، بەڵام دەنگی بەمن داو بە محەمەدی نەدا، بەو دەنگە من بوومە چاودێر، ئەو هاوڕێیەتییەمان لەگەڵ عەدناندا تا ئێستاش بەردەوامە، دیارە بینەری تەلەڤزیۆنەکان ئێستا بەناوی د.عەدنان ئەلدلێمی و بە سیدارەکەیەوە دەیناسنەوە. ئێستا پاش تێپەڕبوونی ئەوەندە ساڵە کاک فریاد ڕەواندزی ئەو بەسەرهاتەی بۆ جەنابی مام جەلال گێڕابووەوە، بەڕێزیشی بەپێکەنینەوە وتبووی: «نەک هەر لەبەرئەوەی برادەری بووە و خۆشی ویستووە دەنگی بۆ داوە، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەی کاک مستەفا سوننە مەزەبە و بێ گومان ئەوی پێ باشتر بووە لەوەی دەنگ بەشیعە مەزهەبێک بدات، با عەرەبیش بێت و سەر بە

ئیخوانیش بووبێت، چونکە بەداخەوە ئەوان خیلافەکەیان قووڵە»

**رامان:** کە لە خانەی مامۆستایان بوویت گیرایت، دوای ئازادکردن و گەڕانەوەت بۆ خوێندن چ گۆڕانکارییەک لەوێ ڕووی دابوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** لێرەدا مەسەلەیەک هەیە دەبێ ڕوونی بکەمەوە، "ئەوکاتەی کە گیرام ناجی عەبدولساحب بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان بوو، کە بەربووم و دواتر لەگەڵ ئیکمالەکان چوومە تاقیکردنەوەوە و بۆ پۆلی سێ دەرچووم، بەڕێوەبەرێکی نوێمان بۆ هاتبوو ناوی د.نووری ئەلحافز بوو، لە ئەمەریکا باوەڕنامەی دکتۆرای لەسەر پەروەردە وەرگرتبوو، بەو عەقڵییەتە مۆدێرنەوە دەیویست هەندێ گۆڕانکاریی بکات، لەوانە لەباتی ئەوەی (ئیدارە) وەک ساڵانی پێشوو خۆی چاودێر دابنێ، ئەم کردی بە هەڵبژاردن، ئەوەبوو وەک باسم کرد لەو هەڵبژاردنەدا من بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێررام.

**رامان:** هەر ئەوەندە؟ گۆڕانکاری و هەنگاوی نوێی ئەو بەڕێوەبەرە چیتر بوو؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** هەنگاوی تری ئەو بەڕێوەبەرە تازەیەمان لە کردنەوەی دەرگای تر بەڕووی خوێندکاراندا، ئەوە بوو بڕیاری دا کە قوتابخانەکەمان گۆڤارێکی مەرکەزیی دەربکات، بۆ ئەو مەبەستەش مامۆستایەکی زۆر شارەزامان لە زمانی عەرەبیدا هەبوو، بەڵام لە هەمان کات لە جوگرافیادا پسپۆڕ بوو، ناوی محەممەد ئەحمەد ئەلمهەنا بوو، ئەو هەرچەندە ئەو کاتە عەرەبیشی نەدەوتەوە، بەڵام لەبەر شارەزاییەکەی، بۆ سەرپەرشتی کردنی گۆڤارەکە دەستنیشان کرا، مامۆستایەکی ساکار و پڕ زانیاری بوو، جگە لەوەی کە زۆر بێوەی بوو، لای خوێندکارانیش خۆشەویست بوو، تەنانەت لە گرتنەکەمدا زۆر بۆم بەپەرۆش بوو. نوێنەرانی پۆلەکان بەسەرپەرشتی ئەو مامۆستایە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی نووسەران کۆبوونەوەیەکیان کرد، لە ئەنجامدا دەستەیەکی حەوت کەسی هەڵبژێررا کە یەکێکیان من بووم، لە یەکەم کۆبوونەوەماندا خوێندکارێکی خەڵکی گوندی بەهرۆز لە"لیوا – پارێزگا"ی دیالە ناوی حسێن عەبدولجەبار بوو، چەپ بوو، بە سەرنووسەر هەڵبژێررا، منیش بە سکرتێری نووسین، پێنجەکەی تریش ژمێریار و نەخشەسازی و دیزاین و نووسینەوە و تایپ کردن و کڕینی کاغەز و کاروباری داراییان گرتە ئەستۆ، گۆڤارەکەشمان ناونا (معلم الغد- مامۆستای سبەینێ)، لەو سەردەمەشدا وەزارەتی (مەعاریف – پەروەردە) گۆڤارێکی بەناوی (المعلم الجدید- مامۆستای نوێ) هەبوو.

**رامان:** لەو گۆڤارەدا بە چ بابەتێک بەشداریت لە نووسین کرد؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** بۆ یەکەم جار چیرۆکێکم بە زمانی عەرەبی بەناوونیشانی (صراع) نووسی و مامۆستای سەرپەرشتیار و سەرنووسەر پەسندیان کردو لە گۆڤارەکەماندا بڵاو کرایەوە. ئەگەر ئەو چیرۆکەی تۆلستۆی کە لە کاتی فەسڵ کرانەکەمدا لە عەرەبییەوە کردمە کوردی و لە ژمارە (٧)ی ساڵی دەی تەمووزی ١٩٤٩ بە ناوی (کۆرنی ڤاسلیف) گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکرایەوە، بەیەکەم بەرهەمی وەرگێڕانم دابنرێ، ئەم چیرۆکەشم بەیەکەم هەوڵم لە بواری چیرۆکنووسیندا دادەنرێ، بەڵام ئەمەیان بەزمانی عەرەبی بوو، ئەوەش لەلای من خولیایەکی کاتیی بوو، واتە ئارەزوو بوو، نەک بەپیشەکردن، ئەوەشی کە زیاتر لە باڵی دام داخستنی گەلاوێژ بوو.

**رامان:** چ یادگارێکی تری ئەو سەردەمەت لەلا ماوە بۆمانی بگێڕیتەوە؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** پێش یادگارە خۆشەکان، بیرەوەرییەکی تاڵ هەیە کە بریتی بوو لە زامێکی قووڵ بۆ من و زۆریش کاری تێکردم، دەبێ باسی بکەم: نیوەی ساڵی ١٩٥٢ کە لە پۆلی سێ بووم و بەخۆشی هاتمەوە بۆ سلێمانی، بەسەر خەم و پەژارەیەکی زۆردا کەوتم، بەر لەچەند ڕۆژێک (جەبار)ی برام کە تەمەنی (١١)ساڵ بوو، بە نەخۆشییەکی کوشندە کۆچی دوایی کردبوو، دیارە نەیانویستبوو من بیزانم، لەبەرئەوە ئەو ساڵە پشووەکەم بوو بە پرسە، کە گەڕاینەوە بەغدا هاوڕێکانم زۆر دڵیان دامەوەو دەیانویست ئەو زامەی دڵم سارێژ بکەن، بەتایبەت کە کاری تر چاوەڕێی دەکردین. بەپێی پەیڕەوی وەزارەتی مەعاریف (پەروەردە) خوێندکاری دواساڵی خانەی مامۆستایان، دەبێ بەر لە کۆتایی ساڵ بۆ ماوەی شەش هەفتە پراکتیک بکات، واتە لە قوتابخانەیەکدا ببێتە مامۆستا، بەو خوێندکارە دەوترا (مطبق)، ئەو قوتابخانەیەی منی بۆ دانرام ناوی (نوعمان) بوو، ئەویش لە ئەعزەمیە، لە نزیک خانەی مامۆستایان بوو، یەکێ لە قوتابییەکانم (فەلاح)ی کوڕی جەواهیری بوو،

ئەو ماوەیەشمان خۆش بوو، خۆمان پۆشتەوپەرداخ کردبوو، بەکەشخەییەوە پۆزمان لێ دەدا گوایا بووینەتە فەریکە مامۆستا، شەوانیش دەچوینەوە پۆلی خوێندنەوەی ئیجباری. لەگەڵ قوتابییەکانمدا زۆر ڕێک بووم، بڵاوکراوەیەکی قوتابخانەمان دەرکرد، کێبرکێیەکی وتار خوێندنەوەم بۆ سازکردن. بەکورتی لایان خۆشەویست بووم، لە دوارۆژی ماڵئاواییماندا چەندان نامەیان بۆ نووسیبووم کە تا ساڵانێکی زۆر لەلام مابوونەوە، هەروەها بەڕێوەبەرەکەمان گەلێک ئامۆژگاری پەروەردەیی کردین و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستین، بەئاهەنگێکی خنجیلانە کە بۆیان سازکردین بەڕێیان کردین.

**ڕامان:** چۆن ماڵئاواییت لە خوێندن و لە قوتابخانە کرد؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** بۆ تاقیکردنەوەی سەری ساڵ کەوتینە خۆ ئامادەکردن، کە هەموو دوارۆژمان لەسەر ئەوە بەند بوو، بەڵام من هیچ ترسم نەبوو، نمرەکانی فەسڵی یەکەم و نیوەی ساڵ و فەسڵی دووەمم زۆر باش بوون، چونکە کاری ئەمڕۆم نەخستبووە سبەینێ، ڕۆژانە کۆششم کردبوو، لەو ماوەیەشدا موراجەعەی سەرجەم دەرسەکانم کردبووەوە، موعەدەلی دەرسەکانم زۆر باش بوو، لە دوو دەرسیشدا مەعفو بووم. تاقیکردنەوە دەستی پێکرد، خۆشترین شەو لای من دوایین شەو بوو کە بۆ وانەی (بیرکاری) دانرابوو، ئەم دەرسەمان لە دەرسە قورسەکان بوو، خوێندکاران وەک پوورەی هەنگ بەیەکدا دەهاتن و دەچوون و مەسەلە حسابییە گرنگەکانیان شی دەکردەوە، منیش لەگەڵ چەند برادەرێکدا بەسەرمان دەکردنەوەو زۆر دڵخۆش و دڵشاد بووین، هەرکەسێ کێشەیەکی بووبوایە بۆمان شی دەکردەوە، چونکە ئێمە نمرەی گشتیمان لە بیرکاریدا لە نەوەت زیاتر بوو، لەبەرئەوە بەپێی ڕێنمایی وەزارەت لە تاقیکردنەوە عەفو کرابووین، هەمان ئەو نمرەیەی لە ساڵەکەدا هێنابوومان ئەوەمان بۆ دانرابووەوە، یادگاری ئەو شەوەم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، بەتایبەت کە شەوی ماڵئاواییش بوو.

**ڕامان:** دوای دەرچوونت لە خانەی مامۆستایانی بەغدا چیت کرد و ڕووت کردە کوێ؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** کە قوتابخانەم تەواو کرد نمرەکانم زۆر باڵا بوون، ئەوسا قوتابی زیرەک بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن دەنێررا، منیش بەپێی نمرەکانم پاڵێورابووم بۆ چوونە دەرەوە بۆ خوێندنی یەکێ لەم دەرسانە، کیمیا لە ئەڵمانیا، یان عەرەبی لە میسر، یان بیرکاری لە لبنان، بەڵام تەحقیقاتی جینائی بەهۆی سلووکی سیاسیمەوە نەیهێشت و ڕێگای سەفەری نەدامێ و ئاواتی تەواوکردنی خوێندنی باڵام زیندەبەچاڵ کرا.

**ڕامان:** پاش ئەوە چ بڕیارێکت دا ؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** چارم نەما، وتم با بچم خەریکی دامەزراندنەکەم بم و ببمە (موعەلیم)، واتە مامۆستا، لێرەشدا تووشی هەمان گرفت بوومەوە، هەموو ئەوانەی لە خانەی مامۆستایانی بەغدا و خانەی ڕیفی دهۆک و دەورەی پەروەردەیی کەرکووک دەرچووبوون دامەزران، بە تەنیا شەوکەت غەفوور بابان و من دانەمەزراین، چونکە تەحقیقات باوەڕنامەی ڕەوشت باشییان نەداینێ کە ئەوە لە ڕووی سیاسییەوە بۆ دامەزراندن مەرج بوو، واتە دۆسیەکەمان بەلای ئەوانەوە ڕەش بوو، بە لاسار و گێرەشێوێن لە قەڵەم درابووین، لەبەرئەوە ئەو دوانەمان دانەنراین، ئەم شەوکەت غەفوور بابانە لە سەرەتای فەسڵ کردنەکەمدا لە ڕێکخستنی (ئەهالی)دا تا ڕۆژی گرتنی لێپرسراوی شانەکەم بوو.

**ڕامان:** ئەی لە دواییدا چۆن دامەزرایت؟

**مستەفا ساڵح کەریم:** بەهۆی هاوڕێم سەید حەسەن مەولاناوە، نامەیەکی بەڕێز حەماغای ئەوڕەحمان ئاغام برد بۆ کەسایەتی ناسراو عەلی کەمال لە بەغدا کە نائیبی سلێمانی بوو، پیاوێکی خێرخواز بوو، ئەویش تەلەفونی بۆ بەهجەت عەتییەی بەڕێوەبەری تەحقیقات کرد و قەناعەتی پێ کرد کە ڕازی بێ بە دامەزراندنم، واش تەحقیقات نەینووسیبوو ئەم قوتابییە ڕابوردووی باشە، نووسیبووی ئێستا سلووکی باشە، ئیتر لە سلێمانی فەرمانی دامەزراندنم بە مامۆستا لە قوتابخانەی قەڵادزێ دەرچوو، ڕۆژی ٤/ ١٠/١٩٥٢ بەرەو قەڵادزێ کەوتمە ڕێ و شەوکەت غەفووریش بۆ سورداش، لەوەوبەریش فەرەیدوون عەلی ئەمین کە هاوپۆلم بوو لە قەرەداخ دامەزرابوو.

# ڕەهەندی دەروونی لە دوو دەقی (گۆران)دا:
# (جوانی بێ ناو) و (هەوری پاییز)

د.عەباس سالح عەبدوڵڵا
(زانکۆی سلێمانی - سکوڵی زمان/ بەشی کوردی)

**پێشەکی**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ڕوانگەی میتودی دەروونناسییەوە ویستوومانە بچینە ناو دنیای دوو دەقی (گۆران)ی شاعیر، دەقی (جوانی بێ ناو) و (هەوری پاییز)، چونکە ئەم دوو دەقە بە ئاشکرا کاریگەری دەروونییان پێوە دیارە لە ڕووی ئەو کاتانەی شاعیر تێیاندا ژیاوە، دوو کاتی جیاوازن کە بریتییە لە کاتە ئارام و لەسەرخۆکان و کاتە ئاڵۆزەکان، ئەم جیاوازییەش بووە بەهۆی بەرهەمهێنانی دوو دەقی جیاواز لە ڕووی دەروونییەوە، دیارە کاریگەری دەروونیش بەپێی میتودی دەروونناسی دەبێتە هۆی بنیادنانی دەقی جیاواز و جۆراو جۆر، ئێمەش لەم ڕوانگەیەوە بایەخمان بەم دەقانەی شاعیر داوە کە هەریەکەیان خاوەنی کۆمەڵێ خەسڵەتی بینراو و هەست پێکراون.

لێکۆڵینەوەکە لەسەرەتایەک و دوو بەش پێکهاتووە، سەرەتا ئاماژەمان بە هەندێ ڕا و بۆچوونی دەروونی داوە لەسەر بنیادنانی دەقی شیعری و لەبەشی یەکەمدا بایەخمان بە دۆخی گەشبینی و ڕەشبینی داوە و لەبەشی دووەمیشدا بایەخمان بە ڕۆڵی ڕەنگ داوە لەبنیادنانی دەقدا کە چۆن ڕەنگ دەبێتە هێمایەک بۆ ناسینەوەی دەقەکان و لێ تێگەیشتنیان، لەئەنجامیشدا دەرمان خستووە کە کاریگەری دەروونی چ ڕۆڵێکی لە بەرهەمی شاعیردا هەیە.

**سەرەتا**

میتودی دەروونی یەکێکە لەو میتودە گرنگانەی کە دەتوانێت لە قووڵایی خودێکی داهێنەردا کار بکات و ئەو شتانە کەشف بکات کە دەقەکە لە ڕووکاردا ئاشکرایان ناکات، ڕاڤەکردن بە پێی میتودی دەروونی، چەندان دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ یەکلاکردنەوەی دەق و بینینی لایەنە شاراوەکان، لەکاتێکدا دەق ڕێگایەک بێت بۆ دەربڕین، ئەوە دۆخی دەروونی تێیدا ڕۆڵێکی گرنگ لە نزیککردنەوەی پێوەندی نێوان دەق و خوێنەر دەبینێ.

میتودی دەروونی لەسەرەتای سەدەی بیستەم سەری هەڵداوە، بەتایبەتی لەسەر دەستی زانای دەروونناسی سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٦)، کە چەندان توێژینەوەی گرنگی بڵاوکردەوە، بەتایبەتی لە دوای چاپکردنی کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (ڕاڤەی خەونەکان) لە ساڵی ١٩٠٠ز، بەو شێوەیە یەکەم کەس بوو لەبارەی بیرۆکەی ململانێی دەروونی دواوە و بە ئەندازەیەکی گەورە پەنای بۆ ئەدەب و تێکستە ئەدەبییەکان بردووە و ئەوەی ئاشکرا کرد کە سەرچاوە ئەدەبییەکان بابەتی گرنگ بوون بۆ توێژینەوەکانی، فرۆید دەڵێ: (ئەدیبان لە سایکۆلۆژیادا مامۆستای ئێمەن،



گۆران

چونکە لە سەرچاوەیەکی گرنگی مرۆڤەوە بابەتەکانیان هەڵدەهێنجن)(١). لەبارەی ڕۆڵی فرۆیدەوە، نووسەر ئەکرەم قەرەداغی دەڵێت: (ڕاستەوخۆ لە بواری پزیشکییەوە چووە ناو سایکۆلۆژیەتی مرۆڤەوە و قوتابخانەی دەروونی وەک دەروازەیەکی زانستی لە سایکۆلۆژیای نوێدا لە ژێر تیشکی ئەم قوتابخانەیەدا خستە سەر پشت)(٢).

فرۆید هەوڵێکی زۆری دا بۆ ڕوونکردنەوەی ژیانی نووسەران و گەڕان بەدوای نهێنییەکانی ژیانیان و شیکردنەوەی ئەو هێمایانەی لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی دابووەوە، بەتایبەتی داڤنشی و شکسپیر و دەستۆیڤسکی.

ڕاستییەکەی فرۆید لە پاش خوێندنەوە بەردەوامەکانی بۆ ئەدەب، میتودی سایکۆلۆژیی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا گەڵاڵە کرد و برەوی پێ دا، (بۆچوونەکانی فرۆید کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ئەدەبی هاوچەرخ بەگشتی و سەرانسەر ئەدەبی ئەورووپی جێ هێشت، لەدواییدا ژمارەیەک چەمک و زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی نوێ سەریان هەڵ دا)(٣) لەدوای فرۆیدیش کۆمەڵێ ڕەخنەگری تر سەریان هەڵ دا و گەشەیان بە ڕێبازەکەی ئەو دا و چەندان بیروڕای تریان دەربارەی سایکۆلۆژیای ئەدەب دەربڕی، لەوانە شارل مۆزۆن (١٨٩٩-١٩٦٦) کارل یۆنگ (١٨٧٥- ١٩٦١)، ئالفرید ئیدلەر (١٨٧٠- ١٩٣٠)، جاک لاکان (١٩٠١-١٩٨١).

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین لە بۆچوونەکانی نووسەران ئەوە هەڵێنجین کە دەقی ئەدەبی دەرخەری ئەو دۆخەیە کە نووسەرانی تێدا پەروەردە بوون، بەواتایەکی تر:

١- دەقی ئەدەبی ئەو پرۆسە ئەدەبییە چەپێنراوەیە کە لە ژیانی خۆیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

٢- دەقی ئەدەبی بەرجەستەکردنی ئەو گرێ دەروونییەیە کە نووسەرەکەی بووە بە خولیای.

٣- دەق ئەو ڕەمزەیە کە لە ناخی نووسەردایە و خەونی پێوە دەبینێ(٤).

کەواتە هەر ساتەوەختێکی نووسین، نووسەر لە دۆخێکی سایکۆلۆجی و لە کاتی نووسیندا لەژێر کاریگەری بارێکی دەروونی نائاساییدایە و لە سایکۆلۆجیەتی نووسەردا لە دەقە بەرهەم هێنراوەکە ڕەنگ دەداتەوەو دەکرێت توخمە سەرەکییەکانی هزری نووسەر لە دەقەکەدا بدۆزینەوە و هەر لە وێشەوە لەبارە دەروونییە تایبەتەکەی بگەین و دەقە بەرهەم هاتووەکان دەبن بە بابەتگەلێک بۆ ناسینەوەی ئەو مانا و مەبەستەی لە پشتیانەوەیە، بەلای فرۆیدیشەوە (ڕاستییەکەی دەقی ئەدەبی خەون، یان فەنتازیای نووسەرەکەیەتی)(٥).

هەروەها نووسەران ڕایان وایە (ئەزموونی دەق بەپێی سایکۆلۆجی ژیانی نووسەرەکانیان لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، یان لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاوازیان دروست کردووە)(٦).

بەپێی ئەو بۆچوونانە، شیعر کۆمەڵێ بازنەی بەدەوری خۆیدا کێشاوە کە لەگەڵ زۆربەیاندا هاوبەشە، لەوانەش دەروونناسی، ئەم هاوبەش کردنەش لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر جیاوازە و کات و شوێن کاریگەریان لەسەر هەستی شاعیر هەیە و هەر شاعیرەش بەپێی ئەزموون و ژیانی خۆی دەقەکان بەرهەم دەهێنێ و حاڵەتە دەروونییەکان لەدایکبووی ئەوکاتەن کە بەرهەمە ئەدەبییەکەی تێدا دەخوڵقێ (چونکە ئەدەب و دەروونناسی یەک ڕێڕەویان هەیە، یان بڵێین هاوگەشتن لە باسکردنی هەر بنەمایەک لە بنەماکانی ئەدەب)(٧)، نووسەرانیش وایان باس کردووە کە (خودی ڕەخنەی دەروونی، خودێکی کاریگەرە لەنێوان هەردوو جەمسەری

دەق وەک پەیامنێر و پەیاموەرگری بابەتی شەفرە(کۆد)ی دەق، بەلای ڕەخنەی دەروونییەوە هەموو دەقێکی ئەدەبی جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی باری دەروونی نووسەری دەقی پێوە دیارە)(٨)، بەگشتی دەتوانین بڵێین بەشی هەرە زۆری ئەو کارکردە سایکۆلۆجیانەی وا لە هونەرمەند و ئەدیب دەکەن کاری داهێنەرانە بەرهەم بهێنن، دەگەڕێتەوە بۆ مەیلە ناوەکییە چەپێنراوەکان و بۆ ئەو ئارەزووانەی لە نائاگاییدا حەشار دراون.

## بەشی یەکەم: ڕەهەندی دەروونی لە هەردوو دەقی (جوانی بێ ناو و هەوری پاییز) دا

(گۆران)ی شاعیریش وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی، لێکدانەوەی بۆ ژیان هەبووە، بەڵام ئەم لە دیدی شاعیرانەی خۆیەوە دەڕوانێتە شتەکانی دەوروبەری، دەشێ هەر شتێکی جوان دڵخۆشی بکات و هەر شتێکی دژواریش دڵتەنگی بکات.

دیارە ئەو ڕووداوانەش کە لە ژیانیدا ڕوویان داوە، کاریگەرییان لەسەر دروست کردووە، بەتایبەتی (مردنی باوکی و کوژرانی براگەورەکەی و ئامادەنەبوونی کەسێک تا ئەو بۆشاییە ڕوحی و خۆشەویستی و سۆزدارییەی لاوێتی بۆ پڕ بکاتەوە)(٩)، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ چرکەساتی ژیانی گۆران ئەگەر کەمیش بووبن، جۆرە ئارامییەکیان بەشاعیر داوەوە جوانی شۆخێک زۆر جار بووەتە ئیلهامبەخشی دەقی شاکار و ناوازە (ئافرەت لە ڕوانگەی گۆرانەوە وەک ئافەریدەبوویەکی جوان و ناسک، هەڵگری هەموو ماناکانی جوانی و چێژی ئیستێتیکییە)(١٠).

لەڕوانگەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە لە دەقی (جوانی بێ ناو، هەوری پاییز) دەدوێین کە هەریەکەیان لە ڕووی دەروونییەوە لە دوو دۆخی جیاوازدا بەرهەم هاتوون، بەو پێیەی کە کاریگەری دەروونی ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیادنانی هەردوو دەقەکەدا هەیە، دەبێتە سەرهەڵدانی دەقی جیاواز، چونکە هەمیشە شاعیر لە دۆخێکی جێگیردا نییە و کاریگەری دەرەکی هۆکارێکە لەو هۆکارانەی ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمی شاعیر دا هەیە، فرۆیدیش لەو بارەیەوە دەڵێت: (کاتێ هەست بەنەخۆشی و ناخۆشی دەکرێت، پرۆسەی داهێنان بەئەنجام دەگات، هەر ئەو هۆیەشە کە هونەرمەند بۆ پێکەوە لکاندنی بیروڕاکانی بەکاری دەهێنێ)(١١).


(گۆران)ی شاعیر خۆیشی دەڵێت: (هەندێ جار لە قووڵایی دڵمدا هەستی پەستییەک دەکەم لە چەشنی مەستییەک دەچێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەند بیر و خەیاڵ و لێکدانەوەم لێ دەورووژێنێ شەکەتم دەکات، کەچی ئەگەر سەردەمێکی درێژ خۆیم لێ بشارێتەوە، گیانم وەک منداڵ دەکەوێتە بەر بارێکی بەکوڵ بۆی)(١٢).

(کاکەی فەلاح) لەبارەی شیعری (گۆران)ەوە دەڵێت: (باری دەروونی لە شیعری گۆران دا ڕەگ و ڕیشەی قووڵ و لق و پەلی بەرزی هەیە، لەپاڵ گیانە ئاواز بەخشەکە و چنینە ورد و درشتەکە، تیشکی بیر و هەست و ئەندێشە و هەموو لایەنە هونەرییەکان، ڕەسەنی و زمانە شیعرییەکە لەناخە دەروونیەکی پڕ کەفوکوڵی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ)(١٣).

لە دەقی (جوانی بێ ناو)دا، دۆخە دەروونییەکەی گۆران دۆخێکی جێگیرە، بابەت جوانی ئافرەتە، دۆخێکی ئاڵۆز دەوری شاعیری نەداوە، کاتێکی ئاسایی ژیانە، هیچ گەرد و تۆزێک نەنیشتۆتە سەر حاڵەتە دەروونییەکەی، نووسەر کەمال میراودەلی دەڵێت: (دەبێ ئەوەش بسەلمێنین کە مەسەلەی جوانی لای گۆران، هاوکێشەیەکی مەسەلەی ژیانە بە هەموو قووڵی و بەربڵاوییەکەوە، گەڕان بەدوای جوانیدا گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی مانایەکی باشتر و شێوەیەکی باشتر و جوانتری ژیان)(١٤). گۆران دەڵێ:

**قژکاڵی، لێو ئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ**
**ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ**
**ئەی کچە شەنگەکەی بەدەنگی چپە دوو**
**گەندەمووی دەموچاو مەچەک هەڵنەگرتوو**
**ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسک سووک**
**ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووک.(١٥)**

د.فازیل مەجید لەم دەقەی گۆران دەدوێت و دەڵێ: (زەوق و تەسەلی چاوی "گۆران" بە جۆرێک جیا لە خەڵکی پڕ دەبێتەوە و تێر دەبێ، بەرگی ساکاری پێ جوانترە لە بەرگی بووکی ڕازێنراوە، هەروەها دەنگی هێمن و کپ و چپەی بەلاوە خۆشترە لە دەنگی بەرز، گەندەمووی دەموچاو، مەچەکی هەڵنەگرتووی زۆر لا جوانترە لەدەم و چاوی ئارایشت کراو)(١٦). هەر لەبارەی چەند وێنەیەکی تری ئەم دەقەوە دەڵێت: (لە دووتۆی ئەم وێنە شیعرییانەوە هێمنی و لەسەرخۆیی، هەست ناسکی و زەوقی بەرز و جوان کە سروشتی



**فرۆید**

تایبەتی "گۆران" ن ڕەنگ دەداتەوە)(١٧).

گۆران لەم دەقەدا ڕابوردوو فەرامۆش دەکا و خەم و ئازارەکانی بیر دەچێتەوە، ساتەوەختی ئەم دەقە ئێستایە، هەموو جوانییەکان لەم ساتەدا کۆبوونەتەوە و کاریان لە ناخی شاعیر کردووە و ڕابوردوو بوونی نەماوە، چونکە ئەوانەی لەوەوبەر هیچیان تەسەلای شاعیریان نەشکاندووە:

**ئەی کچە کاڵەکە جوانی تر بازۆر بن**
**لەباخچەی بەهاردا گوڵباخی بەرخۆربن**
**با ڕەنگیان پەرداخت بێ و جێگەیان سەرچڵ بێ**
**بەواتەی خەڵکی تر باناویان شاگوڵ بێ**
**گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە**
**کەلە ژێر سێبەری توترکا خامۆشە(١٨).**

ئەو شۆخەی کە ئێستا لەبەر دیدی گۆران دا بوونی هەیە، هەموو جوانییەکەی پێ بەخشیوە، ئەو چی لە دەریای بێ سنوور و شەپۆلەکانی بکات! ئەو شەیدای جوانییەکە کە ئێستا بوونی هەیە، بەو جوانییە زام و ناخۆشییەکانی ژیانی بیرچووەتەوەو ئەو جوانییە هەموو ئارامی و ئاسوودەییەکی پێ بەخشیوە.

**ئەڵێی نەک هەر ئێستا عومرێکی درێژە**
**بەو دەست و پەنجانەت برینم سارێژە.(١٩)**

بە تێڕوانین لە سەرجەمی دەقەکە، شاعیر لە دۆخێکی دەروونی لەباردایە، ئەوپەڕی دڵنیایی بە ژیان هەیە، دیارە ئەگەر لەبارێکی ئاڵۆزدا بووایە، نەیدەتوانی بەو شێوەیە ئەو دەقە بەرهەم بهێنێ، (کەواتە پێوەندی نێوان ئەدەب و دەروونناسی، شتێکی ئاشکراو بەڵگەنەویستە و زانستی دەروونی بەدوای ئەوەدا وێڵە، ئایا دەروون کاریگەری لەسەر ئەدەب هەیە، یان بەپێچەوانەوە، یان کاریگەرییەکە دوولایەنەیە، دیارە دەروون ئەدەب دروست دەکات، ئەدەبیش دەروون دروست دەکات)(٢٠).

لە دەقی (هەوری پاییز)دا گۆران پێچەوانەی دەقی پێشوو لە دۆخێکی دەروونی خراپدایە، دۆخە دەروونییەکە ڕەوشێکی ڕەشبینی بە شاعیر داوە کە دنیای لێ بووە بە فرمێسک و گریان و وشە و وێنەی هونەری مات و خەماوی بەکارهێناوە، گۆران دەیتوانی داوا لە سروشت بکات بەسەر دەرودەشتدا بباریێ و ژیان نوێ بکاتەوە، بەشێوازێک ڕەشبینی تێدا نەبووایە، بەڵام لەبەر ئەوەی دۆخێکی نائارام و ناجێگیری هەبووە، بۆیە بەو شێوەیە مامەڵەی کردووە، لەو بارەیەوە د.ئیبراهیم فەیزوڵڵا دەڵێ: (دەقی ئەدەبی، نوێنەری ناوەوەی نووسەرەکەیەتی دەربارەی ژیان و ئەو شێوەیەی کە تێیدا دەژی)(٢١)، هەروەها دەڵێت: (دەقی ئەدەبی بەرهەمی نەستی نووسەرەکەیەتی)(٢٢)، واتە کارە ئەدەبییەکان لە جەوهەرەوە وێنەیەکی ئەو پاڵنەرە خەفەکراوانەن کە لە بێ ئاگاییەوە هەڵگیراون و هەمیشەش کارە ئەدەبییەکان دەربڕی ئەو دۆخە بوون کە نووسەر تێیاندا ژیاوە.

لەبارەی دەقی (هەوری پاییز) د. فازیل مەجید دەڵێ: (گۆران لە هەوری پاییزدا دێری شیعری پڕ دەبێت بە نائومێدی و ماتەمی و فرمێسک ڕژان بەسەر تەرمی دار و درەختەکانی سروشتدا، چونکە لەم وەرزەدا سروشت جوانییەکەی لە کیس داوە، ئاڵتوونی دارەکان دەرژێن و دار و دەوەن زەرد و ژاکاو و سیس بوون)(٢٣)، هەروەها دەڵێ: (گەلێ جار باری دەروونی "گۆران" ی خستۆتە گۆم و گێژاوی بیرکردنەوەو تێڕامان لە سروشت و گەردوون و دەوروبەر و لەگەڵ خۆیدا کەوتۆتە زۆرانبازی)(٢٤). هەر بۆ نموونە گۆران دەڵێت:

**لە دەریاوە قەتارەی هەوری بارشت کەوتە دووی پێشەنگ**
**بەسەر سنگی چیادا چۆکی داداوە، کش و بێدەنگ**
**بەسەر پاییزی زەردا با بەخوڕ بگری بە کوڵ بگری**
**لەسەر ئاخر گەڵا، ئاخر چڵی تەنیایی گوڵ بگریێ.(٢٥)**

ئەگەر بەگشتی سەرنج لە هەندێ وشە و دەستەواژەی

ناو ئەم دەقە بدەین، واتاکانیان دەربڕی دۆخێکی ناخۆش و هەڵچووی دەروونێکی ئاڵۆزن (هەوری باڕشت، سنگی چیا، کش و بێ دەنگ، پاییزی زەرد، بەخوڕ بگری، بەکوڵ بگری، دەشتودەری وشک، بەسەرپۆشا، بەسەر دڕکا، سەرچاوەی کزر، زیخی چەمی دێم، هاوینی گەرم، ئاوی خوێنین، گوڵی وا سیس، ئاخر چڵی عومر، قوڵپی گریان، زەرد و ژاکاو، گیان کەنشت، ماتەمی پاییز، فرمێسکی درشت... تاد).

هەریەکێ لەم وشە و دەستەواژانە، هەڵچووی ناو دڵێکی پەنگخواردووە کە مرۆڤ لە دۆخێکی ئاسایی و ئارامی ژیاندا بەم شێوەیە مامەڵە ناکات، هەریەکە لە دەربڕینەکان ئەوە دەردەخەن کە ناخی شاعیر پڕە لە ئاڵۆزی و خەم و ژان، بۆیە دەروونی خۆی بەو شێوەیە خاڵی دەکاتەوە.

بەم شێوەیە گۆران لە دنیا فراوانەکەی شیعری خۆیدا لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا لایەنی گەشبینی و ڕەشبینی لە زۆربەی دەقەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و هەتا کۆتایی ژیانیشی ئەو دۆخە دەروونییانە بەسەریدا زاڵ بوون، هەر لەم بارەیەوە توێژەر سامان عیزەددین دەڵێ: (هەرکاتێ شاعیر دڵخۆش بێ، ڕوو لەو دەنگ و دیاردانە دەکات کە مایەی خۆشی و کامەرانی و شادی بێ، هەرکاتێکیش نیگەران بوو، ڕوو لەو لایەنانەی سروشت دەکات کە ئاماژەن بۆ دڵتەنگی و پەستی و بێزاری و غەمباری)(٢٦).

## بەشی دووەم: بەکارهێنانی ڕەنگ لە هەردوو دەقی ((جوانی بێ ناو- هەوری پاییز)) دا:

### سەرەتایەک بۆ ڕەنگ:

ڕەنگ زمانی هەمیشەیی سروشت و مرۆڤە، هەر لە سەرەتا و سەردەمە کۆنەکانەوە، ڕەنگەکان سەرنجی مرۆڤیان ڕاکێشاوە، بۆیە مرۆڤ بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ماناو هێمای ڕەنگەکان کۆششی کردووە، ئەو مانا و هێمایانەی لە خۆیان گرتووە، واتە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ژیانەوە لەسەر زەوی مرۆڤی کۆن هەوڵی داوە سروشت و تایبەتمەندی ڕەنگەکان بزانێت و بیانناسێت و خۆی پێوە خەریک کردووە، بڕوای وابووە هەریەک لەو ڕەنگانە نهێنییەکیان تێدایە و مانایەک دەبەخشن، ڕەنگەکان لای هەندێک لە گەل و میللەتانی دنیا یەکێکە لەو ئامراز و هێمایانەی کە بەهۆیەوە هەست و سۆزەکانی خۆیان پیشان داوە و دەربڕیوە تاوای لێ هاتووە ڕەنگ بووەتە نامەیەکی مانادار بۆ کەسێک، یان گەلێک ڕەوانەکراوە(٢٧).

بەکارهێنانی ڕەنگ لە ئەدەبدا و بەتایبەتی لە شیعر دا ڕەنگی داوەتەوە، هەر لە کۆنیشەوە شاعیرانی کورد بایەخیان بەبەکارهێنانی ڕەنگ داوە، (گۆران)یش وەک شاعیرێکی هاوچەرخ زیاتر بایەخی بەڕەنگ داوە و بەهۆی ڕەنگەوە دەتوانرێ حاڵەتە دەروونییەکەی دیاری بکرێت، چونکە: (ڕەنگ هۆکارێکە بۆ دەرخستنی مەبەستەکانی شاعیر، ڕەنگ لە شیعردا هێمای جوانییە و ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی بنیادنانی هونەری و هەڵگری ئەو مەبەستانەیە کە پەیوەستن بە هەستی بینینەوە، ڕەنگ لە هەموو دۆخەکاندا دەرخەری هەستی شاعیرە و سەرچاوەیە بۆ جووڵە و خۆشی و دڵنیایی، ڕەنگ گرنگترین دیاردەی سروشت و جوانییەکەیەتی و لە گرنگترین ڕەگەزەکانە کە وێنەی هونەری پێکهەدەهێنێ، نووسەران ڕەنگ بەرهەم دەهێنن بۆ دروستکردنی هاوسەنگی و گونجان کە بنچینەی زانستی جوانییە) (٢٨)، هەروەها دەربارەی ڕەنگ وتراوە: (ڕەنگ لەو شتە جوانە هەست بزوێنانەیە کە خاوەنی کۆمەڵە خاسیەتێکە، هەر خاسیەتەی چەندان لایەنی پڕ بە پڕی ژیان و جیهانی هەیە، ڕەنگ زمانە و زمانێکی جوان دەربڕە و باش بەرجەستەکەرە و ڕاستەوخۆ لە تەک هەستەکان و ناخدا دەدوێ و بە کەمترین ماوە کار دەداتەوە و کارلێکردن دروست دەکات، ئەمەش ڕێژەییە و بەپێی کات و شوێن و بار و حاڵەت دەگۆڕێ، ڕەنگ خاوەنی چەندان لایەنە، بۆیە هەمەجۆر لێکدانەوەی هەیە و دەتوانرێ هۆکارەکانیشی بزانرێ) (٢٩)، یان دەوترێت: (هەر ڕەنگە دەلالەتی تایبەتی خۆی هەیە لە شیعر دا بەهۆی ڕەنگەوە دەتوانرێ زەوق و سروشتی تایبەتی باری دەروونی و ئاوات و هیوای شاعیر بزانرێت) (٣٠). هەر لەڕووی کاریگەری ((ڕەنگ))ەوە و دەوری لە نەخشاندنی نەرێتی ئیستێتیکی لە تێکستی شیعردا، شانۆکار ئەحمەد سالار دەڵێت: (ڕەنگ هۆیەکی هەرە بەهێز و بە توانا و دەستبالا و هەرە زیندووە بە هەموو توانایەکی زیندوێتی، بۆیە ڕەوانترین و کاریگەرترین زمانە، ڕەنگ مۆسیقایە، مرۆڤە، خودی شاعیرە، کەرەستەیەکی بەهاداری دەستی شاعیرە لە ڕووی داهێنان و ئیستێتیکاوە) (٣١)،

کەواتە شاراوە نییە ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە ڕەنگ لە ژیانی مرۆڤدا دەیبینێ، چونکە گرنگترین دیاردەی سروشتە کە سەرنجی مرۆڤی ڕاکێشابێت و لەئەنجامی ئەوەدا خۆی لەگەڵ گونجاندووە، لێرەدا بەبۆچوونی نووسەرێک ئەم پەرەگرافە کلۆم دەکەین کە دەڵێت: (لە شارستانیەتە جۆراوجۆرەکاندا دەلالەتی ڕۆشنبیری و هونەری و ئایینی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هێمایی و ئەفسانەیی دەگەیەنێ، لە توێژینەوە نوێیەکاندا دەرکەوتووە کە ڕەنگەکان کاریگەریان لەسەر خانەکانی لەشی مرۆڤ هەیە و هەر ڕەنگێ گوژمەیە کاریگەری خۆی هەیە کە کار لە خانەی مێشکی مرۆڤ دەکات و کاریگەری دەروونی جێ دەهێڵێ) (٣٢).

**چەمکی ڕەنگ لە هەردوو دەقی**
**((جوانی بێ ناو و هەوری پاییز)) دا**

**- لە دەقی (جوانی بێ ناو)دا:**

لەم دەقەدا گۆران بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگی سادەو کاڵی بەکارهێناوە کە هێمای سادەیی ژیان و گوزارشتکردنە لە دۆخێکی دەروونی ئارام و لەسەرخۆ کە دوورە لە هەموو ئاڵۆزییەک و شاعیر زیاتر ڕەنگی سپی بەکارهێناوە(ڕەنگی سپی هێمای پاکی و خۆشی و سەرکەوتن و ئاشتی و بێ دەنگییە، هەرچەندە ڕەنگی سپی هەندێ جار لە سیفاتەکەی خۆی دوورکەوتۆتەوە، بۆ نموونە لای گەلی چین هێمای خەم و خەفەتە، بەڵام لای خواوەندی ڕۆمانییەکان ڕەنگێکی پیرۆز بووەو قوربانییان پێشکەش کردووە، لای ئایینی مەسیحیش ئەو کراسە بووە کە مەسیح لەبەری دابووە، لای فیرعەونییەکانیش ڕەنگی تاجەکانیان سپی بووە، بەواتای ئاشتی و دڵنیایی)(٣٣)، هەروەها(ڕەنگی سپی وەک بێ لایەن ناوزەد دەکەین، ئەمە جگە لەوەی هێمای پاکی و بەرائەت و ڕاستی و ڕۆشنایی و کەماڵ و ئاشتییە؛ڕەنگی بەرگی بووک و بەیداخی خۆبەدەستەوەدانە) (٣٤). هەر ئەحمەد سالار لەم بارەیەوە دەڵێت: (ڕەنگی سپی: فریشتەیی، ساکاری، پاکژی، بڕواداری، دڵنیایی، پوختەیی، خێرخوازی دەگەیەنێ... لەلای گەلانی وڵاتە سارد و سەهۆڵبەندەکان، هێمای بەفر و سەرما و بەستەڵەکە) (٣٥).

ئەگەر لە چەند دێڕێکی ناو دەقەکە وردبینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە گۆران چەند بایەخی بە ڕەنگی سپی و کاڵ داوە کە خۆی لە خۆیدا هێمایە بۆ دۆخێکی دەروونی و ئارام و لەسەرخۆ و دوور لە ئاڵۆزی: دەڵێت:

**قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ**
**ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێ ئاڵ**
**ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسک سووک**
**ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووک**(٣٦).

یان دەڵێ:

**لە هەموو ئاسمانا ئەستێرەی بەربەیان**
**ئەخاتە دڵی من هەستێکی سپی و جوان** (٣٧)

(گۆران وەک زۆربەی شاعیرەکان ڕەنگی بەکار نەهێناوە کە دەلالەتی گشتیان هەبێت، بەڵکو لە ڕووی سروشتی تایبەتی خۆیەوە لە دەروونی خۆیەوە سەیری ڕەنگەکانی کردووە) (٣٨).

بەو جۆرە ڕەنگ جگە لە واتا سادەکەی خۆی، واتای تریشی هەیە، ئەو واتایەش شێوەی بەکارهێنانیان لای شاعیرەکانەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت، (گۆران)یش لەم دەقەدا ڕەنگی بەشێوەیەک وێناکردووە کە لەگەڵ دۆخە دەروونییەکەی خۆیدا بگونجێ کە دۆخی ئارامی و ئاسودەیی ژیانە.

**- چەمکی ڕەنگ لە دەقی (هەوری پاییز)دا:**

شاعیر لەم دەقەدا چەند ڕەنگێکی لە ڕەنگە تۆخەکان بەکارهێناوە کە پێیان دەوترێ ڕەنگە گەرمەکان (ڕەنگە گەرمەکان جووڵێنەر و وروژێنەرن، بە پێچەوانەی ڕەنگە فێنکەکان کە هێمنکەرەوە و دامرکێنەرن) (٣٩). هەریەکێ لەو ڕەنگانە کاریگەری خۆی لەسەر دەروونی شاعیر هەیە، چونکە سەرەتا بە هەور دەست پێ دەکات کە ئەویش ڕەنگی ڕەشی بەسەردا زاڵە، لە کولتووری زۆربەی گەلانی جیهاندا، ڕەنگی ڕەش هێمایە بۆ مەرگ و ماتەمینی و خەم و ناخۆشی، بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕەنگە بەشەڕخوازی و کارەساتەوە پەیوەست بووە. (ڕەنگی ڕەش ئەو ڕەنگەیە کە بەسەر ژیانی مرۆڤدا زاڵە و زیاتر چۆتە ناو چارەنووسیانەوە، ڕەنگی ڕەش بریتییە لە ترساندن لە شتی نادیار و زیاتر بۆ ون بوون و نەمان بەکاردەهێنرێ. مانای دژی جوانی دەدات دەلالەتە لە خەفەت و ڕەشبینی) (٤٠)، هەروەها دەبارەی ئەم ڕەنگە وتراوە: (ڕەنگی ڕەش هەروەک ڕەنگی سپی ڕەنگێکی

بێ لایەنە و دڵتەنگ و خەمۆکی و خۆخواردنەوە و قووڵ و ترسناکە، هێمای داخ و تاریکی و مردن و نهێنێ و ترس و تیرۆریست و شەڕە، ڕۆژە ناخۆشەکان بەو ڕەنگە ناوزەدکراون، وەک ڕۆژی ڕەشی شەشی ئەیلوول) (٤١). لێکۆڵەر پەخشان عەلی ئەحمەدیش دەڵێ: (ڕەنگی ڕەش بەواتای ناخۆشی، دڵتەنگی، ماتەمی، زوڵم و زۆر، داپلۆسین، ئابڵۆقەدان، مەینەتی، خەم و خەفەت، غەدرلێکراو، شەو، تاریکی، مەرگ) (٤٢).

ڕەنگی ڕەش، لەم دەقەی گۆراندا پێوەندی بە ژیانی شاعیر و دۆخە دەروونییەکەیەوە هەیە، چونکە شاعیر لە سەرەتای ژیانیدا چەندان دەردەسەری و ناخۆشی و نەبوونی و ئاڵۆزی ژیانی دیوە، چەند جار وشەی هەوری بەمانای ڕەنگی ڕەش بەکارهێناوە و چەند جارێ دووبارەی کردۆتەوە کە هەمووی دەلالەتە لە دڵتەنگی و ئەو دۆخە نالەبارەی شاعیری تێدابووە کە بریتی بووە لە گرانی ژیان و ئاڵۆزییەکانی.

**لە دەریاوە قەتارەی هەوری بارشت کەوتە دووی پێشەنگ**
**بەسەر سنگی چیا دا کۆچی داداوە کش و بێدەنگ**
(٤٣)

لە هەمان دەقدا ڕەنگی زەردی بەکارهێناوە، هەرچەندە ڕەنگی زەرد هێمای ڕۆژهەڵهاتن و ڕووناکییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند دەلالەتێکی تری هەیە کە پێچەوانەی ئەوانی پێشووە(ئەویش دەلالەتە لە خەم و خەفەت و تێکشکان و تەمبەڵی و مردن و لەناوچوون، هەروەها دەلالەتێکی تر دەیبەستێتەوە بە پاییز و مردنی سروشت و بیابانی وشک) (٤٤). ئەدەبناسێک دەڵێت: (ڕەنگی زەرد واتای نەخۆشی، خەم و خەفەت، پیری، بێ توانایی، سەرنەگرتنی تێکۆشان، حەسوودی، ڕق و کینە، لاوازی، بیابان، لم) (٤٥).

ئاشکرایە کە شاعیرانی کورد پاییزیان بە هێمای هەڵوەرینی ژیان و تەمەن کورتی و خەزان پیشان داوە و چەندان جار پاییزیان بە مردن و لەناچوون هێما کردووە، (گۆران)یش هەر بەو شێوەیە سەرنجی لە پاییز داوە و لە چەندان دەقی تریشیدا ئەو حاڵەتەی دووبارەکردۆتەوە، لەم دەقەشدا دنیابینی گۆران سکاڵاکردنە بۆ بووژانەوەی ژیان، چونکە ژیان لەوێدا برستی لێ براوە، بۆیە لە ڕووی دەروونیشەوە کاریگەری دیار و ئاشکرای لە شاعیر کردووە و ئەو جۆرە دەقەی بەرهەم هێناوە کە دەڵێ:

**بەسەر پاییزی زەردا با بەخوڕ بگری بە کوڵ بگری**
**لەسەر ئاخر گەڵا، ئاخر چڵی تەنیایی گوڵ بگری**
**بەخوڕ بگری بە کوڵ بگری بەسەر دەشت و دەری وشکا**
**بەسەرداری گەڵا زەردا بەسەر پووشا بەسەر دڕکا** (٤٦)

گۆران لەم دەقەدا پەنای بۆ ڕەنگی سووریش بردووە، (گرنگترین سیفاتی ئەم ڕەنگە پێوەندی بە خوێنەوە هەیە، ڕەنگێکی ترسناکە، لەڕووی دەروونی و ئایینییەوە ڕەنگێکی پیرۆزە، هێمای خۆشییە، لە هەمان کاتدا هێمای خەم و خەفەتە و ڕەنگێکی ترسێنەرە) (٤٧).

توێژەرێک دەربارەی هەمان مەبەست دەڵێت: ڕەنگی سوور مانای (شۆڕش، بەرخۆدان، جووڵان، ژیانێکی تووڕە و خوێناوی، شەهیدبوون، خوێن) (٤٨) دەگەیەنێت.

**بەفر ئاسۆی بڵند بگرێتە چوار چێوەی بلوورینی**
**لەچەم هەستێ خوڕەو هاژەی شەپۆلی ئاوی خوێنینی**
(٤٩)

ئاوی خوێنین بەواتای سووری ئاوی ناوچەمە بەهۆی خوڕە خوڕ و هاژەی شەپۆلەکانەوە لەپاش باران قوڕ و لیتە لەگەڵ خۆی دەهێنێت و ڕەنگی ئاوەکە سوور دەکەن، بەم شێوەیە هەریەکێ لەو ڕەنگە تۆخانەی ئاماژەمان پێ داون و گۆران لە دەقی ناوبراودا بەکاری هێناون، ئاماژەن بۆ حاڵەتە دەروونییەکان کە کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ دروست دەکەن، (گۆران)یش یەکێکە لەو کەسانەی کە ئەم کاریگەرییەی لەسەر هەبووە، واتە بەگشتی (هەر ڕەنگە مەبەست و واتای خۆی هەیە، کاریگەری تایبەتی هەیە و ژیان و بیرەوەرییەکانی تەمەنی پێوەیە، ڕەنگ لە وشە دەربڕترە، خێراتر و کاریگەر ترە، کاریگەری ڕەنگ ویست و نەویستنی لە شوێنێکەوە، یان لە تەمەنێکەوە و لە ڕۆژگارێکەوە، هەروەها لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێ، واتا ڕەها نییەو ڕێژەییە) (٥٠).

### ئەنجام

لەباسەکەماندا گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

١- باری دەروونی کاریگەری لەسەر بنیادنانی دەقی ئەدەبی هەیە.

٢- گۆران یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لەژێر باری دەروونیدا زۆربەی دەقەکانی بەرهەم هێناوە.

٣- دۆخی دەروونی کاریگەری لە دۆخی گەشبینی و ڕەشبینی گۆران دا بینیوە.

٤- ڕەنگ پێکهاتەیەکە دەقی ئەدەبی بەرهەم دەهێنێ

و سایکۆلۆژیای نووسەر لە دەقەکەدا ڕەنگ دەداتەوە.
٥- ڕەنگ دەرخەری حاڵەتە دەروونییەکانی (گۆران)ـە و لە زۆربەی دەقەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

**پەراوێزەکان:**


١) نەوزاد ئەحـمـەد ئەسـوەد، فـەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکـردنەوەی سلێـمـانی، سلێمانی، ٢٠١١، ل١١٦.
٢) ئەکـرەم قـەرەداغـی، قـوتابخـانەی دەروون شـیکردنەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، نووسەری کورد، ژمارە(٦)، خ، دووەم، ل١٠٢.
٣) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل١١٧.
٤) د.ابراهیم فـضل الله، علم النفس الادبي، دار الفـارابي، ٢٠١٠، ص٩٥.
٥) چارلز برێسلر، و. عەبدوالخالق یەعقووبی، ڕەخنەی ئەدەبی و قـوتابخـانەکـانی، چ، دووەم، بڵاوکـراوەی ئاراس، هەولێـر، ٢٠٠٧، ل١٨٢.
٦) پ.د. زاهیر لەتیف، سایکولۆجیای دەق، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٣٨٩)، ژ:٢٠١١، ل٤.
٧) د.شکري عـزیز الماضي، و. د.سـەردار ئەحـمـەد گـەردی، تیـوری ئەدەب، چ١، چاپخـانەی مـاردین، هەولێـر، ٢٠١٠، ل١٤٧.
٨) د.عـادل گـەرمـیـانی، پێـوەندی ڕەخنەی دەروونی بە دەق و داهێنانی ئەدەبی، گ. ڕامان، ژ(٩٧)، ٢٠٠٥، ل٥٧.
٩) عـەتا قـەرەداغی، گـۆران و گـەڕان بەدوای یەقینـدا، دەزگـای سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٨.
١٠) عەتا قەرەداغی، گەڕان بەدوای ماناکانی شیعردا، چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٧٨.
١١) مەجید مـەحـمـود، شیـعر و فـەلسەفە، و:فوئاد مەجید میسری، چ/دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦٩.
١٢) کاکەی فـەلاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل٢٥.
١٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.
١٤) کەمال میراودەلی، ئافرەت و جوانی لە شیعری گۆران دا، نووسەری کورد، خ دووەم، ژمارە(١)، ١٩٧٩، ل٢٢.
١٥) دیوانی گـۆران، پێـشـەکی و پەراوێز، مـحـەمـەدی مـەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠، ل٤٦.
١٦) د.فازیل مەجید مەحمود، سروشت لە شیعری گۆران دا، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٦٦.
١٧) سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.
١٨) دیوانی گۆران، ل٤٥.
١٩) دیوانی گۆران، ل٤٥.
٢٠) سەردار ئەحمەد گەردی، بنیادی وێنەی هونەری لە شیعری کـوردی دا(١٩٧٠- ١٩٩١)، دەزگـای چاپ و پەخشی سـەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٨٨.
٢١) د.ابراهیم فـضل الله، علم النفس الادبي مع نصـوص تطبیقیة، دار الفارابي، لبنان، ٢٠١١.
٢٢) سەرچاوەی پێشو، ل٩٦.
٢٣) د.فـازیل مـەجید مەحمود، سروشت لە شیعری گۆران دا، ل٩٠.
٢٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.
٢٥) دیوانی گۆران، ل١٦٥.
٢٦) سامان عـیزەدین سەعدون، دەقە شیـعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسـیـیـەوە، نامـەی دکـتـۆرا، زانکۆ سلێـمـانی، ٢٠١٣، ل١٧٨.
٢٧) بڕوانە: محـمـد سلێمان عـەباس، ڕەنگەکان لە کولتوور و باوەڕی کۆندا، گ. ڕامان، ژمارە(١٥٣)، ٢٠١٠، ل١١٠.
٢٨) بڕوانە: رسـول بلاوي، دلالات، الالوان في شـعـر یحـیی السماوي، سایتی ئەلکترونی.
٢٩) ئەحـمـەد سالار، ڕەنگ لە ڕەنگداندا، چاپخانەی کـەمال، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٧٤.
٣٠) د.فـازیل مـەجید مەحمود، سروشت لە شیعری گۆران دا، ل١٦٤.
٣١) ئەحمەد سالار، ڕەنگ لە ڕەنگداندا، ل٨٣.
٣٢) بڕوانە: کلود عبید، الالوان (دورها، تصنیفها، مصادرها، رمزیتها ولادتها)، مراجعة و تقدیم. د. محـمد حمود، بیروت، لبنان، ٢٠١٣، ص١٠٩.
٣٣) د. رسـول بلاوي، دلالات، الالوان في شـعـر یحـیی السماوي، سایتی ئەلیکترونی.
٣٤) فازیل کەریم و کۆمەڵێ نووسەری تر، خەیاڵ و ڕوح، چەند تێڕوانینێک بۆ شیعری کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٥٤.
٣٥) ئەحمەد سالار، ڕەنگ لە ڕەنگداندا، ل٧١.
٣٦) دیوانی گۆران، ل١٦٥.
٣٧) دیوانی گۆارن، ل١٦٥.
٣٨) د. فـازیل مـەجید مەحمود، سروشت لە شیعری گۆراندا، ل١٦١.
٣٩) فازیل کەریم و کۆمەڵی نووسەر، خەیاڵ و ڕوح، ل٢٥٥.
٤٠) د.رسول بلاوي، دلالات الالوان في شعر یحیی السماوي،

سایتی ئەلکترونی.
٤١) فازیل کەریم و کۆمەڵی نووسەر، خەیاڵ و ڕوح، ل٢٥٥.
٤٢) پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٠٣.
٤٣) دیوانی گۆران، ل ١٦٥.
٤٤) د.رسول بلاوي، دلالات الالوان في شعر يحيى السماوي، سایتی ئەلکترونی.
٤٥) پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، ل٢٠٤.
٤٦) دیوانی گۆران، ل١٦٥.
٤٧) د.رسول بلاوي، دلالات الالوان في شعر يحيى السماوي، سایتی ئەلکترونی.
٤٨) پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، ل٢٠٤.
٤٩) دیوانی گۆران، ل١٦٥.
٥٠) ئەحمەد سالار، ڕەنگ لە ڕەنگداندا، ل٢١.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

* ئەحمەد سالار، ڕەنگ لە ڕەنگداندا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠٠٩.
* پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.
* چارلز برێسلیر، و. عەبدوالخالق یەعقووبی، ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی، چ، دووەم، بلاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
* حەمە ئەمین قادر(کاکەی فەلاح)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا، ١٩٧٨.
* سەردار ئەحمەد گەردی، بنیادی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا(١٩٧٠- ١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
* د.شكري عزيز الماضي و: د.سەردار ئەحمەد گەردی، تیوری ئەدەب، چاپخانەی ماردین، هەولێر.
* عەتا قەرەداغی، گۆران و گەڕان بەدوای یەقیندا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.
* عەتا قەرەداغی، گەڕان بەدوای ماناکانی شیعردا، چاپ و پەخشی مەحوی، سلێمانی، ٢٠٠٦.
* فازیل کەریم و کۆمەڵی نووسەری تر، خەیاڵ و ڕوح، چەند تێڕوانینێک بۆ شیعری کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
* د.فازیل مەجید مەحمود، سروشت لە شیعری "گۆران"دا، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧.
* گۆران(دیوان)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٠.
* مەجید مەحمود، و: فوئاد مەجید میسری، شیعر و فەلسەفە، چ دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

**گۆڤار:**

* کەمال میراودەلی، ئافرەت و جوانی لە شیعر گۆارن دا، نووسەری کورد، خ دووەم، ژمارە(١) ساڵی ١٩٧٩.
* د.عادل گەرمیانی، پێوەندی ڕەخنەی دەروونی بەدەق و داهێنانی ئەدەبی، گ ڕامان، ژ(٩٧)، ٢٠٠٥.
* محەمد سلێمان عەباس، ڕەنگەکان لە کولتوور و باوەڕی کۆندا، گ.ڕامان، ژمارە(١٥٣)، ٢٠١٠.

**- ڕۆژنامە:**

* پ.د.زاهیر لەتیف، سایکۆلوجیاتی دەق، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارە ٥٣٨٩، ٢٠١١/١١/٢٧.

**نامەی زانکۆیی:**

* سامان عیزەدین سەعدون، دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆ سلێمانی، ٢٠١٣.

*** سایتی ئەلیکترۆنی:**

* رسول بلاوي، دلالات الالوان فی شعر يحيى السماوي، مركز النور، www.alnoov,selavtcle.11.6.2013.

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

* د.ابرهيم فضل الله، علم النفس الادبي مع نصوص تطبيقية، دار الفارابي، لبنان، ٢٠١١.
* د.كامل السوافيري، دراسات في النقد الأدبي، ط١، مكتبة الوعي العربي، ١٩٧٩.
* كلود عبيد، الالوان (دورها، تصنيفها، مصادرها، رمزيتها ولادتها) مراجعة وتقديم. د. محمد حمود، بيروت-لبنان، ٢٠١٣.

# مەیلی ڕەوایی و چێژێکی بریندار
# خولیای گێڕانەوە لە "ئەو باڵندە بریندارە کە منم"

**د. محەمەد ڕەحیمیان**
**(تیکاب)**


«هەبوون واتە هەبوونێکی ڕوو بە مەرگ» (١) ئەمە مەعریفەی «هایدگەر»ـە سەبارەت بە هەبوون، کە وابێ هەموو هەبوونێک بە مەرگ پێناسە دەکرێ و مەرگ دەوامی مەنتیقی هەبوونە. لە ڕستەکەی «هایدگەر»دا وشەی «ڕوو بە...» داکۆکییەکە لەسەر «بزاف». بزاڤێک کە هەر چەشنە هەبوونێک بە مەرگ دەبەستێتەوە. لەم پێناسەیەدا بزاف گرینگایەتییەکی ماهییەتی هەیە. دیارە هەر بزاڤێک ڕاستەوخۆ بە «زەمان» بەستراوە و بەم پێیەش «زەمان» ماهییەتی هەبوونە، واتە هیچ هەبوونێک لە دەرەوەی زەمان ناگونجێ، یان هەر هەبوونێک لە زەماندا دەست پێ دەکا و لە کاتێکی تایبەتیشدا کۆتایی پێ دێ.

«پۆل ڕیکۆر» بە دابەشکردنی زەمان بە دوو بەشی «زەمانی تاکەکەسی» و «زەمانی تێکڕایی زبانی» پێداگری لەسەر «زەمانی ئینسانی» (٢) دەکات. لای ئەو زەمانی تاکەکەسی هەر ئەو زەمانە مێژووییەیە کە پەیتا پەیتا بەرەو نەمان دەچێ و هەبوون لەگەڵ خۆی ڕادەماڵێ. با بڵێین زەمان وەک کات، کاتێک کە بەرەو کۆتایی دەچێ و هەر هەبوونێک ڕووبەڕووی نەمان دەکاتەوە. لەم شێوە زەمانییەدا، هەر هەبوونێک کاتی تایبەتی خۆی هەیە کە کۆتایی پێ هات، ئەو هەبوونەش لە ناو دەچێ.

مەبەستی «ڕیکۆر» لە «زەمانی تێکڕایی زبانی» زەمانێکی هەمووانی و نامێژوویی و بێکۆتاییە کە هەر هەبوونێک بەم زەمانە بەسترابێت نەمر و بەردەوامە. ئەم زەمانە، زەمانێکە کە لە زباندا دەگونجێ و بە هۆی زبان دەگێڕرێتەوە، بۆیە کۆتایی پێ نایە. لە لایەکەوە هەر هەبوونێک بە بوونێکی زبانی قەوارە بگرێ نافەوتێ، چونکە زەمانێکی نەفەوتاوی وەبەرکەوتووە، کەوابێ دەکرێ دوو جۆرە هەبوون لە بەر چاو بگرین: «هەبوونی زەمانی»، «هەبوونی زبانی». هەبوونی زەمانی بە هۆی زاتی زەمان ڕووی لە نەمانە، بەڵام هەبوونی زبانی بە بۆنەی داڵدەیەک وەک زبان، لە مەرگ و لەو «هەبوونە هایدیگەر»ییە کە سەرەتا باسی کرا، ڕزگار دەبێ.

هەبوونی زبانی بە مانای نەفی کردن و سڕینەوەی زەمان لەم شێوە هەبوونە نییە، بەڵکو جیاوازی لە چۆنایەتی زەمانی ئەو دوو شێوە هەبوونە (زبانی و زەمانی)یە کە جیاوازی دەخاتە نێوانیان.

«زەمانی تاکەکەسی» زەمانێکی تێکەڵکراوە کە بەسەر سێ کاتی ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوودا دابەش دەکرێ، بەڵام ئەم دابەشکارییە فێلێکی زبانییە و بوونیکی واقیعی و هەستپێکراوی نییە. بە واتایەکی دیکە هەر هەبوونێک لە زەمانی تاکەکەسیدا، هەبوونێکە ئێستا (بوون لەکاتی ئێستادا) کە ڕابوردوو و داهاتوو، بایەخێکی چەمکی بۆ هەیە و بوونێکی دەرهەستی و نەژیاوە، چونکە ئەو دەمەی کاتی خۆی ڕاتبواردووە وەک



**عەتای نەهایی**

ئێستایەک هەستت پێکردووە و لە لایەکی دیکەوە کە گەیشتییە ئەو کاتە کە بە داهاتوو ناوی لێ دەبەی، ئیدی داهاتوو نییە و تۆ لە کاتی ئێستا دایت، بۆیە دەڵێین کە لە زەمانی تاکەکەسی، یان مێژوویيدا ڕابوردوو و داهاتوو، واقیعی نییە و تەنیا فێڵێکی زبانییە.

«زەمانی تێکڕایی زبانی» بە ڕواڵەت زەمانێکی بێ تێکەڵکاری و ساکارە کە بە نیسبەت زەمانی تاکەکەسی، زەمانێکی مەجازییە. لەم زەمانەدا ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوو لە ئێستایەکی ڕەواییدا دەگێڕڕێتەوە و ئەزموونێکی زەمانییە لە پانتایی زباندا. لە «زەمانی تاکەکەسی»دا ڕابوردوو کۆتایی پێ هاتووە و نییە. زەمانی ئێستا پەیتا پەیتا ڕادەبوورێ و لە ناو دەچێ و داهاتووش بێ وچان وەدوا دەکەوێ، بۆیە تێکەڵاوی ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوو لە زەمانی تاکەکەسیدا، وا دەچێ بوونێکی واقیعی نەبێ. ڕابوردوو کۆتایی پێ دێ و ئێستا ڕادەبوورێ و داهاتوویەکیش لە گۆڕێدا نییە، بەڵام لە «زەمانی تێکڕایی زبانی»ـە کە ڕابوردوو بە دووپات بوونەوە و داهاتووش وەک ئێستا، هەستی پێ دەکرێ و بوونێکی واقیعییان هەیە و هەستی پێدەکەی. «مارسل پرۆست» دەڵێ: «ئەدەبیات (وەک بەرهەمێکی زبانی) شادمانییەکە بە هۆی دۆزینەوەی واقیعییەت» (٣).

ئەو پێوەندییە یاسامەندە کە لە نێوان خەسڵەتەکانی زەمانی تاکەکەسی و زەمانی تێکڕایی زبانی پێکدێ «ڕیکۆر» ناوی «زەمانی ئینسانی» لێدەنێ. ئەو زەمانەی کە بە زبان دەگێڕڕێتەوە، واتە ڕەوایەت. بەم پێیە زەمان و زبان دوو توخمی سەرەکین کە لە پێوەندییەکی دیالێکتیکیدا ڕەوایەت پێکدێنن، واتە ڕەوایەت زەمانێکە کە بە زبان دەگێڕڕێتەوە. توخمی زەمان هەبوون دەخاتە بەر ڕەوایەت و توخمی زبان بە هۆی ماهییەتی خۆی تەکووزی (نیزام) و مانای پێ دەبەخشێ. ڕەوایەت بەو هۆیە کە لە زەمانێکی واقیعی کەڵک وەردەگرێ و لایەنێکی تەکووزمەند و ماناداریشی پێ دەبەخشێ، هەر هەبوونێک بێنێتە دی، هەبوونێکی بەردەوامی ئینسانییە نەک دەرهەستی و وەک زەمانێکی متافیزیکی. لەم زەمانە ڕەواییە (زەمانی ئینسانی بە بڕوای ڕیکۆر) زەمان لە چەشنی متافیزیکی خۆی لەت لەت دەبێ و دادەبەزێتە سەر کەسەکان و دەبێتە کاتێکی نەبڕاوەی ئەوان. لێرەدایە کە کەس و کات و شوێن، شوناسی پێ دەبەخشرێ. شوناسێک کە لە زەمانێکی بەردەوامدا و بە هەر جار گێڕانەوەیەک بە شوناسێکی تازەوە دەژێتەوە. ژیانێک کە لە زەمانی تاکەکەسیدا بەشێکی دیاریکراوت بەردەکەوێ و هەرگیز دووپات نابێتەوە، بۆیە ئەو شوناسە کە لە زەمانێکی ئاوادا خولقا بێ، تێکەڵ بە چەمکە فەلسەفی و کۆمەڵناسی، تەنانەت مێژووییەکانیش نابێ و وەک شوناسێکی کاتەکی لە ناو دەچێ و هیچی لێ ناخوێنرێتەوە و نابێ بە مەعریفە. زەمانی ڕەوایەتی بە هۆی گێڕانەوە لە زباندا بیچمێکی تەکووزدار بە خۆوە دەگرێ کە نیشانەگەلێکی ڕاڤەمەند و مەعریفی لێ دەکەوێتەوە.

زەمانی ڕەوایی بە کۆکاری زەمانی کات و ساتی (زەمانی تاکەکەسی) و زەمانی تێکڕایی، قەوارەیەکی تازە لە زەمان دەخولقێنێ کە «ڕیکۆر» بە زەمانی ئینسانی دایدەنێ و شاگەشکەی پێ دەکا و سەبارەت بەم دابەشکارییە دەبوورێتەوە. تەوەری پرسیاری «ڕیکۆر» لە کتێبی «زەمان و ڕەوایەت» ئەوەیە کە ڕەوایەت بە چ شێوەگەلێک بە شوێن دۆزینەوەی چەشنگەلێکی نوێ بۆ دەربڕینی زەمانی ئینسانی و خولقاندنی مانا.(٤)

باسی «ڕیکۆر» دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامە کە ڕەوایەت بە تەکووزمەندکردنی زەمان و مانا و هەڵکشان لە ئاستی زەمانی کاتی و ساتی، پێکهاتەیەکی ڕاڤەهەڵگر دەخولقێنێ کە شوناس و مەعریفەی لێ دەبێتەوە. لە گۆشەنیگایەکی فەلسەفییەوە دەکرێ بڵێین حەقیقەت

ئەوەیە کــە ڕەوایەت لە زەمــانی دەقــۆزێتــەوە و لە قـەوارەیەکی تەکووزمـەند، شوناسی پێ دەبەخشێ، کە وایە مرۆڤ جگە لە گێڕانەوەی خۆی چ دەستکەوتێکی لە زەمـان بەردەکـەوێ و لە گـەڕان بە دوای حـەقـیـقـەتدا، بێجگە لە گێڕانەوەی خۆی، چ چارێکی هەیە؟ ڕەوایەت نێوەنجی ئێمـە و جیـهانە کە بە بەرهەمـهێنانی زەمـانی ئینسـانی، شـوناسـێکی خـاوەن ڕاڤـە بە ئێـمـە و خەسڵەتێکی ڕاڤەهەڵگر بە هەبوونی جیهان دەبەخشێ.

ئێسـتا با بەم بیرۆکـە ڕەواییەوە دابەزینە ناو چیرۆکی «ڕازی پشت پەردەی نارنجی» وەک یەکـەمین بەرهەمی کۆمەڵەچیرۆکی «ئەو باڵندە بریندارە کە منم».

سـەرەکـیـتـرین کـەڵکەڵەی «عـەتا نەهایی» لەم کـۆمەڵەچیرۆکـەدا شـێوەی دەربڕینە، بۆیە دەستی داوەتە تاقـیـکاری جـۆراوجـۆری ڕەوایـەت و دەربڕین لە زبانی چیرۆکی کوردیدا.

أ) چیــرۆک بە وشــەی «دەڵێ»وە دەست پێ دەکــا و ڕووداوێک کە لە لایەن چیرۆکنووسێکەوە دەگێڕڕێتەوە، کە مـامۆسـتـای قـوتابی دێیەکـەیەو لە نهـۆمی سەرەوەی ماڵی پیرەژنێک دەژی. ڕووداوەکە سەبارەت بە چۆنیەتی نووسینی چیرۆکێکە کە سەر ناگرێ، بەڵام بۆخۆی دەبێتە چیرۆکێکی تازە.

چیرۆک لە لایەن دوو بگێڕەوە دەگێڕڕێتەوە: بگێڕی بێ لایەن (سـێـیـەم کـەس) - بگـێـڕی یەکـەم کـەسی تاک (کـەسی چیـرۆکنووسی ناو چیـرۆکـەکـە). دیارە لە هەر چەشنە ڕەوایەتێکدا، مەودایەکی ڕەوایی لە نێوان بگێڕ و ڕووداو و بەردەنگدا هەیە کـە ڕەوایی بوونی ڕەوایەت بە ڕاگرتنی ئەو مەودایە بەستراوە. ئەم مـەودا ڕەواییـە لەم چیرۆکەدا بە شێوەیەکی فەنني و هونەری ڕاگیراوە. یەکەم کەسی تاک ڕووداوەکە بۆ بگێڕی بێ لایەن دەگێڕێتەوە و ئەویش بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە. بگێڕی بێ لایەن نێوەنجی ئێمە و چیرۆکنووسی ناو چیرۆکەکەیە و ئەویش نێوەنجی بگێـڕی بێ لایەن و ڕووداوەکـەیە. بگێڕی بێ لایەن هیچ نازانێ جگە لەوەی کـە سـێـیـەم کـەسی تاک (کـەسی ناوچیرۆکەکە) وەک بیرەوەری خۆی بۆی دەگێڕێتەوە. بەم چەشنە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زانایی ئەو بگێڕە بێ لایەنە ـ وەک بگـێـڕی هەمـوو شـتـزان - تووشی داڕمـان دەبێ و ئەو شـان و شکۆیە کـە تا ئێـسـتـا چیـرۆک بۆ بگێڕی هەمـوو شتزانی دادەنا، دادەڕووخێ. ئەمە بێجگە لەوەی کـە هێـمـایەکی هونەرییـە لە داڕمـانی سـەرووی ڕەوایەتەکان لە باری فـەلسـەفییـەوە، ئاماژەیشە بەوە کە لە گێڕانەوەدا هیچ شتێک لە سەرووی ڕەوایەت بوونێکی سـەربەخـۆی نیـیـە. ئەوە ڕەوایەتە کـە بوون دەخـاتە بەر داڕشت و کەسەکانی چیرۆک، تەنانەت بگێڕی بێ لایەن و هەمـوو شـتـزانیش. واتە هەمـوو شـتێ بە گـێـڕانەوەوە بەسـتـراوە و لە جـیـهـانێکی ڕەواییـدا هیچ لایەنێک ناکـەوێتـە ئەوپەڕی ڕەوایەتەوە، ئەمـەش بە مـانای ئەوە نییە کە ڕەوایەت بە تێکشکاندنی سەرووی ڕەوایەتێک شوێنێکی چەق بەسـتـووی سـەرووی ڕەوایی تر بۆ خـۆی داگیر بکات، بەڵکو ڕەوایەت بە هۆی خەسڵەتی ڕەوتەنی خـۆی بۆ خـۆیشی دەڕووخێ و پێش بە هەر جـۆرە چەق بەستنێک دەگرێت.

ب) ڕەوایەتی «ڕازی پشت پەردەی نارنجی» لە چەندان زەمانی ڕەوایەتی پێکهاتووە کە بریتین لە:

١- کـاتی ڕابـوردوو کـە ڕووداوەکـە لەو کـاتەدا ڕووی داوە.

٢- کاتی ئێسـتا کە سێیەم کەسی تاک، ڕابوردوو بۆ بگێڕی بێ لایەن دەگێڕێتەوە.

٣- کـاتی ئێـسـتـا کـە بگێڕ لە لایەن خۆی و سـێـیـەم کەسی تاک، ڕابوردوومان بۆ دەگێڕێتەوە.

٤- کـاتی ئێـسـتــای ڕووداوەکـە کـە لە ڕابوردووڕا دەگوێزرێتە ناو ئێستای گێڕانەوە.

٥- کاتێک کە ڕەوایەتی هەر دوو بگێڕەکە یەکـانگیر دەبن و وەک ئێستای ڕابوردوو، ڕەوایەت دەکرێن.

ئەم پێنج زەمــانە تەنیــا لە زەمــانێکی تێکەڵاوی ڕەوایەتی پێکدێ و دیارە زەمـانێکی خـەتی و کـات و ساتی دەرەقەتی ئەم تێکەڵاوییە و دەستەبەر کردنی نایە.

لە زەمـانی ژمـارە ١ دا باسی ڕابوردوو دەکـرێ کـە بۆ خـۆی ئێسـتــای ڕابوردوویەکـە، واتە ئەو ئێسـتـایە کـە ڕابوردوویەکی لە پشـتــە. چیــرۆکنووس (کــەسی ناو چیرۆکەکە) ئێستایەک بۆ بگێڕی بێ لایەن دەگێڕڕێتەوە کە لە درزی پەنجەرە و لە پشتی پەردەی نارنجییەوە چاوی لێ بووە. ئەم بەشە لە گـێڕانەوەکە بە وشـەی «دەڵێ»وە دەست پێ دەکـا و لە ٢٠ پاژ پێکـهـاتووە. هەر پاژێک بەشێک لە ڕووداوەکە لە پشت پەنجەرەوە دەگێڕێتەوە تا وەک پازڵێک، ســەرلەبەری ڕووداوەکـــە لە کـــاتی کـۆبوونەوەی خـەڵک لە بەرانبـەر پەنجـەرەوە تا بەردەباران کـردنی ژووری چیـرۆکنووس، پێکدێنێ. لە هەر بەشـێک لەم گێڕانەوەدا ئاگاییەکی تازە بە خوێنەر دەدرێ سەبارەت بەوەی کە خەڵکی گەڕەک چۆن بە ڕق و توندوتیژییەوە لە بەرانبـەر پەنجـەرەکـە کـۆ بووبوونەوە و پەیتـا پەیتـا لە زیادبووندا بوون. شـێــوەی گــێــڕانەوەی ئەم بەشــە دینامـیـکێکی سـەرکـەوتووی ڕەوایەتی هەیە ئەگـەرچی



**هایدگەر**

سەبارەت بە ڕابوردووەوە و لە لایەکیشەوە مەودایەکی ڕەوایی لە نێوان ئێمە و ڕووداوەکەدا هەیە، بەڵام کەشوهەواکە وردەوردە پێکدێ، هەروەک چۆن لە زەینی چیرۆکنووسێکی ئاسایی کەشوهەوا و بارودۆخی ڕووداوەکان و دارشت و کەسەکان قەوارە دەگرێ. وەک چۆن بڵێی ئێمەی خوێنەریش لە درزی پەنجەرەکەوە بە دڵەکوتێوە چاومان لەو کۆبوونەوە سەرسووڕهێنەرە بێت. بەم شێوەیە لەگەڵ ئیماژێکی ڕەوایی ڕووبەڕوو دەبین کە هەم چێژی ڕەواییمان پێ دەبەخشێ و هەم سوبژە و زەینییەتی چیرۆکنووسێکمان لێ دەبێتە ئۆبژە و شتێکی عەینی و بەرچاوی.

چیرۆکنووس (کەسی ناو چیرۆکەکە) هەم ئێستای ئەو ڕابوردووەمان بۆ دەگێڕێتەوە و هەم لە بەشێک لەو ئاگاییانە کە پاش سووتانی دەفتەری چیرۆک و ماڵەکەی پیرێژن، تێگەیشتووە، ئاگامان دەکاتەوە، واتە لە لایەکەوە ئێستایەکی ڕابوردوومان بۆ دەگێڕێتەوە و لە لایەکیشەوە ئەو ئاگاییانەی کە سەبارەت بە پێشینەی ڕووداوەکە لە داهاتووی ڕووداوەکە (کاتی پاش ڕووداوەکە) وەدەستی کەوتووە، بگێڕی بێ لایەن تێدەگەیەنێت.

چیرۆکنووس (کەسی ناو چیرۆکەکە) ڕووداوی ڕۆژی کۆبوونەوەی خەڵک لە پشت پەنجەرەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام پێشمان دەڵێ کە بە چ هۆیەک ئەو ڕق ئەستوورییە سەبارەت بە پەردە نارنجییە داخراوەکە لە دڵی خەڵکدا ڕیشەی داکوتاوە و ئاخری بەرد و گۆپاڵی داوەتە دەستیان(لە ڕابوردووی ئەو ئێستایەی خۆی ئاگادارمان دەکا): «دواتر زانیم کە ئەو خەڵکە لەو ماوەدا چەندە ئەفسانە و حەقایەتیان دەربارەی ئەو دێوە نارنجییە داناوە و...» (ل ٢٦ پاژی ١٩و ٢٠). سەبارەت بە پاش ڕووداوەکە لێمانی ڕوون دەکاتەوە کە بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەو، پیرێژن دەستێکی لەو کووبوونەوەی خەڵک و توندوتیژییەدا نەبووە. (لە داهاتووی ئەو ئێستایەی خۆی ئاگادارمان دەکاتەوە): «کاتێک زانیم پیرێژن دەستی لە کۆبوونەوەکەی خەڵکدا نییە. کاتێک کارەساتەکە، کۆتایی هات.» (ل٢٤پاژی ١٧).

بەم چەشنە ڕابوردوو و ئێستا و داهاتووی ڕووداوێک لە تۆی گێڕانەوەیەک لە ڕابوردوو لێمان ڕوون دەبێتەوە و ڕابوردوویەک کە بە شێوەیەکی واقیعی ئێستا و داهاتووی لە خۆیدا پەنگ داوە. خەسڵەتێک کە لە زەمانی تاکەکەسی، یان کات و ساتیدا بوونی نییە.

زەمانی ژمارە ٢ ئێستای گێڕانەوەی ڕووداوەکە، یان با بڵێین چیرۆکەکە کە چیرۆکنووس(کەسی ناو چیرۆکەکە) بۆ زانای هەموو شتزانی دەگێڕێتەوە و ئێمەش گوێمان لێیە. ئەم کاتە بە وشەی «دەڵێ»وە دەست پێ دەکا کە بگێڕی بێ لایەن بەیناوبەین قسەی پێ دەبڕێت و ئەو زانیارییانە کە لێی وەرگرتووە بۆ خۆی دەیگێڕێتەوە.

زەمانی ژمارە ٣ زەمانی گشتی و تەوەری چیرۆکەکەیە کە ڕووداوێکی ڕابوردوومان بە شێوەی تێکەڵاوییەک لە یەکەم کەس و سێیەم کەس، لەکاتی ئێستادا بۆ دەگێڕێتەوە.

ژمارەی ٤ کاتی ڕووداوەکەیە کە سەبارەت بە ڕووداوەکە ئێستایە و سەبارەت بە کاتی گێڕانەوەکە، ڕابوردووە کە لە شیکاری زەمانی ژمارە ١ دا ئاماژەمان پێ کرد.

ژمارەی ٥ کاتێکە کە لە لاپەڕەی ٢١ ڕا دەست پێ دەکا و زەمانی هەردوو بگێڕەکە تێکەڵاو دەبن وەک ئێستای ڕابوردوو ڕەوایەت دەکرێ. لێرەدا مەودای نێوان کاتی گێڕانەوەی ڕابوردوو و ئەو کاتەی کە بگێڕ چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە تێک دەچێ. تا ئەو لاپەڕەیە، چیرۆکنووس (کەسی ناو چیرۆکەکە) سەبارەت بەو کاتە دەدوا کە خەڵک لە بەرانبەر پەنجەرەکە کۆ بووبوونەوە و بگێڕی بێ لایەنیش ماوەی پێش کۆبوونەوەی خەڵک و ڕۆژانی پێش کارەساتی دەگێڕاوە کە لەم بەشەدا هەردوو

زەمانەکە دەگەنە کاتی ئێستای چیرۆک و ئەو کاتەی کە وەک ڕابوردوویەک بۆ ئێمەی دەگێڕدرێتەوە:

«خاتوون تێ نەگەییبوو نووسینی چیرۆکی خانمێکی گەنج بۆ دەبێ خەڵک تووشی چەرمەسەری بکات. لەوەو دواش تێ نەگەییبوو، تەنانەت ئەو بەیانییەش کە هەموو خەڵکی گەڕەک لە بەر دەرکەی ماڵی پیرێژن کۆ بووبوونەوە». (ل٢٠) پاش ئەم بەشە کە بگێڕی بێ لایەن دەیگێڕێتەوە، سێ پاژی١٣و ١٤و١٥ لە لایەن چیرۆکنووس (کەسی ناو چیرۆکەکە)ـەوە دەگێڕرێتەوە :

دەڵێ: «ئەم بێ دەنگییەیان بەلامەوە لە بێ دەنگی بەر لە کارەسات ئەچوو. بێ دەنگی گورگێک کە بەتەما بێ نێچیرێ غافڵگیر بکا و لە دەرفەتێکدا.» (پاژی١٥ل٢١) لێرەوە بگێڕی چیرۆک قسەی پێ دەبڕێ: «قسەکەی تەواو نەکردبوو کە گرمە و هاڕەیەک بێ دەنگییەکەی شکاند. گرمەی تۆپ، یان هاڕەی ڕمانی ماڵێک؟ هیچیان نەبوو دەنگی ترسناکی شکانی پەنجەرەکە بوو. ئەو کاتێک بەمەی زانی کە خڕە بەردێکی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دی بەرەو پێی خاتوون خولی ئەخوارد. داکەوتنی چەند پارچە شیشەی بیست.» (ل٢١) لەمە بەولاوە چیرۆکنووس و بگێڕی بێ لایەن هەردووکیان یەک زەمان دەگێڕنەوە کە دەبێتە ئێستای ڕابوردووی ڕووداوەکە. لێرەدایە کە نووسەر (کەسی ناو چیرۆکەکە) و بگێڕی بێ لایەن و خوێنەر دەچنە ناخی ئەو زەمانەوە و هەنگاو بە هەنگاو تا قەومانی کارەساتەکە لەگەڵ ڕووداوەکە دەچنە پێشێ بە داکۆکی لەسەر ئەوەی کە هێشتا بە هۆی فۆرمی ڕەوایەت، مەودای زەمانی خوێنەر و بگێڕ لەگەڵ زەمانی ڕووداوەکەدا هەر ماوە.

پێ) فۆرمی ڕەوایەت لە «ڕازی پشت پەردەی نارنجی» فۆرمێکی تەنراوەیە کە ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوویەکی داستانییان بۆ چیرۆک پێکهێناوە:

١- ڕەوایەتێک کە چیرۆکنووس (کەسی ناو چیرۆکەکە) لە ئێستا و ڕابوردوو و پاش ڕووداوەکە دەیگێڕێتەوە.

٢- ڕەوایەتێک کە بگێڕی بێ لایەن سەبارەت بە ڕابوردوو و ئێستای ڕووداوەکە دەیگێڕێتەوە.

٣- ڕەوایەتێک کە بۆ خاتوون گێڕراوەتەوە.

٤- ڕەوایەتێک کە بۆ خاتوون نەگێڕراوەتەوە و ئێستا ساڵانێکی پاش مەرگی خاتوون دەگێڕدرێتەوە:

دەڵێ: «پاژی ١». دەڵێ: «پاژی ٢». دەڵێ: «پاژی٣». دەڵێ: «پاژی٤». دەڵێ: «پاژی٥».

«ئەمانە بە من دەڵێ و ساڵانێک بەر لە ئێستاش ئەمانەی بە خاتوون کوتبوو. خانمی گەنجی ئەو چیرۆکە کە قەرار بوو بینووسێ.» (ل٨تا١٢) کە ئەم فۆرمە بۆخۆی ڕەوایەتی ڕەوایەتە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەمەی کە دەیبیستن ڕەوایەتێکە بە هەموو تایبەمەندییەکانی ڕەوایەتێکی داستانی.

دەڵێ: «پاژی٦». دەڵێ: «پاژی٧». دەڵێ: «پاژی٨». دەڵێ: «پاژی٩». ساڵانێک بەر لە ئەوە ئەمانە بە من بڵێ. خاتوون هەر وا لە سووچێکی ژوورەکە کز دانیشتبوو. (ل١٣تا١٦) دەڵێ: «پاژی١٠». دەڵێ: «پاژی١١»، دەڵێ: «پاژی١٢»، کە ئەوانەی گوتبوو موچڕکەی بە لەشدا هاتبوو. (ل١٨تا ٢٠) دەڵێ: «پاژی١٣». دەڵێ: «پاژی١٤». دەڵێ: «پاژی١٥». قسەکەی تەواو نەکردبوو کە گرمەو هاڕەیەک بێ دەنگییەکەی شکاند.گرمەی تۆپ، یان هاڕەی ڕمانی ماڵێک؟ هیچیان نەبوو دەنگی ترسناکی شکانی پەنجەرەکە بوو. ئەو کاتێک بەمەی زانی کە خڕە بەردێکی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دی بەرەو پێی خاتوون خولی ئەخوارد.داکەوتنی چەند پارچە شووشەی بیست. (٢١تا٢٤) دەڵێ: «پاژی١٦». دەڵێ: «پاژی١٧». دەڵێ: «پاژی١٨». دەڵێ: «پاژی١٩». دەڵێ: «پاژی٢٠». ئەمانە کە دەیڵێ پێشتر بە خاتوونی نەگوتبوو. بە هیچ کەسی تریشی نەگوتبوو، جگە لە من. ئەویش دوای ئەوە چەندان ساڵ لەو کارەساتە و لە مەرگی خاتوون تێپەڕیبوو. خاتوون دوای ئەوە کە بە هەموو پلیکانەکاندا داگەڕا، نائومێد و غەمبار چاوەڕوانی نووسینی دوایەم وشەکانی چیرۆکەکەی بوو... (ل٢٦تا ٢٨) بە ڕاوەستان لەسەر فیعلەکانی «ئەیڵێ» وەک دەمکاتی ئێستای سادە و «نەگوتبوو» وەک دەمکاتی ڕابوردووی دوور، «داگەڕا» وەک دەمکاتی ڕابوردووی سادە، بەو ئاکامە دەگەین کە ئەم شێوە ڕەوایەتە تاقیکارییەکی سەرکەوتووانەی زبانی کوردییە بۆ دەربڕینی زەمان و تێکەڵکاری ئەم دەمکاتانە لەگەڵ یەک، هەروەها لە لاپەڕەی ١٣دا: «ساڵانێک بەر لەوە ئەمانە بە من بڵێ، خاتوون هەروا لە سووچێکی ژوورەکە کز دانیشتبوو». دیارە ئەم تێکەڵکارییە زەمانێکی تەنراوەی داستانی پێکدێنێ کە مەرجی سەرەکی ڕەوایەتێکی ڕەوتە نییە کە دەمکاتەکانی ڕابوردوو و ئێستا و داهاتوو پێکەوە دەلکێنێ و ئەو زەمانە ئینسانییە کە «ڕیکۆر» داکۆکی لەسەر دەکا، چێ دەکات.

تێ) «ڕەوایەت نواندنەوەی ئەزموونی مرۆڤە لە ڕەهەندە زبانییەکەیدا». (٥) یەکەمین چیرۆکی کۆمەڵەچیرۆکی «ئەو باڵندە برینداره کە منم»، وێنەیەکە لە چۆنایەتی بیچم گرتنی چیرۆک لە زەینی نووسەرێکدا. ئەزموونێکی زیهنی کە بیچمێکی زبانی بە خۆوە گرتووە. کەسایەتی چیرۆک و داڕشت و ڕووداوەکانی چۆن لە زەینی چیرۆک نووسێکدا جێگە دەگرێ؟ نووسەر چۆن گیرۆدەی کەسەکانی چیرۆکەکەی دەبێ؟ زەمانی ڕەوایی و واقیعی چیرۆک چۆن دەبێتە واقیعێکی ژیانی نووسەر؟ پێوەندی جیهانی ژیانی چیرۆکنووس و جیهانی چیرۆکەکەی لە چ ئاستێکە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لە تۆی «ڕازی پشت پەردەی نارنجی»دایە.

کەشوهەوای چیرۆک، کەشوهەوای ئەو کاتانەیە کە نووسەرێک خەریکی نووسینی چیرۆک دەبێ. هەموو نووسەرێک لەگەڵ داڕشت و کەسەکانی ناو چیرۆکەکەی دەژی. کەسی نووسەری ناو چیرۆکەکە لەو کاتەوە کە خاتوون دێتە ناو چیرۆکەکەیەوە لە گەڵیدا دەژی و لەوە سڵ دەکا کە خەڵکی لێ تێ بگەن کە خانمێکی گەنج لە ژوورەکەیدایە. ئەمە ئەو واقیعەمان لێ ڕوون دەکاتەوە کە کەسی ناو چیرۆک کەسێکی واقیعییە. کەسێک کە لە زباندا لە دایک دەبێ و لە زباندا دەژی. «خاتوون لە دەلاقەی یەکەم ڕستە، یان یەکەم وشەی ناو چیرۆکەکەیەوە هاتبووەدەر» (ل٨) لێرەوە بوونی خاتوون بوونێکی واقیعییە بۆ نووسەر، بە چەشنێک کە نووسەر، تەنانەت خەڵکی گەڕەکیش دەخاتە ژێر ئاسەواری بوونی خۆیەوە. بوونێک کە تەواو گەڕەک دەهەژێنێ.

خاتوون لە بوومەلێڵی وەهم و واقیع، بوومەلێڵی خودئاگایی و ناخودئاگایی کەسی نووسەری ناو چیرۆک، خۆی بە ژوورەکەیدا دەکات: «بەیانی یەکەم ڕۆژ ئەو بەیانییە بوو کە دوا خەوێکی تێر و خۆش بە ئاگای بووبووەوە و چاوی هەڵێنابوو. هەوا تازە ڕوون بووبووەوە. ڕووناکایی لە ڕەنگی نارنجی پەردەی پەنجەرەکە پەڕیبووەوە و ناو ژوورەکەی خوێنی کرد بوو. خوێنی خوێنیش نا شتێکی وەک بڵێسەیی. ئەو لە ڕۆشنایی خوێن و بڵێسەدا خاتوونی دیبوو». (ل٩)

خاتوون وردە وردە لە زەینی نووسەر دەژیتەوە و دەبێتە واقیعێک: «هێشتا هەوڵ و هەراسان بوو، بەڵام لە شەوی ڕابوردوو زیاتر گیرۆدەی مەندی و ویقار و جوانی ڕوخسار و بەژن و باڵای خاتوون بوو. شاگەشکە یەک دوو هەنگاو لێی نزیک ئەبووەوە، کە دەگەییە ناوەڕاستی ژوورەکە ڕائەوەستا» (ل١١). ترسێک کە تەواوی گیانی نووسەری داگرتووە ترس لە واقیعی بوونی خاتوونە، ترسێکی لێڵ لە خودئاگایی. چەندە لە بوونی خاتوون دڵنیا دەبێ زۆرتر دەترسێ: «بزەی بە لێویەوە وشک ئەبوو. بە پشتە دەست چاوەکانی هەڵ ئەگلۆفت. کە دڵنیا ئەبوو ئەترسا». (ل١١).

چیرۆک واقیعی هەموو مرۆڤێکە، چیرۆکێک کە لە پشت پەردەی نارنجییەوە دەست پێ دەکا -ڕاز لە کوردیدا هەم بە مانای نهێنی و هەم بە مانای چیرۆک و حەقایەت- و لەوێش کۆتایی پێ دێ. چیرۆکی پێوەندی جیهانی دەرەوەی چیرۆک و جیهانی چیرۆک. خەڵکی گەڕەک و پیرێژن و خودی نووسەر هێمایەکن لە جیهانی بەرهەستی و دەرەوەی چیرۆک و دەفتەرەکەش هێمایەکە لە جیهانی چیرۆک کە خاتوون- بڕیار وایە چیرۆکەکەی بنووسرێ -پا دەنێتە جیهانی دەرەوەی چیرۆک و بەم شێوەیە چیرۆکێکی تری لێ دەنووسرێ، کەچی ئەم چیرۆکە تازەیەش لە جیهانێکی ڕەوایی تازە پێکهاتوو، چارەنووسی خاتوونی هەڵاتوو لە گوشاری کۆمەڵگایەکی پیاوسالار، هەر بەرەو ئاگر و مەرگ دەبات. دەرچوونی خاتوون لە جیهانی چیرۆکەکە نابێتە هۆی فەوتانی ئەو جیهانە، بەڵکو ئەوانەی دەرەوەی چیرۆک لەگەڵ خۆی پێوەندی دەدا و دەیانباتە ناو چیرۆکەکە بە هەڵپەسێرراوی لە نێوان وەهم و واقیع، لایەنێکی ڕەوتەنیان پێ دەبەخشێ.: «پیرێژنێک کە. خۆی بە چیرۆکەکەدا هەڵواسیبوو. لە دوا خۆی پیرێژن تەنیا کەسێک بوو کە پێیەکی لە دەرەوە بوو پێکەی تریشی لە ناو چیرۆکەکەدا» (ل١٥). هەرچی بەرەو کۆتایی چیرۆک دەڕۆین، پەردەی نێوان جیهانی چیرۆک و جیهانی واقیع بە شێوەیەکی جوانیناسانە لا دەچێ و ئەو دوو جیهانە دەبنە یەک جیهان، جیهانێک کە بە شێوەیەکی وەحشەتناک واقیعییە و خاتوون دەکا بە خۆڵەمێش. ئەمە ڕازێکی پشت پەردەی نارنجیشە کە ڕازی پێوەندییەکی هونەریمان لە نێوان ئەو دوو جیهانە بۆ دەردەخا.

پەردەی نارنجی، چەندان ڕازی لێ دەبێتەوە بە جۆرێک کە دەکرێ بڵێین ئەم چیرۆکە چیرۆکی ڕازە. نهێنی خەڵک پەردەکەیە، نهێنی نووسەر خاتوونە، نهێنی پیرێژن دەرگای داخراوی مامۆستا ڕەبەنەکەیە و نهێنی دەقیش مەودای نێوانی جیهانی خۆی و جیهانی واقیعە.

چیرۆک کە خۆی بگێڕێتەوە، چ ڕازێکی تێدا دەمێنێتەوە؟ هیچ. هەموو چیرۆکێک بە خۆ دەربڕینی ڕەوایی خۆی دەردەخا. ڕەوایەت سیحرێکە کە بە

دەربڕینی خـــۆی لە لایەکـــەوە ڕازێک چنێ دەکـــا و لە لایەکیشەوە خۆی ئاشکرا دەکات. ڕەوایەت سۆزمانییەکە بە ڕازێکی تێکەڵ بە تامەزرۆیی کە پێی گەیشتنی هەموو ڕازە چێـژاوییـەکـەت لێ دەردەکـەوێ، کـەچی دیسـان بۆ پێگەیشتنی دووبارە هان دەدرێی. ڕاز و چێژ و مـەیل بۆ دووپات کردنەوە، ئەمـەیە ڕازی ڕەوایەت. ڕازێک کـە بە هەمـوو ئەم خـەسـڵـەتانەوە لە پشت پەردەی نـارنجی – ڕەنگی گەرما و هەڵچوون – کۆ بووەتەوە.

بە تێکەڵ بوونی وەهم و واقـیع چیـرۆک دەبێـتـە ڕەوایەتێکی بێ کۆتایی. ڕەنگە هەمـوو ڕۆژێک نووسـەر بیـر لە «خـاتوون»ێک بکاتەوە و بیـهـێنێـتـە ناو چیرۆکەکەی و ئەو ڕووداوە سەر لە نوێ بخولقێنێ.

سێ) بڵێی پیرێژن نەبووبێتە خاتوونێک لە نووسەر؟ ئەو کـارانەی ماڵی نووسەر کـە پیـرێژن دەیکرد، ئێستا خاتوون بەڕێوەی دەبا. کێشەی سەرەکی نووسەر لە یەکەم ڕۆژی پەیدا بوونی خـاتوونەوە ڕا هاتوچۆی پیـرێژنەکـە تێکەڵە بە ڕق و تامـەزرۆیەکی هەوەسـئـاسـا. هاتنی خاتوون جێگای بە پیرێژن لێژ کردووە و ئەویش بەوپەڕی لاسارییەوە دەیەوێ سەر بکێشێتە ژوورەکە.

بڵێی خەڵک لە پشت پەردەی نارنجیدا پێوەندییەکی هەوەسناک لە نێـوان پیـرێژن و مـامـۆستـا ڕەبەنەکـەی کـرێنشـینی بە دی نەکـردبێ؟ بۆ پیـرێژن وەک کـوڕە ڕەبەنەکەی نهۆمی سەرووی ماڵەکەی لە هەڵمەتی خەڵک بە سـەر مـاڵـەکـەیدا دەترسێ و پشت دەرگـاکـەی بە کەلوپەلی قورس و سووک هەڵدەچنێ؟ نووسەر و پیرێژن بۆ سـەلماندنی بێ تاوانیـیـان لە کـەشـوهەوایەکی ئوستـوورەییدا وەک سیـاوەش لە نێـو ئاگـر ڕەت دەبن، ئینجا خەڵک بڵاوە دەکەن. لە لایەکەوە خاتوونی تاوانبار (هەسـتـی دۆخی لاوەتی پیـرێژن) بە هۆی تـاوانبـاری دەسووتێ.

ح) خاتوون وەک هەمـوو ژنێکی کۆمەڵگای داخنیو بە پیاوسالاری، چارەنووسێکی بێجگە لە ئاگر نییە. لە قـەدەرێکەوە هەڵاتووە بۆ قـەدەرێکی تر. ڕەنگە داوێکی پسـانـدبێ، بەڵام دیلی داوێکی ترە. لە پشت پەردەی نارنجـیـدا هاتووە کـە چیـرۆکی خـۆی بگێـڕێتـەوە. ئەم چیرۆکەش هیچ ڕێیەکی بۆ دەربازکردنی وی بەدی ناکات. چیـرۆک چی پێـیـە بیـڵێ بێجگە لە واقـیـعی خـاتوون و واقیعی ئەو کچ و ژنانەی کە یەکەم کەسێکن بڵێسەی ئاگرەکە دەبینن.

ژن و ئاگـر بـابەتێکی تازەی چیـرۆکنووسی کـورد نین، بەڵام شێوەی ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ ئەم بـابەتە لە «ڕازی پشـت پـەردەی نـارنجـی»دا بـووەتـە هـۆی ڕەوایـەت و نواندنەوەیەکی نوێی ئەم بابەتە. ڕەوایەتێک کـــە بە تەکووزمەندکردنی زەمان لە زاندا، مانایەکی نوێ دادێنێ و شـوناسێکی جوانیناسانە بە خـاتوون و کـۆمەڵگاکـەی دەبەخشێ.

چ) پەردەی نارنجی ئالای شۆڕشێکی ورووژاوە، قژم و قاڵ و شێـوەی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لەگەڵ پەنجەرە داخراوەکە و ئەم دێڕانە سەبارەت بە پەردەکە (وەک ئالای خـوێن و ئاگـر): «ڕەنگی نارنجی پەردەی پەنجـەرەکـە پەڕیبـووەوە و ناو ژوورەکـەی خـوێنی کـرد بوو». (ل٩) «پەردەی نارنجی لە بەر تیشکی خۆرەتاودا وەک بڵێسەی ئاگرێکی گەورە. ئەشەکایەوە» (ل٢٢) «ڕازی پشت ئەو پەردە ئاگــریــــە بـوو» (ل٢٥) ڕێگا بۆ ڕاڤـــەیەکی کۆمەڵناسانەش خۆش دەکات.

«ڕازی پشت پەردەی نارنجی» چیـرۆکی شـۆڕشـێکی ساویلکانە و ڕەشۆکییە. شۆڕشێک کە لەسەر شکێکی بە ئیـمان کراو و نائاگـایی و ڕقـەنامـووسی خـەڵک، بەڕێوە دەچێ. ئەو خەڵکەی کە هەمـوو ژیانیان بە وەهم تەنراوە و توانسـتی شیـکاری و تێگەیشـتنیـان لێ قـەتیس کـراوە. کـۆمـەڵگایەک کـە وەهمـیـان لێ دەبێ بە واقـیـع و تا سنووری شـۆڕش و تۆڵە و کـوشتن و بڕین دەچنە پێـشێ و ڕق و نەفرەتە وەهمیەکانیان تەنیا بە ئاگر دادەمرکێ.

پـاش تێـگـەیـین لە پـووچـەڵی پشت پـەردە، هەر بـەو سـانایی و وەهمـە کـە کـۆ بووبوونەوە، بێ ئەوەی کـە هیچ جۆرە شیکارییەکیان سەبارەت بە شۆڕش و نهێنییەکانی بێ، بڵاوە دەکـەن و بە تـەمـای ڕاز و وەهمـێکی دیکەوە دەژین.

کـەسی نـووسـەری نـاو چیـرۆک، وەک ڕۆشنبـیـرێکی بە ئاگا، تەواوی ڕازی وەهمەکانی ئەو خەڵکە ڕەشۆکییە لە خۆی کۆ دەکاتەوە، بەڵام لە بەرانبەر وەهمەکانی کۆمەڵگا ڕەشۆکییەکە تووشی خۆ سانسۆری و بێ دەنگی دەبێ. هەڵوێستی سەبارەت بە ئەوان ڕەفتارێکی خۆ پارێزانەی ڕەمـزاوییە و لەم هەڵسوکـەوتەشدا دووچاری هەسـتـێکی بەستراو بەو کۆمەڵگایە کە پیرێژن هێمایەکە لەم هەستە. هەسـتـێک کـە بە جـۆرێکی موحـافـزەکـارانەوە لە هێـرشی کـۆمــەڵگا دەیپـارێزێ. (پیـــرێژنی دڵـســۆز لە داڵانە تاریکەکـەیدا بە هەڵچنینی کـەلوپەلی مـاڵـەکـەی ئەیەوێ پێش بە پەلاماری خەڵکی بگرێ).

لە بـارودۆخـێکی ئاوادا بۆ ڕەمـزاوی مـانەوی بنیـادی شـۆڕشی ڕەشـۆکی، وەهمی ڕەشۆکـیـانە بە سـەر ئاگـایی ڕۆشنبـیــرانە زاڵ دەکـرێ و هەر چەشنە خـوێندنـەوە و

تێگەیشتنێک بە کپی و دڵەڕاوکێیەکی کوشەندەوە چاو دەبڕێتە سەرگرتن و ڕووخاندن و کوشتن، پاشان کۆتایی شۆڕش.

بە تێکڕایی کۆمەڵە چیرۆکی «ئەو باڵندە بریندارە کە منم»، چیرۆکی ڕەوایەت و ڤەهاندنە کە بە شێوەیەکی داهێنەرانە، کۆکە لەسەر ئەوەی هەموو کاتەکانی ژیانی مرۆڤ، ڕەوایەتییەکە کە بێ پسانەوە دەست پێ دەکا و کۆتایی پێ دێ و ژیانی مرۆڤ هیچ مانایەکی بێجگە لە ڕەوایەت نییە. کۆتایی ڕەوایەت کۆتایی ژیانە بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە. «مەکبێس» لە شانۆکەی شەکسپیردا دەڵێ «ژیان چیرۆکێکە کە گەمژەیەک دەیگێڕێتەوە، چیرۆکێک لێوانلێو بە ڕاز و قین وقژموقاڵ، بەڵام پووچ».

دووەمین چیرۆک (ئەو باڵندە...) خەون و خەیاڵێکی بە دی نەهاتوو دەگێڕێتەوە و تێدەکۆشێ بە گێڕانەوە کۆتایی بە ڕەنجێکی هەتایی بێنێ.

«چیرۆکی خوشکی ڕەحمەت»، دوو ڕەوایەت سەبارەت بە کوژرانی ڕەحمەت دەگێڕێتەوە و بە هۆی تەکنیکی گێڕانەوەوە جارێکی تر لەسەر دزەی ڕەوایەت بە ناو هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ، پێداگری ئەکا.

«ئێوارەی ڕۆژی چواردەی مانگ» گێڕانەوەیەکە کە بگێڕ بە دەم ڕێگاوە دەیگێڕێتەوە و بە گەیشتن بە شوێنی ڕووداوەکە کۆتایی پێ دێ. ڕابوردوو ( بیرەوەری) لەگەڵ ئێستادا تێکەڵ دەبێ.

«ئێرە ماڵی ئێمەیە» ڕابوردووی گوم بووگ و لێڵی کەسەکان شان بە شانی کاروباری گرووپێکی فیلم بەرداری دەگێڕێتەوە.

«ئەو کە ونبوو» گێڕانەوەیەکە بە پاداگیری لەسەر ئەوەی کە ڕەنگە قەبرستانیش ڕەوایەتی تایبەتی خۆی هەبێ.

«ڕۆژانی وەڕسی» وتووێژێک ڕەوایەت دەکات. دیالۆگێکی بە ڕەوایەت کراو.

«تاسە» زەینی دوو کەس پێکەوە گرێ دەدا و ئەوەی کە کەسی ناو چیرۆک بیری لێ دەکات، دەیگێڕێتەوە و شەوی بەفری. سێیەمین کۆمەڵە چیرۆکی «عەتا نەهایی» وەک چیرۆکی ڕەوایەت، دەچێتە خانەی ڕەوایەتێکی داهێنەرانە و مۆدێرن، بەو تایبەتمەندییانەوە کە بە پێچەوانەی چیرۆکی کلاسیک، تێدەکۆشێ واقیعی مرۆڤ بە بێ لایەن و بێ هەڵوێست بگێڕێتەوە و بە پارێز لە هەر چەشنە سۆز و دروشمێک، قورسایی چیرۆک دەخاتە سەر زبان و شێوەی گێڕانەوە و نایەوێ بە فەزا و زبانێکی ڕۆمانتیک و هەستەوەری، بەردەنگی خۆی بهاوێتە گێژاوی خەڵسەوە، بەڵام سەردێرێک کە وەک ناوی دووەمین چیرۆک نراوەتە سەر ئەم بەرهەمە، گوزارەیەکی تەواو ڕۆمانتیک و دروشماوییە. «ئەو باڵندە بریندارە کە منم» بە شوبهاندنی منی چیرۆک بە باڵندەیەکی بریندار، خوێنەر بە خەیاڵێکی ڕۆمانتیکەوە ڕووبەڕووی زبان دەکات. باقی بەرهەمەکانی عەتا نەهایی بێجگە لە «باڵندەکانی دەم با» هەر وا بە پێچەوانەی ناوەرۆکەکەیان بە گوزارەیەکی دروشم ئاسا و ڕۆمانتیک خۆیان بە خوێنەر دەناسێنن: زریکە، تەنگانە، گوڵی شۆڕان و ئێستاش ئەو باڵندە بریندارە کە منم. دیارە ئەم ناوانە وەک پێناسی بەرهەمەکان، نیشانەگەلێکی سۆزداری بە هەست و ڕەنجن و وەک نیشانەیەکی ڕەوایەتی نوێ نانوێنن و ناشێ خوێنەر بە دیتنی ئەم ناوانە، بیری بە لای بەرهەمێکی داستانی نوێدا بچێ.

زمانی چیرۆکەکانی دوایەمین بەرهەمی نەهایی (ئەو باڵندە بریندارە کە منم)، بە پێچەوانەی شێوە ڕەوایەتییە سەرکەوتووانەکەی، زبانێکی ڕەها و هاوتەریب لەگەڵ زەرباهەنگی ڕەوتی داستانەکاندا نییە. ڕستەگەلێکی شکۆمەند، لەو ڕستانە کە بە زبانی ڕەوایی بارێکی فەلسەفی بە خۆوە هەڵگرێ و مەعریفەیەکت پێ ببەخشێ کە لە ژیانی ئاساییدا بە دووپات کردنەوەیان هەستە لێڵەکانت لێ ڕوون بکات و تەمی سەرسامیت لێ بڕەوێنێ، یان ڕووبەڕووی لایەنە داشاراوەکانی مرۆڤت بکات، کەمتر بە دی دەکرێ. بڵێی ئەمە فرەویستی و داوایەکی نەشیاو لە چیرۆک بێ؟


**ژێدەر:**

**١-بڕوانە: احمدی بایک، هایدگر و تاریخ هستی، مرکز ١٣٨١.**

**٢- بڕوانە: پل ریکور، زندگی در دنیای متن، ترجمەی بابک احمدی، مرکز، دوم، ١٣٧٨.**

**٣-احمدی بابک، ساختار و تأویل متن، مرکز اول، ١٣٧٠، ل١٦٦.**

**٤-زندگی در دنیای متن، ل٧١.**

# دەروونناسیی دەقی ئەدەبی

## (خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژییانەی چیرۆکەکانی سادق هیدایەت)

**هادی حەبیبی**
**(بۆکان)**

هێنانە ئارا و نووسینەوەی هەر جۆرە لایەنێک لە ڕەهەندەکانی فکری لە پانتایی دەقی ئەدەبیدا، ڕاستییەکەی دەستکردی هزری دانەمرکاوی مرۆڤە و ڕەنگدانەوەی هەر جۆرە نیازێکی جێگیرکراو لە جیهانی دەروونیەتی، دەروونیش لە خۆیدا بەردەوام خاوەنی ئالۆزیی تایبەتە و جیهانێکی نادیار و پڕ لە گۆڕانکاری و پرسیارە، دەکرێ بگوترێ هەنووکەش زۆر ڕووداوی ئەزموون نەکراو و نەسەلمێنراو لە جیهانی دەرووندا، بە چەشنێکی سروشتی ماوەتەوە و زانستی پزیشکیش ڕێی پێ نەبردووە، دەروونە کە چوارچێوەی بیر و هزری مرۆڤ پێکدێنێ و مرۆڤ لەگەڵ زاتی خودئاگا و ناخودئاگای خۆی گرێ دەداتەوە، تەواوی هەڵوێست و بۆچوونی مرۆڤ بەرانبەر بە سروشت و هاوچەشنی خۆی و هەر دیاردەیەکی ئەم ژیانە بە درێژایی مێژوو، هەمووی هەر دەسکەوتی بوونی دەروونە، کە ڕاستییەکەی بوونی مرۆڤ بە گشتی یەکلا دەکاتەوە، دژوازییە فکری و دەروونییەکان لە جێی خۆیدا، باشترین بەڵگەن بۆ ئەوەی کە دەروون هەمیشە لە هزر و دەروونی ئینساندا، لە گۆڕانکاریی ڕووکاریی و بنەڕەتییدایە و هیچ کات لەسەر خاڵێکی دیاریکراو و پێناسەیەکی ڕاست، ساغ نابێتەوە.

دەروون لە تێپەڕکردنی قۆناغەکانی خۆی بەسەر زانستگەلی جۆراوجۆردا، تیشکی خستۆتە سەر جیهانی ئەدەبیاتیش و گەلێک بەرهەمی شاکار و کەم وێنەی لە بەستێنی خۆیدا خولڤاندووە. (١) نووسەر، یان شاعیر، یان تەنانەت وەرگێڕ و بە گشتی هەر خاوەن هونەرێکی تر کە هەرکام خاوەنی جۆرێک لە دەروونی تایبەت بە خۆیانن، بێ گومان لە کاتی نووسینەوە و ئەفراندندا، لە ڕوح و دەروونی خۆیان بەشی بەرهەمەکەیان دەدەن و ئەوەیە کە هەر بەرهەمێک، بێجگە لە زمان و تەکنیکگەلی ئەدەبی- جیاواز لە بەرهەمێکی دیکە- خۆی بە چەشنێکی سەربەخۆ خاوەنی ڕەگەزێکی دەروونییە، کە ئەویش ڕاستەوخۆ بە هەست و دەروونی خولڤێنەرەکەی دەبەسترێتەوە، هەر جۆرە داهێنان و ئەفراندنێکیش، پێوەندی هەڵنەبڕاوەی بە بابەتی دەروونەوە هەیە و بە بێ گرنگیدان بەو بابەتە، پێناسەیەکی ئەوتۆ لەسەر چییەتی دەقی ئەدەبی ئەفرێندراو نایەتە ئاراوە، دەروون شیکاری زانستی، یان لانی کەم دەکرێ بڵێین میتودێکە، کە دەسپێکی لێکۆڵینەوەکەی بۆ ئەزموونی زانستیی فرۆید دەگەڕێتەوە و لە هەڵسوکەوتی فرۆید و کەسگەلێکی وەک کارل گۆستاڤ یۆنگ لەگەڵ کەسی نەخۆشدا، زێدەتر ئەم حەقیقەتە خۆی پیشان دەدا کە مانای دەروون شیکاری لە بنەڕەتدا هەمان هەڵڕشتنی پەیڤ و قسەی دەروونە و

دەبینین کە ئەو شێوە دەرمانە، وردە وردە لەسەر چاکبوونەوەی ڕوح و دەروونی مرۆڤ کاریگەریی زۆر باشی داناوە، فرۆید لە درێژەی لێکۆڵینەوەکەیدا ئەسڵی (ڕاڤەی خەون) دێنێتە بەر باس کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ زاتی ناخودئاگای مرۆڤ لە پێوەندیدایە، لە خەودا مرۆڤ سنووری ئەقڵ دەبەزێنێ و ساکارتر نهێنی دەروونیی خۆی، دەخاتە ڕوو. فرۆید جەمسەری ئەم ئەسڵە لە دەروونی پێشبینی نەکراوی مرۆڤدا، بە ئەسڵی گرێی ئۆدیپ دەبەستێتەوە و مەیلی جنسی (ئیشتیای سێکسی) وەک هاوبەشیترین هەستی مرۆڤ و وەک تەوەرەیەک، لەم بەستێنەدا زەق دەکاتەوە، ناشێ باس لە دەروون شیکاری بکرێت و ئەم وتەیەی فرۆید نەیەتە مێشکەوە، کە پێی وایە مرۆڤ زانستی دەروون شیکاری کردن، بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی کەسایەتی خۆی دەست پێدەکات و سەرەتا، ئەم زانستە لە دەروونی خۆیدا دەدۆزێتەوە و فێری دەبێ، کەوابوو دەسپێکی ئەزموونەکە، لە دەروونی خودی مرۆڤدا لە دایک دەبێ و دواتر بە ئەزموونگەلی نوێترەوە، پەرەدەستێنێ و بە گەشەسەندن دەگا، فرۆید خۆی دانی پێدا دەهێنێ کە لە قۆناغێکی ژیانیدا، تووشی نەخۆشی دەروونی هاتووە و بوونی ئەم نەخۆشییە لە دەروونیدا، بە نیشانەگەلی وەک ئاڵوگۆڕی توند و خێرای خوو و خدە، هەروەها خەمۆکی و نیگەرانی لە مردن و... تاد خۆی وەدەرخستووە، وەک لە سەرەتای نووسینەکەمدا ئاماژەم پێکرد، دەروون وەک ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی دەروونیی مرۆڤ، تیشکی خستۆتە سەر جیهانی ئەدەبیات و ڕەنگە کەڵکی دەروون شیکاری و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم زانستە، زۆرتر ئەوە بێ کە بێجگە لە ڕوون کردنەوە و دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ نەخۆش، هەموو بەرهەمی دەستکردی مرۆڤ وەک ئاسەواری هونەریی و بابەتگەلی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی، بە چەشنێکی تایبەت تاووتو دەکا، فرۆید پاش تەمەنێک لێکۆڵینەوە لەسەر زانستی دەروون شیکاری، جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە بە کردەوە دەرهێنانی دەروون شیکاری، بە هیچ کلۆجێ بە نەخۆشیگەلی دەروونی کۆتایی نایە، بەڵکو بە بابەتگەلی هونەری و فەلسەفی، تەنانەت ئایدیۆلۆژیکی پێوەند دەدرێتەوە(٢)، ئەمڕۆ زۆربەی دەروونناسەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەفراندنی بەرهەمێکی هونەریی، زۆر باش دەتوانێ جێگری مەرهەمی دەروون بێ، بەو هۆیە کە هەر بەرهەمێک بەڵگەیەکە بۆ کەمایەسییەک،



**کارڵ گۆستاف یۆنگ**

کە بۆ چارەسەر کردن و لابردنی کەمایەسییەکی دیکە تێدەکۆشێ، ڕاستە کە دەروون شیکاری خۆی لە بنەڕەتدا، ڕێگایەکە بۆ چارەسەرکردن و هێورکردنەوەی نەخۆشیگەلی دەروونی، بەڵام لە جیهانی ئەدەبیاتدا نووسەر بە خەیاڵی خۆی، ئەم بە کردەوە دەرهێنانی دەروون شیکارییە، بە کردەوەی نووسین ئەزموون دەکا، وەک چۆن دەبینین زۆرجار نووسەری چیرۆکێک، قارەمانێک دەخوڵقێنێ و کەسایەتییەکی تایبەتی- کە بێ گومان هەڵقوڵاو لە دەروونی خودی نووسەرە- پێ دەبەخشێ، نەخۆشی دەخا و ڕێی چارەی بۆ دەدۆزێتەوە، هەر جۆرە جیلوەیەکیش لە کەسایەتی قارەمانانی ئەفرێندراو لە لایەن نووسەرەوە، ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی دەروون بۆ بەردەنگ ڕوون دەکاتەوە، کە بۆ زاڵ بوون بەسەر دەروونناسیدا، خاوەنی گرنگایەتییەکی بەرچاوە.

**١- ئەدەب و ناسیاری دەروونی:**


هەر کات قووڵتر بیر لە ئەدەبیات دەکەینەوە، زیاتر بەم حەقیقەتە دەگەین کە فەلسەفەی ئەم زانستە، ساز کردن و سەلماندنی شوناسێکی گشتییە، بێتو دەقێک شوناس نەهێنێتە ئاراوە، با بۆ ماوەیەکیش سەرنجی بەردەنگ بەرەو خۆی ڕابکێشێ و بەردەنگ خۆی پێوە سەرقاڵ بکا، دیسان دەقی وا بە دڵنیاییەوە تەمەنی زۆری نابێ و وەک بەڵگەیەکی هەمیشەیی، لە هزری درێژخایەنی مێژوودا نامێنێتەوە، دیکارت (فەیلەسووفی فڕەنسی) گریمانەیەکی بۆ پێناسەی مرۆڤ هەیە و پێی وایە مرۆڤ بەردەوام ناسیاری تێدایە و لە بنەڕەتدا بوونەوەرێکی بە

ئاگایە، بێجگە لە ئەدیبەکان، فەیلەسووف و ڕۆشنبیرەکانیش هەر بەو گریمانەیەی دیکارتەوە، تێڕوانین و خوێندنەوەیان لەسەر بابەتگەلی مرۆڤانە و جیهانی مرۆڤ هەبووە و هەر سێ چینی ئاماژە پێکراو، کاریگەری فرە ڕەهەندیان لەسەر ناسینی دەروونی مرۆڤ داناوە، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ئەگەرچی دەقی نووسراوە، بە گشتی دەستکردی خەیاڵی نووسەری چیرۆک، یان ڕۆمانە و قارەمانی ساز کراو، کەسایەتییەکی ڕاستەقینە نییە، لانی کەم ئەزموونێک لە دەروونی کەسایەتی نووسەرە و نووسەر لە قەست، یان بە بێ مەبەستیش بێ، پێش خۆیا بوونی دەروونی لە نێو دەقی ئەدەبیدا پێ ناگیرێ، ڕاستییەکەی هەر دەقێکی ئەدەبی کە ئاکاری مرۆڤ بۆ بەردەنگ دەگێڕێتەوە، دەسکەوتی زاتی ناخودئاگای نووسەرە و ڕەگەزگەلی دەروونیش لە خۆ دەگرێ، تەنانەت ئەگەر نووسەرەکەی شارەزای بابەتگەلی دەروون شیکاریش نەبێ، لە ڕوانگەی دەروون شیکارییەوە، ئەدەبیات و هەموو بەرهەمە هونەرییە خەیاڵکردەکانی دیکە، دەسکەوتی هێزێکی ناخودئاگان کە لە نووسەر و بەردەنگ و بە گشتی کۆمەڵگەدا لە هەڵسوکەوتدایە و نابڕێتەوە(٣)، کەوابوو خودی زانستی دەروون شیکاری و هەڵسەنگاندنی دەروونناسانەی دەقی ئەدەبی، ناسیارییەکی تایبەت لە دەقی ئەدەبی بە دەستەوە دەدا، بۆ نموونە کاتێک لە خوێندنەوەی چیرۆکێکدا، ئێمەی بەردەنگ لەگەڵ کەسایەتییەکی سەرەکی ڕووبەڕوو دەبینەوە، بیر لەوە دەکەینەوە کە ئەم کەسایەتییە، کاریگەریی لە کام یەک لە زاتگەلی ناخودئاگای خۆی وەرگرتووە؟ یان چۆن دەکرێ ئاکاری کەسایەتی و ڕووداوگەلی نێو چیرۆک، بە پێی ڕەگەزگەلی دەروون شیکاری ڕوون بکرێنەوە؟ لەوانەش گرنگتر، ئەم بەرهەمە ئەدەبییەی کە بۆ خوێندنەوە لەبەر دەستماندایە، ئاخۆ چ شتێکمان لەمەڕ دەروونی نووسەرەکەیدا پێ دەڵێ؟ سەرجەمی ئەو پرسیارانە، هەنگاو بە هەنگاو ئێمە لەو ڕاستەقینەیە نزیک دەکەنەوە، کە بە ڕوانینێکی دەروونناسانەوە، دەقی ئەدەبی ئاماژەپێکراو هەڵبسەنگێنین.

**٢- خوێندنەوەی سایکۆلۆژییانەی چیرۆکەکانی هیدایەت:**

خوێندنەوەی سایکۆلۆژییانە، یان بە وتەیەکی دیکە ڕەخنەی دەروونناسانە کە بێ گومان بناغە دانەرەکەی فرۆیدە، بە درێژایی سەدەی بیستەم چ لە ڕەهەندی تیوری و چ لە ڕەهەندی کردەوەی ئەدەبییەوە، هەر هاتووە و بەربڵاوتر لە پێشوو، ڕیشەی لە نێو قوتابخانە ڕەخنەییەکاندا داکوتاوە، تەنانەت ڕەخنەگرانی مارکسیست و فیمینیست و مێژووخوازە مۆدێرنەکانیش بە بێ ئەوەی بیانەوێ، بەهرەی حاشاهەڵنەگریان لە ڕەخنەی سایکۆلۆژی وەرگرتووە، خوێندنەوەی سایکۆلۆژییانە بەرانبەر بە دەقی ئەدەبی، هەر لەم ڕوانگەی فرۆیدەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێی وایە تانوپۆی ئەدەبیات، پڕاوپڕی ناتەبایی گەلێکی چارەسەر نەکراوە کە بۆتە هۆی دەربڕینی دەروون ئازاریی لە نێو دەقی ئەدەبیدا، لەم ڕوانگەیەی فرۆیددا بەرهەمی ئەدەبی، ڕێک وەک خەون سەیر دەکرێ و بە ئامانجی زاڵبوون بە سەر داخوازیی و ناخی دەروونی سەرکوت کراوی نووسەردا، هونەرگەلێکی دەروون شیکاری بە سەر دەقی ئەدەبیدا دەسەلمێنرێ، فرۆید زاتی ناخودئاگای مرۆڤی، بە شتێکی چەواشە و بێ پێکهاتە داناوە و بە پێچەوانەی ئەو، ژاک لاکان (دەروونناس و ڕەخنەگری پێکهاتەخوازی فەرەنسی) لێبڕاوانە پێمان دەڵێ کە ناخودئاگا، بێ پێکهاتە نییە و پێکهاتەیەکی وەک پێکهاتەی زمانی لە خۆ گرتووە، ئەگەرچی لاکان وەک فرۆید بایەخی بە خەون داوە، بەڵام بە ئاشکرا پێی وایە خەونیش وەک زمان خاوەنی پێکهاتەی تایبەتە کە دەکرێ لە بواری زانستییەوە لێی بکۆڵرێتەوە، ئەوەی بنەمای ڕەخنەی دەروون شیکارانە پێکدێنێ، ئەم گریمانەیەی فرۆیدە کە هەموو هونەرمەندێک، بە تایبەت کەسی نووسەر، خاوەنی دەروونێکی بە ئێشە و جیاوازی لێرەدایە کە هونەرمەند و نووسەر بە هۆی داهێنان و ئەفراندنی هونەرییەوە، بۆ گەڕانەوە بەرەو سەلامەتی بیر و هاوسەنگ کردنی دەروونی خۆی، بە چەشنێکی بەرچاوتر هەوڵ دەدا، لەم بڕوایەدا ئامانجی سەرەکی نووسەر لە نووسینەوەی هەر چیرۆکێک، بەدیهێنانی خواست و ئارەزوویەکی سەرکوت کراوە، کە لە کاتی منداڵیدا دروست بووە و لە زاتی ناخودئاگایدا ماوەتەوە.(٤)

سادق هیدایەت نووسەر و ڕۆشنبیری ئێرانی، لە دۆخێکی گرنگ لە مێژووی ڕامیاری و ئەدەبی ئێراندا، ڕووی هێنایە نووسینی چیرۆک و بێجگە لەوە لە بواری شانۆنامە، وەرگێڕان، ڕەخنە، نووسینەوەی فەرهەنگی ڕەشۆکی، ئاسەواریی تەنز و...تاد، خۆی بە تەواوی تاقی کردەوە و گەلێک بەرهەمی بەبایەخی لە ئەدەبی



**ژان لاکان**

ئێرانیدا تۆمار کرد، بەڵام دیارە چیرۆکەکانی هیدایەت بوو کە تەنانەت سنوورەکانی ئێرانی تێپەڕاند و لە جیهانی ئەورووپای ئەو کاتدا، زۆر بە زوویی وەک ئاسەواری بەناوبانگی مرۆڤێکی ڕۆشنبیری ئێرانی، لە لایەن کۆمەڵێ نووسەر و ڕەخنەگر و ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە وەرگیرا، هیدایەت لە بەستێنی شانۆ و نووسینی شانۆنامەدا، بەرهەمی وەک (مازیار)، (درۆی بەدیهێنان) و (پەروین کچی ساسان)ی نووسیوە کە بە تایبەت هەوێنێکی لە ئەدەبی تەنزی تێدا هێناوەتە ئاراوە، لە نووسینی شانۆنامە گرنگتر لە کارەکانی ئەو نووسەرەدا، هونەری وەرگێڕانە کە هیدایەت بە سەرنجدان بەوەی کە زمانی پەهلەوی، ئینگلیزی و فەڕەنسی زانیوە، گەلێک بەرهەمی چیرۆکنووسیی لە نووسەرانی وەک کافکا، ژان پۆل سارتر، ئەلکساندەر لانژکیلاند، چیخەف، ڕۆژێ لێسکۆ و... تاد وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی(٥)، (پەیامی کافکا) گرنگترین نووسراوەی هیدایەتە کە وەک ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبی چیرۆکنووسیی مۆدێرن، سەرنجی بەردەنگی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، هیدایەت لەم بەرهەمەدا ڕاڤە و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئاسەواری کافکا کردووە و بە گرنگیدان بەو وێکچوونە کە لە نێوان خۆی و کافکادا هەستی پێ کردووە، پەیامی کافکای بە پەیامی خۆی زانیوە، وەک ئاماژەم پێکرد ترۆپکی بەرهەمەکانی سادق هیدایەت، هەمان چیرۆکەکانیەتی کە زۆربەیان بێجگە لە بایەخی مێژوویی(٦) لە حەقیقەتدا چیرۆکگەلێکی سەرنجڕاکێش و هەتاهەتایین، هیدایەت بێجگە لەوەی لە نووسینی چیرۆکدا توانایییەکی تایبەتی هەبووە، وەک نووسەرێک خاوەنی هەست و داهێنانێکی هونەریی و فکریش بووە کە بە تێکەڵ کردنی هەردووکی ئەم ئەسڵانە-واتا هونەری نووسین لە لایەک و داهێنان لە لایەکی دیکە- توانیویەتی زۆرترین کاریگەریی لە ڕەوتی چیرۆکنووسیی فارسیدا هەبێ، هونەرێکی زۆر بەرچاوی هیدایەت کە بە ئاشکرا لە چیرۆکەکانیدا وەبەر چاو دێ، سازکردن و خوڵقاندنی کەسایەتی جۆراوجۆرە، بێ گومان ئەم هونەرە ئاماژە پێکراوە، پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ناسیاری تەواوی هیدایەت، بەرانبەر بە کۆمەڵگای ئێران، هەروەها کۆمەڵگای ئەورووپیدا هەیە، ئەگەر سەرنج بدەینە چاخێکی کە هیدایەت تێیدا ژیاوە، دەزانین کە لە بواری مێژووییەوە، هاوکاتە لەگەڵ ئەو کۆمەڵە نووسەرە فڕەنسییانەی کە وێڕای هونەرمەند بوون، ڕۆشنبیر و جیاوازیخواز بوون و بەرانبەر بە بابەتگەلی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریش، بە تەواوی دەرەوەست و خاوەن هەست بوون، نووسەرانێکی وەک سارتر، کامو، سیمۆن دوبڤوار و... تاد لەو کەسانەن، کە دەستەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیان پێکهێناوە و هیدایەتیش لەگەڵ بیر و بەرهەمیاندا ناسیاری هەبووە و لە ڕاگوێزتنی بۆچوونیان بۆ نێو ئەدەب و فەرهەنگی ئێرانی، ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، هیدایەت خۆی ڕۆشنبیرێکی ئێرانییە کە بە تەواوی ڕەخنە لە دۆخی زاڵ بە سەر کۆمەڵگەدا دەگرێ و نووسینی چیرۆکی کردۆتە کەرەسەیەک بۆ سەلماندنی خۆی و کۆمەڵگەی، هەروەها بۆ ڕوون کردنەوەی پێگەی وڵاتەکەی، لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوودا، لە چیرۆکی هیدایەتدا ڕەخنەی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی یەکجار زۆرن، وەک گوتم بە بۆنەی هونەری نووسینەوە، هیدایەت زۆربەی ناحەزییەکانی کۆمەڵگەی، بە ئاشکرا وەدەر خستووە و بە ڕاوێژێکی گاڵتەجاڕانەوە، تەنانەت خەمی بۆ خواردوون و ئاخی بۆ هەڵکێشاون، دەردی پاشکەوتوویی، هەژاری، تاریک بیریی، چەوساندنەوە، فریودان و... تاد، لەو ئازارانەن کە بە تەنیا لە چیرۆکی (حاجی ئاغا)دا شەپۆل دەدەن و دەسەلمێنن کە تانوپۆی کۆمەڵگەیان گرتۆتەوە و زیاتر و زیاتر بوونەتە هۆی دواکەوتوویی تاک و کۆمەڵی ئێرانی، خاڵی شیاوی سەرنج ئەوەیە کە لەم چیرۆکەدا، هیدایەت بە پێچەوانەی هەموو چیرۆکەکانی دیکەی، کەمتر خۆی لە نێو بازنەی هیوابڕاوی و نائومێدیدا

دێڵێتەوە و بە ئاشکرا هاوار دەکا کە پێش ڕەوتی ڕۆشنبیری، بە هیچ تاقم و گرووپ و دەسەڵاتێک ناگیرێ، سروشتییە کە هیدایەتێکی کە کۆمەڵگەی ئەوروپی و ڕۆژاوای لە نزیکەوە ئەزموون کردووە، لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتی دواکەوتووی خۆیدا، تووشی خەمۆکی و هیوابڕاویی بێ، هیدایەت لە داخی چینی ڕەشۆکی کۆمەڵگە لە لایەک و سەرکردایەتی بە ناو ڕۆشنبیری ئێرانی لە لایەکی دیکەوە، خۆی خستۆتە پەراوێزەوە و تەریک کەوتووە، تەنانەت جۆرێک هیوابڕاویی فەلسەفی بە سەر (کوندەبووە کوێرە)شدا -کە شاکارێکی کەم وێنەی جیهانییە- بە ئاشکرا دیارە.

**٣-هیدایەت و دەروون ئازاریی تاک:**

لە هەنگاوی هەوەڵدا با بێینە سەر ئەو باوەڕە کە دەروونی چیرۆکەکانی هیدایەت، بە هیچ کلۆجێ لە دەروونی خودی نووسەرەکەی جیا نابنەوە، بە واتایەکی دیکە، ئەوە دەروونی هیدایەتە کە لە دەروونی چیرۆکەکانیدا پەرەی ساندووە و ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە پێویستە هەندێک لە چیرۆکەکانی ئەم نووسەرە، بە هۆی بابەتگەلی تایبەتیانەوە، لە ڕوانگەی دەروونی تاکییەوە بخوێنرێنەوە، کارل گۆستاف یۆنگ (دەروونناسی سویسرایی) دەروونی مرۆڤ بۆ سێ بەشی زاتی خودئاگا و زاتی ناخودئاگای تاک و زاتی ناخودئاگای کۆمەڵیدا، دابەش دەکات و لە پێناسەی زاتی ناخودئاگای تاکدا دەڵێ ئەم بەشە لە دەروون، هەموو ڕەگەزگەلی تاکیی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا لە خۆ دەگرێ و مەرجیش نییە لە نێو مرۆڤەکاندا هاوبەش بێ(٧)، دیارە ئەم وتەیە بە تەواوی ڕاستە، لەبەر ئەوەی کە دۆخ و شوێن و کات، هەروەها ڕووداوگەلی کە مرۆڤ بە درێژایی ڕۆژ لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، لەگەڵ یەکتردا جیاوازە، بە وتەیەکی دیکە، گەلێک جار ئەوەی کە لە زاتی ناخودئاگای تاکیی کەسێکدا بوونی هەیە، ڕەنگە لەگەڵ زاتی ناخودئاگای تاکیی کەسێکی دیکەدا بە تەواوی جیاوازی هەبێ، هیدایەت لە زاتی ناخودئاگای تاکیی خۆیدا، مرۆڤێکی تەنیایە کە بەردەوام تووشی خەمۆکی و دەروون ئازاریی دێ و ئەم ڕاستەقینەیە، چ لە ژیانی ئاسایی و چ لە ژیانی هونەریی ئەم نووسەرەدا، حەقیقەتێکی ئاشکرایە، بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتی دەروونناسی تاک لە دەروونی بەرهەمەکانی هیدایەتدا، پێویستە سەرجەمی چیرۆکەکانی هیدایەت، لە دوو بەشدا پێناسە بکرێن و دوو خاڵی دیاریکراویان تێدا بخوێندرێتەوە، بەشی هەوەڵ چیرۆکە ناسیۆنالیستییەکانی هیدایەتە، کە هەڵبەت بیر بە تەواوی تێیاندا، بیرێکی شۆڤێنیستییە و زایەڵەی ئەم هەست و ئیحساسە توندانەیە کە بنەماکەی هەر لە سەردەمی یەکەمین شەڕی جیهانییەوە، لە نێوان توێژی خوێندکار و ڕۆشنبیرە فارسەکانەوە، ڕووی لە زیاد بوون کرد و بەرەیەکی بە ناوی" ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکانی ئێران"ی بە کردەوە ساز کرد، هیدایەت ئەگەرچی نوێنەرێکی بە تەواوی مانای ئەم گرووپە ڕۆشنبیرەیە و بەرهەمی وەک (پەروین کچی ساسان)، (کوندەبووە کوێرە)، (هۆنراوەکانی خەییام)، (ئیسفەهان نیوەی جیهان) و... تاد، هەر هەمووی نموونەی دەربڕینی ئەم جۆرە هەست و ئیحساسە توندەن، بەڵام وەک تاکێکی ئێرانی، هیدایەت پێشکەوتوویی وڵاتانی وەک فەڕەنسە و بریتانیا و ئەڵمان و بە پێچەوانە دواکەوتوویی وڵاتی خۆی، هەر بە کردەوە ئەزموون کردووە و هێرشی عەرەبی بۆ سەر ئێران، بە دەسپێکی هەموو دواکەوتوویی فکریی و فەرهەنگی لە وڵاتەکەیدا داناوە، ئەوی شیاوی سەرنجە، ئەوەیە کە لە سەرەتای دەسەڵاتداریی ڕەزا شای پەهلەوی بەولاوە کە ئەم جۆرە هەستە میللییانە لە لایەن سەرکردایەتی حکومەتی ئێرانەوە، بە ڕاشکاوی بانگەوازیان بۆ دەکرا، ئیتر هیدایەت حیسابی نەتەوەخوازیی خۆی لەگەڵ نەتەوەخوازیی دەوڵەتیدا جیا دەکاتەوە و لە چیرۆکی (تۆپی مرواری)دا، تەنانەت پاشماوەی هەستی ناسیۆنالیستی خۆی وەلا دەنێ و وەک هەموو دیاردەکانی دیکەی دەوروبەری، گاڵتەی پێدەکا و و بەرەو هەمان خەمۆکی و هیوابڕاویی دەگەڕێتەوە کە سەرانسەر ڕوحی ئەم نووسەرەی تەنیوەتەوە، دەمەوێ بە ڕاشکاوی ئەوە بڵێم کە هیدایەت نەک وەک نووسەر و ڕۆشنبیر، بەڵکو لە قۆناغی هەوەڵدا وەک شارۆمەندێکی ئێرانی، بە ئاشکرا تووشی نەخۆشی دەروون هاتووە و ئەگەر بۆ ماوەیەکیش، بەگەڵ کۆمەڵێک بکەوێ و دروشمێکی هاوبەش بنووسێتەوە، بۆ ئاخری هەر نەخۆشی دەروونی، لە سەرجەمی ئەو گرووپانەی دادەبڕێ و بەرەو تەریک کەوتنەوەی هان دەدا، یان لە چیرۆکی (زیندە بە گۆڕ)دا کە وەک زۆربەی بەرهەمەکانی نووسەر، تاکدەنگ (monophony)ییە و کەمتر کەڵک لە پێکهاتەی دیالۆگ وەرگیراوە؛ دیسان هیدایەت لە ئاوات و ئارەزووی نهێنی و تاکیی خۆی دەدوێ و بە هەموو بەڵگەیەکەوە، خۆی و بەردەنگ بە قەناعەت دەگەیەنێ کە

وا چاکە مرۆڤێکی وەک ئەو، دوایی بە ژیانی بێنێ و بۆ هەتاهەتایە لە ژێر خاکدا ئارام بگرێ:

«نا، هیچ کەس بڕیار نادا خۆی بکوژێ، خۆکوژی لەگەڵ هەندێک لە ئینسانەکانە و لێیان جیا نابێتەوە، لە سروشت و لە دەروونیاندایە، بەڵێ، چارەنووسی هەر کەس بە نێوچاوانییەوە نووسراوە، خۆکوژیش لەگەڵ کەسانێکدا لە دایک دەبێ، من هەمیشە گاڵتەم بە ژیان کردووە! ئەم دنیایە، خەڵکەکەی، هەمووی هەر تێکڕا شتێکی پووچ و قۆڕ و بێ مانایە، دەمویست بخەوم و هەرگیز وەخەبەر نەیەم و خەونیش نەبینم، بەڵام چونکە خۆکوژی بە لای خەڵکەوە، کارێکی سەیر و نامۆیە، دەمویست بە دەستی ئانقەست خۆم تووشی نەخۆشییەکی سەخت بکەم، زەرد هەڵگەڕێم و ڕەنگی مردووم لێ بنیشێ، ئەوکات کە هەموو بەو وەزعەیان زانی، تریاک بکێشم و هەموو بڵێن:

– نەخۆشییەکی گرت و مرد...»

لەم چیرۆکەدا هیدایەت بە ئاشکرا دەڵێ کە هەموو کەس لە مەرگ دەترسێ، بەڵام من لە ژیانی مکوڕ و دەست هەڵنەگری خۆم دەترسم، کە دیسان لە دەروونی نووسەردا ئەم وتەیە مانایەکی تایبەتی بە دەستەوە دەدا، مانایەکی وا کە دەسەلمێنێ هیدایەت، کەوتۆتە بۆسەی چارەنووسەوە و بە یەکجاری خۆی بە دەستەوە داوە، هیدایەت لە سەیری ژیانی هونەریی خۆیدا، بە ئەندێشەیەکی مۆدێرنەوە دەست پێدەکا و بە ئاشکرا هەتا سەر سنووری پووچگەرایی دێ، کەچی کتوپڕ لەم ڕەوتە دادەبڕێت و خۆی ڕادەستی چارەنووس دەکا، چارەنووسێکی مەرگخوازانە، کە بە تایبەت لە چیرۆکی (زیندە بە گۆڕ)دا بە تەواوی هەست پێدەکرێ، فرۆید لە دەروون شیکاری کردەوەیی و لە بەشێک لە خوێندنەوەکانی خۆیدا، باس لەم حەقیقەتە دەکا کە هەموو مرۆڤێک ویستێکی مەرگخوازانەی تێدایە، کە بەرەو مردن و نەمانی هان دەدا و یەکسەر ڕوح و دەروونی دەهەژێنێ، ڕاستە کە مانای مەرگخوازیی، لە بنەڕەتدا لەسەر زانستی ژینناسی (بیۆلۆژی)ی ساغ بۆتەوە و پێوەندی نەبڕاوەی لەگەڵیدا هەیە، بەڵام دیسان مەرگ، یان ترس لە مردن، لەگەڵ هەندێک لە ڕاستەقینە دەروونییەکانی ناخی ئینساندا نزیکایەتی زۆری هەیە، بە جۆرێکی تر هەرچەندی ڕووداوی مەرگ لە دەروونی ئێمەدا گرنگتر و گەورەتر بێ، ئەوە ڕەنگدانەوەی لە ژیانی ئاساییماندا پڕ ڕەنگتر و سەرنجڕاکێشترە، هیدایەت لە چیرۆکی (زیندە بە گۆڕ)دا هونەری فلاشباکی بەکارهێناوە و وێنەکارییەکی ئاڵۆز و چەواشەی لە ڕابوردوو و ئێستا و داهاتووی خۆی، بە دەستەوە داوە، تا ڕادەیەکی کە چەندان جار دووپاتی دەکاتەوە کە لە ژیانی ئێستایدا بە چەشنێک باوەڕی نێهلیستی گەیشتووە و ژیانی ئێستای، هیچی ئەوتۆی بۆ درێژەدان تێدا نەماوە، ئەگەر سەرنج بدەنە ئەم چیرۆکە، دەبینن کە ڕووداوی مەرگ لە ژیانی نووسەردا زۆر گرنگ و بەبایەخە، بە تایبەت سامناکیی مەرگ، لە هەموو کات و ساتی ژیانی هیدایەت دا بوونێکی ئەکتیڤی هەیە، ئەوە لە لایەک بڕوای دەروونناسی بەناوبانگی ئێرانی، محەمەد سەنعەتی دەیسەلمێنێ کە پێی وایە ترس لە مردن، بووە هۆی ئەوەی کە هیدایەت کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ، لە لایەکی دیکەش هەمدیسان بە بەردەنگی چیرۆکی هیدایەت دەسەلمێنێتەوە کە ئەو هەموو ئازار و دەردە لە ژیانی نووسەردا، تەنیا و تەنیا مەرهەمەکەی مەرگە و تەنیا مەرگ دەتوانێ هەدای پێ بدا و ئۆقرە بۆ ڕوحی سەرگەردانی بهێنێ.

بەشی دووەم، نووسراوە تەوساویی و گاڵتەجاڕییەکانی سادق هیدایەتە کە پێگەیەکی بەرچاوی لە سەرجەمی چیرۆکەکانیدا هەیە، تەنز چ لە پەیڤی زارەکی و چ لە بەرهەمە نووسراوەییەکانی هیدایەت دا، لە تایبەتمەندیی ئاسەواری ئەم نووسەرە دەژمێردرێ، بەر لەوەی لێکۆڵینەوەیەکم لەسەر ئەم بەشە هونەرییەی نووسەر هەبێ، بە ڕاشکاوی دەڵێم کە هیدایەت هەموو گرێ و کوڵوکۆی دەروونی خۆی، زۆرجاران بە تەنز، بگرە لە زۆر شوێندا بە جنێو دەردەبڕێ، هەمدیسان ڕووداوگەلی تاڵ و ناخۆشی ڕامیاریی- کۆمەڵایەتی وڵات و دەردی دواکەوتوویی چینی ڕەشۆکی، تەنانەت نەزانینی بە ناو زاناکانی کۆمەڵگە، هەر هەمووی کاردانەوەیەکی بە ناوی هونەری تەنز، لە ژیانی ئاسایی و ئەدەبی هیدایەت دا پێکهێناوە، هونەری تەنز بە گشتی لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ چیرۆکە ناسیۆنالیستییەکانی هیدایەت دا، تەنانەت تاکانەتر هەڵکەوتووە، بەو هۆیەوەی کە لە بۆچوونە ناسیۆنالیستییەکاندا، هەوێنی چیرۆکەکانی نووسەر، هەوێنێکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییە و هیدایەت بگێڕەوەی خەم و ئازارێکە کە بە درێژایی مێژوو، ڕوحی نووسەری وەک خۆرە هێدی هێدی خواردووە، لەم چەشنە چیرۆکانەدا، هیدایەت بەباسکردن لە مێژوویەکی کۆنی پڕ لە شانازیی، هەروەها وڵاتێکی ئاوەدان کە دواتر کەوتۆتە

بەر پەلامار و هێرشی عەرەب و داگیر کراوە، ڕوحی خۆی ئۆخژن دەدا و برینەکانی سارێژ دەکاتەوە، بەلآم هونەری تەنزی هیدایەت کە بێجگە لە ڕەهەندی تاکیی، تەنانەت ڕەهەندێکی مەزنی (کۆمەلآیەتی- ئەدەبی)شی تێدا شاراوەتەوە، خاوەنی دەروونناسییەکی یەکجار گرنگە، هیدایەت لەم بەشەدا بە دەستی ئەنقەست، ڕووی هێناوەتە هونەری تەنز و لە لایەکەوە خەم و کەسەری دەروونی خۆی دامرکاندووە و لە لایەکی دیکەشەوە نەفرەت و بێزاری خۆی -وەک گوتم- تەنانەت گەلێک جار بە جنێو و قسەی دزێو دەربڕیوە، تا ئەو ڕادەیەی کە لەگەڵ عەرەبدا دەرکەی وتووێژ دادەخا و بە گشتی بە نەتەوەیەکی مارمێلکەخۆر و دواکەوتوو، هەروەها یاساکەیان بە یاسایەکی کێوی دەستنیشان دەکا.

تەنز بۆ هیدایەت بێجگە لەوەی هونەرێکی زمانییە، ڕاستییەکەی سەنگەرێکی بەرگریشە، بەرانبەر بەو کەسانەی کە دەروونیان ئازار داوە، ئەگەر بێتو هونەری تەنز، لە زۆربەی چیرۆکەکانی هیدایەت بستێنینەوە، ئەوە پێکهاتەی مانایی لە دەست دەدەن و لە بواری ناوەرۆکەوە سەقەت دەبن، بۆ نموونە چیرۆکی (ئابجی خاتوون)، (حاجی ئاغا)، (تۆپی مرواری)، (درۆی بەدیهێنان) و... تاد لەو چەشنە چیرۆکانەن کە بە تەواوی پێکهاتەیەکی تەنزاویان لە خۆ گرتووە، ئەگەرچی هیدایەت چوارچێوەی ئەم چیرۆکە ئاماژە پێکراوانەی، لەسەر هونەری تەنز ساغ کردۆتەوە و بە حەقیش بە زمانی تەنز نەبێ، مەبەستی نووسەر بەم جۆرەی کە لەم چیرۆکانەدا هاتووە، ئاوا بە دەسەلآت خۆی بە دەستەوە نادا، بەلآم لە زۆر چیرۆکی دیکەشدا، با هونەری تەنز ڕۆڵێکی بنەڕەتی و تەوەرەییشی نەبێ، دیسان هیدایەت تەنانەت بە دەربڕینی ڕستەیەکیش بێ، ئەم جوانکارییەی بە کار هێناوەتەوە و مەبەستی هونەریی و فکریی خۆی پێ پێکاوە.

هەوێن لە تەنزی هیدایەت دا، هەوێنێکی تاکییە و با خەسارناسیی بابەتێکی کۆمەڵگەش بێ؛ دیسان دەربڕینی ئەم جۆرە زمانە، کەڵکەڵەی مێشک و دەروونی مرۆڤێکە کە لەگەڵ خەسارێکی کۆمەڵگەدا، بە چەشنێکی تاک ڕووبەڕوو دەبێتەوە و ڕەخنەی ئاراستە دەکا، هیدایەت لە سەرجەمی چیرۆکە ڕیال، یان سوریالەکانیشیدا، هەر تووشی جۆرێک دەروون ئازاری هاتووە و بەردەوام لە تەکنیکگەلی هۆشیارانە و سەرنجی دەروونناسانە سوودی وەرگرتووە، من پێم وایە ئەوەی کە ئاکامی زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی نووسەر، بە جۆرێک دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و هیوابڕاویی کۆتایی پێدێ، هۆی ئەوەیە کە خودی هیدایەت خاوەنی دەروونێکی لەم چەشنە بووە و بە دەست خەمۆکی و هیوابڕاوییەوە، ئازاری گەورەی چێشتووە.(٨)

**٤- ژن لە دەروونی هیدایەتدا:**

هیدایەت بێجگە لە دەردی ناسیۆنالیستی، هەروەها دەربڕینە دەروونییەکانی کە بە هونەری تەنز لە چیرۆکەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لە حەقیقەتدا دەروون ئازارییەکی، تەنانەت تاکیتریشی لە دوو پاژی ئاماژە پێکراوی پێشووی هەبووە کە لە تەواوی مەودای ژیانیدا لەگەڵی بووە و بەردەوام ئازاری داوە، ئەو دەروون ئازارییەی کە ئێستا دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم، تایبەت بە بنەماڵەی هیدایەتە و ئەویش ئازاری چینایەتی و دەرەبەگایەتییە، کە بە هۆی دابونەریتی ویشک و نەگونجاوی خۆیەوە، ڕوحی نووسەری قەتیس هێشتۆتەوە و دەرەتانی لێ بڕیوە، کەوابوو لە قۆناغی هەوەڵدا هیدایەت بێجگە لە دابونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگە، ژانێکی قورستری لەسەر شانی بار بووە، ئەویش هەمان ئازارە کە ئاماژەم پێکرد، سروشتییە کە هیدایەت بەو ڕوحە ناسک و هەستیارەیەوە، توانایی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو هەموو لەمپەرە دەروونییانە نەبێت و لە ژێر باری گرانیاندا بچەمێتەوە، هیدایەت ئەگەر بە لەش لە نێو بنەماڵەکەیدا ژیاوە، بە ڕوح مەودای لێ گرتوون و هەر ئەم پەیڤە، لە جەغزێکی بەرفراوانتردا -کە ناوی کۆمەڵگە بێ - بە ڕاست دووپات دەبێتەوە، سەرنج بدەن کە هیدایەت لە چ گوشارێکی دەروونیدا ژیاوە و خۆی ناچار کردووە، هەموو ناحەزییەکی بنەماڵە و کۆمەڵگەکەی بە تێکڕایی ببینێ و چاویان لێ بپۆشێ؟ ئەوەی کە هیدایەت شاکاری وەک (کوندەبووە کوێرە)ی لە تاراوگە نووسیوە، نیشان دەدا کە ئەو نووسەرە لە وڵاتی خۆی غەریب بووە و لە تاراوگەدا، توانیویەتی زیاتر بە سەر هەست و شعووری ئەدەبی خۆیدا زاڵ بێ، هیدایەت لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا، ئەم ڕاستییەی دەرخستووە کە وڵاتەکەی، بۆ ئەو نییە و مافی ئەو نییە، تەنانەت لە (کوندەبووە کوێرە)دا نیشتمانی خۆی بە سەڵیتەیەک دەشوبهێنێ کە بە غەیری ئەو، هەموو کەس (واتا کەسی بێگانە) بۆی هەیە لەگەڵیدا بخەوێ و چێژی سێکسی لێ وەربگرێ، ئەو چەشنە دەربڕینە، هەموو ئەو نیشتمان فرۆشی و چارەڕەشییە مێژووییانە پیشان دەدا کە زۆر لە

کۆنەوە هەتا بە تایبەت سەردەمی قاجارییەکان، لە ئێراندا باو بووە و لە زۆر گرێبەستی ناشیرین و نەشیاوی سەرکردایەتی ڕامیاریدا، کە شەرمەزاری و بێ ئابڕووییەکەی بە لاپەڕەی مێژووی ئەم وڵاتەوە خۆیایە، گەلێک شار لە وڵاتی ئێران جیا بۆتەوە و هەر بە فەرمی، وەک خاکی وڵاتانی بێگانە ناسراوە، لە ئاوا بارودۆخێکدا هیدایەت پەنای هێناوەتە ئامێزی ژن و بە ئاواتەوە بووە، ئەو هەموو هیوابڕاوی و ناکامییەی خۆی، لە ئامێزی ژندا فەرامۆش بکات و حەسانەوەیەکی دەروونی بۆخۆی بدۆزێتەوە، ژن لە دەروونی هیدایەتدا، سەرەتا بوونەوەرێکی میهرەبان و بە وەفایە کە بێجگە لە دڵ، تەنانەت دەکرێ هەموو بوونی خۆتی پێ بسپێری، بەڵام لەگەڵ ناسیاری زیاتری نووسەردا، ژن دەبێتە کەسێکی پەیمان شکێن و بێ وەفا کە زیاتر بابەتگەلی تایبەت بە لەشی بەلاوە گرنگە، دەکرێ بڵێم دەسپێکی هیوابڕاویی یەکجاری نووسەر، لە ئاڵوگۆڕ لە ڕوانگەی هیدایەت بەرانبەر بە ژنەوە، سەرچاوە دەگرێت و هەر بەویشەوە کۆتایی پێدێ، هیدایەت لە چیرۆکی (بووکەڵەی پشت پەردە)دا، مەودای خۆی لەگەڵ بوونەوەری ژندا بۆ خوێنەر دەکێشێتەوە و دەسەلمێنێ کە تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر، لە ژن و ئیحساسگەلی ئاشقانە بەرانبەر بە ژن دوورە، تەنانەت نووسەر لەم چیرۆکەدا، کۆتەڵێکی ئەودیوی شووشە -کە دەستکردێک لە ژنە- لە ژنێکی ڕاستەقینە بە باشتر دەزانێ، ڕەوتی بۆچوونی هیدایەت بەرانبەر بە ژن، لە ڕوحی مەزنی ژنانەوە دەست پێدەکا و بە لەشێکی سووک و بێ بایەخەوە کۆتایی پێدێ، هۆی سەرەکی ئەم ڕاستەقینەیەش ئەوەیە کە هیچ کات نووسەر، ژنێکی ئایدیالی لە ژیانی خۆیدا نەدۆزیوەتەوە، ژنێک کە خۆی لە چیرۆکی (کاتیا)دا ئاوای پێناسە دەکا:

«دەزانن! هەمیشەی خودا دەبێ ژن بۆخۆی، بە لای منەوە بێت و من هیچ کات توخنی ژن ناکەوم، چونکە ئەگەر من بەرەو ژن بچم، لە دەروونندا وا هەست دەکەم کە ئەو ژنە، سەبارەت بە خۆم نییە کە جوابی داومەتەوە و خۆشی دەوێم، بەڵکو سەبارەت بە پارە، یان زمان بازیی، یان هۆیەکی دیکەیە، کە بەدەر لە سروشتی خودی منە... ئاوا هەست بە شتێکی بەتاڵ و ناڕاست دەکەم، بەڵام بێتو بۆ هەوەڵ جار، ژنێک لە من نزیک بێتەوە، دەیپەرستم»

هیدایەت ژنێکی ئاوای لە دەروونی خۆیدا مسۆگەر کردووە و چاوەڕوانیی ڕەنگدانەوەی لەم چەشنەی لە کەسایەتی ژنان هەبووە، ژنێکی کە لانی کەم لە ئەویندا، ڕاست و یەکڕەنگ بێت و لە بەڵێنی ئاشقانەی خۆی لا نەدا، کەچی لە چیرۆکی (کاتیا)، (تەختی ئەبوونەسر)، (گێژاو) و... تاد، تەنیا تایبەتمەندییەکی بەرچاو کە لە ژن بە دەستەوەی دەدا، ناپاکی و پەیمان شکێنییە کە بێ گومان ئەوەش هەر ڕەنگدانەوەی ژیانی تایبەتی خودی هیدایەتە، هەڵبەت با ئاماژە بەوەش بکرێ، کە هیدایەت لە نەخوێندەواریی و دواکەوتوویی ژندا، پیاو بە خەتابار دەزانێ و بەوە تاوانباری دەکا کە نایەڵێ ژن چاوکراوە و فێرەزانین بار بێ، ئەوەش بە گشتی خەسارناسیی کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتییە کە پیاو بە هۆی پیاوەتی و نێر بوونییەوە، بە سەر نیوەی ڕاستی کۆمەڵگەدا -کە ژنان بن- زاڵ لە دایک دەبێ و لە هەڵسەنگاندندا، بە کەسایەتییەکی زاڵتر دەناسرێ، خودی ژن بە گشتی، چ ژنێکی نەریتی و دواکەوتووی وەک کەسایەتی (مردوو خۆرەکان) بێت و چ وەک قارەمانی نێو چیرۆکی (دۆن ژوانی کەرەج) ژنێکی پێشکەوتووی ئەورۆیی بێت، دیسان هەر ناپاک و بێ وەفایە و لە ڕوانگەی هیدایەتەوە هەرگیز جێی متمانە نییە، من وا بیر دەکەمەوە ئەو هەموو دژوازییە دەروونی و هزرییەی کە نووسەر لە مەڕ ژندا هەیبووە، ئاکامەکەی بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێ لەسەر ئامانجێکی ڕاست بەرانبەر بە بابەت و کەسایەتی ژن ساغ بێتەوە، وە نەبێ هیدایەت ژنی بە باشی(٩) پێناسە نەکردبێ، تەنانەت لە زۆر شوێندا ویستوویەتی ڕوخسارێکی مرۆڤانە -کە بەشێکی بنەڕەتی لە بۆشایی دەروونیی ئەم نووسەرەی پڕ کردۆتەوە- لە ژن پیشان بدا، بۆ نموونە کورتەچیرۆکی (مادلن) وێنەیەکی تەواو لە ژنێکی ئەرمەنی و ئایدیالە، کە نووسەر پێیدا هەڵدەڵێ و دەیناسێنێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ژن لە دەروونی کردەوەیی هیدایەت دا، یان ڕوخسارێکی ئەفلاتوونی و ئوستوورەیی هەیە و نموونەکەی هەمان کورتەچیرۆکی (مادلن)ە، یان بە پێچەوانە کەسێکی ناپاک و دووڕەنگە و نموونە بەرچاوەکانی، لە چیرۆکی وەک (لاڵە)، (دۆن ژوانی کەرەج)، (تەختی ئەبوونەسر)، (حاجی مراد) و... تاد دا بەرچاوە.

دەمەوێ لە یەک ڕستەدا بڵێم کە هیدایەت بەرانبەر بە ژن، ڕوانگەیەکی مام ناوەندیی نییە، بگرە زۆرجار لە چیرۆکەکانیدا، تووشی بۆچوونێکی توند و زێدەڕۆیانە، یان بێ بایەخ و کەمتەرخەمانە دێت و بەو بۆنەیەوە

کەسایەتی ژنی پێ دەکوتێ، هیدایەت وەک کەسایەتییەکی تەریک کەوتوو، وێدەچێ تووشی ئازاری خۆ بە کەم زانین، بە تایبەت بەرانبەر بە ئەشقی ژنان هاتبێت و هیچ کات نەیتوانیبێ پەیڤی دەروونی خۆی، لە لای ژنێک هەڵبڕێژێ، ژن لە دەروونی هیدایەت دا جۆرێک هەڵکەوتووە کە ڕقی لێیان بووە و خۆشی ویستوون، لێیان جاڕز بووە و حەزی لێکردوون، تەنانەت لە زۆر شوێندا ڕوانگەی مرۆڤانەی هیدایەت، لە مەڕ بابەتی ژندا گۆڕاوە و تەنیا بە ڕوانگەیەکی سێکسییەوە سەیری ئەم بابەتەی کردووە، لە خۆڕا نییە لە چیرۆکی (سێ دڵۆپ خوێن)دا، کە بگێڕەوەی چیرۆک خودی هیدایەتە، بە ئاشکرا ئێرەیی بە ئەشقبازی دوو پشیلەی نێر و مێ دەبا و توندیی ئەو ئێرەییە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە پشیلە نێرەکە، لە ڕواڵەتدا بە بیانووی میاواندن و بە بیانووی جووت بوونێکی کە لەگەڵ (نازی) پشیلە مێوە (مێنە) دەستەمۆکەی ماڵە خۆی هەیەتی بیکوژێ، هیدایەت بە خەیاڵی خۆی، بەو کارە مەودایەکی هەتاهەتایی دەخاتە نێوان نازی و پشیلە نێرەکەوە، بەڵام هەمان وێنە کاری، بە دوو کەسی مرۆڤی وەک (ڕوخسارە) و (سیاوەش) لە کۆتایی چیرۆکدا، بۆ جارێکی دیکە سەر هەڵدەداتەوە، هیدایەت لە بابەتی ژندا وەک هەموو بابەتەکانی دیکەی ژیانی، بە سەر چەشنێک دەروون ئازاریدا کەوتووە و هەوڵی داوە، زۆر بوێرانە سەرجەمی ئەو دەروون ئازارییانە بە زمانێکی ساکاری کافکاییەوە، بۆ بەردەنگ بخاتە ڕوو، لە هەر دەلاقەیەکەوە سەیری بەرهەم و بۆچوونی سادق هیدایەت بکەین، زێدەتر بڕوا بەم حەقیقەتە دێنین کە ئەم نووسەرە مەزنە، لە دەگمەن ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆیەتی، هیدایەت لە بواری زمانییەوە، خاوەنی شێوازێکی تایبەتە کە فەلسەفەی سەرەکی ئەم شێوازەی نووسەر، پاراستنی زمانی کووچەیە کە ڕاستییەکەی هەمان زمانی ڕەشۆکی و ڕەسەنی کۆمەڵگایە، زمانی مەبەستی هیدایەت، زمانێکە کە هەموو تاقم و گرووپێکی کۆمەڵگە، لێی شارەزایە و چێژی لێ وەردەگرێ، بێجگە لەو تایبەتمەندییە زمانییانە، هەروەها گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێو چیرۆک کە بەوپەڕی ساکارییەوە بەیان دەکرێن، نووسەر زۆرجار ڕاوێژێکی تەنزاویی و گاڵتەجاڕانە، دەکاتە هەوێنی دەربڕینی مەبەستی سەرەکی چیرۆکەکەی کە ئەگەر بێتو ئەم ڕاوێژە- ڕێک لەم شوێنەدا کە هیدایەت بە کاری هێناوە- نەهاتبایە، بێ گومان پێکهاتەی مانایی چیرۆک، لە خۆیدا شتێکی کەم دەبوو، بێجگە لەوە بابەتێکی کە لە خوێندنەوەی گشتی چیرۆکەکانی هیدایەت دا بەرچاو دەکەوێ، پێوەندی زۆر نزیکی کەشوهەوای چیرۆک لەگەڵ دیالۆگی نێوان کەسایەتییەکانە و دەیسەلێمنێ کە هیدایەت بە پێی پێگەی جۆراوجۆری کەسایەتییەکانی نێو چیرۆک، ڕاوێژی تایبەت بە کەسایەتییەکانیشی گۆڕیوە، سەرجەمی ئەوانەش هەمدیسان دەیسەلمێنن کە نووسەر خاوەنی کۆمەڵناسییەکی مۆدێرن و پێشکەوتووە کە بە دەروون شیکاری ڕوحی تاک و کۆی قارەمانی چیرۆکەکانی، ناسیارییەکی قووڵ و ڕاستەقینە لە کۆمەڵگاکەی بە دەستەوە دەدا، ناسیارییەکی کە لە تانوپۆی هزری بەردەنگدا، بەردەوام دروشمی ئەشق بە فێر بوون و بیر کردنەوە دووپات دەکاتەوە.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- هەڵبەت ئەم وتەیە لەم ڕوانگەیەوە وەڕاست دەگەڕێ، کە ئێمە دەروون بە کەسی مرۆڤ ببەستینەوە و پێمان وابێ، دەروون لە مرۆڤ جودا نییە.**

**٢- غیاثی، محمدتقی، نقد روان شناختی متن ادبی، موسسەی انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٢، ص١٣٦.**

**٣- تایسن، لیس، نظریەهای نقد ادبی معاصر، ترجمەی مازیار حسین زادە- فاطمە حسینی (ویراستار: حسین پاینده)، نگاه امروز- حکایت قلم نوین، تهران، ١٣٩٢، ص٦٩.**

**٤- برسلر، چارلز، درامدی بر نظریەها و روش های نقد ادبی، ترجمەی مصطفی عابدینی فرد (ویراستار: حسین پاینده)، نیلوفر، تهران، ١٣٩٣، ص١٨٣.**

**٥- بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بە وەرگێڕانی (مەسخ) لە کافکا، (دیوار) لە ژان پۆل سارتر، (قالاوی پیر) لە لانژکیلاند، (توودرک) لە چیخەف و... تاد بکرێ، کە بە قەڵەمی سادق هیدایەت کراونەتە فارسی.**

**٦- مەبەست چیرۆکی وەک (تۆپی مرواری)، یان (نیشتمان پەرست) و...ـە کە هیدایەت لەم جۆرە چیرۆکانەدا، بە ئاشکرا مێژووی هاوچەرخی ئێران، هەروەها مێژووی کۆنی ئەم وڵاتە، سەرلەنوێ و بە زمانێکی ئەدەبی تەوساوییەوە، دەخوێنێتەوە و ڕەخنە لە سەرکردایەتی ڕامیاریی ئەم وڵاتە، دەکاتە هەوێنی چیرۆکەکانی.**

**٧- برسلر، چارلز، درامدی بر نظریەها و روش های نقد ادبی، ترجمەی مصطفی عابدینی فرد (ویراستار: حسین پاینده)، نیلوفر، تهران، ١٣٩٣، ص١٨٠.**

**٨- بوزرگی عەلەوی (نووسەری مەزنی فارس) دەڵێ کە: «دوو جارم هیدایەت لە کاتی تووڕەیی و ڕق هەستانێکی وادا دی، کە تەنانەت حەیا و ئەدەب-کە لە تایبەتمەندیی بنەماڵەیی ئەو بوو-ی خستە ژێر پێ و لە حزووری ژناندا، جنێوی زۆر ناحەزی بە زاریدا هێنا.»**

**٩- وەک ئاوەڵناو مەبەستمە.**


# ناوونیشان تا چ ئاستێک کاریگەرە؟

موحسین ئاوارە

**لە بەرایی و دەستپێکدا، بۆ هەر تێکستێک، ناوونیشان سەرپشکە لە کۆتایی (تێکست)یشدا هەر ناوونیشان دەگەڕێتەوە و دەمینێتەوە.**
**(میشێل هۆسرل)**

ناوونیشان دوو وشەی لێکدراوە و بە یەکەوە لکاوە (ناو + نیشان)، (ناو) ئاماژەیە بۆ ئەو بابەت و بەرهەم و هەر تابلۆیەک کە مەبەستە بۆ ناساندنی بە چ ناوێکەوە، وەک جلوبەرگی دەرەکی بابەت، یان بڵێین سەردەر و ڕوخسار و سیمایە، بەڵام (نیشان) ئاماژەیە بۆ ئەو ناوەڕۆکەی بارگاوی دەکرێت کە لە دەربڕینەکاندا نیشانەیەکە بۆ تیری ئاراستە کراو، تیری چاو بۆ بینین، تیری گوێ بۆ بیستن، تیری هەست بۆ هەست پێکردن، تیری لووت بۆ بۆنکردن، تیری چێژ بۆ تام وەرگرتن تا ئاستی دەست لێدان (لەمس) و هەستی شەشەم، پاراسایکۆلۆژی و هەموو تیرەکان لە پێناو پێکان، نووسەر (سەڵاح حەسەن پاڵەوان) دەڵێت: (ئەوەی مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرانی تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە مرۆڤ توانایی هەیە نیشانە دروست بکات)، (فەیلەسووفی ئەڵمانی ئیرنست کاسیرەر) پێی وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی نیشان دروستکەرە) لە سەر هەر تەلەڤزیۆنێک، لە سەر شەقام، لە نێو کۆگا و کارگە و قوتابخانە و ئارامگەی سەر مەرقەد و شوێنی نیشتەجێبوون و سەندیکا و شوێنە گشتییەکان نیشانە هەیە، ئەم نیشانانە ئاماژەن بۆ پێوەندی نێوان چاو و ڕەنگ و شێوەکان...تاد).(١)

ئێستا کە قسەمان لە سەر ناوونیشانە لەم باسە دەرنەچین، هەر چەندە بۆ یەک ئاماژەیی دەگەڕێتەوە (ناوونیشان) وەک جوانییە دەرەکییەکە لە پشت هەر



**سلاح حەسەن پاڵەوان**

ناوونیشانێک باکگراوندێک.. مەسەلەیەک.. ڕابوردوویەک هەیە، بە جۆرێک ئەگەر مانا هەڵگر بێت بە فرە واتایی ئافۆریزم (گوتەی پڕ مەغزا) واتە.. سەنترالّ (مەرکەزییەت)ێک وەردەگرێت، ڕەونەق و کاریگەری خۆی لە بەکێش کردنی خوێنەر و بینەر هەیە کە بە دوای ناوەرۆکەکەی بکەوێت و لێی دانەبڕێت، ئینجا ئەو ناوونیشانە تا چەند کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگا و تەلیسم و سیحر و جادوو و فەنتازیای بابەتەکە کاتێ خوێنەر پەیژە بە پەیژە شۆڕ دەبێتەوە بەرەو قووڵایی نێو دەهالیزەکانی تێکست. (ناجح ئەلمەعموری) بە ناوونیشانی (هێماکان زێڕ و مردنی ئەفسانەیی لە دەقی شیعردا) ئەم وتە بە نرخەی (جیرار جینێت) بە نموونە دەهێنێتەوە کە وتوویەتی (ناوونیشان.. ڕۆڵێکی ترسناکی لە داگیر کردنی دەقدا هەیە لە دەزگاکانی ئەدەبیدا کە ڕووپێوی فراوان دەبێت و بەشداری لە بنیادنانی دەکات.) (٢)

هەروەها نووسەر (عەبدولفەتاح کیلیتو)یش دەڵێت:

(ناوونیشان دەق بەرز دەکاتەوە، ئەو ڕووناکییەی پێ دەبەخشێ کە پێویستییەتی بۆ بە دواداچوونی). (٣)

* ئەگەر وەک نموونەیش، شیعری چەند شاعیرێک بخەینە ڕوو کە چۆن دەق پەیوەست بووە بە ناوونیشانەکەوە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی کە بەردەوام ناوونیشانەکە لە قووڵایی دەقەکەوە دووپات دەبێتەوە و لێی دانابڕێ، لێرەدا ئەوە دەگەیەنێ وەک ئەوەیە ناوونیشانەکە بووەتە سەرچاوە و دەستپێکی بابەتەکە کە ئەو شیعرەی پێ لە دایک بووبێ، واتە جگە لەوەی کە شاعیرێک شیعرێک دەنووسێتەوە کە هێشتا ناوونیشانی بۆ دانەناوە، یان ناوونیشانێک دادەنێ لە قووڵایی بابەتەکە بدوێ و پەیوەستی دەکات بە ناوەرۆکی دەربڕینەکەی و دەلالەت لە دەقەکەی بکات، کەچی جاری وا هەیە شاعیر ناوونیشانێک ڕایدەکێشێ کە ناوونیشانەکە هێندە کاریگەرە هەر لە سەرەتای شیعرەکەوە تا کۆتایی ناوونیشانەکە بەردەوامی خۆی وەردەگرێت، بە جۆرێ ئەگەر دەقەکە (لاشە) بێت، ناوونیشانەکە (سەرە)کەیەتی، ئیتر لاشەش بێ سەر نابێ.. لێرەدا ناوونیشان لە خزمەتی دەقدایە.

شاعیر (نەژاد عزیز سورمێ) لە قەسیدەی (٢ ڕۆژ لە ئەستەمبوڵ) دا، ئەگەر قەسیدەکەی جەستەیەک بێت، ئەوە ناوونیشانەکەی سەرەکەیەتی کە بە ناوونیشانەکەوە دەست پێ دەکات و لێی دانابڕێت تا دواین دێڕی قەسیدەکەی کاتێ دەڵێت:

**ئەستەمبوڵ**
**ئەو ئەستەمبوڵە نەبوو**
**(نالی) و (پیرەمێرد) و (حاجی) لێ بوو**
**ئەو شارە ئێستا**
**بە باڵەخانەی بەرز و منارەی مزگەوتەکانی**
**لە نەخشی مافوور دەچێ**
**بە سام، بڕۆین..**
**گەش لە ڕەنگی ئاگر**
**ئینجانەکانی بەر ڕۆژئاوای**
**گوڵی ڕۆژهەڵاتی تێدا دەدرەوشێنەوە**
**ئەستەمبۆڵ...** تاد (٤)

نموونەیەکی تریش لە بارەیەوە، شاعیر (جەلال بەرزنجی) لە شیعری (هەمیشە لە پشت ئاسمانەوە پەنجەرەیەکی شین دیارە)، سەیر دەکەین چۆن قەسیدەکە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە ناوونیشانەکەوە نووساوە و لێی دانەبڕاوە وەک ئەوەی ناوونیشانەکە ئیحا و دەستپێک و کۆژان و هەستی ناوەوەی شاعیری داگیر کردبێ بۆ بەردەوامبوونی ناوەرۆک و یەکێتی بابەتی لە شیعرەکەدا دەستەبەر بێت.

(هەمیشە لە پشت ئاسمانەوە پەنجەرەیەکی شین دیارە)
**لە پشت ئاسمان**

**دوور دوور**
**پەنجەرەیەكی شین دیار بوو**
**كەسێک بە تیشێرتێكی شین شین**
**دەهاتە پەنجەرە و دەڕۆیشت**
**ئەو كەسە تەماشا شین بوو**
**پێش ئەوەی لە تەماشا كردنی تێر بم**
**پەردەی پەنجەرەكەی دادایەوە**
**دوای ئەو لە نزیكەوە، بایەكی شینم بینی**
**پۆلە مەلێكی شینی لە گەڵدا بوو**
**بێ جیاوازی لە سەر كۆمەڵە درەختێک نیشتنەوە**
(تا لە كۆتایی شیعرەكەیدا بەو دێڕە تەواو دەبێت):
**دڵیشی پڕ دەبێت لە پەنجەری شین شین (٥)**

بەڵێ.. ناوونیشان وەک چوارچێوەیەكی جوانی تابلۆیەک و ڕەگەزێكی قەدرزان بۆ هێنانە پێشەوەی ناوەڕۆک و بەدەنی تێكست و ناساندنی بە خوێنەر، بیسەر، بینەر كە لە مێشک و زاكیرەیشی تۆمار دەبێت بۆ گێڕانەوەی، یان ناسینەوەی بابەتەكە بە هۆی ئەو ناوونیشانەی كە لە لای ماوە، ئیتر لە هەر بۆنە و كاتێكدا دووپاتی دەكاتەوە.

(فیكتۆر دی لابرادی) دەڵێت: (مرۆڤەكان دوو جۆرن، كاتێ سەیری تابلۆیە هونەرییەكان دەكەن، هەندێكیان وێنەكانیان پێ جوانە، هەندێكیش بە جوانی چوارچێوەكانی سەرسامن). (٦)

* لە كاتێكدا كە ناوونیشان ڕۆڵێكی گرنگی بۆ سەرنجڕاكێشان و بەكێش كردنی خوێنەر و بینەر هەیە، بۆ نموونە ناوونیشانی كتێبێک كە خوێنەر ڕادەكێشێ بەو جۆرەی ئەگەر ناوونیشانەكە هێزێكی سیحری تێدا بێ، تا ئاستی هەڵخەڵەتاندن هەندێ جار بە جۆرێک بە نایلۆنی شەفاف و دیار پێچراوە، خوێنەر كتێبەكە دەكڕێ بە بێ ئەوەی بزانێ ناوەڕۆكەكەی بە پێزە وەک ناوونیشانە سەرنجڕاكێشەكەی بۆ نموونە كتێبێک ئا بەم جۆرە لە كتێبفرۆشانی بەریتانیا دانراوە لە سەری نووسراوە (چۆن لە ژن دەگەیت ؟!) بەم ناوونیشانەوە ئەم كتێبە فرۆشی هەبووە، كەچی هەر خوێنەرێک كە كڕیویەتی دوای ئەوەی نایلۆنە شەفافەكەی هەڵپچڕیوە تەماشا دەكات هەر لە یەكەم لاپەڕەی تا دوا لاپەڕەی سپی و هیچی لە سەر نەنووسراوە، واتە ناوەڕۆكەكەی ئەوە دەگەیەنێت كە تەنیا ناوونیشانەكە هەموو كتێبەكەیە، لەم ناوونیشانە سەرنجڕاكێشە (چۆن لە ژن دەگەی)، واتە (هیچی لێ تێناگەی)، كەواتە ئەو ناوونیشانە ئەو ڕۆڵە گرینگەی بینیوە.

* نووسەر (طالب حسین البهادلي) دەڵێت:
(خوێندنەوەی ناوونیشان، كە سەرەتای ناوەرۆكی بابەتە بۆ پێناسەی بابەت كە پێوەندییەكی ئۆرگانی و جەستەیی لەگەڵ ناوەرۆكی بابەتەكە هەبێ بۆ سەرنجڕاكێشان و خوێندنەوەی بابەتەكە، خوێنەر پەلكێش دەكات تا بزانێ ئەو بابەتە سەبارەت بەو ناوونیشانە سەرنجڕاكێشە چی تێدایە. (٧)

* ناوونیشان لە مێشک و یادەوەری مرۆڤ تۆمار دەبێت و دەمێنێتەوە كە ڕۆژێ لە ڕۆژان قسە لە سەر هەر بابەتێک بكات بە هۆی ناوونیشانەكەوە دەست بە قسەكانی دەكات، ئینجا ئەم بابەتە ڕۆمانێک.. چیرۆكێک.. شیعرێک..یان فیلیمێک بێت، ناوونیشان هەیە زۆر كورت و پوختە، هەیە مامناوەندی، هەیە بە ڕستەیەک نووسراوە، گرنگ كورت و درێژی نییە بە قەد ئەوەی ئەم ناوونیشانە مانا هەڵگر و سەرنجڕاكیش بێت و ئەو كاریگەرییە بنوێنی كە مرۆڤ هەمیشە لە یادی ناكات، بۆ نموونە (لە سەرەتای ساڵانی هەشتاكان ئەگەر بە هەڵە نەچووبم (چیرۆكێكی) شاعیر و نووسەری قولە ڕەشی ئەمریكی (لانگستۆن هیوز)م خوێندەوە كە تەنیا ناوونیشانەكەیم لە یاد ناچێ بە ناوی (دایكم منی بەخێو كرد بۆ ئەوەی لە بەندیخانەدا بژیم) ئەم ناوونیشانە تەئویلێكی زۆر هەڵدەگرێ و زۆر دەوڵەمەندە بە مانا و خەیاڵ و بۆچوونی هەمەچەشن، ئەگەر یەک لە ماناكانی ئەوە بێت یەكێک حوكمی درێژخایەنی بۆ دەرچوو بێت كە بە درێژایی تەمەنی لە بەندیخانەدا بژیت كە دایكی بۆ ئەویی بە خێو كردبێت، گەلۆ.. چەند ناوونیشانێكی تراژیدی و دڵتەزێنە، یان بە بارەكەی دی كە ژیان بە لایەوە وەک بەندیخانەیەكە لە بەر ئەوەی بە چەوساوەیی و لانەوازی لە نێو ژیانێكی نا دادپەروەرانەدا دەژی...تاد، زۆر لێكدانەوەی تریش، ئەوەتا دوای ساڵانێكی زۆر ئەو ناوونیشانەم هەر لە زاكیرەدا دەرنەچووە و دەرناچێ، بەڵێ ئەوەیە گرینگی و كاریگەری ناوونیشانی بە پێز و بە هێز.

* (د. عوسمان دەشتی) لە كتێبەكەیدا لە بارەی زمان و تێكستی شیعر (بەشی یەكەم – شیعریەتی ناوونیشان)دا دەڵێت: (ناوونیشان لە ڕەخنەی نوێدا لایەنێكی گرنگ لە ستراتیژییەتی تێكست پێكدەهێنێ و

دەبێــتــە دەروازەیەک بۆ چوونە نێــو جــیــهــانی هەر تێکســتــێکی ئەدەبی و خــوێنەر لەوێوە بەرەو ڕەهەندە نادیارەکــانی دەق هەنگاو هەڵدێنێت، بۆیە دەگــوترێت «ناڤۆنیشان وەک ئێکلام کلیلا دەستبەکاربوونی دهێتە هژمارتن، تاکۆ برێکا وێ بشێین، برەنگەکی سیمۆتیکی نهێنیێن تێکستێ ڤەکەین – (ستراتیژیا ناڤۆنیشانێ، گــۆڤــارا پرێز: ١٢٣)–».. بەردەوام دەبێن لە ســەر بۆچوونەکــانی د. عــوســمــان دەشــتی کــە دەڵێت: لێــرەوە ناوونیــشــان بێــجگە لە ئەرکی ســەرنجــڕاکــێــشــان و ئامــاژەکــردن بۆ خــودی تێکست، خــۆیشی وەک بابەت و وەک تەوەر لە دووتوێی دەقی ئەدەبیدا بەرجەستە دەبێت و ڕەنگ دەداتەوە، «بەو پێیەش پێکهاتەی ناوونیشان نیشانەکانی سیمۆتیکای زمانە، بۆیە دەبێ لێکۆڵەر خــوێندنەوەی تایبــەت بۆ نیــشــانەکــان و چۆنیــەتی بەکــارهێنانیــان بکات – (مملكة النص ١٥» – «تاوەک لە ڕێگای کــردنەوەی ئەو ئامــاژە و نیــشــانگەلە بەرەو شیکردنەوەی تێکســتــەکە هەنگاو هەڵ بگرێت و لە دوا شیکردنەوەشدا دەشێ بگوترێت کە ناوونیشــان دەبێتــە ناسنامــەیەک بۆ دەق و ئەو ڕۆڵە بەجێ دەگــەیەنێت، (البدايات في النص الروائي: ٧٠) –».(٨)

* ناوونیشــان پێوەندییــەکی ستراتیــژی و پەیوەست بە خــوێنەر و بیــســەرەوەی هەیە و پردێکە لە نێــوانیــاندا، جــاری وا هەیە ناوونیــشــانێک بۆ گــۆڤــار و ڕۆژنامــە و ڕیکلامەکان دەنووسرێ، یان هەڵدەواسرێ بۆ کڕین، یان خــوێندنەوە، یان بە دەنگەوە چوونیــان، ڕەنگە ئەوەندەی ناوونیــشــانەکــە کــاریگەر و بەهادار بووبێ، ناوەرۆکی بابەتەکە ئەو بایەخــە و نرخــەی نەبووە، بە جــۆرێک زۆر جــاران خــوێنەری پەشــیــمــان کــردۆتەوە لە خــوێندنەوەی بابەتەکــە، یان کــڕینی ئەو ئامــێــر و شــتــەی لە لایەنی بازرگــانییــەوە ڕیکلامی بۆ کراوە، بۆیە ناوونیشــان چ بۆ کــتێب و گــۆڤــار و ڕۆژنامە و فــیلیم و هەر ڕیکلامــێکی بازرگانی و ئابووری بانگەشەی ڕامیاری بە گشــتی و بە تابلۆ و دروشم و فلێکس و هەر بڵاوکراوەیەک بە نووسین و دەنگ و ڕەنگ و هەر شــێــوازێک وەک ناوونیــشــان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ سەرنجڕاکێشان و پەی پێبردن و هەڵخــەڵەتاندن و لە خشــتــە بردن و باوەڕ پێکردن و بە دەنگەوە چوونی، ئیــتــر بە لایەنی ئەرێنی، یان نەرێنی دەکەوێتەوە، ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە. بۆ ئەو مەسەلانە دوو نموونە دەخەینە بەر چاو.



**جەلال بەرزنجی**

١– لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ نووسەر (میخایل هانیکە) کە (ڤێنیکە هووزمان) ئەنجامی داوە و پێشەوا فەتاح لە ئەڵمانییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە وەڵامی پرســیــارێکدا دەڵێت: (ناوونیــشــان هەمــیــشــە وەک ڕیکلامــێک وایە کە دەبێت بینەران بەرەو سینەمــاکــان ڕاکێش بکات.)(٩)

٢– لە هەڤــپــەیڤــینێکدا لەگــەڵ چیــرۆکنووس (ڕەوف حــەســەن) لە گــۆڤــاری ڕامــان کــە نووســەران (ئازاد عەبدولواحید و مەحموود زامدار) سەبارەت بە مەسەلەی ناوونیــشــان و کــاریگەریەکــانی پرسیــار دەکــەن، نووسەر ڕەوف حەسەن بەم جۆرە وەڵامیان دەداتەوە

**ڕامان:** ئێــستــا ناوونیــشان هەڵبــژاردن گرنگە، چونکە دەروازەیە بۆ چوونە ژوورەوەی دەقەکە.

**ڕەوف حــەســەن:** مــەبەســتم لەوەیە چۆن شت دەڵێی، ئەگــینا ناوونیــشــان هەڵبــژاردن بەشــێکە لە هونەرەکــە، «قووڵایی چاوەکان» کە ناوونیشانە شتە.

**ڕامــان:** بۆ نموونە: تۆلســتــۆی دەڵێ چیــرۆکم هەبووە بە شەش کاتژمێر نووسیومە و بە شەش مانگ ناوونیشــانم بۆ دۆزیوەتەوە.

**ڕەوف حەسەن:** تۆلســتــۆی دەڵێ – الحرب والسلام – بەڵام یەک ملیۆن سوپای سوور لەگەڵ قەڵەمەکەی ئەودا قاچیــان دەجووڵا کە بوو بە فیلم، گرنگ ئەوەیە (الحرب و السلام) ناوێکی ئاسابیە، لەگەڵ ئەوەشدا «گۆڕە و شار

لە توونی بابا»دا جاری وایە لە ناوونیشانەوە سەرنجت رادەکێشێ بۆ ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی بکەی، یان لە دەست کردن بە خوێندنەوەی سەرنجت رابکێشێ، ئەمەش بەشێکە لە خوێندنەوە، ناوونیشانیش بەشێکە لە سەرنج راکێشەکان. (١٠)

* دەتوانم بڵێم ناوونیشان ئەو گڵۆپە سوورەیە، ئەو ئەستێرە داگیرساوەیە، ئەو هێڵە ترسناکەیە کە هەڵوەستەی بۆ بکرێت، چونکە ناوونیشانی کاریگەر تا ئەو ئاستە هەست دەجووڵێنێ و سەرنج رادەکێشێ و ویژدان بە ئاگا دێنێ، کە کتومت حەقیقەتی کەسێتی و کۆژانی شاعیرەکە لە ناوونیشانی شیعرەکەیەوە دەست پێ دەکات، بە تایبەتی ئەگەر ئازار و ژیاننامەی شاعیرەکە بە تەواوەتی بزانیت، ئیتر ناوەرۆکی شیعرەکەش دەخوێنیتەوە، ناوونیشانەکە بەسە بۆ ئەوەی بزانی ناوەرۆکەکە باس لە چی دەکات... بۆ نموونە، ئەوەتا لە سەنتەری نما لە هەولێر کتێبێک بۆ شاعیر قاسم شێروانی چاپ کراوە بە ناوی (قاچێک بۆ شمشاڵ) ئەم ناوونیشانە حەقیقەتی کۆژانی شاعیر دەردەبڕێت کە لە رووداوی (١) ی شوبات لە هەولێر بەر تەقینەوەی تیرۆرستان کەوت و بووە هۆی لە دەستدانی قاچێکی، جا ناوونیشانی قەسیدەیەکی (قاچێک بۆ شمشاڵ)ە کە رەنگدانەوەی خەمە قووڵەکانی شاعیرە، ناوونیشانەکە بەسە بەر لەوەی ناوەرۆکەکەی بخوێنینەوە، زووتر لە کرۆکی شیعرەکەی بگەین.

* (فازیل شەورۆ)ی شاعیر لە کتێبەکەیدا بە ناوی (لیکۆڵینەوەی ئەدەبی) لە تەوەری یەکەمیدا بە ناوونیشانی (ئیستێتیکای ناوونیشانی دەقەکان) دەڵێت:

(ئێستا، رەخنەی ئەدەبی و هونەری هاوچەرخ، خودی ناوونیشانی کردۆتە تەوەرێکی لێکۆڵینەوەکانی زمانناسی دەق و سیمۆلۆژیا، ئەوەش بە تیشک خستنە سەر ئەم پنتانە:

١- بنیادی ناوونیشان.
٢- ئەدگارەکانی ئیستێتیکای ناوونیشان.
٣- کۆدەکانی ناوونیشان.
٤- پێوەندی ناوونیشان بە دەقەوە.

هەروەها بەردەوام دەبێت و دەڵێت... کاتێ (مەحموود عەبدولوەهاب) دەڵێت: (ناوونیشان تەنیا دەستەواژەیەکی زمانەوانی دابڕاو نییە، بەڵکو کلیلێکی راڤەکاری بنچینەییە بۆ کردنەوەی لایەنە داخراوەکانی دەق)، ئەمە ئەو دەلالەتەمان دەخاتە بەر دەست کە ناوونیشان هەم رەگەزێکی سەربەخۆی رەخنەیە و هەم زەمینەیەکی (کۆن - نوێ) سەربەخۆیە بۆ زمانی دەقەکان. (١١)

* مەرجە و مەرج نییە لە لای هەموو نووسەرێک و هەموو جارێک ناوونیشان لەگەڵ بابەتەکە یەک بگرنەوە، چونکە هەن لە نووسەران بە ناوونیشانی سەرنجراکێش و بریقەدار، یان تراژیدی و سۆزداری رۆمانسیانە بۆ بەرگی کتێب، یان هەر بابەتێک بە دیار دەخەن، کەچی بە هیچ کلۆجێک پێوەندی بە ناوەرۆکی دەقەکەیەوە نییە تەنیا روخسارە و بەس کە نووسەر نەیتوانیوە دەستبەرداری ئەو ناوونیشانە جوانە ببێت کە چاک دەزانێ خوێنەر راکێش دەکات بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکەی، ئینجا ناوونیشان هێندە کاریگەری هەیە ئەگەر وەک نموونەیەک شیعرێک و ناوونیشانەکەی وەرگرین کە شاعیر ناوونیشانەکەی هەڵبژاردووە، چەند وتەیەکی نووسەر (د.حەمە نووری عومەر کاکی) دەخەینە بەر چاو کە دەڵێت: (بەڵگە نەویستە کە هەڵبژاردنی ناوونیشان گرینگییەکی زۆر بە شیعر دەبەخشێت کە پێوەندی بە شێوازی شاعیرەوە هەیە، شاعیر، یان نووسەر لە هەڵبژاردنی ناوونیشانی شیعرەکەیدا کاتێک سەرکەوتوو دەبێت، وشەگەلێک هەڵبژێرێت کە بۆ خوێنەر بەرچاو روونییەک بن، ئەو ناوونیشانە راستەوخۆ بیرێکی بنەرەتی، وەک پرەنسیپێک سەبارەت بە بابەت گوتوویانە «شیعر و نووسراوەکان لە ناوونیشانەکەیەوە دەخوێنرێنەوە»، بۆیە دەبێت پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان ناوونیشان و بابەتی شیعرەکەدا هەبێت، ناوونیشان خۆی لە خۆیدا بریتییە لە پرۆجێکتەرێک کە رووبەرێکی گشتی دادەپۆشێت، لەوەش گرنگتر، خاڵی چەق (ناوەرۆک) دیاری دەکات...تاد(١٢)

* لەبەر ئەوەی ئەم بابەتەی لێوەی دواوم زۆر هەڵدەگرێ، چونکە بایەخ و گرینگی تایبەتی خۆی هەیە، بگرە لە کاتی خوێندنەوەی هەواڵ چ بەرەنگ و دەنگ بێت وەک ئەوەی لە سەر شاشەی تەلەڤزیۆن سەیری دەکەین، ئەگەر دەستپێکی هەواڵەکان گرنگ و سەرنجراکێش بن، ئەوە بینەر چاوەڕوانی ئەو هەواڵە دەکات کە لە ناوونیشانەکەوە هاتووە، بە پێچەوانەوەش ئەگەر ناوونیشانی هەواڵەکە نەکەوتە بەر دڵ، ئەوە بینەر

گوێی لێ ناگرێ و فەرامۆشی دەکات، بە هەمان شێوە ناوونیشان لە مانشێتی ڕۆژنامەکان، یان ناوونیشانی هەواڵەکانی ڕادیۆ، هەڵبەتە هەتا ناوونیشانی سەر گۆڕەکانیش بۆ بەکێش کردن و خوێندنەوەی ئەو ڕۆڵە دەبینێ، لە سەر ئەم زاراوەیە دەوەستم، زاراوەیەکە ئاماژەی پێ دەکەم (ئێپیگراف)ە، سەبارەت بەم زاراوەیە (د. موحسین ئەحمەد عومەر) دەڵێت: (ئەو نووسینەی لە سەر تەختەیەک، کتێبێک (ناوونیشان) دەنووسرێ بۆ پیشاندانی ناوەڕۆک و بۆچوونێکی دیاریکراو بە «ئێپیگراف» دادەنرێ، هەروەها نووسینی سەر کێلی گۆڕێک بە ئێپیگراف دادەنرێ.

ئێپیگراف لە ئەدەبیاتی یۆنانی و ڕۆمانی، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، بێ گومان لە لای کوردیش بابەتی لەم جۆرە زۆرە، دەشێ لە ناو ئەدەبیات و ژیانی شارستانی بدۆزرێتەوە، بە تایبەتی لە سەر کێلی گۆڕستانەکان. (١٣)

* ئەوەش ماوە ئەگەر ئاماژەی پێ بکەین، زۆر جار لە سەر بەرگی کتێبێک ناوونیشانێک دەبینین، دەبێتە ناوونیشانێکی گشتگیر بۆ کتێبەکە، چونکە لە نێو کتێبەکەشدا کە کراوە بە بەش بەش هەر بەشێک ناوونیشانێکی بۆ دانراوە، بۆ نموونە نووسەر (د. خالد حسین حسین، لە کتێبە بە نرخەکەیدا (في نظرية العنوان) دا دەڵێت:

کتێبی (کلیلە دمنە):::: (ناوونیشانە سەرەکییەکەیە)

نووسینی (بیدبا) فەیلەسووفی هیندی

وەرگێڕ (عبدالله بن المقفع)

ناوونیشانەکانی ناوەوەی، دوازدە دەرگای هەیە، هەر دەرگایەکی ناوونیشانێکی هەیە، تایبەتە بە ناوەڕۆک و بابەتەکە. (١٤)

لە دوایین بیر و بۆچوونەکانمان سەبارەت بەم بابەتە، ئەوەندە ماوە بڵێم کە ئەم نووسینە لەوە زیاتری هەڵدەگرت و نموونەی زیاتریش هەیە، بەڵام هیوادارم بەوەندەی دەرم بڕیوە، خزمەتێکی بچووکم کردبێت.

**پەراوێزەکان:**

**(١) ڕۆژنامەی ڕووبەر، بیرورا، لە ژێر ناوونیشانی (داڕشتنی نیشانەکان) نووسینی (سەلاح حەسەن پاڵەوان) ل١١.**

**(٢) مەوسوعەی (الف و یاء، مجلة الرابع الثقافي الدوري) ئەیلول، ٢٠٠٦، مؤسسة الزمان للصحافة و النشر، بغداد، ناجح المعموري، ل٥٠٤.**

**(٣) کتێبی (في نظرية العنوان) نووسینی (د. خالد حسين حسين) لە بڵاوکراوەکانی (دار التكوين- دراسات- دمشق- حلبوني -٢٠٠٧- ل٢١١).**

**(٤) ديواني شيعر (نەژاد عزيز سورمێ) بە ناوونیشانی (بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم لەو کانییانەم خواردەوە) ل١٢٨، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی - دهۆک، ٢٠١٠.**

**(٥) کۆمەڵە شیعری (جەلال بەرزنجی) بە ناوونیشانی (ناوم بنێن ماڵەوە) چاپخانەی هەولێر ٢٠٠٦، ل١٥٨.**

**(٦) کتێبی، النقد الادبي الحديث (الدكتور حمدي الشيخ)، ٢٠١٠، لە وتەکانی ئەدۆنیس، ل٩٦، لە چاپکراوەکانی، المكتب الجامعي الحديث، مصر، الاسكندرية.**

**(٧) کتێبی، الفلسفة السياسية عند الاثني عشرية بين النص و التأويل، نووسینی (طالب حسين البهادلي) بعنوان، القراءة العنوانية، لە بڵاوکراوەکانی، وزارة الثقافة، العراق، بغداد، ٢٠١٣ چاپی یەکەم، ل٣٥٢.**

**(٨) کتێبی (لە بارەی بنیادی زمان و شێوازی شیعر (تێکست و لێکۆڵینەوە) نووسینی، د. عوسمان دەشتی، هەولێر ٢٠١٢، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٥٧). ل١٧٣.**

**(٩) لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ (میخایل هانیکە) کە (ڤێنیکە هووزمان) ئەنجامی داوە و (پێشەوا فەتاح) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هەفتەنامەی چاودێر، بەشی ڕەخنەی چاودێر، ژمارە (٣٩١) لە ٢٠١٤/١/٦.**

**(١٠) کتێبی (گفتوگۆ) دیانە و چاوپێکەوتنەکان، ساڵی دووەمی گۆڤاری ڕامان، لە ئامادە کردنی ئازاد عەبدولواحید، هەولێر ١٩٩٩، لە بڵاوکراوەکانی کتێبی گوڵان، ژمارە ٢٦، ل٢٨٢ و ٢٨٣.**

**(١١) کتێبی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) نووسینی (فازیل شەوڕۆ) لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٢٤٣، لە ٢٠١٣، ل١٠٩ و ١١٠.**

**(١٢) کتێبی (شێوازی شیعری نوێی کوردی)، کرمانجی ناوەڕاست ١٩٢٠ - ١٩٧٠) نووسینی، د. حەمە نووری عومەر کاکی، لێکۆڵینەوە، ل٢٨٤ و ٢٨٥.**

**(١٣) کتێبی (فەرهەنگی ئەدەبی) نووسینی د. موحسین ئەحمەد عومەر، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر (٥٦)، لە ٢٠١٢، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی ل٥٤.**

**(١٤) کتێبی (في نظرية العنوان)، نووسینی (د. خالد حسين حسين)، لە بڵاوکراوەکانی (دار التكوين - دمشق - حلبوني) ٢٠٠٧، ل١٤٠.**

# دنیای شیعریی میسباحودیوانی ئەدەب

کەریم حیکمەتی
(بۆکان)

**لەو ساوە دڵی مە چاوی بە شەمعی ڕووت کەوت**
**تا گیانی ڕۆ نەنا وەکو پەروانە نەسرەوت**
**تاڵانی دین و دڵ بەسە ئەی دین و دڵ فیدای**
**غەمزێکی نازی نەرگسی مەخمووری پڕ خەوت**

ڕەنگە زۆر لەسەر شیعری ئەدەب نووسرابێ، بەڵام پێویستە زیاتری لە بارەوە بنووسرێ لە بری ئەوەی کە لە ژیانی تاکەکەسی ئەو شاعیرە بدوێین، زیاتر سەرنجی دەقە شیعرییەکانی بدەین و بە قووڵایی غەزەلەکانیدا ڕۆبچین و ئەزموون و سەنعەتە شیعرییەکانی دەستنیشان بکەین و وردەکارییەکانی بخەینە بەر دید و چاوی خوێنەران.

نووسینی زۆر کەس لەسەر ئەدەب ئەوە بووە کە؛ ئەدەب بێجگە لە شیعری عاشقانە، هیچی تری نەگوتووە و ئەسپی پێنووسی تەنیا و تەنیا هەر لە بواری ئەویندا تاو داوە و هەر بە ماری ئەگریجە و خاڵ و برۆ و گۆنای گراوەکەیدا هەڵگوتووە و هیچ دەقێکی لەسەر بارودۆخی سەردەمی خۆی و چۆنیەتی ژیانی ئەو سەردەمەی خەڵک، کە سەردەمی پڕ ڕووداوی حەمە عەلیشای قاجار و ئەحمەد شای کوڕی و کۆمەڵگای بەش مەینەتی ئەو سەردەمە نییە، ئەمەش وەک کەم کاری و کەموکووڕی ئەدەب دەستنیشان دەکەن!!

بۆرخیس دەڵێ: شیعر نە ئەرک و وەزیفەیە و نە دەربەستی هیچ تیورییەکە. ئەگەر هێندێک بە وردبینییەوە لە دەق بڕوانین، ئەوە بەو ئاکامە دەگەین کە ئەگەر بە چاوی " بەرهەمی هونەری" لە دەقی شیعری بڕوانین، دەق وەک چۆن بوونی هەیە، هەر بەو جۆرەش دەیبینین، واتە لەو شتانە دەدوێین کە لە دەقەکەی بەر دەماندا بوونی هەیە، نەک دەق بە نەبوونەکان (شتە



ئەدەب

غیابییەکان) هەڵسەنگێنرێ، یانی کاتێ ئەدەب دەڵێ:
لەوساوە دڵی مە چاوی بە شەمعی ڕووت کەوت، خوێنەر، یان ڕەخنەگر بۆی نییە بڵێ: ئەدەب بۆ نەیگوتووە: لەو ساوە دڵی مە چاوی بە زوڵمی ڕووس کەوت – یان؛ بۆ لەم غەزەلەدا نەیگوتووە حەشیمەتی کوردی ئەوسا چەند بووە و چەندە یەکگرتوو بوون! و.... مەبەستم ئەوەیە ئەگەر خوێنەر دەقێکی فەلسەفی لەبەردەمی خۆیدا دی، نابێت بێجگە لە بابەتی فەلسەفی چاوەڕوانی، بابەتێکی دیکەی هەبێ.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە سەد ساڵ لە مەرگی ئەدەب تێپەڕیوە و بۆ خۆی بوونی نییە کە ئەم پرسیارەی ئاراستە بکەین، کە بۆچی لە هەلومەرج و ڕووداوی ڕۆژانەی ئەوکاتەی خەڵک (ڕامیاری، چۆنیەتی باری گوزەران، ئابووری کوردستان و...تاد نەدواوی؟ بەڵکو شیاو و بەجێ ئەم پرسیارانەن کە؛ زمان، لە غەزەلی ئەدەبدا لە چ ئاستێکدایە؟ عەشق لە ڕوانگەی ئەوەوە چۆنە؟ چۆن لەگەڵ وشەدا مامەڵەی کردووە و تا چەندە توانیویەتی دنیایەکی سەرکەوتووانە و تایبەت بەخۆی هەبێ و تا چەندە لە ژێر ڕکێف و کارتێکەریی ئەم و ئەودایە، یان چەنێک کاریگەری لەسەر شاعیرانی پاش خۆی هەبووە و...تاد.

بەڵێ غەزەلەکانی ئەدەب عاشقانەن، بەڵام عاشقانە گەلێکی نایاب و بەرز، هەروەک غەزەلە عاشقانەکانی حافز، مەولەوی، نالی و ...تاد کە بۆ هەمیشە و هەردەم تازە و جوان دەمێننەوە و نابێ ئەم جۆرە لە شیعری عاشقانەدا لەگەڵ شیعرگەلێک؛ کە بە ناوی عاشقانەوە دەیانبینین، بەڵام لە هەوەس، سێکس و کەفوکوڵێکی کەم خایەن، چرکەیی و ساردوسڕ تێناپەڕن، بە چاوێک و وەک یەک تەماشا بکەین.

ڕەزا بەراهەنی دەڵێ: ئەگەر شیعری عاشقانە، ئەویندارانە و عاشقانەش گوترابێت، وشە شێت و خولیاکانی شیعرەکە، لە بەستێنی دەربڕین و کەلامدا دەتەقێنەوە. بەراهەنی هەر لەسەر باسی شیعری عاشقانەدا دەبێژێ: ئەگەر تابلۆ و کۆتەڵی دڵبەر، لە هەموو کۆڵان و بازاڕ و چوار ڕێی شەقامەکان هەڵواسرێن و کۆڵانەکان بە ناوی دڵبەر و دڵدارانەوە بکرێن و عەنتیکەخانە و مۆزەکانیش، پڕ کرێن لە جیلوەی جوانی دڵبەرێکی ڕاستەقینە، ئەوسا تفەنگەکان ژەنگ دێنن، بۆمبەکان دەخەسێن، کەس بە باڵای پیاوکوژاندا هەڵنالێ، جاسووسی و سیخوڕی کۆتایی دێ و چوار ڕێی شەقامەکان، لە جۆر و شێوەی دڵی مرۆڤەکان چێ دەکرێن. دیسانیش دووپاتی دەکەمەوە کە ئەدەب ئەم غەزەلانەی، لانی کەم سەد و سی ساڵ لەمەوبەر گوتووە و جێی شوکر و ڕێزە کە بۆ دەربڕینیان (لەو سەردەمە لێڵ و بێ خوێندەوارەدا) لە زمانی بیانی کەڵکی وەرنەگرتووە.

شوێنەوار و کاریگەریی نالی بەسەر زۆربەی غەزەلەکانی ئەوەوە دیار و بەرچاون (وەک؛ دوێ شەو شەوی شەنبە و...تاد کە لە "دوێ شەو شەوی شەنبە"یدا؛ هەم نێوەرۆک و هەم فۆرم لە ژێر کارتێکەریی زەق و خەستی "مەستوورەی نالی" دان)، بەڵام سیاسەتی کەمکردنەوەی وشەی بێگانە و مۆتیڤ و دەستەواژەی تایبەت بە "ئەدەب" وەک؛ گرەو، قەد و باڵا، عومری عەزیز، گلەیی، خودسەر، جامی مەی، پیاڵە، مە"ئێمە" غەیرەز، زەوت، ڕاز، ناز، کەلا و...تاد دنیایەکی جوێ و تایبەتی بۆ ئەدەب دیاری کردووە. وەک؛

**شەوناز و سەحەر ناز و هەموو وەخت و دەمت ناز**
**ئەم نازە هەتا کەی بە فیدات ئەی بوتی تەنناز؟**

یان:

**تاکەی سەنەما وەعدە لەگەڵ مە بە جەفا بێ؟**

**جارێ چ دەبێ تالعی ئەم وەعدە وەفا بێ؟**
**بۆ غەمزەیەکت سەت دڵی ئێمەی بە گرەو برد،**
**جارێکی نەبوو یەک نیگەهت بۆ مە کەلا بێ؟**
**مەعلوومە کە تۆ پادشەهی و ئێمە گەدای ڕووت**
**شاها چ دەبێ گەر نەزەرێکت بە گەدا بێ؟**
**حوسنی چیە گوڵزار کە نامەحرەمی بێتێ**
**گوڵشەن ئەوەیە قەت چ گوڵی لێ نەچنابێ**

هەروەها زمـانی غـەزەلەکـانی، پڕە لە سـەنعـەتی شـوبهـاندن، خـوازە و ئیـهـام. وەک؛ گـەدای ڕووت، کـە دەکـرێ هەم مـەبەسـتی "نیـازمـەندی دیداری یار" بێ و هەمیش مەبەستی "سواڵکەری ڕووت و ڕەجاڵ" بێت.

وشە لە غـەزەلی " ئەدەب "دا، وەک عاشقە و مـاشقە جووتن و ڕیتم و مـۆسیـقایەکی ئەفسـووناوییـان هەیە و وشەی زیادی، زەق و بێ هۆ بوونیان نییە.

**ئەی غەزالەی بێ سەبەب ڕەم کردەکەی هەم پەیکەرم**
**شۆخی بێ پەیمانەکەی بێ شەرتەکەی سەودا سەرم**
**کەی من و تۆ شەرتمان وا بوو بەبێ یەک هەڵبکەین**
**یان دەبوو کەی من بەبێ تۆ سەر بنێمە بەستەرم؟**

دەسەڵاتی شاعیرانە، وێنەی جوان و هێزی گێڕانەوە و پەلکێشکار (قـوت جـذب) لە غـەزەلی "ئەدەب"دا لە ئاسـتـێکی هێندە بەرزدایە کـە خـوێنەر، تووشی چێـژ بەخشی و تێڕامـان و ئەفسـوون دەکا و دەقی شیـعـریی ئەو، وەک دەقـێکی سـەرکـەوتوو وێنا دەکـات، کـە وەک نموونە، بەشێک لە غەزەلی "ژمارە ٢٨ی" دەخەمە بەرچاو و دیدی خوێنەرانەوە و لە وردەکارییەکانی دەدوێم.

**لەو ساوە دڵی مە چاوی بە شەمعی ڕووت کەوت**
**تا گیانی ڕۆ نەنا وەکو پەروانە نەسرەوت**
**تالانی دین و دڵ بەسە ئەی دین و دڵ فیدای**
**غەمزێکی نازی نەرگزی مەخمووری پڕ خەوت**
**گوڵزاری کاینات سەر و بن بکەن تەواو**
**یەک "تۆ،" سنەوبەرێکی تەڕ و تازە هەڵکەوت**
**دڵبەند و شەککەرینە بە هەردەم کەلامەکەت**
**یەکجارە ئەم کەلامی شەکەرباری ئەمشەوت**
**هەرکەس جەماڵی تۆی وەکو مەه کوت خەلافی کوت**
**جیلوەی چیە قەمەر لە کن ئەو میهری پڕتەوت**
**دوێنێ کوتم جەفا بەسە گیانە، مرووەتێک**
**فەرمووت چ وەختی مەوعیزەیە مەیکە مزگەوت**
**فەرمووی: لە ماچی کوڵمەم و لێو کامە خۆشترن؟**

**چ بڵێم، ئەدەب فیدات! لە نێوان ئەم و ئەوت**

ئەدەب لـەم غــەزەلـەدا وێـڕای ئەوەی لـە ســەنعــەتی شـوبهـاندن (چاو بە گـوڵی نەرگـز) کـەڵکی وەرگـرتووە، چەندان نیــشــانە و خــووشی بۆ چاو هێناوەتەوە وەک؛ غەمزەی ناز، مەخموور و پڕ خەو کە هەر سێ نیشانەکە، ئامـاژەن بـۆ چاوێکی، خـومـاری پڕ خـەوی بەناز (چاوی بەناز) کـە ڕەنگە کـێـشـانەوەی جـوانتـرین چاو بێ بە ئامـرازی وشـەی لێک نزیک و تیف تیـفـە دراو، ئەو وشانەی کە هەرمان و ئەویندارانەن و لە پێنووسێکی زۆر عاشقانەوە فوارەیان کردووە و ئاسمانی بێنازی ئەدەبیاتی کوردییان بۆ هەمیشە درەوشاندووەتەوە.


**سەرچاوە:**
**١-دیوانی ئەدەب، شـەرح و لێکدانەوەی سـەعـیـد نەجـاری (ئاسۆ)، پەخشانگای سەلاحەددین ئەیوبی، ورمێ.**
**٢-گل بر بسترەی ماه، رزا بەراهنی- چاپ سهبا.**
**٣-این هنر شعر؛ خورخە لویس بۆرخیس، چاپ نیلوفەر.**

# پەروەردە و فێرکردن لە ئێراقی دێریندا

**سەباح عەلی جاف**
**(کەلار)**

سەبارەت بە ئێراقی دێرین لە سەرچاوە مێژووییەکاندا پێی دەوترێت میزۆپۆتامیا Mesopotamia ، ئەمە وشەیەکی گریکییە بە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، یان دۆڵی دیجلە و فوراتیش ناو دەبرێت (١)، لە نێو ئەم دۆڵەدا بەر لە هاتنی مەسیح، چەندان کۆمەڵگەی خاوەن شارستانییەت ژیان و سەریان هەڵداوە، ئەم نەتەوانە خاوەن چەندان داهێنان بوونە وەک نووسین و خوێندنەوە، ئەم شارستانییەتانە لە خواروو و ناوەڕاستی میزۆپۆتامیادا لە بەرەبەیانی مێژوودا سەریان هەڵداوە و دەوڵەتی پێشکەوتوویان پێکهێناوە و لەم ڕووەوە چەندان شوێنەوار لەم ناوچانەدا دۆزراونەتەوە، وەک وتمان هۆی ئەوەی کە زۆرتر ئەم شارستانییەتەی وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکە لە ناوەڕاست و خوارووودا بووە، دەکرێت ئاماژە بە دەوڵەتە خاوەن شارستانییەتەکان بدەین وەک سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و ئاشوورییەکان (٢).

سەبارەت بە شوێنی هاتن و نەژادی سۆمەرییەکان(٣)، بیروبۆچوونی جودا هەیە کە هەندێک دەڵێن لە ئاسیای ناوەڕاست، یان قەوقاز، یان ئەرمینیاوە هاتوونەتە وڵاتی دوو ڕووبارەکە، ڕەنگە ڕەچەڵەکی ئەوان بۆ شووش بگەڕێتەوە، شاعیران و زانایانی ئەوان بەر لە ٢٣٠٠ پ. ز هەوڵیان داوە مێژووی خۆیان بنووسنەوە (٤)، شاری (وەرکا) یەکێکە لە شارە گرنگەکانی ئەوان کە دوای گەڕان و پشکنین، گەلێک شت دۆزراوەتەوە کە پێوەندییان بە فێربوونەوە هەبووە، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە سۆمەرییەکان پلەیەکی باشیان لە شارستانییەت بڕیوە، بە تایبەتی لە بواری نووسین و خوێندنەوەدا، کە بووەتە هۆی دامەزراندنی قوتابخانە و بە سەدان خشتی سوورەوە کراو دۆزراونەتەوە کە بە خەتی



**حامۆرابی**

مێخی، یان بسماری لەسەریان نووسراوە و نووسراوەکانیش دەیسەلمێنن کە قوتابخانە بۆ زانین و نووسینی ئەم خەتانە هەبووە، تەنانەت ئەوەندە پێویستیان پێی هەبووە کە یاسایان بۆ دەرکردووە (٥).

بە هۆی داهێنانی نووسینی بسمارییەوە کە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە، ئەمە لە چەند تابلۆیەکی وێنەی سانا پێکهاتووە، زاناکان ئەم سەردەمەیان ناونابوو (سەردەمی نیمچە نووسراو)، دواتر ئەم شێوەیە گەشەی کردووە. ئەم ماوەیە لە نێوان (٣٥٠٠ - ٢٨٠٠) پ. ز بووە، بەم شێوەیە نووسینی سەرەتای یەکەم لە وێنەی سانا پێکهاتبوو، هەر وێنەیەک گوزارشتی لە کارێک دەکرد و ئەم نووسینە گەشەی کرد (٦)، سۆمەرییەکان لە هەزارەی چوارەمی پێش زایین نووسینی وێنەیان داهێناوە، پاشان ئەم جۆرە نووسینە پەرەی سەندووە تا لە دەوروبەری ٣٥٠٠ پ. ز نووسینی مێخی هاتووەتە ئاراوە، ئەم جۆرە نووسینە لە چەرخی وەرکادا دۆزراوەتەوە و دواتر لە چەندان شوێنی تر ئەم جۆرە نووسینە هەبووە (٧).

داهێنانی نووسین و خوێندنەوە کاریگەری زۆری کردووەتە سەر بەرەو پێشچوونی لایەنی ژیاری لە ڕووی کۆمەڵایەتی و بازرگانی و کارگێڕییەوە، ئەمەیش بوو بە هۆی هێنانە کایەی قوتابخانەکان، لەو شوێنەوارانەی دۆزراونەتەوە، ئەوە دەردەخەن دیوێکی ئەو خشتانە بە جوانی و ئەوی تریان بە ناشیرینی لەسەریان نووسراوە، واتە ئەمەیش دەری دەخات ئەم جۆرە خشتانە مەشقیان لەسەر کراوە، شوێنەوارە دۆزراوەکان نیشانی دەدەن کە خوێندن لەسەردەمی سۆمەرییەکاندا بۆ دوو بەش دابەش کراوە (خوێندنی زانستەکان، خوێندنی ئەدەبیات)، خوێندنی زانست پێشکەوتوو بووە، بۆ نموونە زمانیان بۆ (وشە) و (بڕگە) دابەش کردووە، زۆرێک لە تابلۆکان ناوی (دار و درەخت، ئاژەڵ، کانزا...)ی لەسەرە، لە خوێندنی ئەدەبیاتدا ئەم شتانەیان لەبەر کردووە وەک:

١- لەبەرکردنی ئەو ئەفسانە و داستانانەی کە باسی شکۆمەندی خواکان و سۆمەرییەکانی کردووە.

٢- لەبەرکردنی ئەو شین و شەپۆڕانەی کە بۆ ئەو شارانەیان کردووە کە دژمنانیان داگیریان کردوون.

٣- لەبەرکردنی ئەو چامانەی کە پڕ بوون لە پەند و قسەی نەستەق و لایەنە ئایینییەکان (٨).

پیاوانی ئایینی ئەرکی پەروەردە و فێربوونیان لە ئەستۆ بوو، ئەوانیش ئەفسانە و چیرۆکە ئایینییەکانیان فێری خەڵکی دەکرد و لە پاڵ زۆربەی پەرستگاکاندا هەندێک قوتابخانە هەبوون، پیاوانی ئایینی کوڕان و کچانیان فێری نووسین و ژماردن دەکرد و هاوکات گیانی نیشتمانپەروەریان لە دڵی ئەواندا دەچاند و هەندێک لەوانیشیان بۆ کاری گەورەی نووسەری ئامادە دەکرد (٩)، زۆربەی تاتە قوڕەکان بابەتی ئەدەبییان لەسەر نووسراوە و مامۆستایان لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین چەندان قوتابخانەیان بۆ فێربوونی خەتی بسماری (مێخی) بنیاد ناوە، ئەو قوتابخانانە بە (ئیدوبە) ناسراوە، واتا مەکۆی تاتەکان و زۆرتر منداڵی ماڵە دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی لێی بخوێنن (١٠)، بەڵگە دۆزراوەکان وا نیشان دەدەن، یاسای خوێندن لای سۆمەرییەکان ئاسان نەبووە، ئەگەرچی مامۆستاکانیان میهرەبان بوون، بەڵام ئەوانەی کەمتەرخەمییان نواندووە، ئازاریان داون و لەگەڵ ئەمەیشدا بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بە باوکی قوتابخانە و فێرخوازەکەیش بە کوڕی قوتابخانە و مامۆستایش بە برا گەورە ناسراوە (١١).

پاش سۆمەرییەکان (ئەکەدییەکان) (١٢)لەسەر تەختەی شانۆی مێژووی فەرمانڕەوایی لە ئێراقی

دێریندا دەرکەوتن، ئەم بنەماڵەیە لە لایەن (سەرجۆنی ئەکەدی)یەوە دامەزراوە و نزیکەی سەد ساڵ حوکمڕانییان کردووە و بە گشتی پێنج پاشا لەو ماوەیەدا حوکمیان کردووە و یەکێک لە پاشا بەناوبانگەکانی ئەم بنەماڵەیە (نەرام سین)ـە (١٣)، ئەمان کە هاتن زۆر شتیان لە شارستانییەتی سۆمەرییەکان بۆ خۆیان بردووە، بە تایبەتی لە ڕووی زمان و نووسینەوە و توانییان بەشێوەیەک سوودیان لێ وەربگرن مۆرکێکی ئەکەدییان پێوە دیار بێت و لەسەردەمی ئەماندا گرنگی زۆر بە لایەنی ڕۆشنبیری و خوێندنەوە و نووسین داوە و کاریگەری ئەمان لە زۆر لایەنەوە بووە و ڕەنگدانەوەی بۆ پاش خۆیشی هەبووە، لە ڕووی پەروەردەییەوە ئەوە باس لەوە دەکرێت قوتابی کاتێک وانەیەکی دەخوێند و تەواوی دەکرد بە شێوەیەک مامۆستا شتێکی پێ دەدا ئەوە ئەو دەیوتەوە، پاشان لەسەر ئەو تاتە قوڕەی لەبەردەستیدا بوو، دەینوسییەوە، ئەگەر قوتابییەکە ئەو لەبەرکردنەی ڕاستودروست بوایە، ئەوە بە دەستپاک دەدرایە قەڵەم و لە پلەی خوێندکارییەوە دەچووە ناو ڕیزی مامۆستایانەوە (١٤).

سەردەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی بابل بۆ بابلی یەکەم و دووەم دابەش دەبێت، مێژوونووسان بە یەکەمیان وتووە سەردەمی بابلی کۆن، ئەمیش پاش لەناوبردنی بنەماڵەی ئووری سێیەم لە دەوربەری ٢٠٠٦ پ. ز، ئەم سەردەمە چوار سەدەی خایاندووە و پاشایەکی بەناوبانگی وەک (حامورابی) (١٥) تێیدا بەدەسەڵات گەیشتووە، (١٦) بابلییەکان زنجیرە بنەماڵەیەک بوون لە ماوەی حوکمڕانی خۆیاندا توانیان کولتوور و زانست و زانیارییەکانی ئەو سەردەمە وەربگرن و گەشە بە بیری ئەو دەمانە زیاتر بدەن لە بوارەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بازرگانی، ئەو کارانەی ئەوان کردیان، هەندێکی تا ئەمڕۆ مرۆڤایەتی سوودی لێ وەردەگرێت، بۆ نموونە ئەوان کاتیان بۆ ١٢ ساتی شەو و ١٢ ی بۆ ڕۆژ و مانگیان بۆ چوار هەفتە دابەش کردووە و لە سەردەمی حامورابیدا خوێندن و نووسین و قوتابخانە لە ناو کۆمەڵگەدا جێگەی خۆیان کردبووەوە، منداڵ لە قوتابخانەدا فێری نووسین و خوێندنەوە و لەبەرگرتنەوەی بنەما ئایینییەکان و زمان و ئەدەب و یاسا و چەندان بواری تری ژیان دەبوون، بابلییەکان بۆ فێربوون و هەڵسووڕانی کاروباری بازرگانی چوونە قوتابخانەیان بە پێویست زانیوە،بە پێی سەرچاوەکان دەردەکەوێت زانستی بیرکاری لە سەردەمی بابلییەکاندا زۆر پێشکەوتوو بووە (١٧).

یەکێکی تر لەو فەرمانڕەوایانەی تری ئێراقی دێرین کە نەخشیان لەسەر مێژووی پەروەردە و خوێندن دیارە، ئاشوورییەکانن کە لقێکن لەو هۆزە عەرەبە کۆنانەی لە بنەڕەتدا لە نیمچە دورگەی عەرەبی نیشتەجێ بوون و دواتر کۆچیان کردووە و هاتوونە لە باکووری ئێراق سەقامگیر بوونە، یەکەم مەڵبەندی ژیاریان (ئاشوور) بووە، دواتر بووەتە پایتەختیان (١٨)، زانیارییەکان سەبارەت بە قوتابخانەکانی سەردەمی ئەمان و بابلییەکان زۆر ڕوون نین، بەڵام لە ئەنجامی کنە و پشکنینەکاندا، چەندان قوتابخانە دۆزراوەتەوە کە ئاماژەن بە ژیان و خۆشگوزەرانی ئەوان، پەروەردەی بەرز لای ئەوان بۆ چینی جادووگەرەکان و چینی خەڵکی بەرز بووە، بەڵام منداڵێک ئەگەر زیرەک بوایە، دەیتوانی بگاتە پلەی فەرمانبەری دەوڵەت و پەروەردە بۆ پەروەردەیی هونەری و زانستی بووە (١٩)، لەو دەمانەدا نووسینی مێخی کارێکی ئاسان نەبووە و هەر کەس فێری بوایە، ئەوە دەبووە خاوەن ڕێزێکی گەورە، شوێنەوارناسەکان نووسینێکیان دۆزیوەتەوە لەم ڕووەوە دەستەواژەیەکی گرنگی لەسەر بووە "هەر کەس لە نووسیندا پێش بکەوێت، ئەوە هاوتای خۆرە"، لەسەردەمی (ئاشووری و بابلییەکاندا) (٢٠) قۆناغەکانی خوێندن و پرۆگرامەکان بۆ دوو قۆناغ دابەش بووە: قوناغی سەرەتایی و قۆناغی خوێندنی بەرز.

١- قۆناغی سەرەتایی: پرۆگرامی قۆناغی سەرەتایی بریتی بوو لە ئایین و ژمێریاری و مێژوو و جوگرافیا و نەحو (ڕێزمان)، سەبارەت بە شێوازی وانەوتنەوە لەم قۆناغەدا، ئەوە بە شێوەیەکی سادە و ساکار بووە و پشتی بە دووبارە بوونەوە بەستووە، واتا مامۆستاکان کاریان لەسەر دووبارەکردنەوەی وشەکان کردووە، ئەمەیش لەسەر تاتە قوڕەکان، دەستپێکی وانەکان بە ناوی خودا و ڕووبار و پاشا و شار و ئەستێرەکان... بووە، لەم قۆناغەدا پەروەردەی ڕەوشتی بایەخی زۆری نەبووە و پێگەی ڕەوشتی منداڵەکانیان پشتگوێ دەخست، مامۆستا لە شێوازی وانەوتنەوەدا جۆراوجۆری دەکرد، هەندێک کات بۆ خوێندنەوە بووە و جاری وایش بووە بۆ

خۆشنووسی، تەمەنی خوێندن لەم قۆناغەدا بۆ کوڕان و کچان شەش ساڵی بووە و لەسەر سەکۆیەک دادەنیشتن، لە هەر پۆلێکدا (٤٠- ٦٠) خوێندکار دادەنیشتن و لە دەستی هەر خوێندکارێکدا تاتە قوڕێک هەبووە کە بە پێنووسی نووک سێگۆشە لەسەری دەیاننووسی.

٢- قۆناغی خوێندنی بەرز: ئەم قوناغەی خوێندن بۆ چینە بەرزەکان و جادووگەرەکان بووە، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێ دا، منداڵی زیرەک لە چینی خەڵک بە گشتی دەیتوانی بگاتە ئەم پلەیە (٢١).

لەسەردەمی بابلییەکاندا ناوی چەندان قوتابخانە هاتووە کە بۆ بواری پەروەردە و خوێندن سوودی لێ وەرگیراوە، گرنگترینیان بریتی بووە لە:

١- قوتابخانەی کیش (تەل حەیمیر): کیش بەشێک بووە لە شانشینی ئەکەد، بە دووری ٢٠ کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری حللەوە، ئەم قوتابخانەیە زۆر کۆنە و بۆ سەردەمی (ئسن) دەگەڕێتەوە، لەم قوتابخانەیەدا منداڵان فێری زانستی ئەدەبی و ئایینی و نووسینی وتار و بەڵگەنامەی بازرگانی دەبوون.

٢- قوتابخانەی نبور (نفر): ئەم قوتابخانەیەدا ١٠٠ میل لە باشووری شاری بابلەوە دوورە، لە دیوارەکانیدا چەندان پارچە دۆزراوەتەوە و دەرکەوتووە خوێندکار فێری زانستی ئایینی و لایەنی تیوری بووە، ئەو بابەتانەی دەیانخوێند بریتی بووە لە وشە و هاو واتاکان، ژمارەی بیرکاری، لیستی ناوی شتەکان.

٣- قوتابخانەی سیپار sippar: دەکەوێتە پاشماوەکانی ئەبو حەبەوە کە لە ڕۆژئاوای مەحموودییە ٢٠ میل لە بەغداوە دوورە، ئەم قوتابخانەیە بە یەکەم قوتابخانەی ڕێکخراو لە جیهاندا دادەنرێت، لە لایەن زانایەکی فەرەنسییەوە چەندان کەرەستەی تێدا دۆزراوەتەوە وەک خشتەی نووسین و پارچەی زمانەوانی و چەندان شتی تری بیرکاری و گەردوونی و مێژووی لێ بووە.

٤- قوتابخانەی ئوراک (urak): دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای ناسرییەوە، ئەم شارە لە لای بابلییەکان پیرۆز بووە، لە ساڵی ١٩٣٩ لە لایەن ژمارەیەک توێژەری ئەڵمانییەوە ئەم شوێنە دۆزرایەوە، شتی زۆری تێدا بووە، لە هەر چوار لاوە بۆ خوێندن و فێربوونی (پزیشکی و بیرکاری و گەردوونی) سەردانی کراوە(٢٢).

٥- قوتابخانەی بابل: وەک دکتۆر عەبدوڵلا عەبدولدائیم دەنووسێت (زانکۆی بابل) ئەم شارە ناوەندی چالاکییە هزرییەکان بووە و لەلایەن خودی کۆشکەوە چاودێری ئەم قوتابخانەیە دەکرا و تێیدا بابەتەکانی زمان و زانستە سروشتییەکان و گەردوون و بیرکاری دەخوێنرا، ماوەی خوێندن تێیدا سێ ساڵ بووە و لەلایەن دەوڵەتەوە پاڵپشتی دەکرا،خودی پاشا خۆی چاودێری تاقیکردنەوەکانی دەکرد بۆ ئەوەی لە ڕووی زیرەکی و داناییەوە ئەزموون بکرێن، پێغەمبەر دانیال و هاوڕێیەکانی لەم قوتابخانەیەدا زانستەکانی ئەو دەمەیان خوێندووە (٢٣).

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(١) ف.دیاکوف و س.کوفالیف، الحضارات القدیمة، ت:نسیم واكیم الیازجي، ج١، ط١، منشورات دار علاء‌الدین، (دمشق: ٢٠٠٠)، ص٨١.

(٢) حەمە کەریم هەورامی، مێژووی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا، ب١، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر: ٢٠٠٨)، ل١٩ و ٢٠.

(٣) هەندێک لە مێژوونووسان پێیان دەڵێن (سومەر) و هەندێکی تر دەڵێن (شومەر)، پێ دەچێت لە هەر دوو وشەی (سور- مری) پێکهاتبێت کە ئەم وشەیەیش سۆمەرییە، بە واتای پیاوی سوور، هەرچەندە کرامر لە کتێبەکەیدا بە ناوی (مێژوو لە سۆمەرەوە دەست پێ دەکات) پێیان دەڵێت سەر ڕەشەکان، بەڵام سەرچاوەی تریش هەن پێیان دەڵێن سەر ڕەشەکان، بڕوانە: - ڕەحیم سابیر، سۆمەرییەکان، کەلەپووری کورد (گۆڤار)، ژمارە (٢٢)، سلێمانی، پاییزی ٢٠١١، ل١٠٣.

(٤) ویل دۆرانت، مێژووی شارستانییەت، و: عەبدوڵلای ڕەسووڵی، ب١، چ١، چاپخانەی چوار چرا، (سلێمانی: ٢٠١١)، ل٢٠٤-٢٠٦.

(٥) حەمە کەریم هەورامی، س.پ، ل٢٠ و ٢١.

(٦) الدكتور احمد سوسة، حضارة وادي الرافدين، دار الرشيد للنشر، (بغداد: ١٩٨٠)، ص١٥٤ و ١٥٥.

(٧) هاورێ باخەوان، کوردستان نیشتیمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، (هەولێر: ٢٠٠٣)، ل٥٦ - ٥٨.

(٨) حەمە کەریم هەورامی، س.پ، ل٢٢ - ٢٥.

(٩) ویڵ دۆرانت، مێژووی شارستانییەت، س.پ، ل٢٢١ و ٢٢٣.

(١٠) کلاریس سۆیشەر، ڕۆژهەڵاتی نزیک -ی کەونارا، و: عەبدولڕەحیم مەعریفەتی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، (هەولێر: بێ ساڵی چاپ)، ل٦٥.

(١١) حەمە کەریم هەورامی، س.پ، ل٢٧ و ٢٨.

(١٢) ئەکەدییەکان یەکێکن لە هۆزە دێرینەکان کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبدا ژیاون، پاشان کۆچیان کرد بەرەو سەرەوە لەوانیش هاتوون بەرەو ئێراق، لێکۆڵەرە نوێیەکان بەوان دەڵێن گەلە سامییەکان، بۆ ئەمەش پشت بەو دەقانە دەبەستن کە لە تەوراتدا هاتووە و زۆر لە بۆچوونەکان باس لە بوونی پێوەندییان بە سامی کوڕی نووحەوە دەکەن، بڕوانە: محمود شاکر، پوختەی مێژووی شارستانییەتەکان، و: موسا محمد عبدالرحمن و نهاد جلال حبیب الله، ب١، چ١، چاپخانەی گەنج، (سلێمانی: ٢٠١١)، ل٧٠.

(١٣) محمود شاکر، س.پ، ل٧٣ - ٧٦.

(١٤) حەمە کەریم هەورامی، س. پ، ل٢٨ - ٣٠.

(١٥) حامورابی (١٧٩٥ - ١٧٥٠) پ. ز بە شەشەمین پاشای ئەو دەوڵەتە ناوی هاتووە و یەکێکە لە پاشاکانی دەوڵەتی بابلی کۆن، چونکە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا دەوڵەتێکی فراوان و پتەوی دامەزراندووە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا لەسەر بەردێک بە بەرزی نزیکەی دوو مەتر یاسایەکی بۆ ڕێکخستنی ژیانی خەڵکەکەی نووسیوە کە بە تابلۆ ١٨٢ بەندە و بە یاسای حامورابی ناسراوە، بڕوانە: عومەر ئیسماعیل عارف، تۆمارەکانی مێژوو، چ١، چاپخانەی بینای، (سلێمانی: ٢٠١٣)، ل٣٢ و ٣٣.

(١٦) حەمە کەریم هەورامی، س.پ، ل٣٠ - ٤٠.

(١٧) ویڵ دۆرانت، مێژووی شارستانیەت، س.پ، ل٤٢٥.

(١٨) محمود شاکر، س. پ، ل١١٧.

(١٩) عبدالله عبدالدائم، التربية عبر التاريخ من العصور القديمة حتى اوائل القرن للعشرين، ط٥، دار العلم الملايين، (بيروت: ١٩٨٤)، ص٤٠.

(٢٠) ئەو گەلەی کە لە سەرووی ڕووباری دیجلە و فوراتەوە دەژیان ئاشوورییەکان بوون، بەڵام بابلییەکان لە خوارووی ئەو دوو ڕووبارەدا ژیاون، ئەو دوو گەلە زۆر هۆگری ئایین و بتپەرستی بوون و هەر شارە خواوەندی تایبەتی خۆی هەبووە، بڕوانە: عەزیز ئالانی، هزری پەروەردەیی و فەلسەفەکەی لە پێناوی گۆڕاندا، س. پ، ل٣٧.

(٢١) الدكتور عبدالله زاهي الرشدان، تاريخ التربية، ط١، دار وائل للنشر، (عمان: ٢٠٠٢)، ص٨٢ و ٨٣.

(٢٢) الدكتور عبدالله زاهي الرشدان، ن. م، ص٨٤.

(٢٣) الدكتور عبدالله عبدالدائم، م. س، ص٤٢.

# تۆماس ئەکوینی؛ بوون و گەوهەر

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین -کۆلێژی ئاداب)

(٢ - ٢)

**بەشی چوارەم**

ئێستا، ئەوە ماوە بزانرێ چییەتی چ پێوەندییەکی بە گەوهەرە پەتییەکانەوە (لە ماددە دابڕاوەکان)، بە تایبەتی بە دەروون و گیان و هۆکاری یەکەمەوە هەیە، ئەگەرچی هەمووان دانیان بە سادەیی هۆکاری یەکدا ناوە، بەڵام هەندێک کۆشاون لێکدراوی فۆرم و ماددە لە گیان و دەرووندا پشت ڕاست بکەنەوە(٥) وا پێدەچێ ئەو تێزەیە لەلایەن ئیبن جابیر(٢٢) و لەوە کە کتێبی «سەرچاوەی ژیان»ی(٢٣) داناوە، گریمانە کرابێ، ئەمە بەگشتی لەگەڵ قسە و بۆچوونی فەیلەسووفەکان ناکۆکە، ئەوان گەوهەریان لە ماددە دابڕیوە و جیایان کردۆتەوە و بە بێ ماددە بوونەکەیان ساغ کردۆتەوە. (١٠) بەڵگەی سەرەکی ئەو ساغ کردنەوەیە، لە توانایی و هێزی سەروو هەستەکی زانینەوە کەوتۆتەوە کە لەو گەوهەرەدا بوونی هەیە، ئێمە بە تایبەتی دەبینین کە فۆرمەکان بەڕاستی دەزانرێن ئەوەندەی لە ماددە و ڕووکەشە خەسڵەتەکان دابڕاو و پەتی کراون (١٥) ئەوان بەڕاستی هەر بەهۆی هێز و توانایی گەوهەری شتزانی ژیری سەروو هەستەکی زانراو دەبن، ئەوەندەی کە لەو دا وەردەگیرێ و تۆمار دەکرێ و بەهۆیەوە پەیدا دەبێ، هەر بۆیە دەبێ گەوهەری ژیری سەروو هەستەکی بە تەواوەتی لە ماددە بەدوور بێ، بەو جۆرە ماددە بەشێک نەبێ لەو، فۆرمێکی سەر ماددەکەش نەبێ، هەروەک چۆن لە ڕەوشی ماددەی بەندبوو بە نۆرمەوە وایە. (٢٠).

کەس ناتوانێ بڵێ کە هەموو ماددەیە، بەڵکو تەنیا هەر ماددەی لەشیی کۆسپی بەردەم و ڕێگایە، ئەگەر ئەو کۆسپ و بەربەستە تەنیا هەر بەهۆی ماددەی لەشییەوە بوایە (٢٥)، ئەوە دەبوو ماددە بەهۆی فۆرمی لەشییەوە



**تۆماس ئەکوینی**


بەربەستی زانینە ژیرییەکە بێت، بەڵام ماددە کاتێک لەشیی دەبێ، ئەگەر هاتو لەژێر فۆرمێکی بە لەش بەستراوەوە دابێت، ئیتر ئەو ماددەیە کە فۆرمێکی بە لەشەوە بەستراوی هەبێ، ڕێگری زانینە ژیرییەکە دەبێ، بەڵام ئەمە ناشێ و لە کردن نایەت، چونکە ئەو فۆرمە (وێنە) لەشییە و فۆرمەکانی دیکە (٣٠) کاتێک دەکرێ بە ژیرییانە بزانرێن ئەگەر هاتو لە ماددە دابڕابوون، بۆیە بە هیچ شێوازێک هیچ جۆرە پێکهاتە و لێکدراوێکی ماددە و فۆرم لە دەروون و گیان (ژیردا) نییە، چییەتێک دەکرێ لە گەوهەری لەشیدا پەسند بکرێت (٣٥)، بەڵام لێرەدا پێکهاتەیەکی فۆرم و بوون هەیە، بۆیە لە شرۆڤەکردنی تێزی نۆی کتێبی «هۆکارەکان»دا هاتووە کە گیان (ژیر) ئەوەیە کە فۆرم و بوونی هەیە، لەوێدا فۆرم وەک چییەتی، یان بە سروشتی ساکار تێی دەگەیشترێ(٤٠) بابەتەکە خۆی چۆنە بە ئاشکرا دەزانرێ، کاتێک شت بەجۆرێک ئاماژە بەیەکتری دەدەن، یەکێکیان هۆکاری بوونی ئەوی دیکەیان بێت، ئەو هۆکارە دەکرێ بەبێ بوونی ئەوی دیکە، بوونی هەبێ، بەڵام نەک بە پێچەوانەوە، پێوەندی نێوان ماددە و فۆرم ئەمە دەردەخات، فۆرم (٤٥) بوون بە ماددە دەبەخشێ، بۆیە لەکردن نایەت، ماددە بەبێ فۆرم بوونی هەبێت، بەڵام دەکرێ فۆرم بەبێ ماددە هەبێت، فۆرم ئەوەندەی فۆرمە، هیچ کاتێک پشتی بە ماددە نەبەستووە و پەکی لەسەری ناکەوێ(٥٠)، بەڵام ئەگەر چەند فۆرمێک هەبێ و لە ئارادابن کە تەنیا هەر لە بوونی پێوەندییاندا بە ماددەوە بوونیان هەبێ، ئەو بوونەیان لەوەوە پەیدا بووە کە لە بنەمای (هۆکاری) یەکەمەوە دوورن کە ڕاستەقینەی کردەکی بێ گەردە، بۆیە ئەو فۆرمانەی لە بنەمای یەکەمەوە نزیکن، چەند فۆرمێک بەبێ ماددە بوونیان هەیە، فۆرمەکان بەپێی ڕەگەزیان پێویستیان بە ماددە (٥٥) نییە، وەک پێشتر گوترا، ئەو جۆرە فۆرمانە چەند گیانێک (ژیرێکن)، بۆیە چییەتی، یان خۆبەتییەکە، یان ناکرێ لەو فۆرمانە بەولاوە بن. (٦٠) هەر لەوەدا جیاوازی نێوان چییەتی گەوهەرە لێکدراو و گەوهەرە ساکارەکان دەکەوێتەوە، چییەتی گەوهەری لێکدراو تەنیا هەر فۆرم نییە، بەڵکو فۆرم و ماددە دەگرێتە خۆی، بەڵام چییەتی گەوهەری ساکار تەنیا هەر فۆرمە، لەمەوە دوو جیاوازی دیکە دەکەونەوە(٦٥): جیاوازییەکیان ئەوەیە، هەروەک پێشتر گوترا، بەهۆی دەستنیشانکردنی ماددەکەوە دەکرێ چییەتی گەوهەری لێکدراو وەک هەمەکی (كلي)، یان وەک هەندەکی (جزئي) نیشان بدرێ، هەربۆیە ناکرێ بە هیچ شێوازێک چییەتی شتێکی لێکدراو لەلایەن چییەتی شتێکی لێکدراو خۆیەوە دەرببڕدرێ، (٧٠) ئیتر ناکرێ بگوترێ: مرۆڤ خۆی چییەتی خۆبەتی، بەڵام چییەتی شتێکی سادە کە فۆرمی شتێکی سادەیە، دەکرێ تەنیا هەر وەک تێکڕایی- هەمەکی نیشان بدرێت، چونکە لەوێ لە دەرەوەی فۆرم، هیچ شتێک بوونی نییە کە فۆرمەکە وەربگرێ، هەربۆیە، هەروەک چۆن هەمیشە (٧٥) لە چییەتی گەوهەری سادە تێی بگەیشترێ، دەکرێ دەری ببڕێ. ئیبن سینا گوتوویەتی(٢٤): چییەتی گەوهەرێکی سادە، گەوهەری سادە خۆبەتی، چونکە هیچ شتێکی تر بوونی نییە تاوەکو چییەتییەکە وەربگرێ و بیگرێتە خۆی. جیاوازی دووەم ئەوەیە کە چییەتی شتە لێکدراوەکان پشت ئەستوور بەو ڕاستییە کە ئەو لە ماددە دەستنیشان کراوەکەدا وەردەگیرێ بەپێی (٨٠) دابەش بوونی ئەو ماددەیە، دەبێتە هەمەڕەنگ و فرە، بەمەش هەندێکیان بەپێی جۆر وەک خۆیان دەبن و هەندێکیان بەپێی ژمارە جیاواز دەبن، بەڵام چونکە

چییەتی گەوهەرێکی سادە لە لایەن ماددە وەرناگیرێ، بۆیە ناکرێ لەوێدا فرە و هەمەڕەنگی هەبێ، هەربۆیە لە ڕەوشی ئەو گەوهەرەدا پتر، لە کردن نایەت، فرە تاک هەر لەو جۆرە خۆی هەبوون، بەڵکو (٨٥) چون فرە تاک لەو جێگایەی هەن، جۆرەکانیش لەوێ هەبوو دەبن وەک ئیبن سینا بەڕاشکاوی(٢٥) گوتوویەتی.

ئەگەرچی ئەو جۆرە گەوهەرانە تەنیا هەر فۆرمن بەبێ ماددە (٩٠)، بەڵام بە تەواوەتی، لەو ڕەوشەدا، سادە و ساکار نین و نەکردەکیی بێگەردن، بەڵکو توانایی هێزەکیی تێکەڵاون، ئەمەش وەک ڕوون دەکرێتەوە، ئاشکرایە: ئەوەی بە تایبەتی هیچ کاتێک ناچێتەوە سەر چەمکی چییەتی، یان خۆیەتی، دەرەکییە و لە دەرەوە هاتووە و (٩٥) لەگەڵ چییەتیدا پێکهاتەیەک دروست دەکات، چونکە ناکرێ هیچ چییەتییەک بەبێ بەشەکانی چییەتییەکە بەبیردا بێت و هزری لێ بکرێتەوە، هەموو چییەتییەک، یان خۆیەتی، بەبێ ئەوەی لەبارەی بوونەکەیەوە بزانرێ، دەکرێ بیری لێ بکرێتەوە. من دەتوانم بزانم مرۆڤێک، یان سیمورخێک چییە بەبێ (١٠٠) ئەوەی بزانم ئایا ئەوان لە جیهانی ڕاستەقینەدا بە ڕاستی هەن، یان نا، کەوابوو ئاشکرایە بوون شتێکی جیاوازە لە چییەتی و خۆیەتی، سەرەڕای ئەمە دەکرێ شتێک هەبێ چییەتییەکەی بوونی خۆیەتی، ئەو شتە دەکرێ تاک و یەکەم بوونەوەر بێت، چونکە لە کردن نایەت فرەڕەنگییەک لە شت دەربکەوێ بەبێ ئەوەی جیاوازکارییەک بچێتە سەری، هەروەک چۆن سروشتی (١٠٥) ڕەگەز لە جۆرەکاندا دەبێ بە فرەڕەنگ، یان بەو هۆیەوە فۆرمەکە لەلایەن ماددەی فرە و جیاوازەوە وەردەگیرێ هەروەک چۆن سروشتی جۆر لە تاکە جیاوازەکاندا دەبێ بە فرە ڕەنگ، یان بەو هۆیەوە یەکێک بۆ خۆی هەیە و یەکێکی دیکە لە شتێکدا تۆماری وەردەگیرێ، هەروەک (١١٠) چۆن گەرمایییەک بە تەنیا جیا بکرێتەوە جیایە لەو گەرماییەی جیا نەکراوەتەوە، ئەگەر مرۆڤ شتێک کە تەنیا هەر بوونی هەیە وەربگرێ، ئەوە بوونەکە سەربەخۆ لەخۆیدا پێکهاتووە، ئیتر ئەو بوونە، هیچ جۆرە جیاکار و خستنە سەرێک وەرناگرێ، (١١٥) چونکە ئەوکاتە بوونەکە هیچ نابێ لەوە بەولاوە کە بوونەو لە دەرەوەی فۆرمە و پتر کەمتر خستنەسەر و زیادکردنی ماددە وەردەگرێ، چونکە ئەوکاتە هیچی تر بوونی سەربەخۆ نامێنێ، بەڵکو دەبێ بە بوون لەگەڵ ماددەدا، ئەوی دەمێنێتەوە، ئەوەیە ئەو شتە کە خۆی بوونی تایبەتی خۆیەتی (١٢٠) تەنیا هەر یەک جار دەکرێ ببێ، بۆیە دەبێ لە ڕەوشی تردا بوونی شت لە خۆیەتی، یان سروشت، یان فۆرمەکەی جیاواز بێت، هەربۆیەشە لە ڕەوشی ژیر (گیان)دا بوون لە دەرەوەی فۆرم و بەجیایە، ئیتر بۆیە گوتراوە: ژیر (گیان) فۆرم و بوونە (١٢٥).

هەرچی لەگەڵ شتێک بێتەوە، ئەوە، یان لە چەند بنەمایەکی (پشکی سەرەکی) سروشتەکەی کەوتۆتەوە هەروەک توانایی پێکەنین لە ڕەوشی مرۆڤدا وایە، یان ئەوەتا لە بنەمایەکی (هۆکاری) دەرەکییەوە پەیدا بووە، هەروەک تیشکی ڕووناکی کە بەهۆی خۆرەوە لە هەوادا بڵاو دەبێتەوە. (١٣٠) ناکرێ فۆرمی شت، یان بە خۆیەتییەکەی، مەبەستم هۆکاری کارایە، مایەی بوونی خۆی بێت، چونکە بەو ڕێگایە و شێوازە شتێک هۆکاری بوونی خۆی دەبێ و بوونەکەشی لە خودی خۆی دەکەوێتەوە، ئەمەش لە کردن نایەت، کەواتە پێویستە (١٣٥) ئەو شتە کە بوونەکەی لە سروشتەکەی جیاوازە، بوونەکەی لە هی ترەوە پێ براو بێ، لەبەر ئەوەی هەموو ئەوەی بەهۆی هی ترەوە بوونی هەیە، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەر ئەوەی کە بەهۆی خۆیەوە بوونی هەیە، بۆ سەر هۆکارێک، ئیتر دەبێ شتێک هەبێ کە هۆکاری بوونی هەموو شتێک بێت، بەوەی کە خۆی تەنیا هەر بوونە: (١٤٠) ئەگەرنا لە ڕەوشی هۆکاردا بەرەو بێ کۆتایی زنجیرەکە درێژە دەکێشێ، چونکە هەر شتێک کە بوونی نەبێ، هەروەک گوترا، هۆکاری بوونەکەی هەیە، ئیتر ڕوون و ئاشکرایە، ژیر (گیان) فۆرم و بوونە، ئەو بوونەکەشی لە بوونەوەرێکی یەکەمەوە پێ براوە کە تەنیا هەر بوونە (١٤٥) کە یەکەم هۆکار و ڕەببە.

ئەوەی لە یەکێکی دیکەوە شتێک بەدەست بهێنێ بەهێزەکی سەبارەت بەو دادەنرێ و ئەوەی بەدەستی هێناوە و تۆماری کردووە کردەکییەکەیەتی، ئیتر پێویستە خۆیەتی، یان فۆرم کە ژیر (گیانە) (١٥٠) و بەپێی ئەو بوونەی لە ڕەببەوە پێ براوە، بوونی هێزەکی، ئەو بوونەی پێ براوە کردەکییە، هێزەکی و کردەکی لە ڕەوشی ژیر (گیان)دا دەبن، بەڵام نەک فۆرم و ماددە بە ناوی ڕووت نەبێ، وشەی گیرۆدە (دەستنیشان بکرێت) تۆمارکردن



سوکرات

(وەرگرتن) بوون بە بابەت و هەڵگر، هی تری لەمەچوو (١٥٥) بەپێی ماددەکەی لەگەڵ شتەکاندا دێتەوە و دەگونجێ، بەڵام هەر تەنیا بەهۆی خوازەی ناو لەیەکچووی ڕووتەوە لەگەڵ گەوهەری ژیر و گەوهەری لەشیدا (٢٦) دێتەوە، هەروەک شرۆڤەکار لە بەشی سێیەمی کتێبی «دەروون»دا گوتوویەتی، چونکە وەک پێشتر گوترا: چییەتی ژیر (گیان) ژیر خۆیەتی، (١٦٠) هەربۆیە خۆیەتییەکەی، یان چییەتییەکەی ئەوەیە، ئەو خۆی چییە، ئەو چییەتییەی لە ڕەبەوە پێی بەخشراوە و بۆی هاتووە ئەوەیە کە لە کایە و دەڤەری هەڵکەوتی ڕاستەقینەدا هەیە، بۆیە هەندێک دەڵێن: ئەو جۆرە گەوهەرانە لەوە پێکهاتوون کە بەهۆیەوە شتێک هەبوو دەبێ و لەوە کە هەیە وەک بۆیتیۆس دەڵێ: لەوەوە ئەوەی هەیە و لە (١٦٥) بوونەوە.

لەبەر ئەوەی لە ڕەوشی (دۆخی) ژیر (گیان)دا هێزەکی و کردەکی هەیە، سەخت و گران نییە فرە گیان (ژیر) هەبێ، بەڵام ئەمە لە کردن نایەت ئەگەر لە ڕەوشی گیان (ژیرەکاندا) هێزەکی بوونی نەبێت، بۆیە شرۆڤەکار (١٧٠) لە بەشی سێیەمی «دەروون»دا(٢٧) گوتوویەتی:

ئەگەر سروشتی ژیری هێزەکی نەزانراوبایە، نەماندەتوانی فرەیی لە ڕەوشی گەوهەری پەتی کراودا (دابڕاو لە ماددە) بدۆزینەوە. بەپێی پلەی هێزەکی و کردەکی گیانەکان (ژیرەکان) لەنێو خۆیاندا جیاوازییان هەیە، ئیتر بەرزترین ژیر (گیان) (١٧٥) کە لە یەکەمەوە (لە ڕەب) نزیکە، پتر لە کردەکی و کەمتر لە هێزەکی هەیە، لەلای ئەوانی تریش هەروایە، ئەمە بە دەروونی مرۆڤ کۆتایی دێت کە نزمترین پلەی لەنێو گەوهەری ژیردا هەیە، ئیتر ژیرە (١٨٠) هێزەکییەکەی بەرانبەر بە فۆرمە ژیرییەکان وەک ماددەی یەکەم کە لە بوونی هەستەکیدا نزمترین پلەی لە بەرانبەر فۆرمە هەستییەکاندا هەیە هەروەک شرۆڤەکار لە بەشی سێیەمی «دەروون» (٢٨)دا گوتوویەتی؛ هەربۆیە فەیلەسووف(٢٩) دەروونی وەک تەختەیەک داناوە کە هیچی لەسەر نەنووسراوە، پشت بەو ڕاستییەی (١٨٥) کە دەروون لەنێو گەوهەرە ژیرییەکاندا پتر هێزەکی هەیە لە بوونە ماددییەکانەوە نزیکە و هانی شتە ماددییەکان دەدات لە بوونەکەیدا بەشداری بکەن، بە تایبەتی کە پێکهاتەی لێکدراوی دەروون و لەش لە بوون دەکەوێتەوە (١٩٠) ئەگەرچی ئەو بوونە کە دەروون هەیەتی، پابەندی لەش نییە و پەکی لەسەر نەکەوتووە، هەربۆیە بەپێی ئەو فۆرمە کە دەروونە، چەند فۆرمێکی دیکە هەیە کە پتر هێزەکین و لە ماددەوە نزیکن پتر بوونەکەیان بەبێ ماددە نابێ (١٩٥). دەردەکەوێ لەو فۆرمانەدا نەزم و پلە هەیە تا دەگاتە یەکەمین فۆرمی بابەتەکان کە ئەوپەڕی لە ماددەوە نزیکن، بۆیە ناکرێ هیچ کارایی و چالاکییەکی هەبێ، بەبێ پێداویستی ئارێ و نارێ و خەسڵەتە کردەکییەکان کە بەهۆیەوە ماددە فۆرمی دەکەوێ و دەستگیری دەبێ (٢٠٠).

### بەشی پێنجەم

دوای ئەوەی زانرا، ڕوون بۆوە کە چییەتی لە شتە جیاوازەکاندا بوونی هەیە، چییەتی لە ڕەوشی گەوهەرەکاندا بە سێ ڕێگا و شێوازی سادە و ساکار بوونی هەیە، بە تایبەتی ڕەب کە چییەتییەکەی بوونی خۆیەتی، ئیتر هەندێک فەیلەسووف هەن(٣٠) لافی ئەوەیان لێداوە (٥) ڕەب هیچ چییەتییەکی نییە، چونکە چییەتییەکەی لە بوونەکەی بەولاوە نییە، ئیتر لەمەوە ئەوە دەکەوێتەوە کە ڕەب ناچێتە خانەی ڕەگەزێکەوە،

چونکە هەرچی بچێتە ژێر ڕەگەزەوە، دەبێ لە دەرەوەی بوونەکەی چییەتییشی هەبێ، لەبەر ئەوەی چییەتی، یان سروشتی ڕەگەز، یان هی جۆر، بەپێی خەسڵەتی سروشت (هی ڕەگەز، یان هی جۆر) لە شتەکاندا کە دەچنە خانەی ڕەگەز، یان هی جۆرەوە جیاواز نابن، بەڵکو بوونەکە لەنێو شتە جیاکاندا جیاواز دەبێ.

ئەگەر ئێمە بڵێین ڕەب تەنیا بوونی ڕووتە، نابێ بکەوینە ئەو هەڵەیەی ئەوانە کردوویانە کە لافیان لێداوە ڕەب ئەو بوونە هەمەکییە- گشتییەیە کە هەموو شتێک بە وێنە و فۆرمی ئەو بوونی هەیە، ئەو (بوون) کە ڕەب خۆیەتی ئەو خەسڵەتە تایبەتمەندییەی هەیە، ناکرێ هیچی بخرێتە سەر و لێی زیاد بکرێت، بەهۆی پاک و بێگەردییەکەیەوە بوونێکە لە هەموو بوونەکان جیاوازە، بۆیە لەو ڕوونکردنەوەیەدا کە لە تێزی نۆی کتێبی «هۆکارەکان»دا هاتووە گوتراوە: بەتاک کردنی هۆکاری یەکەم کە تەنیا هەر بوونە بەهۆی چاکەکارییە بێگەردییەکەوە پەیدا بووە، بوونی ناوکۆیی (هاوبەش) لە چەمکەکەیدا ئەگەرچی هیچ خستنەسەرێک ناگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە چەمکەکەیدا بە دوورگرتنی تێدا نییە، خۆ ئەگەر ڕەوشەکە وابێت نەدەکرا، هیچ بوونێک بە بیردابێت کە بوونێکی دیکەی زیاد لە خۆی تێدابێ.

هەر بەو شێوازە، ئەگەرچی ڕەب تەنیا هەر بوونە، بەڵام ناکرێ لە کەماڵ و خەسڵەتە چاکەکارییەکانی دیکەی بێ بەش بکرێت، بە پێچەوانەوە ئەو هەموو کەماڵانە (تەواوەتیانەی) هەیە کە لە هەموو ڕەگەزەکاندا بوونیان هەیە، بۆیە ئەو بە تەواوەتی بە کامڵ ناودەبرێ، هەروەک چۆن فەیلەسووف و شرۆڤەکار لە بەشی پێنجەمی کتێبی میتافیزیکدا گوتوویانە؛ بەڵام ئەو ئەمانەی بە شێوازێکی چاکتر و بەرزتر لە هەموو شتەکاندا هەیە، چونکە ئەمانە لەودا یەکن، بەڵام لە شتەکانی تر جیاوازن لە یەکتری، ئەمە وایە، چونکە بە پێی ساکاریی بوونەکەیەوە هەموو ئەو کامڵییانەی دەکەوێ، هەروەک چۆن مرۆڤێک بەهۆی چەند خەسڵەتێکەوە بتوانێ هەموو چالاکییەکانی، خەسڵەتەکان جێبەجێ بکات، ئەو لەو خەسڵەتەدا هەموو خەسڵەتەکانی دەبێ، بەو پێیە ڕەب لە بوونەکەیدا هەموو کامڵی و تەواوەتییەکانی هەیە.

بەشێوازی دووەم چییەتی لە گەوهەرە ژیرییە داهێنراوەکاندا (خەڵق کراوەکان) هەیە کە بوونیان لە چاو چییەتییەکانیان شتێکی دیکەیە، ئەگەرچی چییەتییەکەیان بەبێ ماددەیە، هەربۆیە بوونەکەیان ڕەها نییە، بەڵکو وەرگیراوە، بۆیە سنووردارە و ڕادەی هەیە بەپێی ئەو تواناییەی سروشتی گۆڕاوی وەرگر هەیەتی، بەڵام سروشتەکەی، یان چییەتییەکەی ڕەهایە و لە ماددەدا نە پەسندە و ناکرێ. ئیتر بۆیە لە کتێبی (هۆکارەکاندا) هاتووە، ژیرە (گیان)ەکان بەرەو ژێرەوە، لە ژێرەوە بێ سنوورن و لەسەرەوە، بەرەو ژوور، سنووردارن، سەبارەت بە بوونیان ڕادەدارن کە لە یەکێکی بەرزترەوە وەری دەگرن، بەڵام بەرەو ژێر سنووردار نین، چونکە فۆرمەکەی بە توانایی ئەو ماددەیەی وەری دەگرێ دیاری نەکراوە، ئیتر لە ڕەوشی ئەو گەوهەرانەدا، هەروەک پێشتر گوترا، هیچ فرەییەکی تاکی جۆرەکە خۆی بوونی نییە، ئەگەر لە دەروونی مرۆڤدا بەهۆی یەکگرتنییەوە لەگەڵ لەش بوونی نەبێت، ئەگەر بە تاک (بە کەسی) بوونی دەروون پشت بە خەسڵەتێک ببەستێ کە لە بنەماکەیەوە بۆی هاتبێ، چونکە دەروون هەر لە لەشدا کە ڕاستەقینەکەیەتی بە تاک و کەسی دەبێ، بوونی دەروون پەکی لەسەر لەش نەکەوتووە و ئەوە ناکەوێتەوە کە لەشی لەناوچوو، بە کەسی بوونەکەش نەمێنێ، بە کەسی بوونی دەروون هەمیشەیی دەبێ و دەمێنێ، چونکە بەهۆی وەرگرتنی وێنەی ئەو لەشە، بوونە ڕەهاکەی دەبێ بە بوونی کەسی، بۆیە ئیبن سینا گوتوویەتی:

بە کەسی بوونی دەروون و فرەییەکەی لەوەدا کە سەرەتای هەیە، نەک لە کۆتاییەکەیدا پشت بە لەش دەبەستێ.

چییەتی لە بوون لەو گەوهەرانەی کە دەکرێ بخرێنە خانەی ڕەگەزەکانەوە جیاوازە، بۆیە لە ڕەوشی ئەو گەوهەرانەدا ڕەگەز و جۆر و جیاکار هەیە، ئەگەر چی جیاوازییە سەرەکییەکانیان لەلای ئێمە شاردراوەن. لە شتە هەست پێکراوەکاندا جیاوازییە سەرەکییەکان شادراوەن، هەربۆیە شتە هەست پێ کراوەکان بەهۆی شتە هەست پێ نەکراوەکان دەکرێن، هەروەک چۆن هۆکار لە ڕێگای ئەنجامەکەیەوە دیار و

نیشان دەدرێ. بۆ نموونە بوونی دوو قاچ (لاق) جیاوازکاری مرۆڤ نیشان دەدات. (٨٠). خەسڵەتە سەرەکییەکانی گەوهەرە نامادییەکان لەلای ئێمە نەزانراو و شاردراوەن، بۆیە ئێمە نە بەهۆی خۆیانەوە و نە بەهۆی جیاکارە ڕووکەشە ناسەرەکییەکانەوە دەتوانین جیاوازییەکانیان دیاری بکەین.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بزانرێ کە بەو ڕێگاو شێوازە (٨٥) لە ڕەوشی ئەو گەوهەرانەدا و لە ڕەوشی گەوهەرە ژێرەکییەکاندا لە ڕەگەز و جیاکار ناگەیشترێ، چونکە لە ڕەوشی گەوهەرە ژێرەکییەکاندا ڕەگەز لەوەوە دەکەوێتەوە کە ماددە لە شتێکدا چی هەیە، بەڵام جیاکار لەوەوە کە ڕوخسارییە (فۆرمالەکەی) لەودا چی هەیە، بۆیە ئیبن سینا لەسەرەتای (٩٠) «دەروون»دا گوتوویەتی:

فۆرم لە ڕەوشی ئەو شتانەی لە ماددە و فۆرم پێکهاتوون، جیاکاری سادەی ئەوەیە تێیدا لێکدراوە و پێکهاتووە، بەڵام نەک بەو واتایەی کە فۆرم خۆی جیاکارەکەیە، بەڵکو بەوەی کە خۆی بنەما (هۆکاری) جیاکارەکەیە هەروەک ئیبن سینا خۆی لە کتێبی میتافیزیکدا گوتوویەتی؛ (٩٥) دەربارەی ئەو جیاکارە دەگوترێ ئەو جیاکارێکی سادە و ساکارە، چونکە ئەو لەوەوە وەرگیراوە کە بەشێکی چییەتی شتێکە، بە تایبەتی لە فۆرمەکەوە، بەڵام گەوهەرە نا ماددییەکان چەند چییەتییەکی سادە و ساکارن لەو ڕەوشەیاندا ناکرێ جیاکار لەوەوە کەوتبێتەوە کە بەشێکە لە چییەتی (١٠٠)، بەڵکو ئەو لە تێکرای چییەتی وەرگیراوە، هەربۆیە ئیبن سینا لەسەرەتای (دەروون)دا گوتوویەتی: تەنیا هەر ئەو جۆرانەی چییەتییەکەیان لە ماددە و فۆرم پێکهاتووە، جیاکاری سادە و ساکاریان هەیە.

هەروەها بەو شێوازە ڕەگەز لە ڕەوشی گەوهەرە نامادییەکاندا لە تێکرای چییەتی (١٠٥)، بەڵام ڕێگای جیاواز دەکەوێتەوە. گەوهەرێکی دابڕاو (لە ماددە)، بە تایبەتی لەگەڵ یەکێکی دیکەدا لە نامادییەتدا دەگونجێ و دێتەوە، ئەوان بە پلەی تەواوەتی لەوەدا لە یەکتری جیاواز دەبن تا چەند لە هێزەکییەوە دوورن و چەند لە کردەکییەوە نزیکن، لەو ڕەوشەیدا ڕەگەز (١١٠) لەوەوە پەیدا دەبێ، کە لەگەڵیدان، ئەوەندەی ئەوان نامادین، وەک ژێرەکی، یان ڕەوشێکی لەمە چوو، بەڵام ئێمە جیاکارەکەی نازانین کە لە جیاوازی پلەی کامڵییەکەی دەکەوێتەوە، بەڵام ناکرێ ئەو جیاکارانە ڕووکەشی و نا سەرەکی بن (١١٥)، چونکە ئەوان (ئەوەی دوایی) بەپێی پلەی جیاواز کامڵی پایەبەرز، یان نزم دەبن، چونکە ئەوان لە جۆردا جیانین، پلەی تەواوەتیی لە وەرگرتنی ئەو فۆرمە خۆی بە تایبەتی نابێتە مایەی گۆڕین و جیاوازی جۆرەکە وەک ئەوەی پتر سپی بێ و کەمتر سپی بێ و (١٢٥) لە سپێتیدا بەشدار بێت، بەڵام پلەی نابێتە مایەی گۆڕین و جیاوازی جۆرەکە وەک ئەوەی پتر سپی بێ و کەمتر سپی بێ و (١٢٥) لە سپێیتیدا بەشدار بێت، بەڵام پلەی جیاوازی کەماڵ لە وێنەکان خۆیاندا، یان لە سروشتی ناوکۆیی (هاوبەشی) نێوان تاکەکان دەبێتە مایەی جیاوازی لە جۆردا، بۆیە فەیلەسووف لە کتێبی «زیندەوەرەکان»دا، بەشی حەوت، گوتوویەتی، سروشت بە شێوازی پلە بەپلە لە ڕووەکەوە وردە وردە بەرەو زیندەوەر هەنگاو هەڵدەگرێ، ئەمەش چەند پلەیەک دەکەوێتە نێوان زیندەوەر و ڕووەک، بەڵام هیچ پێویست و ناچاریی نییەکە بەهۆی دوو جیاکاری ڕاستەقینەوە گەوهەرە ژێرییەکان دابەش بن، چونکە ناکرێ لە هەموو شتەکاندا بقەومێ و ڕووبدات وەک فەیلەسووف لە بەشی یازدەی کتێبی «زیندەوەرەکان»دا گوتوویەتی (١٣٠).

ئەو گەوهەرانەی لە ماددە و فۆرم پێکهاتوون بەشێوازی سێیەم چییەتییان تێدایە، ئیتر بوون تێیاندا وەرگیراوە و ڕادە و سنووردارە بەهۆی ڕاستییەکەوە کە بوونەکەیان لە یەکێکی دیکەوە بۆیان هاتووە، بگرە سروشت، یان چییەتییەکەیان لە ماددە دەستنیشانکراوەکەوە پێ گەیشتووە، هەربۆیە (١٣٥)ئەوان چەند گەوهەرێکی لە یەکگرتنی ماددە و فۆرم (وێنە) پێکهاتوون، بەرەو ژوور و بەرەو ژێر سنووردارن، دواتر بەهۆی دابەش بوونی ماددە دەسنیشانکراوەکە فرەیی و هەمەڕەنگیی تاکەکان بەپێی جۆرێک دەگونجێ و دەکرێ ببێ، ئیتر پێوەندی ئەو چییەتییەی گەوهەرەکان بە چەمکە لۆجیکییەکانەوە چییە و چۆنە لەسەرەوە گوتراو ڕوون کرایەوە. (١٤٠)

## بەشی شەشەم

ئێستا ئەوەی ماوەتەوە بزانرێ، چۆن چییەتی لە خەسڵەتە (ڕووکەشە)کاندا هەیە و پێوەندییان چۆنە؛

قسـه لەوە کرا پێـوەندی چییـەتی و گـەوهەرەکـان چۆنە، لەبەر ئەوەی چییـەتی ئەوەیە، وەک پێـشـتـر گـوترا کـە بە پێناسـەکـردن دیار و دەسـتنیـشـان دەکـرێت، پێـویسـتـە رووکەشـەکان بەپێی پێناسەکان چییـەتیـان هەبێ، بەڵام ئەوان پێناسـەیەکی ناتەواویان (٥) هەیە، چونکە ناکرێ پێناسـە بکرێن ئەگـەر بنەیەک بۆ پێناسـەکـەیان دەستـەبەر نەبێ، ئەمـەش لەوەوە کەوتۆتەوە، چونکە ئەوان بە تەنیـا بوونیان نییە بەبێ پشت بەستن بە بنەیەک، هەروەک چۆن بوونی گەوهەریی لە فۆرم و مـاددە پێکدێت (١٠) ئەگەر بەیەکـەوە بەسـتـرابنەوە، هەروەها لە رووکـەش و بنە (بابەتەوە) بوونی ناگـەوهەری رووکـەشی پەیدادەبێ، کاتێک رووکەشێک دەچێتە سەر بابەتێک (بنەیەک)، هەربۆیە نە فۆرمی گەوهەری و نە ماددە چییەتی رووتیان هەیە، لەبەر ئەوەی لە پێناسـەی فـۆرمی گـەوهەریدا دەبێ ئەو شـتـەی بابەتی فـۆرمەکەیە دەربخـرێ، بۆیە پێناسـەی فـۆرمی گـەوهەری بەهۆی هێنانی شـتـێک دەبێ کـە لە دەرەوەی رەگەزەکەیدا بێت، پێناسەی فۆرمی رووکەشیش هەر وایە (هی فـۆرمی رووکەشێک)، بۆیە ئیتر پێناسـەی دەروون کـە لەلایـەن فـەیلەسـووفی سـروشـتـەوە دەکـرێت، سـەرنجی (٢٠) دەروون دەدرێت، پەنا بـۆ لەش دەبرێ، دەروون تەنیا بە فۆرمی لەشێکی سروشتی دادەنرێت.

جیـاوازییـەکی گـەورە لە نێـوان فـۆرمی گـەوهەریی و فـۆرمی رووکـەشی (ناگـەوهەریدا) هەیە، فـۆرمی گەوهەریی لەخۆیدا و بەبێ ئەو شتەی وێنەکەی پێ دەبرێ (٢٥) بوونی سـەربەخـۆی نییـە، هەروەها مـاددە کـە وێنەکـەی پێ دەبرێ، بە بێ فـۆرم بـوونی نییـە، بگرە بەهۆی یەکگرتنیـانەوە پێکەوە ئەو بوونە پەیدا دەبێ کـە شـتەکە لەخۆیدا لێی پێکدێت، لە هەردووکیـانەوە یەک بوونەوەر بۆ خـۆی دەکـەوێتـەوە، لەو یەکگرتنەوەش چییەتییەک پەیدا دەبێ (٣٠)، ئیتر فۆرمەکە، ئەگەرچی لەخۆیدا سەرنج بدرێت، خەسڵەتێکی کامڵ و تەواوەتی چییـەتی نییـە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی چییـەتی تەواوەتی و کـامـڵـە، بەڵام ئەو کـە رووکـەشـێکی پێ دەبرێ، بوونێکی تەواوە لەخۆیدا، سەربەخۆیە، سروشت ئاسا لەپێش ئەو خەسڵەتە رووکەشەوەیە کە بۆی دێت، بۆیە رووکەشەکە لەگەڵ ئەوەی دێتە سەری بەو لێکدرانە، بوونێک (٣٥) پەیدانابێ کە لێیەوە شتێک بکەوێتەوە، ئەو بوونەی کە دەبێتە مایەی ئەوەی شتەکە بوونی هەبێ، بگرە رووکـەشـەکـە دەبێـتـە هۆکـاری بوونی دووەم بەبێ ئەوەی بکرێ شـتـێک کـە لە خـۆیدا پەیدا بووە وەک بوونەوەر بەبیردا بێت، هەروەک چۆن دەکرێ بیر لە ژمارە یەک بکرێتـەوە بەبێ ئەوەی ژمـارە دوو بەبیـردا بێت، بە یەکگرتنی رووکەش و بنە (٤٠) بوونێک لە خۆیدا پەیدا نابێ، بەڵکو بوونێکی رووکەش دەردەکەوێ، هەروەها لە پێکەوە گـرێدان و بەسـتنەوەی هەردووکـیـان هیچ چییـەتییـەک پەیدا نابێ، هەروەک چۆن لە بەیەکـەوە بەستنەوەی فـۆرم و مـاددە (٤٥) چییـەتییـەک دروست دەبێ، هەربۆیە خەسڵەتێک (رووکەشێک) نە دەلالەت و واتای مـاهییـەتێکی تەواوی هەیە و نە بەشـێکە لە چییەتییەکی کامڵ، بەڵکو وەک بوونەوەرێکی ناتەواو لە چەند سۆنگەیەکەوە چییەتییەکی ناتەواوی هەیە.

چونکە ئەوەی بە پلەی یەکەم و بەوپەڕی شایستەییەوە سەر (٥٠) بە رەگەزێک نیـشـان دەدرێ، هۆکاری ئەوەیە دواتر لەو رەگـەزەدا پەیدا دەبێ، هەروەک ئاگـر کـە لە لوتکەی گەرمیدایە هۆکاری گەرمایی نێو شتی گەرمە، هەروەک لە بەشی دووەمی کتێبی میتافیزیکدا هاتووە، هەربۆیە دەبێ گـەوهەر کە لە رەگـەزی بوون و بوونەوەردا یەکـەمـینە، لەوەدا کـە بەرزترین پلەو (٥٥) بەراسـتی چییـەتی هەیە و هۆکاری رووکەشەکانە و لە سۆنگەیەکی دیکەوە بە پلەی دووەم لە خـەسـڵـەتەکـانی بوونەوەر بەشـداری دەکـات، ئەمـەش بە رێگا و شـێـوازی جیـاواز روودەدات، چونکە بە تایبەتی بەشەکانی گەوهەر ماددە و فۆرمن، هەربۆیە هەندێک خەسڵەت دەچنەوە سەر (٦٠) فـۆرم و هەندێکی تر دەچنە سـەر مـاددە. هەندێک فـۆرم هەیە بوونەکەیان پابەندی ماددە نییە وەک دەروونی شت زانی سـەروو هەسـتـەکی (ژیرەکی)، کـەچی مـاددە تەنیـا هەر بەهۆی فـۆرمـەوە بوونی هەیە، لەنێـو کـەشـەکـاندا هەندێک هەیە کـە لەگـەڵ فـۆرم دان (٦٥) هیـچ جـۆرە بەشداری و هاوبەشییەکیان لەگەڵ ماددەدا نییە، هەروەک چۆن زانینی سەروو هەسـتەکی (ژیری) هەیە کە بە هۆی ئۆرگانێکی لەشەوە چالاک نییە و پەیدا نابێ، هەروەک فەیلەسووف لە بەشی سێیەمی کتێبی «دەروون»دا ساغی کردۆتەوە، بەڵام لەنێو رووکەشە (خەسڵەتەکاندا) هەیە کە لەگەڵ فۆرمە و لەماددەدا هاوبەشە و بەشداری دەکات وەک تێبینی و هەست کردن (٧٠)، بگرە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ رووکەشێک لەگەڵ ماددە نابێت ئەگەر بەشداریی و

هاوبەشی لەگەڵ فۆرمدا نەبێ.

لەنێو ئەو ڕووکەشانەدا کە لەگەڵ ماددە پێکەوەن جیاوازی هەیە. هەندێک ڕووکەش لەگەڵ ماددەن، بەتایبەتی بەپێی ئەو (٧٥) پێوەندییەی کە ماددە بە فۆرمی جۆرەوە هەیەتی، وەک لە ڕەوشی نێرومێ لە زیندەوەردا کە جیاوازییەکەیان دەچێتەوە سەر ماددە، هەروەک لەبەشی دەی «میتافیزیک»دا هاتووە، ئەگەر فۆرمی زیندەوەریی لابرێ، هیچی تر ئەو خەسڵەتە بەناو نەبێ نامێنێ. (٨٠) هەندێک ڕووکەش بەپێی ئەو پێوەندییەی ماددە بە فۆرمی ڕەگەزەوە هەیەتی، لەگەڵ ماددەدان، بۆیە دوای فۆرمی جۆر پتر لە ماددەدا دەمێننەوە، وەک ڕەنگی ڕەش پێست لە قولەی زەنگیدا کە لە تێکەڵاوبوونی پێکهاتەکان، نەک لە هی خەسڵەت و ڕووکەشەکانەوە، کەوتۆتەوە، هەربۆیە دوای مردن ڕەنگی پێست ڕەشی هەر دەمێنێتەوە. (٨٥)

لەبەر ئەوەی شت بەهۆی ماددە تاک و تەواو دیاری دەکرێ و بەهۆی فۆرم دەخرێتە خانەیەکی ڕەگەز، یان هی جۆرێکەوە، بۆیە ڕووکەشەکان کە لەگەڵ ماددەدان، ڕووکەشی تاکەکانن و دەبنە مایەی ئەوەی تاکەکانی جۆرێک خۆیان لەنێو یەکتری جیاوازبن (٩٠)، ڕووکەشەکان کە لەگەڵ فۆرم دان، خەسڵەت و ڕووکەشی سەرەکی ڕەگەزن، یان هی جۆرن، ئینجا ئیتر پێشییانە لەگشت ئەوانەدا دەدۆزرێنەوە کە لە سروشتی ڕەگەز، یان لە هی جۆردا بەشداری دەکات، وەک توانایی پێکەنین (٩٥) لە مرۆڤدا لەگەڵ فۆرم (وێنە- روخساری) مرۆڤدا دێت، چونکە کاری پێکەنین بە سایەی پەی بردن و تێبینی کردنەوە ڕوودەدات کە دەروونی مرۆڤ هەیەتی.

هەروەها دەبێ بزانرێ ڕووکەشەکان جارێکیان لە بنەما سەرەکییەکانەوە کە ئەوپەڕی چالاکی ڕاستەقینەن پەیدا دەبن، هەروەک گەرمی لە ئاگردا کە هەمیشە (١٠٠) گەرمە، جارێکی دیکە،جاروبار چەند خەسڵەت و ڕووکەشێک (لەو بنەمایانە) پەیدا دەبن کە تەنیا هەر لەگەڵ (ڕاستەقینەی تەواوەتی)دا دەگونجێن، بەڵام ئەو تەواوەتییە بەهۆی هۆکاری دەرەکی دەکەوێتەوە، وەک لە هەوادا ڕوونی کە بەهۆی لەشێکی ڕووناککەرەوەی دەرەکییەوە تەواو دەبێت، لەو ڕەوشەدا تواناییەکە ڕووکەشێکی (١٠٥) جیانەبووەوەی دانەبڕاوە، بەڵام ئەو تەواوکارەی لە بنەمایەک (هۆکارێکەوە) کە لە دەرەوەی چییەتی شتەکەوە دێت، یان ئەوەی ناچێتە ناو پێکهاتەی شتەکەوە دابڕاوە و جیابووەوەیە وەک بزووتنەوە و شتی تری وەک ئەمە.

پێویستە مرۆڤ بزانێ کە ڕەگەز و جۆر و جیاکار لە ڕەوشی قسەکردن لە ڕووکەش بە جۆرێکی جیاواز لەوەی ڕەوشی گەوهەر تێیان دەگەیشترێ لە گەوهەرەکاندا (١١٠) شتێک دروست دەبێ لە ماددە و فۆرمی گەوهەری تەنیا بۆ خۆی، لە یەکگرتنی هەردووکیان تاکە سروشتێک دەکەوێتەوە کە بە واتا تایبەتییەکەی دەچێتە خانەی چەمکی گەوهەرەوە، ئیتر بۆیە لە گەوهەرەکاندا ناوە کۆنکرێتییەکان (١١٥) کە پێکهاتەی لێکدراو دەردەبڕن، دەچنە خانەی چەمکی «گەوهەرەوە»، بە واتا تایبەتییەکە وەک جۆر و ڕەگەزەکان و وەک مرۆڤ، یان چییەتی زیندوو، بەڵام فۆرم، یان ماددە بە پێچەوانەوە، ناچنە ژێر چەمکی لەو چەشنە ئەگەر بە گەڕانەوە بۆ سەر نەبێ، وەک ئەوەی دەربارەی بنەماکان گوترا کە دەچنەوە (١٢٠) سەر چەمکەکان، هەروەها هیچ شتێک لەخۆیدا لە ڕووکەش و بنەکەی ناکەوێتەوە، بۆیە ئیتر لە یەکگرتنیانەوە هیچ سروشت ناکەوێتەوە کە بخرێتە سەر چەمکی ڕەگەز، یان هی جۆر، ئینجا سیمبۆلی ڕووکەشەکان بە واتایەکی کۆنکرێتی، وەک سپێتی، یان بەهرەی موزیکی ناکرێ بخرێنە ژێر چەمکی جۆر، یان ڕەگەزەکان بەبێ گێڕانەوەیان بۆیان، ئەوان دەکرێ لە خانەی جۆر، یان ڕەگەز دابنرێن ئەگەر واتا و دەلالەتی پەتی (ئەبستراکتیان)هەبێ، وەک سپییەتی و توانایی موزیکی، چونکە ڕووکەشەکان ناکرێ لە یەکگرتنی ماددە و فۆرم بکەونەوە (١٢٥)، بۆیە ناکرێ ڕەگەز لە ماددە و ڕووکەش لە فۆرم پەیدا ببن، هەروەک گەوهەرە لێکدراوەکان وان، پتر پێویستە لە ڕەگەزە ئەوپەڕی پایەبەرزەکەی بوونەوە وەربگیرێ بەپێی پلەی پێشتر و دواتری بوونەوە، کە دە چەمکی ڕەگەزەکانن، هەر بۆیە گوتراوە (١٣٠) چەندێتی لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییەی کە ئەو پێوەری گەوهەرەو چۆنێتی توانایی و ئامادەیی گەوهەرە دەربارەی ئەوانی تر هەروایە، وەک فەیلەسووف لە بەشی نۆیەمی کتێبی (میتافیزیک)دا قسەی لێ کردووە (١٣٥)

جیاکارەکان لە ڕەوشی خەسڵەتەکاندا لە فرەڕەنگی ئەو بنەمایانەی لێیان دەکەونەوە، پەیدا دەبن، چونکە

خەسڵەتە سەرەکییەکان لە بنەما سەرەکییەکانی بنەوە پەیدا دەبن، بۆیە بە (١٤٠) پێناسەکردنی خەسڵەتەکانی بنە لە جێگای جیاکار بنی دادەنرێ، ئەگەر بێتو بە واتای پەتی کردن پێناسە بکرێت، لەوەدا کە بەواتا تایبەتییەکە بخرێتە خانەی چەمکێکەوە، وەک چۆن لووت پووچی جۆرێکە لە لووت کووڕی، بگرە بە چەشنێکی دیکە دەبێت (١٤٥) ئەگەر ئەو پێناسانە واتای دیاریکراویان هەبێ، بنەکانیان وەک ڕەگەزیان لێ دێت، چونکە بەپێی جۆری گەوهەرە لێکدراوەکان پێناسە دەکرێن، لەو ڕەوشەیدا چەمکی ڕەگەز لە ماددەوە وەردەگیرێ، هەروەک ئەوەی دەگوترێ (١٥٠) لووت پووچ، لووتی خوارە، هەر بەو جۆرەیە ئەگەر ڕووکەشێک ببێ بە بنەمای (بنەڕەتی) ڕووکەشێکی دیکە، هەروەک بنەمای خستنەسەر: کە ئەمانەن: کارلێکردن، کارتێکراو، چەندێتی، هەربۆیە فەیلەسووف لە بەشی پێنجی کتێبی (میتافیزیک)دا خستنەسەر بەو شێوازە دابەش دەکات (١٥٥)، بەڵام لەبەر ئەوەی بنەما بنەڕەتییەکانی ڕووکەشەکان هەمیشە ڕوون و ئاشکرا و بەدەرەوە نین، بۆیە هەندێک جار جیاوازی جیاکارە ڕووکەشەکان لە ئەنجامەکانیانەوە وەردەگرین، هەروەک جیاوازی نێوان کشان و هاتنەوەیەکی ڕەنگەکان کە بەهۆی پتربوون و کورتهێنانی تیشکەوە جیاوازییەکانیان دەکەونەوە (١٦٠) ڕوون و ئاشکرا بوو، پێوەندی چییەتی بە گەوهەر و جیاکارەوە چییەتی و لە ڕەوشی گەوهەری لێکدراو و ساکاردا چۆنە و چۆن (١٦٥) لە گشت ئەو ڕەوشانەدا چەمکە هەمەکییە گشتییە لۆجیکییەکان پشت ڕاست دەکرێنەوە، تەنیا بنەمای یەکەم لەمە بەدەرە و لە لوتکەی ئەوپەڕی سادە و ساکاریدایە، بۆیە بەهۆی سادە و ساکارییەکەی چەمکی ڕەگەزەوە، یان هی جۆر نایەنە سەری و لەگەڵیدا نایەنەوە، لە ئەنجامدا پێناسەش ناکرێت، بەمە ئەو نووسینە (١٧٠) کۆتایی دێت. ئامین.

**پەراوێز:**

**(٢٢) ئەڤیسێبرون، ناوی لاتینی فەیلەسووف و هزرمەندی جوولەکەی ئەسپانی سەدەکانی ناوەڕاستە کە لە فەلسەفەی ئیسلامدا بە ئەبو ئەیوب سولەیمان ئیبن یەحیا (ئیبن جا بیرول) ناسراوە (١٠٢١– ١٠٥٨ز) لە ئەندەلووس ژیاوە و چالاک بووە،بە عەرەبی و عیبری و لاتینی شتەکانی بڵاوکراونەتەوە، شاکاری «سەرچاوەی ژیان» ناوبانگی جیهانی لە فەلسەفەدا بۆ تۆمارکردووە، زوو کۆچی دوایی کردووە.**

**(٢٣) ئیبن جا بیرول: سەرچاوەی ژیان (بەلاتینی) بەشی ٤، ف ٢.**

**(٢٤) ئیبن سینا: میتافیزیک: (٥) ف ٥.**

**(٢٥) ئیبن سینا، میتافیزیک: (٥) ف ٢ و ٦، ف ٤.**

**(٢٦) ئیبن ڕوشد: دەروون: ٣ شرۆڤە (١٤).**

**(٢٧) ئیبن ڕوشد: دەروون: ٣ شرۆڤە (٥).**

**(٢٨) ئیبن ڕوشد: دەروون: ٣ شرۆڤە (٥).**

**(٢٩) ئەرستۆ: دەروون: ٣ ف ٤، ٤٢٩ ب ٣١، ٤٣٠ تا ٢.**

**(٣٠) ئیبن سینا: میتافیزیک: ٨، ف ٤ و ٩ ف ١.**

**سەرچاوە:**

**Thomas Von Aquin: Das Seiende und das Wesen. Reclam. Stuttgart 2008.**

# ئیسماعیل حەقی بابان: ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو (١٨٧٦ - ١٩١٣)

د. جەبار قادر
(هۆڵاند)

(٢ - ٢)

داخـــوازی بابان لە خـــەڵکی ڕۆژهەڵات کـــارکـــردنی بەردەوام بوو بۆ پێـشکەوتن، دەڵـێت "دەبێت شـەو و ڕۆژ بە بێ پشـوو و بێ بچڕان کار بکەن، بە تایبەتی کورد کە لە دوای دواوە مـــاوەتەوە، کـــاتێ باسی کـــارکـــردنیش دەکـــەین، دەبێت لە خـــوێندنەوە دەست پێ بکەین، دوای ئەوەش دیســـان خـــوێندن، لە دواتر؟ هەر خـــوێندن و هەر خوێندن و هەر خوێندن، خوداوەند ئەو ئەربابانە سەربخات کـە لەم ڕێگایەدا کاردەکەن"(١٣). ئەوەی ئیـسـمـاعـیل حەقی بابان بۆ کورد و لە کورد داوای کرد، نە ئەو کاتە و نە ئێـســتــاش کـاری بەجێ نەهێنرا و ئەوەی گـوێی پێ نەدراوە خوێندن و زانیارییە.

وتارێکی تری لە ژمـاره سـێی هەمـان ڕۆژنامـەدا بە ناوونیـــشـــانی "لە بارەی زمـــانی کـــوردییـــەوە" بڵاوکـردووەتەوە، لەم وتارەیدا باس لە گـرنگی زمـان و پێگەی لاوازی زمـــانی کـــوردی دەکـــات لە دەوڵەتی عـوسـمـانیـدا، بە لێکدانەوەی ئیـسـمـاعـیل حەقی بابان گـەلانی نامـوسڵـمـانی دەوڵەتی عـوسـمـانی وەک یۆنان، ئەرمـــەن و بولگار لە ڕێگەی قـــوتابخـــانە و ناوەندە ئاییـنییـەکانیـانەوە توانیـویانە زمان، مێژوو و کولتووری خـۆیان بپـارێزن و گـەشـەی پێ بدەن، لە نێـو گـەلانی مـوسڵـمـانی عـوسـمـانیشـدا، زمـانی عـەرەبی لە ڕێگەی قـورئان و ئاییـنی ئیـسـلامەوە گەشـەی زۆری کـردووە و لە جـیـهـانی ئیـســلامـیـدا بەشـێـوەیەکی بەرفـراوان بەکـاردەهێنرێت، زمـانی تورکـیش کـە زمـانی فـەرمی دامـــودەزگـــاکـــانی دەوڵەت و خـــوێندن و زانســـتـــە، پێشکەوتنی زۆری بە خۆوە بینیوە، ئەم دوو زمانە بە هیچ شێـوەیەک لەگـەڵ باری زمـانی گـەلانی مـوسڵـمـانی وەک کورد، لاز، چەرکەز و ئەلبان بەراورد ناکرێن کە تا ئێستا



**ئیسماعیل حەقی بابان**

کتێب و بەرهەمیان بە زمانی خۆیان نییە. خوێندەوارانی ئەم گەلانە کە لە ڕێگەی زمانی بیانییەوە پێگەیشتوون، تەنیا لە ڕێگەی زمانی عەرەبی و تورکییەوە دەتوانن کەڵک لە بەرهەمی زانستی و ڕۆشنبیری وەربگرن، بارودۆخی کورد لە بواری زمان و بەرهەمی نووسراو بە زمانی کوردی لەگەڵ تورک و عەرەبدا بەراورد ناکرێت، کورد کە دەبێت لەگەڵ گەلانی تری عوسمانیدا یەکسان بێت، لە ئاستێکی ژیاری زۆر دواکەوتوودا ماوەتەوە، زمان بەلای ئیسماعیل حەقییەوە ئامرازی پێوەندی و بەدەستهێنانی زانست، پێشکەوتن و شارستانییەتە، هەر گەلێک لەم ئامراز و ئامێرانە بێ بەش بکرێت، ئەوە لە بوارەکانی دیکەشدا بێ بەش و بێ دەرەتانە. ئەو گەلەی زمانی نووسین و بەرهەمی نووسراوی نەبێت، ئەوە گەلێکی بێ دەنگە و کەس گوێی لێ نییە. دەسەڵاتی عوسمانی هیچی نەکردووە بۆ پێشخستنی زمان و کولتووری گەلانی موسڵمان و بێ زمانی نووسین و خوێندن مانەوە. ئەمە لە کاتێکدا گەلانی ناموسڵمان گەشەیان بە زمان و کولتووری خۆیان نەدەدا، هەرچەندە دەسەڵاتداران هەوڵیان دا بێدەنگیان بکەن، بۆیان نەکرا کورد یەکێ لە گەلانی موسڵمانی زمان براوە و لە پێشکەوتن بێ بەش کراوە، لەم بارەیەوە دەڵێت "کورد ڕێزمان و زمانزانی نییە، چاپخانەی نییە، بەرهەمی چاپکراوی نییە. کورد لە ئەدەبیات، زانست و هونەر و لەگەڵ ئەمانەشدا لە بەرهەمی زانستی و پیشەسازی بێ بەشە، بەم حاڵە چۆن گەلێک دەتوانێ پێش بکەوێت؟ کۆمەڵگەیەکی عوسمانی گرنگی بەم جۆرە لە توانایی مێشک و زمان بێ بەش بکرێت و لە ژێر بارێکی ستەمکاری وادا بژیت، ئایا پێویست بەوە دەکات بڵێین عوسمانیزم چەند زیانی پێ دەکەوێت؟. چەندی کورد و ئەلبان و ئەوانی تریش دواکەوتوو، بێ زمان، بێ ئەدەبیات، بێ هونەر و بێ زانست بمێننەوە، دەوڵەتی عوسمانی ئەوەندە زیان و ئازاری بەردەکەوێت، هێز و باڵادەستی لە زانستدایە و زانست گرێدراوی زمانە، کورد کە کۆڵەکەیەکی گرنگی عوسمانیزمە، ئەگەر بەو شێوەیە بە دواکەوتوویی و بێ دەرەتانی بمێنێتەوە، ئەوە چۆن عوسمانیزم دەتوانێت پشتی پێی قایم بێت؟".

وا دیارە لەو سەردەمەدا لە هەندێ ناوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیستەنبوڵ باس لەوە دەکرا کە باری کورد، لاز، چەرکەز و ئەلبان بەوە چارەسەر ناکرێت زمانی نووسین و خوێندنیان بۆ دروست بکەیت، بەڵکو دەکرێت لە ڕێگەی زمانی تورکی، یان عەرەبییەوە دەرفەتی نووسین و خوێندنیان بۆ دابین بکرێت، ئەوانەی لە نزیک تورک دەژین بە تورکی و ئەوانەی لە ناوچەکانی عەرەبەوە نزیکن بە عەرەبی بنووسن و بخوێنن، ڕەنگبێ ئەم بۆچوونە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە دەوڵەتە کۆلۆنیالییەکان لە وڵاتانی ئەفریقیا، ئەمریکای لاتین و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا پەیڕەویان دەکرد، بەڵام بارودۆخی ئەو گەلانە لەگەڵ گەلانی موسڵمانی دەوڵەتی عوسمانیدا زۆر جیاواز بوو، ئەوەی لەوێ بۆ دەوڵەتە کۆلۆنیالییەکان دەچووە سەر، لەگەڵ گەلانی دێرینی ڕۆژهەڵاتدا نەدەکرا.

ئیسماعیل حەقی بابان ئەو بۆچوونەی بە توندی ڕەت کردووەتەوە و لە نێوبردنی زمانی گەلێک بە کردەوەیەکی زۆر نامرۆڤانە دادەنێت، لەم بارەیەوە نووسیویەتی دەڵێت" هەڵکەندنی زمانی گەلێک لە ڕەگوڕیشەوە، سەرباری ئەوەی کارێکی زۆر ستەمکارانە و زۆردارانەیە، هیچ میتودێکی زانستیش تا ئێستا نەدۆزراوەتەوە بۆ جێبەجێکردنی، پەنا بردنە بەر ئەم کردەوەیە لە ئەنجامی بێ واتا بەولاوە، هیچ قازانجێکی نابێت"، ئای کە

بۆچوونێکی دووربینانە و دروستە، دوای سەد ساڵ لەو ڕۆژانە و دوای ئەو هەموو سەرکوتکردنەی کورد لە تورکیا و هەوڵ و تەقەللای تورک بۆ لە نێوبردنی زمانی کوردی، ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر پرسی زمان و مافی خوێندن بە زمانی دایک گەرمترە.

بابان ئاماژە بەوەش دەکات کە کورد هەزاران ساڵە نەک هەر زمانەکەی پاراستووە، بەڵکو ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی ئەوانەی قسەی پێ دەکەن زیاتر بووە و ئەو ڕووبەرەی تێیدا بڵاودەبنەوە فراوانتر بووە. نە لە سەردەمی ئێرانییەکان و نە لە سەردەمەکانی ڕۆمان، عەرەب، تورک و تەتەر نەتوانراوە ئەم زمانە لە بەین ببرێت، کەوابوو زمانێک تەنانەت ڕێزمان و فەرهەنگیشی نەبێت، دەتوانێت بەردەوام بێت و خۆی بپارێزێت، لەو باوەڕەدایە کاتێ منداڵێکی کورد کە تەنیا زمانی دایکی دەزانێت و دەچێتە قوتابخانە و فێری زمانی تورکی دەبێت، لە ڕێگەی ئەو زمانەوە دەستی بە زانست و هونەر دەگات، بەڵام هەر ئەو منداڵە کوردە ئەگەر ببرێتە قوتابخانەیەکی کوردی و بە زمانی دایکی بخوێنێت، ئەوە ئەوەندە ساڵ بۆ فێربوونی زمانی تورکی بەهەدەر نادات، بەڵکو ئەو کاتە زۆرە بۆ بەدەستهێنانی زانست و هونەر بەکار دێنێت، ئەو خەڵکەی فێری خوێندن و نووسین دەبن، لە کۆتاییدا خزمەت بە خێزانی گەلانی عوسمانی دەکەن.

ئیسماعیل حەقی بابان گرنگییەکی زۆر بە زمان و خوێندن بە گشتی و خوێندن بە زمانی کوردی بە تایبەتی دەدات، لەم بارەیەوە داوا لە کورد دەکات و دەڵێت" بۆیە داوا لە هاونیشتمانیانی کوردم دەکەم هەوڵ بدەن بەر لە هەر شتێک، ببنە خاوەن زمانێکی ڕێکوپێک، ڕێزمان و فەرهەنگی بۆ دانێن، دوای ئەمەش مێژووی کورد بنووسنەوە، لە دوای ئەمەش چی شیعر و میراتی ئەدەبی نەنووسراو هەیە، کۆبکەنەوە و ڕێکیان بخەن و تۆماریان بکەن، دانانی بناغەی زمان بەم شێوەیە دەبێت و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی پێشکەوتن ڕوومان تێ بکات و لە مەترسی لەبەین چوون ڕزگارمان بێت".

لە کۆتاییدا دەڵێت "بە کورتی و کوردی بنەمای سەرەکی پاراستنی گەل زانستە، کلیلی زانستیش زمانە، دەروازەی شارستانی بەم کلیلە دەکرێتەوە، هیوادارم سەرنجی خاوەن هیمەت و دەست ڕۆیشتووانم بۆ ئەم خاڵە گرنگەم ڕاکێشا بێت"(١٤).

لە ژمارە چواریشدا وتارێکی بە ناوونیشانی "پێگەی جوگرافی و سیاسی کوردان" بڵاوکردەوە. لێرەدا ئەو وەک خۆی ئاماژەی پێ کردووە باس لە خاک و چیا و ڕووبارەکانی کوردستان ناکات کە لە ئەرزڕوومەوە تا کەنداو درێژ دەبێتەوە و کورد لەسەر ئەو خاکە دەژێت و لە زۆر شوێنی ئەو جوگرافیایەش زۆرینەی دانیشتوان پێکدێنێت، ئەو باس لە پێگەی سیاسی جوگرافیای کوردستان و گەلی کورد دەکات، لە ململانێی دوورودرێژی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران ڕۆڵی کوردستان لەو ململانێیەدا دەخاتە ڕوو، ڕەخنە لە سیاسەتی زیانبەخشی مەزهەبگەرایی سەفەوییەکان دەگرێت کە جیاوازی خستە نێو موسڵمانانەوە، بە پێی قسەی بابان ئەوان دەبێت لە بنەمادا یەک بن، چونکە هەموو هەمان خودا دەپەرستن و هەمان قورئان پەیڕەو دەکەن، بە بۆچوونی ئەو، کورد دەتوانن لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا پردی پێوەندی بن، ئەمە ئەگەر دۆستایەتی جێگەی کێبڕکێ و ململانێ بگرێتەوە، ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەو پێگەیەی کورد و کوردستان لە نێوان ئەو گەلانەدا وای کردووە تێکەڵاویان بێت، کێبڕکێ و ململانێی هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بە هۆی لاوازبوونی پێگە و هەڵوێستی هەردووکیان دەزانێت لە بەرانبەر ڕووسیا کە بە دوژمنی سەرەکی هەردوولای لە قەڵەم دەدات (١٥).

لە ژمارە دووی گۆڤاری (ڕۆژی کورد)یش (ڕوژ کرد) وتارێکی بە ناوونیشانی "ئیسلامەتی و کوردێتی" بڵاوکردەوە، لەم وتارەدا ئیسماعیل حەقی بابان باس لە ڕۆڵی گرنگی کورد لە دنیای ئیسلامدا دەکات و بە یەکێ لە کۆڵەکەکانی ئەو ئایینەی دادەنێت و زۆر بە دڵسۆزی کاری بۆ سەرکەوتنی کردووە و خزمەتی گەورەی پێگەیاندووە، بە پێی قسەی بابان گەلی کورد ژمارەیەکی بەرچاوی ناودارترین فەرمانڕەوا و زانا و شاعیرانی خۆی پێشکەش بەم ئایینە کردووە، ڕەخنەی ئەوەش دەگرێت کە کورد لە لایەن گەلانی دەوروبەرەوە بە تەواوی پشتگوێ خراوە، زانا و شاعیرانی کوردیش ئەوەندەی خزمەتی زمان و کولتووری عەرەب، تورک و فارسیان کردووە، ئەوەندە خزمەتی نەتەوەکەی خۆیان نەکردووە، لێرەدا داوا لە گەلانی موسڵمان دەکات بەخۆیاندا بچنەوە و لەو

ڕاستییە تێ بگەن کە بە شێوازی کۆن کار بەڕێوە ناچێت، دەبێت هەوڵ بدەن هەموویان پێکەوە پێش کەون نەک هەرکەسە بۆ خۆی، هەر خەریکی بەشێک لە گەلانی موسڵمان لە دواوە بمێنێت بۆ هەموویان دەبێتە مایەی لاوازی، لێرەدا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە دەبێت کورد لەوە بگات بۆ خۆی کار بکات و هەر خزمەتکاری نەبێت، لە ڕێگەی بەراورد کردنەوە لە نێوان زمانی عەرەبی و زمانی لاتینی لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست، بە خوێندەوارانی کورد دەڵێت ئەگەر لە ڕابوردوودا زانایانی هەموو گەلانی موسڵمان بە عەرەبی دەیاننووسی، ئەوە کاتی ئەوە هاتووە هەر گەلەی بە زمانی خۆی بنووسێ و هەوڵ بدات زانست و ڕۆشنبیری بەو زمانە بە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی پێشکەش بکات، چۆن ڕۆشنبیرانی ئەوروپا لە سەردەمی ڕێنیسانس و ڕیفۆرمی ئایینیدا دەستیان پێ کرد، لەم وتارەشدا ئیسماعیل حەقی جەخت لەسەر گرنگی زمان و خوێندن بە زمانی دایک دەکات لە شارستانی هاوچەرخدا بۆ ئەوەی گەل بە زیندوویی بمێنێتەوە، داوا دەکات خوێندن بۆ هەموو کەسێک بێت و لە هەموو ئاواییەک قوتابخانە هەبێت، چونکە تەنیا لە ڕێگەی زانستەوە گەلان پێش دەکەون. هەر بەمەش گەلانی موسڵمان دەتوانن ڕووبەڕووی دەوڵەتانی ئەوروپا ببنەوە کە چاویان بڕیوەتە وڵاتەکانیان.

هەروەک چۆن زمانی لاتینی لە ئەوروپا بۆ دەمێکی درێژ تەنیا زمان بوو بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە ئایینییەکان، لە ڕۆژهەڵاتیش دەمێکی دوورودرێژ بالۆرەی ئەوە لێ دەدرا کە دەبێت موسڵمانان تەنیا زمانی عەرەبی بەکاربێنن و دەست لە زمانەکانی خۆیان بەردەن، دواتر کاتێک فارس و دوای ئەوانیش تورک زمانی خۆیان کرد بە زمانی نووسین و بەڕێوەبردن، تەنیا گەلانی وەک کورد بە بێ زمان مان و هێشتا ڕێگەی ئەوەیان لێ دەگیرێت بە زمانەکەی خۆیان بنووسن و بخوێنن، ژمارەیەکی زۆر مەلا و پیاوانی ئایینی کوردیش ئەم بالۆرەیان لێ دەدا و بە بیریاندا نەدەهات لە خۆیان بپرسن: ئەی باشە بۆ فارس و تورک زمانی خۆیان بەکاردێنن و کەسیش ناڵێت لە دین لایان داوە و دوورکەوتوونەتەوە، بۆیە ئیسماعیل حەقی زۆر پەنا دەباتە بەر ئایین و ئیسلامەتی بۆ ئەوەی خەڵک قایل بکات بەوەی ئەم قسە پڕوپووچانە لە مێشکیان دەربکات و ئەوەیان بۆ ساغ بکاتەوە کە پێوەندییان بە ئیسلامەوە نییە، ئەو سەردەمە لە کۆمەڵگەی کوردیدا تەنیا قسەی مەلا و شێخی تەریقەت دەیخوارد، بۆیە دەبوایە ڕووناکبیرانیش هەر بەو زمانە قسەیان لەگەڵ خەڵکدا بکردایە، ئیسماعیل حەقی خۆیشی وەک کوڕی بنەماڵەیەکی باوەڕمەند و دیندار باوەڕی بەوە هەبوو کە دەیوت.

لەو سەردەمەدا ڕووناکبیرانی تورک لە دژی ئەوە بوون بە کوردی بخوێنرێت و بنووسرێت و ئەمەیان بە مایەی دابەشکردنی وڵات و ئوممەتی عوسمانی دادەنا، ئەمڕۆش لە تورکیا کاتێ کورد داوا دەکات بە زمانی خۆی بخوێنێ، دەسەڵاتدارانی ناسیۆنالیست و ئیسلامی ئەم داخوازییە ڕەوایە بە هۆکاری دابەشبوونی وڵات دادەنێن، ئیسماعیل حەقی دەڵێت (زمان میراتێکە لە کۆنەوە ماوەتەوە، دەبێ گەشەی پێ بدرێت، کورد ئەگەر بە زمانی خۆی بنووسێ، بەمە واز لە ئایینی خۆی ناهێنێ، بەڵام لە لای ئێمە بە پێچەوانەیە، ئایا کە تورک دەستیان کرد بە نووسین بە زمانی خۆیان لە ئیسلام جیابوونەوە؟ یان عەجەم زمانەکەیان بوو بە دوژمنی ئیسلام؟ بۆ ئەمە دەبێ وا لێک بدرێتەوە، بۆ یەکێتی ئیسلام و سەرکەوتنی دەبێ دەستوورێکمان هەبێ، ئەو دەستوورەش بەرایی موسڵمانەتی بێت، دواتر عەرەب، تورک، کورد، یان عەجەم بێت، تورک کە زمان و ئەدەبیاتی خۆی هەیە،




ئەگـەر پێش بکەوێ، ئەمـە پێـشکەوتنە بۆ ئیـسـلام، هەروەها زمانـی عـەرەبیش بەو جۆرەیە، بۆ هەمـوو دەبێت بەو جۆرە بێت لە تورکەوە بۆ کورد، لە کوردەوە بۆ تورک، لە عـەرەبەوە بۆ کـورد کـە زمـانیـان وەک یەک نیـیـە و مـتمـانەیان لە ناودا نییـە، بەڵکو هاوبەندی ئایینی کـە کـۆیان دەکـاتەوە، لە هەمـوو شـتـێک بەهێـزترە، زمـانی کـوردی لە ڕووی کـۆمـەڵایەتییـەوە ئەگـەر سـەربکەوێ، قـازانجـە بـۆ تورک و عـەرەب، لە نێـو هەر مـیللەتێکدا نووسین بە زمانی خۆی هێمای نەتەوایەتییە، بە زمانی خۆی نەبێ بیـری ئایینی ناکرێتـەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بیـری نەتەوایەتی بە شـەرع یاسـاغـە، بۆیە نابێ ئەو جیاوازییەی لە نێو نەتەوەکاندا هەیە، نابێت زمان ببێتە هۆی ناکۆکی لە نێو کۆمەڵی ئیسلامدا، بەڵکو ببێتە هۆیەک بۆ پڕوپاگـەندە بۆ ئیـسـلام و بەرگـری بۆ بڵاوبوونەوەی، لەبەر ئەوە بۆ کورد وەک لە هەمـوو نەتەوە ئیسلامەکاندا هەیە پرۆگرام بەم جۆرەیە: یەکەم ئیسلام، دوایی کورد، بەمە دەبێ ئیسلامەتی خزمەتی کوردایەتی بکاو هەستی بیری دینداری لە ناو کورددا بەهێز دەبێ و خزمەتی ئیسلامییەت و کوردایەتی دەکا"(١٦).

لە ژمـارە سـێی هەمـان گـۆڤـاریش وتارێکی لە ژێر ناونیشانی "پێشکەوتنی کوردان" بڵاوکردەوە کە تێیدا باس لە خـۆراکی لەش و خـۆراکی گـیـان و ڕوح دەکـات، یەکـەمـیـان دەبێـتـە هۆی مـانەوەی مرۆڤ و ئەوی تریان پێـوەندی بە هۆش و مـێـشکەوە هەیە، دوای ئەوە دێتـە سـەر بارودۆخی کـورد کـە پێی وایە لە تاریکـسـتـانێکی ترسناکدا ماوەتەوە، ئەگەر بیـەوێت پێش بکەوێت دەبێ بە هێز و گورێکی زۆرەوە پێشی خۆی ڕووناک بکاتەوە، لە ڕێگەی پێـشکەوتنندا کـورد تووشی گـەلێک تەگـەرە دەبن، بەڵام هەتا ئەو تەگــەرانە نەبڕن هەر لە دنیــای تاریک و نادیاردا دمـێننەوە، بابان پێی وایە تەنیـا هێـز کـە دەتوانێت ڕێگە لە بەردەم کـورددا ڕووناک بکاتەوە، ئەو ڕێگەیەیە کە کورد لە بیری کردووە، ئەویش خوێندن و زانست و زانیـارییە، هەر میللەتێک زانیـاری لە پلەی سفردا بێت کە پێی وابووە کورد لەو ئاستەدایە، ئەوە بۆ ئەوەی بگاتە پلەیەکی بەرزتر، دەبێ زۆر کـۆشش بکا، زۆریش زەحـمـەت بکێـشێ، پیـاوی بەهیـمـەتی تێـدا هەڵبکەوێ، ئەوجا دەگاتە هیـوا، بەبێ کۆشش و هەوڵ و تەقـەللا کـەس هیـچی دەست ناکـەوێ، بەڕاسـتی کـورد ئەمـڕۆ لەڕووی زانیـارییەوە هیچ شتـێکی نییە، زمـانی قسەکردنی دەوڵەمەند و جوانە، بەڵام زمانی نووسینی لە پێـشکەوتن بێ بەش بووە، لەم حـاڵەتەدا بایەخـدان بە زمان شتێکی پێویستە. هەر دواکەوتنێک لە هەوڵدان بۆ پێشکەوتن ئەنجامەکەی خراپەو دواتر گلەیی کردن پارە ناکا.

نووسەر داوا لە کورد دەکات خۆی لەگەڵ هاوسێکانیدا بەراورد بکات، بە تایبـەتی لەگـەڵ ئەرمـەن، بۆ ئەوەی بگاتە هاوشانی ئەوان، پێـویسـتـە لاسایییـان بکاتەوە، لێرەشدا دەگەڕێتەوە سەر دەردە کوردەکە، کاتێ دەڵێت "کورد لەناو خۆیاندا بەربەرەکانێی یەک دەکەن، هەرچەندە حکوومـەت بۆ پێشکەوتنیش یارمـەتیـیـان بدات، بەڵام ئەگەر کورد خۆی ئامادە و بەشدار نەبێت، کار ناچێتـە سەر، ئێـسـتـا پێویسـتـیی بە قوتابخـانەی سـەرەتایی و ڕوشدییـە هەیە، دەبێت کـتێبی پێـویسـتـیـان بۆ ئامـادە بکرێت، دەبێ دەرفـەت بۆ پێگەیاندنی مـامـۆسـتـا پەیدا بکرێت، هیوا و ئامانجی کورد نایەنەدی، ئەگەر زانست و هونەر و خـوێندنیـان بەکـوردی نەبێ، ئەمـەش ئەرکی سەرشانی خاوەن هیمەت و غـیرەتەکانە، ئینجا پێویستـە زمانی کوردی بە خەڵکی بناسێنرێ و ئەو ڕاستییـەیان بۆ بسەلمێنرێ".

ئیـسـمـاعـیـل حەقی بابان لە هەمـوو نووسـینەکـانیـدا گرنگییـەکی تایبەتی بە هەوڵدان بۆ پێشخسـتنی زمانی



کوردی داوە، لەم بارەیەوە دەڵێت "بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە کورد لە ڕیزی نەتەوە پێشکەوتووەکان دابنێن، یەکەمین ئەرک ئەوەیە زمانێکی ڕێکوپێک و سادەی کوردی دروست بێت، ئەو زمانە دەبێ لەسەر بناغەی پیتەکانی زمانی عەرەبی بێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەم بوارەدا پێویستن، بۆ چاکسازی پیتەکان پرۆژە دانراون و نموونە جێبەجێ کراون، یەکێک لەوانە کە شایستەی ئەوەیە نووسینی کوردی پێ بکرێت، لە دوای لێکۆڵینەوەی ورد، بڕیاری لەسەر بدرێت و قبووڵ بکرێت، بەرهەمی نووسراوی کورد ئەوەندە کۆن نییە کە بووبێت بە نەریت و ڕێگر بێت لە بەردەم چاککردنی پیتەکان. ڕەنگە لەم لایەنەوە تەنگوچەڵەمەی کەم بێ و منداڵان یەکسەر وەری بگرن، پیتی عەرەبیش کە ئێستا لە زمانی کوردیدا بەکار دەهێنرێ، نەک هەمووی، تەگەرەیەکی ئەوتۆی تێدا نییە، کەواتە لاسایی کردنەوەی ئەرناوود "ئەلبانی. نووسەر"، کە ئەلف و بێی خۆیان کردووەتە لاتینی، هەڵەیەکی گەورەیە".


هەر لە بارەی زمانەوە گرنگییەکی زۆر بە ڕێزمان دەدات و پێی وایە بە بێ ڕێزمان و کتێبی خوێندن زانست نابێت. بۆ ئەمەش کورد پێویستی بە سێ شتە: هزر، کۆشش و پارە. ئاماژە بە ئەزموونی جووەکانیش لە بواری فێرکردن و پەروەردە دەکات و داوا لە کورد دەکات چاویان لێ بکەن.

لە کۆتایی وتارەکەیدا ئیسماعیل حەقی بابان دەنووسێت "ئەگەر کورد بیانەوێ لە نەزانی ڕزگاریان بێت و پارێزگاری لە خۆیان و میللەتەکەیان بکەن، دەبێ ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردن پەیڕەو بکەن و لەسەری بڕۆن، ئەو ئەرکە نەتەوەییە جێبەجێ بکەن کە لە دواییدا ئەرکێکی ئایینیشە، ئەگەر لەڕووی خوێندەوارییەوە حاڵی کوردان چاک بکرێ، مانای ئەوەیە بەشێک لە جیهانی ئیسلامی لە نەزانی ڕزگاری دەبێت، پێویستە کورد کۆشش بکەن و بۆ پێشخستنی زانست هەوڵ بدەن، تەنیا و تەنیا هەوڵ و کۆششی تایبەتی خۆیان گرنگە و دەیانگەیەنێتە ئەنجام، هەرەوەزی هزری زۆر گرنگە و میللەت پێش دەخا و زانیاری خەڵکی لە یەکدی نزیک دەکاتەوە"(١٧).

ئیسماعیل حەقی هەرچەندە بە کەسایەتییەکی دیاری ئیتیحادییەکان دەژمێردرا، بەڵام بە هۆی کوردبوونی و جیاوازی هزری لە کۆمەڵێ پرسی گرنگدا لەگەڵ سەرکردەکانی ئیتیحاد و تەرەقیدا، نەچووبووە نێو ئەڵقە ناوەکییەکەی ئەو ڕێکخراوەوە کە لە دوای ١٩٠٨ و گەیشتنی بە دەسەڵات لە تورک، یان ئەوانەی لە نێو تورکدا تواببوونەوە و تورکچێتییەکی تۆخیان دەکرد، بەولاوە کەسی نەدەگرتە خۆ، پیاوێکی وەک ئیسماعیل حەقی بابان کە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و بە هەڵوێست، کوردێکی ڕووناکبیر، کەسێکی لیبراڵ و ئازادیخواز و باوەڕمەند لە لایەن ئیتیحادییەکانەوە زۆر مایەی قبووڵ نەبوو.

ئەوانەی لە نزیکەوە ناسیویانە بە پیاوێکی زۆر زیرەکیان وەسف کردووە، هەمیشە وەڵامی حازر بووە و لە وەڵامدانەوەشدا ورد بووە، سەرباری ئەوە پیاوێکی قسە خۆش و خۆش مەعشەر بووە.

ئیسماعیل حەقی بابان لە دوا مانگەکانی ساڵی ١٩١٣ لە کاتی وانەوتنەوەدا لە قوتابخانەی موڵکییە لە ئیستەنبوڵ باری تەندروستی تێکچووە و کۆچی دوایی کردووە. ئەو دەمە تەمەنی تەنیا ٣٨ ساڵ بوو، کۆچی ناوەختی ئیسماعیل حەقی بابان لە تافی لاوێتیدا لەو سەردەمە ناسکەدا زیانێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد، مەرگی ئیسماعیل حەقی شاعیران و نووسەرانی کوردی هەژاند و هەر یەکەیان بە شێوەیەک هەست و غەمگینی خۆی لەو بارەیەوە دەربڕی،




چەندان نووسین لەسەر زیرەکی و کەسایەتی و توانایی و بەهرەکانی لە ژمارە سێ و چواری گۆڤاری هەتاوی کورد و ژمارە یەکی بانگی کورددا بڵاوکرایەوە، زۆربەی بابەتەکانی ژمارە سێیی گۆڤاری هەتاوی کورد بۆ کۆچی ئیسماعیل حەقی بابان تەرخان کرابوون، وێنەی ئیسماعیل حەقی لەسەر بەرگی ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکە دانراوە، لەسەر ناوی گۆڤارەکە وتارێک بە ناوونیشانی "کوردێتی بێ زەوال و لە دەستدانێک" بڵاوکراوەتەوە، دوا بە دوای ئەویش وتاری " کورد و کوردستان"ەکەی کە لە ڕۆژنامەی کورددا بڵاوی کردبووەوە، سەرلەنوێ بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕەی دواتردا ژیاننامەی ئیسماعیل حەقی نووسراوە کە ناوی کەسی بەسەرەوە نییە، پێدەچێت سەرنووسەر بە خۆی نووسیبێتی، چونکە زانیاری ورد و کەم بینراوی تێدایە، لە دوای ئەوەش نەجمەددین کەرکووکی بە ناوونیشانی " کوردی بەدبەخت" وتارێکی بەسۆزی نووسیوە، ئەحمەدی سلێمانیش بە ناوونیشانی "کارەساتێکی تاڵی دیکە" و ڕاسخ کەرکووکیش شیعرێکی بۆ کۆچی ئیسماعیل حەقی هۆنیوەتەوە، ئەمانە هەموو بە تورکی بوون، لە بەشە کوردییەکەشدا کەرکووکلی زادە کەریم وتارێکی بە ناوونیشانی "بابانزادە ئیسماعیل حەقی وەفاتی کرد"، نەجمەددین کەرکووکلیش وا دیارە وەرگێڕانی کوردی وتارە تورکییەکەیە "بێ طالعی کوردان"ی نووسیوە، لە ژمارە چواری هەمان گۆڤاریشدا محەمەد میهری " شینێکی بۆ بابانزادە" نووسیوە(١٨).

لەو چەند توێژینەوەیەی کە لە مەڕ ڕووناکبیرانی دیاری کوردی دوا ساڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی کردوویانە، کەسانی وەک دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت، ئەحمەد نەعیم بابانزادە و ئیسماعیل حەقی بابان و چەند کەسێکی دیکەیان، دیاردەیەکم بۆ دەرکەوتووە، ئەویش ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی بە ڕاستی بە ڕووناکبیری گەورەی ئەو سەردەمە دادەنران و بەرهەمەکانیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئیستەنبوڵدا بڵاودەبوونەوە و هەر یەکەیان چەندان کتێبیان، یان بە خۆیان نووسیوە، یان کردوویانە بە تورکی، هیچ کامیان لەگەڵ بەرپرسانی سیاسی کورددا هەڵیان نەکردووە، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش لە ڕیزی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و سیاسی کورددا چالاک بووبێتن، ئەوە دواتر خۆیان لێی بە دوور گرتووە، تەنانەت ئەوانەش کە بۆ باشووری کوردستان گەڕانەوە، زۆربەیان ڕوویان لە بەغدا کرد. پێم وایە ئەم دیاردەیە سەرنجی زۆر کەسی تریشی ڕاکێشاوە و لە خۆیان پرسیوە، دەبێ هۆی ئەم دیاردەیە چی بێت؟. ئەم پرسیارە بە کراوەیی دەمێنێتەوە و دیاردەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەمەلایەنە هەیە، تەنیا بە پشت بەستن بە بەڵگە و سەرچاوەی مێژوویی متمانەپێکراو دەکرێت لێکدانەوەیەکی دروست بۆ ئەم دیاردەیە بکرێت.

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە لە کەسایەتی و پێگەی ئیسماعیل حەقی بابان لە مێژووی ڕووناکبیری کوردیدا، دەتوانم ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەم:

* ئیسماعیل حەقی بابان یەکێ لە کەسایەتییە ڕووناکبیرە هەرە دیارەکانی بژاردەی کوردی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی سەدەی نۆزدەم و دەسپێکی سەدەی بیستەمە، ئەو لە ژێر کاریگەری ڕۆشنگەری ئەورووپادا بووە، خەونی بە سیستەمێکی لیبراڵ و دادپەروەرانەوە دەبینی، لە دوو دەورەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی دوای ساڵی ١٩٠٨ نوێنەری بەغدا و دیوانیە بوو و بۆ ماوەیەکیش وەزیری فێرکردن بوو.

* لە باری ڕۆشنبیرییەوە زۆر کارامە و بەهرەدار بوو، ڕۆژنامەوانێکی چالاک بوو، لە ئاستی سیاسیدا خاوەن هەڵوێست و نەیارێکی سەرسەختی دەسەڵاتی ستەمکاری (دیسپۆتی) سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو، لەو



پێناوەدا ڕووبەڕووی دەرکردن و چەوسانەوە بووەوە.

* لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان و ڕووداوە نێودەوڵەتییەکان شارەزاییەکی باشی هەبوو، لێکدانەوەکانی لەو بارەیەوە لە ڕۆژنامەی تەنین (طنين) ئاستی شارەزایی و تێگەیشتنی دەردەخەن، فیروز ئەحمەد کە بە یەکێ لە شارەزا هەرە دیارەکانی مێژووی ئیتیحاد و تەرەقی دادەنرێت، ئیسماعیل حەقی لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا بە مامۆستای ئیتیحادییەکان لە قەڵەم دەدات.

* ئەندامێکی چالاکی ئەنجومەنی نوێنەران بوو، کۆنووسەکانی هەردوو دەورەی ئەو ئەنجومەنە گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن کە چالاکانە بەشداری لە تاووتوکردنی پرسەکان کردووە و بەرگری لە داخوازییەکانی ئەو دڤەرانە کردووە (بەغدا و دیوانیە) کە نوێنەرایەتی دەکردن.

* لە تافی لاوێتیدا کۆچی دوایی کرد و کار نەگەیشت بەوەی بەتەواوی لە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی دوور بکەوێتەوە، بەڵام ئەو بیر و بۆچوونانەی لە هەندێ لە وتار و نووسینەکانیدا دەریبڕیون، تەواو ناکۆک بوون لەگەڵ پرۆگرامی پەیڕەوکراوی ئەو کۆمەڵەیە، بۆ نموونە بە پێچەوانەی سەرکردە دیارەکانی ئیتیحاد و تەرەقییەوە ئەم لە دژی ئەوە بوو ئەفسەرانی سوپا ڕۆڵیان لە دەسەڵاتی سیاسیدا هەبێت، هەروەها لە دژی چەوسانەوەی نەتەوەیی و هەوڵی تواندنەوەی گەلانی ناتورک بوو کە لە کەللەی بەرپرسانی ئیتیحاد و تەرەقی دابوو و کەوتبوونە پەیڕەوکردنی، دوای ئەوەی بوو بە ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی تورکی و نوێنەرانی گەلانی ناتورکی لێ دوورکەوتنەوە، پێم وایە پەروەردەی خێزانی و گرنگیدانی باوکی و ئەحمەد نەعیمی برا گەورەکەی بە پرسە ئایینییەکان و نووسین لە بواری ئایینیدا، کاریگەری لەسەر هەڵوێستی ئیسماعیل حەقی بابان بەرانبەر ئیسلام و موسڵمانێتی هەبوو کە تەواو جیاواز بوو لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری ئیتیحادییەکاندا.

* لە بارەی کورد و کوردستان و بارودۆخی خراپی کوردەوە، ئەو پرسانەی ئەو گرنگی پێ دەدان تا ئەمڕۆش گرنگی خۆیان لە دەست نەداوە، بۆچوونەکانی لە بوارەکانی زمان، گرنگیدان بە خوێندن، زانست و ڕۆشنبیری، کتێب و نووسین زۆر لە جێگەی خۆیاندا بوون، ئەو چەند وتارەی لە بارەی کورد و کوردستانەوە نووسیونی و بڵاوی کردوونەتەوە، گەواهی ئەوەی بۆ دەدەن کە پیاوێکی ڕووناکبیر و دووربین بووە.

* لە بارەی قانوونی دەستووری و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانەوە لە یەکتری، ئەو کێشانەی ئیسماعیل حەقی بابان بەر لە زیاتر لە سەدەیەک لێیانی دەکۆڵییەوە و پێشنیاری چارەسەری بۆ دەکردن، تا ئەمڕۆش تورکیا پێیانەوە دەناڵێنێت، ئەگەر ئیتیحادییەکان و دوای ئەوانیش کەمالییەکان سوودیان لە بیر و بۆچوونەکانی کەسانی وەک ئیسماعیل حەقی بابان وەرگرتبایە، ئەوە ڕەنگبێ ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک بە شێوەیەکی تر بوایە.

* پێم وایە "ئەگەر"، ئەوەش باش دەزانم کە لە مێژوودا جێگەی "ئەگەر" نابێتەوە، دەڵێم ئەگەر ئیسماعیل حەقی بابان وا زوو کۆچی دوایی نەکردبایە و لە ساڵانی دوای یەکەمین شەڕی جیهانیدا لە ژیاندا بمابایە، ئەوە ڕەنگبێ بووبووایە بە سەرەکیترین کارەکتەر و فیگوری سیاسی کورد و لەوانەیە "ڕۆڵی تاکی لە مێژوودا" بۆ کورد ببینیایە و چارەنووسی کوردی بە شێوەیەکی دیکە دیاری بکرابایە!. ئەمە تەنیا ئەگەرە و ناتوانم هیچی لەسەر بنیاد بنێم.

**سەرچاوە و تێبینییەکان:**

**١٣- بۆ دەقی وتارەکە بڕوانە: کرد تعاون و ترقی غزتەسی، نومرو ١، ص.٤. ئەم وتارەی ئیسماعیل حەقی بابان دواتر بۆ جاری دووەم لە ژمارەی (٣) گۆڤاری هەتاو (١٩١٣) و جاری سێیەم لە ژمارە یەکی گۆڤاری بانگی کورد بڵاوکراوەتەوە کە جەمال بابان لە بەغدا لە ساڵی ١٩١٤ دەری کردووە.**

**١٤- هەمان ڕۆژنامەی کرد تعاون و ترقی غزتەسی، نومرو ٣، ص. ١٨- ١٩.**

**١٥- هەمان سەرچاوە، نومرو ٤، ل١ و ٢٦.**

**١٦- بۆ دەقی تەواوی وتارەکە بڕوانە: روژ کرد، ژمارە (٢)، ٦ تموز ١٣٢٩.**

**١٧- هەمان سەرچاوە، ژمارە (٣)، ١ ئابی ١٣٢٩.**

**١٨- بڕوانە: هتاو کرد، ژمارە ٣، ١٣ سفرولخیر ١٣٣٢، ٢٩ کانون أول ١٣٢٩: هەروەها: هتاو کرد، ژمارە ٤، ٥ جمادی الاول ١٣٣٢، ١٩ مارت ١٣٣٠، کە بەرانبەر بە ١١ کانوونی دووەمی ١٩١٤ و ١ نیسانی ١٩١٤ن.**

# حەجێکی تر بۆ بەردەرگای «خەتیَ»ی زانا

**«تثنية الحج الى اعتاب بوابة العلامة الخطي»**

**مەسعوود محەمەد**
**لە عەرەبییەوە: حەکیم کاکەوەیس**
**(کەرکوک - حەساری گەورە)**

**(١ - ٢)**

**بەشی یەکەم**

گۆڤاری «کاروان»، سالّی حەفتەم، ژمارە ٧١، کانوونی دووەمی **١٩٨٩** ئەرکی گران بە سەر خەسلّەتی منەوە ئەوەیە ناچار بم لەو نووسەرانە بەدەنگ بێم کە بەرپەرچی هەندێک لە نووسینەکانم دەدەنەوە. وام پێ باشترە نووسینەکە و ئەوەی لە سەری دەنووسرێ بۆ وردبینی و تێگەیشتنی خوێنەران لێگەڕێم تا نووسراوەکە و بەرپەرچدانەوەکە، یان هەردوو رووی بابەتەکە، کامەیانیان بە دلّە و لەگەلّ باوەڕیاندا یەک دێتەوە پەسەندی بکەن. باوەڕیش ناکەم ئەگەر هەلّە لە بۆچوونی خوێنەردا لە بارەی ئەو بابەتانەوە هەبێ کە بە عادەت قەلّەمی ئێمەومانان سەرقالّ دەکەن، زەوی لە ڕێڕەوی خۆی لابدات. لەبەر ئەوە، مەگەر بە دەگمەنی دەگمەن، دەنا گرنگی بەو نارەزایی و کاردانەوانە نادەم کە بە پێی بۆچوونی من هەلّەن و بە دووی نووسینمدا، بە بەلاش بەرانبەر بە ڕاستی دەوەستنەوە، ئاگاشم لەوە هەیە کە دواقسەکەری دەمەتەقێ و بەرپەرچدانەوە بە سەرکەوتوو دەژمێردرێ و ئەوەی لە دوای ڕەخنە بێ دەنگ دەبێ، بە دۆڕاو دادەنرێ.

من بێ دەنگییەکەم پێ خۆشترە کە تێکەلّی خەمی بە سەهووچوونی خوێنەر بێ کە پێی وابێ بێ دەنگی نیشانەی دۆڕاندنە. دلّدانەوەی بالاّ لەم شەرعەدا ئەو دلّنیاییەشی دێتە سەر کە لە خەسلّەتدا، بە باوەڕێکەوە هەیە کە ئەنجام سەرکەوتنی ڕاستییە ئەگەرچی درەنگیش بێ. ئەگەر قبوولّکردنی ڕاستی لە ناو هەر تەمومژێکدا بێ، لە ناخدا ڕەگی هەبێ ئیتر گرنگ نییە ئەم لا ڕاستە، یان ئەوی تر، بە مەرجێ شوێنەواری نەرێنی وەک هەلّچوونی ناخ و هەستی زالّبوونی لێ نەکەوێتەوە، چونکە هەستی زالّبوون چالّ و کەندی وا دروست دەکات کە لە بەردەم سەرکەوتوودا دەبنە بەربەستی وەها کە



مەسعوود محەمەد

پێشـتـر لە بەردەم دەمـەتەقـێکەدا نەبـوونە و بەرەو ڕووی بەڵـگە و بـورهان دەبنە لاملیـــــیـــەک کـــە بە زەرەر دەشکێتەوە. میری شاعیرانیش «ئەحمەد شەوقی» لەسەر زاری کەسایەتییەکی شانۆگەرییەکەیەوە «مەجنوون لەیلا – شـێـتی لەیلا» گـوتوویەتی: «بابەتی جـیـاواز هیچ بابەتێکی خـۆشـەویستی تێکنادا». ئەوەش قـسـەیەکی شاعیرانەی جوانە و لە جێی خۆشیدا، لە شانۆنامەکەدا، لەوپەڕی جـوانیـدایە، بەڵام بە دەرگـای تەمـێی خـێـردا ڕۆیشتووە و بۆ هەموو کەس بە مەبەستی چاکەوە لکاوە. سروشتی نەفسی مرۆڤ وایە دژی هەموو بەربەستێک بێ و لێی دەوەشـێـتـەوە بەرانبـەر بە بچـووکـتـرین ئامـاژەی بەرهەڵـــستکاری هەڵچێ و جـیـــاوازی (بۆچوونی وەک یەک) و (بۆچوونی جیـاواز) بۆ بەردەوامی خـۆشـویستێ ئاسـمـانوڕێسـمـانە و ئێـمـەی ڕۆژهەڵاتیش کە لە دەمی هاوڕاییـدا هەڵدەچین، لە کـاتی ناتەبایی بۆچوونیـشـدا، خوا یارمەتیدەرمان بێ.

ئەگەر وای دابنێین دەروونی بەشەر تێکۆشا و گەیشتە ئەوەی مافی خۆی لەگەڵ ئەو مافەدا یەکسان بکات کە لە سـەرپەتی، هێـشـتـا بەوە ئاسـوودە دەبێ بۆچوونی خـۆی ڕاست بێ، نەک لە ڕێی چاکەخوازێکەوە بەو ڕاسـتـیـیـە گـەیشتبێ و هەر دەبێ وەهاش بێ. ئەگەر پێی چاکتر بێ خۆی ڕاستی پێکابێ، نەک خرابێتە سەر ڕێی ڕاست، بە پێی بەدیهـە، دەکاتە ئەوەی شیـرینی پێ خـۆشـتـر بێ لە تاڵـی، ئەوجـــــا ســـــەرچاوەیەکی شکـۆی بـەرزی بۆ بەچاکـزانینی ڕاسـتی بۆ دەمـێنێـتـەوە، ئەوەش ئەوەیە ڕاستی خۆی لە خۆیدا ڕاگەیاندنی ئیفلاسی لۆژیکێکە کە بە درێـژایـی زەمـــــــان بە هەڵـەدا ڕۆچـووە و ئـەوەش خەسارەتێکی مەزنە.

خـوێنەر دەتوانێ لـەوەی سـەرەوەڕا کـە دەرمـبـڕی، بەو ئەنجـامـە بگات کـە من لە نـووسـینمـدا، گـوتار، یان هەڵوێسته، یان سۆراغ و ڕاستکردنەوە، مەودایەکی زۆرم لە بزوێنەرە زاتییـەکـان تێپـەڕاندووە، چونکە بە قـەدەر بەرچاوڕوونی لە سـەرچاوەی شـتـەکـان، ڕۆڵی هەسـتی سۆزدار بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە ئاستیدا کەم دەبێ. من کە ئەمڕۆ بۆ میـحرابی باسی «خەتێ»ی زانا دەگەڕێمەوە ڕێـیـەکم گـرتووەتە بەر، ئەو ڕێگا ئاسـاییـە نییـە کـە بۆ بەرگــریکردنی دادپەروەرانە لە بۆچوونی بەرپەرچدراو دەگـیـرێـتـە بەر. ئەگـەر وام بکردایە تۆمـەت یەخـەی بەرنەدەدام، بەڵکو هاتووم وەک ئەو ئیزنخوازە لە دەرگای دەدەم، تا ئەمانەتێک بگەیەنێ کە ڕۆژگار لە ویژدانی ئەو نیەتپاکانەدا هەڵیگرتووە کە گومانی بەد دەبەن. ئەگەر لەبەر مـەبەسـتـێکی دەروونی (یاقـووب)ـەوە نەبوایە، چەندان ساڵ پێشـتـر ئەو بابەتەم یەکلایی دەکردەوە کـە شاردنەوەی نەخۆشی خـستم. نەختێکی تر بە خـوێنەری ڕادەگـەیەنم کە چی دەست و زمـانی بەستم بۆ ئەوەی ئەو ڕاسـتـیـیـە ئاشکرا نەکەم کە ویژدانم دەیویست ئاشکرای بکەم و ڕاستییەکەش لەو بابەتەیە کە شاعیری فارسی (پێم وابێ شیرازییە) دەیڵێ: نهێنییەکی سەیر لە دڵمدا هەڵدەگرم، ئەگەر بیڵێم زمانم دەسووتێنێ و ئەگەر نەیڵێم دەترسم مۆخی ئێسکم بسـووتێنێ... چاریشم نییـە ئەوە نەبێ خۆم بە بەیتە شیعرێکی شەوقییەوە ببەستم کە لە شانۆکەیدا بە زمانی لەیلاوە دەیڵێ:

**لە نێوان دوو شتدام کە هەردووکیان ئاگرن**
**ناچارم مەکە، هاوکاریم بکە**

لە گـیـــانی کـۆچکردووە نەمـرەکـانمان، ئەوانەی لێم شاردنەوە و ئەوانەی بە پێی توانایی دەربڕین بۆم ئاشکرا کردن، داوای لێبووردن و بەخشینم هەیە. ڕەنگە لاپەڕەیەک بە دێرڕێژکــردنی ڕاســتی ڕەها، بە مـــەرەکـــەب ڕەش بکرێتەوە، ڕاستگۆییەکەی بەشی ئەوە بکات شەرمەزاری لاببات و بۆ شاردنەوە و ئاشکراکردن ببێتە بیانوو.

ئەم دێرانەی خوارەوەش بۆ خوێنەرن تا ڕووی ڕاستی لە

فەتواکەی مەلای خەتێ و مەبەستەکەی لەو فەتوایە ببینێ و لەوەش ڕوونترە کە چاو بە هەڵەدا بەرێت، یان بەرگەی لێکدانەوە و شیکردنەوە بگرێت، ئەمەش بەڵگە:

مامۆستا عیزەددین مەلا ئەفەندی لە دایکەوە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی میر محەمەد، کە لای کورد بە پاشای کۆرە ناسراوە و کچەزای عەبدوڵڵا موخلیس بەگی کوڕی ئەسعەد بەگی کوڕی ڕەسووڵ پاشای برای (وەک بزانم دایکی و باوکی) میــــر محـــــەمـــەدە. ئەو، بەپێی زانیارییەکی کە لایەتی و لەسەر باسی فەتواکە شایەدی دەدات، بە باسی ئەو پیـــاوە دەچێ کـــە لە چیـــرۆکی یووسفدا، کاتێک ڕای جیاواز لە بارەی بێ تاوانییەوە لە گێچەڵێک کە بە ژنی پاشای عەزیزی کردبێ و قورئانیش ئەمەی لێ گواستووەتەوە: «شایەدێک لە کەسانی خۆی شایەدی دا کە کراسەکەی لە پێشەوە هەڵدڕاوە..» تا کۆتایی ئایەتەکە، ئینجا با بزانین مامۆستا عیزەددین چ شایەدییەک دەدات. ئایا دەڵێ کراسەکە لە پشتەوە هەڵدڕاوە و بێ تاوانە، یان دەڵێ لە پێشەوە هەڵدڕاوە و تاوانبارە؟ شایەدییەکەی لە بەر چاوان و گوێچکەیە و هی مەجلیسە و زیاتر باس کراوە و لە نامەی تایبەتیشدا بۆ منی ناردووە و دەڵێ:

حوسێن حوزنی موکریانیی خوالێخۆشبوو، نوسخەیەکی لە کتێبەکەی خۆی «میرانی سۆران»، لە یەکێک لە سەردانەکانیدا بۆ مزگەوتی قەڵا بە دیاری داوەتە مەلا ئەفەندی. دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێ لە ماڵەوە چووەتە سەردانی مەلا ئەفەندی لە باداوای قەراغی شار، مەلا ئەفەندیش لەو ماوەیەدا کتێبەکەی خوێندبووەوە. بە گلەییەوە بە حوسێن حوزنی گوتووە:

«جەناب تۆ دەزانیت بە ڕەزامەندی پاشا ئەو فەتوایە دراوە، ئیتر چۆن لە ئاستی ئەو ڕاستییە بێ دەنگ دەبیت؟ من لە عەبدوڵڵا موخلیس بەگم بیستووە، لە زاری باوکی و ڕەسووڵ پاشای باپیرییەوە گوتوویەتی کە فەتواکە بە ڕەزامەندی هەموان (واتە بنەماڵەی پاشا) دراوە و ئەوەش لە جەنابت شاراوە نییە».

ئەوە قسەی مەلا ئەفەندی بووە بۆ موکریانی و لەگەڵ ئەو بۆچوونە باوانەی پێش بڵاوبوونەوەی کتێبی «میرانی سۆران»دا یەکی گرتووەتەوە و پشتگیری کردوون کە دەڵێ ئەو فەتوا نەفرەتییە وەک گەواڵەی بەهار لە خۆڕا پەیدا نەبووە و وەک برووسکە لە بورجی خیـــانەتەوە دانەبەزیوە، ئەگەرچی بۆ ئەوانەی لەگەڵ تۆمەتبارکردنی خەتێدا بە خیانەتکاری ڕاهاتوون و لەگەڵ باوەڕیاندا کە لەو سەرچاوانەوەیە چاوەڕوانی بە خاینکردنیان لێ دەکرێ هاوتەریبە و زەحمەتە پاشگەز ببنەوە، دەبوو بە لایانەوە زەحمەتتر بێ باوەڕ بکەن پیاوێکی عەمامە بەسەری بوێر بە ئاشکرا لە ڕووی میرێکی ناسراو بە ڕژدی دڵسۆزی بۆ ئیمارەتەکەی و خاوەن سوپایەکی ئامادە بۆ فیداکاری، خیانەتی خۆی ڕاگەیەنێ.

مرۆڤی خاین ئازایەتی ئەوەی نییە خیانەتەکەی ئاشکرا بکات و ئەگەر خەتێ بە فەتواکەی بەرانبەر هەموان، بە سەرکردە و لەشکر و میللەتەوە وەستابێتەوە و گوێی بە ئەنجامەکەی نەدابێ، ئەوە کارێکی کردووە کە هەر لە پاڵەوانان دەوەشێتەوە کە لە پێناوی پەیامێکی پیرۆزدا ڕوحی خۆیان بە لاوە بێ بەهان، یان فیداکارییەک دەکەن کە لە ڕوح عەزیزترە و لە «ماڵ و منداڵ»ی جوانییەکانی ژیانی دنیا بەهادارترە.

بەڵام خەتێ یەکێک نەبوو لەو سەرکێشانەی لە پێناوی ساماندا، یان بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووی سەرکێشی، خۆی بخاتە مەترسییەوە، چونکە جگە لە لێهاتوویی کە بە ناو دەق و پەراوێزدا ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد و سیواکێک کە دوای خواردن و پێش نووستن و سەڵاوات، ددانی پێ پاک دەکردەوە، کەرەستەی ململانێ و دەمەتەقێی نەبوو و لە تەمەنێکیشدا نەبوو لە سەرەتای لاوێتیدا بێ و لە پێناوی موڵکی دنیادا ئاواتی هەند، بەربن بێ ئایینی بۆ بەکار بێنێ. ئەوە، جگە لەوەی کە فەتواکە خۆی لە خۆیدا هەرەسی بە ئاواتی سامانی دنیـــا دەهێنا، چونکە هاودەمێتی ساڵان لەگەڵ میردا، لەو ڕووەوە کە پێشڕەوایەتی کاروباری ئایینی دەکرد و چ لە ڕووی دینییەوە و چ لە ڕووی تەمەنەوە، گەیاندبوویە ئاستی پیری.

**خوێنەری هێژا..**

ئەگەرچی «حەقیقەت» خۆی لە خۆیدا شەرافەتمەندانەترین ئامانجە کە ویژدانی پاک و هۆشی ڕۆشن بە دوایدا دەگەڕێن، بەڵام بارودۆخی هەمەجۆر تێکەڵی وردەکاری و لێکدانەوەی بەرز دەبن و دەبنە بیانوو، یان ناچاری بۆ بێ دەنگ بوون لە ئاستی هەندێک ڕاستیدا. هەندێک یاسای دنیایی ڕێیان لە بەردەم هەندێک خەڵکی ئاگادار خۆش کردووە باسی هەندێک شت نەکەن کە دەیانخاتە بەردەم تۆمەتبارکردنەوە.

شەرعی ئیسلامیش لە هەندێک بواری جێبەجێکردندا

مـــەودای لایەنگری تێـــپـــەڕاندووە «المولفـة قلوبهم – ئەوانـەی بێ ئەوەی بـاوەڕی تـەواویـان هێـنـابێ بـوون بە مـوسـوڵـمـان»یان بە دەسـتکەوت ڕازی کـردووە و ئەوەش لادانێکی جیاکـەرەوەی ڕیزپەڕە لە بنەما بنەڕەتییـە بڕیار لە سـەردراوەکـانی بواری دیاریکردنی مـاف و ئەرک، تەنانەت خەلیفەی دووەم، دوای جێگیربوونی ئیسلام و نەمانی هۆکاری ئەو یاسایە بۆ دڵڕاگرتن، لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا بەتاڵی کردەوە.

منیش لە کـونجی ئاسـایی مـاڵی خـۆمـەوە ڕێم بە خـۆم داوە بەرانبـەر تۆمـەتێکی گـەورە، کـە لەگـەڵ باسی تۆمەتبارکردنی خەتێدا سەری هەڵداوە، چەندان ساڵ بێ دەنگ بم، ئەوەش لەبەر ڕێزێکی تێکەڵ بە پەرۆشییەک بۆ کەسێک، لە سەرەتای پێگەیشتنییەوە دەردەسەری یەخـەی گـرتووە، تا ئەو دەمـەی جگە لە دەربەدەری و نەبوونی، بەخـیلی و زمـانی بڕندەی بێ بەزەیی و بێ ویژدان و بێ شەرمیش بە دوایەوە بوون و تا مردیش لێی نەبوونەوە. ئەویش خوالێخۆشبوو حوزنی موکریانی بوو کە هەموو جیهادێکی بۆ کورد بوو کە لە سەرەوەی خۆی و توانایییەوە بوو و ڕێییەکی ناخۆشی وزەبەری وای بڕی بۆ چرکەساتێکیش مەودای پشووی نەدا و یەک لوقمەی بەتامی ڕەوا نەبینی و لەو کاتەوە کە لە زێدی خۆی هەڵکەنرا، بە درێژایی ژیانی ماوەیەکیش لەسەر نوێنی نەرم ڕانەکــشــا و هەر بە تاوێرەبەردێک دەچوو لە شاخێکەوە گلۆر بووبێتەوە و تلی دابێ تا لە ناو گۆڕی مەرگدا، لە دۆڵێکدا لەنگەری گرتبێ. ڕەنگە چرکەساتی دابڕانی لە ژیان کۆتایی سەفەرێکی بە ئازار و سەرەتای دەربازبوونی بووبێ لە ئازاری ژیان، هەر دەڵێی مەبەستی موتەنەبی لەم بەیتە شیعرەدا ئەوە:

**كفى بذلك داء أن ترى الموت شفاء**

**وحسب المنايا ان يكن اماني**

**ئەو دەردە ئەوپەڕێتی کە پێت وابێ مردن چارەسەرە**

**هاتنی مەرگیش بەدیهاتنی ئاواتە.**

من بە هەموو سۆزێکمەوە، تا ئاستی لایەنگری لەگەڵ کوردی دەربەدەری دڵسۆز و خۆبەختکەردام، بۆیە لە باسی بێ تاوانکردنی مەلای خەتێدا، تەنانەت بە ئاماژەیەکیش بێ، خـۆم لە باسی ئەوە نەداوە کــە ســەرچاوەی ئەو تۆمەتەی دوای ئەو زانایە کەوت، بۆ دوای بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی باسەکەی حوزنی موکریانی لەسەر میرانی سۆران و ناوەڕۆکی فەتواکە دەگەڕێتەوە، کە خەتێی خستووەتە تەنگژەیەکی ترسناکەوە. بەر لەوە، هەرگیز نەمانزانیوە نووسەرێک، یان قسەکەرێک، نیەت خراپی دابێتە پاڵ خەتێ بەرانبەر میر و دەسەڵاتەکەی، ئینجا بە هۆی ئایینەوە بووبێ، یان بە بەهای دنیاییەوە.

لە ڕووی باوەڕی ئایینییـەوە، ئەوەندەی پێـوەندی بە مەسەلەی نەتەوەییەوە هەیە، قسەکردن بە قەدەر پێوەندی بە فـەتوای باوەڕەوە لقـوپۆی لێ پەیدا دەبن و بە پێی لۆژیکی گوتارەکە کورت دەکرێتەوە. زانا ناوداره دیارەکان بە درێژایی مێژوو، لە فیتنە گەورەکەی کۆتایی خەلافەتی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەففانەوە تا ئەو ڕۆژگارەی کە بوون بە خاوەنی قسەی ویستراو لە کاتی پەیدابوونی ناتەبایی و یاخیبوونی یاخی و لادانی لادەر و وەستانەوەیان لە ڕووی دەسەڵاتی شەرعی (کە زۆربەی جــار هەڵبــەســتــراو بووە) بەوە ناســراون کــە لە بۆچوونەکانیاندا لایەنگری بەرژەوەندی گشتی بوونە و لەوانەش، نەخێر بەر لە هەموو شتێک لایەنگری یەکێتی موسوڵمانان بوونە.

جا ئەگەر ناڕێکییەکی ئاشکرا لە دەسەڵاتدا هەبووبێ و بیــانووی ڕوون بۆ تۆڵەکــردنەوە بووبێ، لەبەر نادیاری ئەنجام و ڕێتێچوونی چاکە و خراپەی ڕاپەڕیو هەڵوێست وەرگــرتنیــان زەحــمــەت دەبوو و ڕەنگە بەو لایەدا شکاندبێتیانەوە کە بە لای بەرژەوەندی موسوڵماناندا بچێ. ئەوەی ئەم لایەنەش ڕوون دەکاتەوە ئەوەیە، ئەگەر دەسەڵاتی شەرعی ویستبێتی کارێک لە دژی یەکێک لە ڕوکنەکانی شەرع ئەنجام بدا، زاناکان ڕێگریبیان کردووە مەگەر لەسەر هەمان بۆچوون بووبن، وەک لە مەسەلەی «خەلقی قورئان»دا ڕووی دا. لەو مەسەلەیەدا، زۆر لە زاناکـان بە هۆی هەڵوێستی نەگـۆڕیانەوە لەسەر کـۆنی قورئان سەریان تێدا چوو، وەک کە ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کە چەندان ساڵ بەند کرا و ئەشکەنجە درا و سووکایەتی پێ کرا، بەڵام تا ڕەوینەوەی سەرگەردانییەکە وەک شەهیدان خۆڕاگر بوو.

باوەڕیش ناکـەین هیچ لایەنێک لە لایەنەکـان، یان چینێک لە چینەکان هێندەی خەڵکە ڕوحانییەکان کە باوەڕی بتــەویان هەبووە، نرخی باوەڕی دابێ. ئەوەش بەڵگەنەویستــە و لە باوەڕەکەیانەوە بە غەیبی پیرۆزی مەلەکووت و بیرۆکەی پاداشت و سزای هەمیشەییەوە سەرچاوە دەگرێ و بەرپەرچی بیرۆکەی غەیبیش بە واهیمە نادەینەوە و لەوەشدا کە کەس لە خەڵکی ئاسایی نەتەوەکان وەک قوربانییان لە پێناوی ئایینیدا داوە، لە

خۆڕا بۆ مەبەستی دنیایی نەیانداوە و عیلمانییەکانیش بەرپەرچی ئەوە نادەنەوە. ئەگەر باوەڕی ڕەهای بە ئایینەکەی نەبوایە، پێش هەزار ساڵ، خۆی نەدەخستە مەترسییەوە و بە زەریا و وشکاندا، ئەم سەر و ئەو سەری دنیای پەی نەدەکرد بۆ ئەوەی بە دەوری کەعبەدا بخولێتەوە، یان دەست بە بەردی قودسدا بێنێ.

بە هەرحاڵ، مەترسی باوەڕ بابەتی دەمەتەقێ نییە، تەنانەت بیرۆکەی سیاسەتیش هەتا نەبێتە ئایدیۆلۆژیا، نابێتە هۆکاری قوربانیدان.

باوەڕ بە شێوەیەکی گشتی لە بەردەم گۆڕانکاری و لاوازی و بەهێزیدان و لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیماندا مەگەر بە دەگمەن دەنا نەبووە ئایین بە تەنیا دەسەڵاتداری دنیایی هەبووبێ و زۆربەی زانا دینییەکان لە دەسەڵات دابڕاو بوونە، بە تایبەتی بە پێی باوەڕی «ئەشعەر»ییەکان، بە دەگمەنیش زاناکان بە دەوڵەمەندی ژیاون. گەڕانەوەی سوڵتانەکانیش بۆ ڕای زانا ئایینییەکان لە بارەی گۆڕانکارییە ئاساییەکان، لەگەڵ تێپەڕبوونی سەدەکاندا کەم بووەوە و «یاسای مرۆڤکرد» (القوانین الوضعیة) خزایە ناو چەندان ئاڵوویرەوە. لە دامەزراندنی قازییە ڕەسمییەکانیشدا شتی وایان دۆزییەوە، بە دەگمەن نەبێ، لە دەرەوەی بازنەی دەزگای یاساییدا پرس بە زانا ئایینییەکان نەکەن. ئیدی چاوەڕوانی ئەوە دەکرا قازییەکان، کە لە دەسەڵاتەوە نزیک بوون بەرژەوەندی وڵات ڕەچاو بکەن، وەک توێژەرە کۆمەڵایەتییەکانی تری وڵاتە عیلمانییەکان کە بۆ ئەوە هەن بیانوو بۆ بۆچوونی ڕەسمیی دەوڵەت بهێننەوە و لەو قازییانە گوێڕایەڵتریشن، کە بەرانبەر دەسەڵاتی ڕۆژگار، حیسابیان بۆ بەربەستی غەیبی و ئایینی دەکرد و لە بیانووهێنانەوەدا ئازاد نەبوون.

لە بەر ڕۆشنایی ئەم زانیارییە گشتییە زانراوانەدا کە دەرگای ڕێتێچوونی تەمای دنیا لە کاروباری دەوڵەت و دژوەستانەوەی دەکرێتەوە، وا دەکات بڵێین وەستانی خەتێ شانبەشانی میری ڕەواندز لە دەرنەکردنی فەتوادا، لە واقیعەوە نزیکترە دەنا دەبێتە سەلەفییەکی وشکی وابەستە بە دەقی ناباو و بە سەر بەرژەوەندی ڕەواندزیشدا باز دەدا و لە بەر بەرژەوەندی سەرجەمی موسوڵمانان کە تەنیا لەسەر کاغەز بووە، بەرژەوەندی خۆی وەک سەرچاوەی فەتوا وەلا دەنێ.

بەڵام لە واقیعی کاردا ئەوانە هەموو پەکخراون و بە چاوپۆشین لەوەی فەتواکە بە ویستی میر و بە هۆی بارودۆخێکی سەرووی دەسەڵاتەوە بووە، خەتێ بەخۆشی لە ڕووی شەرعەوە و بە پێی گوێڕایەڵی، زانیویەتی دەبێ لە چ کاتێکدا بە ئارەزووی دەسەڵات بکات و وای لێ بێ لەوە بالاتر بێ کە ڕواڵەت و ناوی شتەکان پێی دەبەخشن. بەدکاری سوڵتانەکان و لادانیان لە شەرع لێی شاراوە نەبوون. دڵەڕاوکێی زاناکان لە نزیکبوونەوە لەو موعامەلاتانەی دەوڵەت دەستی تێیاندا هەبوو گەیشتبووە ئاستێک مەگەر هیچ چارەسەر نەبوایە دەنا خۆیان نزیکی نەدەخستەوە، بیانووشیان تەنیا لەوەدا دەدۆزییەوە کە نزیکبوونەوە لە دەسەڵات تاکە ڕێیەک بووە بۆ بەرژەوەندی و خۆلادان لە بەلای مسۆگەر. ئەگەر ئەو بەرژەوەندییە کوشندەیەش نەمابا، دەچوونەوە مزگەوت و خوێندنگاکانیان بە خوێندن و وانەگوتنەوە گۆشەگیر دەبوون و چ پێوەندییان بە سوڵتان و دەسەڵاتداری سەردەمەوە نەدەما.

شوێنەواری ئەو خۆپارێزییەی زاناکان و باوەڕنەبوونیان بەو کارانەی کە دەسەڵات ئەنجامیان دەدا ئێستاش لەوەدا دەردەکەوێ کە خەڵکەکە بە شێوەیەکی گشتی دڵیان بە مارەبڕینی دادگا داناکەوێ و هەر دەبێ مەلایەکی مزگەوت مارەبڕینەکە ئەنجام بدات و وەک هەر بەڵگەنامەیەکی حکومەت لەو مارەبڕینەی قازی دەڕوانن کە بۆ دوارۆژ لە بەرپرسیارەتی دوور بکەونەوە، وەک پسوولەی ئاو و کارەبا. پەنابردنیش بۆ ملکەچکردن بۆ دەسەڵاتیش، یان بە بیانووی بەرژەوەندییەکی تایبەتی، یان خۆلادان لە مەترسییەکی مسۆگەر، تاکە شوێنەواری بەکەڵکە کە لە پاکژی ملکەچکردن بۆ فەرمانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ماوەتەوە. ڕەحمەتی خوا لەوان و لەوانەش بێ کە وەک ئەوان، لە سەردەمی خۆیاندا ڕێڕەوی شەرعیان گرتبووە بەر. زاناکانیش بۆ جێبەجێکردنی ئەو بنەمایە ئەوەندە دیدیان فراوان نەبووە تا بیانووی زوڵم و شەڕ بە خۆوە بگرێ. لە مێژووی زۆر نزیکماندا دوو نموونە هەن، دەمەوێ بە بیری خوێنەرانیان بهێنمەوە و دوور نییە بیرهێنانەوە بە کەڵکی باوەڕداران بێت.

دوای بۆردومانی ناوچە کوردییەکان لە ١٩٦١/٩/١١دا عەبدولکەریم قاسم داوای لە زانا ئایینییەکانی کۆیە کرد لەو کارەیدا پشتگیری بکەن و ئەوانیش پرسیان بە من کرد. منیش دیتم ویژدانیان، بە بێ دەربڕینی بۆچوونی من، یان کەسی تر، ئەو داوا ڕەسمییە بە گردەبڕی ڕەت دەکاتەوە. ئیتر ماوەی چەندان

مانگ کە لە سەریان قورس کەوتەوە، برانە بەندیخانە و دوور خرانەوە و نانیان بڕا و تۆمەتی وا بۆ هەندێکیان هەڵبەسترا کە ملیانی لە پەتی سێدارە نزیک خستەوە.

نموونەی دووەمیش ئەوە بوو سەلام عارف لە ناوەڕاستی شەستەکاندا بۆنەیەکی ئایینی ڕێکخست و زۆرینەی زانا کوردەکانی بۆ بانگهێشت کرد و چەندان بەڵێنی لەخشتەبەری بەو هیوایە پێ دان، کە لە کاروبارە گشتییەکاندا، بە تایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە ناوچە کوردییەکانەوە هەبوو، لایەنگری بن، بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەو هەموو خیتابە، گوێی لە یەک وشەی لایەنگری نەبوو، تەنانەت حاجی مەلا ساڵحی خەڵکی کۆزەپانکە پەنجەی هەڕەشە و ئاگادارکردنەوەی بەرانبەری بەرز کردەوە و گوتی: هەر دڵۆپە خوێنێک کە لەم وڵاتەدا دەڕژێ، تۆ لە ڕۆژی قیامەتدا لێی بەرپرسیت.

ڕەنگە دووبارەکردنەوەی ئەو قسەیەش کەڵکی هەبێ کە جیاوازی هەڵوێستی ئەهلی ئایین و ئەهلی دنیا لە یەک بارودۆخدا، خەڵکێکی بێشوماری ڕۆشنبیران و شەهادەداری سەر بە ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکانی کورد لە ساڵی ١٩٦١دا بوون بە لایەنگری عەبدولکەریم لە کاتێکدا زانایانی ئایینی کۆیە، لە بەندیخانەدا بەرەوڕووی چارەنووسی نادیار دەبوونەوە. یەک چرکەسات لەوە دوودڵ نیم کە هەڵوێستی زاناکان بۆ نارەزایی، لەسەر بنەمای ئایینی هەڵچنرابوو. هەندێک لەوانەم دەناسین کە لە فەتوادان بۆ مەسەلەی تەڵاق و کاروباری ڕۆژانەدا، لەسەر بنەمای بۆچوونی هەندێک لە «سەلەف»ـەکان توند نەبوون.

جا بە باوەڕی من، هەڵبژاردنی شێوازی داڕشتنی فەتواکە لە لایەن «خەتێ»وە، گەڕانەوەیەتی بۆ فەرمانی ناچاری کە پەیڕەویکردنە لە فەرمانی سوڵتان، ئەوەش بۆ ڕێگری لە بەڵای گەورە. ئەوە ڕوون بوو کە میر مەیلی بە لای تەبایی و ئاشتەواییدا دەچوو و باوەڕ ناکرێ هۆکارەکەی لە کەس شاراوە بێ تا لە میر شاراوە بووبێ.

کاتێک دەڵێم «موکریانی»ی خوالێخۆشبوو لە کتێبەکەیدا لایەکی ئەو بارودۆخ و ڕووداوانەی باس کردووە کە پێوەندییان بە فەتواکەوە هەبووە و تیشکی تەواوی خستووەتە سەر وردەکارییەکانیان بۆ ئەوەی بینەری بێ لایەن بەرپرسیارەتی زیادە نەخاتە سەر خەتێ، دڵم زۆر خۆش دەبێ، ئەگەرچی زمانی موکریانی و شێوازی باسکردنەکە نیەتی ناوزڕاندن و دوژمنایەتی لێ دادەچۆڕێ.

کاتێک لە کتێبەکەی موکریانیدا باسی چەند شەڕێکی خوێناوی دەخوێنینەوە کە پێش گردبوونەوەی سوپای عوسمانی لە نزیک ڕەواندز ڕوویان داوە، دەبێ هەر لە سەرەتاوە ئەو بارودۆخە تێبگەین کە پێش فەتواکەی خەتێ لە ئارادا بووە و لە هەموو شەڕەکانیشدا سوپاکەی میر لە دژی سوڵتانی موسوڵماناندا شەڕی کردووە. ئەگەر بەرەوڕووبوونەوەی سوپای سوڵتان هۆکاری کافربوون و تەڵاقکەوتن بووبێ – و ئەگەر خەتێش باوەڕی پێی بووە و لە سەری سوور بووە – بۆچی لەو هەموو شەڕ و هەرایەی کە پێشتر ڕوویان دا و هەموو جارێکیش لەشکری عوسمانییەکان تێکدەشکا، لەگەڵ ئەوەشدا پێداویستی شەرعی لە ئارادا بووە، فەتواکەی دەرنەکرد و چەندان مانگ کڕ بوو تا ئاگر لە لانەی شێرەکە نزیک کەوتەوە؟

ئەوەشی زیاتر هۆی بێ دەنگی خەتێ ڕوون دەکاتەوە کە نەیویستووە زەرەر بە میر بگەیەنێ ئەوەیە سوڵتان مەحموود بە ناوی خەلافەتی ئیسلامییەوە فەرمانێکی هەمایۆنی بۆ مەلا یەحیا مزووری و مەلا محەمەدی خەتێ و مەلا عزرائیلی جزیری نارد (لاپەڕە ٦٤ – ٦٥ی «کورتەی مێژووی میرانی سۆران»، وەرگێڕانی محەمەدی مەلا کەریم) ئەوە باشترین دەرفەت بوو لە کاتی گڵپەسەندنی شەڕی نێوان میر و سوپای سوڵتان فەتوا بدات، ئەگەر بیویستبا تاکلایەنە لە دژی میر ئەو فەتوایە بدات و چ جیاوازیش نەدەبوو بە نیەتی خیانەتکاری ڕەها بوایە، یان باوەڕی پەتی، چونکە پەیامە هەمایۆنییەکە ڕێی بۆ نیەتی خیانەتکاری و باوەڕداری وەک یەک خۆش دەکرد، بە یەک جیاوازییەوە لە نێوان هەردوو حاڵەتەکەدا ئەوەش ئەوەیە خیانەت ئازایەتی ئاشکراکردنی تێدا نییە مەگەر کۆنەقین و حەزی تۆڵەکردنەوە، کە هەموو سنوورێک دەبەزێنن، کەڵەکە بووبن، ئەوەش خەیاڵی خەیاڵە.

یەکێک لە چاکەکارییەکانی موکریانی لە کتێبەکەیدا «میرانی سۆران» ئەوەیە بە وردی و بە زنجیرە باسی ئەو شەڕانەی کردووە کە لە نێوان سوپاکەی میر و سوپای عوسمانیدا ڕوویانداوە و سوپای میری ڕەواندز لە بەرەوە بەرەو دەوری ڕەواندز، بۆ شەڕی یەکلاکەرەوە کشاوەتەوە و ئەنجامیش بۆ کورد یەکێک بووە لەم دووە: یان لەناوچوونێک کە ڕەواندز تێیدا ڕاستبوونەوەی بە خۆیەوە نەدەدیت، یان سەرکەوتنێک کە تا ماوەیەک شکستی لێ دوور دەخاتەوە و لەمەیاندا، ڕێی تێ دەچوو لە

پاشەڕۆژدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان مەترسی بڕەوێتەوە و بۆ ڕاستبوونەوە و سەرکەوتن، بە شێوەیەک لە شێوەکان، مەودای هیوا پەیدا ببێ.

ئەوە دەڵێم، چونکە دڵنیام و تۆش دڵنیایت کە تێکشکانی سوپای عوسمانی لەو شەڕەدا شکستی دەوڵەتی عوسمانی نەدەگەیاند. لە زۆر شەڕی گەورەدا دۆڕا و تێکیش نەشکا، بەڵام ئەگەر بە پێوانەی نێودەوڵەتی بەرینیش تێکشکان نەبوایە، بە پێوانەی ئەوپەڕی ئامادەکاری هەردوو لا تێکشکان دەبوو، بەڵام ئەگەر خوێنەر بیەوێ ئاگاداری هەموو لایەکان بێ، پێویستە بۆ لاپەڕە ٦٠ و دواتری کتێبەکەی موکریانی بگەڕێتەوە و بۆ سەرچاوە مێژووییەکانی تریشی نانێرم، چونکە فەتواکە لە ڕێی ئەو کتێبەوە بووە هۆی ناوزڕانی مەلای خەتێ. پێش ئەو کتێبە، سەرچاوەیەک شک نابەین باسی ئەوە بکات فەتواکە بە هۆی کرێگرتەیی، یان ناکرێگرتەییەوە بووبێ و مەبەستی خراپەکاری بووبێ بەرانبەر میر و حکوومەتەکەی.

لە نووسینەکەی «موکریانی»دا بە دوای ڕووداوەکان دەکەوین، لەوانە بابەتی فەتواکە. دەبینین لە لاپەڕە ٦٦دا، لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە جۆرە شڵەژان و ناتەباییەکەوە، بنەماکەشی - بە باوەڕی من - ئەوەیە کە ڕووداوەکان بۆ تاوانبارکردنی خەتێ بە گوێرەی دڵی نووسەر نەبوونە. لە بارەی شەڕی «زاب»ەوە دەڵێ:

«بە ڕاستی کوردەکان، بە ئازایەتییەکی بێ وێنەوە شەڕیان کرد و وەک پڵنگی تووڕە پەلاماریان دەدا، بەڵام زانا و خوێندکارە ئایینییەکان وەک خۆرە لە بناغەی کاروبارەکانیان دابوو و مادام میریش بە بێ فەتوای زاناکان دەستی بە ئاودا نەدەکرد، شەڕکردن لەگەڵ تورکەکاندا کارێکی بێ ئەنجام بوو. تۆپەکان بەردەوام بوون و شەویش دەنگیان نەدەبڕا. مستەفا پاشاش کە پێشتر بیری لە پێشڕەوی کردبووەوە، بەڵام بە ناچاری تاریکانی شەو کشایەوە و هەرچۆنێ بوو لە ڕووبارەکە پەڕییەوە و بەرەو مووسڵ ڕای کرد و دەستکەوتێکی زۆر بۆ کوردەکان مایەوە و بەرەو هەریر کشانەوە».

ئەگەر سوپای کورد وەک پڵنگ شەڕیان کردبێ و دوژمن بۆ ڕاکردن تاریکییان کردبێتە پەنا و دەستکەوت و کەرەستەیان بە ئاسانی بۆ جەنگاوەری کورد جێ هێشتبێ، ئیتر چ خۆرەیەک بە هۆی ئایینەوە لە بناغەی کاروباری داوە؟

ڕاستی مەسەلەکان خۆی بە قسە دێ و میر لەو شەڕەدا چی بکرێ کردوویەتی و سەرکەوتنێکی وای بە دەست هێناوە، کە پێشتر لە شەڕی دژی عوسمانییەکان بە دەستی نەهێناوە. ئەوەی بیەوێ گەمە بە ڕووداوەکان بکات، دەڵێ فەتوای هەندێک لە زاناکان بۆ شەڕکردن لە دژی عوسمانییەکان، بووە هاندەری جەنگاوەرانی کورد بۆ خۆبەختکردنی زیاتر، بەڵام ئەوە شێواندنە و فەتواکەی دواتر کە بۆ شەڕنەکردن بوو لە دژی سوڵتان، بەرپەرچی دەداتەوە. پێویستمان بەوە نییە هۆکار دابهێنین، چونکە هەر لە نووسینەکەی موکریانی خۆیەوە ڕاستییەکان بەدەست دێنین ئەگەر بە پێی لۆژیک مەسەلەکان تاووتو بکەین. موکریانی خۆی دەڵێ کە:

«دوای گەڕانەوەی سوپای کورد بەرەو هەریر و گەیشتنی مستەفا پاشا، دوای تێکشکانەکەی، بۆ مووسڵ، فەرمانێکی هەمایۆنی ساختەی بۆ مەلا محەمەدی خەتێ نارد و هەندێک ئایەت و حەدیسیشی بۆ میری گەورە، بە مەبەستی خەڵەتاندنی، خستە نامەیەکەوە..»

پێش ئەوەی بە خوێندنەوەی کتێبەکەی موکریانیدا ڕۆبچین، پێویستە ئاگاداری دوو شتی زۆر گرنگ بین کە نابێ پشتگوێ بخرێن. یەکەمیان، دوای ئەوەی کە زانیمان سوڵتان مەحموود پەڕاوێکی هەمایۆنی بە ناوی خەلافەتی ئیسلامییەوە بۆ هەر یەکە لە مەلا یەحیا مزووری و مەلا محەمەدی خەتێ و مەلا عزرائیلی جزیری ناردبوو، هیچ پێویست نەبووە فەرمانی هەمایۆنی ساختە بۆ خەتێ دروست بکرێ. دووەمیان، مستەفا ڕەشید پاشا نەیویستووە میر بخەڵەتێنێ، چونکە موکریانی خۆی دواتر دەڵێ: «ڕەشید پاشا، پێش مردنە کتوپڕەکەی، هەموو بەڵێنەکانی خۆی گەیاندنە جێ». کەوابێ میر، نەفامانە هیچ فێڵێکی بە سەردا تێپەڕ نەبووە.

دەکرێ لە دوای گەڕانەوەی میرەوە بۆ ڕەواندز، ئەم بابەتانە لە قسەکانی موکریانیدا بە ڕیزبەندی کورت بکەینەوە:

* یەکەم: مەلا بە پەلە فەرمانە ساختەکەی بڵاو کردووەتەوە کە شەڕ لە دژی سوڵتانە عوسمانییەکان زەرەری بۆ ئایین و هاوسەرگیری هەیە.

* دووەم: میر ئەحمەد، برای میری گەورە، لەگەڵ مەلای خەتێدا بوو بە هەرایان و خیتابی دا کە خەڵکەکە، یان بۆ شەڕی عوسمانی دوای میر ئەحمەد بکەون، یان بچنە پاڵ مەلا. ئیتر چ ئەفسەر و سەرباز هەبوون چوونە لای میر ئەحمەد، مەلا و فەقێکانیش چوونە پەنای میری

گەورە و مەلای خەتێ.

* سێیەم: میر گەڕایەوە بۆ ڕەواندز و سوپاکەی کۆ کردەوە، میر ئەحمەدیش لەگەڵ سێ هەزار جەنگاوەردا لە هەریر مایەوە.

* چوارەم: مستەفا ڕەشید پاشا لە مووسڵەوە و «عەلی پاشا»ی والی بەغدا، هەر یەکە و بە سوپایەکەوە بەرەو ناوچەی هەولێر و ڕەواندز هاتن.

* پێنجەم: کاتێک مستەفا ڕەشید پاشا لە ئاکرێوە بەرەو ڕەواندز دەچوو، فەرمانێکی هەمایۆنی ساختەی بە زمانی عەرەبی بۆ میر نارد و تێیدا بەڵێن و دڵنیایی پێ دەدا.

* شەشەم: دوای گەیشتنی فەرمانەکە، میر سەرکردە سەربازییەکانی کۆکردنەوە و بانگی مەلای خەتێشی کرد... سەرکردە و سەربازەکان، هەموویان گوتیان چوونی تۆ بۆ لای سوڵتان تەنیا دوای مردنی ئێمە دەبێ. مەلای خەتێش هەستا و خوتبەی دا و ڕایگەیاند یاخیبوون لە سوڵتان کوفرە و ئەوەی لێی یاخی بێ هاوسەرەکەی لێ حەرام دەبێ. ئەوەش کاریگەری لەسەر دەروونیان هەبوو و میریش خۆی دا بە دەستی سوڵتانەوە.

* حەوتەم: مستەفا ڕەشید پاشا وردە وردە نزیک بووەوە تا لە ئەنجامدا لە دەشتی سۆران خێوەتی هەڵدا و نامەی بۆ میر و بۆ خەتێ نارد و دڵنیای کردن و بەڵێنی ئەوەشی دا سەرلەنوێ دەسەڵاتی سۆران بداتەوە دەستی و بیکات بە «میری میران» و پلەی پاشایەتیشی بداتێ.

* هەشتەم: مەلای خەتێ بڕیاری دا میر بۆ دیتنی مستەفا ڕەشید پاشا بچێ و ئەو هەواڵەشی بۆ نارد.

* نۆیەم: میر، لە جێی خۆی، دەسەڵاتی ڕەواندزی دایە دەست میر ئەحمەدی برای و کردی بە دەسەڵاتدار. خۆشی لەگەڵ خەتێ و هەندێک سەربازدا چوونە سەربازگەی سەرکردە عوسمانییەکە و بە گەرمی پێشوازی لێ کرا. مەلای خەتێش بە شەرەفی سوێندی خوارد کە میر بە شکۆوە دەکاتەوە بە دەسەڵاتداری مەملەکەتەکەی خۆی.

* دەیەم: پاشا فەرمانی لێبوردنی سوڵتان مەحموودی بۆ دەرکرد و پلەی «میری میران» و پاشایەتی پێ دا و ئەویش ئیزنی خواست تا بگەڕێتەوە بۆ ڕەواندز.

* یازدەیەم: مستەفا ڕەشید پاشا، بۆ بەدبەختی لەو ڕۆژانەدا مرد و عەلی ڕەزا کە ناحەزی سەرسەختی مستەفا پاشا بوو، والیی بەغدا بوو، هەواڵی بۆ ئەستانە نارد کە گەڕانەوەی میر بۆ ڕەواندز دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئێراق.

* دوازدە: میر لە ئەستانەوە، بەرەو تەرابزۆن بەڕێ کەوت و سوڵتان فەرمانی دەستگیرکردنی بە والی شارەکان دا و دەستگیر کرا و لە تەرابزۆن، شەو ئیعدامیان کرد.

ئەگەر سەرپێیی، بەڵام نەختێ بە وردی تەماشای ڕووداوەکان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ناشێت بەو ڕیزبەندییەی سەرەوە بووبن. پێشخستن و دواخستنی وایان تێدان کە لە کەس شاراوە نین و لە دوو بابەتی گرنگیشدا ناڕوونی هەیە:

یەکەمیان، گەڕانەوەی میر بۆ ڕەواندز لە دوای سەرکەوتنەکەیدا لە شەڕی زاب و پاشەکشێی مستەفا ڕەزا بەرەو مووسڵ لە وردەکاری گێڕانەوەکەی موکریانیدا لێکدانەوەیان نییە، تەنانەت هەوڵیشی نەداوە لە ڕێی ئەو فەرمانە ڕاست و ساختانەشەوە کە لە کتێبەکەیدا باسی کردوون، بیانووی وەها بهێنێتەوە لەگەڵ باوەڕی خۆیدا، ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێ، بگونجێ.

ئەو پەڕاوە هەمایۆنییەی سوڵتان مەحموود بە ناوی خەلافەتی ئیسلامییەوە دەریکردووە، پێش شەڕەکەی زاب بوو و ناکرێتە هۆی ورەبەردانی کورد، کە وەک «موکریانی» دەڵێ، سەرکەوتنێکی مەزنیان بە دەست هێنا و دەستکەوتێکی زۆریان بوو. فەرمانە هەمایۆنییە ساختەکەش کە مستەفا ڕەشید پاشا بۆ خەتێی نارد و نامەیەکی بە ئایەتەوە بۆ میر لەگەڵدا بوو، دوای گەڕانەوەی میر بوو بۆ ڕەواندز، بۆیە ناکرێ ڕۆڵی لە بڕیاری گەڕانەوەی میردا بووبێ.

ئەی دەبێ چی وای کردبێ بڕیاری ئەو گەڕانەوە چاوەڕواننەکراوە بدات؟ ئێمە ڕاستی وابەستەی ئەو کارە گرنگەمان لە بەر دەستدا نییە بەشی دڵنیابوون بکات و باوەڕهێنانیش بەوە قورستر دەبێ کە میر بە بڕیاری گردەبڕی شەڕەوە گەڕایەوە ڕەواندز بەڵگەش ئەوەیە: «لە هەموو لایەکەوە سوپاکەی کۆ کردەوە» – لاپەڕە ٦٧ی کتێبی «میرانی سۆران».

چۆڵکردنی قووڵایی ستراتیژی کە مەیدانی بەربەرینی بۆ هێرش و پەلاماردان دەگرتەوە و کۆکردنەوەی هێز لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا کە وای کرد تەنیا دوو هەڵبژاردەی لە بەردەمدا بمێنن:

* یان شەڕکردنێک کە ڕێی تێ دەچوو فەوتانی بە دوودا بێ.

* یان ڕاکردن بەرەو چارەنووسی نادیار.

ئەم هەڵبژاردنە، لای من پرسیارێکی بێ وەڵامە و

دوای ئەوپەڕی چاوپۆشیکردن ئەوە دەمێنێ گردبوونەوە لە پەرشوبڵاوی چاکتر بێ بەو هیوایەی دوای کورتبوونەوەی مەودای ناتەبایی نێوان هەردوو لا، لەگەڵ سوڵتاندا بە ئەنجامی نزیکبوونەوە لە یەکتر بگات.

ڕەنگە بگونجێ هۆکارێکی تر بخرێتە سەر هۆکارە باسکراوەکانی سەرەوە، ئەویش ئەوەیە زانیبێتی حافز عەلی پاشای والیی بەغدا، بە سوپایەکی گەورەوە، بۆ پشتگیریکردنی مستەفا ڕەشید پاشا ڕووی لە هەولێر کردووە، ئەگەرچی ئەوەش دەچێتەوە سەر سەرجەمی تواناییەکانی سوڵتان بۆ پشتگیری سەرکردەی هەڵبژاردە، مستەفا ڕەشید و ئەوەش بەشێکە لە هۆکارێکی گەورەتر، لەگەڵ سەرنجدانی جێی ستراتیژی هەولێردا کە هەموو شەڕێکی میر دەیکات، لە لای ڕۆژاواوە شکست دێنێ.

چاکتر وایە دەست لەو پرسیارە هەڵگرین، چونکە ئاڵۆزە، ئەگەرچی لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو کتێبەکەی موکریانیدا یەک ناگرێتەوە و خۆبەخۆ بۆ ڕیزبەندکردنەوەی جیا ئامادەیە و چۆن هەڵە لە قسەی کەسێکدا هەیە کە بڵێ دوای بەڕێوەچوونی جەژنی ڕەمەزان مانگی ڕەمەزانمان مسۆگەر کردووە، ئەم هەڵەیە بە دواکەوتنی جەژن بۆ دوای مانگی ڕەمەزان نامێنێ و بە هەمان شێوە، ڕیزبەندکردنی ڕووداوەکانی کتێبەکەی موکریانی بەم شێوەیەی خوارەوە، هەڵەکان وەلادەنێ:

* یەکەم، فەرمانی هەمایۆنی بۆ مەلا یەحیا و خەتێ و عزرائیل دەرچوو بێ ئەوەی کاریگەری هەستپێکراوی لە هەڵوێستی کوردەکان بووبێ، بەڵگەی ئەوەش ئەو حەماسەتەیە کە لە شەڕی «زاب»دا نواندوویانە، لەگەڵ ئامادەیی میر بۆ شەڕ لە دوای ئەو سەرکەوتنە. بە پێی زانیاری من بۆ بەدەنگەوەچوونی ئەو فەرمانە هیچ یەکێک لەو زانایانە ئەو فەتوایەیان نەدا و کتێبەکەی موکریانیش ئاماژەی بە شتی وا نەداوە.

* دووەم، لەبەر هۆیەکی نادیار، میر لە دوای شەڕی زاب بڕیاری گەڕانەوەی بۆ ڕەواندز دا و هیچ ڕێگرێکیش بۆ ئەوە نییە کە بڵێین ڕێی تێ دەچێ مستەفا ڕەزا پاشا باسی بەڵێنەکانی بۆ میر کردبێ و باوەڕی پێ هێنابێ دەست لە شەڕ هەڵگرێ و نامەگۆڕینەوە پێش شەڕی زاب بە چ ئەنجامێک نەگەیشتبێ و ئەو بەڵێنانە لە حیسابی میردا چووبێتنە خانەی دڵنەواییەوە. لێرەدا سەرنجی ئەوەش دەدرێ کە شەڕەکانی میر لەگەڵ میرە کوردەکان، یان ئەوانەی سالانی پێشتر لێی یاخی دەبوون ئەوەی نەدەگەیاند بەرەو ڕووی سوڵتان بوەستێتەوە، چونکە هەڵوێست لە شەڕی زاب و دوای شەڕەکە کە خۆئامادەکردن بوو، ڕەهەندی سیاسی قووڵی هەبوو کە پێشتر لە ئارادا نەبوون، بۆیە جێی سەرسوڕمان نەبووە میر خۆی لە هەڵوێستی ڕووبەڕووبوونەوەی یەکلاکەرەوە لادابێ و گەڕانەوەی بۆ ڕەواندز ئەوەی گەیاندبێ کە خۆی لە یەکلابوونەوە لەگەڵ سوپای سوڵتاندا بواردبێ.

لێرەدا چ کەڵکی نییە ڕەخنە لە هەڵوێستی میرە کوردەکان بگرین، کە میری سۆران یەکێکیان بووە، لەوەی کە گوێیان بە هەبوونی سوڵتانی دەسەڵاتدار نەداوە و چەندان ساڵیان بە شەڕی ناوخۆی کوشندە بەفیڕۆ دا، تازە کار لە کار ترازا. ئەو واقیعەی کە پشتگوێیان خستبوو، لەو ڕۆژە ناخۆشانەدا خۆی سەپاند، ئیتر بۆ میر مەحاڵ بوو خۆی لێ بدزێتەوە، سەرکەوتن دوورەدەست بوو و هیچ ئاماژەیەکی پشتگیریش لە شای ئێرانەوە نەبوو، تەنانەت ئەوەی لە ئیماراتە کوردییەکانیش مابوونەوە، ئاوڕیان لەو مەینەتە نەدایەوە کە بەرۆکی گرتبوون و نۆبەتی هەمووانیش دەهات.

* سێیەم، سوپای عوسمانی بەرەو ڕەواندز کەوتە خۆ و مستەفا ڕەزا پاشا فەرمانە هەمایۆنییە (ساختە!)کەی بۆ مەلای خەتێ نارد و نامەیەکیش بۆ میر کە پڕی کردبوو لە ئایەت و حەدیس و بەڵێن و سوێندی گەورە. ئەوەش ئەو کاریگەرییەی هەبوو کە بۆچوونی لایەنی کوردی کردە دوو بەشەوە:

– میر، بەو حیسابەی لە خراپترین حاڵدا یەکێک لە دوو خراپ، شەڕکردن و پەنابردن بۆ بەڵێن و دڵنیاییەکانی مستەفا ڕەزا پاشا هەڵدەبژێرێ، بۆیە تای ئاشتەوایی بە دانانی میر ئەحمەدی برای لە جێی خۆی لە ماوەی سەفەرەکەیدا بۆ ئیستەنبوڵ، قورس کرد و هەر وەهاشی کرد.

– بۆچوونی دووەم، لە هەڵوێستی میر ئەحمەددا بەرجەستە بوو کە لە دژی سەفەری میر بوو بۆ ئیستەنبوڵ، کاتێکیش.

هەردوو بۆچوونەکە خرانە بەر پێوانەکاری سوپا شانی ئەحمەد پاشای گرت، میر و خەتێش، لەگەڵ ئاشتەواییدا بوون.

قسەی موکریانی لە بارەی ناتەبایی بۆچوونی ئەحمەد پاشا و خەتێوە لەسەر ئاشتەوایی، لەگەڵ «لاوک»ێکدا ڕاست دێتەوە کە مامۆستا عەبدولفەتاح عەلی یەحیا لە بەشی سێیەمی گوتارەکەیدا «هێرشی عوسمانی بۆ سەر کوردستان و ڕووخانی ئیمارەتی سۆران» کە لە کاروانی

ژمـاره ٥٤ی سـاڵی ١٩٨٧ بـه بەڵگە هێناویەتیـیـەوە و وەرگێڕانی گوتارەکە لە لاپەڕەی ١٤٣ی گۆڤاری ناوبراودا بڵاو کراوەتەوە.

لاوکـەکـە دەڵێ: خـەتێ کـۆنگرەی خـۆی بەست و لە قسـەی خۆی پاشگەز نابێتەوە. زیاتر لە سەری دەڕوا و دەڵێ: گۆڕانییەکە بەردەوام دەبێ و دەڵێ کە میـر دوای ئەوەی خۆی بە دەستەوە دا، خەڵکەکە، مەلای خەتێش یەکێک بـوو لەوان، لە خوا دەپاڕانەوە و هانایان بۆ شێخ عـەبدولقـادری گـەیلانی دەبرد مـیـر بە سـەلامـەتی بگەڕێتەوە. با سەرنجی ئەوەش بدەین کە گۆڕانییەکە لەو بەشـەدا کـە لە ژمـارەی ناوبراوی گـۆڤـارەکـەدا بڵاو کراوەتەوە باسی هاوڕایی خەتێ و میری گەورە ناکات و بە یەک وشەش خراپەی خەتێ ناڵێ.

* چوارەم، دوای ناکـۆکی نێـوان مـیـری گـەورە و ئەحـمـەدی برای لەسـەر قـبـووڵکردن و نەکـردنی پێشنیـازەکانی مستەفا ڕەزا پاشا، ڕێکەوتنەوە و هاوڕا بوون، ئەگەرچی موکریانی ڕاستەوخۆ ئەوە ناڵێ، بەڵام بەپێی پێـویسـتی بارودۆخـەکـە و ڕەوتی ڕووداوەکـان، بەپێی قسـەی موکریانی خۆشی، میـر خۆی، یەکەم جار ئەحمەد پاشای برای لە جێی خۆی داناوە، ئەوجا لەگەڵ خەتێدا چووەتە ئۆردووەکەی مستەفا ڕەزا پاشا، چونکە عـەقڵ نایگرێ بە بێ ئاگـاداری خـەڵک لە جـێی خـۆی دابنابێ و ئەویش قبـووڵی بکات لەبەر ئەوەی وا بوایە، دەبووە گـەمـەی منداڵان و بێ سـوود دەبوو، تەنانەت لە گـەمە و شێـتـایەتیش ئاسایی دامێنتر دەبوو. مـانەوەی ئەحمەد پاشاش لە ڕەواندز و سەرکردایەتیکردنی سوپا و هۆکـاری نەچوونی لەگـەڵ مـیـری گـەورەدا بۆ ناو ئۆردووەکـەی مسـتـەفـا ڕەزا پاشـا دیار و ئەرک بووە بۆ خـۆپارێزی و ڕێتـێـچـوونی خـیـانەت و ڕووداوی چاوەڕواننەکراو. هەڵوێستی کۆتایی ئەحمەد پاشا لەسەر ئاشتـەوایی ئەگـەر بە باوەڕەوە بووبێ، یان لە ناچاری، ئەوە ڕوونە چووەتە ژێر باری بارودۆخـەکـە و بەرانبـەر بۆچوونی میری گەورە بۆ ڕووخۆشی لەگەڵ سوڵتاندا ڕازی بووە و وەکی دی لە خراپترین باردا، دەبوو یاخی بێ، یان لە باشـتـرین ڕێتـێـچـووندا، بەوە ڕازی نەبێ ببێ بە جێگرەوەی براکـەی. بۆ مێـژوونووسی بە ویژدان ئاسـانە یاخیـبوون بە سـەربییەوە نەکـاتە ئەرک، چونکە شـەڕێکی بێ ئەم لاو ئەولا دەبوو و زەرەری زۆر لە ئاشتەوایی زیاتر دەبوو، بەڵام ڕەتکردنەوەی جێگرەوەی لێ قـبووڵ دەکـرا، تەنانەت لێـشی دەخـوازرا ئەگـەر لەسـەر هەڵوێسـتی پێـشـتـری، کـە شـەڕکـردن بوو سـوور بوایە و ڕێی قبـووڵنەکـردنیـشی هەبوو لەبەر ئەوەی برای تریان بۆ ئەو ئەرکە هەبوو و چ تەرازوویەکیش لەنگ نەدەبوو ئەگەر لە حکوومـەتێک کـە بە پێـچـەوانەی بۆچوونی ئەوەوە و بێ ڕەزامەندی ئەو، خەریکی ڕێکەوتن بوو، بکشابایەتەوە و کە قـبـووڵیـشی کرد، وا دەگەیەنێ کە لە ئەنجامدا ڕازی بووە بەوەی مـیـر کردوویەتی و ناڵێم دڵیـشی پێی خـۆش بووە، چونکە هەموو ڕووداوەکان زادەی ناچاری بوون.


بە بێ دوودڵی، وا لە باسەکـەی موکریانی دەگەین کە هەندێک پێشخستن و دواخستنی تێدا هەن و هەرچی لە بەرژەوەندی خەتێدا بووبێ زمانی خۆی لە ئاستیدا گرتووە و بۆ تۆمـەتبـارکـردنیـشی زمـانی بەرەڵڵا کـردووە، ئەوەش لەگـەڵ ئەو دەنگۆیانەدا یەک دەگـرێتـەوە کـە هەتا بڵاوبوونەوەی کـتێبەکـەی موکریانی هەبوون و عەبدوڵڵا موخلیس بەگی نەوەی ڕەسووڵ پاشا ئەو شایەدییە دەدا و لەگـەڵ ڕەفـتـاری مـیـری گـەورەشـدا ڕێکە کـە باوەڕی بە بەڵێنەکـانی مـسـتـەفـا ڕەزا پاشـا کـردووە کە دەقـاودەق، پێش مـردنە کـتـوپڕەکـەیدا جێـبـەجـێی کـردوون و لە ڕاستییەکەشی مرۆ بەوە سەرسام دەبێ چۆن مستەفا پاشا بەو سـووربوونە زیادەڕۆییـەوە ئامـادە بووە بەڵێنەکـانی بەجێ بگەیەنێ کـە بە مـیـری گـەورەی دابوون! ڕاستییەکەی، خەیاڵ ئەوەندە پەرت دەبێ دەگاتە ئەوەی بۆ ئەوە بچێ کە مردنەکەی بە پیلانی سوڵتان خۆی بووبێ بۆ ئەوەی سـەرنگومکردنی مـیـری گـەورە مـسـۆگـەر بکات، بەڵام ڕەواندزی جـێـهـێـشت تا سێ برای بە نۆرە و بە بێ بەرهەڵسـتی ئەسـتـانە بەڕێوەی بـبـەن، نەبوونی بەرهەڵسـتکاری لە ئەسـتـانەوە پشـتـگـیـری ئەم بۆچوونە دەکات و دەسەڵاتی ئیمارەتەکە بە دەستی ئەحمەد پاشا و سلێمـان پاشا و ڕەسووڵ پاشـاوە، کە برای میـر بوون، تا سـاڵی ١٢٧٢، واتە دەوری بیست سـاڵ دوای کـوشـتـنی میری گەورە مایەوە.

# ڕەنگدانەوەی هونەر بۆ هونەر لە ئەدەب و موزیکی کوردیدا

مستەفا غەفوور

هۆنراوە وێنەیەکی ئاخێوەرە و تابلۆش هۆنراوەیەکی بێ دەنگە(١). بەهرەی هزری شاعیر و شێوەکار، هۆنراوە و وێنەیە، ئەمیان بیرۆکە وەک لە زەینداپە بە هۆی زمانەوە دادەرێژرێ، کە لە هۆنراوەی کلاسیکدا سنووری تایبەتی خۆی هەیە و خوێنەر ناتوانێ لێی دەرچێ، بیرۆکەکە وەک خۆی نووسراوە، بەڵام لە هۆنراوەی نوێدا ئەگەری چەندان بۆچوون لە بیرۆکەیەکدا بە زمانێکی هۆنراوەی جیاواز خراوەتە ڕوو، وەلێ ئەویان واتە وێنەکێش کردوویەتییە ڕەنگ، نیگارەکە پانتایی، یان شەبەنگی لێکدانەوە و بیروبۆچوونی بۆ بینەر فراوانە، وەلێ تەنیا یەکێکیان ئەو بیروبۆچوونەیە، یان دەبێ ئەو بیروبۆچوونە بێ، کە لە زەینی هونەرمەندەکەوە خراوەتە سەر تابلۆ، ئەمەش ڕێگە لەوە ناگرێ بینەر، یان هۆگری ئەو هونەرە، بە پێی بۆچوونی خۆی لێکدانەوەی بۆ بکات. ئەو لێکدانەوەیەش، ئەگەر ئەرێنی بێ، یان نەرێنی، دەیکاتە هۆگری بابەتەکە، ئیتر گرنگ نییە هەمان مەبەستی کارەکتەری دۆزیوەتەوە، یان نا، ئەگەر نەرێنی بوو ئەوە بە بێزارییەوە پشتی تێدەکات و ڕەنگە هەرگیز نەگەڕێتەوە سەری.

دواجار خودی خولقێنەری بابەتەکە، بە لێکدانەوە ئەرێنییەکان خۆشحاڵ دەبێ، گوایە شاکاری بەرهەم هێناوە و خوێنەری خستووەتە سەر چەند ڕیانێکی لێکدانەوە. لێکدانەوەی نەرێنیش وەک ڕەخنەیەک لە ڕەمز و ڕازی هونەرەکەیدا دەتوێتەوە، چونکە هێماکان چ وشە چ ڕەنگ پرەنسیپ نین (وەک بڵێین خەزان تەمەنی پیرییە و ڕەنگی سەوز نیشانەی ئاوەدانییە...)، بەڵکو چەند نیشانەیەکی لەرزۆکن بە کۆمەڵێک دەلالەتی گوماناوی، کە ئەگەری ئەوە هەیە تەنیا یەکێکیان



فیساگۆرس

مەبەستی هۆزانڤان، یان شێوەکار بێ، وەک هەر وشە، یان هێمایەک لە ڕستەدا، یان ڕەنگێک لە ڕیتمی ڕەنگەکاندا واتایان دەگۆڕێ، ئەگەری زۆری لێکدانەوە بۆ وشە و هێماکانی شاعیر ئەگەری دەلالەتی ڕەنگ بۆ شێوەکاریش، بیروبۆچوونی بینەر، یان هۆگری ئەو هونەرە ئالۆز دەکات، هاوکات هەڵەکانی شاعیر، یان هونەرمەند دادەپۆشێ و دەبێتە بەربەست لەبەردەم ڕەخنەکاندا. ئەمەش دوو دەرئەنجامی لێ دەکەوێتەوە، یان ئەوەتا خوێنەر، یان بینەر لە فەزای ئەو ئالۆزییەدا دەمێنێتەوە و تروسکاییەک بە یەکێک لە بۆچوونەکان دەبەخشێت، یان ئەوەتا بێزار دەبێ و دوور نییە لە خودی بوارە هونەرییەکەش دوور بکەوێتەوە، چونکە ئیستێتیکای هۆنراوە و تەکنیکی بەکارهێنانی هونەری ڕەنگەکان، هیچ هەستێکی ڕوحی پێ نابەخشێت، لە کاتێکدا هەردووکیان خۆراکی ڕوحن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ هەم شاعیر و هەم شێوەکار، بەئامانجێکەوە پابەند نین و بەو ئاراستەیە بەرهەمەکانیان ناخوڵقێنن.

دەتوانین بڵێین لە هونەری کلاسیکدا پابەندبوونیان گەرەکە، یان پابەندبوون مۆرکی ڕەسەن بوونیانە. وەلێ دوایی، یان دواتر لە ئەدەب و هونەری نوێدا هەردووکیان بە ئاراستەی سیمبۆلیک دەڕۆن، هەردووکیان هەم شێوەکار و هەم شاعیر هەم مۆزیکژەن، شەبەنگی لێکدانەوە و بیروبۆچوون بەرفراوان تر دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەمزەکان چ نووسراو، چ وێنەیی یارمەتی لێکدانەوەی نزیک لە مەبەست، بە خوێنەر دەبەخشن، گوێگر، یان بینەر، وەلێ هیچ کامیان مەبەستەکان بە تەواوی ناپێکن، چونکە چۆنیەتی ڕێکخستنی ڕەمزەکان بۆ دیاریکردنی دەقی لێکدانەوەکان، ئەگەرەکان زۆرتر دەکەن، بەشێک لە پەیبردن بە مەبەستەکە، دەکەوێتە ئەستۆی ئامرازەکانی خوێنەر، گوێگر، یان بینەر، کە بۆ ماناکردنی هێماکان و پێکەوە گونجاندنیان لە ڕیتمێکی مەبەستداردا، پێویستی پێیەتی، ئەمەش بێ زانیاری پێشوەخت، ئاسان نییە، چونکە هەر بەرهەمێکی هونەری لە ڕووی واتاوە بلاڤۆکە، بە واتایەکی تر فرەڕەهەندە، ئاوێتە و فرەمانایە(٢)، کەواتە دەتوانین بڵێین وەک چۆن تێگەیشتن و لێکدانەوە بۆ بوارە زانستییەکان (وەک: دەروونناسی، کۆمەڵناسی، زمانناسی، مرۆڤناسی و بایۆلۆجی و مایکرۆبایۆلۆجی، تەنانەت بواری سیاسی و ئابووری و...تاد)، پێویستی بە شارەزابوونە لە زاراوە و دەستەواژەکانی تایبەت بە خۆیان، بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەم بەرهەمانەی ئەمڕۆش شارەزابوون لە ڕەمز و هێما و نیشانە و ڕەنگ و زاراوە ڕەنگییەکان و ئیقاعە مۆزیکییەکان و لایەنەکانی تری ئەو بوارانەی پێویستە.

ئێستا گرفتی سەرەکی و بەربڵاوی ئەم بوارە لەوەدایە، کە ئەگەر خاوەن بەرهەم وەک شاعیر، شێوەکار، مۆزیکژەن، تەنانەت ڕۆماننووسیش لە بەکارهێنانی ئەو زاراوە هونەرییانە (هێما، نیشانە و جۆرەکانی(٣)، دەستەواژە و ئیدیۆم، میتافۆر، پەند و ڕەمزە ئەدەبییەکان و ڕەنگ و زاراوە ڕەنگییەکان هەڵەی کردبێ، ئەوە تێگەیشتن، تەنانەت لێکدانەوەی ئەو بەرهەمە هونەرییانەش نەک هەر ئەستەمە، بەڵکو مەحاڵە.

لە لایەکی ترەوە، شیمانە، یان ئەگەری ئامانج و مەبەستەکان ئەوەندە زۆر دەبن، مەبەستی سەرەکی کە گوایە مەبەستی خودی داهێنەرەکەیە، لە حوکمی نەبووندا بزر دەبێ، واتە ناکرێ ئومێد لەسەر هیچ کام لە دەرئەنجامی ئەو لێکدانەوە و بۆچوونانە هەڵبچنرێ. بە واتایەکی تر مەبەستێکی ڕوون و ئاشکرا و تۆکمە بە دەستەوە نادات، تا خوێنەر، یان گوێگر، یان بینەر پێوەی پابەند بێت، کەواتە دەشێ پابەندبوون بۆ هیچ کام لە هۆنراوەی نوێ و هونەری شێوەکاری و مۆزیک پێویست نەبێت، ئەمەش ڕەسەنایەتی هونەر بزردەکات، چونکە هونەر تەنیا لە تەکنیکی بەرهەمەکەدایە، ئەمیان لە ڕەنگ و زاراوە ڕەنگییەکاندا و ئەوی تریان لە هونەری زمانەوانی و پێچوپەنای سیمبۆلیکدا. دوور نییە

هەردووکیان لە مەیدانی پراکتیکیدا، شوێنەواریان نەمێنێ و وەک مردوو ڕادەستی دنیای خەیاڵ بکرێن. ئەم بۆچوونە بۆ هونەری موزیکیش وایە، موزیک هونەری گەمەکردن بە نۆتەکانە، توانایی ژەنینی ئاوازێکی ئاڵوز، بە ئاستێکی بەرزی ئەو ئاوازە دادەنرێت، لە کاتێکدا نە گەمەکردن بە وشەکان، نە نواندنی سەرسوڕهێنەری ڕەنگەکان و چۆنیەتی ئاوێتەکردنیان، نە ئاڵۆزی ئاوازێکی مۆسیقی، کە تەنیا بۆ هونەرمەندانی ئەو بوارە نەبێ، لەسەر هەست و سۆزی بینەر کاریگەر نین، بە واتایەکی تر خۆراکی ڕوح نین، بۆ هونەرمەندانی ئەو بوارەش تەنیا شتێکی ماددییە، کە هەریەکە بە پێی پرەنسیپی خۆی دەینرخێنێ و لەسەر ڕوحی بەرانبەرەکەیان کاریگەر نین.

دەڵێین قەدری زێڕ لای زێڕینگەرە، ئەو قەدری زێڕ دەزانێ، بەڵام خەڵک بە تایبەتی ئافرەتان بە کەرەستەیەکی بەنرخی جوانی دەزانن. لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەگەر ئافرەتان بە پێی ئەو هۆکارە هۆگری نەبن، هەرگیز نرخی زێڕ و بازاڕی زێڕ بەو شێوەیە گەرم نابێ، ئیتر ئەو زێڕە هەر عەیارێکی هەبێت و بە هەر ستایلێک خشڵی لێ دروست بکرێت. دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەم بۆچوونە، واتە قەدری هونەر لای هونەرمەندە، هەڵەش نەبێت، ئەوە لانی کەم هاوکێشەیەکی ناتەواو، یان لەنگە، چونکە هەموو شتەکان لە پێناوی مرۆڤدان، هەر کارێک هەر پیشەیەک، هەر هونەرێک لە خزمەتی تێکڕای مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا نەبێت، ئەوە لە چوارچێوەی تەسکی خۆیدا دەمێنێتەوە و هیچ سوودێک (مەبەست سوودی ڕوحی نەک سوودی ماددی) بە مرۆڤ ناگەیەنێ، ڕەنگە لەبەر چەند هۆکارێک ماوەیەک برەو پەیدا بکات، بەڵام دواتر دەپووکێتەوە، یان لەسەر لاپەرەکانی مێژووی ئەو هونەرەدا وەک کەونینەیەک هەڵدەگیرێ و ڕەنگە وەک ئەو کاتەش نرخی کەونینەی بەباڵا نەبڕێ، بۆیە دەبینین چەندان قوتابخانە هەبوون، کە ئەمڕۆ تەنیا ناوونیشانیان ماوە خۆیان لە برەو کەوتوون. ڕاستە هەر یەکێک لە قوتابخانە هونەری و ئەدەبییەکان واقیعێکی کۆمەڵایەتییان لە پشتەوەیە، یان بە واتایەکی تر واقیعێکی تایبەت بە بوارەکەی خۆیان خوڵقێنەریان بووە، هەر کە واقیعەکە گۆڕاوە، ئەو قوتابخانەیەش، یان ئەو ڕەوتە ئەدەبییەش بڕستی لێ بڕاوە و بێ کاریگەر ماوەتەوە، هەندێکیان تەمەن درێژ و هەندێکیان تەمەن کورت بوون، دەکرێ بڵێین هیچیان بە شێوەیەکی ئەوتۆ گشتگیر نەبوون، مانەوەی خۆیان وەک ئاراستەیەکی هونەری، یان ئەدەبی بۆ هەمیشە، یان لانی کەم درێژخایەن مسۆگەر بکەن.

لە سەردەمی دێریندا خواوەندی هونەر هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ بە مردنی هونەر لە دەروونی مرڤەکاندا، هونەر خۆی دەبێتە خواوەندی، چونکە هونەری نوێ دەستکردە و ژیار و خۆشگوزەرانی دەیخوڵقێنێ و خواوەندی هونەر چیتر ناتوانێ تینوێتی ڕوحی پڕ ئازار بشکێنێ(٤)، واتە ئەمڕۆ هونەر ئەو بەهرە خواکردە نییە، کە چەند تاکێکی کۆمەڵ لێی بەهرەمەند بوون، دەنگ ئەو دەنگە زوڵاڵە خواکردە نییە کە دەروونی مرۆڤی دەهەژاند، موزیک هونەری شمشاڵەکەی دەروێش عەبدوڵڵا و نێگارکێشان ئەو هونەرەی کەمالولملولکی ئێرانی نییە، کە بێ هیچ قوتابخانەیەکی هونەری و خوێندنی تاکە وانەیەکی هونەری، خاوەنی ئەو بەهرەیە بوو کە جیهان پێی سەرسامە.

هەر هونەرێک خۆراکێکی ڕوحی بە مرۆڤ نەبەخشێ، لە لایەنێکی ڕەسەنی خۆی بێ بەرییە، من لێرەدا مەبەستم هونەرە ڕوحییەکانە وەک موزیک، ئەدەب بە هەموو بەش و قوتابخانەکانییەوە و هونەری شێوەکاری بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، ئەگینا وەرزشەکان هەموویان لە ئاستی بەرزدا هونەرن، پتر هونەری جموجووڵ و داهێنانی جەستەیین و هیچ ڕەهەندێکی ڕوحییان نییە. زۆربەی بوارەکانی ژیان، هەموو جۆرەکانی پیشەسازی لە ئاستی بەرزدا هونەریان تێدایە، بەڵام لەبەرهەمهێنانی خۆراکی ڕوح بێ بەرین، کەواتە دەتوانین بڵێین، تەنیا جیاوازی هونەری ئەدەبی (ئەدەب و موزیک و گۆرانی، هونەری شێوەکاری و...تاد) و هونەری پیشەسازی لە بوون، یان نەبوونی خۆراکە ڕوحییەکەدایە. ئەگەر هونەرە ئەدەبییەکان لە بەرهەمهێنانی خۆراکی ڕوحی کەوتن جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ هونەرە پیشەیی و وەرزشییەکاندا نامێنێ، ئەمەش ئەگەر بوو بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی (کە بووە)، بەرە بەرە مرۆڤ لە خۆراکە ڕوحییەکەی هونەر بێ بەش دەکات، ئەگەر مرۆڤیش بەو خۆراکە ڕوحییە پاراو نەکرێ، لە کۆتاییدا یەکێک لە خەسڵەتەکانی خۆی لەدەست دەدات، ڕەنگە هەڵە نەبێ

ئەگەر بڵێم، مرۆڤی ئەمڕۆ ئەم کەمایەسییەی پێوە دیارە، بە واتایەکی تر ئەم دیاردەیەی پێوە دیارە کە زۆربەی توێژەران بە لایەنێکی نامۆبوونی دادەنێن.

چۆمسکی دەڵێ: ئەگەر مرۆڤ وەک ئامێر ڕەفتار بکات، ئەوەی ئەنجامی دەدات ئێمە دەستخۆشی لێ دەکەین، بەڵام ڕقمان لە خۆی دەبێتەوە(٥)، واتە مرۆڤ ناتوانێ مامەڵە لەگەڵ ئەو هونەرە بکات کە ڕوحی ئامێری بە بەردا کراوە و لە یەکێک لە خەسڵەتە هەرە سەرەکییەکانی خۆی دابڕاوە کە هەست و سۆزە لە بەستێنی ڕوحیدا، بە واتایەکی تر مرۆڤ ناتوانێ مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ لە ئامێردا بکات. لە حاڵەتێکی ئاوادا، ئەو پێوەندییەی زمان دەخوڵقێنێ - هەستە ڕوحییەکە ناگوێزێتەوە، بە دیوێکی تردا زمانە هونەرییەکە لەنگە و هەڵگری وزەی تەواوی خۆی نییە، بۆیە لەسەر ئامانجەکە، واتە خوێنەر، گوێگر، بینەر، یان بەروتەکاریگەر نییە.

بە واتایەکی تر مرۆڤی ئەمڕۆ لە لایەنی ڕوحییەوە زۆر لاواز بووە، هونەرەکان بە تایبەتی ئەدەب، موزیک و گۆرانی، هیچ لایەنێکی ڕوحی مرۆڤ تێر ناکەن، لەلایەکی ترەوە ئەگەر خولیایەکیش نەبێ بۆ پاراوکردنی بەستێنی سۆز و خۆشەیستی، ئەوە هەردوو بەری پرۆسەکە، واتە هونەر و هۆگرانی هونەر، نابن بە تەواوکەری یەکتر، لێرەشدا ئەگەری ئەوە هەیە پرۆسەی گەشەکردنی هونەر، یان بوەستێ، یان لە حوکمی وەستاندا بێ، یان بە ئاقاری نەرێنیدا بڕوات، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش، ئایا ئەمە گۆڕانکارییەکی سروشتییە، یان بەلاڕێدا براوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا کێ تاوانبارە، یان هەڵەکە لە کوێدایە؟

پێش ئەوەی هۆنراوە هەست و سۆزت پێ ببەخشێت، پێت ڕادەگەیەنێ شاعیر چەند شارەزایانە گەمەی بە وشەکان کردووە و ڕستەی چۆنی و فرەواتایی خستووەتە ڕوو. شێوەکار پێش ئەوەی مەبەستەکەی بگەیەنێ، لە بینەر دەگەیەنێ چەند خاوەن توانایی بووە لە تێکەڵاوکردنی ڕەنگەکان و تێکهەڵکێشی ڕەمزەکان، شاردنەوەی ئەگەرەکانی مەبەست لە پشتەوە هێماکان، کە زۆر جار هێماکان لە ئەرکەکانیاندا کلۆڵن و بواری مەبەستەکە نەک هەر دەوڵەمەند ناکەن، بگرە بە پیری لێکدانەوەی خوێنەرەوە ناچن و دەبنە بانگەشەی



ڤیکتۆر هۆگۆ

ناشارەزایی هونەرمەندەکە، تەنانەت دەبنە بەربەست و مەبەستەکان چەواشە دەکەن، بە واتایەکی تر تێکڕای بەرهەمەکە لە تارمایی گومان و بولێڵی لێکدانەوەدا دەهێڵنەوە.

ڕستەسازی لە زمانەوانیدا خاوەنی چەند پرەنسیپی جیهانییە، هەر فۆرمێکی ڕستەکە بە هەمان کەرەستە، جۆرێک مانا دەگەیەنێ، ئەگەری ڕێکخستنی کەرەستەکان، ئەگەری بە دەستەوەدانی ماناکان پتر دەکات، بەڵام دیسانەوە هەر یەکەیان سنوورێکی مانایی تایبەت بە خۆی هەیە، جگە لە ئیدیۆم، یان میتافۆر...تاد، ناکرێ بەدەر لەو سنوورە مانا بکرێتەوە. نووسەر، یان داهێنەری بەرهەمەکە خۆی لەسەر مەبەستێک ساغ بووەتەوە، یان مەبەستێکی دیاریکراوی لە پشت بەرهەمەکەوە حەشارداوە، چاوەڕوانی لێزانی خوێنەرە پەی پێ ببات، زۆریش بەلایەوە گرنگ نییە، خوێنەر بەو ئامانجەی نووسەر دەگات، یان ڕەخنەگر تاکوێ دەیخاتە بەر بارانی ڕەخنە، چونکە نووسەر هێشتنەوەی ئامانجەکە لە بولێڵدا، بە هونەری گەورەتر لە هونەری نووسینی هۆنراوەکە دەزانێ، مەبەستیشی نییە ئاخۆ خوێنەران تاکوێ هۆگری مەبەستی پشتەوەی هونەرەکەی دەبن. بەلایەوە گرینگ ئەوەیە خوێنەر سەرسام بێ بە

تەکنیکی وشەسازی و گەمەی هێماسازی و دەستەواژەی هێمایی نائاسایی و نەشیاو، بۆیە سارتر دەڵێ: شاعیران بە تێکەڵکردنی وشەگەلی نەشیاوی تێکەڵکردن، دروستکردنی وشەی سەیروسەمەرە دەیانەوێ بنەمای ئاخاوتن تێکبدەن(٦).

زۆرجار لێکدانەوەی خوێنەر مەبەستێک دەپێکێ جیاواز لە مەبەستی نووسەر، یان ڕەخنەگر مەبەستێک بۆ بەرهەمەکە دەخولقێنێ، یان لە باکگراوندی دەقەکەدا بۆی دەگەڕێ، کە بۆ نووسەر نەک هەر نامۆیە، بەڵکو خودی نووسەر لێی بێ ئاگایە، لە کاتێکدا بە پێی هەموو پرەنسیپەکانی لێکدانەوە و ماناکردنی هێما و دەستەواژەکان مەبەستی ڕاستەقینەی بەرهەمەکەیە، لەبەر ئەوەی دەقەکە شتێک نییە لە زەینی نووسەرەکەدا جێگیر بێ و بمێنێتەوە، بەڵکو مەبەستەکەیە بەردەوام لە خولیای نووسەردایە، دەشێ نووسەر دەقەکەی لە بیر بچێتەوە بەڵام لە کاتی پێویستدا هەمان واتا، یان مەبەست بە دەقێکی تر دابڕێژێتەوە. دەشێ خوێنەر بەخوێندنەوەی دەقێک پەی بە واتایەک بەرێ کە لای نووسەر شاراوەیە، شلایر ماخر دەڵێ دەق ئەو شتە نییە لە زەینی نووسەرەکەدا بووە(٧).

کەواتە پێوەندی نێوان هزر و دەق لە هەر زمانێکدا پێوەندییەکی گرێبەستییە، ئەمەش سنوورێک بۆ داڕشتنی هەر هزرێک دادەنێت و ناکرێ لەخۆوە بە ئارەزوو ئەو سنوورە ببەزێنرێ، ناکرێ گەمەکردن بە واژە و دەستەواژەکان بە زاراوە و کەرەستە زمانییەکانی تر لە سنووری تایبەت بەو بوارە تێبپەڕێ، نەک بەو مانایەی ڕێگەی گەشەکردن و گۆڕانکاری لەو بوارە بگرێ، بەڵکو بەو واتایە لەسەر هەمان ئەو کەرەستانە داڕشتنی باشتر و جوانتر و دەوڵەمەندتر بنیادبنرێ، بۆ نموونە ناکرێ لە یاری تۆپی پێدا گەمەکانی یاری بالە، یان تۆپی دەست پراکتیزە بکرێ.

لە بەرهەمی هونەریدا تەنیا یەک مەبەست لە زەینی نووسەر و هونەرمەنددایە، چ هونراوەی ئازاد، چ شێوەکاری، تەنیا ئامرازی دۆزینەوە، یان پەیبردن بەو مەبەستە، وشەکان و هونەرەکانی تری ڕستەسازی و کەرەستە زمانییەکانی ترە وەک ئیدیۆم، میتافۆر، پەند و...تاد، لە هونەری شێوەکاریشدا کەرەستەکانی لێکدانەوەی مەبەستی بەرهەمەکە: ڕەنگ، هێما، کات و هێما هێڵەکانن، خۆ ئەگەر کەرەستەکان هێمای گشتگیرکراو بن، ئەوە کلیلی کردنەوەی دەرگای مەبەستەکە تەنیا شارەزایی خوێنەر، یان بینەرە لەو بوارەدا و لەگەڵ ئەو میتۆدانەی کەڵکیان لێ وەردەگرێ، بەڵام ئەگەر هێما و ڕستەسازی و نارێکی لە بەکارهێنانی هێما و دەستووری زمانی هۆنراوەی نوێ و هونەری شێوەکاریدا، چەواشە، یان نارێک بن، ئەوە دوو ئەگەر هەیە، یان داهێنانێکی نوێی هونەرمەندە و لای خەڵک نامۆیە، ئەمەش پێویستە هەڵوێستەی لەسەر بکرێ، یان ئەوەتا هەڵەی کردووە و لە یەکێک لە لایەنەکانی ئەو بوارەدا پەنای بۆ ئیستیتیکا و فانتازیای هونەری بردووە، کە ئەمەش لە نەشارەزایی، یان ساختەکاری هونەرییەوە دێت کە پتر لە لایەنی نەرێنی کەسایەتی، یان بێ توانایی هونەرمەندەکەوە دێت. ئەوسا ئەگەر داوای لێکدانەوە لە خۆشی بکەیت ناتوانێ لێکدانەوەیەکی لۆجیکیت بخاتە بەردەم، تەنیا ئەوە نەبێ لە بولێڵی لێکدانەوەدا سەرگەردانت دەکات، ئینجا مرۆڤ دەتوانێ لە زەینی خۆیدا لێکدانەوە بۆ هەر شتێکی ماددی و ناماددی بکات، بەڵام هەر لێکدانەوەیەک دەبێ لەسەر پرەنسیپی تایبەت بە لێکدانەوەی ئەو بابەتە بکرێت، وەک چۆن هۆکاری لێک تێگەیشتن و تێگەیاندن و گەیاندن، زمانە بە هەردوو بوارەکەیەوە نووسین و ئاخاوتن، ئەو دوو بوارەش کەرەستەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بێ ئەو کەرەستانە مەحاڵە زمان بتوانێ ئەرکەکانی خۆی ئەدا بکات، کەواتە بۆ لێکدانەوەی هەر پرسێکی ئەدەبی، یان هونەری، تەنانەت زانستیش، پرەنسیپەکانی لێکدانەوە و کەرەستەکانی پراکتیزەکردنی ئەو لێکدانەوەیە پێویستن، ئەنجام بڕیاردان لەسەر دەرئەنجام، لێکدانەوە و ئەگەرەکانی سنووردارن، هەر شێوەکارێک ناتوانێ فڵچەی ڕەنگەکەی بە تابلۆدا بێنێ و لە خۆیەوە، یان لە زەینی خۆیدا مەبەستێکی بۆ دیاری بکات، هەر کەسێک، یان شاعیرێک ناتوانێ دێڕێک، یان چەند دێرێک بنووسێ و لە خۆیەوە لێکدانەوەیەک بۆ شیعرەکەی بکات، بێ ئەوەی هیچ پرەنسیپێکی ئەو هونەرە هەبێ بمانگەێنێتە ئەو دەرئەنجامە، یان موزیکژەنێک نەتوانێ بەگەمەکردنی نۆتەکان و خێرایی و دەستوبردی لە کارەکەیدا پێمان بڵێ ئاوازێکی مۆسیقای خولقاندووە. بە کورتی بە پێی پرەنسیپەکانی

لێکدانەوەی هەر هونەرێک نابێ هیچ شوێنێک بۆ لێکدانەوەی هەڵە، یان نادروست بمێنێتەوە، کەواتە ناکرێ بە ئارەزوو لێکدانەوە بۆ کارە هونەرییەکان بکرێت، ڕەنگە پرەنسیپەکانی لێکدانەوەی هونەری بەپێی شوێن و ژینگە و نەتەوە و کۆمەڵگا جیاواز بن، تەنانەت پرەنسیپ و کەرەستەکانی لێکدانەوەشیان جیاواز بێ، بەڵام لانی کەم گەلێک پرەنسیپ و لێکدانەوی گشتگیر هەن کە لە نێوان هونەرەکاندا هاوبەشن، ناکرێ لێیان لابدرێ، چونکە خودی ئەو هونەرانە خۆیان گشتگیر و هاوبەشن، واتە بە جیهانی بوون، واتە هونەری شێوەکاری و شیعر و موزیک، شتێکن لە هەموو شوێنێکی جیهان هەن و هیچ کۆمەڵگا و گرووپێکی ئەتنیکی نییە خاوەنی ئەو هونەرانە نەبێ، ئیتر هەریەکەیان بە پێی توانایی و ئاستی پێشکەتنی خۆی.

دەبینین زمانی شیعری لە زمانی بوارە ئەدەبییەکانی تر جیاوازە، لەبەر ئەوە وەرگێڕانی شیعر بە هەمان زمانی شیعری خۆی ئاسان نییە. د. مەحموودی فەزیلەت دەڵێ: کاتێک شیعرێک بۆ زمانێکی تر وەردەگێڕین، ئەوە زمانە هونەرییەکە بۆ زمانی ئاخاوتن دەگۆڕین (٨)، واتە لە یەکێک لە خەسڵەتەکانی دایدەبڕین، کە خەسڵەتی شیعر بوونیەتی، وەرگێڕانەکە تەنیا هزری شیعرەکە دەگوێزێتەوە، ئەستەمە بتوانێ ڕوحی شیعری بەبەردا بکاتەوە. خۆ ئەگەر خودی شاعیر لە گەیاندنی مەبەستەکە سەرکەوتوو نەبووبێ و لە لایەنەکانی تری هونەری هۆنراوە دابڕی بێ، ئەوە ئەو هۆنراوانەی لێ دەردەچێ کە زۆربەی خوێنەرانی ئەمڕۆ لێی بێزارن، ئەو شتەی بەرهەم دێ ڕەنگە لە پەخشان بچێ و ناوی هۆنراوە بە باڵای نابڕێ.

چۆمسکی دەڵێ: هۆنراوە هەمان کەڵک وەرگرتنی داهێنەرانەیە لە زمان، لە لایەکی ترەوە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو بوارەی هەوێنی دەکات، دەبێتە بنەمای هەر خەیاڵێکی داهێنەرانە. بەم پێیە هۆنراوە لە ناو هونەرەکاندا دۆخێکی تایبەت وەخۆدەگرێ و هەر جۆرە داهێنانێکی هونەری، پێوەندی بە لایەنی داهێنەرانەی زمانەوە هەیە. (٩)

ڕاستییەکەی شیعر بە دۆزینەوەی زمانی خۆی، هەر بەو زمانەوە لە هەمان سەردەمدا، واقیعی خۆی دەخولقێنێ. لە ڕەوتە ئەدەبییەکاندا شێوەی جیاواز و بەربڵاو هەن کە ڕێساکانی عەرووز و ڕێزمان ڕەت دەکەنەوە، زمان و ئەدەب پووچەڵ دەکەنەوە، وا دیارە دەیانەوێ بە بێ وشە دەست بۆ شتەکان بەرن. هەوڵی شیعری ئازاد و پێشتریش هەوڵی وارڵن کە گەردنی ڕەوانبێژی شکاند، گومانی لە سەروابەندی دەکرد و ڕێساکانی عەرووزی تێک دا و زمانێکی شکستەی لاواندنەوەی خزاندە ناو شیعرەوە. بە دواداچوونەکانی کلۆدیل و پیگی و ئیلیەت بۆ خولقاندنی زمانی وتووێژ و پەخشانی، تاوانبارکردنی گەمەی دەستەواژەکان، وەلانانی خاڵبەندی بە هۆی ئاپۆلینیر و ئەزموونی فۆتۆریستانی ئیتاڵییەوە لە مەڕ داهێنانی وشەی ئازادکراو، تێکدانی صەرف و ڕێزمان و نزیکخستنەوەی زمان، لە زمانی هاوار بە هۆی ئەزموونگەرایانی ئەڵمانییەوە، وەدیهێنانی شیعری کۆپلەیی، هەوڵی دژ بە هۆنراوەی سەد دێڕیی مایکۆڤسکی و بۆ تێکشکاندنی گۆرانی و بە کارهێنانی زمانی کۆڵان و بازاڕ، سادەیی گشت پەسندی لۆرکا و هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی شیعر لە موزیک و ڕیزکردنی وشەی تەلەگرافی و دواتر بزووتنەوەی سوریالیستی کە دەیەوێت هەرجۆرە پێکهاتەیەک لە هونەر و زمان دەربهاوێ، ئەمانە هەموویان شایەتی ئەم وتەیەن: کە شیعری پێشوو خولقاندنی شاعیرانەی واقیع بوو، وەلێ ئێستا خولقاندنی شاعیرانەی زمانە(١٠).

ڤیساگۆرس مۆسیقا وەکو دەرمان بۆ گەلێک نەخۆشی سایکۆلۆجی بەکارهێناوە لەوانە (پەشێوی، خەمۆکی، ترس، تووڕەیی)(١١)، کەواتە خودی موزیک لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، موزیکی جەنگ موزیکی ترس، داستان، ڕۆمان و چیرۆکی بەسەرهاتی پڕ لە نەهامەتی و ڕۆمانی تراژیدیا، جیاوازن لە ڕۆمانی کۆمیدی و ئەو بەسەرهاتانەی بە سەرکەوتنی مرۆڤ شادی و خۆشحاڵی کۆتاییان دێت. هەریەکەیان بەپێی ئاراستەی خۆی کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنییان لەسەر بەرانبەر هەیە، چ وەک تاک، چ وەک کۆمەڵگا.

موزیکژەن پێش ئەوەی هەست و سۆزی دەروونت بجووڵێنێ، پێش ئەوەی بە ڕیتمی مۆسیقاکەی شادی بخاتە دەروونتەوە و بیکات بە خۆراکی ڕوحت، دەروونت لەسەر ڕیتمێکی ڕوحپەروەر ڕابژێنێ، دیلانێ بە

هەستەکانت بکات و لە جیهانی ئاڵۆزی ماددی بتباتە دەرەوە، بەرەو جیهانی خەیاڵ و بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی ژیان، پێت ڕادەگەیەنێ: چاو چەند بە توانستم لە یاریکردن بە نۆتەکان و وەرچەرخاندنی ئاوازەکەدا. سەیرکە چۆن ئامێرەکەم لە ناو دەستمدا بووە بە میو و دەیژەنم، چۆن کۆنترۆڵم کردووە و دەیرەتێنم، کەواتە ئەوانە تەنیا لە تەکنیکی کارەکەیاندا هونەرمەندن و ئەو کەسانەش بە کارەکانیان سەرسام دەبن کە شارەزای ئەو هونەرەن. دیارە سەرسام بوون بە شتێک مانای خۆشەویستی و خۆشویستنی ئەو شتە، یان پێخۆشحاڵبوون نییە، هاوکات بە کەڵک بوونیش ناگەیەنێ. ڕاستە بۆ شارەزایی، یان تێگەیشتن لە هەر بوارێک چ زانستی، چ ئەدەبی، پێویستە مرۆڤ شارەزای زاراوە و بەڵگە نەویستەکان و پرەنسیپەکانی بێ، نکوڵی لەوە ناکرێ کە ئەدەبی هونەر بۆ هونەر لێوانلێوە لە ڕەهەندەکانی هونەری، پێشەنگە لە تەکنیکەکانی خولقاندنی هونەری، بەڵام ئەوەی دەرکەوتووە تەنیا بە دەردی بژاردەکانی ئەو بوارە دەخوا، لەوان بترازێ لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا دەنگدانەوەی نییە و کپ و بێ دەنگ ڕەوتی مێژووی خۆی تێدەپەڕێنێ، سەرچیخ بە دەروونی هەوادارانیدا تێدەپەڕێ، بێ ئەوەی شوێنەوارێک جێ بهێڵێ، دەروونێک بهەژێنێ حەز و ئارەزوویەک کوێربکاتەوە و نەوسێک تێربکات، بێ ئەوەی ئەرکێکی مرۆیی لەسەر شان بێ، بێ ماڵئاوایی لە جیهانی هونەری خۆی، لەگەڵ یەکەمین تروسکانەوەی لە کونجێکی مێژووی ئەو هونەرەدا، ڕەق هەڵدەگەڕێ و بێ خزمەت کردن خانەنشین دەبێ.

بەڵگە نەویستە، هێما و کەرەستە هێماییەکانی موزیک کە ئامرازی لێکدانەوەی موزیکین سنووردار و کەمن و کەمتر گەردان دەکرێن و ماناکردنەوەشیان دەشێ سنووردار و هەندێک جار تاک ڕەهەند بێت.

مۆسیقا و دەنگ هەردووکیان زادەی ژێن، یەکەمیان زادەی ژێی کانزایی، ئەوی تریان زادەی ژێی زیندوو. دەرئەنجامی لەرینەوەی هەردووکیان دەنگە، بەڵام دەنگیان لێک جیایە. دەکرێ هەزاران ئامێری مۆسیقا دروست بکرێت، دەنگی هەموویان لە هەموو ڕوویەکەوە یەکسان بێت، لە یەک ئاستدا بژەنرێن، کەچی کەمتر هەڵدەکەوێ دەنگی دوو ئادەمیزاد لێک بچن، وەک چۆن وێکچوونی هەمەلایەنەی دوو ئادەمیزاد مەحاڵە، وێکچوونی دەنگی دوو ئادەمیزادیش هەروا، چونکە هەردووکیان دەگەڕێنەوە سەر بنەمای بوونەوەر، کە ئەویش زنجیرەی (DNA)یە. دەنگی دەزگای مۆسیقا لە دەروونێکی وشکەوە، واتە بێ گیانەوە دێتەدەرێ، وەلێ دەنگی ئادەمیزاد لە دەروونێکی گەرم و پڕ لە ڕەمز و ڕازەوە سەرهەڵدەدا. دەرهێنانی ڕیتمێکی موزیک کات و ساتی بۆ نییە، مرۆڤ هەرکات بخوازێ دەتوانێ ئامێرە موزیکییەی بخاتە سەرپێ و هەر ئاوازێک بیەوێ لە گەرووی ئامێرەکەوە دەربهێنێ، بەڵام دەنگی مرۆڤ گوزارشتی دەروونە، لەگەڵی هاوئاهەنگە، کات و ساتی دەبێ فەراهەم بێ(١٢)، بهەژێ، بورووژێ، پاڵنەرێک ئەکتیڤی بکات، واقیعێک ئەو هەستەی دەروون دابگیرسێنێ. لێرەدا پێوەندییەکی پتەو لە نێوان دەنگ و ئەو فاکتەرانەدا هەیە، ڕیتمی دەنگ پەیوەستە بە جۆری ئەو فاکتەر، یان پاڵنەرەی دەیهەژێنێ. بە گشتی دەروونی شاد بنەمایە بۆ ئاوازی شاد، دەروونی پڕ خەم سەرچاوەی ئاوازی خەماوییە، چ وەک دەنگی مرۆ، چ وەک ئامێر، کە واتە لێرەدا خاڵێکی هاوبەش لە نێوان دەنگی مرۆڤ و دەنگی موزیکدا هەیە، هەردووکیان بە هۆی فاکتەرە دەروونییەکانی مرۆڤەوە لە دایک دەبن و پوختە دەکرێن، ئیتر مەرج نییە ئەو فاکتەرانە هەنووکەیی بن، یان لە کونجێکی یادگەدا خۆیان حەشار دابێ و ئێستا وروژابن. زۆرجار بیرەوەرییەکان لە دەنگ و ڕەنگدا ڕەنگ دەدەنەوە، زۆرجار لە ڕەفتار و کرداردا، دەکرێ بڵێین دەبنە پاڵنەری فیزیکی.

لە تیوری هونەر بۆ هونەردا، هونەرمەندان و نووسەران بۆ نەمری بەرهەمەکانیان، هەوڵ دەدەن، واتە بەرهەمەکەیان هەرگیز چێژ و برەوی خۆی لەدەست نەدات، وەلێ ئەمە شتێکی ڕێژەییە، لەلایەک مەرج نییە بۆ هەر تاکێک ئەگەر بێ تامیش، یان دزێویش نەبێت خاوەنی ئەو چێژە بێت، لە لایەکی ترەوە، هیچ بەرهەمێکی هونەری تەنانەت خودی مرۆڤیش نەمر نییە. زۆر جار بە مەبەستی نەمر ڕاگرتنی نەمری، بەرهەمەکە گوزارشت لە واقیعی ئێستاکە، یان ئەو واقیعەی تێیدا بەرهەم دێ ناکات، واتە هونەرمەند لە هەردوو لا دەبێت، وەک ڕێبوارێک ئەوەندە دوور دەڕوانێ بەرپێی خۆی نابینێ، دەکرێ بڵێین لە وەهمێکدا دەژی کە ئێستاشی تێدا

دەدۆڕێنێ، بە ڕێگەیەکی گوماناویدا ڕووە و سەرابێک دەڕوات، بەرهەمەکەی پتر لەوەی کەرەستەی ڕێ بەدی بێ، تارماییەکە ئاراستەکەی بزردەکات، نە لە کات و ساتی خۆیدا سەرنجڕاکێشە، نە دواتریش دەبێتە ئەڵتەرناتیڤ، ئەمەش ڕاکردنە لە پێشەوەی کۆمەڵگا و دابڕاو لە کۆمەڵگا، واتە پێشەنگایەتی ڕێڕەوێکی وێل. ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەو بەرهەمە هونەری تێدا نییە، بەڵکو مانای ئەوەیە گشتگیری خۆی لەدەست دەدات و لە بری ئەوەی ئامرازێک بێ، لە خزمەتی کۆمەڵگا و گۆڕانکارییەکانیدا بێ دەبێتە هونەرێکی ڕووت و تایبەت بە هونەرمەندانی ئەو بوارە هونەرییە. ئیتر لە ئەگەری لێکدانەوەکانی ئەواندا چۆن دەنرخێنرێ؟، نازانم، بەڵام ئەوەندە دەزانم لە بواری بایەخی گشتی دەردەچێ و لە کونجێکی بایەخی تایبەتی هۆگرانی ئەو بوارەدا دەمێنێتەوە. تەنیا لەسەرمێزی ئەوان ڕووناکایی دەبینێ و لەبەرچاوی ئەوان سەوز دەنوێنێ، ئەگینا دوور لە چاوی گشتی لە تابووتێکی مۆمکراودا دەنێژرێ و ڕەنگە لە داهاتوویەکی دووردا وەک مۆمیایەک ببێتە بەڵگەیەک بۆ سەردەمی هونەری خۆی، ئاشکرایە لە بواری ئەدەبیشدا تەنیا ئەو بەرهەمانە نەمرن کە دەستاودەست دەکەن و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێنەوە، پەیامی قۆناغی پێش خۆیان بۆ قۆناغێکی تر دەگوێزنەوە، دەبن بە وێردی سەرزمانی تاکەکانی کۆمەڵگا و بەگشتی و ڕووناکبیران بە تایبەتی. لە گواستنەوە و ئاڵوێری پەیامەکەیدا کونجێکی تری ڕووناکی بەردەکەوێ و شتی نوێ لە پشتەوەیدا دەدۆزرێتەوە و نهێنییەکی تر خوێنەر سەرسام دەکات، کەواتە ڕێژەی بایەخ پێدانی هەر هونەرێک، فاکتەری سەرەکییە بۆ سەرکەوتوویی و درێژی تەمەنی ئەو هونەرە. دەبێ بزانین ڕێژەی بایەخ پێدانیش پەیوەستە بەوەی کە ئەو بەرهەمە هونەرییە تاکوێ توانویەتی ئەرکی سەرشانی خۆی لەو واقیعەدا بەجێ بگەیەنێ، تاکوێ هەڵگری ئەو پەیامەیە کە ژیان پێی بەخشیوە، تاکوێ مەبەستەکەی ئەڵتەرناتیڤ بووە، تاکوێ ڕەنگدانەوەیەکی کاریگەری واقیعەکە بووە. تاکوێ لە خزمەتی پرسە مرۆییەکەدا بووە؟.

لێرەدا دێمە سەر ڕەنگدانەوەی واقیعەکە، ڕەنگە هەندێک کەس بپرسن: کەواتە ئەدەبی ئەمرۆ ڕەنگدانەوەی واقیعی ئەمڕۆیە و کوتومت وەک خۆی ئێستاکەی خستووەتە ڕوو و بە تەواوی ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە، ئەی بۆ کەوتووەتە بەر بارانی ڕەخنە؟ ڕاستە خودی ئەم ڕانگدانەوە هونەری و ئەدەبییە گوزارشتکردنە لە واقیعەکە، بەڵام لە بیرمان نەچێت پێویستە ئەو گوزارشت لێکردنە بە ئاراستەیەکدا بڕوات ئەڵتەرناتیڤ بێ، یان بانگەشەی ئەڵتەرناتیڤ بکات، تەنیا لە قاودانی شتە دزێوەکان و خستنە ڕووی جوانییەکان بەس نییە، چونکە ئەمە هونەر نییە، تەنیا لایەنێکی بواری هونەر و ئەدەبە، مانەوەی لەو چوارچێوەیەدا تەنیا هەڵوێستێکی خۆپارێزانەی هونەرمەندەکەیە و بەس.

تیۆفیل گۆتییە(١٣) نووسەر و هۆزانڤانی فەرەنسی، یەکەم کەس بوو دوای ڤیکتۆر هۆگۆ تیوری هونەر بۆ هونەری وەک قوتابخانەیەکی ئەدەبی ڕاگەیاند و داکۆکی لێ کرد. بە پێی تیورییەکەی گۆتییە هونەر ئامراز نییە، ئامانجە، ئەو ئامانجەش تەنیا جوانییە و بەس، جوانی پرسێکی بێ سوودە، هەر شتێک سوودی هەبێت ناشیرینە، چونکە نیازە ماددییەکانی ئەوە دەردەخەن، نیازی مرۆڤیش کە لە سروشتی بێ چارە و داماوی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدا دزێو و سووکە.

لەلایەکی ترەوە ڕەنگدانەوەی واقیعی چەواشە کراو لە بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکاندا، ڕاکردنی هونەرمەندە وەک گۆتییە دەڵێ بەرەو ئامانجی هونەری، یان بەئامانجکردنی هونەر، لە دوای واقیعێکی چەواشە کراودا، ئەوسا هونەرمەند وەک کارەکتەرێکی هونەری، یان ڕابەرێکی ئەدەبی کە زۆرجار دەکەوێتە خانەی ڕابەری سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی خۆی لەدەست دەدات و ناسنامەی هونەری خۆی لەکەدار دەکات. ئیتر، یان لە بازاڕی بازرگانی هونەری سەر دەردێنێ، یان لەو بازاڕەدا دەبێتە قوربانی دابینکردنی بەرژەوەندی کاتی تاک (واتە نووسەر، یان هونەرمەندەکە).

هیپۆڵت تاین مێژوونووس، فەیلەسووف و ڕەخنەگری فەرەنسی سەدەی نۆزدەم (١٨٢٨-١٨٩٣)، بڕوای وابوو دەتوانین ڕووداوی مێژوویی و بەرهەمی ئەدەبی بە هۆی سێ فاکتەری: ڕەچەڵەک و ژینگە و زمانەوە، تاووتو بکەین، بە تایبەتی ژینگە، چونکە وەک چۆن ئاو و هەواو و خاکی هەر ناوچەیەک، ئەو شتانە دیاری دەکەن کە لێی

دەڕوێن، ژینگەی هونەرمەندیش، جۆری هونەری هونەرمەند دیاری دەکات. لە کتێبی فەلسەفەی هونەردا ئەم مانایەی لە ڕستەیەکدا چڕکردووەتەوە: بەرهەمی ڕوحی مرۆیی وەک بەرهەمی سروشتی زیندوو وایە، لە ڕێگەی ژینگەوە ئاراستە و دیاری دەکرێت(١٤). دواتر دەڵێ زۆربەی ڕەخنەگرانی مارکسیست، بوونی هونەرمەند و بەرهەمەکانیان بە ژینگەی کۆمەڵایەتی دەبەستنەوە، کەواتە ئەوان بزانن، یان نەزانن بوونەتە دواکەوتەی تاین(١٥).

بەڕای ئێمە ئەوە ئەو کاتە دێت کە کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی پتر و بەهێزتر بێ لە فاکتەرەکانی تر، تا ئەو کاریگەرییە کەمتر بێتەوە، کاریگەری فاکتەرەکانی تر پتر دەبن، کە کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی بە دیوی نەرێنیدا کەمبووەتەوە، لەبەر ئەوەیە هونەر تەنیا هونەری ڕووت دەبێت، ئەوسا نەک گشتگیر نابێ، بگرە تەنیا بۆ نوخبەیەکی هونەرمەند دەبێت، ئیتر هەر بەشەش مژاری تایبەت بەخۆی دەبێت، کە هۆگرییەتی و موتابەعەی دەکات.

لە ژینگەیەکدا کە هەموو شتەکان لۆکس و تەکنۆلۆجین، تەنانەت هەوای پاکی ژینگەش بە هۆی تەکنۆلۆجیاوە دەستەبەر دەکرێ، بە واتایەکی تر مرۆڤ بە تەکنۆلۆجی لە قاڵب دەدرێ، بە تەکنۆلۆجی پەروەردە دەکرێ، تەکنۆلۆجی بێ گوێدانە حەز و خەسڵەتە مرۆییەکانی ئاراستەی دەکات، بۆیە دەبینین تەکنۆلۆجی بەشێک لە خەسڵەتەکانی لە مرۆڤ سەندووەتەوە، تەنانەت خواردن و خەویش لە حاڵەتی سروشتی خۆیان دەرچوون، زمانیش سنووری عیشق و ئەوینی هەردوو ڕەگەز و مرۆڤایەتی و غەریزەکانی بەزاندووە، عیشق و ئەوین پتر لە خولگەی پارە و ماددیدا چڕبوونەتەوە، فەزای سەوز کە گوڵەکانیشی، یان بۆنیان نییە، یان بۆنی سروشتی خۆیان لەدەست داوە، نەک بە شێوەی سروشتی، بەڵکو بە تەکنۆلۆجی دەستکردی مرۆڤ دەڕوێن و گەشە دەکەن، بەدڵنیاییەوە لەم حاڵەتەدا جەوهەری هونەرەکان تەنیا تەکنیک دەبێت و هەر هونەرێکیش تەنیا تەکنیک بیخوڵقێنێ، لایەنی ڕوحی فەرامۆش دەکات و ڕەنگە پتر بە دەردی مرۆڤی دەستکردی دامەزراوەی جێنێتکی، یان ڕۆبۆتەکان بخوات، یان دوور نییە مرۆڤ بەرە بەرە بەرەو مرۆڤێکی تەکنۆلۆجی بڕوات، لە هەر قۆناغێکدا لەبری ئەوەی خەسڵەتە مرۆییە دزراوەکانی بسێنێتەوە، لە دەستیان بدات.

**سەرچاوە:**

**١- ئەدەب چییە.ژ. پ. سارتەر و/ مستەفا غەفوور.**

**٢- معنا شناسى و معانى. د. محمود فضيلت، ص١٩٤**

**٣- سیما icon، هێما: index و نیشانەی واقیعی: proper signs کە هەندێک جار بە هەڵە پێی دەوترێ سیمبۆل: symbol. تێکڕای نیشانەکان خاوەنی یەک دال و یەک مەدلوولن، کە پێوەندی نێوان دال و مەدلوول لە هەر یەکێکیاندا جیاوازە. لە سیمادا پێوەندی نێوان دال و مەدلوول واقیعییە، وەک وێنە و خاوەنی وێنەکە. لە هێمادا پێوەندییەکە هۆکارییە وەک دووکەڵ و ئاگر. لە نیشانەی واقیعیدا پێوەندییەکە گرێبەستی و ئارەزوومەندانەیە، وەک وشەی بەرد و خودی بەرد، وشەی دەرگا و خودی دەرگا. فردينان دوسۆسۆر جاناتان کالر. ت/ کورش صفوی، ص١٥٤.**

**٤- حلاجيات، فلک الدين کاکەیی، ص١٥٩.**

**٥- زبان شناسى ديکارتى، نوام چامسکى، ترجمه احمد طاهريان، ص٣١.**

**٦- ئەدەب چییە؟ ژ. پ. سارتەر، ل٥٩.**

**٧- معناشناسى و معانى در زبان و ادبيات، د. محمود فضيلت، ص٢١٥.**

**٨- معناشناسى و معانى در زبان و ادبيات، د. محمود فضيلت، ص.٢٢٠.**

**٩- زماننناسی دیکارتی. نوام چۆمسکی. و/ مستەفا غەفوور، ل٤٧.**

**١٠- ئەدەب چییە ژ. پ. سارتەر. وەرگێڕانی مستەفا غەفوور، ل٥٩.**

**١١- خوێندنەوەی میتافۆر. ستاری پیرداود، ل٧٩.**

**١٢- ئەمە بەشێکە لە وتارێکی ئێمە بە ناوی (گۆرانی و مۆزیکی نوێ، یان هونەری لاسایی کردنەوە) کە لە ژمارە - ١١٦- گۆڤاری ڕامان بڵاوکرایەوە.**

**13- T. Gautier(1811-1872)**

**١٤- ئەدەب چییە؟ ژ. پ. سارتەر. و: مستەفا غەفوور، ل٩٣.**

**١٥- هـ. س. ل٩٤.**

# فۆتۆگرافەران و... گەشتی فۆتۆگرافی بە کۆمەڵ

**فارس سەعدی**

گەشتی بە کۆمەڵ، یان کۆمەڵی «الرحلات الجماعية» زۆربەیان گـەشـتـی گـەشـتـیـارین لەلایەن کـۆمـەڵە کـۆمـپـانیـایەکەوە بۆ ناوەوەی وڵات و وڵاتانی دەرەوە بە نرخـێکی گـونجـاو ڕێکدەخـرێن، بەگـشـتـی بۆ مـاوەی هەفتەیەک تا دە دوازدە ڕۆژ، کەم وابووە گەشتی هونەری بۆ هونەرمەندان و فۆتۆگرافەران، بە تایبەتی بۆ وڵاتێک و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ساز درابێت.

ئێـمـە وەک گـرووپی فـۆتـۆگـرافی «گـرووپی چوار و گرووپی پێنج و گرووپی سێ» ساڵانە لە گشت وەرزەکانی ساڵدا گـەشـتـمـان کـردووە، هەر جارەی بۆ دەڤـەرێکی هەرێمی کوردسـتـان، بە مەبەستی وێنەگرتنی سروشت و وێنەی مـاکـرۆ و ئاژەڵ و باڵندەی کـێـوی و لاندسکێپ، هەندێ جاریش وا ڕێککەوتووە بەدەم ڕێگاوە لەو گوند و شـــــارۆچـکـانـەی ســــەر ڕێـگـا، هـەنـدێ بـابـەتـی (فۆتۆستریت)مان گرتووە، هەریەکەمان جۆرە کامێرایەک و هەریەکـە و جـۆرە گـرتـەیەک و هەر کـەسـەو جـۆرە هەستێکی تایبەتی بەرانبەر بابەتەکانی بەرانبەری، واتە بابەتێک بە چەندان شێـواز کە لەیەک کات و ئانوساتدا دەگیـرا، بێ ئەوەی گرتەی فۆتۆگرافەرەکان لە یەکچوونیان تێدا هەبێت، هەبووە لە گۆشەی کامێرا جیاوازی هەبووە، هەبووە لە جۆری گرتە (گرتەی گشـتی، میـدیەم، کلۆز، بیگ...تاد)، یان جـوولـە و حـاڵەتی بابەتەکـە ئەگـەر پۆرتریت بووایە، خـۆ ئەگـەر سـروشت بووایە، ئەوە لە کۆمپۆزیکشن، واتە داڕشتن و گۆشەی کامێرادا جیاواز دەبوون.

بەڵام ئەوەی لەنێـو هەندێ لەو گـرووپە هونەرییـانەی ئێمە ڕووی دەدا، کەم وابوو لەنێو فۆتۆگرافەرە گەنجەکاندا ڕووی دابێت، کـــە لەم ســـاڵانـەی دواییــــدا چەند



رێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی (N.G.O) بۆ گەشەپێدان و هاندانی فۆتۆگرافەرە گەنجەکان دروست بوون، چەندان جار گەشتی بەکۆمەڵ بۆ ئەو گەنجانەیان بۆ نێو سروشت کردووە، بەڵام بێ ئەوەی پێش وەخت ئامادە بکرێن و وۆرک شۆپی هونەرییان بۆ بکرێتەوە، لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لە وێنەگرتنی ئەو بابەتەی کە بۆی دەچن، هەرکەسە و چۆن بە دید و بۆچوونی خۆی مامەڵە لەگەڵ بابەتەکان بکات، بۆ ئەوەی کەس کۆپی هاوڕێیەکەی نەکات، دواتر نەبێتە کێشە لەنێوانیان، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر، لایەنی هونەری چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕەنگ و ڕووبەرەکان و ڕووناکی و سێبەر و کاتەکانی ڕۆژێک دەکرێ لەگەڵ کاریگەرییان بەسەر دیمەنی سروشتەوە، بۆ ئەوەی هەر فۆتۆگرافەرێک بتوانێ گرتەی تایبەت بە خۆی دەست کەوێ، نەک گرتەی دووبارە بووەوە کە کەس سەرنجی نەدات و بێزارکەر بێت.

ئەمە لەلای ئێمە کاری فۆتۆگرافی وا بە سستی بەڕێوە دەچێت و لە قاڵبێکی تەقلیدی دووبارە بووەوە دەرنەچووە، بۆیە ئەگەر تەماشای بەرهەمی سەرجەم فۆتۆگرافەرانی کوردستان بکەین لەنێو تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی فەیس بووکەوە، هەست بە جیاوازییەکی ئەوتۆ ناکەی لەنێو فۆتۆکاندا، بەڵکو دووبارەبوونەوە و گشتیان هەمان شێواز و کۆپی یەکتری دەکەن و زۆربەی هەرە زۆری وێنەکان وێنەی سروشتن، ئەم جۆرە وێنانەی سروشتیش، لە وڵاتان، یان لەنێو هونەرمەندان هێندە بایەخیان پێ نادرێ، بەڵکو ئەو وێنانەی دیمەنی سروشت جێی بایەخن، کاتێک فۆتۆگرافەر بچێتە ناو دیمەنی سروشت و وێنەی بگرێت کە خەڵک خەوتبێت، واتە هێشتا خۆر هەڵنەهاتبێت، یان تازە زەردەی خۆرەتاو بێت، هەروەها کاتێک خەڵک دەگەڕێنەوە فۆتۆگرافەر بمێنێتەوە و ئەو تازە دەست بکات بە وێنەگرتنی دیمەنی سروشت. بۆیە فۆتۆگرافەرە پرۆفیشناڵەکان دەڵێن: «زوو بچۆ بۆ وێنەگرتنی دیمەنی سروشت و درەنگ بگەڕێوە».


لە کوردستاندا زۆربەی فۆتۆگرافەران، خوویان داوەتە وێنەگرتنی دیمەنی سروشت، چونکە کەرەستەیەکی زۆر ئاسانە و دەست دەکەوێ و بە کامێرای دیجیتاڵ و مۆبایلە زیرەکەکان هەر چۆنێک وێنەی بگرن، وێنەی گونجاویان دەست دەکەوێ، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە زۆر لاوازن، چونکە ئەو کەسانە باکگراوندێکی ڕۆشنبیری و هونەرییان نییە تا پشتی پێ ببەستن، بەر لەوەی چرکە لە کامێراکانیانەوە بێنن، لە جیاتی جارێک بیر بکەنەوە، دەبێ سێ جار بیر بکەنەوە، ئینجا وێنەکە بگرن، چونکە پرۆفیشناڵەکان دەڵێن: لە یەکەم بیرکردنەوەت ئەگەر چرکەت لە کامێراکەتەوە هێناو وێنەکەت گرت، دڵنیابە ئەوە لەو جۆرە گرتانە هەموو کەسێک گرتوویەتی بە ئارەزوومەندان و تازە دەستپێکردووانیشەوە، کە دووەم بیرکردنەوە ویستت چرکەی لێوە بێنیت، بزانە ئەوە تۆ و چەندان کەسی دیار، توانایان هەیە ئەم جۆرە گرتەیە بگرن و گرتووشیانە و هەیە، بەڵام ژمارەکە زۆر نییە، هەروەها بۆ سێیەم جار بیرت کردەوە، ئەم جارە ئەوەی هاتە بەرچاوت بزانە ئەوە تایبەتە بە خۆت و دوودڵ مەبە، چرکە لە کامێراکەت بێنە و گرتەکە دەرباز مەکە و بیگرە، بزانە ئەم گرتەیە جێ پەنجەی تۆی پێوە دیارە و دەبێتە مایەی سەرنجدانی گشت کەسێک.

ئەو پێشکەوتنە خێرایەی کە بەسەر کامێرا و ئامێرە دیجیتاڵییەکاندا هاتووە، بووەتە مایەی کێبڕکێیەکی زۆر لەنێو فۆتۆگرافەراندا، چونکە بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە ئاسانکاری زۆری تێدا ڕەخساوە، هەروەها پرۆگرامی سۆفت وۆردیش وەک ئەدۆبی فۆتۆشۆپ و لایت ڕووم و پرۆگرامی تر، ئەمانە وایان کردووە فۆتۆگرافەر بتوانێ وێنەکانی بەجوانی بخاتە ڕوو، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرجەم فۆتۆکان لەناو هەرێم دەگیرێن و زۆربەیان هی سروشتن، یان پۆرترێتی بووک و زاوا و فەشن، بەلاساییکردنەوەی هەندێک ستایلی فۆتۆگرافەرە جیهانییەکان کە لە میانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و وێب سایتی ئەو هونەرمەندانە و یوتوب تەماشا دەکرێن و لاساییان دەکەنەوە، بێ ئەوەی

بیر لەوە بکەنەوە مۆدی ئەو فیگەر و بابەتانە بۆ وڵاتانی خۆیان ئاساییە، بەڵام وڵاتی ئێمە تایبەتمەندی و کولتووری خۆی هەیە، بۆیە جۆرە مامەڵەیەکی تری دەوێ لەگەڵ مۆدیلەکان بکرێت، دەبێ جۆرە ستایلێک دابهێنێ جیاواز لەوان، ئینجا بۆ ئەوەی فۆتۆگرافەرێک بتوانێ پێش هاوڕێییەکەی بکەوێ و ڕکابەرییەکی شەریفانە لەگەڵ هەموویان بکات، تاکە ڕێگا ئەوەیە خۆی ڕۆشنبیر بکات و مێژووی هونەر و هونەرمەندانی شێوەکار و فۆتۆگرافەران بخوێنێتەوە وەک دەستپێک و سوود لە بەرهەمەکانیان ببینێت، ئینجا هەنگاوی دووەم بیر لە گەشت بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە ئەسیری ئەو بۆکسە بچووکەی ناو دەستی (کامێرا) دەرباز بێت و لە گرتە باوەکان و سواوەکان لە ڕێگای کردنەوەی پەنجەرەی گەشت کردن دەربازی بێت، لەبەر ئەوەی هیچ کۆلێژ و ئەکادیمیایەکی زانستی و هونەری تایبەت بە هونەری فۆتۆگرافی نییە، بۆیە زۆر لە هونەرمەندە فۆتۆگرافەرە پرۆفیشناڵەکان لە وڵاتانی دراوسێمان، بە تایبەتی وڵاتانی کەنداو و سعوودیە گەشتی هونەری فێرکاری فۆتۆ بۆ دەرەوەی وڵاتەکانیان بۆ گشت فۆتۆگرافەران بەگشت ئاستەکانیانەوە، بگرە لە پرۆفیشناڵەکان و ئارەزوومەندان و تازە دەست پێکردووان ڕێکدەخەن، بۆ ئەوەی لە حەز و خەونە زیندووەکانیان تێربن، بەڵام بەر لە گەشت کردن، ئامادەکراون، واتە ئاگادار کراونەتەوە کە چۆن لەگەشتەکەیاندا مامەڵە و هەڵسوکەوت دەکەن.

دەمێنێتەوە چ وڵاتێک دەستنیشان دەکرێت بۆ گەشتی فۆتۆگرافی، بە زۆری ئەو وڵاتانە دەستنیشان دەکرێن کە بابەتی مرۆڤایەتی و کولتووری تێدا زۆرە، یان پێی دەوڵەمەندە، بۆ نموونە: وڵاتی هیند و نیپاڵ، ساڵانە چەندان گرووپ و فۆتۆگرافەری پرۆفیشناڵی جیهانی لە بوارە جیاجیاکان ڕووی تێدەکەن، هەر کامێکیان لەو دوو جۆرە، بەدەستی بەتاڵ ناگەڕێنەوە، بە پێچەوانەوە ئەو فۆتۆگرافەرەی تۆزێک شارەزایی هەبێت، دەتوانێ دەیان گرتەی ناوازەی دەست کەوێت، من بە حوکمی ئەوەی ساڵانە لە دەیان ساڵۆنی نێو دەوڵەتی فۆتۆگرافی لە پێشبڕکێیەکانیان بەشداریم کردووە، لە ئاکامی ئەو پێشبڕکێیانە زۆربەی ئەو وێنانەی خەڵاتی مەدالیای زێڕین و زیوین و هی تر بەدەست دێنن، فۆتۆکان لەو وڵاتانە گیراون. لایەنێکی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانە هەیە، ئەویش ئەوەیە خەڵکەکەی ڕێگر نین بۆ وێنەگرتنیان، هەندێ جار بە زەردەخەنەوە پێشوازی لە فۆتۆگرافەر دەکەن، کەواتە هەر وڵاتێک بەرلەوەی ڕووی تێ بکەی بۆ وێنەگرتن چ بە کۆمەڵی بێت، یان بە تەنیایی، دەبێ بیر لەو دوو لایەنە بکەیتەوە کە ئاماژەم پێکردن، ڕێگر نەبوونی خەڵکەکەی لە وێنەگرتنیان، دووەم وڵاتەکە پڕاو پڕ بێت لە بابەتی مرۆڤایەتی و کولتووری هەمەجۆر بۆ ئەوەی بە هەگبەی پڕەوە بگەڕێیتەوە.

لەو گەشتانە چی فێر دەبیت؟ ناچارت دەکەن خۆت لە قورسترین جۆرەکانی وێنەگرتن تێ بخزێنی و ئەو هەلانە لە دەست خۆت نەدەیت، هەروەها دۆزینەوەی ڕۆشنبیری جیاواز لە وڵاتەکەی خۆت و بە دۆکیومێنت کردنی کە دەچیتە شوێنی وێنەگرتنەکان، هیچ ئامادەکارییەکی پێش وەختەی بۆ نەکراوە و بۆ تۆش شتێکی تازەیە، دەبێ زۆر بەخێرایی وێنە لەو شوێنە بگری، جیاواز لە خەڵکانی تر، بەڵام دەکرێ کارئاسانی بۆ خۆت بکەی بەهۆی (گۆگڵ)ـەوە ئەو لۆکەیشنە دیاری بکەی و داوای وێنەکانی ئەو شوێنە بکەی کە کەسانی تر چۆن وێنەیان لەوێ گرتووە، تا تۆ بتوانی گۆشەنیگای خۆت بگۆڕی، یان جۆری لینز و تەکنیکەکانی وێنەگرتنەکەت بگۆڕی، بەمەش گرتەی نوێ و تازەت دەست دەکەوێ جیاواز لە کەسانی تر، هەروەها لەو گەشتانەدا زۆرجار چاوپێکەوتن لەگەڵ فۆتۆگرافەرانی تر و هی ئەو وڵاتە و وڵاتانی تر دەکرێت و یەکتر ناسین لە نێواندا پەیدا دەبێت و دەبنە هاوڕێی یەکدی لە فەیس بووک، یان بەهۆی ئیمێڵەوە، یان وێب سایتی یەکترییەوە کاری هونەری یەکتری ئاڵوگۆڕ دەکەن، بەمەش شارەزایی زیاتر دەست دەکەوێ، جاران گوتەیەکی عەرەبی هەبوو: (مطرب الحي لايطرب) واتە «گۆرانیبێژی گەڕەک ناتهێنێتە جۆش»، ئەمە بۆ گوتراوە، دیارە لەبەر ئەوەیە خەڵکی یەک شوێن چاویان و گوێیان پڕ بووە لەو ستایل و شێوازەی کە هونەرمەند بەکاری دەهێنێ و بەلای خەڵکییەوە ئاساییە، مەگەر هونەرمەندەکە شتێکی زۆر نایاب دابهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر نابێتە جێی بایەخی خەڵکی دەڤەر و شوێنەکە، بەڵام کە هونەرمەندەکە کارەکانی بردە وڵاتانی تر، بەلای ئەوانەوە شتێکی نوێ و تازەیە، بۆیە دەبێتە جێی سەرنج و بایەخدانیان، ئیتر بە ڕەخنە و بایەخی زۆرەوە دەکەوێتەوە بەرچاوان و دەکەوێتەوە سەر لاپەڕەی



ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و چاوپێکەوتنی لە تیڤییەکان لەگەڵدا دەکرێت و دەرگای ناوبانگی بۆ دەکرێتەوە، ئەو کات خەڵکی لای خۆشیان دەزانن کە چەندە بەهرەمەند بووە و پێیان نەزانیوە، بۆیە ئەوانیش دەکەونە ستایش و پێداهەڵدانی.

لە گەشتە بە کۆمەڵییەکاندا، هەر کەسە و جۆرە بۆچوونێکی هەیە کە لە گەشتەکەدا چی بکات، هەندێک تەنیا زەوقی لەوەیە شوێنە گەشتیارییەکانی وڵاتەکە بەسەر بکاتەوە و ببینێ، هەندێک حەز بەوە دەکات لەگەلەری و موزەخانەکانی وڵاتەکەدا هونەر و کولتووری ئەو میللەتە ببینێ و شارەزایی پەیدا بکات و هەندێ گرتەی دۆکیومێنتی فۆتۆیی، یان ڤیدیۆگرافی بگرێت، هەندێکی تر دەیانەوێ بەشداری لە پیشانگەی هونەری ئەو وڵاتە، یان پێشبڕکێیەکانیاندا بکەن، تا لەمیانی ئەو چالاکییانەدا بتوانی هونەرمەندانی ئەو وڵاتە و وڵاتانی تر بناسێت کە بەشدارییان لە چالاکییەکەدا کردووە.

لە گەشتە کۆمەڵییەکاندا لەبەر ئەوەی ئاستی جیاجیای تێدایە، هەلێکی چاکە بۆ ئەوانەی کە شارەزاییان کەمە، یان جۆرە شێواز و ستایلێک بۆ وێنەگرتن بەکار دێنێ، چونکە لە هەر دەرچوونێک و گەڕانێکدا، دواتر کە گەڕانەوە زۆرجار تەماشای وێنەکانی یەکتری دەکەن و ڕەخنەی بنیادنەر ئاراستەی یەکتری دەکەن، ئەمەش دەبێتە مایەی پێشکەوتنی فۆتۆگرافەرەکە و پێداچوونەوە بە شێواز و جۆری وێنەگرتنەکەی، واتە بە پراکتیک لەنێوانیاندا ئاڵوگۆڕی شارەزایی دروست دەبێت، ئەمە دەبێتە بەدیلی خوێندن لە ئەکادیمیا زانستی و هونەرییەکانی تایبەت بە فۆتۆگراف و سینەما، کەواتە لە گەشتە کۆمەڵییەکاندا فۆتۆگرافەر، یان ڤیدیۆگرافەر زیاتر سوودمەند دەبێت لەوەی کە بە تەنیا گەشت بکات، بە تایبەتی ئەگەر فۆتۆگرافەرەکە گەنج بێت و شارەزایی زۆر نەبێت، هەندێ جار تەنانەت ئەگەر شارەزاییشی زۆر بێت، هەر زیاتر سوود وەردەگرێت، بۆ نموونە، جاری وا هەیە بۆ وێنەگرتنی وێنەی پۆرترێتی، هاوڕێ فۆتۆگرافەرەکە ڕفلێکتەری بۆ گرتووە تا فۆتۆگراڤەرەکە بەبێ فلاش مۆدێلەکەی لەبەردەم پەنجەرە و سێبەری درەخت و شوێنی تر کە وا بخوازێ سێبەر پڕکردنەوەی پێویست بێت بەکار بێت، یان هەندێ جار لینزی زیادەکی، یان ترایپۆدو مۆنۆپودی یەکتری، یان لانیمتەری دەستی لە یەکتری وەردەگرن، یان لەنێو کۆمەڵێک فۆتۆگرافەر تەنیا یەکێکیان لینزی (فشی ئای) پێیە، ئەوە ئەوانی تر لە بەکارهێنانی لێی سوودمەند دەبن، لەلایەکی ترەوە هەندێ شوێن لە وڵاتێکی بیانی کەسێک بە تەنیا لەوانەیە دووچاری دزی و کێشە بێتەوە، بەڵام ئەگەر چەند کەسێک بن، تۆزێک زەحمەتە کەسانی لادەر گرفتیان بۆ دروست بکەن.

هەندێ جار لە گەشتە بە کۆمەڵییەکاندا پلان داڕێژی بەکار دێت، سەرۆکی گرووپ کە لە هەموویان شارەزاتر و لێهاتوویی زیاترە و کۆنتاکتی لەگەڵ ئەو کۆمپانیا گەشتیارییە هەیە، بەرلەوەی دەست بە وێنەگرتن بکەن، بەگوێرەی ژمارەی گرووپەکە، ئەوە دەیانکات بە چەند گرووپی بچووکتر وەک (٣) کەسی و (٤) کەسی و پێیان ڕادەگەیەنێ کە لە کاتژمێر ئەوەندە لێرە دەڕۆن و بەناو ئەو شوێنەی بۆی چوون بڵاوەی لێ دەکەن، بۆ ئەوەی هەر کەسە و بە گوێرەی پلان و حەز و ئارەزووی خۆی وێنە بگرێت، پاشان لە کاتژمێری دیاری کراودا، گشت گرووپە بچووکەکان لە هەمان ئەو شوێنەی لێیەوە ڕۆیشتبوون کۆببنەوە.

ئێمە لە کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان ساڵی ٢٠١٤

گەشتێکمان بۆ کەمپی ئێزیدییە ئاوارەکانی شنگال لە فیشخاپوور لە پارێزگای دهۆک کرد، من هەمان ئەو شێوازەم بەکار هێنا، زۆر گەشتێکی سەرکەتوو بوو، لەبەر ئەوەی بەشداربووانی گەشتەکە، هەندێکیان توانییان بە هەندێ لەو وێنانەی لەو گەشتە گرتبوویان لە پێشبڕکێ فۆتۆییەکانی نێودەوڵەتی بەسەرپەرشتی (فیاپ) بەشداری بکەن و توانییان سەرکەوتن بەدەست بێنن، تەنانەت لەنێوانیاندا ئافرەتی تێدا بوو، ئارەزوومەند بوو، هەندێکیان تەمەنیان لە خوار (١٨) ساڵ بوو، بەڵام سەرکەوتوو بوون، سەرەڕای ئەوەی هەندێکی تر وێنەکانیان لە بەرگی گۆڤاری (ناشنال جیۆگرافی)دا بڵاوکرایەوە، هەندێکی تر لە وێب سایت و (TV)یەکاندا و هەندێکی تر پیشانگەی تایبەتییان پێ کردەوە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەیان، بە فۆتۆکانیان بەشدارییان لە پیشانگەی هاوبەشی بۆنەکانی تایبەت بەکەیسی ئێزیدییەکانی شنگال کرد.

لە گەشتی کۆمەڵیدا، نابێ فۆتۆگرافەر خۆپەرست بێت و ڕێگا لە هاوڕێیەکەی بگرێت. لەو شوێنە نزیک کەوێتەوە کە ئەو وێنەی لێ دەگرێت، چونکە بە دڵنیایی هەر وێنەیەک لە دایک بووی چرکە ساتێکە لە سولاوکەی زەمەن دایدەبڕێ، بۆیە مەحاڵە ئەو گرتەیەی کە چرکەت لێوە هێناو دوای ئەو، چرکەی دووەم، مەحاڵە وەک ئەوەی یەکەم بێت، پاشان وێنەی دیمەن بێت بە بەردەوامی دەگۆڕێت بە گوێرەی کاتی ڕۆژ و وەرچەرخانی تیشکی خۆر و جووڵەی هەورەکان، گۆشەنیگای وێنەگرتنەکە و بەکارهێنانی جۆری لینزەکان و یاری کردن بە کونەکانی لینزی کامێرا بۆ ئەوەی قووڵیی مەیدانی پێ زیاد و کەم بکەی، بەمەش مۆدی وێنەکە بە تەواوی دەگۆڕێ، یان یاری کردن بە خاڵەکانی فۆکەس کردن، هەروەها یاری کردن بە خێراییەکانی شەتەر، زیادکردنی خێرایی شەتەر جۆرێکە و کەمکردنەوەی جۆرە مۆدێکی تری پێ دەبەخشێت، ئیتر لەچی دەترسی خوشک و برای فۆتۆگرافەر و هاوڕێیەکەت لەخۆت دەرەنجێنی، بە پێچەوانەوە، کارێکی وابکە لەگەڵت بێت و هاوکارت بێت و لە هەندێ گرتەدا ئەو یارمەتیت بدات و لە هەندێکی تردا تۆ یارمەتی ئەو بدەی، بەمەش هەردوو لاتان سوودمەند دەبن و زیاتر لەیەکتری تێ دەگەن و دەزانن هەرکەسەتان چ جۆرە شێوازێک بەکاردێنن، بۆ ئەوەی کۆپی یەکتری نەکەنەوە و خۆشەویستی و تەبایی و ڕێزگرتن لەنێوانتان زیاد دەکات.

فۆتۆگرافەر بەرلەوەی بچێت وێنەی شوێنێک بگرێت، یان وێنەی ژیانی خەڵکانێک بگرێت کە چۆن دەژین و چۆن هەڵسوکەوت دەکەن و مامەڵەت دەبێ چۆن بێت لەگەڵیان، لێرەدا دەبێ کەسێکی شارەزا لەسەر ئەو شوێنە وەک گاید، یان دەلیل باسێکی تەواوتان بۆ بکات، ئینجا کارەکانتان ئاسان دەبێت، ئەگینا وێنەکانت جۆرێک لە دەستکردی و ناواقیعیانەی پێوە دیار دەبێت، یان وێنەکانت زۆر سادە و ساکار دەبن، چونکە نازانی ئێش و ئازارە گەورەکانی ئەو خەڵکەی چوویتە ناویان چین؟ بەڵام کە ڕوون کردنەوەیان لەسەر دا، ئەوە وەک چرایەکت پێ بێت، لە تاریکیدا بگەڕێیت، بە ئاسانی شتەکان دەدۆزیتەوە، هەرچەندە لەم گەشتە بە کۆمەڵانەوە ئەو فۆتۆگرافەرانەی کە زۆر شارەزان، هەندێ زەرەر دەکەن، چونکە زووتر و خێراتر ئەو وێنانەی مەبەستیانە دەیگرن و دەیانەوێ بچن بۆ شوێنی تر و وێنەی جیاوازتر بگرن، بەڵام کات و گرووپە بچووکەکان دەرفەتیان نادات و دەبنە ڕێگر و لەمپەر لەبەردەمیان، بۆیە بۆ ئەم جۆرە کەسانە گەشتی تاکەکەسی لەوانەیە باشتر و کاریگەرتر بێت و سوودی زیاتر بێت، ئەگەرچی گەشتەکە پارە و خەرجی زیاتری تێدەچێت.


*** سەرۆکی کۆمەڵەی وێنەگرانی کوردستان/ دەستەی باڵا**

# سەنگەران

محەمەد حوسێن پوور
(بۆکان)

بڕیاردرا تاقمێک لە دۆستانی گیانی، هەلێک بڕەخسێ بۆ چوونە دەرێ و دوور کەوتنەوە لە هەرا و هۆریای شار، لە داوێنی چیاکانی ناوچەکەماندا شەوێک ڕۆژ بکەینەوە و لە ژیانی دەستکرد و دەست بادان و لێدان و دوان و خۆبادان و تۆران و مۆرانی شار دوورکەوینەوە و لە نێو چاوبڕکێنەی ئەستێرە پڕشنگدارەکانی ئاسماندا تراویلکەی چاومان بێت و پشوودانێکی بە ئارامی ڕەگاژۆ بکاتە ناو لەش و خوێن و دەمارە نەخۆشەکان و کۆ و تەرازوان سەیر بکەین و لە مانگی شینی ئاسمانی بێ بندا، خۆ لە بیر کەین و خاوەنی ئاسمان و زەوی، زیندەوەر و بوونەوەر، گیاندار و بێ گیان، بکەوینە بیری و بیرکردنەوەی.

دوای لێکدانەوەیەک بە پێی ڕای گشتی لە درێژایی حەوتوودا، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی هەژدەی خەرمانانی ساڵی١٣٨٣ی کۆچی هەتاوی بەرەو شوێنی دیاری کراو، واتە کێوی لە مێژینەی کورد، تەرەغەی مامۆستا هەژار ڕێ کەوتین. کاتژمێر(٥)ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دیاری کراو، واتە بەشی دووەمی ڕۆژ کە ئەویش دەهات لەتی ئاخری بەسەر بەرێ و دووپەل بووبوو، تیرەکانی گزینگی بە لیزگەی هەتاوی خرمانان لە خرمانەکەیدا، لە کزی و بێ هێزی و لاوازیدا بوو، بەرەو ئاوا بوون هەنگاوی دەنا، شاری مەینەت و تاسەمان بە جێ هێشت و کەلوپەلی پێویستمان لە تەلیس و خورجێنان نا، هێندێک قاشوولکە و قاپ و قاچاخمان هەڵگرت، دوای گۆڕینی جلوبەرگ و پێڵاو و خۆ دەرکێشان لە جل و پۆز و دەماری شاری و خۆ توندوتۆڵ کردن، وەک کوڕە دێهاتییەکی پیتۆڵ خۆمان لە دەسک نا و سەرنجمان دا خۆمان کە بزانین لە ڕاخەر و پێخەف و پێداویستییەکان هیچمان قوتار نەداوە و چیمان لێ بەجێ نەماوە. خۆمان خستە



هەژار

پشـتی مـاشـێن و کـۆشی چیـا، بۆ داوێنی لووتکەی بەردینەی تەرەغە ڕێگەمان بڕی و تێهەڵبووین.

سێ نەفـەر بە شـۆفـێـرەوە لە پێـشی مـاشـێن و سێ نەفـەریش لە دواوە سـوار بـووین و ڕێ کـەوتین، هەر کـە گەیشـتینە جادەی قیرتاو، تەنیا گوێت لە خشپەی تایەی مـاشـێنەکـە دەبوو، ئیـتـر بوارت نەبـوو لێـرە و لەوێوە هەستیبە سەر پێ و بە پێوە ڕاوەستی، وژەی با دەتکوت بای سـەرسـەرە و بـەو شـەش نەفـەرەوە و چوار چەرخی ماشێنەکە قامکانی پەنجەی پێمان ڕێک میزان دەبوون.

لە عـەزیزکـەندەوە بەرەو بانوان تێ هەڵبـووین، لابڕ لێـمـانـدا بەرەو عـیـلمـاباد، تۆزی ڕێگا بووبوو بە کـەمـەربەندی وڵاتی چین و لە ئاسـمـانـدا هەر خـولی دەخوارد، هەتا هێندێک چاومان بە تۆز و خڕ و دۆڵانەوە خـافـڵا، گـەیشـتـینە گـوندی عـیلمـاباد و لە ڕێگای تەراکتۆرەوە تێپەڕبووین، هەتا گەیشتینە مەزرای قادری مامە حەمە لە بناری تەرەغە و بە دیوی گوندەکەدا.

بە عەلەتریکی چاو تیشکم هاویشتە پیاو و ژن و کچ و کوڕێکی گچکە، دەگەڵ تەراکتۆر و ترێلێک لە قەراغ شیناوەردەکان کە وەک جێی خەرمان دەچوو، دانیشتبوون و چاییان وەسەر کوچکا ئاورەکە نابوو، لە بن سێبەری دارەکـان هەڵکورمـا بوون و کـروشـمـەیان کـردبوو. جـار و بارێک شنەی باوێشکی بەرەزای بناری هەڵگورد، پرچی دارەکـانی وەک زوڵفی کـاڵ و واڵی کـیـژێکی سـاکـاری ڕازاوەی خـودای جـوانی وڵاتی لێـرەواری فـێنک فـێنک ڕادەژاند، وەک ڕەپسـتـەی تێـر ئاو لە وەخـتی خـۆیدا کەرویشـکەی پێدەکـردن. دەیانڕوانییـە ئێمەی نائاشنا و لێـمـان دەفکرین کـە دەبێ ئەوانە کێ بن بەو درەنگانە پەیدا بوون.

شـۆفـیـری بە دەست و برد سێ ئێـفـەکـەی ڕاگـرت و کـوژاندییەوە و هەمـوو دابەزین بۆ پرسیـار و پشکنین کـە ئەگـەر بچـینە شـوێنی دیاریکراو، بە کـوێدا بڕۆین و نەڕۆیـن، ڕاسـتی ئەو هەمـوو کـەل و پەلە کـاری کـۆڵ و باوەش نییـە، ئەگەر ئاواش نەبێ، ئیـدی چۆن ئەو کـێوە بەرزە و سێ ئێف!؟ بەڵێ لـە مـاشـێن دوور کـەوتینەوە و لەوان نزیک بووینەوە، گـەرچی ئەوانیش بەرەو پیـرمـان دەهاتـن، لەگـەڵ سـڵاو و خـۆ ناسـاندن لە گـەڵمـان، زۆر دۆست بـوون، چونکە لە بابەت کـاری ئیـدارییـەوە زۆر تێک هەڵـەنگوتبووین، هەروەها بابانمان بە یەکەوە، یەک مـاڵ و قـەدیمی و دۆست بوون، ئەمما ئێـمـە هەنگاوێک دوورتر ببـــــووینەوە، دوای خــــولـقــــێکی زۆر وەک عــەسـرانەیەکی درەنگ نـان و چاییــەکـمــان خــوارد و پشـوودانێک نە زۆر و نە کـەم و گـاڵتـەوگـەپێکی خـۆش، باینجانێکی زۆریان بۆ لێکردینەوە.

بەر لەوە لە مەزراوانان جیا ببینەوە، شیعری شاعیرێکم بیر هاتەوە کە گوتوویەتی:

**خۆزگەم بە خۆتکا لە شارستان دووری**
**تا دەمری دڵپاک و شاد و ڕووسووری**

لێک ترازاین و سـێـمـان بە پێـیـان و سـێـمـان بە سێ ئێفەکە بەرەو بەرزایی تێهـەڵبـووین. ڕاستی ئەو هەمـوو شێوەرد و چرگەن و شیـو و دۆڵ و گابەردی زل، سێ ئێف وەک کـوری چالاک و خـاراو کـە لە خـوارێ ڕا ڕێکەوت، ڕێک بێ وەستـان گـەیشـتە سەر کانی سـەنگەران، لێژ و هەڵەمووتەکەی تا ڕادەیەک توندە کە کوڕەکان دەیانگوت: زۆر جـار پێـشی مـاشـێنەکـە هەڵدەسـتـا، جـێگەی لێکۆڵینەوەیە کـــە خـــەڵکان چەندە بە لێـــزانی و تێگەیشـتوویی و بۆ ڕاحەتی خەڵکەکەیان چیبان دروست کـردووە کـە بە کـۆنەیی لە دەست ئێـمـەدا جـێی سـەیر و سەمەرەیە خۆلاسە خاوەن ماشێنەکە لەسەر کانییەکە لەو

جێگە ئاستەمەدا دوو دەرکی ماشێنی پێوەدا و بە کلیل دایخستن، بەردی گەورەیان وەبەر تەگەرەکان دا و بە کۆڵ تەلیسی حاجەتمان بەرەو مەنزڵگە، بەو شوێنە سینە کێشەدا و کۆڵ بە پشتەوە، ئارەقە زەنگۆڵ زەنگۆڵ یەک بە دوای یەکدا کە مەپرسە هەر یەکەی چەکەی ملمان جۆرێک دەهات، تێ هەڵ بووبووین، تاو بەرەو ئاوا بوون جار بە جار کەمی دێنا و تاریکیمان وەسەر دەکشا، بە هەر جۆرێک بێ، گەیشتینە شوێنی دیاری کراو، کە لەسەر ئەو دوندە و لەو جێگە ئاستەمە، لە نێو ئەو تاشە بەردانە وەتاغێکی بە پانی و درێژی 5X 3.5 بە بەردە شینە و سیمان داندراوە و بە داری چاک و تەختەبەند سەرەکەی گیراوە.

ئەو جێ وەتاغە پێی کوتراوە قەڵای خەڵکی، ناو وەتاغەکە بە ئەندازەی 4X3 تەختە، یان بە ئەندازەی 10 سانتێک بڵند تێیدا داندراوە کە مەبادا عەرزەکەی شێدار بێ، هەروەها کوورە و نەوت و چرا و لامپا و وردە وەسائیلی دیکەی تێدا داندراوە و هەر کەسەی چۆتە ئەوێ، دیارییەکی بەجێ هێشتووە، دەرکی خانووەکە لای ڕۆژهەڵاتی 3.5 مەتر پانی، دەرکێکی نزیکەی 70 سانتی ئاسنی تێدا، لە ژوورەوە دوو شاخەیەکی دوو فلیقانە، دەرگاکەی پێدا دەخرێ، ڕۆژاواکەشی هەر ئەو دەورانە دەبێ، پشتی دوو تاشە بەردی چوار مەتری زیاتر پانن و وەک نووکە مقەست دەچن، تەقریبەن بڵندییەکەیان 5 مەتر دەبێ کە ڕاستییەکەی دەڵێی نەجاڕ بە ئیشتییا لە بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاواکەیەوە ڕێک ڕەندەی لێداون، تیژی و بڵندی و پانایی ئەو تاشە بەردانە جێگەی مەترسین.

بەشی باشوورەکەی: دەبێتە هەڵدێرەکانی مەزراکانی دارە گردەڵە و سەیداوا و زنجیرە کێوەکانی تەرەغە و ملانەی پشتی سەیداوا و باخچە و گوندی تەرەغە.

بەشی باکوورەکەی: دەبێتە زنجیرە کێوی چەسپاو بە قەڵای خەڵکی، پشتی دارەگردەڵە.

بەشی ڕۆژهەڵاتەکەی: دەکەوێتە پشتی مالانی عیلماباد.

بەشی ڕۆژاواکەی: واتە کانی سەنگەران جێگەیەکە وەختی ویشکە سالی و تەڕە سالی بە یەک میزان ئاوی هەیە، لە دوو ملانەی بڵندایی کێوی تەرەغە و زنجیرە کێوەکانی عیلماباد و پشتی دارەگردەڵە، یانی ئەو جێگایە، ئەو نێوانە (کانی سەنگەران)ی پێ کوتراوە و کانییەکە کە بە ڕووکاری مەزراکانی عیلماباد دا هەڵکەوتووە و تەقریبەن دووسەد مەتر لە کێڵگەکانی بڵندترە و بەڵکە زیاتر، پاناوگەی سەر کانییەکە نزیکەی ٥٠ مەتر و درێژاییەکەشی نزیکەی بۆ تێکەڵاوی دەگەڵ بنەمای لووتکەی بەرزی تەرەغە ٧٠ مەترێک دەبێ.

ئاوی کانییەکە لە بەهارئاودا لە بەشی عیلمابادا گۆلبەندی لێ ساز دەکرێ و لە وەختەکانی دیکەدا هەتا ٣ یان ٤ مەتر ئاوەکە لە سەرچاوەکەی دوور ناکەوێتەوە و زیاد و کەمی بۆ نییە، لە پاناوگەی کانی سەنگەران، بنەمای قەڵای خەڵکی، زنجیرە کێوی دارەگردەڵە و عیلماباد سەنگەر بەندێکی سەیر بە بەردەشینە بێ نێوان هەتاکو تێکەڵی بنەمای کێوی تەرەغە بە ڕووکاری مەزراکانی عیلماباد دا لە ئەو پاناوگەیەدا بەردچن کراوە، هەروەها بە ڕووکاری بەشی مەزراکانی سەیداوا لە پاناوگەی کانی سەنگەران، بنەمای قەڵای خەڵکی زنجیرە کێوەکانی دارەگردەڵە سەنگەربەندی بێ نێوان هەتا تێکەڵ بە بنەمای کێوی تەرەغە بە ڕووکاری مەزرای سەیداوا بۆتەوە و ڕاستییەکەی ئەو سەنگەربەندییە، سەرسوڕهێنەرە کە چۆن ئەو کارە بە تابشتانە لە مرۆی زەحمەتکێش وەشاوەتەوە، کانییەکە لە نێوانی ئەو دوو سەنگەربەندەدا هەڵقوڵیوە و ئەو سەر گۆڕە پێی کوتراوە سەنگەران.

قەڵای خەڵکی: واتە جێگای دروستکراوی خانووەکە.

کانی هەرەسان: ڕووبەڕووی گوندی دارەگردەڵە.

کانی کوێستان: ڕووبەڕووی گوندی سەیداوا.

ئەشکەوتی مامۆستا هەژار: ڕووبەڕووی دارەگردەڵە و سەیداوا کە جێگەی خوێندن و نووسینی مامۆستا بووە، وەک پیرە پیاوەکانی ئێستای ناوچەکە دەڵێن: وەختی تاو کەوتنان فەقێ ڕەحمانی (هەژار) دەفتەرێک و گۆچانێک، وەخت و بێ وەخت سەرما و گەرما بەرەو ئەو ئەشکەوتە دەردەکەوت، بە زستان لە تەرەغەوە (گوندەکە) بە ڕێگاوە بە نووکی گۆچانەکەی لەسەر سینگی بەفرەکەدا شیعری دەنووسی، چونکە بەفرەکە توند بوو، ئەو نووسراوەیە هەتا گەڕانەوەی لە ئێواریدا بە قووڵایی نووکی گۆچانەکەی ماوەتەوە و پڕ نەبۆتەوە.

ئەشکەوتێکی دیکەش لە خوار ئەشکەوتی مامۆستا هەژار هەیە و نەمزانی نێوی ئەو چییە.

ئەو مەزرایانەی کێوی تەرەغەیان گەمارۆ داوە بریتین لە:

کۆچەری، شامحەممەد (هەمان خانی لەپ زێڕین)

شا محەممەد دەبێتە نێوی ئەو گەورە پیاوانەی کە لەگەڵ سارم بەگی کورد بوون و دەگژ شا عەباسی سەفەوی ڕاچوون.

کانی سپی(خودا): ڕووبەڕووی گوندی تەرەغەیە.

قازانە سەر: مەزرای بن شاخی تەرەغەن.

حەوشەی شیلانان: مەزرای گوندی دارەگردەڵە.

پیرسلەمان: مەزرای گوندی دارەگردەڵە و لاپاڵی کێوەکە دارەقەزوانی پێوەیە و بە وتەی قەدیمییەکان شەخس بووە وەک پیر محەممەدی بوغدەداغی.

تەرەغە: شاخێکی زۆر قووچە لە موکریان، گوندێکیش بەو ناوە لە دامێنی هەیە کە مامۆستا هەژار بە گەنجی لەوێ ژیاوە.

مامۆستا هەژار فەرموویەتی:

**هەر لە لاتن؟ دەمەوێ سەیری بکەم**
**سەنگەری سارمی خوێن ڕێژی عەجەم**
**دێتەوە بیر کوڕی کورد، مەرگی ئەوێ**
**ئەو سەرەی ناوێ بە خوێڕی بنەوێ**

سارم بەگ کە لەگەڵ شا عەباسدا شەڕی کردووە و ئێستاش سەنگەرەکانی لەو کێوە ماون.

**باغچەیە سەریەتی چوار دیوارە**
**پاش بلاغە و قەرەڵی و نۆبارە**
**کانییە ڕەش لان و مەکۆی چاو جوانان**
**بەند و باون لە دەمی خۆش خانان**
**زانین ئاوات کە لە بن بالایە**
**گش لە لاوچاکی دەسی بالایە**

باغچە و سەرباغچە و چوار دیوار و پاشبلاغ و قەرەڵی و نۆبار و کانییەڕەش و عیلماباد، چەند گوندێکن بە دەوری تەرەغەوە.

**هەر بە قەزوانە ملی (پیرسلەمان)**
**تەڕ دەژی دوورە لە ئاسۆگی نەمان**
**(کۆشکی زارا)کە بە خاڵ نەخشاوە**
**هەژدیهای نەمری لە داوێن ماوە**
**شانی میرقازی چڕ و بژوێنە**
**زیندەوەر لێی دەگەڕێ، دژوێنە**
**خۆش بووە پێمەڕەکەی فەرهادی**
**بۆ سەری دوژمنی ڕێی ئازادی**
**تەرەغە کێوی لە مێژینەی کورد**
**کۆنە هاوڕازی سەفین و هەڵگورد**
**ئاگری و پیرس و مازێ و ساسۆن**
**خزمی پیرانی کەس و کاری تۆن**
**لە لوڕستانەوە تا پشت تووڕۆس**
**گەلێ زۆرن بنەماڵەی زاگرۆس**
**کورد هەزاران و هەزاران ساڵە**
**سایە پەروەردە، ئەژین لەو ماڵە**

پیرسلەمان و کۆشکی زارا و میرقاز و پێمەڕەی فەرهاد،چەند چیان لە دەوری تەرەغە.

هەژدیها داشی: بەردێکی سپییە لە داوێنی کۆشکی زارا، گۆیا ماربووە و ئیمامی عەلی کردوویەتە بەرد.

سەفین، هەڵگورد، پیرس و پیران لە چیاکانی کوردستانی ئازاد کراوی ئێراقن.

ئاگری و مازی و ساسۆن و تووڕۆس و جوودی لە چیاکانی کوردستانی داگیرکراوی تورکیان.

**عەرەب وا هات بە سەرا وەک لێشاو**
**بێ بەزەیی دڵ ڕەشی فێڵ بازی بە داو**
**چەنگی چەنگیزی بە خوێن پاراو بوون**
**بۆ هەلاکۆ بەرەگە و سەر ڕاو بوون**
**جارێ تەیموور بە شەلی سەر دەکەوت**
**تیری کوێری کەڤری بەر دەکەوت**
**شا عەباس ویستی سمێڵ با بڕ کا**
**کێو لە بن بێنێ، گەلی کورد قڕ کا**
**نادریش سووری لە زۆر جێگا دا**
**بە هەڕ و گێڤەوە خۆی لێ بادا**
**زۆری زۆردا کە سەرێک پێی وێران**
**بە ملی وردەوە لێی هەڵدێران**
**خوات لەگەڵ بێ تەرەغەی قیت و قۆز**
**جەژنی ڕزگاری نزیکت پیرۆز**

**سەرچاوە:**

**بۆ کوردستان، دیوانی شیعری هەژار. چاپی شەشەم، ناوەندی بلاوکردنەوەی هەژار، سنە ۱۳۸۵.**




# ڕۆژباش ئەی خەم
# و
# چێژی ئیرۆتیکی

**هاشم سەڕاج**

«ڕۆژباش ئەی خەم» ڕۆمانێکی ژنە نووسەری فەڕەنسی «فرانسواز ساگان»ـە، «دلاوەر قەرەداغی» لە زمانی «عەرەبی و فارسی»یەوە کردوویەتی بە کوردی و «ژوان شوانی» لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکە بەراوردی کردووە، هەروەها پێشەکی چاپە ئینگلیزییەکە، کە [ڕەیچل کۆسک] نووسیویەتی، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لەگەڵ ڕۆمانەکە و لەژێر ناوی «پێشەکی» بەیەکەوە بڵاوکراونەتەوە و وەرگێڕی کوردی کورتە نووسینێکیشی لە بارەی ژیانی «فرانسواز ساگان» نووسیوە، سەرەتا هەوڵ دەدەم لە پێشەکییەکەی «ڕەیچل کۆسک» هەندێک زانیاری و بیروبۆچوون و دنیابینی سەبارەت بە ڕۆمانەکە هەڵێنجێنم، پاشان تۆزێ لە ژیانی «ساگان» دەدوێم، ئینجا وردە وردە ڕووەو جیهانی ڕۆمانەکە دەبمەوە، ڕەیچل کۆسک پێی وایە [یەکێک لە ئیرۆنییەکان ڕەوشی نووسەر ئەوەیە کە هەندێک جار گوزارشت لە خۆکردن دەبێتە قەدەری خەیاڵ و جڵەوی ژیانی دەکات و لای خوێنەر کەم تا زۆر قەدەری نووسەر و نووسینەکانی لە فەسڵەکانی ڕۆمانێک دەچن، خوێنەر نائاگایانە نووسەرەکەی وەک کارەکتەرێکی ناو چیرۆکەکە لەلا بەرجەستە دەبێت و جۆرێک لە نائومێدی بەرانبەر نووسەران دامانده‌گرێت] ڕەیچل لە بیۆگرافیای ساگان دەدوێت کە دوای مردنی لە ساڵی ٢٠٠٤دا نووسراوە و پڕە لە ئاماژە بۆ شکست و تراژیک و گۆشەگیری و ڕیسوایی و مەینۆشی و ناوزڕان.. ساگان ئەم ڕۆمانەی لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا نووسیوە و تێیدا باس لە نامۆراڵی و هیدۆنیزم «چێژگەرایی دەکات»، ساگان کە خولیا شێتانەکەی بۆ ئاژووتنی خێرای ئۆتۆمبێل، بەشێکە لە ئەفسانەی ژیانی، ئۆتۆمبێلەکەی وەردەگەڕێ و بە سەختی بریندار دەبێت، هەڵبەتە دواتر ئەم حاڵەتە لە کەسایەتی «ئان لارسن»دا بەرجەستە دەبێت «ه.س».. ڕەیچل جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە مۆراڵ و نەبوونی مۆراڵ تێمای سەرەکی ڕۆمانەکەیە.

ساگان بە کارەکتەری «سیسیل»ی حەڤدە ساڵانی بێ دایک و باوکە موونەوەرەکەی تا بڵێیت بەدەمیەوە داوە و مشتێک بەهای ئەخلاقی پێ بەخشیوە، نموونەیەکی ڕووتی ئەو گۆڕانکارییانەی نیشان داوە، کە بەسەر هۆشیاری ئینساندا دێت،

ڕەیچل دەڵێت ئەستەمە بڕوا بکەیت ئەمە، واتە ئەم تێکستە کاری نووسەرێکی هەژدە ساڵانە، پاشان پوختەی ڕۆمانەکە لە چەند دێڕێکدا کورت دەکاتەوە، ئاماژە بەوە دەدات کە سیسیل دوو ساڵ پێشتر لە دەیر خوێندوویەتی، کە باوکی بە شوێنیدا دێت بۆ وێستگەی شەمەندەفەر و لەوێ بە بینینی جلوبەرگی ناشرینی کچەکەی شەرمەزار دەبێت، وەک بڵێی ماوەی چەند ساڵێک بێت، بۆ جارێکیش چییە یەکدییان نەبینیبێ و سیسیل لە نێوان تەمەنی دوو ساڵی تا پازدە ساڵی هەتیو بووبێ، هەڵبەتە دوای مردنی دایکی، ڕەیچل هاتنی ئان لارسن بۆ ڤێلاکە بە گەڕاندنەوەی جیهانی ونبووی سیستم و ستراکتۆر و پەروەردە و ئاکار لە قەڵەم دەدات و لەیەکە یەکەی کارەکتەرەکان دەدوێت و ئاماژە بە دابەشبوونی خود لەلای سیسیل دەدات و پێی وایە مۆراڵ جۆرێکە لە ڕەقبوونەوە لە خود.

فرانسواز ساگان «١٩٣٥-٢٠٠٤» ژنە ڕۆمانووسی فەڕەنسی، سەر بە نووسەرانی شەپۆلی نوێی فەڕەنسا، لەدوای دووەمین جەنگی جیهانی بە ڕەمزی یاخیبوونی گەنجانی فەڕەنسا دادەنرێت، هەروەها وەک ژنێکی فێمێنیستیش ئاماژەی پێ دەدرێت، ساگان لە ڕاپەڕینە کۆمەڵایەتییەکانی ئایاری ١٩٦٨ چالاک بووە و دیداری ساخارۆف و کاسترۆی کردووە و یەکێکیش بووە لە دۆستە نزیکەکانی (فەڕانسوا میتران)ی سەرۆکی فەڕەنسا، ساگان لە ساڵی ١٩٥٧ بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێل بە سەختی بریندار دەبێت و ئیدی نەخۆشی و ئالوودەبوون بە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و مەینۆشی یەخەگیری دەبن. لە ساڵی ٢٠٠٤ لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا لە نەخۆشخانەدا دەمرێت، ژاک شیراک لە بارەی ساگانەوە دەڵێت: ساگان سیمبۆلێکی دیاری نەوەکەی خۆی بووە و لە فەڕەنسا پشتیوانێکی گەورەی پێگەی ژنان بووە، بە مردنی ساگان فەڕەنسا یەکێک لە درەوشاوەترین و هەستیارترین نووسەرانی خۆی لەدەست دا، هەروەها - ژان پیەر ڕافارن-ی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی فەڕەنساش دەڵێت «ساگان زەردەخەنەیەکی خەمگینی پڕ ڕەمز و ڕاز و لە هەمان کاتدا شادمانییبەخش بووە». ساگان زیاتر لە ٤٠ ڕۆمان و کۆنۆڤلێت و شانۆنامە و سیناریۆی فیلمی نووسیوە و ئەم ڕۆمانە کە لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا نووسیویەتی و لە ساڵی ١٩٥٤ دا چاپ کراوە و بۆ زیاتر لە ٢٢ زمان وەرگێڕدراوە.

«دەقی ڕۆژباش ئەی خەم» لە دوو فەسڵ پێکدێت و هەر فەسڵێکیش چەند بەشێک لەخۆ دەگرێت، «سیسیل» کچە تاقانەی ڕەیموند تەمەنی حەڤدە ساڵەو ڕاستەوخۆ ڕووداوە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم ڕۆمانە دەگێڕێتەوە.

لە میانی گێڕانەوەکانی «سسیل»یش، جار جارە تەکنیکی دیالۆگ بەکاردەبرێت و درێژە بە ڕووداوەکان دەدرێت و کردەی نووسین هێندە بە سەلیقە و داڕژان و چێژ بەخشی بەردەوامی بە ڕووداوەکان دەدات، وەرگر ناتوانێت دەستبەرداری دەقەکە بێت و حەز دەکات لە کەش و ئەتمۆسفێری دەقەکە دوور نەکەوێتەوە، وا هەست دەکات «فرانسواز ساگان»ی دانەر حەز و خولیاو بەسەرهاتی ژیانی لە کەسایەتی «سیسیل»ی کارەکتەردا بەرجەستە دەکات، دەقی ڕۆژباش ئەی خەم.. بە گشتی هەڵگری بنیادێکی شەهوەتی و ئیرۆتیکییە «ڕەیموند»ی بێوەپیاو کە تەمەنی چل ساڵە.. ژیان لە کەیف و سەفاو عەیش و نۆش و چێژی سێکسیدا کورت دەکاتەوە، تا سەر ئێسقان مرۆڤێکی ئەپیکۆرییە، چێژ پەرست و جەستەپەروەر، مێباز، هەر هەشت مانگ جارێک دەستبەرداری ژنێک دەبێت و لەگەڵ ژنێکی تردا تێ هەڵدەچێتەوە، حەز دەکات وەک بوهیمییەت ساتەکانی ژیانی لەتیاترۆخانە و مەیخانە و شەونشینییەکان بەسەر ببات، ئێستا «ئێلزا ماکنبورگ»ی کچە سۆزانی دۆستیەتی، ئێلزا هاموشۆی باڕ و سینەماکانی شانزەلیزەی دەکرد، کچێکی باڵابەرزی قژ سوور، ناسک و خاکەڕا، کەش و ئەتمۆسفێری ئەم ڕۆمانە بڕێک جار جیهانی ڕۆمانەکانی «د.هـ. لۆرانس ١٨٨٥-١٩٣٠»مان بیر دەخاتەوە، بە تایبەتی ڕۆمانەکانی دۆستی لێدی چاترلی و ژنە عاشقەکان، پاکیزەکە و پیاوە غەجەرییەکە، لۆرانس لەم ڕۆمانەدا چەمکی چێژ و جەستەی گەیاندووەتە چڵەپۆپە، بە تایبەتی جوانی جەستە و چێژی سێکسی، هەوڵی داوە پێگەی جەستە بگەیەنێتە پێگە و پایەی ڕوح، چونکە لە ئەدەبیاتی ئەوسا ئەوەندەی بایەخ بە چەمکی ڕوح دەدرا، نیو ئەوەندە بە جەستە نەدەدرا، یان بەشێوەیەکی تر جەستە لە ڕوانگەیەکی لاهووتییەوە پەراوێز خرابوو، ڕەنگە بەشێکی ئەم ڕوانینە لە نووسینەکانی «قدیس

ئۆگستین»ـەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە تێمای ڕوحی گەیاندبووە چلەپۆپە و جەستەشی بە چەمکی گوناح و گومڕایی لە قەڵەم دابوو، بەڵام لۆرانس هاوکێشەکەی قلْپ کردەوە و پێگەیەکی بەهێز و جیاوازی بە جەستە بەخشی، ئێستاش لە فەلسەفەی پۆست مۆدێرندا جەستە بە مەڵبەندی جوانی و خۆشی و خرۆشان دادەنرێت، بۆیە ڕۆمانی ڕۆژباش ئەی خەم، کاریگەری لەسەر چێژی سێکسی و جوانی جەستە کردووە، ڕەیمۆند پیاوێکە لە بواری ڕیکلام و پۆستەردا کار دەکات و هاوکات باوکێکی زەینکراوە و شارستانی و ئازادە و دوای مەرگی ژنەکەی، ژیان لە کەیف و سەفا و سرووتێکی دیۆنیزیۆسیدا کورت دەکاتەوە و مەی دەنۆشێت و لەگەڵ ژنە سۆزانییەکان ڕادەبوێریت، لە هەمان کاتدا ئازادییەکی تەواو بە «سیسیل»ی کچە هەڤدە ساڵانەکەی دەدات، سیسیل قوتابی زانکۆی «سۆربۆن»ـە، کچێکی نازپەروەر و ئازاد، حەز دەکات بە ویست و ئارەزووی خۆی بژیت، سیسیل دوو ساڵ لە دەیر خوێندوویەتی، کاتێک باوکی دیدەنی دەکات، سیسیل جلێکی شڕی لەبەردایە و خەمبار و کەساس، ئیتر لێرە بەدواوە بایەخی پێ دەدات، ڕەنگە ئەم حاڵەتە پێوەندی بە مەرگی ناوادەی دایکی سیسیلەوە هەبێت، بەڵام ڕەیمۆندی باوکی دیارە لە زوویەکەوە عاشقی «ئان لارسن»ـە، ئان هاوڕێی، یان دەستەخوشکی ژنە کۆچکردووەکەی ڕەیمۆندە، ژنێکی سەلار و کەمدوو و خاوەن تێفکرین و ڕووانینێکی قووڵە و بە نهێنی حەزی لە ڕەیمۆند کردووە، دەق هەمیشە بابەتێکی شاراوە دەورووژێنێت، پێی وایە ئەو کچ و کوڕ و ژن و پیاوانەی کاتێک لە شوێنێک بەیەکەوە دادەنیشن، یان شەونشینی دەکەن و دەخۆنەوە، بەشێوەیەکی غەریزەیی حەز و نەشوەی سێکسیان بۆ یەکتر دەورووژێت.

ڕەیمۆند بە سیسیل دەڵێت حەز دەکەم لە کەنار زەریای ناوەڕاست ڤێلایەکی هاوینە بەکرێ بگرم، «ئیلزا»ش لەگەڵ خۆمان بەرین، سیسیل وەک کچێکی گەنج بڕوای بە عیشقی خێرا و ڕاگوزەر و تیژ تێپەڕ هەیە و خۆشی لە تێکشکاندنی مۆراڵ و نەریتەکان دەبینێت و ژیان لە چرکە خۆشەکانی گەمەی جەستە و ئازادی و کردە هەنووکەییەکاندا چڕ دەکاتەوە، هێندە بیر لە دواڕۆژ ناکاتەوە، سیسیل لە بیرکردنەوەدا پێچەوانەی (ئان لارسن)ـە کە ژنێکە بایەخ بە پەروەردە و مۆراڵ و ئایندە و خۆشگوزەرانی دەدات، حەز دەکات چەشنی دایکێک ڕێنمایی سیسیل بکات، ئەم حاڵەتەش لە ئازادی سیسیل کەم دەکاتەوە.

زۆربەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە ڤێلا سپییەکە و کەنار دەریا ڕوو دەدەن و ژیان لەوێ خۆی لە چێژ و لەززەت و خۆشگوزەرانیدا دەدۆزێتەوە، ڕەیمۆند لەگەڵ ئێلزا ڕۆژانە لە دەریادا مەلە دەکەن و لە کەناردا لەسەر سک و پشت ڕادەکشێن و چێژ لە لمەکە دەبینن و ئێلزا جەستەی خۆی دەداتە بەرخۆر، سیسیل بەڕێکەوت چاوی بە بەلەمە قلْپەوە بووەکەی «سیسیل»ی گەنج دەکەوێت و دەست و برد فریای دەکەوێت و ڕزگاری دەکات- لێرەوە پێوەندی ئەڤینی و سێکسی لەنێوان سیسیل و سیریل-دا دروست دەبێت، ڕەیمۆند لەگەڵ ئێلزا ڕادەبوێرێت و سیریلیش لەگەڵ سیسیل، سیریل ڕۆژانە سیسیل سواری بەلەمەکەی دەکات و بەیەکەوە بۆ دوورترین شوێن دەڕۆن و لەوێ لە دارستانەکان ماچومووچ و گەمەی سێکسی دەکەن، یان لەنێو بەلەمەکەدا یەکتر لە باوەش دەگرن و چێژ لە هەژانی بەلەمەکە دەبینن.

دەق لە بنەڕەتدا لەسەر بنیادێکی چێژی ئیرۆتیکی ڕۆنراوە، سیریل هەوڵ دەدات سیسیل فێری هاژووتنی بەلەمە چارۆکە دارەکەی بکات، سیریلیش قوتابی سۆربۆنە، بەڵام کاتێک ڕەیمۆند داوەتی «ئان لارسن» دەکات بۆ ڤێلاکە، هێدی هێدی پێوەندییەکانی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئان تەمەنی چل و دوو ساڵە، ژنێکی جوان و هێمن و سەرنجڕاکێش، نەفس بەرز و لە خۆبایی، ڕەیمۆند ڕۆژانە ئێلزا و ئان بەیەکەوە بەرەو دەریا دەبات و دوای مەلەکردن لەسەر لم ڕادەکشێن و لەشیان دەدەنە بەر خۆر، سیسیل دەرفەتێک دەقۆزێتەوە و لەگەڵ سیریل سواری بەلەمە چارۆکە دارەکە دەبن و دوور دەڕۆن و ماچومووچ و دەستبازی دەکەن، ژیان لەم ڕۆمانەدا لە زەماوەند و شایی و ئاهەنگسازی و گەمە و خۆشییەکانی جەستە دەکات.

هەڵبەتە فرانسوا ساگان ئەم ڕۆمانەی لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا نووسیوە، خوێنەر هەست دەکات کردەی نووسین بە ڕیتمێکی هەرزەکاری، یان گەنجی درێژە بە ڕووداوەکان دەدات و حەز و خولیاو هەوەس و هەستە سێکسییەکان لە ئەتمۆسفێرێکی درەوشاوە و کراوە و

ئازاددا خول دەخۆن و گوزارشت لە جوانی و ئارەزووی سێکسی و گەرموگوڕی تافی گەنجی و عیشقی خێرا و چێژی ڕاگوزەر دەکەن.

ڕەیمۆندیش بە هەمان شێوە عیشقی جوانی جەستە و ڕوخساری شۆخوشەنگە و لە عیشقدا بڕوای بە مەسەلەی وەفاداری و پەیمانداری نییە، وەک کەسێکی بێ باک و بوهیمی کێشەکانی بەردەم عیشق بە پووچێتی و خەیاڵی ناو دەبات، بەڵام دوای هاتنی ئان لارسن، هێدی هێدی پێوەندییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، ئان دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر خانەوادەکەیدا بسەپێنێت و سیسیل هان دەدات کۆشش بکات و پێوەندییە ئەڤینییەکەی لەگەڵ سیریل دا بپچڕێنێت، کەچی سیسیل لە بنەڕەتدا وەک کچێکی ئازاد و ناز پەروەر هەڵکەوتووە، ڕەیمۆندی باوکی هەوڵی دەدا بە شاری پاریس و ئارایشت و مۆد و جوانی ئاشنای بکات و چێژی ژیانێکی پڕاوپڕ لە ئارامی و ئاشتی و خۆشی پێ تام بکات.

سیسیل خەم و تەنگژە ڕوحییەکانی بەخێرایی لەبیر دەکردن و زەوق و ئارەزوو بۆ کەیف و سەفا سیفەتی دیاری سیسیل بوو، سیسیل لە پاریس جگە لە کتێبەکانی قوتابخانە، کاتی نەبوو کتێبی تر بخوێنێتەوە لەگەڵ هاوڕێکانی سەردانی سینەماو قاوەخانەکانی دەکرد و چێژی لە خواردنەوەش دەبینی و ناوی کۆمەڵێک ئەکتەری سینەمایی لەبەربوو، هاوڕێکانی سەربان سوور دەما، لەگەڵ هاوڕێکانی لە شەقام و کۆڵانەکانی پاریس پیاسەی دەکرد و لە شوێنە تاریک و فێنکەکان ماچوموچیان دەکرد و سیسیل چێژی سێکسی و گیانی لەم کردانە وەردەگرت و هاوڕێ هەرزەکارەکانی بێ ئەژمارابوون، ژان، ژاک، هۆبەرت...تاد. شەوانەیش لەگەڵ ڕەیمۆندی باوکی دەچوونە شەونشینییەکانی پاریس و کاتێکی خۆشیان بە عەیش و نۆش و کەیف و سەفا بەسەر دەبرد، سیسیل دەڵێت [تەنیا خەوشی باوکم ئەوەبوو، ماوەیەک بەبێ بچووکترین حەیا و شەرم، هەموو شتێکی لە بارەی عەشقەوە بۆ بەر هەڵدا دەکردم و منیش کە هێشتا بچووک بووم و ئەزموونی زۆرم لەو بارەیەوە نەبوو، دەهەژام و لەزەتم دەبرد] و هەندێک ڕستەگەلم لە دەمی باوکمەوە ئەزبەر کردبوو، لەوانە ڕستەیەکی ئۆسکار وایلد کە دەڵێ «گوناح تاقە ڕەنگێکی زیندووی دنیای مۆدێرنە». لێرەدا گوفتارێکی «نیتشە»م بیردێتەوە سەبارەت بە کۆمەڵگا مرۆییەکان، پێی وایە سەرەتا لە کۆمەڵگادا «چێژ» هەبوو، دوای هاتنی ئایینی مەسیحی و چەسپاندنی ڕێسا و یاساکان «مەینەت» شوێنی چێژی گرتەوە، ڕەیمۆند لە دەریا و کەنار دەریادا لەگەڵ ژنەکانی بەردەوام یاری سێکسی دەکات و جار جارەش خەریکی وەرزشە تا ورگەکەی دابنێت، ئێلزای تەمەن ٢٩ ساڵ و ئانی تەمەن ٤٢ ساڵ، لەنێوانیاندا دەڕوات و باسکی هەردووکیان دەگرێت. ئێلزا جەستەی بە سەختی لەبەر هەتاودا سووتاوە، ئانیش بەناو قەدێکی باریک و پاوپوزێکی ڕێک ڕێ دەکات، ڕەیمۆند وەک پیاوێکی بێ باک و بوهیمی و بەرەڵڵا لەگەڵ سۆزانییەک و ژنێکی خۆپاریزدا دەژی، دڵی هەردووکیانی ڕاگرتووە.

«ئان لارسن» بەم شێوەیە لە بارەی عیشقەوە بۆ سیسیل دەدوێت و پێی وایە عیشق زنجیرەیەک هەستی جودا جودا نییە، عیشق شتێکی ترە، میهرەبانی بەردەوام و ناسکی و بیرکردنی کەسێکە شتگەلێکی ترە کە تۆ تێیان ناگەیت، بەڵام سیسیل بە چێژێکی ڕاگوزەرانە لە چەمکی عیشقی دەڕوانی و زۆربەی شەوان لەگەڵ سیریل بەیەکەوە بۆ سەما دەچوون بۆ قاوەخانە و دیسکۆکانی سان ترویە بە ئاوازی کلارنێت سەمایان دەکرد و وشەی عاشقانەیان بە گوێی یەکدیدا دەچرپاند، بەرۆژیش بەدرێژایی کەنار بەلەم سوارییان دەکرد، سیسیل لە ژوورەکەیدا کۆشش دەکات، کەچی بیری هەر لەلای سیریلە، تێزی خوێندنەکەی لەسەر فەلسەفەی «برگسۆن»ە، جار جار چەند ڕستەیەکی کانت و باسکاڵ فڕێ دەدات، یان ئەوەتا خاولییەک لەسەری دەئاڵێنێت و دەست بە مەشقی بودایی دەکات، سیسیل لەم ڕۆمانەدا وەک کارەکتەرێک هێمای بزاڤی پۆست مۆدێرنە و چێژ لە هەست و هەڵسوکەوت و ڕوانینە بوونگەراییەکانی وەردەگرێت و خۆشییەکانی ژیان لە چێژی چرکەی تێپەڕی ئیرۆتیکیدا دەبینێت، کاتێک ڕەیمۆند بڕیار دەدات هەموو بە یەکەوە بڕۆن بۆ «کان» و شەو بە قومار و سەما و شەراب نۆشین بەسەر ببەن، ئێلزا بێ ئەندازە خۆشحاڵ دەبێت، چونکە ئاشنای گازینۆ و تیاترۆخانەکانی «کان»ە، هەموو گوروتینیان تێ دەگەڕێت و

ئان جلێکی خۆڵەمێشی دەپۆشێت، ڕەیمۆند خـۆی فـێـری سـەمـای «بی پوپ» دەکـات و لە تیـاترۆخـانەکـەدا لەیەکـتـر هەڵدەبڕێن و ئێلزا لەگـەڵ سـەرخـۆشـێکی خـەڵکی ئەمـریکای باشوور دەخواتەوە.

ڕەیمۆند دەسـتی لەسـەر باسکی «ئان»ـەو بە یەکـەوە تیـاترۆخـانەکـە جێ دەهێڵن و دەگەڕێنەوە ڤێلاکە.

دەق ڕاستەوخۆ کـار لەسەر حەز و ئارەزوو و هەوەسـە ئیـرۆتیکییـەکـان دەکـات و کـارەکـتـەرەکـان چێـژ و ئاسوودەیی ژیان لە کردەی سێکسی و کەشی تیاترۆخانەکاندا دەدۆزنەوە، ئێلزا لەوێ بـەوپەڕی ئازادییـەوە گـوزارشت لە حـەز و ئارەزووەکـانی دەکات، ئێلزا چێژ و خۆشییـەکـانی ژیان لە چرکـە سـۆزانییـەکـانـدا دەبینێت، حـەز دەکـات لەگـەڵ جەستەی جۆراوجۆر یاری ئیرۆتیکی ئەنجام بدات.

دەق لە ڕێگەی هەڵسـوکـەوت و ئاخـاوتنەوە، لایەنی سـایکۆلۆژی کارەکتەرەکان دەخاتە ڕوو، ڕەیمۆند بە ئۆتۆمـبـێلەکـەی ئان دەگـەڕێـتـەوە ڤـێـلاکـە و ئەوان جێ دەهێـڵن، سیسیل و سیریل خەریکی سەما و ڕابواردنن، ئێلزا تیـاترۆخـانە بە جیـهـانی خۆی دەزانێت، ڕەیمۆند لە بنەڕەتدا دژی هاوسەرگیرییە و حەزی بە ئازادبوون و ژیانی بوهیـمیـەت و عەیشونۆش و شەوی سوور و کەیف و ڕابواردن هەیە، کـەچی ئێـسـتـا خـەریکە لەگـەڵ «ئان لارسن»ی ژنە سـەلار شـایی و زەمـاوەند ڕێکدەخات، ئان دەیەوێت شووی پێ بکات و لە جیهانی بەرەڵڵایی و بێ مـۆراڵی ڕزگـاری بکـات، بەم ڕووداوەش یەکسەر ژیانی سیسیل و سـیـریل ژێرەو ژوور دەبێت و ئەو

ئازادییـەی هەیانە لەدەسـتی دەدەن، ئان برِوای بە ژیانێکی ڕێکوپێک و بە بەرنامـە هەیە و دەیەوێت ڕۆڵی دایکێکی سەلار ببینێت و سیسیل ڕۆژانە لەگەڵ سیریل لە دورگەکاندا خـەریکی بەلەم سـوارییـە و لەسـەر گەلای سنەوبەر بەیەکەوە تل دەدەن و ماچوموچ و یاری ئیرۆتیکی دەکەن و کاتێک دەگەڕێتەوە ڤێلاکە، بۆنی گـەڵای سنەوبەری لێ دێت، ئیـتـر کێشە سەرەکییەکە لێرەوە دەست پێ دەکات، ئان بە سیسیل دەڵێ: [تۆ تەمـەنت حـەڤـدە سـاڵە و من تاڕادەیەک ئێستا بەرپرسیاری تۆم، دەبێت خـۆت بۆ تاقـیکردنەوەکـان ئامـادە بکەیت، ئەمـەش بۆشـایی ئێوارانت پڕ دەکاتەوە]، مەبەستی ئەوەیە واز لە سـیـریل بهـێنێت، کـاتەکـانی بۆ کۆشش کردن تەرخان بکات و خـەریکی فـەلسـەفـەی برگسـۆن بێت- ئیـتـر لەمـە بەدوا ئەتمۆسفێری دەق ڕەوشە فیستیڤالی و ئاهەنگسازییەکەی لە دەست دەداو چەمکی مـەینەت و تراژیدیا باڵ بەسەر ئەتمۆسفێری دەقدا دەکێشێت، سـیـسـیل دووچاری جـۆرێک لە دڵتـەنگی و خـەمـۆکی دێت و ڕۆژ بەڕۆژ لاوازتر دەبێت و بە بێدەنگی لە کـەنار دەریادا خـەو دەبیـاتەوە، ڕەیمۆندیش هەڵوێستی بەرانبەر کچە تاقـانەکەی دەگـۆڕێت و خەریکە لە ئازادییـەکـەی کـەم دەکـاتەوە و لەم ڕووەوە ئان کـاری لەویش کـردووە، دەق بە شێوازێکی سایکۆلۆژی کـار لەسەر خودی کارەکتەرەکان دەکات و مەینەت و دڵەڕاوکێیان دەخاتە ڕوو، ئێـسـتـا سـیـسـیل لە حـاڵەتێکی لەتوپەت بوونی خـودیدا دەژیت، هەست دەکات سووژە- سوبجێکت-ی تادێت دابەش دەبێت و دەبێـتـە

خـاوەن سـووژەیەکی لەتوکـوت، بەشـێک لە منەکـەی ڕقی لە ئان دەبێـتەوە بەشـەکەی تری خـەریکی پاساو هێنانەوەیە، سیسیلی کچە نازپەروەر و ئازاد ئێستا بارستاییەکە لە خەفـەت و دڵەڕاوکێ، بڕێک جار ویژدانی ئازاری دەدات، بە تایبـەتی ئەوکاتانەی دژایەتی و بەربەرەکانێی ئان لارسن دەکـات، سـیـسـیل لە ڕێگەی «ئێلزاو سـیـریل»ـەوە پیـلانێک دژی ئان دادەڕێژێت. بە تایبەتی دوای ئەوەی ئێلزا سـەردانی ڤێلاکە دەکات بە مەبەستی بردنەوەی جانتا و کـەلوپەلەکـانی، سیـسـیل هـانـی دەدات دووبـارە لـە ڕەیمـۆنـدی باوکی نزیک بکـەوێتـەوە تا ئان لارسن تووشی شـۆک بێت، ئێلزا دەزانێت ڕەیمۆند دەیەوێت ئان لارسن بخـوازێت و سیـسیلیش خـەمگین و سـەرگـەردان، چۆن دەتوانێت لەم ڕەوشەدا کۆشش بکات و لیسانسی زانکۆ بە دەست بهێنێت.

کـەواتە دەتوانم بڵـێم تێکست بەشـێوەیەکی ناڕاسـتـەوخۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکـات کە لە پێوەندییە مرۆییەکـاندا شـتێک نییە بەنێوی حەقیقەتی پەتی و ڕەها، مرۆڤەکان لە پێناوی بەرژەوەندی تایبـەتی هەوڵی داگیـرکردنی یەکتـر دەدەن بۆ ئەوەی ویست و حەز و ئارەزووەکـان جێبـەجێ بکەن، بە تایبەتی حەزی غـەریزەی سێکسی کە لە نائاگاییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەگەر سیسیل و سیریل چێژێکی ئیرۆتیکی بەیەکەوە کـۆیان دەکـاتەوە، ئەوە «ڕەیمۆند و ئان»یش لە هەمـان هاوکـێـشـە بەدەرنین، بۆیە دەتوانم بڵـێم دەق لە دەسـتـپـێکەوە هەڵگری بنیـادێکی ئیـرۆتیکیـیـە و کـار لەسـەر تێکشکاندنی مـۆراڵ و چێـژی

سێکسی دەکات، ئان لارسن لەسەر ڕەوتی مـۆراڵی و پەروەردەیی، هەڵسوکەوت و هاندانەکانی بەردەوامە و تا دەگاتە ئەو ڕادەیە دەرگا لەسەر «سیسیل»دا دەخات، سیسیل کاتێک هەوڵ دەدات دەرگای ژوورەکەی بکاتەوە، واقی وڕدەمێنێت، کە دەرگای بەسەردا داخراوە، لەسەر چرپاکەی ڕادەکشێت و بیر لە ڕەفتارەکانی ئان دەکاتەوە، ئان دەیەوێت هەر چۆنێک بێت شوو بە ڕەیمۆند بکات و ژیانی سیسیلیش بگۆڕێت، چونکە ئان خۆی بە عەشیقەی ڕەیمۆند نازانێت، بەڵکو بە هاوڕێیەکی میهرەبانی، هەمیسان ئەتمۆسفێری دەق کەشە کەرنەڤاڵی و ئاهەنگسازییەکەی دووبارە تێدا دەردەکەوێت، بە تایبەتی دوای داوەتنامەکەی «شارل ویب»ی هاوڕێی ڕەیمۆند، دەڕۆن بەیەکەوە لە بارەکانی «سان ڕافایل»دا دەخۆنەوە، ئێلزا و سیریل و ئان و سیسیل و ڕەیمۆند.. تومەز شارل ویب دەمێکە «ئێلزا ماکنبۆرگ»ی سۆزانی دەناسێت و ژنەکەی شارل حەزی دەچێتە ڕەیمۆند دەق بەجۆرەها شێوە لەلایەنی سایکۆلۆژی کارەکتەرەکان دەکۆڵێتەوە، پێی وایە ئەوە هێزی بێ سنووری سێکسییە کە لە ناخود ئاگاییەوە هەڵدەقوڵێت و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان دیاری دەکات، شارل دەزانێت کە ڕەیمۆند دەیەوێت لەگەڵ ئانا زەماوەند بکات و هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، شارل کاتێک چاوی بەر ئێلزا دەکەوێت بە ڕەیمۆند دەڵێت ئێلزا ماکینبورگ چەند جوان بووە، ئیتر کچ و کوڕ و ژن و پیاوەکان لە کەشی خواردنەوەدا مەیل و حەزی سێکسی دەگۆڕنەوە و بەشێوەیەکی نائاگایی نەشوەی سێکسیان بۆ یەکتر دەبزوێت و خۆشی لە چێژی حەرام و نامۆراڵی دەبینن.

ئەوەتا ڕەیمۆند بەگوێی ئان لارسن دەچرپێنێت: [ئان جوانی و شۆخییەکەت قوربانی خۆی هەیە، ئەوەتا ئەو پیاوە لەوێدا ناوێرێ چاوت لەسەر هەڵبگرێ] دەکرێ بڵێم ئەم ڕۆمانە وێڕای تێمای عیشق و چێژی سێکسی، کاری لەسەر چەمکی ئیباحیەت کردووە، چونکە کارەکتەرەکان لە کاتی مەستیدا، مەیلی سێکسیان بۆ یەکتر دەبزوێت.

دەشێت بەشێک لە سەرکێشییەکانی سیسیل پێوەندی بە چەپاندنەوە هەبێت، چونکە نەک دوو ساڵ، بەڵکو دە ساڵی دەورانی هەرزەکاری لە دەیردا بەسەر بردووە، لە ڕوویەکی دیکەوە سیسیل شارەزای ڕەفتارەکانی باوکیەتی، دەزانێت هەمیشە بەدوای ژنی جوان و سێکسەوەیە و دەشێت وەک ئاکاری هەمیشەیی خۆی واز لە «ئان لارسن»یش بهێنێت و لەگەڵ ژنێکی تردا تێ هەڵچێتەوە، ڕەیمۆند و سیسیل دژی نەریتی چەسپاو و ژیانی دووبارەن، سیسیل زوو زوو سیریلی دەبینی و بەنهێنی سێکسیان دەکرد و بە بۆنی سنەوبەر و مۆسیقای دەریا و بەرکەوتنی جەستە لەنێو چێژدا دەتلانەوە، بەڵام «ئان لارسن» بەرگەی ئەم کەشە پڕ لە دووفاقییە ناگرێت و ئەو دەیەوێت شوو بە ڕەیمۆند بکات، کەچی ڕەیمۆند بەردەوام لە کەنار دەریا و دارستانەکاندا لەگەڵ ئێلزا خەریکی گەمەی سێکسییە، ئیتر لەمەبەدوا لەگەڵ بڕیارەکەی ئان لارسن جوانی و سێکس و تراژیدیا ئاوێزانی یەکتر دەبن، ئان لارسن کە هەمیشە خەریکی بەرگدروویی و دیزاینی نوێ بوو، سواری ئۆتۆمبێلە سەروالاکەی دەبێت کە زۆرتر بۆ ڕیکلام بەکاری دەبرد، ئان لارسن ئێستا جلێکی وەنەوشەیی پۆشیوە و دەگری و دەزانی نە سیسیل پێویستی پێیەتی نە ڕەیمۆند، نائومێد و خەمبار ئۆتۆمبێلەکەی بەخێراییەکی لە ڕادەبەدەر لێ دەخوڕێ و کردەی خۆکوژی ئەنجام دەدات و مردنەکەشی بۆ چارەنووس و قەزاوقەدەر جێ دەهێڵێت، بەڵام ڕەیمۆند و سیسیل درێژە بە عیشق و سێکس و ژیان دەدەن و سیسیل پێوەندی لەگەڵ کوڕێکی گەنج دەبەستێت بەنێوی «فیلیپ» ڕەیمۆندیش ژنێکی گەنج دەدۆزێتەوە و کاتێک زستان کۆتایی دێت بیر لە هاوین دەکەنەوە و لە نزیک ژان لیبنمان ڤێلایەک بەکرێ دەگرن و بەردەوامی بە ئەزموونی سێکسی و جوانی دەدەن و عەتر و گوڵ و جلەکانی «ئان لارسن»یش لە ڤێلا کۆنەکە جێ دەهێڵن ئیتر «فرانسواز ساگان» لەم شاکارەدا بەم دید و ڕوانینە ئیرۆتیکییە چێژ و تراژیدیاکانی ژیان دەنووسێتەوە و بەشێوازێکی سایکۆلۆژی کار لەسەر یەکە یەکەی کارەکتەرەکان دەکات و جیهانی خود ئاگایی و ناخود ئاگاییان دەخاتە ڕوو.

**سەرچاوە:**

**ڕۆژباش ئەی خەم: ڕۆمان**

**نووسینی: فرانسواز ساگان**

**وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی**

**بەراوردکردنی لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەدا، ژوان شوانی**

**بابەت: ڕۆمان**

**چاپی یەکەم: چاپخانەی «سەردەم»، ساڵی ٢٠١٤، کوردستان- سلێمانی.**




# (گیانی من هاتییەوە؟!)(*) ڕۆمانێکی هەڵقوڵاو لە کەلەپووری نەتەوەکەمان

د.کەیفی ئەحمەد
(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی پەروەردە)

ڕۆمان ژانرێکی سەربەخۆ و زیندووی نێو جۆرەکانی ئەدەبە کە سەرهەڵدانەکەی دەکەوێتە دوای داستان و شانۆ، یان تراژیدیاوە، هەروەها لەسەر بنیادێکی پتەوی ژانرەکانی پێش خۆی بنیادنراوە، چونکە هەموو جۆرەکانی ئەدەب لە گۆڕانکاری و گەشەی بەردەوامدان، لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی جیاواز و پێشکەوتووتر لەوەی پێش خۆی گۆڕاوە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لە سەدەی هەژدەمدا گۆڕانکاری و گەشەسەندنێکی گەورە بەسەر داستاندا هات، بەشێوەیەک سەرەنجام ئەوەی لێکەوتەوە کە داستان بۆ ڕۆمان گۆڕا، یان دەتوانین بەجۆرێکی دیکە بڵێین، دوای ئەو لاوازی و بێ هێزییەی دووچاری داستان هات، وای کرد هەندێ لە ڕۆماننووسان چەند توخم و ڕوخسارێکی نوێی داستانی بخەنە نێو ڕۆمانەکانیان، ئەمە وای کرد کە جۆرە ڕۆمانێک سەرهەڵبدات کە بە ڕۆمانی داستانی ناسرا بوو، ئەمەش ڕاپەڕین و قەڵەمبازێکی گەورەبوو لە مێژووی داستان و ڕۆماندا، دوای ئەوە بەچەندان گۆڕانکاری و هەنگاوی نوێدا تێپەڕیوە تا ئەوەی شێوە و ڕوخساری تایبەتی خۆی وەرگرتووە و بووە بە ژانرێکی جیاواز و سەربەخۆ.

ناوەڕۆک و ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە کۆمەڵایەتی و سیاسین، چەندان کێشەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ژیاریی و سیاسی و نەتەوەیی بوونەتە تەوەر و باسوخواسی ڕۆمانەکە، نووسەر زیاتر تیشکی خستۆتەسەر لایەنی نەرێنی و نێگەتیڤی کولتوور و دابونەریتی کۆمەڵی کوردەواری، دیارە ئەم کارەش لۆژیکی و گونجاو و ڕێگە پێدراوە، چونکە «لەپشت هەر ڕۆمانێکی ناوازەوە، هەمیشە کولتوورێک ئامادەیە و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵایەتی و دابونەریت و باری سیاسی و نەخشەی جوگرافیا، بە ئاو و هەوا و بەرز و نزمی خاکیشەوە لە زەینی ڕۆماننووسدا نەخشی دەبێت» (١) هەموو ئەمانەش لەنێو ئەم ڕۆمانەدا نەخشێنراون و نووسەر بەجوانی وێنای کردوون و نەخشە و پلانی جوانی بۆ داناون.

نووسەر چەند زیندانێکی بۆ کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەی وێناکردووە کەهەریەکەیان بەجۆرێک گیرۆدەی کۆتوبەندی ئەو زیندانانەن، وەک زیندانی کولتووریی کە لێرەدا کولتوور و

دابونەریت دەبن بە زیندان بۆ تاکەکان و هەموو جۆرە ئازادی و پێشکەوتنێکیان لێ زەوت دەکات، هەروەها زیندانێکی دیکە بریتییە لەو زیندانەی کە دوژمن و داگیرکەر و دەسەڵاتی ستەمکاری حوکمڕان بۆ نەتەوەکەمانی دروست کردووە، کە هەریەکەو بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان دەکەوینە نێو چواردیوارەکانی و تاڵاوەکەی بە قورگماندا دەکەن، زیندانی پیاوسالاری و دەسەڵاتی ڕەهای پیاو لەنێو کۆمەڵی کوردەواریشدا دەبێتە زیندانێکی دیکە بۆ ژیانی ڕەگەزی مێ و هەموو ماف و بڕیارێکی لێ زەوت دەکات و دەیکاتە کۆیلەیەکی گوێ لەمست و جێبەجێکاری هەموو بڕیارەکانی، بەبێ ئەوەی پرسیار بکات و بڵێ بۆ؟ دیارە خۆشەویستی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دنیایەکی پڕ لە جوانی و ئازادی و چێژ و خۆشی ڕوحی و گیانییە، بەڵام کاتێ ئەو دوو کەسە بەهۆی کولتوور و دابونەریتەوە ناتوانن بەیەک بگەن و ڕێگرییان لێ دەکرێت، ئەوە ئەو پرۆسەیە دەبێتە زیندانێکی بێ ئامان و مایەی کۆتایی هێنان بە ژیانی هەردوولا.

دیارە کارەکتەرەکانی ئەو ڕۆمانە لە نێو ئەو زیندانانەدا ژیان بەسەر دەبەن و پێوەی دەتلێنەوە، بۆیە ئەو کارەکتەرانە هەوڵی ڕزگاربوون لەو زیندانانە دەدەن، بۆ ئەوەی بە مراز و ئاواتەکانیان بگەن و پاشماوەی ژیانیان بەخۆشی و سەرفرازی بەسەرببەن، بۆ نموونە، کاتێ باوکی هاوڕاز لە دەست برسییەتی و دوژمنایەتی و کولتوور و نەریتی سووکایەتی بەیەکتری کردن، بڕیاردەدات سەرهەڵبگرن و بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات بار بکەن، لەوێ دەگیرسێنەوە و دەست بەکارکردن دەکەن، (عەلی باران)یش گوندەکەی لێ دەبێتە زیندان و ناتوانێ ئیتر لەوێ بژی و بەدوای خۆشەویستەکەی دەکەوێت تا لەسەر سنوور دەگیرێت و دەیخەنە زیندانی داگیرکەران، هەردوو خۆشەویست دەکەونە وڵاتێکی دیکە (بەتێڕوانینی داگیرکەران) کە لە بنەڕەتدا یەک وڵاتی دابەش کراوە، لەوێ هەردوو کارەکتەرەکە ڕووخاون و لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە ئاستێکی باشیان نییە، بۆیە نووسەر دوو کارەکتەری خوشک و برایان لەڕووی نەتەوەیییەوە بەهانا دێنێ و لەو بارودۆخە ڕزگاریان دەکەن، هەمزە باڵەبان دەبێتە هاوڕێی عەلی باران، وەک ڕابەر و پێشەوایەک ڕێنوێنی دەکات و دەیخاتەوە سەر هێڵە ڕاست و دروستەکە، (مەهتابی سەفایی)ش دەبێتە دراوسێ و هاوپیشە و هاوڕێی هاوڕاز، وەک مامۆستایەکی دڵسۆز هەمیشە وانەی خۆڕاگری و بەردەوامی و بەرەنگاری بەگوێدا دەچرپێنێ و لەکاتی تەنگانەدا دەیکاتە کەسێکی بە ورە و خۆڕاگر و متمانە بەخۆ، دووبارە هەردووکیان هەڵدەستنەوە و دەکەونەوە سەرپێی خۆیان، دوای ناسینی ئەو دوو کەسەی ڕۆژهەڵات، هەردوو کەسێتییەکەی باشوور لانە و پەناگەیەکی ڕوحی و جەستەییان دەست دەکەوێت و دووبارە لەوپەڕی ڕووخانەوە دەست دەکەنەوە بەژیان و هەوڵ و تێکۆشان و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاستەنگ و لەمپەرەکان، هەردووکیان لەڕووی ئایدیۆلۆژی و بیروباوەڕەوە گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا دێت و دەبنە دوو کەسێتی زۆر جیاوازتر لەوەی پێشوو، لێرەدا داتوانرێت وەک هێما و ئاماژەیەک لێک بدرێتەوە، ئەویش ئەوەیە کاتێ شۆڕشی باشوور بەرەو لاوازی دەچێت و لەلایەن دوژمنانەوە تەنگی پێ هەڵدەچنرێت، بەناچاری ڕوودەکەنە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەوێ پەنادەدرێن و پێشوازییەکی گەورەیان لێ دەکرێت و پلە و پایە و بەرپرسیارێتییان پێ دەسپێرن، دووبارە خۆیان لەژێر چەتری شۆڕش و کۆماری مەهابادا کۆدەکەنەوە و سوودێکی زۆر لە ئەزموونی ئەوێ وەردەگرن، چونکە دوای ڕووخانی کۆمار لەلایەن دوژمنان، ئەوانیش دوای ماوەیەک دەگەڕێنەوە باشوور، بە ئەزموونێکی نوێ و بیروباوەڕ و بەرنامەیەکی نوێوە دووبارە دێنەوە مەیدان، پارتێکی نوێی هاوشێوەی پارتەکەی ڕۆژهەڵات دادەمەزرێنن و دەست دەکەنەوە بەخەبات و بەرگری کردن، هەروەها دەتوانین بە ئاماژەیەکی دیکەش لێکی بدەینەوە ئەویش ئەوەیە کە خەڵکی باشوور لە کاتی لێقەومان و نوشوستییەکاندا پەنایان بۆ براکانیان لە ڕۆژهەڵات بردووە، ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە باوەشیان بۆ کردوونەتەوە و پێشوازییان لێ کردوون تا ئەو ناخۆشی و مەرگەساتانەیان تێپەڕاندووە و کەوتوونەتەوە سەر پێی خۆیان، ئەوسا گەڕاونەتەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و دووبارە ژیانێکی نوێیان دەست پێ کردۆتەوە، هەروەها کاتێ عەلی باران لەسەر سنوور دەگیرێت، پاشان بەبیانووی سنوور بەزاندن کە سنوورێکی دەستکردی داگیرکەرانە، ئەگینا کوردستان یەک وڵات و نەتەوەیە، دوای ئەوەی سزای دەدەن و بۆ ماوەیەک زیندانی دەکەن، پاشان سنووڕداشی دەکەنەوە و فڕێی دەدەنەوە نێو سنووری باشوور و

دەرگـای لەسـەر دادەخـەن، هەروەها نووسـەر چەندان دەردی کـوشندەی کـۆمـەڵایەتی باس کـردووە کـە وەک خـۆرەیەک ڕوحی نەتەوەکـەمـانی خـواردووە و بنکۆڵی کـردووە، ئەو دەردانەش وەک نەخـوێندەواری، نەخـۆشی، هەژاریی، داگیـرکـاریی، دابونەریت و کـولتـووری دواکـەوتوو...تاد، هەمـوو ئەو دەردانە بوونەتە هـۆی دارمـانی کۆمەڵی کوردەواری و بێبەش بوونی لە هەمـوو خـۆشی و حـەز و ئارەزووەکانی، بۆیە نووسەر دەیەوێ بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەرەنگاری ئەو دەردانە ببێـتـەوە و ئەو دنیـایە بگۆڕێت و بنەما و بنیادی کۆمەڵگە بگۆڕێت و سـەرلەنوێ لەسـەر بنەمـایەکی ڕاسـتـودروست دووبارە بنیـادی بنێـتـەوە، نەوەک بێت و داوای چاکـسـازی بکات و بەشـێـوەیەکی هێـمن و لەسـەرەخـۆ بەمـاوەیەکی زەمـەنی دوورودرێژ ئەو دنیـایە بـگـۆڕێت، بەڵـکو ئەو چارەسەری خێـرا و شۆڕشگێـڕانەی دەوێت، لێـرەدا ڕۆمـاننووس دوای چارەسەرێکی ڕیالیزمی و بە ڕێبازی ڕیالیـزمی کردووە کە زیاتر خـۆی لە ڕیالیـزمی ڕەخنەگـرانە و ڕیالیـزمی شـۆڕشگێـڕی دەبینێـتـەوە، چونکە ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانە بریتییە لەو جـۆرە ڕیالیـزمـەی کـە ڕەخنە لەو واقیـعە دەگرێت کە لەنێو کۆمەڵ و دەسەڵات و بوارەکانی دیکەدا هەیە، بەڵام تەنیا بە ڕەخنەگرتن ناوەستێت و بێت و پیـشـانی خەڵکی بدات و لێیانی ئاگادار بکاتەوە، بەڵکو دێتە نێو مەیدانەکە و داوای گۆڕانکاری ڕیشەیی دەکات لەو هەڵە و خوار و خـێـچـیـانەی بڵاوبوونەتەوە، نووسەری ئەم ڕۆمانەش دێت ڕەخنە دەگـرێت و دەسـتنیـشـانی

کەمـوکـووڕییـەکان دەکـات، پاشان کـارەکـتـەرەکـانی دەجـووڵێنێ و دەیەوێت ئەو ناهەمـوارییـانەیان پێ بگۆڕێت و ڕووبەڕووی دابونەریت و کـولتـووری باوی خـواروخـێـچـیـان دەکـاتەوە، بۆ ئەوەی ڕاسـتـیـان بکاتەوە، هەر لەبەرئەوەیە کـە دەتوانین بڵـێین نووسـەر لەنێـو ڕۆمـانەکـەیدا زۆر گـرنگی بە بواری کـۆمـەڵایەتی داوە، چونکە ڕۆمـانی کـۆمـەڵایەتی «جـۆرێکە لە ڕۆمـانی سیـاسی، کۆمـەڵایەتی کە سەرنجی سـەرەکی خـۆی، بە چۆنایەتیی کـۆمـەڵ، بەکـارهێـنان و کـاریگەرییـەکـانی کـۆمـەڵ لەسـەر کەسـەکـان دەدات، بەزۆری ڕۆمـانی کۆمەڵایەتی بەنیازی ئامۆژگاری، یان لەوانەیە بەمـەبەسـتی پێکهـێنانی گـۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کـۆمـەڵدا دەنووسـرێت، کـەوابوو ڕۆمـاننووس هـەوڵ دەدات خـەڵـک لـە کەمـوکـوڕییـەکـانی کۆمـەڵ ئاگـادار بکاتەوە»(٢).

شـوێن ئەو توخـمـەیە کـە هەمـوو توخم و تەکنیکەکـانی دیکەی نێـو ڕۆمـان لە باوەش دەگـرێت و لەوێدا یەکـتری دەگرنەوە و کـار لە یەکـتری دەکەن و بەریەک دەکەون و ململانێ و ڕووداوەکـان دەست پێ دەکـەن و کارەکتەرەکان دەجـووڵێن و دەکەونە کێشمەکێش، هەروەها توخمەکانی دیکەش بەهەمان شێوە ناتوانن بەبێ شوێن پەرەبسێنن، شوێنیش چەندان جـۆری هەیە، وەک شـوێنی کـراوە، شوێنی داخراو، شوێنی هۆگر، شوێنی ناهۆگر...تاد، بۆ نموونە شوێنی دژ و ناهۆگـر بریتـییـە لەو شـوێنەی کـە مـرۆڤ ناچاردەکـرێت و بەناچاری تێیدا دەژیت، بێ ئەوەی خۆی حەزی پێ بـکـات، لـەبـەرئـەوە هـەست بـە ناحەزی و ڕق لەبەرانبەر ئەو شوێنەدا

دەکـات، بەهۆی ئەو مـەترسـیـانەی لەو شـوێنەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە، وەک بـەنـدیـخـانـە و دوورخراوگەکان...تاد، لەم ڕۆمانەدا ئەم جـۆرە شـوێنە بریتـیـیـە لە بەندیخـانە، کـاتێ عـەلی باران لە سنوور دەگیرێت و دەبرێتە یەکێک لە بەندیخـانەکـانی ئێـران و لەوێ ڕووبەرووی ئازاری جـەسـتـەیی و دەروونی دەبێـتـەوە، هەروەها کـاتێ ماڵی هاوڕاز سەرهەڵدەگرن و بەهۆی کـۆمـەڵێک هۆکـار لە شـوێنێکی دوورەدەسـتی ئێـران کـاریان دەست دەکـەوێت و لەوێ دەگـیـرسـێنەوە، دیـارە ئەو شـــوێنە بـۆ هـاوڕاز و خێزانەکەی دەبێتە شوێنێکی ناحەز و ناهۆگر، دیارە هەستکردن بە هۆگری و ناهۆگـری بەرانبـەر بە شـوێن ڕێژەییـە، چونکە لە مـرۆڤـێکەوە بۆ بۆمـرۆڤـێکی دیکە دەگـۆڕێت، بەهۆی هەست و هەڵوێسـتی کـەسـەکـە بەرانبـەر بەو شـوێنە، بۆ نموونە ئەمـە بەجوانی لە خێزانی هاوڕازدا بەدیار دەکـەوێت، باوکـیـان ئەو شـوێنەی بەلاوە ناهۆگر نییە، بەڵکو زۆریشی خـۆش دەوێت، چونکە لەوێ کـاری دەست کەوتووە و لە هەژاری ڕزگاریی بـووە، بـەڵام هـاوڕاز و دایـکـی زۆر ڕقیان لەو شوێنە دەبێتەوە، بۆ ئەوان ناهۆگرە، بەهۆی دووورکـەوتنەوەیان لە خۆشەویست و خزم و کەسوکاریان، هـەنـدێ شـــوێـن هـەیـە هـەر لـە ڕوخسـاریاندا وا بەدیاردەکـەون کـە شوێنی دژ و ناهۆگرن، وەک تاراوگە، بەڵام هەندێ کـەس لەو شـوێنانە هەست بە هۆگـری دەکـات، هەندێ کـەس زۆر زیاتر لە وڵاتی خـۆیان حەزی پێدەکەن و خۆشیـان دەوێت، هـەروەها شـــوێـن هـەیـە بـەهـۆی جـوانیـیـەکـەی وەک شـوێنی هۆگـر دەردەکـەون، بـەڵام کـاتێ

دانیشتوانەکەی دەدوێنێ حەز بە هەڵاتن و دوورکەوتنەوە لەو شوێنەوە دەکەن، خەون بە شوێنی دیکەوە دەبینن، نموونەی ئەم دۆخە لەنێو ڕۆمانەکەماندا گوندە جوان و دڵگیرەکەی عەلی باران و هاوڕازی خۆشەویستییەتی، بەڵام لە عەلی باران دەبێتە دۆزەخ و خەون بەو شوێنەوە دەبینێ، کە ماڵی خۆشەویستەکەی بۆی چوون، هەروەها بەهۆی دوژمنایەتی و هەژاری و نەبوونی کار، ئەو گوندە لە باوکی هاوڕازیش دەبێتە دۆزەخ و حەزدەکات لێی دووردەکەوێتەوە، خەون بەو شوێنەوە دەبینێ کە پارووی ژیانی لێ دەست دەکەوێت، دیارە ئەوەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە حەز و ئارەزوو و چێژوەرگرتن و هەستکردن بە ئاسایش و نەبوونی هەڕەشەی گرانییە، لەو ڕوانگەیەشەوە (جۆرج ساند) مرۆڤی بۆ دووجۆر دابەش کردووە و دەڵێ: هەندێ لە خەڵکی حەز دەکەن کە لە کوخێکدا نیشتەجێ بن، هەندێکی دیکە حەز دەکەن لە نێو باڵەخانە و ڤێلالادا نیشتەجێ بن.(٣) ئەو شوێنانە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخەکەوە، بەشێوەیەکی وەستاو و نەگۆڕ نامێننەوە، بەڵکو لە جۆرێکەوە دەگۆڕێت بۆ ئەوی دیکە، بۆ نموونە زیندان بۆ عەلی باران دوای ناسینی هەمزەی باڵەبان دەبێتە شوێنێکی هۆگر و قوتابخانەی فێربوون و خۆڕاگری، هەروەها گوندەکەشی کە پێشتر زۆر بەلایەوە جوان و خۆش بوو، بەڵام دوای بارکردنی ماڵی هاوڕازی خۆشەویستی ئەو گوندەی لێ دەبێتە دۆزەخ و چۆڵ و بیابان.

سەرەڕای هەموو جوانی و لایەنە ئەرێنییەکانی ڕۆمانەکە، هەندێ خاڵی لاوازیشی تێدا بەدی دەکرێت، دیارە ئەمەش خەسڵەتی هەموو کارێکی ئەدەبییە کە هیچ کارێکی ئەدەبی لە خاڵی بەهێز و لاواز بەدەر نییە ، یەکێک لەو خاڵانەش ئەوەیە کە نووسەر لەڕووی خاڵبەندییەوە لاوازە و نەیتوانیوە بەتەواوی بەسەر کارەکەیدا زاڵ بێت و بەشێوەیەکی ڕاستودروست هێماکانی خاڵبەندی لە جێگا و شوێن و کات و ساتی خۆیدا دابنێت کە زۆرجار دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای وشە و ڕستەکان، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە نووسەر بەزمانی خۆی قسەدەکات و ئازادی تەواوی نەداوە بە کارەکتەرەکانی، بۆ ئەوەی بەپێی ئاست و ڕۆشنبیری و پلە و پایەی خۆیان بەشێوەیەکی سروشتی بدوێن و بیروڕای خۆیان دەرببڕن، بۆ نموونە کەسێکی نەخوێندەواری وەک مەهتابی سەفایی وەک فەیلەسووف و کەسێکی ئاست بەرزی ڕۆشنبیریی و زانستی قسەدەکات، کەسەکانی دیکەش بەهەمان شێوە کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانی جیاوازی لە نێوانیاندا بکەیت، چونکە نووسەر خۆی لەپشت کەسێتی هەموو کارەکتەرەکانی حەشارداوە و کارەکتەرەکانی بەزمانی ئەو قسەدەکەن، هەروەها لەبەرئەوەی کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە لە ڕووی شوێنەوە لە دوو شوێنی جیاواز دەژین کە کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، واتە بەدوو شێوەزاری جیاواز قسەدەکەن، بەڵام ئەمە لە ڕۆمانەکەدا جێبەجێ نەکراوە، جگە لە دیمەنی یەکەمی هاتنە ناوەوەی مەهتابی سەفایی کە نوێنەری شێوەزاری ڕۆژهەڵاتە کە بەڕاستی ئەو سەرەتایە زۆر جوان و سەرنجڕاکێش و سەرکەوتووە، کاتێ مەهتاب زۆر بە جوانی بە شێوەزاری ڕۆژهەڵات لەگەڵ هاوڕازدا دەدوێت، بەڕاستی دیمەنێکی واقیعی نایابە، بەڵام دوای ئەو دیمەنە ئیتر نووسەر لەبیری دەچێت کە کارەکتەرەکانی بەواقیعی بەشێوەزاری ڕاستەقینەی خۆیان بدوێن، بەڵکو هەموویان بە یەک شێوە و شێوەزار دەدوێن، ئەویش زمان و شێوەزاری خودی نووسەرە کە خۆی لە پشتی کارەکتەرەکانی شاردۆتەوە و بەزمانی ئەو دەدوێن، خۆزگە ئەو خاڵەی پشتگوێ نەدەخست، چونکە ڕەونەقێکی دیکەی بەکارەکە دەدا.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە مامۆستا (بەڵێن تۆفیق) دەکەم، کە بەڕاستی کارێکی جوان و ناوازەی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە، هیوادارم بەردەوام بێت و کاری جوانتر و بە هێزتر پێشکەشی خوێنەری کورد بکات، چونکە بەڕاستی بیر و بۆچوون و جیهانبینی و بیرکردنەوەی ئەدەبی و هونەرییەکەی چاوەڕێی کاری گەورە و بەپێزی لێ مەزندە دەکرێت.


*** ئەم ڕۆمانە لەلایەن (بەڵێن تۆفیق) لە دووتوێی ١٧٩ لاپەڕەی قەبارە ناوەندی لە ساڵی ٢٠١٦دا نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە.**

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


**١ ڕۆمان زادەی کەلتووری خۆیەتی، جەلیل کاکەوەیس، گۆڤاری مێرگ، ژ(١٤)، ٢٠٠٦، ل٩٠.**

**٢ ڕۆمان چییە؟ کۆمەڵێک نووسەر، و. هەژار رەحیمی، دەزگای موکریان، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨، ل١٦.**

**٣ بنیة المكان في روايتي الجحيم المقدس و هيلانة، سالار تاوكوزی، اتحاد الادباء الكرد، مط: روزهەلات، اربيل، ٢٠١٢، ل٥١**




# شەوێک لە باوەشی سەرۆک دا

**د. ئازاد هیدایەت دەلۆ**
**(زانکۆی سۆران - کۆلێژی ئاداب/ بەشی جوگرافیا)**

ئەو ناوونیشانەی سەرەوە ناوونیشانی ڕۆمانێکە لە نووسینی برای نووسەر (ڕێبوار سەلاح دەلۆ) کە لە دووتوێی بەرگێکی ڕازاوەدا نزیکەی ٤٠٠ لاپەڕە لە خۆدەگرێت، بە زمانێکی سادە و کوردییەکی ڕەوانی شێوەی کرمانجی خواروو نووسراوە و بە بێ پچڕان ڕووداوەکانی یەک لە دوای یەک پێکەوە گرێ دراون، هەرچەندە نووسەر بۆ پشووی خوێنەر کردوویەتی بە سی و دوو بەش، بەڵام هەر بەشە و درێژەپێدەری بەشی پێش خۆیەتی و لە هەمان بابەت و باسەوە دەست پێ دەکاتەوە.

شێواز، یان تەکنیکی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا بە شێوەیەکی گشتی لە دەستی گێڕەرەوەی هەموو شتزاندایە کە نووسەر خۆیەتی، بەڵام لە هەر شوێنێکیش پێویستی کردبێ جڵەوی قسەکردن دراوەتە دەست پاڵەوانەکان، ئەمەش زۆر بە ساکاری و ڕاشکاوانە دەڵێت (فلان وتی) بەناوی پاڵەوانی قسەکەر، هەروەک ئەوەی دەڵێت: میترا وتی، ئاڤێستا وتی، شۆفێرەکە لەوەڵامدا وتی...، کە لەپاش ناوی هەر قسەکەرێکیش دوو خاڵی لەسەر یەکی بەم شێوەیە (:) داناوە بۆ ئەوەی بزانرێت ئەوە قسەی کامە لە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکەیە.

ناوەرۆکی ڕۆمانەکە بە کورتی باس لە بەسەرهاتی کچێکی تاقانەی بێ کەسوکارە، یان کەسوکاری زۆر لەمانەوە دوورن و نایانپەرژێتە سەر ئەمان، چونکە ئەم لە شار و ئەوان لە لادێ، هەروەک نووسەر ئاماژەی پێ کردووە.

سەرەتا ئەم خانمە لە ماڵێکدا لەگەڵ دایکی دەژیت و بابی خۆی نەبینیوە، هەر لە منداڵییەوە کچ و دایک زۆر هۆگری یەکتر دەبن و پێکەوە ژیانێکی کولەمەرگی بەسەر دەبەن، کچە واتە (میترا) کە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەشە، پاش ئەوەی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواو دەکات و دەگاتە قۆناغی زانکۆ و ساڵی یەکەمیش تەواو دەکات، ئینجا دایکی کۆچی دوایی دەکات و ئەم بەتەنیا لە ماڵەکەیدا دەمێنێتەوەو ژیان دەگوزەرێنێت، دواتر جوانییە لەڕادە بەدەرەکەی و تەنیاییەکەشی، زیاتر دەبنە هۆی چاوتێبڕینی خەڵکێکی چڵێس و

چەند جارێک بەو هۆیەوە دەکەوێتە داویانەوە و دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر، لەبەر ئەمەش ژیانێکی پڕ لە مەینەتی و دەردەسەری بەسەر دەبات، هەروەها لە ئاهەنگی سالّی کۆتایی دەرچوونی لە زانکۆ، سەرۆکی ولاّت سەردانی کۆلێژەکەیان دەکات، ئەمیش وەک کادرێکی بەرچاوی لیژنەی پێشوازیکردن هەلّدەبژێردرێت، ئەم لەبەر چوستوچالاکی و هەلّسوکەوت و جوانییە لەڕادە بەدەرەکەشی، دەبێتە جێگای سەرنجی سەرۆک و دلّی ئەو بۆخۆی ڕادەکێشێت و دەبێتە یەکێک لە عەشیقەکانی، بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن سەرۆکەوە چەند جارێک بانگهێشتی کۆشکی تایبەتی دەکرێت و ئارەزووەکانی خۆی پێ بەتالّ دەکاتەوەو ڕێزێکی زۆریشی لێ دەنرێت و دیاری و شتی گرانبەهای پێشکەش دەکرێت. لەو ماوەیەشدا بە هۆی کەسانێک کە لەگەلّ دەستەی بالاّی شۆڕشی بزاڤی نەتەوەخوازیی لەناو شاردا کار دەکەن، دەزگای هەوالّگری ئەوان ئەمەیان بۆ ئاشکرا دەبێت و دەتوانن خانمی میترا بە دەسبەسەری ڕاپێچی چیا و چۆلّ و بارەگای هەوالّگری شۆڕش بکەن، لەوێ داوای لێ دەکرێت و پلانی بۆ دادەڕێژن کە سەرۆک بەدەستی ئەو لەناو بچێت، هەرچەندە ئەم کارە بەلای ئەوەوە زۆر سەختە، بەلاّم ناچار دەکرێت کە ڕەزامەندی خۆی پیشان بدات، لەو کاتەشدا چەند وێنەیەکی لێ دەگرن و داواشی لێ دەکرێت ئەو شەو لای ئەوان بمێنێتەوە، بەلاّم دیسان دەکەوێتە داوی بەرپرسی هەوالّگری شۆڕش و لە نیوەی شەودا دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر.

پالّەوانی چیرۆک میترا خان لەکاتی هەولّدانی بۆ کوشتنی سەرۆک، پلانەکەی لێ ئاشکرا دەبێت و دەکەوێتە زیندان و تووشی ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر دەبێت، هەروەها لە زیندانیش بە بەردەوامی دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر و بەهیچ شێوەیەکیش توانایی بەرگری کردنی لە خۆی نابێت، پاش ماوەیەک بڕیاری لە سێدارەدانی دەردەچێت، بەلاّم پێش جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە، لەلایەن دەستەخوشکێکییەوە کە لە کۆلێژ لەگەلّی بووە و بابیشی کە لە ڕیزەکانی شۆڕشدا کاری ناوخۆی ڕادەپەڕاند، هەولّی ڕزگارکردنی لە زیندان بۆ دەدەن، ڕۆژی جێبەجێ کردنی بڕیارەکە دەتوانرێت لە زیندان ڕزگاری بکەن و دواتر هەر بە هۆی ئاڤێستای دەستەخوشکی و خانەوادەکەی هاریکاری تەواوی دەکەن و پاش ململانێیەکی زۆر، دەتوانن لە سنووری ولاّت دەری بکەن و ژیانی لە مەترسی دووربخەنەوە، پاشتریش بەرەو هەندەران دەیبەن.

ئەم ڕۆمانە زیاتر لایەنی کۆمەلاّیەتی و سیاسی و مێژووییش لە خۆ دەگرێت و نووسەر سەرکەوتووانە توانیویەتی ئامانجەکانی بپێکێت و پەردە لەسەر زۆر لایەنی شاراوەی ناو کۆمەلّگا و سیاسەت و حکومەت، تەنانەت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییش هەلّبمالّێت، هەروەها نووسەر بە شێوەیەکی هونەرییانە توانیویەتی مامەلّە لەگەلّ دەق و ڕووداوەکان بکات و بە زمانێکی ئەدەبی پاراو نموونە و شوبهاندنی کەسایەتی و دەوروبەرەکەی بەشێوەی ئیستێتیکا بەکارهێناوەو بەوەش خوێندنەوەی دەق بەگشتی و وردەکاری نێو بەشەکانی زیاتر سەرنجڕاکێش کردووە، هەروەک لە لاپەڕە چل و دوو دا باس لە بوونی دارتوویەک لە نێو حەوشەی کۆلێژ دەکات و دەلّێ: (دارتووەکە هەر بۆ خۆی گەواهی دیرۆکی چەندان قوتابی کچ و کوڕ بوو کە لە ژێر سێبەرەکەیدا جگە لەوەی سایە و فێنکی پێ بەخشی بوون، پڕ ناخیشی تژی بوو لە دەیان و سەدان چیرۆکی جۆراوجۆری سەرکەوتوو و شکست خواردووی خۆشەویستی)، هەروەها لەکاتی دەستدرێژی کردنە سەر (میترا) لە لایەن جەنابی شارەزای هەوالّگری، لە بارەگای هەوالّگری شۆڕش لە (لاپەڕەی ١٩١) دەلّێ: (ئاگری هەوەس بەو شەوە ساردوسڕە هەلّپێچابوو، دەتگوت قورقوشم کراوەتە چاوەکانی. وەک مەکینەی عەنتەر کە سێ گاسنە جووت دەکات، تابەرەبەیان هاڕەی دەهات و دەیلرفاند و هەسکەی دەهات...)، هەروەها نووسەر زۆر بوێرانە و ڕاشکاوانە لەسەر زاری (میترا) کۆمەلّێ گلەیی و گازندە و ڕەخنە، چ لە دامودەزگاکانی دەولّەت و چ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییش دەگرێت، هەروەک لە لاپەڕەی (١٩١-١٩٢)دا لە دلّی خۆیدا لۆمەی جەنابی شارەزای هەوالّگری شۆڕش دەکات و دەلّێ (ئەگەر سبەی بارودۆخ بگۆڕێ و

جەنابیـان دەسەڵاتی خۆیان گوتەنی شـەرعی بگرنە دەست، ئەو دەم چۆن دەبێت پارێزگــاری لە شــەرەف و کـەرامـەتی ژنان و کـچـان و هەمـوو خـەڵکی بکەن؟ بۆ تەنیـا شـەوێک نەیتـوانی شـەرەفی من بپـارێزێت، ئەدی چلۆن کەرامەتی خاکی وڵات و پیرۆزییـەکانی دەپارێزێت، گومـانم لەوەدا نیـــیـــە، پیـــاوی هەمـــوو کەسێکن، گەلی لێدەرچێت) لە وێنە گـرتنی ئاسـایی و ڤـیـدیۆییـشـدا، نووسەر سەرکەوتووانە وێنەی شار و گـــوندەکـــان و هەڵســـوکـــەوتی دانیـشـتـوانەکـانیـان و شـێـوازی گـفـتـوگـۆ و کـەرەسـتـە و ئامـێـرە بەکارهاتووەکـان، لە شوێن و کـاتی خـۆیدا دادەنێت، هەروەک سـەرەتای گەیشـتنی (مـیـترا و ئاڤـێشـتـا) بە گوندەکەی ماڵی باپیری ئاڤێستا کە لـــە لاپـــەڕەی (٢٧٣)دا دەڵـــێ: (دەنگی گـاران و مـەڕ و مـاڵات و قـوقـوی کـەڵەشـێـر و بۆنی پشـقل و پاشەڕۆی ئاژەڵ، بۆخۆی دنیایەکی تر بوو)، یان دەڵێ (کـەر و گـوێدرێژی بێچارە بووبوون بە تەکسی و هێڵی گواستنەوەی نەفەر، میـترا پڕ بە دڵ حەزی دەکرد سواری یەکێکیان بێت و بە نەقیـزەو غـار غارێن گەشـتێکی نێو گوندەکەی پێ بکات)، لە باسی خـواردنیـشـدا لە لاپەڕە (٢٧٧) دا دەڵێ: (دواجـــار جـــامـــێـک دۆی خەسـتی لە مـەشکەکە بۆ دەرکـردن، یەک پـارچە بۆنی شـویت و قـــەزوان ئەو ناوەی گـرتبـۆوە. چاییـان لەسـەر کوانووەکەی داپیرە سازکرد، کولێرەو ئەسـتـوورکی بەتام و مـاسـتی مـەڕی کـۆر و کـەرەی خـۆمـانەو تەرەپیـازی ناسک، کوڕم دەویست خـۆی بگرێت و قامکەکانی خۆی لەگەڵ نەخوات.)

هەروەها نووســەر جگە لە پیــاوانی دڕندە و هەوەس ئامـێـز و بێ ئابڕوو، توانیـویەتی کـەسـانی بە شـەرەف و دڵپاک و دڵسۆز بۆ خاک و نیشتمان و خـــــۆبەخـــــتکەر لەپێنـاو بە دەستهێنانی ئازادی و سەربەستی بۆ گـــەل و وڵات، تەنانـەت بەوەڤـــا بەرانبەر کەسی ستەم لێکراوی وەک میـترا دروست بکات کە چەندان جار ژیان و حـــاڵی خـــۆی و مـــاڵ و منداڵیـشی لە پێناودا بـۆ دەخـاتە مـــەترســـیـــیـــەوە، لەوانـەش (بابی ئاڤێستا)

هەروەها خـــەڵکی بە ویژدان و پەشیمان لە کردەوەی خراپی خۆی بە وێنەی (ئارۆ) دروست کـردووە کـە ئازاری دەروون و ویژدان بە جـارێک پەرێشـــانی دەکـــات لەو کـــردەوە قـێـزەونەی بەرانبەر بە (مـیـتـرا)ی پوورزای ئەنجـامی دابوو، تا بڕیاری مەرگ بەسەرخۆیدا دەسەپێنێ و هەر لەو پێناوەشـدا ژیانی خـۆی دەکـاتە قـوربانی، ئەمـانەو زۆر نموونەی تری جـوان و ئامـانج پێکاندن لە لایەن نووسـەرەوە، بابەتی ڕۆمـانەکـە زۆر بایەخدارتر دەکات.

شایانی باسە نووسەر لە سەرەتا تا کـــۆتایی نـاوی کـــەس و لایەن، تەنانـەت شـــار و لادێ و گـــەڕەک و هـیـچ دیاردەیەکی تـر نـاهێـنـیـت، پاڵەوانەکـانیش جگە لە سێ کـەس کە ئەوانیش (میترا) وەک پاڵەوانی سـەرەکی و (ئاڤـێـسـتـا)ی دەسـتـە خوشکی و (ئارۆ)ی پوورزای میـترا نەبێت، ئەوانی تر بە پێی شـوێن و کـارەکـانیـان لە ڕۆمـانەکـەدا ناویان هاتووە هەروەک (دایکی مـیـتـرا، بابی ئاڤێستا، شۆفێرەکە، شارەزای هەواڵگری، سەرۆک، ڕاگری کۆلێژ، گـــوندەکـــەی مـــاڵی باپیـــری ئاڤێستا...تاد)، تەنانەت تاکۆتایی ڕۆمانەکە ناوی هیچ زانکۆ و کۆلێژ و بەشـێکیش نابات، لەکـاتێکدا پاڵەوانی سەرەکی (میـترا) قـوتابی کـۆلێـژە و زۆربەی ڕووداوەکـان لەوێ ڕوودەدەن !!

ئێمە دوای خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بە وردی چەند خـاڵێک سـەرنجی ڕاکێشاین بە پێویستی دەزانم لێرەدا هەندێکیـــان بخـــەینە پێش چاو لەوانەش:

١- ناوونیـشـانی ڕۆمـانەکـە زۆر جـوانە، بەڵام خـۆزگـە لە جـیـاتی (شـەوێک لە باوەشی سـەرۆک دا) (چەند شـەوێک لە باوەشی سەرۆک دا) بووایە، چونکە ئەوە ڕاســـتی ناوەرۆکی ڕۆمانەکەیە.

٢- زەمـــەنی ڕووداوەکـــان دوای پاکتاوی گوندەکان و کرداری ئەنفالی بـەدناوە، هەروەک لـە لاپـەڕە (٣)دا دەڵێ (کەسوکار و خزمەکانی دایکی مــیــتــرا، زۆربەیان لە هەڵمــەتی ڕاگـــــــــواســـتن و ڕاوەدوونـــان و پاکـتـاوکـردنی گـوندەکـان لە لایەن ڕژێمـەوە بێ سـەروشـوێن بووبوون، کەس نەیدەزانی چارەنووسیان بە چی ڕۆژە ڕەشێک گەیشـتووە)، پاڵەوانی ڕۆمانەکە (میـترا) هێشـتا منداڵە و لە قـۆناغی خـوێندنی سـەرەتاییـە، کـەچی دوای چەندان ساڵ میـتـرا لە قۆناغی چوارەمی کـۆلێژە و سـەرۆک سـەردانی کـۆلێـژەکـەیان دەکـات !! هـەروەک زانـراوە لـە ســـــــاڵـی (١٩٩١)وە، واتە پاش تەنیــا سێ ســاڵ لە کــرداری ئەنفــال، ڕژێمی

بەعس بەگشتی لە هەرێمی کوردستان دەرکران و ئاسەواریان نەما، ئیتر چۆن سەرۆک سەردانی شارێکی کوردستانی دەکات و بەشداری لە ئاهەنگی دەرچوون دەکات؟

٣- هەر لە لاپەڕە (٣) دا نووسەر دەڵێ: (دایکی میترا توانیبووی وشەگەلی پێشمەرگە و خەبات و نیشتمان و خۆڕاگری و شەهید بوون لە هزر و مێشکی میترادا بە تەواوی جێ بکاتەوە، ئەگەرچی زۆر جار لەم دەستەواژانە تێنەدەگەیشت، بەڵام هەوڵی دەدا تێیان بگات و لێیان ورد ببێتەوە.)، ئەمە لە کاتێکدایە میترا کچە شەهیدە و بابی پێشمەرگە بووە و زۆر هۆگری دایکیشی بووە، هەروەها لە لاپەڕە (٣٣) دا لە وەسیەتەکانی بابی میترا دەڵێ: (بە میترا بڵێ بەردەوام بێت لە خوێندن، ئەو دەبێت درێژە پێدەری کاروانی باوکی و هەڤاڵانی بێت لە ڕێگای زانست و خوێندنەوە)، ئیتر چۆن لە قوتابخانەی کۆلێژ میترا لە بواری چالاکییەکانی تری وەک ڕێکخراوەکان کە سەر بە حکومەتی بەعسن، کار دەکات تا دەگات بە و پلەیە کە کاربەدەستان بروای تەواویان پێی هەبێ و بیکەن بە سەرپەرشتیاری پێشوازی لێکەرانی سەرۆک، لەکاتی سەردانەکەیدا، هەروەک لە لاپەڕە (١١٧) دەڵێ: (میترا وەک سەرپەرشتیاری ئەم خوێندکارانە لە لایەن ڕاگرەوە ئەم ئەرکەی پێ سپێردرابوو، باجی تایبەتی بۆ دروستکرابوو کە چەند پیتێکی وەک هێمای لەسەر بوو، هەروەها ئامێرێکی تایبەتیشیان پێدا کە لە ڕۆژی دیاریکراودا لە ژێر جلەکانییەوە لە بەری بکات، بە مەبەستی چاودێریکردنی دەوروبەرەکەی، بێ ئەوەی کەس هەستی پێ بکات، کامێرایەکی بچووکی "زیرەکیش" کە قەبارەکەی ئەوەندەی قۆپچەیەک دەبوو لەسەر شێوازی ملوانکەیەک دروست کرابوو، کرابووە ملی)

٤- (کچم دەڵێی دوێنێ بوو قۆناغی بنەڕەتیت تەواو کرد، شکور بۆ خودا لە کۆلێژێکی باش وەرگیراویت. لاپەڕە ٨) سەرەتا قوتابی، یان خوێندکار دوای قۆناغی بنەڕەتی کە ١ تا ٩ دەگرێتەوە لە کۆلێژ وەرناگیریت، دواتر کوا لە سەردەمی ڕژێمدا ئەم سیستەمی خوێندنە هەبوو، بەڵکو تەنیا قۆناغەکانی (سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی، یان دواناوەندی) هەبوو.

٥- هەر لە لاپەڕە (٨) دا دەڵێ: (دایکی میترا تۆزێک چووبووە ساڵەوە، پرچی داوی ڕەشی تێدا نەما بوو.)، کەواتە دایکی میترا دەبێ تەواو پیرێژن بێت، یان دەبوایە بوترایە (پرچی داوی سپی تێکەوتبوو)، چونکە نووسەر دەڵێ تۆزێک چووبووە ساڵەوە.

٦- لە سەرەتا تاکۆتایی ڕۆمانەکەش نازانرێت کچە کورد، یان باشتر کچە پێشمەرگەیەک بۆچی ناو نرابێت (میترا) لە کاتێکدا هەر لە سەرەتاوە لە لاپەڕەی یەکەمدا دایکی میترا دەڵێ: (لەگەڵ باوکت مشتومڕێکی زۆرمان هەبوو لەسەر ئەوەی چ ناوێکت لێ بنێین! ئەو بڕوای وابوو، دەبێت کوڕان و کچانمان ناوی ڕەسەنی کوردی و ئاریاییان لێ بنرێت.).

٧- لە لاپەڕە (٢) دا دەڵێ: (باوکی میترا لە شاخ جەنگاوەرێکی نیشتمانی بوو، پێش ئەوەی میترا لە دایک ببێت، لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا شەهید بوو بوو...)، کەچی لە لاپەڕەی (٣٣) دا وەسیەتنامە بۆ کچەکەی هەر بەناوی (میترا) دەنێرێت، هەروەک لە خاڵی (٣) دا هاتووە، لە کاتێکدا ئەو سەردەمە سۆنار و شتیش نەبووە، بەتایبەتی بۆ ژنە پێشمەرگەیەک لەو هەرد و چۆڵە، ئیتر چۆنی زانی کە خێزانی منداڵی دەبێ و منداڵەکەش کچە و ناویشی میترا دەبێت، لە کاتێکدا ئەو هەر لەگەڵ ناوی بێگانەش نییە، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا.!

٨- دوای ئەو کارەساتەی ئارۆ بەسەر پلکە زاکەی (میترا)ی دا هێنا، لە لاپەڕە (٧٦) دا دەڵێ: (تۆ بڵێی لە دوای ئەو کەتنەی بە من کرد، سەری خۆی هەڵگرێت و بۆ هەمیشە ون بوو بێت و ئیتر نەیبینمەوە، خۆزگە وابوایە، بەوەش ڕازیم و دڵم ئاو دەخواتەوە، گرنگ ئەوەیە جارێکی تر نەیبینمەوە) هەروەها دەڵێ: (بەڵام چۆن یەکێکی گورگ سیفەتی وەک ئەو، ئەوەندە شەرمن و هەستیار دەبێت، نازانم مەرگ لە کوێی، بۆ لە دەرگای نادەیت و ڕوحی ئەهریمەنی و ناپاکی بۆ هەمیشە ڕیشەکێش بکەیت. لەوەش دەترسم ڕوحی پیس و چەپەڵی لە دوای مردنیشی جەستەی ئادەمیزادێکی تر بۆگەن بکات و ببێتە خودانی)، هەروەها لەکاتی

بینینی ئارۆ، دوای ئەو کارەساتە لە لاپەڕە (٨٥) دا میترا بە ئارۆ دەڵێ: (خۆزگە بمردبام و منداڵی تۆ لە سکمدا دروست نەبوایە، تۆ کەی مرۆڤیت، گورگێکی لە پێستی مرۆڤدا، تا دەڵێ: تۆ مافی ژیانت نییە لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا. هیچ وشەیەک و ڕستەیەک شک نابەم پێناسەی تۆی بێ ڕەوشت و بێ مۆراڵی پێ بکەم، من ئامادەم خۆم بکوژم نەک ببم بە ژن و دایکی منداڵی تۆ.) لە هەمان کاتدا دوای مردنی ئارۆ بە خەمبارییەوە لە لاپەڕە (٩١) دا دەڵێ: (مەرگی ناوەختی ئارۆ، ڕەشبینییەکانی میترای چەندان بەرانبەر زیاتر کردبوو، ئەگەر تروسکاییەکیش بۆ ژیان لای بەدی کرابا، ئەوە کۆچی ئارۆ هەموو هاوکێشەکانی گۆڕی).

٩- لە لاپەڕە (٢٩) دا دەڵێ: (لەولاشەوە پیاوی چەقۆ بە دەست، پڕ بە قوڕگی خۆی بەرانبەر بە دراوسێکانی کەیکاوس هاواری دەکرد، بۆ وا زەق تەماشام دەکەن، من "خەتەنە" ی ئارامیتام کردووە کارێکی ناشەرعیم نەکردووە، خۆ ناتانەوێت نانی دەستیان حەرام بێت.) باشە ئەوە گریمان کەیکاوس بڕوای وابێت کچەکانی خەتەنە بکات، کوا لە کوردەواریدا پیاوان ئەم کارەیان کردووە؟! وەک هەموو ئاگادارین ئەم کارە ئەگەر کرابێتیش لێرەو لەوێ، بە تایبەتی لە گوندەکان، ئەوەش تەنیا کاری پیرێژن و مامان و ئەوانی تر بووە کە لە هەمان ڕەگەزن.

١٠- مردنی دایکی میترا زۆر سەیرە! نامەیەک و ئەڵقەکەی باوکی میترا لە ناو لەپیدا توند حەشار داوە هەتاکو دوای مردنی، ئینجا لە دەستی دەردێنن، لە کاتێکدا دایکی میترا چەندان کاتژمێر بە بێ هوشی لە نەخۆشخانەیە و پزیشکەکان هەوڵی لەگەڵ دەدەن ئێ خۆ هیچ نەبێت بۆ (کانولە) بەستن، یان ئەندازە گرتنی گوشاری خوێن هەر پێویستیان بە لەپکردنەوەی دەبوو، خۆ زۆر ئاساییی بوو لەکاتی هێنانیان بۆ نەخۆشخانە ئەو نامە و ئەڵقەیەی هەر هیچ نەبێت بە خوشکەکەی، واتا (پلکی میترا) بدایە کە دواتر بە میترایان دەدا. لاپەڕە (٤٧)

١١- لە لاپەڕەی (٥٠) دا میترا دوای مردنی دایکی دەگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی و بەتەنیا دەژیت، کوا لە کوردەواریدا خزم و کەسوکار، ئەگەر بە (خوێی هەویر)ێکیش پێیان بگات، لێدەگەڕێن کچێکی تەمەن ١٨ تا ٢٢ ساڵی بەو هەموو جوانییەوە بەتەنیا لە ماڵێکدا بژیت؟

١٢- لە لاپەڕە (٥٩) دا نووسەر بۆ جوانکاری پەنا بۆ دێڕە شیعرێک دەبات، هەروەک دەڵێ: (پاشان ئەو پارچە شیعرەی وەک هەمیشە دووبارە کردەوە " لە ڕووی تۆ تێدەگەم یەزدان چلۆن نەخشی دەنەخشێنێ") بەڵام خۆزگایە ناوی شاعیرەکەشی دەستنیشان بکردایە وەک مافێکی شەرعی و زانستی.

١٣- سەرۆک سەرەتا وەک فریشتەیەک تەماشای میترا دەکات، هەرچۆنێک بێت بۆ مەرامی کاری خۆی بانگهێشتی کۆشکی دەکات و کاری خۆی لەگەڵ دەکات، بەڵام میترا ئەو فریشتەیە نییە و پێشتر دەسکاری کراوەو وەک ئاشکرایە پەردەی کچێنی نەماوە، ئەمەش زۆر گرنگە بە لای سەرۆکەوە و چۆن بەسەریدا تێپەڕی و هیچ کاردانەوەیەکی بەرانبەری نەبوو؟

١٤- (میترا و هاوڕێکانی وەک زۆربەی جارەکان، لە ژێر دارتووەکە کە تازە خەریک بوو لقەکانی دەتەقی و سەریان دەردەهێنا، خەریکی قسەو باس و چۆنیەتی خۆ سازکردن بوون بۆ تاقی کردنەوەکانی کۆتایی ساڵ. لاپەڕە ٨٨ و ٨٩). ئەرێ سەرەتای بەهار زۆر زوو نییە بۆ تاقی کردنەوەکانی کۆتایی ساڵ لە زانکۆ، کە لە مانگی حوزەیراندا دەست بە تاقیکردنەوەکان دەکرێت!

١٥- پاش پاکتاوی گوندەکان و بێ سەروشوێن کردنی زۆربەی خەڵکی کوردستان لە شارێکی کوردنشینی وەک هەولێر، چونکە ئەو کات تەنیا هەولێر زانکۆی تێدا بوو وەک شارێکی کوردنشین، کوا سەرۆک ئەو ڕێزەی لە لای خەڵکی مابوو؟ وەک لە لاپەڕەی (١٢٠) دا دەڵێ: (قوتابیان و مامۆستایان، هەریەک بە جودا کێبەرکێیان بوو، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ڕێز و ستایشی خۆیان پێشکەشی سەرۆکی وڵات و شاندەکەی هاوڕێی بکەن.)

١٦- میترا ئەم هەموو هێنان و بردن و بەدواهاتنەی بە ئۆتۆمبێلی جۆراوجۆر و خەڵکی نەناسراوی بە دواوە بوو، چۆن دراوسێکانی هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو، تەنانەت بە پرسیار کردنێکیش، یان هیچ نەبێت مقۆمقۆی نێوانیان.!

١٧- (ئێستا ئیدی لێی دیار بوو، دەبێ جارێکی تر جەستەی خۆی بە

بێ ویست و حەزی خۆی، ببەخشێتە مرۆڤێکی تر، گرنگ نەبوو پلە و پایەی چ دەبێت و پیاوی ژمارە چەندی ولاتە، گرنگ ئەوە بوو بێ ئەوەی بیەوێت، ڕوح و جەستەی لەسەر سینییەکی ئالتوون، پێشکەشی پیاوێک دەکات. لاپەڕە (١٥١) بەلام میترا خۆی پێشبینی ئەمەی دەکرد و زۆریشی پێخۆش بوو ئەگەر ئەمە ڕوویدات، هەروەک لە لاپەڕەی (١٢٥) بەوپەڕی ئارەزووەوە لەگەڵ (ئاڤێستا)ی دەستەخوشکی، دەڵێ: (هەردووکیان تا درەنگانی شەو، خەریکی گاڵتە و پێکەنین بوون، ئاڤێستا بە شاژنە میترا بانگی دەکرد و ئەویش پێدەکەنی و دەیگوت، ئەرخەیان بە کە بووم بە خانمی یەکەمی ولات، دەتکەم بە پسپۆڕی دڵداری و خۆشەویستی، بەینی خۆمان بێت، زۆر باشی لێ دەزانیت، مووچەیەکی باشت بۆ دەبڕمەوە.)، هەروەها پێشبینی بۆ هاوڕێکەشی دەکات و دەڵێ: (ئەی چۆنە ئەو کاتی، هاوسەرێکی دەوڵەمەندی گێلت بۆ ببینمەوە، تا کۆتایی ژیان لە کەیف و خۆشیدا بیت.)، تەنانەت دەڵێ: (میترا دەیگوت: ئاڤێستا خەریکە لە خۆشیدا پەڕوباڵ دەردەکەم، سەرۆکی یەکەمی ولات، ئەمڕۆ بەناوی خۆمەوە بانگی کردم. هەمان لاپەڕە)

١٨- (کارگێڕی ڕاگرایەتی کۆلێژ، بە هیچ جۆرێک لەسەر نەهاتنی بۆ کۆلێژ، لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەدەکرد، وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت، هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرد. لاپەڕەی ١٦٠) بەلام ئەمە پێش سەردانی سەرۆک و پێوەندی نێوان میترا و سەرۆکیش هەروابوو کاتی مردنی (دایکی میترا) نزیکی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵیش بوو. بڕوانە لاپەڕە کانی (٤٣-٥٤)، هەروەها دوور کەوتنەوەی (ئارۆ) لە کۆلێژ بۆ ماوەیەکی زۆری دیاری نەکراو، پاش ئەو کەتنەی بە سەر (میترا)ی پلکەزای هێنا.

١٩- لە لاپەڕە (١٨٨ و١٨٩) دا کاتێک میترا ڕادەسپێردرێت بە ماساج کردنی سەرۆک و دواتر کوشتنی، پێی دەڵێن: (لە دوای ئەوەی کە جەنابی سەرۆکی ناشەرعی ولاتت لەسەردەم پاڵخست، لە پشتی دەدەیت و مەساجی بۆ دەکەیت، دوای چەند خولەکێک، دەبێ دەستی خۆت بە ئاو و سابوون بشۆیت، ئەگینا مەترسییە بۆ سەر ژیانی خۆشت، شارەزایان بە باشی ئەم گیراوەیان گرتۆتەوە و لە دەزگای هەواڵگری ولاتێکی دراوسێوە بۆمان هاتووە، بۆ دڵنیابوون لە کاریگەری ئەم دەرمانە، لەسەر چەند زیندانییەک تاقیمان کردۆتەوەو ئامانجەکەی پێکاوە و مردوون.) بەلام لە لاپەڕەی (٢٠٦) دا هاتووە و دەڵێ: (بە کاوەخۆی لێوی خۆی پێ سوور کرد و خوارەوەی کردەوە. یەکەم جار دەستەکانی خۆی بە تەواوەتی چەور کرد، ...) باشە پاش ئەم چەورکردنەش، (میترا) بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە لە زینداندا بوو بۆی نەلوا دەستەکانی خۆی بشوات، ئیتر چۆن نەمرد.؟

٢٠- لە لاپەڕە (١٩٥) دا کابرای پارێزەر کە میترا لە لای کار دەکات، بە میترا دەڵێ: (باڕوونتر پێتان بڵێم، پێش ئەوەی تەشریف بێنن، نامەیەک لە نووسینگەی سەرۆکایەتی ولاتەوە بۆ بەڕێزت هاتووە. نێردراوەکەیان هاتە ئێرەو منیشی بە ناوی خۆمەوە بانگ کرد.) باشە پرسیار ئەوەیە ئەم نامەیە خۆ زۆر نهێنییە، ئەی چۆن وەک جارانی پێشوو بۆ ماڵەوەی میترا نەبردرا و درایە دەست کەسێکی تر، کە گومانی لا دروست بێت، هەروەهاش بوو.؟

لە کۆتاییدا من دەڵێم، ئەو خالانەی لێرەدا خرانە ڕوو، هیچ لە بە های ڕۆمانەکە کەم ناکەنەوە، بە پێچەوانەوە (شەوێک لە باوەشی سەرۆک دا) وەک بیرۆکە و بابەت و هونەری تەکنیک و زمانی نووسین، یەکێکە شاکارە گرنگە ئەدەبییە کوردییەکان و دڵنیام لە کتێبخانەی کوردیدا لە ڕیزی پێشەوە جێگای خۆی کردۆتەوە، بۆیە دەستخۆشی لە برای نووسەر (ڕێبوار سەلاح دەڵۆ) دەکەم و هیوای بەردەوامی قەڵەمەکەی بۆ دەخوازم.

# بۆ هاوەدەنگی شارە میدییەکان

**حەکیم مەلا سالح**
**(هەڵەبجە)**

ڕامان ئەم گۆڤارە ماندوونەناسەی بەردەستمان لەژمارە (۲۲۷)ی خۆیدا وتارێکی مێژوویی بایەخداری بەناوونیشانی (شارە میدییەکان) لەنووسینی مێژوونووسی ناودار (دیاکۆنۆف) بڵاوکردووەتەوە و نەبەز هێمن لە زمانی ئینگلیزییەوە کردوویەتییە کوردی.

وەرگێڕ لە پەراوێزدا نووسیویە (ئەم وتارە بۆ یەکەم جارە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی و تا ئەو جێیەی من ئاگاداریم هەبێت نەکراوە بە فارسییش).

وتارەکە بە ناوونیشانەکەیدا خوێنەری کورد لەسەر خۆی ڕادەگرێ و دەیکاتە ئەرکی سەرشانمان کە بەوردی بیخوێنینەوە، چونکە بەڕاستی وتارێکی بەنرخە و جێگای خۆی بەجوانی لە مێژووماندا دەکاتەوە، ئەم وتارە ئەوەی تێدایە کە داخراوە و پێویستی بە کردنەوە هەیە، کورد واتەنی (هەویرێکە ئاو زۆر دەکێشێ)، چونکە لیپە لە ناوی شار، هەرێم، چیا، کەسایەتی و نەتەوەکان، هیوادارم بۆ کردنەوەی وتارەکە شارەزایانی مێژووی دێرینمان بیخوێننەوە و ڕاڤە و پەراوێزی خۆیانی لەسەر دیاری بکەن، بەتایبەتی بەڕێزان: (دکتۆر جەمال ڕەشید، باباشێخی حسەینی، عەبدولڕەقیب یووسف، خاتو ڕافیدە، کەمال نووری مەعرووف، فازیل قەرەداغی).

ئەز دوای دووجار خوێندنەوەی و گەڕان بەناو سەرچاوەی کتێبخانەکەمدا، بەم خاڵانەی خوارەوە گەیشتم.

**یەکەم:** ناوی (ئاووا) هاتووە، وەک ناوی شار، یان مەڵبەندێ. بۆ ناسینی ئەم ناوە لە نزیک سنووری جوگرافیای کوردستاندا شارێک بەناوی (ئاوە) هەیە کە لەڕووی ڕۆژهەڵاتەوە نزیک بەشاری هەمەدانە، دیارە وشەی (ئاووا) بەپێی تێپەڕینی ڕۆژگار، ئەو کەمە گۆڕانەی بەسەردا هاتووە و (ئاوە)ی لێ ماوەتەوە، لەم ڕووەوە لە زمانەکەماندا هەندێ جار پیتی (ئەلف) لە کۆتایی وشەدا دەگۆڕێ بە (هـ) نموونەش وەک: ئێستا- ئێستە، واتا- واتە، باوا-باوە= باواگەورە- باوەگەورە. بەم پێیە (ئاووا) گۆڕاوە بە (ئاووە)، پاشان سانا بووە لە شێوەی (ئاوە) دا.

**دووەم:** لە وتارەکەدا چەند جارێ ناوی (خارخار) هاتووە، دکتۆر جەمال ڕەشید ناوی (خارخار) و (هاشمار)ی پێکەوە هێناوە و لەسەری نووسیون (اللتين كانتا تقعان في منطقة نهر سيروان وجنوبه) واتە: هەردووکیان کەوتوونەتە ناوچەی ڕووباری سیروان و باشوورییەوە.

من لەم بارەوە ناتوانم بچمە مەیدانی (دکتۆر جەمال ڕەشید)ی گەورەوە، بەڵام داوای لێبوردن دەکەم (خارخار)

بەهەمـان ناوی دێرینی خـۆیەوە مـاوەتەوە و دەکـەوێتـە سنووری (تیکاب)ـەوە کـەقـەزایەکـە سـەر بە ئوسـتـانی سنە.

یان ئەگــەر (هارهار)ی دێرینیش بێت کــە شــار و ناوچەیەکە لە باکووری قەڵەمڕەوی ئیللیپییەکان، ئەوە ئەمـیش هەر لە ناوچەی ڕووباری سـیـروانەوە دوورە، لە زمانەکەماندا جێگۆڕکێی نێوان هەردوو پیتی (هـ) و (خ) هەیە، نموونەش وەک (هۆر) لەزاری گــۆرانیــدا دەگـۆڕێ بە (خـۆر)ی زار و بنزارەکـانی دی، یان وشـەی (کـاردوو) لەشـوێنێ بەشـێـوەی (هاز) و لەشـوێنی دی (خاز) بەکاردێت، یان هەر لەزاری گۆراندا وشەی (هانە - هانی)مان هەیە کە لەزاری کرمانجی ژووروودا دەگۆڕێ بە (خانی)، واتە (کانی) کرمانجی نێوەڕاست، کەواتە لە وتارەکەی دیاکۆنۆفدا هەرکامێکیانی مەبەست بێت، ئەوە دیسـان داوای لێبـوردن لە دکـتـۆرەکـەمـان دەکـەم بۆچوونەکەی ئەو ناگرنەوە، ناوی (هارهار)م لە ئەتڵەس وەرگرتووە و لەجێگەی خۆیدا ئاماژەی پێ دەکەم.

**سێیەم:** وشەی (ئیللی پی) وەک دەستەڵاتدارییەکی کۆنی ناو کوردەواری، ڕەگی ئەم وشەیە بەکەمێ گۆڕانەوە لەناو (ئێلانپێ)دا ماوەتەوە، کە ناوی گوندێکی کۆنە لە هەورامانی لهۆندا سەر بە ناحیەی خورماڵ.

پێشـەکی دەبێ ئەوە بڵـێین کە پیـتی (پ)، یان (پی، پێ) لە زمانی کۆنی ئیلامیدا نیشانەی (کۆ)یە، هەر ئەم نیـشـانەیە بەناوی گـوندی (گـوڵـپ)یشـەوە مـاوەتەوە کـە بەواتای (گـوڵەکـان)، یان (گـوڵان) دێت، ئەم گـوندەش هەر لە هەورامـاندایە و زۆر لە (ئێلانپێ)وە دوور نییـە، بەڕێز دکـتـۆر جـەمـال ڕەشـیـد لەنووسـینی خـۆیدا پاش ڕووباری (دیالە) نـووسـیـویە: تلیها من الشـرق والجنوب مقاطعات - ناوار، بیپ خانبان، ایللیپی.

**واتە:** لەدوای ڕووباری دیالەوە(*) هەرێمـەکـانی - ناوار، بیپ خـانبــان، ئیللیــپـی لەڕووی ڕۆژهەڵات و باشــــوورەوە هەڵکەوتوون. دیارە ڕووباری دیالە هەر ڕووباری (سیروان)ـە (**)کە سەرەوخوار دەبێتەوە بەرەو دیالەو ئـەو ناوەی وەرگـــــرتـووە، هـەرچی گــــونـدی (ئێــلانپێ)یشـــە، دەکـــەوێتـــە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سـیـروانەوە، هەروەها لەناوی ئیللیـپی دا کە بە (ئیل) دەست پێ دەکـات، ئەوە (ئیل) لە زمـانی ئاریاییــدا بەواتای (خێڵ، هۆز) دێت کە لەگەڵ یەککگرتنی (پی)دا دەبنە واتای (خێڵەکان، یان هۆزەکان)، هەروەها وشەی (ئیل) لەزمانی عیبریدا بەواتای (خودا) دێت کە پاشان وشەکانی (اله، الهە، الله)یان لەسەر داتاشراوە، ئەگەر لەم ڕێگەشـــەوە بۆ واتای ئیللیـــپی بڕۆین، ئەوە واتای (خـــوداکـــان) دەدات، ئەمـــەش لەوەوە بۆی دەچین کـــە لەسەروبەندی ئەو مێژووە کۆنەدا (یەکتاپەرستی) نەبووە، بەڵکو ژمارەیەک خوداوەند هەبوونە، وەک خودای (خێر، شەڕ، ڕەشەبا، باران و خۆر و...تاد).

**چوارەم:** لە وتارەکـەدا چەند جـارێ نـاوی (پارســوئا) هاتووەو لەســەری نووســراوە (کــە دەبێ لە دەورووپشـتی سلێـــمــــانی لە ناوچەی زاگـــرۆس و خـــاکی (مـــاد) هەڵکەوتبـێت). لەم دەسـتنیـشـان کـردنەوە دەردەکـەوێ وشــەی (پارســوئا) هیچ پێــوەندییــەکی بە (پارس - فارس)ـەوە نییـە، بەڵکو هەر لەچوارچێـوەی جوگرافیـای کـوردسـتـاندایە و دەبێ بڵـێین لەسەر زەمـینی (ماد)دا بووە، لەم ڕووەوە بەڵگەی ڕاسـتـەقـینە ئەوەیە کـە ناوی (پارسـوئا) بەدوای نـاوی (زامـوئا) هاتووە کـە پاشـان باسی ئەمیش دەکەین.

ناوی (پارســـوئا) دەبێ لە یەکــێک لەناوی ئەم دوو گوندەوە بێت. یەکەمیان (پارسان) کە گوندێکە لەڕووی باکـوورەوە سـەر بە شـاری (سـەردەشت)ـە. دووەمـیـان (پارسانیـان)مـان هەیە کـە ئەمـیش هەر ناوی گـوندێکە لەنێـوان هەردوو شـاری سـەقـز - دیواندەرەدا، نزیک بە قەڵای زێوێ کە دەیان پارچە عەتیـقەی تێدا دۆزراوەتەوە و ئێستا لە موزەی شاری تاراندان.

**پێنجەم:** وشـەی (زامـوئا - زامـوا) لەو ناوانەیە کە لە وتارەکەدا هاتووە. ئەم ناوە لە مێژووە کۆنەکاندا لەچەند شوێنێکدا لەگەڵ (لولوبیەکان)دا هاتووە، بەشێوەی ئەوەی کـە هەردووکـیـان ڕەگـەزێکی دێرینی کـوردن و سنووری دەسـتـەڵاتیـان لە کـەناری ڕووباری (سـیـروان - دیالە)وە بووە تا دەریاچەی (ورمێ).

زۆر نزیک لەناوی (زامـوا) لە تەخـتـایی شـارەزووردا نزیک بە هەڵەبجە دوو گوندمان هەیە بەناوی (زەمـەقی سـەروو - زەمـەقی خـواروو) کـە لە هەردووکـیـاندا، بەتایبەتی لە زەمەقی خوارووا کەلوپەلی کۆنی لەشێوەی (کووپە، گۆزە، ڕم و نێزە، ئێسک و پرووسک، کاسە و کـەوچکی) تێدا دۆزراوەتەوە، بەڵام بەداخـەوە نرخیـان نەزانراوە، هەروەها دەستی عەتیقە ناسیان پێنەگەشتووە

کــە دەوران و مــێــژووەکــەیان دیاری بکات، وشـــەی (زەمـەقی) لە دوو بڕگـە پێکهـاتووە: یەکـەم (زەمـە) کـە پاشماوەی (زامـوا)یە و دووەم (قـی - کـی) کە لەزمانی کـــوردیدا پیـــتی پەیوەندە. وەک: زازا زازاکی، خـــێڵ خێڵەکی، دەردەرەکی و...تاد. لەزمـانەکـەماندا گۆڕانی نێـــوان پیـــتی (ق) و (ک)مـــان هەیە، نموونەش وەک (بریکە- بریقە، تاک- تاق، چەکۆ- کە لە ئاڤێـستـادا هاتووە- گـۆڕاوە بـە (چەقـۆ)...تاد. بەم پێـیـە وشـەی (زەمــە+ قی) لە کـۆندا (زامــوا + کی) بووە و بەپێی بەسەربردنی ڕۆژگـار ئەو کەمە گۆڕانەی بەسەردا هاتووە، ئەم دوو گوندەش ڕووباری سیروان دەکەوێتە ڕۆژئاوایان و زۆر لەیەکەوە دوورنین.

**شەشەم:** ناوی (لەگەش) لە وتارەکەدا ناوە بۆ شوێن و دیبــــارێ، ئـەم ناوە لەســـەرچاوەی دیکەدا بـە شـێـــوەی (لاگاش) هاتووە کە دیارە هەردووکیان هەریەکێکن، ئەم شوێنە کەوتووەتە هەرێمی لوڕستـانەوە، گـەلێ کنەکـاری تێـدا کـراوە و ئەوەی تێـدا دۆزراوەتەوە لەگـۆشـەیەکی موزەی شاری تاراندایە.

وشـەکـە لە دوو بڕگـە پێکهـاتووە. یەکـەم (لاگـا) لەزمـانەکـەمـاندا بەشـوێنی وچان و پشـوودان دەگـوترێ لە چۆڵەوانی و دەشـتاییـدا، بڕگەی دووەمیش پیتی (ش)ە کـــە بەواتـای ئاژەڵ دێت، هەروەک ئەوەی لە وشـــەی (شوان)دا دیارە. (وان) پاشگرێکە بەواتای سەرپەرشتی کـردن و ئاگـاداری کـردن دێت، کـەواتە(ش+وان) دەبێـتـە کـەسی ئاگـادارکـردنی ئاژەڵ. ئـەمـە وەک زمـانی باوی باوانمان، بەڵام بەجۆرێکی دی پیتی (ش) دەبێتە پاشگر هەروەک بەڕێز دکـتـۆر جەمـال ڕەشید ئامـاژەی پێ داوە. بەو شـێـوەی ئێـمـە دیاریمان کـرد، لێکدانەوەی وشـەی (لەگەش، یان لاگەش) بەواتای شوێنی پشوودانی ئاژەڵ دێت کە لە بەرانبەریدا وشەی (تەمیان) و (چەپەر)یشمان هەیە، ئەمـە بیـروڕایە کـە هیـوادارم نووسـەرانی مێـژووی کۆنمان لێمان قبـووڵ بکەن، مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو سەردەم و ڕۆژگارەی ئەو شوێنە ناونراوە سەردەمی ئاژەڵداری بووە، نەک باخداری و جووتیاری.

**حـەوتەم:** ناوی (چۆمــاوان)یش لەو ناوانەیە کــە لە وتـارەکـــەدا زیـاد لە جـــارێ ناوی هاتووە و لەســـەری نووسراوە: چۆماوان کە ناوچەیەکی گـەورەی سنووری ژێر دەستەڵاتی حاکمی (لەگەش) لە بەشی دووەمی سەردەمی ئووری سێیەم لە سەردەمی ئاشووریەکاندا. ئەوەی وەک ناو، هەروەها وەک شـوێنەواری کـۆن لە کـوردسـتـاندا مـابێـتەوە (چۆمـان)ـە کە ئێستا بووەتە قەزا و دەکەوێتە سەرووی ڕۆژهەڵاتی هەولێر، نزیک بەشاری پیرانشاری کـــوردســـتـــانی ڕۆژهەڵات، ناوی (چۆمـــان) لە دوو (چۆم)ـەوە هاتووە و ئەوی ڕاســـتی بێت لەو شـــوێنەی تێیدا هەڵکەوتووە دوو چۆم دەدەن لەیەک.

**هەشـتـەم:** کـووت، ناوێکە لەو ناوانەی لە وتارەکـەدا جێگەیان هەیە، هیچ پێـچوپەنایەکی ناوێ کـە هەر ناوی شـاری (کـووت)ی ئێـسـتـا دەگـرێـتەوە کـە بەشـارێکی سـەربەخـاکی عـەرەبی ئێـراقی دەناسـرێت، ئەگـەرچی تا ئێستاش دوای ئەو هەموو شاڵاوی بەعەرەب کردنە، هەر ڕێژەیەک کوردی فەیلی لە خۆی و دەوروبەریدا ماونەتەوە. ئەم شـارە مـێـژووەکـەی بۆ سـەردەمی دەسـتـەڵاتدارێتی (کـووتی، یان گـووتی)یەکـان دەگـەڕێتـەوە کـە لەڕووی ڕۆژئاوای زامواییەکانەوە هەڵکەوتوون و هاوزەمـان لەگەڵ زامــواییــەکـاندا بەرەو ڕۆژئاوای گـۆلی ورمێ کـۆچیــان کردووە و بەپێی کەشوهەوا و لەوەڕگە گەڕاونەتەوە کووت و دەوروبەری، هەموو مێژووەکان لەسەر ئەوە یەک دەنگن کـە (زامـواییـەکـان و گـووتییـەکـان دوو ڕەگـەزی دێرینی کوردن).

**نۆیەم:** وشـەکـانی (ئامـادی، مـادای، مـاد، مـیـدیا و مێدی) هەریەکەو لەشوێنی خۆیاندا لە وتارەکەدا ناویان هاتووە. دیارە ڕەگەزی یەکەمی ئەو ناوانە هەر (ماد)ـە و لەزمـانی ئاشـووری، بابلی و ئارامـیـدا ئەم ناوانەی لێ داتاشـراوە. ئێـسـتـا دەچین بەدەم وشـەی (مـاد)ـەوە، بەکورتی و بەکوردی دەڵێین سەرچاوە مێژووییەکـان بەم شێوەیە پێناسەی ئەم فەرمانڕەواییە دەکەن: (دیاکۆ، یان دیائاکۆ، یان دیوک) بەپشتیوانی خەڵکێکی ئێجگار زۆر لە (٧٤٥ تا ٧٦٧)ی پێش زایین لە جوگرافیـایەکدا کە بە پەرشـوبڵاوی فـەرمـانڕەوایی تێدا دەکرا، هەمـوویانی یەک خـست و حکوومـەتی (مـاد)ی دامـەزراند و شـاری هەمەدانی ئێستای کردە پایتەخت).

وشـەی (هەمـەدان) لەبنەڕەتدا پێکهـاتووە لە دووبڕگـە (ئا + مــادان)، یەکـێـک لەواتاکــانی وشــەی (ئا) لە زمــانەکــەمــاندا (گــەورە) دەگــەیەنێت، نموونەش وەک (ئاکۆ= ئا + کۆ) بەواتای گەورە کێو دێت، یان (ئالان= ئا + لان = بـەواتـای لان، یان لانکـەی گـــــەورە دێت،

هەروەها لە شێوەزاری ئەردەڵانیدا تا ئێستاش ریشەی هەر ماوە، چونکە بە (کاکە) دەڵێن (ئابرا) بەواتای برا گەورە، بە (دادە)ش دەڵێن (ئاباجی)، واتە خوشکی گەورە، یان وشەی (ئاسۆ)مان هەیە کە (سۆ) یەکێک لە واتاکانی (رووناکی) دەگەیەنێت کە دەبێتە ئاسۆ واتای رووناکی گەورە و فراوان بەدەستەوە دەدات، هەروەها پتر لە وشەی (ئا) وردبینەوە نموونەی دیکەمان دێتە دەست.

برگەی دووەمیشی کە (مەدان)ـە و (مادان) دەگرێتەوە، بەم پێیە واتای هەمەدان، یان ئامادان دەبێتە (مادی گەورە). وشەکانی دیکەی ناومان بردن هەموویان لەسەر وشەی (ماد) دارێژراون. بۆ نموونە (ئامادی) کە پاشان گۆڕاوە بە (ئامێدی) ئەوە قەزایەکە سەربە دهۆک و لەسەر بەرزاییەکی ئاودار دا بنیاد نراوە و مێژووی دیارە، هەروەها ناوی لەمێژینەی (دیاربەکر) (ئامەد)ـە، هەروەک ساڵانێکە هاتووەتە کایەوە و ئەمیش لەریشەی (ئاماد)ـە، لە کوردستان بەشی رۆژئاواشدا (عامودا)مان هەیە کە لەبنەڕەتدا هەر (ئامودا)یە و (ع)ی عەرەبی جێگەی یەکەم پیتی گرتووەتەوە، ئەم دیاردەیەش بەهەندێ ناوی ترەوە دیارە، ئەوانەش وەک (ئامورا) کە گۆڕاوە بە (عامورە) گوندێکە لەبناری چیای سوورێن – هەڵەبجە – (عەربەت) شارێکە نزیک بە سلێمانی، کە راستییەکەی (ئەربەت)ـە بەواتای زەوی دێم کە قەراجیشی پێ دەگوترێ. (عیفرین) شارێکە لە کوردستانی رۆژئاوا کە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بۆ خۆی (ئاڤرین=ئاودار)ـە. (عەنەب) گوندێکە لە رۆژهەڵاتی هەڵەبجە کە دانیشتوانەکەی پێی دەڵێن (عەنەو) کە ئەمەش لە (ئانەو)ـەوە هاتووە بەواتای خودای سەرچاوەی ئاوەکان و دیارە شوێنی دیکەش هەیە.

**دەیەم:** لە دووتوێی وتارەکەدا زۆرجار ناوی (ئاشوور) وەک گەل و دەسەڵاتدارییەک هاتووە، ئەو سەرچاوە مێژووییانەی ئێمە لەسەر ئاشوورییەکان خوێندبێتمانەوە، بەوە پێناسەی دەکەن، گەلێکی دڕ و شەڕخواز و داگیرکەر بوونە و هەمیشە هەوڵیان داوە سنووری دەسەڵاتداریتییان فراوان بکەن، پەلاماری هەرشوێنێکیان دابێت، داگیریان کردووە، هۆی سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمان یەکەم گەل بوون ئاسنیان دۆزییەوە و ئامێری (تیر، رم، نێزە و چەقۆ)یان لێ دروست کردووە کە چەکی گەورەی ئەو سەردەمە بوونە، مەڵبەندی ژیانی خۆیان باکووری میزۆپۆتامیا بووە.

ناوی ئاشوور تا ئێستاش لەکوردستاندا بەم شێوەیە ماوەتەوە:

أ- دەشت ئاشوور، لە سنووری شارۆچکەی (سەولاوا)ی سەر بە (مەریوان). هەمان ناو لەسنووری شاری (جوانرۆ)شدا هەیە.

ب- دەشت ئاشوور، لە جوگرافیای لوڕی بچووکدا – کوردستانی رۆژهەڵات.

پ- کانی ئاشوور، دەکەوێتە گوندی (بەوراوا)ی سەر بە قەزای سەقز.

ت- پیچ ئاشوور، ناوی گوندێکە سەر بە ئوستانی ئیلام.

ج- کلاوەی ئاشوور، ناوی شوێنێکە نزیک بە ناحیەی بیارەی سەر بە هەڵەبجە.

چ- چاڵگەی ئاشوور، ناوی پارچە زەوییەکە لەتەنیشت گوندی بەکراوای شارەزوور، نزیک بە هەڵەبجە.

ح- ئاشووروەند، ناوی تیرەیەکە لە هۆزی چوارلنگی بەختیاری باشووری کوردستانی رۆژهەڵات.

**یازدەم:** ئارازیاش وەک ناوی شوێنێک لە وتارەکەدا هاتووە. بەڕێز دکتۆر جەمال رەشید بەم شێوەیە لەسەری نووسیوە: فتح تيغلات پلاصر هذه المنطقة بعد رجوعه من (كيتپات او كهڤاد)اى (ساينقلا المعاصرة) مارا بـ(اپاتارا) اي (ابهار الحالية) حيث توجه الى (ارازياش) اي (آرشتار) جنوب نهاوند.

واتە: تیگلات پلاسەر ئەم ناوچەیەی گرت و دوای گەڕانەوەی لە (کیتپات یاکهڤاد)، واتە (ساین قەڵا)ی ئێستا و بە (ئەپاتارا)دا، واتە (ئەبهەر)ی ئێستادا تێپەڕی و رووی کردە ئارازیاش، واتە(ئاشتر)ی باشووری نەهاوەند، ئەم نووسینەی دکتۆر هیچ گومان و دوودڵییەکی تێدا نییە، زۆر راستە کە (ئەلیشتەر) کەوتووەتە باشووری نەهاوەندەوە، بەڵام ئەوەمان بۆ روون نابێتەوە کە بۆچی ئەو ناوە خۆشەی گۆڕاوە بە ئەلیشتەر؟ یان لەکام سەردەم و رۆژگاردا ناوی ئەلیشتەر هەڵبژێردرا؟ یان ئەلیشتەر چ واتایەک دەگەیەنێت؟.

**دوازدەم:** (سەگبیتو) ناوی شارێکی دیکەی میدیەکانە کە (خانا شیروکا) رێبەرایەتی کردووە، دوای ئەمە لە وتارەکەدا بەدوای سەگبیتودا ناوی شاری (ئارازیاش)

هاتووە و لەناو دوو کـــەوانەدا نووســـراوە (کـــە ڕەنگە لەنزیک هەمەدانی ئەوڕۆیی هەڵکەوتبێ) بەو جۆرەی کە جێگەی ئارازیاش دیاری کراوە سەر بە شاری نەهاوەندە، ئەوە ناوی (سەگبیتو) (سەگابی) ئێستا دەگرێتەوە کە سەر بە ئوستانی کرماشانە، نەهاوەند و کرماشانیش جوگرافیایان پێکەوە نووساوە، ئەتڵەسی تەئریخی ئێران لە لاپەڕی (٩)دا لەسەر گردەکانی (گودین) و (سگابی) نووسیویە: «بقایای باستانی منطقە کوهستان غرب مرکزی، در سلسلە حفریاتی در تپەهای (گودین و سەگابی) شناسایی شدەست کە این آثار را بە دوازدە دورە تقسیم کردەاند»، واتە پاشماوە دێرینەکانی ناوچە کوێستانییەکانی ڕۆژئاوای ناوەندی لەزنجیرە کنەکارییەکدا لە گردەکانی گۆدین و سەگابی ئەوە دەرکەوتووە کە ئەم شوێنەوارانەیان بەسەر دوازدە دەوراندا دابەش کردووە.

پاش ئەمە لەسەر دەورانی نۆیەم ٣٨٥٠ – ٤١٠٠ نووسیویە «کەنخستین بار تپە (سگابی) شناسایی شدە بە دورە سگابی نامگذاری شدەاست» واتە: (ئەو شوێنەوارانە) کە یەکەم جار لە گردی سەگابی ناسێنراوە، ناونراوە (دەورەی سەگابی) جگە لە دیاریکردنی جوگرافیایی ناوەکە، ئەوە بە پێوانەیەکی زمانەوانی وشەی (سەگبیتو) لە دوو بڕگە پێکهاتووە. یەکەم (سەگبی)، دووەم: پاشگری (تو). وشەی (سەگبی) جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ (سەگابی)دا نییە و پاشگری (تو)یش بەواتای سەرزەمینی ڕۆژهەڵات دێ.

**سێزدەم:** وشەی (مۆردەخای) کە بەشێوەی (مەردۆکیا) لە وتارەکەدا لەسەری نووسراوە [ئاییینی مەردۆک، یان ئیشتار بۆ زاگرۆس، تەنانەت لە قەفقاز لەسەدەکانی هەشتەم – شەشەم پ.ز پشتڕاست کراوەتەوە] ئەمە بەجێی خۆی، ئێمەیش بۆ هاوکاری کردنی ئەو پشت ڕاست کردنەوەیە، هەر ئەوەندە دەڵێین: یەکێک لە بەرزاییەکانی زنجیرە چیای (شاهۆ) پێی دەگوترێ (کەلی مەردۆخ) کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری (پاوە). لەو کەلەدا پەیکەری مەردۆخیش هەبوو کە مێژوویەکی زۆری خستبووە پشت سەر، بەڵام بەداخەوە لەم ساڵانەی دواییدا دزەکانی شوێنەوار، سەروسنگی ئەم پەیکەرەیان بەهەر ئامێرێ بووە بڕیوەتەوە و ئێستاش نازانرێ ئەو دزانە کێ بوون و سەروسنگی ئەو پەیکەرەش نادیارە، هەروەها لەناو کوردا بنەماڵەیەکی گەورە بەناوی (مەردۆخی) هەیە، ئەم مەردۆخییانە بە شێخ دەناسرێن و لە کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە بەناو (سنە، خورخورەی سەقز، قەرەداغ و هەندێ لە ئاواییەکانی سەر بە شاری کامیاران).

دزەکان ئەگەرچی سەروسنگی ئەو پەیکەرەیان برد، بەڵام هێشتا بەدەنەکەی لێی ماوەتەوە، هەروەها ناوی (کەلی مەردۆخ) بۆ ئێمە مێژوویەکە و بیرناچێتەوە، ئەوەش دیارە کە وشەکانی (مەردۆخ، مۆردەخای، مەردۆکیا و مێردۆک) هەر یەکێکن و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی کەمێ گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

**چواردەم:** وشەی (ماننا) ناوێکە لە وتارەکەدا بەم شێوەیە هاتووە (هەمیشە بابلی و هەماتییەکان لە «سامەریا» نیشتەجێ کرابوون، هاوکات خەڵکانی شارەکانی ماننا بۆ (دەمەسکوت – دیمشق) لە وڵاتی خاتتی بەزۆری کۆچێنران).

چەند جارێکی دی ناوی ماننا لە وتارەکەدا هاتووە، بۆ پێناسەی ئەم ناوە، پەنا دەبەینە بەر ڕای دکتۆر جەمال ڕەشید کە بەم شێوەیە پێمان دەناسێنێ (تقع منطقة شبه جبلية تتخللها بعض السهول جنوبي بحيرة (اورميا) عاش فيها مجموعة بشرية موحدة الجنس واللغة، وصلت في المرتبة الحضارية الى درجة عالية في العصر الاشوري وبالاخص في بداية الاف الاول قبل الميلاد سموا بـ (ماننا).

ناوچەیەکی نیمچە کوێستانییە و چەند پارچە زەوییەکی لەباری تێدایە، دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای گۆلی (ورمێ) و کۆمەڵێ مرۆڤی یەک ڕەگەز و زمانی تێدا ژیاوە، لەسەردەمی گەشەکردنی شارستانییەتدا گەیشتووەتە ئاستێکی بەرز لە دەسەڵاتداریێتی ئاشوورییەکاندا، بەتایبەتی هەزارەی یەکەمی پێش زایین پێیان گوتراوە (ماننا).

**پازدەم:** زاگروتی ناوێکی دیکەی نێواخنی وتارەکەیە و بەڕێز دکتۆر جەمال ڕەشید بەم شێوەیە لەسەری نووسیوە، (اعتبرت منطقة اربيل وقلعتها ميدية لان قبائل أساگرتا (زاگروتی) قد سكنها بعد ماانتقلوا اليها من شرق بحيرة اورميا و شمال گيزلبونده بين تبريز و زنجان).

**واتە:** هەرێمی هەولێر و قەڵاکەی بە میدی دادەنرێت، چونکە هۆزەکانی ئەساگرتا (زاگروتی) تێیدا نیشتەجێ

بوونە، پاش ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ و باکووری گیزلبوندەی نێوان تەبریز و زنجانەوە ڕوویان تێ کردووە.

**شازدەم:** لەسەر ناوی (خۆبۆشکیا) نووسراوە (نزیک حەکاری ئەورۆ) کە گوایە شەمشی ئادادی پێنجەم، هێرشی کردووەتە سەر میدییەکان کە خۆبۆشکیاشی گرتووەتەوە.

لەم نووسینەدا شتێک لە جوگرافیای ئەو شارەمان دێتە دەست، بەڵام بەڕێز دکتۆر جەمال ڕەشید بەم شێوەیە لەسەری نووسیوە: (عندما سار سالما نصار الاشوري بحملة (عام ٨٣٨ق.م) بعدما انتهى مهماته الحربية في بلاد (موساسير) ثم إتجه الى (گيلزان و خوبوشكيا) ودمر (٢٢) مدينة اخرى.).

**واتە:** کاتێ سالمانساری ئاشووری هێرشێکی کرد، ساڵی (٨٣٨ پ.ز) دوای ئەوەی ئەرکەکانی جەنگی لە وڵاتی (موساسیر) بەجێ هێنا، پاشان ڕووی کردە (گیلزان و خۆبۆشکیا) و بیست و دوو شاری دیکەی وێران کرد.

لێرەدا ئێمە مەبەستمان لە نووسینەکەی دکتۆر ئەوەیە جوگرافیای ئەو شارە دیار نییە و بۆشمان ڕوون نەبووەتەوە کە (گیلزان) کوێیە؟ ئەگەر ناوی (گیلزان) لە نووسینەکەی دکتۆردا ڕوون بوایە، ئەوە قسەی تر هەبوو لەسەری.

**حەڤدەم:** ناوی شار، یان مەڵبەندێ لە وتارەکەدا هاتووە بەشێوەی (ئابدادانا) هەروەک ناوو بەس.

لەم ڕووەوە پێم وایە (ئابدانان)ی ئێستا بێت کە قەزایەکە لە باشووری ئوستانی ئیلام.

وەک لەسەرەتای ئەم وتارەدا باسمان کرد کە وتارەکەی دیاکۆنۆڤ زۆر داخراوە، بەڵام چونکە وتارێکی بایەخدارە، باشتر وایە مێژوونووسان لەو داخراوییە دەری بێنن و من بۆخۆم هەر هێندەم پێ کرا بەهیوای ئەوەی نووسینەکەم جێگای سوود بێت و سنگیشم واڵایە بۆ ڕەخنە.

**پەراوێز:**

*** دیالە: لە بنەڕەتدا ناوی (دوویاڵە)یە و عەرەبەکان بەو شێوەیە گۆڕیویانە.**

**** وشەی (سیروان) لە سێ ڕووبار پێکهاتووە. ڕووبار کە بەگۆڕانی (ڕۆیاروو)ی پێ دەڵێن سەرەتا لە گۆلی زرێبارەوە سەرچاوە دەگرێ تا دێتە شوێنێک کە ڕووباری کۆماسی تێکەڵ دەبێت و ئەو شوێنەش ناوی (دوورۆ)یە، پاشان کە بەرەو خوار دێت، ڕووباری پاوەی تێکەڵ دەبێت و بەهەرسێکیان وشەی (سێروان - سیروان) پێکدێنن.**

**سەرچاوەکان:**

**١- نقشه را ههای استان کردستان، با فهرست اسامی نقشه. طرح، تهیه، لیتوگرافی و چاپ از! مؤسسه جغرافیائی و کارتوگرافی گیتا شناسی.**

**٢- نەخشەی پارێزگا، یان ڕاستتر وایە بڵێین ئوستانی دهۆک، ئامادەکردنی هۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو، پێداچوونەوەی هاشم یاسین حەداد، سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان.**

**٣- نەخشەی پارێزگای هەولێر، هەمان ناوەکانی نەخشەی دهۆک.**

**٤- اطلس تاریخ ایران، طراحی و اجرا/ طرح اطلس ملی ایران، سازمان نقشه برداری کشور، چاپ اول ١٣٧٨، چاپخانه: سازمان نقشه‌برداری کشور.**

**٥- نقشه استان ایلام، سازمان جغرافیایی نیروهای مسلح/ وزارت دفاع و پشتیبانی نیروهای مسلح.**

**٦- ئەتلەسی هەرێمی کوردستانی ئێراق/ ئێراق و جیهان، ئامادەکردنی هاشم یاسین حمد امین حداد، سەردار محەمەد عەبدولڕەحمان، هۆشیار محەمەد ئەمین خۆشناو.**

**٧- نەخشەی کوردستانی گەورە: ئەردەڵان.**

**٨- هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی - فارسی: هەژار موکریانی، انتشارات سروش، چاپ اول، تهران/ ١٣٦٩.**

**٩- دراسات كردية في بلاد سوبارتو/ الدكتور جمال رشيد احمد، بغداد/ ١٩٨٤ من مطبوعات/ الامانة العامة للثقافة والشباب لمنطقة كردستان.**

**١٠- گەڕانی خۆم لەساڵانی پێشمەرگایەتی و ئاوارەییدا.**

# نامەیەک لە (تاهیر ئەحمەد حەوێزی)یەوە

ئا: ڕامان

کۆیە
١٩٩٨/٣/٢٣

**بۆ زۆر خۆشەویستم ئازادی بەڕێز**

ڕۆژ باش

جەژنی نەورۆزت پیرۆز بێ؛ کە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ساڵانی دی. لەپێش هەموو شتێک هەردوو چاوی خۆت و بێچووەکانتان ماچ دەکەم و زۆر سەلام لە داکی منداڵان دەکەم.

١- کاک ئازاد ئەم جارەش لە هەولێر، لەبەر تەعزییەی خوا لێ خۆشبوو (محەمەد ڕەسووڵ ئاغا)ی خوارزام پێم نەکرا سەرێکتان لێدەم؛ خوا هەموو لامان بپارێزێ.

٢- گوتیان: «ئەدیبێکی گەورەی فەرەنسی (گی دی مۆپاسان)، ئەدیبێک بوو ژنان شێتیان کرد»، وەختی خۆی ئەمن لە گۆڤاری (الهلال) لە چلەکان وەرم گێڕاو لە (گەلاوێژ) بلاو بۆوە، منیش وا خەوم دێتە بەرچاو، (نووسینەکانم)، کە خۆیان شاردیتەوە و ماوەی بلاوکردنەوەیان نییە، ئاخری لە مەراقیان سەر بنێمەوە، عارەب دەڵێن: «چاو تیژە و دەست کورتە»، بەلام بە ئێوە و بە سلێمانی ڕق بە ڕقی یەکتان هەیە، پەسندە، ئەوەندە چاپەمەنیتان بلاوکردیتەوە، کورد بەخەونیش نەیدیوە، خوندەوار، نە ئەوەندە پارەی هەیە هەموان بکڕی، نە پێرادەگا هی هەمووتان بخوێننەوە.

٣- من لەبەر پرۆستات و پاڵەپەستۆی خوێن، زەینەب لەبەر چۆک و (سەوەفان)، کە هەردووکمان هاونیرین، وەختە بێ خولق ببین، (زەینەب) بە شەقەی لەناو ماڵێ بۆم دێ و دەچێ، وەک کەوی چنارۆک، پوورە زەینەب(١) و پوورە بەدیعەت(٢) چاوی خۆت و منداڵەکانت و داکی منداڵان ماچ دەکەن، دوعای خێر بۆ بەیان خان(٣) دەکەن.



٤- بلێ ئەو هەموو هینان و بردنەم لە بۆ چییە؟ پێم خۆش بوو- ئەگەر دەکرا- (پەندی پێشینان و مەتەڵ)ەکەم حازر و بزرە، بۆت بنێرم بەچاپی بگەینی، ئەگەر دەکرێ وەلامم بدەوە.

٥- مقابەلەکەتم کە لە (ڕامان) لەگەڵ کاک مەسعوودی کۆیە کردبوو، خوندمەوە و لەلام زۆر خۆش بوو، تۆ لەم تەمەنە، بەرانبەر ئەم کێوە ڕابوەستی و لەو دەریا بێ بنە، مەلە باسکە بکەی، زۆر هونەرە، ئومێدی دوارۆژێکی ڕوونتەرت بۆ دەکەم؛ دەڵێن: «هەندێ توندڕەوی»، بەلام هێمنایەتیتی لێ دیارە.

٦- ئومێد دەکەین کوردە دڵسۆزەکان، لە سایەی ئاشتی بەڕاستی بمان حەسێننەوە.

٧- ئێستا گزنگ (نەزەند) خانی پلکت- کە ناوی کردییە- لەقەبی (بەگی خانی) بەکار دەینی، وەختی خۆی خالە سدیقم(٤) سورەتی قەیدی خانییەکەی گەرەکی هەواوی لە دائیرەی تاپۆ دەرینا، دەیویست لەسەر خۆی تاپۆ بکا، نووسرا بوو (عەبدوڵلا محەمەد- کە ئەمە بە حەمەشین ناسرابوو، بە ماڵی شینەی ناسرابوون- عەبدوڵلا بەگ خان) ئەوها نووسرابوو، هاتبووە سەر سێ براو دوو خوشکان، لەبەر ئەمە وازی لێ هێنا، کاغەزەکە لای من بوو، بردییەوە، دەڵێن: «بزرە»، خانووەکە زۆر گەورە بوو، دەرگەیان وەک ماڵە ئاغای برا گەورە، دوو دەری بووە.

زۆر سەلام لە زاهیر ئەفەندی دەکەم؛ پێی گوتم: «وا دیارە ئەتوو هەر لە بۆ تەعزییان دێیە هەولێرێ»، زۆرم لەلا نەماوە، هەڵساو چووە لای (موحسین ئاغا).

دلاوەر، سالار، نەریمان، ئارام(٥) و خزموکەس بێستوون و سەفین(٦) سەلامیان هەیە، ئەو ماوەی گزنگ خان لە هەولێرە، ئێکترتان دیوە؟ زۆر سەلامی لێ بکە. ئیدی بەخێر چی.

**خاڵی خۆت**
**تاهیر ئەحمەد حەوێزی**

**(١) و (٢) پووری منن.**
**(٣) خێزانمە (٤) باپیرمە و خاڵی تایەرەفەندییە.**
**(٥) کوڕە خاڵ و پوورزامن.**
**(٦) کوڕە پوورمن.**

به بۆنەی بیست و یەکەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# هەر گەشاوە و درەوشاوەبێ ڕامان

**د. هاوژین صلیوە**
**(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زمان)**

ڕامان یەکێکە لە گۆڤارە پێشکەوتووەکان، خزمەتێکی گەورەی بە بواری مەعریفەیی کورد گەیاندووە، گۆڤارێکی پڕ زانیاری و بەپێز و نەفەس درێژە، توانیویەتی خۆی لەبەردەم گەرداو و هەوراز و نشێوی ڕۆژگار ڕابگرێ. گۆڤارێکە جێی خۆی لە دڵی خوێنەراندا کردووەتەوە و پاڵپشتێکی باشی توێژەرانە، لە بواری زمان و ئەدەب و فەلسەفە و ...تاد جێ دەستی خۆی بەجێ هێشتووە، لەم بوارانەدا کەم نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا دەبینین وەک سەرچاوە گۆڤاری (ڕامان)ی تێدا بەکار نەهاتبێ. ڕەنگە هەر بە کەموکووڕی و بێ ئاگایی دابنرێ، ئەگەر توێژەرێک ئاگای لە گۆڤاری ڕامان نەبێ، چونکە ڕامان خزیوەتە ناو زۆربەی جومگە و کایە مەعریفییەکانەوە.

گۆڤاری ڕامان بەدوای بەهرە نوێیەکاندا دەگەڕێ و پاڵپشتێکی باشی گەنجان بووە، لەڕووی زمانەوە بەرێنووسێکی زۆر دروست بابەتەکانی بڵاودەکرێنەوە، هۆگربوونی خوێنەران بە گۆڤاری (ڕامان) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ئان و ساتی خۆیدا دەردەچێت و بابەتی جوان و بەهێزی تێدا بڵاودەبێتەوە، پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە چەندان توێژینەوەی ورد لەبارەی گۆڤاری (ڕامان)ەوە بنووسرێن و بە باشی هەڵبسەنگێنرێت.

خوازیارم لەڕێی کتێبخانەی ئەلیکترۆنییەوە سەرجەم ژمارەکانی ڕامان بەردەست بخرێن، چونکە نەوەی نوێ پێڕانەگەیشتووە مانگ بە مانگ هەموو ژمارەکانی ڕامان بە ئەرشیف بکات، هەندێ ژمارەشی وا بە ئاسانی دەست ناکەون. پێویستە بیبلیۆگرافیا بۆ گۆڤاری ڕامان بکرێ، بۆ ئەوەی توێژەر بە ئاسانی ئەو بابەتانەی بێنە بەردەست کە مەبەستیەتی.(*)


لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا تەکنۆلۆجیا نیعمەتێکی گەورەیە و هەموومان لێی سوودمەند بووین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هۆکاری کات بردن و سەرقاڵکەرە، چونکە هۆی پەرتەوازەکردنی بیر و بەهرەمانە، لەوانە: تەلەڤزیۆن و فەیسبووک و تەلەفۆن و جەنجاڵی بازاڕ و ترافک لایت و ئیشوکاری ڕۆتینی دەزگاکان و سەفەر و...تاد هەموو ئەوانە وا لەمرۆڤ دەکەن کە کاتەکانی ڕۆژانەی کەم بنەوە، لە هەمان کاتیشدا بزووتنەوەی چاپکردنی کتێب زۆر برەوی سەندووە و ڕۆژانە بە هەزاران کتێبی جۆراوجۆر چاپ دەکرێن، بۆیە مرۆڤ ناچارە پسپۆڕی



خۆی وردتر و خەستتر بکاتەوە، تا لە زانستێکدا پتر قوولبێتەوە، هەروەها لەنێو ئەو زانستەشدا وردتر و خەستر خۆی کۆ بکاتەوە. ئاماژە بەوە دەکرێ کە ساڵانە (٧٠٠) ڕۆمان بە زمانی عەرەبی چاپ دەکرێن، با وای دابنێین ڕەخنەگرێکی عەرەب کە پسپۆڕی وردی ڕۆمان بێت و هەفتەی دوو ڕۆمان بخوێنێتەوە، ئەوە لە ماوەی یەک ساڵدا دەتوانێ تەنیا (٩٦) ڕۆمان بخوێنێتەوە، (٦٠٠) ڕۆمانەکەی تر چانسی خوێندنەوەیان بەرناکەوێت، کەواتە خوێنەر، یان ڕەخنەگر چی بکات بۆ ئەوەی فریای ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبە چاپکراوانە بکەوێت. هەڵبەتە دەبێ شێوازی هەڵبژاردنی کتێب و گۆڤاری باش و بەهێز پەیڕەو بکات. ئەو کەسە چەند ڕەنج بەخەسارە کە دەبینی کاتێکی زۆر بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانێک، یان کتێبێک، یان گۆڤارێک تەرخان دەکات و کە لە خوێندنەوەی دەبێتەوە هەست بە چێژێکی زۆر و شێوازێکی نوێ نەکات. ڕۆشنبیری کورد لە مێژە گۆڤاری (ڕامان)ی وەک گۆڤارێکی بەهێز و پێز هەڵبژاردووە، من بەشێوەیەک هۆگری ئەم گۆڤارە بووم ناتوانم دەستبەرداری بم. پێم وایە ئەم گۆڤارە لەنێو جیهانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا شوێنێکی شایستەی خۆی هەیە و ئەو متمانە بەهێزەی بۆ خوێنەرانی دروست کردووە کە لە خوێندنەوەی پەشیمان نەبێتەوە، نەک هەر پەشیمان نەبێتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی وا هۆگری ببێت بە تاسووقەوە بەرەو پیری بچێت و بەچێژەوە بیخوێنێتەوە. من بەر لەوەی بابەت لە گۆڤاری ڕاماندا بڵاوبکەمەوە، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تر بابەتم بڵاو دەکردەوە و (ڕامان)یشم دەخوێندەوە، یەکەم بابەتیشم بەناوونیشانی (کورتەیەک لەبارەی وەرگێڕانەوە) لە ژمارە (١٤٩) ساڵی (٢٠٠٩) لە گۆشەی (سووکە لەنگەر)دا بڵاوبووەوە کە لە لایەن هونەرمەند (قەرەنی جەمیل)ەوە پۆرترێتەکەم کێشرابوو، هەر ئەمەش بووە مایەی دڵخۆشی من، لەدوای ئەوە چەندان بابەتی ترم هەر لەو گۆڤارەدا بڵاوکرایەوە. هەموومان هیوامان ئەوەیە ئەم گۆڤارە خۆشەویستە بەردەوام بێت.

*** بیبلیۆگرافیای گۆڤاری ڕامان، لە سیمیناری (٢٠٠) ژمارەی ڕامان ڕاگەیەنرا کە تەواو کراوە، وتاری لیژنەی بیبلیۆگرافیا لەلایەن (ئەسکەندەر جەلال) خوێنرایەوە، دواتر لە یەکێک لە ژمارەکانی (ڕامان)دا بڵاوکرایەوە. د. هاوژین صلیوە خۆشی لە سیمینارەکە ئامادە بوو، ژمارەکانی دیکەشی لەلایەن شاخەوان فەرهاد خرایە سەر ئەو (٢٠٠) ژمارەیە، بەڵام دۆخی دارایی بووە بەربەست لەوەی نەتوانین والێکی تایبەت بەو بیبلیۆگرافیایە دابنێین.**

**(ڕامان)**






# زمانی گوتاری ڕۆژنامە

گوتاری ڕۆژنامەگەریی کوردی بەری چارەگە سەدەیەک، گوتارێکی گەلێک دیار و ڕەوان و کاریگەرتر بوو لەوەی هەنووکە هەیە، هینەکەی ئێستا دەرفەتێکی زۆر و ئامرازێکی بێ سنووری پێوەندیکردن و گەیاندنی لەبەردەستە و بەدەیان شێوازی جوداش ئەدا دەکرێت، کەچی بەرەو لێژی و پاشەکشە ملی ناوە، تاکو ئاستی گومان لە گوتار بوونەکەی.

پێش چارەگە سەدەیەک گوتاری ڕۆژنامەکان، گوتارێکی کوردستانی، خاوەنی دۆز و گەرموگوڕ و تینوتاوبەخش بوون، گوتارێکی ڕوون و هەڵگری پەیام و زمانێکی ڕەوان بوون، کە داوای ئازادی و ڕزگاری گەلی کوردستان و خاکی دەکرد. گوتاری وریابوونەوە و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی کەسایەتی تاکی کوردستان بوو، کەچی هەنووکە گوتارێکە پڕ لە تەمومژ، چەواشەسازی، تێکشکاندنی کەسایەتی کوردستان، گوتارێکە دابەشی سەر حزبەکان و ئایین و ئایدیۆلۆجیا و تەنیا شار و گەڕەکیش بووە.. خەریکە هەندێک دەیانەوێت گوتاری ڕۆژنامەکان لەژێر کاریگەری سوننە و شیعە دابەش بکەن و دژی بیری دەوڵەتیش ڕکێف لێدەدەن و فریودەرێش لەوێ بوەستێت!!.

مەبەستم ئەوەیە بڵێم، پێچەوانەی ئەو فرەیی و ئازادی و بێ سنوور بەکارهێنانی زمان و ڕستە و واتا و زاراوانەی بەرچاو دەکەون، گوتاری ڕۆژنامەکان بەزمانێکی تێکشکاو، بەشێوازێکی بزڕکاو، بەڕستەی سەروگوێ شکێنراو، لەتەک ڕق و یەکترشکاندن، بەزمانی سزادان و هەڕەشە بەڕێوەدەچێت، لە کاتێکدا ئەرکی گوتاری ڕۆژنامە، بێ لایەن بوونە لە نێوان حەق و ناحەقدا، چاودێرییە لە نێوان گونجاو و نەگونجاودا، نەک حاکمداری، بۆیە زمانی گوتاری ڕۆژنامەکان، کتومت زمانی خۆ بەدادگازانە، نەک دادگا وریاکردنەوە.


**غازی حەسەن**

# Raman

A Monthly General Cultural Magazine
Issued by Raman Information Directorate

236

January
2017



د. جەمال ڕەشید